


مەحموود دەوڵەت ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی دەیەم



ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک   دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ـــ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# گەلیدەر

وەرگێڕانی: ســـیامەند شاسـواری

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ـ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




# بەرگی دەیەم

٣٠٩٥

**کەلیـــدەر**

بەرگیدەهەم

# بەشی بیست و حەوتەم

٣٠٩٨
کەیدەر
بەرگی دەهەم

**بەندی یەکەم**

لە قووڵایی خامۆشی بیابان و لە نێوان تۆز و گەردی گوماناوی نیوەڕۆدا، سوارێک بەرەو ڕەوەندی کەلمیشیەکان لنگاری گرتبوو. لە دوورڕا سوارەکە لە مستێکی قووچاو ئەچوو کە بە هەر باز و ئاخێزێکی درشتتر و بەرجەستەتر ئەبوو و ئەهات تا لە نیگادا قەبارە بگرێ. سوار بە سەر یاڵی ئەسپەکەدا چەمابوویەوە و وامەزانە لە مەیدان و هەوارگەی ژیانی گوڵمحەمەدی سەردار نزیک ئەبێتەوە. ئەو مەیدان و پەرێزەی لە غەوارە پاوەن بوو و ئەگەر دەرفەتیشی پێدرابوو، ئەبوایە پارێز بکات. بەڵام سوارەکە وەها داژووت ئەتوت خۆی بە بێگانە نازانێ و گومانی هیچ کۆسپ و لەمپەرێکی سەر ڕێگە، بۆ مێشکی خۆی ڕێ نادات. جەوان و جەوانسەر بوو ڕەنگە، یان بۆ ئەرکێکی گرنگ ڕاسپێردرابوو، کە بەو جۆرە بێ پەروا و بێباک لنگاری گرتووە و بەرەو هەوارگە داژوێ. یان! گومانی پەیامێک لە بەرژەوەندی سەردار، بەو جۆرە سوارەکەی هەژاندووە، یانیش! هێزێکی بێ پەروای هاندەر بەو جۆرە ورەی خستۆتە بەری...

هەرچی چۆن و بە هەر ئاوایەک، سوارەکە وەکوو گەردەلوولێکی بەلەز بە شیو و دۆڵ و هەڵەمووتی ڕێگەدا داژووت و بەمکارەی نەک هەر نیگای تیژی گوڵمحەمەد، بەڵکوو سەرنجی هەموو دانیشتوانی ڕەوەندی لە هەموو سووچ و قوژبنێکەوە بۆ

لای خۆی و لەز و پەلەی خۆی و، هەروەها، بۆ ئەو کراسە سپیەی بە سەر دەستیەوە ئەیشەکاندەوە، ڕاکێشابوو.

وەک تیرێکی هاوێژراو بەرەو ڕەوەند، سوارەکە ئالای سپی بە دەستیەوە بوو، بەڵام هێشتاش ڕێی لێگیرا! لە سەرەولێژی نشێوی زوورانەکە، دوو چەکداری پیادە لەپڕ، لە بن دەوەنە تەنگز لێی دەرپەڕین و وەک بیانەوێ ئەسپەکەی بڕەمێنن، تفەنگەکانیان وەکوو دوو شاخ بەرز کردەوە و لەگەڵیدا بە هەرا و قووڵە سواریان دەنگ دا.

لەز و پەلەی دەرپەڕینی خافڵگیرانەی دوو چەکدار لە بن بنچکە گەونەوە، ئەسپ و سواری داچڵەکاند و کشاندیەوە. لە کێشانەوەی لەپڕی لەغاوی ئەسپەکەدا، ئەسپ کشایەوە و بە ناچار بە سەر لاقەکانیدا بەرەو پاش شکایەوە. قاچەکانی قورسایی خۆی و سواری پێ ڕانەگیرا و بەپشتدا تلایەوە. سوار لەغاوی لە دەست بەربوو. خۆی هەڵدا و وەک گۆیەک بە سەر خاکوخۆڵ و دڕکوداڵدا تلی دا و بە ترسەوە -وەک پشیلەیەکی کێوی- چۆک و بەری دەستی لە سەر زەوی، چاو و ڕوخساری خۆڵاوی لە چەکدارەکان بڕی.

ـ بزانە کێیە!

بە ئەماژەی برا، خانمحەمەد خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە و وەک هەڵۆیەکی تیژپەڕ لە لای شانی گوڵمحەمەدەوە کە لە قولاپی دەست و نیگای چەکدارەکاندا تەوق درابوو، فڕکەی کرد. گوڵمحەمەد بە تەکانی شانی، چۆخەکەی بە سەر شانیەوە ڕێک کرد، کوڕەکەی بە باوەشیەوە بوو، داینا و بە زارێکی مناڵانە، دارەدارەی بە کوڕەکەی کرد:

ـ ئۆخەی کوڕی خۆم، دەک ئافەرەم! هەنگاوێکیتر، ئافەرەم کوڕەکەم! دەبڕۆ بەرێدا، دارە دارە!

بڵقیس لە ناو دەریزانی ڕەشماڵەکەدا وەستابوو، دەستەکانی بۆ پێشوازی مناڵەکە کردەوە و بە چاو و نیگایەکی تامەزرۆ،

منداڵەکەی بانگ کرد بۆ لای خۆی:

ــ گوڵی من، گوڵی من! دەوەرە دەی گوڵەکەم! وەرە، هەنگاوێکی دی، دەک ئافەرەم کوڕی خۆم، ئۆخەی کوڕەکەم!

منداڵی تازە پێگرتوو ئەوا لە نێوان بڵقیس و گوڵمحەمەددا دارەدارەی ئەکرد و دەستەکانی وەکوو دوو باڵی بچکۆلانە بۆ بەرەوە کردبووییەوە بە سەرەتاتکێ و لارەلارە هەنگاوی ئەنا. بڵقیس لە ناو دەریزانەکە هەڵترووشکابوو و قۆڵی لە سەر کەشکەی ئەژنۆ، پەنجەکانی بۆ بانگکردنی منداڵەکە ڕائەوەشاند، بە پێکەنینێکی هۆگرەوە لێوی پشکووت. گوڵمحەمەد چاوی لە منداڵەکەی هەڵنەئەگرت و ئەتوت ڕێ ڕۆیشتنەکەی ئەو وەکوو ئارەزوویەکی شیرین و دژوار، پەیگیری ئەکات. منداڵەکەش کە لەمەوبەر بە نیگەرانی و بێ باوەڕییەوە هەنگاوی ئەنا، ئەوا لە خۆشی ئەوەی کە ئەتوانێ پێ هەڵگرێ، خەریک بوو بە تەوقی سەرەوە بەر ببێتەوە کە پەنجە بچکۆلەکانی لە پەنجە زبرەکانی بڵقیس گیر بوو و بەجارێک، بە ئاسوودەیی خۆی هەڵدایە باوەشی دایکانەی بڵقیس. دەنگی پێکەنینی لەرزۆک و تریقانەوەی منداڵەکە لەگەڵ قاقای پێکەنینی بڵقیس و گوڵمحەمەد ئاوێتە بوو. بڵقیس منداڵەکەی گووشا بە سینگییەوە و بە خۆشیەوە هەڵسا.

بە پێکەنین و ڕابوونی دایک، قاقای شادمانانەی شێرۆ چوو بە حەوادا. بە خۆشی و هەراوە دەستەکانی کوتا بە یەکا و لەو چەپڵەلێدانە پڕ لە شەوقەدا دڵۆپێک خەنە لە نێوان پەنجەکانیەوە دەرپەڕی و ڕاست پژایە ناوچاوی. شێرۆ چاوی قووچاند و ناخودئاگا لە سەر لاقێک کەوتە حەلواشەلێ و ماراڵ و زیوەری خستە پێکەنین. لە هەمان کاتدا دەستە خەناویەکانیان وەکوو لقە داری قوڕاوی بە گاڵتەوە بەرەو ئەو ڕادێرا. شێرۆ دەسبەجێ غاری دا بۆ لای دایکی، دەستە خەناویەکانی دوور ڕاگرت و چاوەکانی خۆی لە بەرامبەر چاوی بڵقیسدا ڕاگرت بۆ ئەوەی دڵۆپە خەنەی لێ بسڕێتەوە. بڵقیس منداڵەکەی دایەوە بە گوڵمحەمەد، لۆی

سەرپۆشەکەی بە سەری پەنجەی گرت، بە زمان تەڕی کرد و پێڵووە داخراوەکانی شێرۆی بە قامکی دەستی چەپ کردەوە و هەروا ڕایگرت.

بەگمحەمەدی کەلمیشی لە سەر بەردەکە دانیشتبوو، دەست و پێ و کاکۆڵی لە خەنە گرتبوو. دەفری خەنەکەی لە نێوان هەر دوو قولاپەیدا ڕاگرتبوو و بە پەنجەی ئەماژە، بن و قەراخی دەفرەکەی خاوێن ئەکردەوە و خەنە کۆکراوەکەی ئەتەکاندە لەپی دەستی. دەور و بنی دەفر خاوێن بوویەوە. بەگمحەمەد سەر و قژە شاخ شاخەکەی بەرەو گوڵمحەمەد وەرگێڕا و ئەماژەی بە منداڵەکە، وتی:

ـ بیهێنە، بیهێنە بۆ لای من. بیهێنە با دەستەکانی لە خەنە بگرم!

گوڵمحەمەد کوڕەکەی بەرەو برای برد و لە نزیک دەفرە بەتاڵەکە بە سەر پێوە وەستاندی. مەچەکی دەستەکانی منداڵەکەی گرت و لە بەردەمی بەگمحەمەد ڕایگرت. بەگمحەمەد دەم بە پێکەنین و بە قۆشمەیی، ئەو خەنەی لە لەپی دەستیدا کۆی کردبۆوە دای لە دەست و پەنجەی برازاکەی:

ـ لە خەتەنە سوورانت، لە خەتەنە سوورانتدا مامت خەنە بگرێ، گوڵەکەی من! گوڵی ئاپۆ. بڵێ خوا حەز بکات!

بە یەک دەنگ ژنەکان وتیان:

ـ بە هیوای خوا!! بە هیوای خوا!

شێرۆ چاوە ئاو تێزاوەکەی بە لۆی سەرپۆشەکەی دایکی سڕییەوە و ڕووی وەرگێڕا. خەنەی لە دەست و پەنجەی پرواند و کوڕەکەی لە باوەشی گوڵمحەمەد وەرگرتەوە. گووشای بە سینگیدا، گۆنا و چاوەکانی ماچ کرد:

ـ خەریک بوو بۆت کوێر ئەبووم، کوێر بم بۆت! کوێر بم بۆت، چاوەکانم، چاوەکانم! چاوەکانم!

گوڵمحەمەد لە قیژە و هەرای ژنەکان و هەروەها لە

براکەی بەگمحەمەدیش کە هەروا لە سەر بەردەکە دانیشتبوو، دوور کەوتەوە و لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە چاوەڕێی کرد. خانمحەمەد و سواری غەوارە ئەوا زەنگۆ بە زەنگۆ و بە ئارامی ئەهاتن. سوارەکە بەرگی سەربازی لە بەر بوو بە سواری ئەسپێکی کوێتی چوارهەنگڵ، قیت دانیشتبوو و ئالاییە سپییەکەی خۆی هەروا بە دەستیەوە ڕاگرتبوو. چاوەکانی لە بن لێواری "کڵاو گەڕگەڕی" یەکەیدا، بچووک و پێکەوە لکاو خۆیایان ئەکرد. ڕوخساری سووتاو و گۆنای پان و تۆزێ دەرپەڕیبوو. چەناگەی ئەتوت نییە. بەڵام ئەو شتەی لە نیگای یەکەمدا بەرچاو ئەکەوت ئەوە بوو، کە کابرا لە بەرگە سەربازییەکەیدا غەوارەیە و ئەکرا ببینرێ کە پیاوی تازە گەیشتوو بە تازەیی ئەو بەرگەی لە بەر کردووە.

ــ مرۆڤی سەید شەرزای توربەتیە. پەیامی هێناوە بۆمان. لە لای کاشمەرەوە هاتووە!

خانمحەمەد پێی لە زەنگۆ بەتاڵ کرد و دەسکەوساری بە بەرکۆی زینەکەوە گرێ دا. تەتەرەکەی سەید شەرزایش لە ئەسپەکەی دابەزی و سڵاوی لە گوڵمحەمەد کرد. خانمحەمەد دەسکەوساری ئەسپەکەی لێوەرگرت و گوڵمحەمەد بە بێ قسەکردن شانی وەرگێڕا و بەرەوخواری ڕەوەند کەوتە ڕێ. پیاوەکەی سەید شەرزایش، بە باڵای کورت و چەناگەی وەک بلێی سواو و، ئەو چاوانەی کە لە هەر نیگایەکدا سپاییەکەی زیاتر ئەیدا بە چاودا، نە زۆر دڵ ئاسوودە کەوتە دوای گوڵمحەمەد. لە قەراخ ڕەشماڵەکەی لای خوارەوە گوڵمحەمەد خاوی کردەوە و کابرا یەک دوو هەنگاوی بمێنێ، بە خامۆشی ڕاوەستا و ڕوانیە فەراگەردی خۆی. گوڵمحەمەد ئاوڕی لە کابرای دەشتەکی دایەوە و جارێکی دی لە جلوبەرگە نەشیاوەکەی، کە زۆر لەبەریدا ناقۆڵا بوو ڕووانی و وتی:

ــ سەید شەرزایش بەرگی حکوومەتی لە بەر کرد؟!

لە وەڵامدا، تەوسخەندێکی خواروخێچ دەمە زلەکەی کابرای کردەوە و وتی:

ــ بەڵێ! سەردار!

گوڵمحەمەد ئێدن پرسی:

ــ چەنێکە ئەو بەرگەی لە بەر کردووە؟

ــ لە سەرەتای پایزەوە، سەردار!

گوڵمحەمەد نیگای لە سەر کابرا گواستەوە و وتی:

ــ بەجێ، بەجێ! دەی! جا پەیامەکەتم بۆ ئەگێڕیتەوە یان فراوین ئەکەی.

کابرا کڕنۆشێکی کرد و وتی:

ــ بەلەزم سەردار، تا نوێژی ئێوارە ئەبێ خۆم بگەیەنمەوە...

ــ بۆ بەتالێۆنی کاشمەر؟!

لە وەڵامی گوڵمحەمەددا، کابرای توربەتی تۆزێ ڕاما. گوڵمحەمەد وتی:

ــ نامەوێ وەڵامی ئەوە بدەیتەوە، ئەوەیان بە خۆتە. دەی! ئەوا گوێم لە تۆیە، بڵێ!

لەو شوێنەوە کە بەگمحەمەد لە سەر بەردەکە دانیشتبوو تا ئەو جێگەیەی گوڵمحەمەدی لێ وەستابوو، زۆر دوور نەبوو کە دەنگەکان نەبیسرێ. بەڵام با لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەهات و گوڵمحەمەد لە لای ئەستوندەکی دوا ڕەشماڵی ڕەوەند لەبەری ڕۆژئاوا وەستابوو و لەگەڵ کابرای تەتەر خەریکی گفتوگۆ بوو. لەم ڕووەوە هەوڵدانی بەگمحەمەد بۆ بیستنی وتووێژەکەی ئەو دووانە بێهوودە بوو. بەگمحەمەد بەڵام نەی ئەتوانی و بەدەستی خۆی نەبوو کە نیگای تیژی بە خواری، لە سەر چاو و ڕوخسار و لێوی براکەی هەڵگرێ. چونکە ئەیویست لە شێواز و دارەتی ڕوخساری گوڵمحەمەدەوە، چەمکی ئەو قسانە تێبگات کە نەی ئەبیست. لانیکەم ئەیویست لە خۆشی و ناخۆشی هەواڵەکە تێبگات. بەڵام هێڵی هەنیە و دارەتی ڕوخساری گوڵمحەمەد

نەئەگۆڕا. بەڵکوو لەسەرخۆ و یەکباو بوو و ئەتوت بە ئەنقەست چاوی لە خاک بڕیوە نەک لە چاوەکانی کابرای تەتەر، بۆ ئەوەی تەتەرەکە بتوانێ بە ئاسوودەیی قسەی خۆی بکات.

خانمحەمەد پاش بەستنەوەی ئەسپەکان بەرەو بەگمحەمەد و ژنەکان کشا و بەگمحەمەد دەست و پێ و کاکۆڵ بە خەنەوە وەک بڵێی شەرم لە کاکی بکات، بە دەمیەوە پێکەنی. خانمحەمەد، نە لە بیری ئەوەدا کە برای هەرە گچکە بیری لێ ئەکردەوە، لە لای دایکیەوە لە سەر عەرزەکە دانیشت و ئانیشکی دادایە سەر کورتانەکە و چاوی بەرەو لای خواروو، ئەو شوێنەی گوڵمحەمەد و کابرای تەتەر وەستابوون، تیژ کرد.

بڵقیس خزایە نزیک کوڕەکەیەوە و بە شێرۆی وت:

ـ بزانە ئەگەر خەنەی دەستی زیوەر وشکەوە بووە بڵێ پیاڵەیەک چامان بۆ بهێنێ.

شێرۆ ڕۆیشت و مارالیش هەڵسا و -وەک بە دوای کارێکدا- بەرەو ڕەشماڵەکە لێیان دوور کەوتەوە. ڕاستەکەی ئەوە بوو کە کەس بە خۆشی خۆی حەزی لە دانیشتن لە لای خانمحەمەد نەبوو. چونکە چاوانی پڕبوون لە گومان و زمانی دڕوو بوو. مێهرەبان، یان نەبوو یان ئەگەر بوو نەئەبینرا. سەر و زمان خۆش نەبوو و ئەگەریش بوو، خۆیای نەئەکرد. مۆنی ناوچەوانی ئیدی ببوو بە هەمیشەیی و هەروەها ڕێکگووشرانی کاکیلەکانی.

بەگمحەمەد جارێکیتر ڕووی کردەوە گوڵمحەمەد و لێی وردبوویەوە. خانمحەمەد نیگای لە نیگای گوڵمحەمەد وەرگێڕا و سەیری دایکی کرد. چاوەکانی بڵقیس پڕبوون لە پرسیار و خانمحەمەد ئەیتوانی بە ئاسانی لەوە تێبگات. بەڵام لە گوتنی ئەو شتەی لە دەروونیدا بوو و ئەیویست لە وەڵامی نیگای دایکیدا دەری ببڕێ دوودڵ بوو. چونکە پێی وابوو هەموو قسەیەک بۆ ژنان -ئەگەر ئەو ژنە بڵقیسیش بێ و دایکیشی بێ- نابێ بگوترێ. کەچی لەگەڵ بڕوابوون بەو خاڵەش، لە قووڵایی

چاوەکانی بلّقیسەوە وزەیەکی زۆر بە توانا بلّێسەی ئەکێشا، کە خانمحەمەد نەی ئەتوانی لە بەرامبەر کێشەری ئەو وزەیەدا، خامۆش و بێلایەن بێ.

ــ ئا، خانمحەمەد! تۆ تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە؟!! من بۆنی هەواڵی ناخۆش ئەکەم. بڕیار وایە چیتان بێتە سەر ڕێ؟ بۆچی دڵی من ئەم هاتوچۆ کردنانە بە تاریک و ڕەش ئەبینێ؟!

بە دەنگی نەرمی بلّقیس، بەگمحەمەدیش ئاوڕی دایەوە و گوێی بۆ گوتەی شلکرد. خانمحەمەد بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئەندێشەی برا تازە زاواکەی نەشەمزێنێ، هەڵسا و بە بیانووی توند کردنەوەی تەنگەی زینی ئەسپەکەی، لە بەگمحەمەد دوور کەوتەوە. بە دوای خانمحەمەددا، بلّقیسیش ڕابوو، کوڕەکەی گوڵمحەمەدی کردە قەڵاندۆشکان و وتی:

ــ ئەتەوێ سواری ئەسپەکەی خان ئاپۆت ببی؟ ئا! حەزت لە سوارییە، سواری؟

خانمحەمەد تەنگەی زینەکەی شەتەک دا. دەسکەوساری لە بەرکۆی زینەکە ئاڵقەکرد و ئانیشکی لە سەر یاڵی ئەسپەکە، پشت سەری بە نینۆک خوراند و کڵاوەکەی تا سەر برۆی خزاند. بلّقیس نزیک بوویەوە و کوڕەکەی گوڵمحەمەدی لە سەر زینەکە دانا. دەستێکی بە پشتی مناڵەکەوە و دەستێکی لە سەر ئەژنۆی، بە خانمحەمەدی وت:

ــ بڵێ! پێم بڵێ ئەوەی ئەیزانی!

خانمحەمەد پەنجەی لە پشت سەری لابرد، کڵاوەکەی لە سەر برۆی هەڵکشاندە سەرەوە و وتی:

ــ شتێکی وا نازانم، من هیچ نازانم!

پاشان بێدەنگ بوو و نیگای بڕییە چرچ و ترەکاوی پشت دەستی دایکی و لەپاش ماوەیەکی بێدەنگی، درێژەی دا:

ــ گومان، منیش تەنها بە گومان بۆی ئەچم!

ــ چ گومانێک؟

خانمحەمەد جارێکی دی سەری هەڵێنایەوە و لە کاتێکا نیگای لە کابرای تەتەر و براکەی بوو، وتی:

ــ بووین بە دڕکی چاو ئێمە، دڕکی چاو! ئەمە مەترسی بۆ ساز کردووین، مەترسی! ئەیبینی؟ کوڕەکەت ئەبینی؟

بڵقیس و خانمحەمەد ئەوا ئەیانڕوانیە گوڵمحەمەد کە شان بە شانی تەتەرەکەی سەید شەرزا پیاسەی ئەکرد. خانمحەمەد ئێدن وتیەوە:

ــ ئەیبینی؟

لە وەڵامی کوڕەکەی و ڕەنگە لە بەر دڵی خۆی، بڵقیس وتی:

ــ چۆن نایبینم، چۆن ناتان بینم؟ چاو و دڵی من جگە لە ئێوە کێ و چی ئەبینێ؟

خانمحەمەد وتی:

ــ بە باڵا هیچ هەڵکشاو نییە، بەڵام بە خوو و خدە! بە ناو و ئاوازە! بە دڵ و جەربەزە، بێ هاوتایە. هەموو چاوەکان لەوە و هەموو زمانەکان باسی ئەو ئەکەن. باسی کوڕەکەی تۆ. بەرپرسی جەندەرمەی خوراسانیش چاوی لە کارەکانی گوڵمحەمەدی کەلمیشیە و لە کارەکانی گوڵمحەمەد ئەدوێ. کە چاوی بە من کەوت، ئەتوت هەموو دنیایان پێداوە. وای زانیبوو من گوڵمحەمەدم! وای زانیبوو گوڵمحەمەد بە قاچی خۆی، خۆی خستۆتە داوەوە. وای زانیبوو گوڵمحەمەد ئەوەتا لە ناو دەستیدا! بەڵام! بەڵام کاتێکە زانی من گوڵمحەمەد نیم، کاتێکە زانی من برای گوڵمحەمەدم لە سەر جێگەی خۆی وشک بوو و ئیدی نەیزانی چی بە من بڵێ! لەوە پاش تەنها یەک قسەی کرد؛ بەس یەک قسە! تێم ئەگەی چی ئەڵێم؟ بەس وتی:

ــ «من داوای گوڵمحەمەدم کردبوو!» و! قوتار! ئیتر یەک وشەشی نەگوت. تاقە یەک وشەش! تێم ئەگەی؟!

بڵقیس ڕوانیە پشت دەستی خۆی لە سەر ئەژنۆی کوڕەکەی گوڵمحەمەد و وتی:

ـ چۆن تێ ناگەم؛ چۆن تێ ناگەم؟ باشیش تێ ئەگەم. باشی باش! زۆر دەمێکەیە لەو شتانە گەیشتووم. ئێستە! ئێستە بەڵام ئەمەوێ هەندێ شتیتر بزانم. ئەمەوێ بزانم چیتان بە سەر دێ؟! ئەمەوێ بزانم بەیانی، بەیانی چی ڕوو ئەدات؟ ئەمەوێ بزانم هەر ئێستە، لەم کاتەدا خەریکن چ پیلانێک بۆ کوڕەکانی من، بۆ ئێوە دائەڕێژن؟

خانمحەمەد هەروا ئانیشکی لە سەر یاڵی ئەسپەکە، تەوێڵی نا بە لەپی دەستیەوە و وتی:

ـ سەختە دایە، ژیان دژوارە. ژیانی بە سەرفرازی! زۆر دژوارە. مرۆڤ ئەبێ وەکوو مشکە کوێرە بژی تا پارێزراو بێ، ئەگەر هات و جگە لەوەی کرد! ئەوسا کاری دژوار ئەبێ، دژوار.

خانمحەمەد تەوێڵی لە بەری دەستی کردەوە و درێژەی دا:

ـ بەڵام! بەڵام براکەی من خۆت ئەزانی شێوازی شێری گرتۆتە بەر، شێوازی شێر! هەموو کەسێکیش بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ، لە شێر ئەترسێ. تەنانەت ئەوەش کە پاشەرۆکی نێچیری شێر ئەخوا لە شێرەکە ئەترسێ و خۆی ئەپارێزێ. گوڵمحەمەدی ئێمە دایە، بووە بە شێری بێشەڵانی ئەم مەڵبەندە.

بڵقیس سەر دەستی قۆڵی کراسی کوڕەکەی بە چنگ گرت و بێ ئوقرە پرسی:

ـ ئەیانەوێ لە ناوتان بەرن. ئەیانەوێ بتانکوژن. ئەیانەوێ! ئەیانەوێ! ئەیانەوێ...

خانمحەمەد شەکان و لەرزینی نائارامی پەنجەی بڵقیسی بە دەست هێور کردەوە، قۆڵی کراسەکەی لە دەستی دایکی دەرهێنا و وتی:

ـ دڵت نیگەران مەکە بڵقیس. دڵت نیگەران مەکە! ئێمە! چاوەڕوانی لەوە زیاترمان لە تۆ هەیە! تۆ! مەگەر ئەوە تۆ نەبووی کە ئەتوت: «بەرخی نێر بۆ سەر برینە، نەک لە بۆ دۆشین و ڕان؟» ها؟ مەگەر ئەوە تۆ نەبووی؟ ئەو پەندەم من تەنها لە

زمانی خودی تۆ بیستووە!

منداڵەکە بە قامکە گچکەکانی پرچە زێوینەکەی بڵقیسی لە قەراخ سەرپۆشەکەی دەرهێنا بوو و یاری بە قژی دایەگەورەی ئەکرد. بڵقیس خامۆش و چاوی لە یاڵی ئەسپەکە و کەڵکەڵەی وەڵامی پرسیاری کوڕە گەورەکەی ڕامابوو. خانمحەمەد چاوی لە ناوچەوانی گرژی دایکی بوو و ئەتوت دڵی نەئەهات جارێکیتر بە قسەکانی خۆی ئازاری بدات. منداڵەکە بسکی بڵقیسی هێنابوویە پێش، بۆسەر لووت و چاوی. بڵقیس بە مێهرەبانی دەستی منداڵەکەی گرت. بسکە خۆڵەمێشیەکەی کردەوە بەبن سەرپۆشەکەیدا و منداڵەکەی گووشا بە سینگیەوە و وتی:

ــ پەرێشانم مەکە بەرخەکەم، پەرێشانم مەکە!

خانمحەمەد نیگای لە ڕوخساری دایکی گواستەوە و پاڵی لە شانی ئەسپەکە کردەوە و وتی:

ــ لە بیری زەماوەنی بەگمحەمەددا بە دایە!

گوڵمحەمەد و تەتەرەکەی سەید شەرزا بەرەوژوور بوونەوە. بڵقیس شوێنی نیگای خانمحەمەدی لە سەر گوڵمحەمەد گرت و منداڵەکەی لە سەر زینەکەکەوە کردە قەڵاندۆشکان و کەوتە ڕێ. خانمحەمەدیش بە دوای دایکیدا هەنگاوی هەڵگرت و وتی:

ــ زەماوەنمان لە پێشە دایە، غەم لە ناوچەوانت بتەرێنە. بەگمحەمەد جاڕس مەکە!

بڵقیس ئەتوت توانای ئاخافتنی نییە. خانمحەمەدیش لەوە زیاتر هیچی نەوت و بەرەو بەگمحەمەد کە هەروا گیرۆدەی خەنەی دەست و سەر و پێی، لە سەر بەردەکە دانیشتبوو، ڕۆیشت و لە بڵقیس گەڕا بە خۆی و ئەندێشەی خۆیەوە خەریک بێ.

گوڵمحەمەد و کابرای تەتەر نزیک ببوونەوە. کابرا دەسکەوساری ئەسپەکەی لە ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە کردەوە و سواری ئەسپەکە بوو. گوڵمحەمەد بۆ بەرێکرنی تەتەرەکەی سەید شەرزا، لە قەراخ دەریزانی ڕەشماڵەکە ڕاوەستابوو. کابرای

توربەتی لە سەر زینەکە جێی خۆش کرد و بە نیشانەی ماڵاوایی، کڵاوەکەی داگرت و لەغاوی ڕاست کردەوە. گوڵمحەمەد بە سەر وەڵامی دایەوە. شاقەلی چۆخەکەی بە پەنجە گرت، شانی دایە بەر باکە و بەرەو دایکی کەوتە ڕێ. سوار پشتی لە ڕەوەند، دابوویە غار و بڵقیس چاوی لە شۆپی ڕۆیشتنەکەی ئەو بڕیبوو.

ـ شێرۆ ئاو بهێنە ئەم قوڕە لە دەست و پلم بکەمەوە، دیقم کرد!

بەگمحەمەد جاڕس و بێ ئوقرە لە سەر بەردەکە هەڵسا و بە دەستی ئاواڵەوە ملی کێشا و ئەتوت قاچی لە کۆت دایە، جارێکیتر بە تۆسنیەوە شێرۆی بانگ کرد:

شێرۆ، شێرۆ!

شێرۆ لە لای ئاگرەکەوە لە وەڵامی براکەیدا وتی:

ـ خەریکم ئاوەکە شلەتێن ئەکەم، براگیان. هەر ئێستە، ئەوا هاتم!

گوڵمحەمەد دەم بە پێکەنین بە بەردەمی بڵقیسدا تێپەڕی و لای بەگمحەمەدەوە وەستا، بسکێک لە پرچە شووش ڕاوەستاوەکەی بەگمحەمەدی بە سەری دوو پەنجە تاقیکردەوە، ئاوڕی لە دایکی دایەوە و وتی:

ـ تۆ ئەڵێی قژی ڕەنگی گرتووە، دایە؟

بڵقیس تووشی خۆی و نیگەرانی ئەندێشەی خۆی، لە نیگای بێ ئوقرە و پرسێنەری بەگمحەمەددا کە لەوێ ئەڕوانی، وەڵامی دایەوە:

ـ خەنە چەندە زیاتر بمێنێتەوە ڕەنگەکەی گەشتر ئەبێ.

گوڵمحەمەد بەرەو ئاسمان سەری هەڵێنا و ڕوانیە خۆری نیوەڕۆ و دەستی نایە سەرشانی بەگمحەمەد و وتی:

ـ چەندە بە لەزی براگیان، جارێ هێشتا زۆرمان ماوە! لێگەڕێ با کاکۆڵت ببێ بە ڕەنگی هەتاو!

بەگمحەمەد لە بن دەستی براکەیدا، شانی چەماندەوە و

جارێکی دی لە سەر بەردەکە دانیشتەوە. گوڵمحەمەد ئاورێکی‌تری لە دایکی دایەوە، بەڵام توانی دەسبەجێ چاوەکانی برا گەورەکەی خۆی، خانمحەمەد لە پشت سەری بلْقیسەوە خافڵگیر بکات. گوڵمحەمەد لە نیگای براکەی‌دا ڕانەوەستا و بەرەو کوانووەکە و بۆ لای شێرۆ چوو. ئەو بە یەک نیگا تێگەیشتبوو کە لە پشت نیگای خامۆشی خانمحەمەددا کۆمەڵێک ئەندێشەی ئاڵۆسکاو لە خول و تاودایە، بەڵام ئەوەشی ئەزانی لە سەروبەندی زەماوەنی بەگمحەمەد و ڕاست لەو کاتەدا کە زاوا و هاوەڵەکانی بەرەو خورسوف زین ئەکەن، نابێ بیر و ئەندێشەی کەسەکانی بورووژێنێ. بۆیە هەر لەو شوێنەوە کە ڕاوەستابوو بە گاڵتە و ڕووخۆشیەوە دەنگی هەڵێنا:

ـ بە زاوابوونیش هەروا ئاسان نییە، کاکە برا! پشووی درێژی ئەوێ. ئەو ئاوەش تا گەرم ئەبێ کاتی ئەوێ. هیچ ئیشتیای لەوە نییە بێتە کوڵ!

شێرۆ دانیشتبوو لە بەر چۆکی گوڵمحەمەددا، لەپەسا دار و چیلکەی ئەنا بە ئاگرەکەوە. خانمحەمەدیش هات بۆ لای کوانووەکە و گوڵمحەمەد کەوتە تەکی بەرەو ڕەشماڵەکەی خۆی و بە بلْقیسی وت:

ـ خانئاپۆیشم هەڵسێنە!

بلْقیس بەرەو ڕەشماڵەکەی خانئاپۆ چوو و گوڵمحەمەد و خانمحەمەد، لە بەر دەریزانی ڕەشماڵەکە، لە سەر بەڕەیەک کە زیوەر ڕای خستبوو، دانیشتن. گوڵمحەمەد چەند زیخی لە سەر عەرزەکە هەڵگرت و کەوتە یاریکردن پێیان و بە خانمحەمەدی وت:

ـ نیشانەکان لێڵن برا، هەموو نیشانەکان تاریک و پێوارن!

ـ چی ئەوت تەتەرەکەی سەید شەرزا؟

ـ سەید شەرزا پەیامی ناردبوو لە مەشهەدەوە فەرمانیان بۆ ناردووە!

ـ فەرمانی چی؟ بۆچی؟
گوڵمحەمەد ڕوانیە براکەی و وتی:
ـ فەرمان! بۆ زیندوو یان کوژراوی ئێمە!
خانمحەمەد بەتاڵی بزەیەکی هاتێ و وتی:
ـ ئەمە خۆ ئیتر لێڵ و تاریک نییە کاکە برا، ئەمە ڕوون و ئاشکرایە!
گوڵمحەمەد زیخێکی لە نێوان پەنجەکانیدا گووشا و وتی:
ـ نەخێر، ئەوەندەش ڕوون و ئاشکرا نییە. لێڵ و تاریکە، ناکۆکە. بە پێچ و پەنا و دژبەیەک ئەدوێن. لە لایەکەوە ئەو بڕیار و فەرمانە دەر ئەکەن و لە لایەکیترەوە داوا لە ئێمە ئەکەن پاکانە بکەین. لە لایەکیتریشەوە سازێکیتر لێ ئەدەن!
خانمحەمەد وتی:
ـ ئەیانەوێ تا بۆیان ئەکرێ گێژمان بکەن، تۆ پێت وا نییە؟!
ـ با، منیش وای بۆ ئەچم!
ـ کە وا بوو، ئێستە ئەبێ چی بکەین؟ خۆ ئەبێ بزانین ئاخرەکەی چییان ئەوێ؟
گوڵمحەمەد زیخێکی هەڵدا، تاوێک ڕاما و پاشان وتی:
ـ ئەوەی ڕوونە کە ئاخرەکەی چییان ئەوێ، بەڵام ئەوەی دیار نییە کە کەی ئەیانەوێ دەس پێ بکەن. دەسی دەسی، خەریکن دەسی دەسیمان پێ ئەکەن. بەڵام هەر لە ئێستەوە ئەتوانین لە دوا مەبەستیان تێبگەین و دەسیان بخوێنینەوە.
ـ چییە ئەو دوا مەبەستە؟
ـ خۆ بە دەستەوەدان یان مردن!
سادە و بە بێ دڵەڕاوکە خانمحەمەد پرسی:
ـ ئێمە کامەیمان ئەوێ؛ خۆ بە دەستەوەدان یان مردن؟!
گوڵمحەمەد ڕوانیە ڕوخساری براکەی و وەکوو منداڵێکی ساکار پێکەنی و وتی:
ـ ئێمە هیچ کاممان ناوێ، نە خۆ بە دەستەوەدان و نە

مردن!

روخساری چیڕی خانمحەمەدیش بەبزەیەک پشکووت و بەپرسەوە وتی:

ــ ئەوە ئەڵێی چی؟

گوڵمحەمەدیش بە هەمان ڕووگەشیەوە وەڵامی دایەوە:

ــ بەڕاست، نە خۆ بە دەستەوەدان و نە مەرگیش!

ــ ئاخر ئەوە چۆن ئەبێ؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ دوو قاپ ژەهر ئەخەنە بەردەمت و ئەڵێن ئازادی کامیانت پێخۆشە هەڵیگرە و بینێ بە سەرەوە! دەی! تۆ چی ئەکەی؟ یەک لەو قاپانە هەڵئەگری و ئەیخۆیتەوە؟!

خانمحەمەد بە خامۆشی سەری داخست و بە نینۆک هێڵێکی لە سەر بەڕەکە کێشا. ئەتوت ئەیەوێ ڕێگە چارەی ئەو گرفتەی کە هیچ چارەسەرێکی بۆ نابینی، لە بێدەنگیدا بدۆزێتەوە. گوڵمحەمەد بۆ هاودڵی لەگەڵ براکەی، وتی:

ــ با بزانین خانئاپۆ ئەڵێ چی؟

بە دوای بڵقیسدا خانئاپۆیش لە دەریزانی ڕەشماڵەکە پێی نایە دەرەوە. بە باوێشک دەمی هەڵپچڕی، قاچەکانی کردەوە و لە عەرزەکەی چەقاند و مشتی بەرز کردەوە و لە سەر یەک کوتای بە تەختی سینەیدا. پاشان دەمە زل و هەراوەکەی بە پشتی دەست داپۆشا، ئاوی سیلەی چاوەکانی بە خەمی پەنجەی سڕی، سیەکانی پڕ کرد لە هەوای فێنک و بۆ بینینی برازاکانی سەر و چاوی بەملا و ئەولادا سووڕاند و کاتێکە ئەوانی لە بەر دەرگای خێوەتەکەی زیوەر بینی، دەستی برد بۆ دوگمەی کراوەی یەخەی کراسەکەی و بە پێی پەتی بەرەو لایان کەوتە ڕێ.

بڵقیس ئەوا گەیشتبوو و کوڕەکەی لە نزیک باوکیەوە لە سەر پێ ڕاگرتبوو و لێیگەڕابوو چڕنووکی لە چۆخەکەی گوڵمحەمەد گیر بدات. خانئاپۆ پزووی شەرواڵەکەی هەڵکێشا،

ئێلەکەکەی لە سەر شانی ڕێک کرد، هاتە پێشەوە و ڕووی لە شێرۆ، دەنگی هەڵبڕی:

ــ چا، چا بێنە! کچێ!

شێرۆ لە وەڵامدا ئاوڕی دایەوە و وتی:

ــ دەمم کردووە مامە گیان، هەر ئێستە ئەیهێنم!

خانئاپۆ لەو کاتەدا کە ئەیویست چوارمیلکان لە سەر بەڕەکە دابنیشێ، چاوی بەرەو بەگمحەمەد تەنگ کرد و بە شۆخیەوە وتی:

ــ خەنەبەندانی زاوا زێڕینە هێشتا تەواو نەبووە؟!

گوڵمحەمەد ڕوانیە شۆپی نیگای خانئاپۆ و هاودەنگ لەگەڵی کەوتە پێکەنین. بەگمحەمەد هەروا وەڕەز دەستەکانی لە دوورەوە بە نیشانەی ناچاری ڕاوەشاند و جارێکیتر لە سەر بەردەکە هەڵسا:

ــ ئەو ئاوە گەرم نەبوو؟! خۆ زمهەریر نەبووە!

زیوەر سەری دارەکەی لە دەسکی کترییەکە گیر دا، لە قەراخ کوانووەکە هەڵیگرت و دای بە ماراڵ کە خەنەی دەستەکانی شۆردبوو. ماراڵ کترییەکەی دانا و زیوەر ئامادە بوو تا بە یارمەتی شێرۆ مەنجەڵی ئاوەکە لە سەر کوانووەکە دابگرن و بیبەن بۆ سەر چاڵەکە. ماراڵ بە پەرۆیەک دەسکی کترییەکەی گرت و بەرەو پیاوەکان چوو. سەمەن بە جەوەنەی ئاوەوە لە پەنای ڕەشماڵەکەوە دەرکەوت و ڕۆیشت ئاوەکە شلەتێن بکات.

ــ قاپ و مەسینەم لە بەردەست داناوە، شێرۆ. هەڵیانگرە، بیانهێنە!

شێرۆ بەرەو ڕەشماڵەکەی سەمەن هەڵات. مەسینە و قاپی هەڵگرت و هاتەوە بۆ سەر چاڵەکە. ئاوی شیلەوگەرم ئامادە بوو و بەگمحەمەد لە نێوان هاتوچۆی ژنەکاندا، لە لێواری چاڵەکە چاوەڕێی ئەکرد. شێرۆ مەسینە و قاپەکەی دانا و دوو سێ پارچە تەلەبەردی هێنا و شوێنێکی بۆ دانیشتنی براکەی ئامادە کرد.

بەگمحەمەد چوار دەست و پێ، بە سەر و ملی وشکەڵاتوو و وەک بڵێی لە کۆت دایە، چەند هەنگاوێک لە سەر پاژنەی پێی گاگۆڵکێی کرد و لە سەر بەردچنەکە دانیشت:

ــ ئەڵێی کۆتی پێنج مەنیان لە سەر ملم داناوە و دەست و پێیان بە زنجیر بەستوومەتەوە! بیکە بە دەسما ئەم بێخاوەنە بشۆرەوە! ئاگات لە یەخەی کراسەکەم بێ شێرۆ، جوان وەریگێڕە!

زیوەر بە قاپەکە ئاوی لە مەنجەڵەکە هەڵئەگۆست و ئەیکردە ناو مەسینە. مەسینە بە دەست سەمەنەوە بوو و ئاوی ئەکرد بە قژی بەگمحەمەددا. شێرۆ بەخێرایی قۆڵی هەڵکردبوو. قژی براکەی هەڵئەگلۆفی و بە خێراییەکی ئاوێتە بە شەوقەوە، گوێ و مل و ژێرچەنەی بەگمحەمەدی ئەشۆرد، بە بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش زمانی شەوق و حەز و خۆشەویستی خۆی ڕابگرێ.

بڵقیس ئەبوایە چوار چاوی هەبوایە بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانی مناڵەکانی لە هەر دوو بەرەوە سەیر بکات. هەروەها ئەبوایە چوار گوێشی هەبوایە بۆ ئەوەی بتوانێ قسەی شۆخ و پڕ لە خۆشەویستی شێرۆ و ژنەکانیتر لەگەڵ بەگمحەمەد ببیسێ؛ هەمیش بتوانێ بە وردبینیەکی تێکەڵ بە دڵەڕاوکێ گوتەی کورت و هێواش و هەڵسەنگێنراوی کوڕەکانی و خانئاپۆ ببیسێ و تێبگات. ئەوەی لە فەراگەردی بەگمحەمەد ڕووی ئەدا، هەمووی شیرین زمانی و قسەی خۆش و خەندە و پێکەنینی ناوبەناو لە بەر ڕووناکی دڵپەسەندی ئاودا بوو. بەڵام ئەوەی لە لایەن پیاوەکانەوە بەرگوێی ئەکەوت، هەر هەمووی نیشانەی شەڕاژۆیی و ڕقەبەری و دژایەتی و شک و گومان بوو.

مارال پاش ئامادەکردنی چا و پێداویستی، مناڵەکەی لە بەر دەست و پێ هەڵگرتبوو و بردبوویە ناو ڕەشماڵەکە. بڵقیس دەست ئازاد و بە بێ کارێکی دیار لە پشت خانئاپۆ، دەستی بە کتری چاکەوە دانیشتبوو. ڕەنگە پیاوانی کەلمیشی وایان بە باش زانیبوو دوور لە چاو و گوێی بڵقیس وتووێژەکەیان درێژە پێ بدەن،

بەڵام بڵقیس ئەوەی نەئەویست. ئەو بە ڕاشکاویەکی ئاشکرا، لە سەر چۆکێک دانیشتبوو، دەستەکانی لە سەر کەشکەی ئەژنۆی چەڵیپا کردبوو و چاوی بڕیبوویە چاو و دەمی پیاوەکان و هەوڵی ئەدا گەوهەری گفتوگۆکەیان، هەرچەند بە ڕژدیەوە دەریانئەبڕی، ببیسێ و تێبگات.

خانئاپۆ لە وەڵامی بیسراوەکاندا ئەیوت:

ــ خەریکن یاری مشک و پشیلەمان لەگەڵ ئەکەن، وەک بەری دەستم لام ڕوونە!

خانمحەمەد بۆی سەندەوە:

ــ منیش پێم وایە. ئێمە نابێ دڵی خۆمان بەوە خۆش بکەین، چونکە هەر دەستەیەکی سەر بە حکوومەت قسەیەک ئەکات. کە وا بوو قسەیان یەک نییە. نەخێر، بە هیچ جۆرێک! ئەوانە زمانیشیان لەگەڵ یەک جیاوازە. بەڵام مەبەست و ویستی هەر هەموویان یەک شتە. من لەوە زیاتر بڕوام بە هیچ نییە!

خانئاپۆ زیخەکانی ناودەستی گوڵمحەمەدی لێوەرگرت و نیگارێکی وەکوو سێ چوکڵەی لە سەر بەڕەکە کێشا و وتی:

ــ ئێرە توربەتە، ئێرە مەشهەدە، ئەمەش سەبزەوار. ئەوان لە سێ لاوە! ئێمەش ئەوەتا لێرەین، ئالێرە! چەقی نێوانی سێ گۆشەکە.

خانئاپۆ چەند تەڵە شقارتەی وەکوو خێوەت سەر بە سەری یەکەوە دانا و جارێکی دی وتی:

ــ ئێرە، ئێمە ڕاست ئالێرەین! لێرە و دەوروبەرەکەی!

خانمحەمەد چڵە پووشێکی لە سەر خاکەکە هەڵگرت، لە لای تەڵە شقارتەکان بەرەوخوار هێڵێکی ڕاکێشا و وتی:

ــ ئەم ناوانەش ئەوانی لێن. تەواو ئەو شتەیە کە تۆ ئەیڵێی خانئاپۆ. بەڵام ئەوان ئەتوانن دەستیان بەم لایەش ڕابگات. لە خودی سەبزەوار ئەوان چەن لایان بە دەستەوەیە، تەنها ئەم سێ شوێنە نییە. ئەگەر بمانەوێ یەکە یەکە بیژمێرین، جگە لە

بەتالیۆنی جەندەرمە، سێ دەستەی مسۆگەری تریشیان هەیە. یەکیان لەم نزیکە، لە بن گوێی خۆمان، نەجەف سەنگردی کە ئێمە بە خوتوخۆڕایی بەرەڵامان کرد. یەکیش بابقولی بوندار لەگەڵ ئەو زەعفەرانیانەی پشتیان بە ئالاجاقیەوە بەندە. یەکی‌تر لە ڕۆژاوای کێوی بەران، کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچم میرخانیش لە ناویاندا ئەبێ. لە لای کاشمەریشەوە بەس پشت بە سەید شەرزای توربەتی نابەستن کە خەریکە بە تەتەر و پەیامەکانیەوە یاریمان لەگەڵ ئەکات. نەخێر، سەید شەرزا ڕووگری ئەو پارەیە کە داومانە بە دەستیەوە! لە بەری کاشمەریشەوە، تیپی جەندەرمەی لێیە و زێدە لە تیپی جەندەرمە، نەورۆز بەگیش لەوێیە. پاشان لەبەری خوارەوە و پشتکێویش سێ لایان بە دەستەوەیە. لانیکەم بە سێ دەستەوە. ئەمێنێتەوە مەشهەد. باشە ئەگەر مەشهەد یارمەتی لە قۆچان و بجنوورد وەرنەگرێ، تا ئەم کاتەی کە ئێمە خەریکین باسی ئەکەین دوو دەستە ئەتوانن بێنن. دەستەیەک لە لەشکری خودی مەشهەد و دەستەیەکیش لە سەرحەد و دارودەستەی جیهەن‌خانی سەرحەدی. کە وا بوو! ئەیانەوێ دەوراندەورمان وەکوو ئاڵقەی زنجیر گەمارۆ بدەن. ئەوسا ئەمێنێتەوە تەنها یەک ڕێگە!

ــ کامە ڕێگە؟!

لە وەڵامی براکەی‌دا، خانمحەمەد ئەماژەی بە باکووری ڕۆژاوا کرد و وتی:

ــ بەری باشتین و پردی هەورێشم!

گوڵمحەمەد تاوێک ڕاما و پاشان وتی:

ــ واتە ئەڵێی دەرووی هەڵاتنیان بۆ هێشتووینەتەوە؟!

ــ بەڵێ، ڕێگەی هەڵاتن. ڕاستیەکەی جگە لە خۆ بە دەستەوەدان یان مەرگ، ڕێگەیەکی تریشیان بۆ هێشتووینەتەوە، هەڵاتن!

گوڵمحەمەد پیاڵە بەتاڵەکانی یەکە یەکە لە نزیک دەستی

دایکیەوە دانا و داوای لێکرد چایان بۆ تێ بکا و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ هەڵاتن...!

خانمحەمەد دەسبەجێ لە وەڵامدا وتی:

ـ من باسی هەڵاتن ناکەم!

گوڵمحەمەد ڕوانیە براکەی و وتی:

ـ ئەزانم تۆ باسی هەڵاتن ناکەی، ئازانم! بەڵام! هەندێ جار ڕێ ئەکەوێ کە هەڵاتنیش خۆی کارێکی سەرەکیە. ج...

گوڵمحەمەد لە خانئاپۆیشی ڕوانی و درێژەی دا:

ـ جا ئەگەر بێت و بڕیاری لە ناو بردنیان دابێت، ئەبێ ئەوە بزانین ئەی بۆ ڕێگەی هەڵاتنیان بۆ بەجێ هێشتووین؟ ئەبێ بزانین لە هەڵاتنی ئێمە چییان دەس ئەکەوێ، کە ڕێگەی هەڵاتنیان بۆ چۆڵ کردووین، ئا؟!! ئەوە خۆشباوەڕی نییە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە ڕێگەیەکیان بۆ بەجێ هێشتووین کە ئێمە خۆمان لە فەوتان دەرباز بکەین؟ ها! ئەمە خۆشباوەڕی نییە؟ یان بە پێچەوانە، ئێمە ئەبێ لێمان مسۆگەر بێ کە مەترسی ڕاستەقینە، هەمان ئەو ڕێگەی دەربازبوونەیە. ئەو دەرووە بێوەی و هێمنەیە لە بەر پێمان دایانناوە. وانییە؟ چاڵی سەر ڕێ! تۆ بڵێی ئەوەندە دژوار بێ کە ئەو ڕێگەیەش دابخەن؟! وانییە خانئاپۆ؟!

ـ وایە!

بلْقیس پیاڵەکانی پڕ کرد لە چا، خانئاپۆ هەر پیاڵەی نایە بەردەست یەکێک لە برازاکانی و خۆی کلۆ قەندێکی خستە دەمی و لەو بێدەنگیەدا کە کەوتبوویەوە وتی:

ـ ئەی زەماوەن! ئەی زەماوەن چی لێدێ؟ گومانی من وایە ئەوان ئەیانەوێ گۆڤەندەکەمان بکەن بە کوشتارگەمان. ئێوە ڕاتان چییە؟

خانمحەمەد بەو چاوانەوە کە بە ئاشکرا شەڵەژابوو ڕوانیە گوڵمحەمەد و بێ ئەڤان کاکیلەکانی ڕێک گووشا. بلْقیسیش لە پەنا شانی خانئاپۆوە لە گوڵمحەمەدی ئەڕوانی. گوڵمحەمەد

دەرفەتی پەرەگرتنی بە دڵەڕاوکەی کەسەکانی نەدا و وتی:

ــ خۆ ئێمە نامانەوێ بەو جۆرە زەماوەن بگرین کە ئەوان ئەیانەوێ. ئێمە بە شێوازی خۆمان بووک ئەکەینە پەردەوە! بەڵام! بابەتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە حاجی خورسوفی چۆن کۆڵی دا و قبووڵی کرد کچ بە ئێمە بدات؟! ئەوەی کە لام مسۆگەرە ئەوەیە کە لە دڵەوە ڕازی نەبوو ئەو پەیوەندە سەربگرێت.

خانئاپۆ ڕندانە ڕوانیە گوڵمحەمەد، پاشان ڕووی لێوەرگێڕا و وتی:

ــ هێشتاش! گومانم لەوە هەیە لە سەر بەڵێنەکەی مابێتەوە!

گوڵمحەمەد وەک خانئاپۆی بە خەنیم دانابێ، بێئارام و بە تووڕەییەوە پرسی:

ــ کە واتە تۆ ئەڵێی دووڕوویی لەگەڵمان کردووە؟

خانئاپۆیش لە سەر هەمان بڕوا بە ئارامی وتی:

ــ زۆرتر وا بیر ئەکەمەوە!

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی نیگای لە سەر ڕوخسار و لێوی مامی هەڵگرێ وتی:

ــ قوڕ بە سەری، قوڕ بە سەری ئەگەر درۆی لەگەڵ کردبێتن!

خانئاپۆ نیگای لە چاوەکانی گوڵمحەمەد دزیەوە، سەری داخست و وتی:

ــ ئەگەر جگە لە فریودان هیچ مەبەستێکیتری نەبووبێ چی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕۆژگاری ئاگر تێبەر ئەدەم!

خانئاپۆ بۆ بەرگری لە هەڵچوونی گوڵمحەمەد و خۆلادان لە مشتومڕ، پیاڵەی چاکەی برد بۆ لێوی و بە خۆشزمانی وتی:

ــ ئەمەش زاوا زیڕینە!

بەگمحەمەد بۆ لایان ئەهات. کاکۆڵی هێشتا ئاوی لێ ئەتکا

و دەستەکانی تەڕ و تازە و بە خەنە ڕەنگاو و، ڕوخساری سوور وەک شیلان لە شەرمان و لە گەرمان. شێرۆ هومایەکی خاوێن بە دەستیەوە بە دوای براکەیدا ڕای ئەکرد و داوای لێ ئەکرد ڕێگەی بدات سەر و قژی وشک بکاتەوە:

ــ ئەم هەتاوە زەردەپەڕە، خۆ متمانەی پێ ناکرێ برای شیرینم!

بەگمحەمەد بە شاندا وەرگەڕا، هومایەکەی دەستی شێرۆی وەرگرت و خستیە دەور ملی. شێرۆ خاوی کردەوە و بەگمحەمەد کەوتە وشک کردنەوەی گوێ و مل و سەر و قژی. هاتە نزیکەوە، ڕۆژباشی کرد و لە سەر چۆک دانیشت. خانئاپۆ بە پێکەنینەوە دای بە شانی بەگمحەمەددا و بە بلّقیسی وت چا بۆ زاوا تێ بکات:

ــ دەی! دەی! پاڵەوان! ژنەکان وەڕەزیان کردوویت؟ بەڵام لەبری باش سەر و قژیان بۆ ڕەنگاندوویت، دەک دەستیان نەوەرێت!

بلّقیس بە پیاڵەی چاکەوە خۆی خزاندە پێشەوە، چاکەی لە بەردەمی جەوانەکەی دانا و دەست و چاوی خستە گەڕ بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەنگی خەنەکە. کاری خەنەبەندان بە جوانی کۆتایی پێ هاتبوو. خەنە، لەبەری دەستی بەگمحەمەددا، ئەوپەڕی ڕەنگی دابوویەوە. بلّقیس لە سەر چۆک ڕاست بوویەوە و پەنجەی خستە کاکۆڵی بەگمحەمەدەوە. ئاوی قژی پرژاند و هومایەکەی لە قژی کوڕەکەی ئاڵاند و کەوتە وشککردنەوەی سەر و قژی بەگمحەمەد.

ــ لێمگەڕێ چاکەم بخۆمەوە دایە، لێمگەڕێ چاکەم بخۆمەوە!

خانئاپۆ دەم بە پێکەنین لە مشتومڕەکەی بەگمحەمەد و بلّقیس، هەڵسایە سەرپێ، دەستی کرد بە گیرفانی ئێلەکەکەیدا و لە هەمان کاتدا پرسی:

ــ جا ئێمە چی ئەکەین ئێستە؟

گوڵمحەمەدیش ڕابوو، چۆخەی دایەوە بە شانیدا و وتی:
ــ کاری تۆ و بەگ ڕوونە، خورسوف!
خانئاپۆ ئێلەکەکەی لەبەریدا ڕێک کرد و خانمحەمەد کە هەڵسابوو و لە نێوان هەر دووکیاندا ڕاوەستابوو، پرسیاری کرد:
ــ ئەی کاری ئێمە؟
گوڵمحەمەد لە وەڵامی براکەیدا وتی:
ــ من و تۆ ئەمێنینەوە تا ڕەوەند ئەبەینە قەڵامەیدان. زستان لە قەڵامەیدان نیشتەجێ ئەبین!
خانئاپۆ بەر لەوەی هەنگاو بۆ خۆ تەیارکردن هەڵبگرێ، لە گوڵمحەمەدی پرسی:
ــ ئەگەر خورسوفی لە بەڵێنەکەی ژێوان ببویەوە چی؟ مەبەستم ئەگەر هات و وا دەرنەچوو کە بڕیارمان دابوو، ئەوسا چی؟ هەزار بیانوو لە تەنگژەی وادا ئەبینرێتەوە!
گوڵمحەمەد شانی بە ڕاوەشاندن وەرگێڕا و وتی:
ــ ئەمەش خۆی جۆرێک مەحەکە. ئەگەر شتێکی وا ڕوو بدات، بۆ ئێمەش زۆر شت ڕوون ئەبێتەوە. لە ڕاستیدا سەرگرتن و سەرنەگرتنی زەماوەنەکەی ئێمە خاڵێکی بڕیاردەر ئەبێ. جا! با بزانین چی دێتە پێش!
خانئاپۆ ئیتر هیچی نەوت و بەرەو ڕەشماڵەکەی خۆی کەوتە ڕێ و بە بەگمحەمەدی وت:
ــ ئامادە بە، بەگ!
گوڵمحەمەد چۆخەکەی لە خۆیەوە ئاڵاندبوو و سەری بردبوویە ناو شانیەوە و پشت لەوانی دی کەوتبوویە ڕێ. خانمحەمەد تاوێک ڕوانیە براکەی و پاشان بەو گومانەی کە گوڵمحەمەد بە بێ مەبەستێکی تایبەت پیاسە ئەکات، کەوتە ڕێ، گەیشتە تەکی و وتی:
ــ تەنهاییەکەشت لێ تێک ئەدەم کاکەبرا، بەڵام! بەڵام ئاخرەکەی نەتوت چ ڕێگەیەکی دیکەمان بۆ ماوەتەوە؟

گوڵمحەمەد چەناگەی لە چاڵی سینەی بەرز کردەوە، لە سیلەوە ڕوانیە براکەی و وتی:

ـ ڕێگەی‌تر!! هەر ئەو ڕێگەیە، کاکەبرا. هەمان ئەو ڕۆژەی کە یەکەم فیشەکمان تەقاند، ڕێگەی خۆمان دیاری کرد! ڕێگەی سەرەتا و کۆتایی هەر ئەو ڕێگەیە، کاکە گیان. ئەو ڕێگەیە. نە مەرگ و نە خۆ بە دەستەوەدان و نە داو!

ـ واتە جەنگ؟!

گوڵمحەمەد ڕاوەستاو وتی:

ـ بەڵێ، جەنگ!

**بەندی دووەم**

پێنج سواری تۆکمە و بەوەج، لای سەرچاوەی کارێزەکە وەستان.

خورسوف لای خوارەوە بوو و لە بەرجەوەنی سوارەکانەوە ڕەنگ و نمای خشت و قوڕی دیوارەکان و تاک و تەرا باڵەخانەی ناو گوند دیار بوو. لە نێوان تاک و تووکی باڵەخانەکانی خورسوفدا، هەورەبانی کون کونی باڵەخانەی حاجی سوڵتانخورد شکۆی خۆی ئەدا بە چاودا. خانئاپۆ لەپی دەستە پانەکەی هێنا بە تەوێڵیدا و پاشان بە پێکەنینێکی شۆخەوە بە بەگمحەمەدی وت کە لە لایەوە ڕاوەستابوو:

ــ شوێنی بووکەکەمان، ئەو باڵەخانەیە کە ئەیبینی! باش چاوت لێیەتی؟!

بەگمحەمەد بە بێ ئەوەی چاو لە هەورەبانی باڵەخانەکە هەڵگرێ، لە وەڵامدا وتی:

ــ بەر لەمەش دیومە! خانئاپۆ!

خانئاپۆ ئاوڕی لە بەگمحەمەد دایەوە و بە پرسەوە وتی:

ــ بەڵام ئەڵێی هێڵ و نیشانی لێ نییە! کێشکێک، شتێک...ها؟

بەگمحەمەد تفی دەمی قووت دا و بەس ڕوانیە خانئاپۆی. خانئاپۆ زەنگۆی ڕاوەشاند و ئەسپەکە بە لێژایی نەرمی کارێزەکەدا

بەرەوخوار بوویەوە. ئەسپەکە کەوتە سەر ڕێ و سمدەستەکانی چەو و خۆڵ و کلۆی تل کردەوە و قەراخ ئاوی سەرچاوەکە شڵوێ بوو. بە دوای ئەسپە چوارهەنگڵەکەی خانئاپۆدا، بەگمحەمەدیش لەغاوی ڕاوەشاند و ئەسپەکەی بە دوای ئەسپەکەی خانئاپۆدا ڕۆیشت. سێ سوارەکەیتریش بە دوای ئەواندا بە شانی کاریزەکەدا ئاژووتن و کاروان، بە قەراخ جۆگە و بە ئاقاری ئاوەکەدا ڕۆیشت.

جۆگەی ئاو، لە سەرچاوگەوە تا ئاوبارەی دۆڵاقی ئاشەکە، بەرزتر لە ئاستی دەشتەکە چەوڕێژ کرابوو. ئاراستەی بەرەوخواری جۆگەکە بە لێژاییەکی تۆزێک تیژ، لە لای ڕاستەوە ئەڕژایە کەردووەکانی دەشتی لای سەرەوەی خورسوف و لە لای چەپەوە بە حەوشەمەڕی گشتی بەرخەلدا تێ ئەپەڕێ و، ئەکەوتە سەر ڕێ. توورەکەریژ و جۆگە و ستێرەکانی ناو دەشت ئەمساڵە و نوێ بوون و خانئاپۆ ڕاست لە سەر یاڵی ستێری جۆگەکە ئەسپی داژووت و سوارەکانیشی بە ڕیزێک بە دوای خۆیدا ئەبرد. خانئاپۆ نەک بە لنگار، بەڵکوو زۆر ئارام و بە کاوەخۆ داژووت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش تاو نەتاوێک سمدەست یان لاقی وڵساتەکەی لە بۆشایی نەرمە گڵەکە ڕۆ ئەچوو و، لە پێ هەڵهێنانەوەدا، خاکەکەی هەڵئەدا و ئاوی زەلاڵی جۆگەکەی شڵوێ ئەکرد.

لای شانی ڕاستی جۆگەکەوە، زەوییەکانی دەشتی پووسار پەڵە پەڵە ڕەشی ئەکردەوە و لەمبەر و ئەوبەر پەڵەی وشک و نەکێڵراو، کەپرۆچکەیەکی لار و ڕووخاو و درەختی ڕووت و پەڕاگەندە ئەبینرا. لە بەردەمی سوارەکاندا، ئاشەکەی خورسوف بوو کە بانی تەنوورەکەی لە کلاوخوودێکی کۆن و ڕزاو و خۆڵاوی ئەچوو. ئاوی کاریزەکە لە دۆلکەی جۆگەکەدا، تاو لەگەڵ تاو پێی هەڵئەگرت و خێراتر ئەبوو و یەکسەر ئەڕژایە ناو دۆڵاقی ئاشەکەوە و لە قووڵاییدا، چەرخ و بەرداشی ئەخستە گەڕ. ئاو لە گێرە و کێشەی بەرداش و چەقەنە تێ ئەپەڕی و جارێکیتر خۆی ئەگەیاندەوە ڕووناکی و بەر خۆرەتاو، لە ئەستێرەکەی خوار

ئاشـەکەدا سـووڕێکی ئەدا و لـە بن ئاسـمانی پان و بەریندا، خۆی ئەهاویشـتەوە ناو جۆگەکە و، بە بەرزە کۆڵانی خورسوفدا تێ ئەپەڕی تا لە گۆلاوە گەورەکەی نزیک ماڵی حاجی سوڵتانخورد کۆ ببێتەوە و لەوەولاش شۆڕ ببێتەوە بە دەشـتەکانی خوار ناودێدا.

لای دۆلاقی ئاشـەکە خانئاپۆ لەغاوی کێشایەوە و ئەسپەکەی ڕاگرت. لەگەڵیدا سوارەکانیش ئەسپیان ڕاگرت بە بێ ئەوەی ڕێگە بدەن ئەسپانی لەش بە عارەقە، دەم بۆ ئاوەکە ببەن. خانئاپۆ پاش ئەوەی سەیرێکی هەموو لای دەشت و دێی کرد، لەغاوی ڕاوەشاند و خۆی گەیاندە تەختایی گومەزی بانەکە، بە دەور گومەزدا سووڕا و جارێکیتر بە ڕامانەوە لە خورسوفی خامۆش ورد بوویەوە. نەخێر، زیندەوەری تیا نەبوو! خانئاپۆ بە بێ ئەوەی کە تووڕەییەکەی خۆی لە هاوڕێکانی بشارێتەوە، ئەسپی بە سەربان و جۆگە و لێژاییدا تاو دا و خەرمانێک خاک و خۆڵی لە بن دەست و پێی ئەسپەکەیدا خلۆر کردەوە و بیمێنێ بۆ دەرگای ئاشـەکە لەغاوی سووڕاند تا سوارەکانی بە دوایدا، ئەسپیان لە جۆگە بپەڕێننەوە. ئەسپەکەی مەدەد بە چۆکدا هات و هەڵسایەوە و خانئاپۆ دەستی هەڵێنا:

ـ تۆ لێرە بمێنەرەوە بەگ، لە سەر تەنوورەی بانەکە. چەخماخیش لەگەڵ تۆ ئەبێ. ئەتوانی لە سەر برجی ئاشـەکە دای بنێی بە کێشک. توغرول و مەدەد لەگەڵ من دێن. من ئاگادارتان ئەکەمەوە!

خانئاپۆ ئەوەی وت و لەغاوی شل کرد. ئەسپەکە لە کاتی تێپەڕین بە قەراخ دیواری برجەکەدا، گەیشتە نزیک دەرگای ئاشـەکە. دەرگا نیوە بەتاک بوو و دەنگیش ـمەگەر دەنگی خڕەی بەرد لە سەر بەردـ لە ناو ئاشـەکەوە نەئەبیسرا. خانئاپۆ ئەسپەکەی لە لێواری ئەستێڵەکە ڕاگرت و بە دوودڵیەوە ئاوڕی دایەوە و لە دەرگای نیوە ئاوەڵەی ئاشـەکە مۆڕ بوویەوە. مەدەد و توغرول لە بەرامبەر دەرگای ئاشـەکە و لە بەرەگەی ڕوانینی

خانئاپۆ پەڕینەوە، بەرەو ئەو بوونەوە و لە لای ئەستێڵی ئاوەکە، زەنگۆ بە زەنگۆ ڕاوەستان. خانئاپۆ نیگای لە سەر دەرگای ئاشەکە گواستەوە و ڕوانیە مەدەد لە شانی ڕاستیەوە و وتی:

ــ بزانە کەسی لێیە؟!

مەدەد لە زینەکە خزایە خوارەوە. دەسکەوساری ئەسپەکەی لە پاشکۆی ئەسپەکەی توغرول هەڵپێکا. ناوقەدی تفەنگەکەی گرت و چالاک، وەکوو کەو بەرەو دەرگای ئاشەکە هەڵات. تای دەرگای کردەوە و لە ناودالانی ئاشەکەدا ون بوو. چاوە خڕ و ڕەشەکانی توغرول هەروا لە دەرگای ئاشەکەی ئەڕوانی. خانئاپۆیش نیگای چاوەڕوان بوو. دوو پیاو خامۆش و گوێڕایەڵ بوون و تاونەتاو بە پرسیارەوە سەیرێکی یەکدیان ئەکرد. چاوەڕوانیان زۆری نەخایاند. مەدەد هاتەوە دەرەوە و یەکسەر بەرەو خانئاپۆ ڕۆیشت و تۆزێ بە حەپەسانەوە وتی:

ــ کەسی لێ نییە، هیچ کەس!

ــ ئاشەوان چی؟

ــ هیچکەس! گەوڕەکەشی هیچ چوارپێیەکی تیا نییە!

ــ ئاش ئەگەڕێ؟

ــ بەڵێ، بەڵام بە بەتاڵی ئەگەڕێ!

ــ هەمارەکەی باری لێ نییە، جۆ، گەنم، ئارد؟

ــ بەڵێ! لێیەتی!

خانئاپۆ حەپەسانی ڕوخساری بە پێکەنین ڕەواندەوە و وتی:

ــ هاتووینەتە ناو قەڵاتی بەردەبارانەوە!

توغرول سەری لەقاند و خانئاپۆ بە مەدەدی وت سوار بێ.

بە قەراخ جۆگەی ئاوەکەدا، کە ڕاستەوخۆ بۆ بەرزە کۆڵانی خورسوف ئەچوو، سێ سوار کەوتنە ڕێ. ئارام و بە هەوا، بەرەو نەرمەبای لە باکوورەوە هەڵیکردبوو. مەدەد گوێی ئەسپەکەی لای کلکی ئەسپەکەی خانئاپۆ داژووت و توغرول لە بەری ڕاستی جۆگەکە و سێبەر بە سێبەری ئەوان. هیچ گوت و بێژێک نەبوو.

تیرێژی خۆر کە گەواڵەکانی کون ئەکرد، لەپەسا جێگۆڕکێی ئەکرد. سێبەری زەبەلاحی گەواڵە هەوری سەرگەردان بە نەرمی سروە سینەیان لە خاک ئەساوی و بە سەر دەشت و دێمەکاڵدا تێ ئەپەڕین. لەگەڵ هەور و هەتاو و پێ بە پێی ئاو، سوارەکان چوونە ناو خورسوفەوە. بەرزە کۆڵان، کۆڵانێکی نە شاکۆڵان، ئەوەندەی سێ سوار شان بە شان پێیدا بڕۆن.

کۆڵان نامۆ بوو و ئەوەی هەبوو خامۆشی بوو. خامۆشیەکی سەیر. تەنانەت ئەگەر سوارێک لە سەر دیوارەوە سەری ئەکێشایە ناو ماڵێکەوە، بێهوودە بە دوای گیانلەبەرێکدا ئەگەڕا. لە دانیشتوان کەسی لێ نەبوو و زیندەوەری کەش مەگەر مریشک، سەگ یان کارێک. دووکەڵ لە تەنووری هیچ ماڵێکەوە نەئەچوو بە حەوادا و دەنگی پێ، یان تەنانەت هەناسەی هیچ ئادەمیزادێک بەر گوێ نەئەکەوت. چوار پێیەکیش ئەگەر لە ئاغەڵ و گەوڕێکدا هەبوو قەپۆزی لە ئالیکی ناو ئاخوڕەکەیدا بوو. گوند چۆڵ و خامۆش. بەس گومان و بەس بێدەنگی. دەنگی زبری وشکە با و هەتاوی گزنگ بڕاو و زەردەپەڕ، سێبەری گەواڵە هەوری بەتاڵ، دیواری وشک و کۆنە، تا دەرگای نیوە ئاواڵەی ناو چوارچێوەی نزم و نەوی کە وەکوو چاوانی بەدگومان لە غەوارەکانیان ئەڕوانی. هەیوانی تاریک لە قووڵایی ئەم و ئەو ماڵدا، دالانی ڕەش و بێدەنگ، با و جیڕەی وشکی دەرگا لە سەر گرێجەنە، ئاو و تاک و تەرا درەختێکی بێ بار و گەڵا لێرە و لەوێ، تەنانەت قالاوێکیش بە لقێکەوە نەبوو و جگە لەمانە! گۆلاوی گەورەی ناو مەیدانەکە و چەند مریشک لە قەراخ گۆلاوەکە و شەڵەژانی ئەندێشە.

هەرچی چۆن بێ، وترا:

ـ ئێرە! خۆ! کەسی لێ نییە؟ ئەم کاولبووە خۆ کەسی لێ نییە؟! مردوون، هەر هەموویان مردوون؟!! مردوون؟!

تێپەڕینی سێبەری هەورەکان، لە سەر گۆلاوی مەند. دەنگی گڕ و بە زایەڵەی خانئاپۆ بە دەنگدانەوەیەکی نامۆ، لە مەیدانەوە

گوێکانی سمی و ئێدن خامۆشی. جارێکی دی، چەند هەنگاوی دی، دەنگی سمی ئەسپەکان لە سەر خاکەکە، ئارام و وریا، بە زایەڵەی وەکوو هاویشتنی زیخ بۆ ناو کوولەکەی وشک. دەنگی لەسەرخۆی هەموو هەنگاوێکی ئەسپەکان، بە هەوای ترپەی دڵی سوارەکەی. بێدەنگی ئەتوت تەنێکی بەرجەستە بوو، ڕاوەستابوو و بە خێسە و مڵوزمی دەنگی هەناسەی سوارەکان ئەداتەوە بە ڕوویاندا.

ـ هۆی! ئە هۆ ۆ ی...!

زایەڵە، دەنگدانەوە، ڕەوانەوەی دەنگدانەوەی هاوارەکە.

مەنداوەکە بە ختووکەی با ئەلەرییەوە و لە بن ساباتی بێدەوامی هەوری ڕێبواردا، ڕەنگ و بارێکی سەمەرەی هەبوو. لە سەر ئاوەکە بەس سێ مراوی ڕاوەستابوون. جێپێی چوارپێکانیش لە قەراخ گۆلاوەکە تازە نەبوو. پەزی خورسوف ئەتوت دوێنێ درەنگان، بۆ دوا جار هاتبوونە سەرئاو، چونکە جێ سمی چوارپێکان بە توێژێکی تۆزوخۆڵ داپۆشرابوو.

سواران جارێکیتریش ڕاوەستان. نەویست و نەخواز. لە هەوایەکی خاو و نامۆ و یەک باودا. دەورێک بە دەور گۆلاوەکەدا سووڕابوونەوە و ئەوا لە شوێنی پێشوویان گرسابوونەوە. نەک لە ترس و خۆفدا، بەڵکوو لە حەپەسان و ناباوەڕیدا ڕەنگی گۆنا و هەنیەی خانئاپۆ پەڕیبوو و ئەم تاسان و ناباوەڕییە وردە وردە خەریک بوو ئەبوو بە ڕق و تووڕەیی.

«کەواتە! خەڵکی ڕەویان کردووە؟ یەکجێ و یەک ماڵ؟! لە ترسی ئێمە؟!»

نەء! ناشێ وابێ. تۆ بڵێی خەڵکی لە ترسی گوڵمحەمەدەکان ماڵ و گوندیان بەجێ هێشتبێ و کۆچیان کردبێ. نەء! ئەوەش بەجێ نییە ئەگەر بوترێ خەڵکی هەر هەموو خەریکی شێ وەرد و لە دەشت و بیابان بن. کارێکی بەو جۆرە ئەویش لەم وەرزەدا نەئەگونجا. ڕووداوێکی سەیریش ڕووی نەدابوو تا هەموو خەڵکی

بۆ تاوتوێکردنی ڕاپێچ کرابێتن. ئەی ئەم ڕازە؟ چۆن بتوانن سەر لەو ڕازە دەربهێنن؟

ـ نەخێر، ئەم یارییە بە دڵخواز نییە! ئەم یارییە ڕیشەی لە هەندێ شوێن هەیە!

خانئاپۆ ئەمەی وت و بە ڕقەوە پاژنەی لە خاڵایی ئەسپەکە کوتا و بەرەو ماڵی حاجی سوڵتانخورد ئەسپی خستە چوارناڵە. هەر لەو شوێنەوە کە لێی وەستابوو، دیوار و هەورەبانی باڵەخانە و بەشێک لە بانیجەی بەر دیوەخانی سوڵتانخورد بە ڕوونی ئەبینرا و خانئاپۆ لێی ڕوانیبوو. بەڵام ئەو تاقە شتەی نەی بینیبوو، ئادەمیزاد بوو و نیشانەی ئادەمیزاد.

دەرگای ماڵی خورسوفی لە بنی کۆڵانە داخراوەکەدا تاپۆی تایبەتی خودی ئەو بوو. دەرگا بکرایەتەوە، داڵان بوو و پاشان حەوشەی دەرەکی کە بە سینەی دیوارەکەیەوە دەرگای ئاغەڵ بۆ مەیدانی فرەوانی بەهاربەندەکە ئەکرایەوە. مەیدانی بەهاربەندیش بۆ خۆی دابەش کرابوو بە چەند سەرگێڕ و حەوشەمەڕ، بە گوێرەی ئەو ئاژەڵانەی لێی ئەبوو؛ زستانە و هاوینە.

دەرگای حەوشەی ژوورەوە لە لای چەپ و بەرەوڕووی دەرگای ئاغەڵەکە بوو و لە دوو لاوە ڕێگە هەبوو بۆ باڵەخانەی ئەربابی. ڕێگەیەک لە حەوشەی ژوورەوە و لە پلیکانەکانی بەرهەیوانەوە و، ڕێگەیەکیش لە حەوشەی دەرەکیەوە، بە جۆرێک کە بتوانرێ میوانی غەوارە -بە بێ ئەوەی حەوشەی ژوورەوە ببینێ- ببرێ بۆ دیواخان. باڵەخانەی سوڵتانخورد گەورە و بەربەرۆژ بوو و یەکێک لە دەرگاکانی هەورەبانەکە بەرەو باشوور ئەکرایەوە و بانیجەکەی لەبەری ڕۆژهەڵات و ئەیڕوانی بە سەر حەوشەی دەرەکیدا. لە بەری ڕۆژئاواوە بە سەر باخی سێو و بلاڵووک و لە بەری باشوورەوە حەوشەی ژوورەوەی لێوە دیار بوو. حەوشەی ژوورەوە بۆ خۆی زۆر لە حەوشەی دەرەکی بەرینتر بوو بە ئەستێڵ و کەردووی چوارینە، سەرتەنوور، برجێک و ڕیزێک هەماری دانەوێڵە. هەماری

دانەوێڵەی باشووری حەوشەی ژوورەوە بوو و دەرگای هەمارەکان بەرەو حەوشە ئەکرانەوە و ئە دیوارەی کە ماڵەکەی لە مەیدانی گۆلاوەکەی خورسوف جیا ئەکردەوە، لەمسەر بۆ ئەوسەر دیواری هەمارەکانی حاجی سوڵتانخورد بوو.

کەس وەڵامی کوتانی چەکوشی دەرگاکەی نەدایەوە. دەرگا لە ناوەوە داخرابوو. بۆیە، یان ئەبوایە دەرگاکە بشکێنرێ، یان لە گرێجەنە دەربهێنرێ. دەرگا لە گرێجەنە دەرهێنرا و لە پێشەوە، خانئاپۆ پێی نایە ژوورەوە. ماڵەکەیش وەکوو خورسوف خامۆش و چۆڵ بوو. خامۆش بوو و لە چۆڵ ئەچوو.

ــ ئێرەش کەسی لێ نییە؟!

نەء! هیچکەس لە ماڵەکەدا نەبوو. بەس مریشکێکی زیرەی تۆقاو و باڵ فش کردوو، لەگەڵ جووجکەکانی لە ناو دەست و پێی ئەسپەکانەوە بەرەو کەلەبەری دەرگای ئاغەڵەکە هەڵئەهاتن و ئیتر سێبەری ڕەوانی هەور و ئیتر هیچ!

ــ بکەرە سەر بان و چاو بگێڕە!

توغرول لەغاوی ئەسپەکەی لە قوڵفەی دەرگای ئاغەڵ هەڵپێکا، قایشی تفەنگەکەی لە سەرشان و سینەی توند کرد، پێی لە ئاوزەنگی نا و لە دیواری بەهاربەندەکەوە سەرکەوت. بە سەر دیواری بەهاربەندەکەدا ڕۆیشت و خۆی گەیاندە سەربان و تاوێکی دی لە سەر بانی باڵەخانە دەرکەوت. تفەنگی لە شانی کردەوە و کەوتە چاوگێڕان.

ــ ئا! هیچت لێوە دیارە؟

توغرول هاتە بەر سوانەی بانەکە و لە وەڵامدا وتی:

ــ مەلیش بە حەوادا نافڕێ!

خانئاپۆ پرسی:

ــ بەگمحەمەد چی، ئەو ئەبینی؟

توغرول شانی ڕاست کردەوە، جارێکیتر ڕوانیە ئاشەکە و لە هەمان کاتدا وتی:

ـ یاڵ و گوێی ئەسپەکەی ئەبینم. چەخماخیش ئەبینم لە سەر برجی ئاشەکە.

خانئاپۆ وتی:

ـ چاکە، وەرە خوارەوە!

ـ ژنێک! ژنێکم بینی!

توغرول لەپڕ لە بەر سوانەی بانەکە سەر و شانی چەماندەوە و جارێکیتر بە دەنگێکی کپ وتی:

ـ ژنێک، پیرێژنێک!

ـ لەسەر بان وەستاوە؟

ـ نەء، لە ناو هەورەبانەکەیە. وەکوو شتێ نایەوێ ببینرێ. ڕاوەستێ!

توغرول جارێکیتر ڕاست بوویەوە و سەیری کرد و لە بەر گوێسوانەی بانەکە چۆکی دادا و وتی:

ـ ئەماژە ئەدا. وابزانم خەریکە ئەماژە ئەدات. سەرپۆشێکی سپی بە سەرەوەیە. سێ جار، سێ جار لۆی سەرپۆشەکەی ڕاوەشاند، بەم جۆرە!

توغرول لفکەی مێزەرەکەی خۆی کە بەبەر سینەیدا شۆڕەوە ببوو گرت بە دەستەوە و لە بەر نیگای پرسێنەری خانئاپۆدا سێ جار ڕایوەشاند و دیسان وتیەوە:

ـ بەم جۆرە، ئەمە...

ـ ماڵەکەت نیشانە کرد؟

ـ وابزانم ئەکەوێتە پشت گۆلاوەکە. ئەو شوێنەی لێی وەستابووین. ڕێک پشتی ئەو شوێنە.

خانئاپۆ وتی:

ـ شوێنەکەت لەگەڵ مەدەد بگۆڕەوە! مەدەد! تۆ سەرکەوە!

خانئاپۆ ئەسپەکەی بە دوای خۆیدا برد بۆ کۆڵان. پێی لە زەنگۆ نا و لە سەر زینەکە دانیشت. زۆری پێ نەچوو توغرولیش ئەسپەکەی هێنایە کۆڵان. سوار بوو و شان بە شانی خانئاپۆ

ئاژووت و وتی:

ــ لێرەوە، خانئاپۆ!

بە بێ غاردان و پەلە کردن بە لای گۆلاوەکەدا بە هەورازی کۆڵانەکەدا سەرەوژوور بوونەوە. لە دالانێکی شکاو و کۆن تێپەڕین و لە کوێرەکۆڵانێکی چۆڵ و تەنگدا وەستان. تاوێکی ترسێنەر و نیگایەکی پرسێنەر. خانئاپۆ ئەسپەکەی وەرگێڕا بوو و ئەسپەکان سەر بە سەر و پیاوەکان ڕوو بە ڕوو. توغرول لە نیگای پرسێنەری خانئاپۆدا، ڕوخساری چیڕ و چەناگەی پانی بەرز کردەوە. پشت برۆی پان و پەیوەستی بە هێڵێکی درشت ڕازایەوە و بەدگومان و دوودڵ وتی:

ــ ئائێرە بوو، ئێرە! ئەم باڵەخانەیە، خودی ئەم باڵەخانەیە!

خانئاپۆ هەروا چاوی لە دەرگا و بانی ماڵەکە بوو و ئەتوت لە چاوەڕوانی مووزاتی نیگا یان دەنگی ئادەمیزادێکدا چاو و گوێی ڕادێراوە. توغرول کە هەستی ئەکرد تووش بووە، بێ ئۆقرە و بە بێ ئەوەی دەرفەت لە خانئاپۆ بخوازێ، دەنگی هەڵێنا:

ــ کەس لە ماڵەوەیە؟!

بێدەنگی جارێکی دی کۆڵانەکەی داگرت. توغرول کە ئۆقرەی لە بەر بڕابوو، ڕوانیە چاوە تووڕەکانی خانئاپۆ و ئەماژەی لە دەرگای ماڵەکە، وتی:

ــ بیشکێنم؟!

خانئاپۆ بە تەکانێک توغرولی لە نزیک دەرگاکە دوور خستەوە و خۆی بە سەر زینەکەدا چەماندەوە. دەستی نا لە دەرگا کورت و ڕزیوەکەوە. باڵشمەی پووتی دەرگا جیرەیەکی لێوەهات و بە پاڵێکی هێواش، دووتای دەرگاکە لێک ترازا و ـبۆ ئەوەی بتوانێ بڕوانێتە قووڵایی حەوشەکەـ زیاتر خۆی دانەواند و دەستی بە کڵاوەکەیەوە گرت. ئەمە بەڵام دادی نەدا. ئاوزەنگی بەتاڵ کرد. دابەزی و لە بەر دەرگاکە کەوتە تەماشا.

حەوشەی ماڵەکە زۆر تەنگەبەر و داگیراو ئەینواند و لە

سەر خۆڵی پڕ لە شیاکەی حەوشە، کەڵەشێرێکی لەڕ و لاواز خولەی ئەهات. خانئاپۆ هەوساری دایە دەست توغرول و -بۆ ئەوەی لوولەی تفەنگەکەی لە چوارچێوەی دەرگاکە گیر نەکات- دەستی گرت بە قۆناغەکەیەوە و سەر و شانی دانەواند و چووە ناو دالانەکە. بە بەر دەرگایەکی کورت و دووکەڵگرتوودا تێپەڕی و لە ناو حەوشە، لای چاڵی خۆڵەمێشەکە وەستا. دەستی نایە لاکەلەکەی و سەری بەرەو بانیجە هەڵێنا و گوڕاندی:

ــ خاوەن ماڵ، خاوەن ماڵ! هۆی خاوەن ماڵ!

وەڵام نەبوو. دەرگای بن بانیجە قفڵی لێدرابوو و حەوشەی بچووک و تەنگەبەر کەسی لێ نەبوو. خانئاپۆ جارێکی دی خاوەن ماڵەکەی بانگ کرد. وەڵامێک نەهاتەوە. خانئاپۆ فرکەی کرد بۆ سووچی حەوشەکە و پلیکانە سواوەکانی بەپەلە بڕی، خۆی گەیاندە بانیجە و لە سەر بانیجە -وەک خووی پێوە گرتیێ- لە سەر پێ سووڕا و دەوروبەری سەیر کرد و پاشان لە دەرگای دیواخان نزیک بوویەوە و پاش ڕامانێکی کورت، دەستی نا لە دەرگاکەوە. دەرگای دیواخان بە بێ گوشاری دەستی خانئاپۆ کرایەوە و ژنێکی نە زۆر بەتەمەن بەڵام شکاوە، لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا خۆیا بوو. ژنەکە ئەتوت چاوەڕوانی هاتنی کابرای کەلمیشی بووە، بە بێ گۆڕانێک لە دارەت و ڕوخساریدا ڕوانیە خانئاپۆ و ئەوی لە شوێنی خۆی ڕاگرت. خانئاپۆ وەک بلێی لە بینینی چاوەکانی ژنە شەرمێکی لەپڕ دایگرتبێ، وەرگەڕا و وتی:

ــ گومانی خراپ مەکە خوشکێ، ئێمە نە دزین و نەبۆ تالان هاتووین. ئێمە...

ــ ئەزانم!

سارد و وشک بەڵام دڵنیا و بڕوا بەخۆ، ژنە وای وت و خانئاپۆ چالاک و بێباوەڕ، سەری وەرگێڕا و خێسەی لە چاوە ئارامەکانی ژنە، پرسیاری کرد:

ــ چی ئەزانی؟!

ـ کە هاتوون بۆ خوازبێنی لەیلێ!

ـ باشە، باشە، ئێستە کە ئەزانی ئێمە بۆ چ کارێک هاتووین، کە وا بوو پێم بڵێ بزانم ئەمە چ داب و نەریتێکە کە...

پێکەنینێکی وشک و پڕ لە هاودەردی لێوی ناسک و تۆزیێ چرچی ژنەی لێک هەڵبڕی و درێژەی دا:

ـ حاجی سوڵتانخورد وای ئەویست. ئەوەش کە حاجی ئەیویست، لوا. تا ئێرە ئەو بە مرازی خۆی گەیشتووە!

خانئاپۆ بێ ئوقرە پرسیاری کرد:

ـ خۆی لە کوێیە، حاجی سوڵتانخورد؟

ـ لە مەشهەد.

ـ مەشهەد؟ ئەوێ بۆ؟!

ـ رۆیشتووە بۆ ئەوێ و مانی گرتووە!

ـ مانی گرتووە؟!

ـ بەڵێ، بۆ دادخوازی! لە فەرمانگەی گشتی مەشهەد!

تەوێڵی پانی خانئاپۆ پڕ بوو لە چین و چاوەکانی ئەتوت دووکەڵێکی ڕەشی لێ بەرز بوویەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو گڕەی لە دەروونیدا بڵێسەی کێشابوو ئاشکرا نەبێ، بە نیوسووڕێک ڕووی لە ژنە وەرگێڕا و لە سەر تەختەبەندی بانیجە دانیشت. قونداخی تفەنگەکەی کوتا بەعەرزدا و لوولەکەی پاڵ دا بە چاڵی شانیەوە، بەری دەستە پانەکەی هێنا بە ڕوخساریدا و وتی:

ـ زەرکێک ئاوم پێ ئەدەی بیخۆمەوە؟

ـ بۆ پێت نادەم براگیان، خۆ شمری نیم!

خانئاپۆ ڕوانیە مەدەد لە سەربانی باڵەخانەی ماڵی حاجی سوڵتانخورد و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ ڕەنگیشە لە ماڵەوە بێ، کێ چووزانێ!

ژنە زەرک و جەڕە بە دەستیەوە هاتە بەرەوە، لای خانئاپۆوە چۆکی دادا، زەرکەکەی پڕ کرد لە ئاو و لە بەردەمی خانئاپۆ ڕایگرت و وتی:

ــ ئاوی دوێشەوە!

خانئاپۆ تەشەری گوتەی ژنەی وەرنەگرت. زەرکەکەی وەرگرت و بە سەرپەنجەی هەر دوو دەستی گرتی و بە ئارامی بردی بۆ لێوی. تا دوا تنۆک خواردیەوە و زەرکەکەی دایەوە بە ژنە. ژنە پرسی بۆی تێکاتەوە؟ خانئاپۆ سەری ڕاوەشاند و بە توغرول کە لەکۆڵان، لای چوارچێوەی دەرگاکە ڕاوەستابوو، وتی:

ــ ئەگەر ئاو ئەخۆیتەوە وەرە جەڕەکە ببە!

توغرول هەنگاوێک هاتە ژوورەوە، خانئاپۆ جەڕەی ئاوەکەی لە بانیجەوە دایە دەستی و خۆی تەڕایی دەور دەمی بە سینەی دەست سڕییەوە و ڕووی لە ژنە کە هەڵسابوو و لە قەراخ دیوارەکە وەستابوو، وتی:

ــ کە حاجی سوڵتانخورد ڕۆیشتووە بۆ مەشهەد مان بگرێ، ئەرێ؟ باشە! بۆ چ سکاڵایەک؟!

ــ بە گومانی من خۆتان زانیوتانە!

خانئاپۆ وتی:

ــ لە تۆشی ببیسین خراپ نییە!

ژنە زەرکە بەتاڵەکەی دانایە زەوی و خۆی لە بەرامبەر خانئاپۆ، لە بن دیوارەکە ڕاوەستا و وتی:

ــ بە سکاڵای ئەوەی کە گیان و ماڵی لە مەترسیدایە و هەمیش ئەوەی کە گوڵمحەمەدەکان ئەیانەوێ کچەکەی بە زۆری تفەنگ لێ بسێنن! بە خەڵکەکەشی وا وتووە!

ــ بەڕاست، ئەی خەڵکەکە لە کوێن؟!

ــ خەڵکەکە؟! هەها! نین!

ــ ئەی لە کوێن ئاخر؟

ژنە بە ساردی و تەوسەوە بزەیەکی هاتێ و وتی:

ــ حاجی چەن کەسی لەگەڵ خۆی بردووە، زۆری لە وەرزێرەکانیش کردووە ئەمڕۆ و ئەمشەو لە بیابان بمێننەوە. بەوانیتریشی وتووە خۆیان لە ماڵەکانیان کڕ بکەن و دەرگا لە

سەر خۆیان داخەن!

ـ ئاژەڵ و پاتاڵ چی؟ ئێمە تەنها چوارپێیەکیشمان لە خورسوف نەبینی!

ـ ئەوەی هی حاجی سوڵتانخورد بوو لە خورسوف برانە دەرەوە، ڕووت و نەداریشی ناچار کردووە، کەر و بزنێکیان ئەگەر هەبێ بیکەنە گەوڕ و دەرگایان لە سەر داخەن!

خانئاپۆ ڕابوو و بۆ سەیرکردنی بانە چۆڵەکان لە بانیجەکە کەوتە پیاسە کردن. یەک دوو جار ڕۆیشت و هات و پاشان لە نزیکی پلیکانەکان ڕاوەستا. جارێکی کەش لە دەروبانی خامۆشی خورسوفی ڕوانی، لێوی خۆی گەست و سەری بە نامۆیی لەقاند و وەکوو ئەسپ، دەنگێکی هێواش و تاساو لە دەم و لووتیەوە هات. بە ئاشکرا دامابوو و خۆیشی نەی ئەزانی ئەبێ چ بکات و چی بۆ ئەکرێ؟ خانئاپۆ یەکەم کەس بوو گومانی بۆ دووڕوویی و فێڵەبازی حاجی خورسوفی چووبوو. بەڵام ئەوەی کە ئێستە و بە چاوی خۆی ئەیبینی، هیچ لەو شێوە و شێوازە نەئەچوو، سەبارەت بە فێڵەبازی خورسوفی بیری لێکردبوویەوە. بۆیە خۆی لە دۆخێکی پێشبینی نەکراودا ئەبینی و ڕاستیەکەی ئەوە بوو هەستی ئەکرد توانای بیرکردنەوە و چارەسەر کردنی نییە و نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات! جارێکی تریش ڕووی لە ژنە کرد. بەژنی داتەکاو و ڕوخساری ئارامی ئەوی بە نیگایەکی سمێنەر و گوماناوی هەڵسەنگاند و هەروا لێی ڕاما. ژنە لە شوێنی خۆی لای دیوارەکە ڕاوەستابوو و قژە خۆڵەمێشیەکەی بەر تەوێڵی بە دوو کەرت ڕەقەڵەی کردبوو و، چاوەکانی لە بن برۆ کەمڕەنگەکانیدا لە ڕەنگی کەزی ئەچوو. ڕوخساری داتەکاو و، لێوەکانی ناسک و چەناگەی تیژ بوو و ئەم هەمووە لە ئەندێشەی پەرێشانی خانئاپۆدا، ژنەی بە خاپینۆک و ڕازاوی ئەنواندەوە.

ـ «ئەگەر هەموو خەڵکی -هەر کەسە و بە هۆیەکەوە- ڕووی داشاردبێ، ئەی ئەو...»

ـ تۆ لە هەورەبانەکەوە خۆت پیشانی هەڤاڵەکەی ئێمە دا! بۆچی؟ بۆ؟

ژنە بەرەو خانئاپۆ هات، لە بەردەمی وەستا و وتی:

ـ چونکە ئەمویست ئێوە بێن بۆ ئێرە، بۆماڵی ئێمە!

ـ ئەی کاتێکە هاتین بۆ وەڵامت نەداینەوە؟ بۆ دەرگات لێ نەکردینەوە؟

ـ بۆ ئەوەی ئێوە خۆتان دەرگا بکەنەوە، بۆ ئەوەی خۆتان بێنە سەر و خۆتان دەرگا بکەنەوە.

ـ بۆ؟ مەگەر دەستی تۆیان بەستبوو؟!! کارەکانی ئێوەی گوندی زۆر سەیر و سەمەرەیە!

ژنە هیچی نەوت. سەری داخست و خامۆش لە پلیکانەکان چووە خوارەوە. خانئاپۆیش بە دوایدا لە پلیکانەکان دابەزی. ژنە لە بەر دەرگای ژوورەکەی بن بانیجە، لە نزیک قفڵەکە وەستا. خانئاپۆ هەروا بە حەپەساوییەوە لە ژنەی ئەڕوانی. ژنە پەنجە لەڕ و باریکەلەکەی بەرز کردەوە، ئەماژەی بە قفڵە داخراوەکە کرد و وتی:

ـ کوڕەکەم! کوڕەکەم لێرەیە!

ـ لێرە؟ لە پشت ئەم دەرگایە! بۆ دەرگات لە سەر داخستووە؟!

ـ من لێم دانەخستووە!

ـ ئەی کێ ئەو کارەی کردووە؟

ـ ئەوان، پیاوەکانی حاجی خورسوفی!

ـ باشە، دەی! ئێستە تۆ بۆ دەرگای لێ ناکەیتەوە؟

ـ تۆ! تۆ ئەتوانی دەرگاکە بکەیتەوە؟!

ـ چۆن ناتوانم! ئەتوانم هەر ئێستە لە گرێجەنە دەری بهێنم، هەم ئەشتوانم بە لەقەیەک بیشکێنم! خۆیشت ئەتوانی ئەو کارە بکەیت. کوڕەکەشت ئەیتوانی دەرگاکە لە ناوەوە بشکێنێ!

ـ نا، نا! تۆ ئەگەر بتەوێ بیکەیتەوە، پێویست ناکا دەرگاکە بشکێنی، کلیلەکەی هەیە.

ــ کلیلەکەی هەیە؟! کلیلەکەی هەیە؟! ئەوان کلیلەکەیان لەگەڵ خۆیان نەبردووە؟! مەبەستت چییە؟ من خەریکە گێژ ئەبم! کلیلی ئەم قفڵە هەیە و تۆ دەرگا لە کوڕەکەت ناکەیتەوە؟!

ــ ئەوەتا کیلەکە، بەو بزمارەوە. ئەگەر ئەتەوێ کلیلەکە هەڵگرە و دەرگا بکەرەوە.

ــ تۆ خۆت، خۆت بۆ کلیلەکە هەڵناگری و دەرگاکە ناکەیتەوە؟ خۆ دەستەکانت گۆچ نین! بۆ تا ئێستە کلیلەکەت هەڵنەگرتووە دەرگاکە بکەیتەوە؟!

ــ ئەوان! ئەوان وتیان نابێ بیکەمەوە. ئەوان بە خۆشمیان وت نابی لە باڵەخانە بچمە دەرەوە. وتیان ئەبێ ئاوی شەو و ڕۆژێکم بهێنمە ژوورەوە و داینێم. منیش فەرمانم بەجێ هێناون.

ــ ئەی بۆ نیشانەت بە ئێمە دا کە بێین بۆ ئێرە؟ چۆن وێرات؟

ــ من ئەماژەم بۆ نەکردن. من بەس حەزم کرد کە ئێوە بە بوونی من بزانن و بێن بۆ ئێرە! ئەگەر، ئەگەر ئەماژەیەکیشم کردبێ، بە دەس خۆم نەبووە. ڕەنگە بۆ ساتێک مێشکم کاری نەکردبێ!

خانئاپۆ کلیلەکەی لە بزماری دیوارەکە کردەوە و لە بەرچاوی ژنە ڕایگرت و وتی:

ــ بیگرە و دەرگاکە بکەرەوە!

ژنە دەستی بە واتای نا ڕاتڵەکاند و وتی:

ــ نەء. نابێ!

ــ من فەرمانت پێ ئەدەم، بە فەرمانی من ئەو قفڵە بکەرەوە! کلیکەکە وەربگرە و ئەو قفڵە بکەرەوە. یاڵڵا، دەی! بە فەرمانی من!

ــ تۆ! تۆ! چاکە، چاکە. بە فەرمانی تۆ، بە فەرمانی تۆ!

ژنە قفڵەکەی لە قوڵفەکە دەرهێنا و خانئاپۆ بە ڕقەوە لەقەیەکی لە دەرگاکە دا. هەر دوو تای دەرگاکە بە توندی دای بە دیوارەکەدا و جارێکی دی داخرایەوە. خانئاپۆ ئاوڕی لە ژنە دایەوە و

دەستی نا لە دەرگاکەوە. ژنە قفڵەکەی بە دەستیەوە ڕاگرتبوو و ئەلەرزی. خانئاپۆ ڕووی لە ژنە وەرگێڕا، دەرگاکەی کردەوە و سەر و شانی دانەواند و ڕوانیە ناو ژوورەکە.

لە تاریک و ڕوونی ناو هۆدەکەدا، کابرایەک، بە دەست و دەمی بەستراوەوە، دەسرەیەک لە سەرە شکاوەکەی هەڵبەسترابوو. بە قنەخشکی بەرەو دەرگاکە هات. خانئاپۆ ڕوانیە قاچی پیاوەکە. قولاپەشی بە گوریسێک بەسترابوو. خانئاپۆ پێی نایە ناو هۆدەکە، خەنجەری لە کالانی پووزەوانە دەرهێنا، لە تەنیشت کابراوە چۆکی دادا و داخورِی بە سەر ژنەدا گرێی دەسرەی دەمی بکاتەوە.

ژنە کەوتە کردنەوەی دەسری سەر دەمی لاوەکەی و لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ کۆڵی نەدا. کوڕەکەم کۆڵی نەدا، بۆیە ئاوەهایان بە سەر هێنا. لەگەڵ سوڵتانخورد نەرۆیشت، نەیویست شایەتی بدات. وتی ناچیٚ بۆ بیابانیش. لەماڵیشەوە نامێنێتەوە. وتی دەرگاش لە سەر خۆی داناخا. ئەوانیش بەشەو ڕژان بە سەریدا و ئەو بەلایان بە سەری هێنا.

ــ کوڕەکەت لە ئاشنا ئەچێت!

ــ ڕەنگە لە شوێنێک دیوتە.

ــ ئاو! ئاو...

دایک بۆ هێنانی ئاو چووە دەرەوە. خانئاپۆ بن باڵی گەنجەکەی گرت، هەڵیساند و بردیە حەوشە لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دای نیشاند. دایک جەڕە و زەرکی هێنا. زەرکەکەی پڕ کرد لە ئاو و دای بە دەستی کوڕەکەیەوە. ڕەنگ و ڕووی جەوانەکە هەروا پەڕیبوو و دەستەکانی بلێی نەلێی ئەلەرزین. ئاوەکەی خواردەوە. خانئاپۆ زەرکە بەتاڵەکەی لە دەست جەوانەکە وەرگرت، دای بە دەستی ژنەوە و پرسی:

ــ کەسیتر هەیە ئەویش وەکوو تۆ لە ماڵە خۆی حەپس

کرابێ؟
لاوەکە، ماندوو و بێزار وتی:
ــ کەم!
ــ چەن کەس پێت وایە؟
ــ چوار پێنجێک!
خانئاپۆ لە بەر نیگای نیگەرانی ژنەدا، بە گەنجەکەی وت:
ــ ئەمەوێ ئەوانە لە ماڵەکانیان دەربکێشیتە دەرەوە و لە مەیدانی گۆلاوەکە کۆیان بکەیتەوە. ئەمکارە ئەکەیت؟
گەنجەکە بە بێ ئەوەی بڕوانێتە چاوەکانی خانئاپۆ، سەری ڕاوەشاند. خانئاپۆ ئەماژەی بۆ دەرگای حەوشە، توغرولی پیشان دا و بە گەنجەکەی وت:
ــ ئەم هەڤاڵەی من یارمەتیت ئەدات. ئەتوانی هەڵسی؟
ــ بەڵێ، بەڵێ! بەس پارووە نانێک، دایە!
دایک بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و خانئاپۆ لە قەراخ دیوارەکە کەوتە هاتوچۆ. ژنە گەڕایەوە. لەتێک نانی پێ بوو. جەوان لەتە نانی لە دەستی دایکی وەرگرت و فەرمووی لە خانئاپۆ کرد. خانئاپۆ لە بەرامبەر جەوانەکەدا ڕاوەستا، ڕێزقاڵێک نانی -بە نیشانەی هاونمەک بوون- لێکردەوە، خستیە بن ددانی و وتی:
ــ پاش ئەوەی بەندکراوەکانت لە ماڵەکانیان هێنایە دەرەوە ئەمەوێ یەکیان بچێتە سەربانی ماڵە سوڵتانخورد و جاڕ بدات کە ئەمڕۆ گەنمی نەزرکراو ئەبەخشنەوە. خۆ تێم ئەگەی؟
ــ ئا بەڵێ!
جەوان بەرەو دەرگای باڵەخانە کەوتبوویە ڕێ و دەستە پان و قورسەکەی خانئاپۆی بە سەر شانیەوە هەست پێ ئەکرد. خانئاپۆ، جەوانەکەی نزیک دەرگای دیوەخان ڕاگرت و لێی پرسی:
ــ تۆ! ناوت چییە؟
ــ وەهاب، سەردار! من هاتبووم بۆ دادخوازی بۆ قەلامەیدان، بەلام...

ـ ئەمڕۆ وەهاب، ئەمڕۆ ڕۆژی دادە. دایکت ناوی چییە؟
ـ سومبولە.
ـ تۆیش لۆی چارشێوەکەت لە ملت گرێ دە، خوشکم! ئەمڕۆ ڕۆژی دادە!

هاتنە کۆڵان. خانئاپۆ لە سەر زینەکە دامەزرا و توغرول شان بە شانی گەنجەکە، دەسکەوساری ئەسپەکەی دا بە شانیدا و کەوتە ڕێ. تا بەر تاقی دالانە شکاو پێکەوە ڕۆیشتن. لە بەر دالانەکە خانئاپۆ ئاوڕی لە وەهاب دایەوە و وتی:

ـ بە خەڵکەکە بڵێ نەترسن، لە لایەن ئێمەوە دڵنیایان بکە!

خانئاپۆ ئەمەی وت و ڕووی وەرگێڕا و سەری دانەواند و لە بن دالانە شکاو دەرکەوت، بای دایەوە بۆ مەیدانی بەر گۆڵاوەکە بەرەو بەرزەکۆڵان ئاژووت و ئەسپەکەی بەرەو ئاش تاودا.

پڵتۆکێک لە خامۆشی، زەمزەمەیەک لە گوێی خورسوف و چرپەیەک لە سەر زمانی خورسوف. قەڵای خەو قەڵەشیەوە. هوروژمی هەتاو، هوروژمی ئاو و تاو بۆ هێلانەی مێرووەکان. دەنگی پێکادانی تای دەرگایەک، دەرکەوتنی نیگایەکی شەڵەژاو، چرپەی پرسیارێک. قفڵێک ئەکرێتەوە. یەکێک بە دزیەوە سەرەتاتکێ ئەکات. دەنگی پێ لە ناو کۆڵان، کەسێک ئەڵێی دێت و کەسێک ئەڕوات. بەرهەڵدا بوونی هەناسەی قەتیسماو. سەیری کۆڵان بکە؛ کۆڵانەکان!

ـ «دەنگێک ئەبیسم. لە ماڵە دراوسێ دەنگێک ئەبیسم!»
ـ «چی ڕووی داوە؟»
ـ «تۆ هیچ نابیسی؟»
ـ بۆچی نا، ئەی بیسم. دەنگ! دەنگ!»
ـ «دەنگ! دەنگی وەهاب، دەنگی وەهاب!»
ـ «های! های! ئەهای خەڵکینە، خەڵکی خورسوف! های! ئەهای...! لە پەنا و پەسێران وەرنە دەرەوە. لە پشت دەرگا

داخراوەکان وەرنە دەرەوە. وەرنە بەر بەڕۆژ. خۆتان دەرخەن! های! های! ئەهای! هەر هەمووتان وەرنە مەیدانی گۆلاوەکە. هەمووتان وەرن بۆ مەیدانی گۆلاوەکە! سەردار، خانئاپۆی سەردار! بە فەرمانی خانئاپۆی سەردار لە خانوەکانتان وەرنە دەرەوە و خڕبنەوە لە ناو مەیدان، لای ئەستێرەکە! های! ئەهای خەڵکی خورسوف، خانئاپۆی سەردار ئەیەوێ لەگەڵ ئێوەی دانیشتوانی خورسوف! گفتوگۆ بکات، های! ئەهای...

دەنگی وەهاب، دەنگی وەهاب.

زەمزەمە، چرپە، غەڵبەغەڵب.

دەنگی پێی دردۆنگ لە ناو کۆڵان، لە کۆڵانەکان.

سەر، سەر و شانی ناو هەورەبان.

ناوبەناو ژنان، پیران، مناڵان.

یەکێک دێت، یەکێک ئەڕوات. کەسانێک دێن، کەسانێک ئەڕۆن.

ترس، ترس و دوودڵی. بێ بڕوایی و خۆف. نابەدڵی و بەدگومانی. ناچاریی. ناچاریی و زۆرەملێ. ئەڕۆن. کەوتوونەتە ڕێ و ئەڕۆن. بەڵام نەک لە بەر ڕێزگرتن لە بانگهێشتن و ویستی خانئاپۆی کەلمیشی، بەڵکوو لە ترسی ورووژاندنی ڕق و تووڕەیی سەردار کەوتوونەتە ڕێ. بەرەو گۆلاوەکە ئەچن. چونکە ترسی ئەوان لە سەرداری کەلمیشی، نە کەمترە لە هەراسی ئەوان لە حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی. ترس، ئەوە ترسە کە فەرمان ڕایی ئەکات. چونکە بە خۆفەوە بارهاتوون و بە ترسەوە تەنراون و لەگەڵ پۆ-وەشاردن خوویان گرتوون. بۆیە ناتوانن بەدڵ ڕاستگۆ بن و سەرڕاست و ڕێوار هەڵسوکەوت بکەن. ناتوانن بە چاوی خۆیان بڕوانن، بە مێشکی خۆیان بیر بکەنەوە و بە زمانی خۆیان بدوێن. لە هەموو ژیانیاندا ئەو فەرمانەیان پێ نەدراوە. ئەوەی بە سەریاندا باریوە، زمهەریری ستەم بووە. بۆیە بۆ داڵدە و پەنایەک ئەگەڕێن تا کەمتر ستەمیان لێ بباریّ و لە کەسێک ئەگەڕێن

کەمتر ستەمیان لێ بکات. کۆتاییەکەی، گەڕان بۆ ستەمگەرێک کە ستەمی کەمتریان پێ ڕەوا ببینێ. دەرفەتێک، دەرفەتێکی ئەوەندە کە بتوانن ژیان بە کۆتایی بگەیەنن. ڕازی بە کەمترین نان و حەز و خواست. قەناعەت، ئەوپەڕی قەناعەت. مانەوە بە نرخێکی زۆر گران.

نەء، چاو و زمان و بیرکردنەوە، درۆ نییە و بینین و بیرکردنەوە و گوتنیش. ئەمانە هەمووی بارمتەی ڕۆیشتن بوون. لە بەر چاوی خۆیاندا، بە زمانی خۆیان درۆیان ئەکرد و ئەم درۆکردنانە مێشک و ئەندێشەیانی داڕشتبوو. بەڕادەیەک کە، بەدرۆ بیرکردنەوە ببوو بە خوو. بەدرۆ بینین و بەدرۆ گوتن و بەدرۆ بیرکردنەوە. ئێستەش نەک ڕاستگۆیانە و بەبڕوا و سووربوونەوە، بەڵکوو لە ترسان بانگهێشتنەکەی خانئاپۆی کەلمیشیان وەڵام دابوویەوە. تەنانەت بۆ ڕزگاربوونیش نەئەچوون. چونکە بڕوایان بە ڕزگاریی خۆشیان نەبوو. بۆیە لە بەر بەرگری لە تووشبوون لە گێژەنێکی تازەدا بەرەو گۆڵاوەکە کەوتبوونە ڕێ. پێشگیری کردنی ئەو شتەی کە بۆی هەبوو خراپتری بە دواوە بێ. بۆیە ترس و درۆ لە چاوەکانیاندا فڕەی ئەهات. دڕدۆنگی و ترس چۆکی سست ئەکردن و دواڕۆژی نامۆ، دڵی لە سینەیاندا ئەلەرزاند. ئەڕۆیشتن و بەناچاری ئەڕۆیشتن. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە بەناچاری لە ماڵەکانیشیان هاتبوونە دەرەوە. فەرمان بوو! ئەویان فەرمانی دابوو خۆ وەشێرن؛ خۆیان وەشاردبوو. ئەمیان فەرمانی داوە خۆ ئاشکراکەن؛ ئەوا خۆیان دەرئەخست. نە ئەویان پێخۆش بوو و نە ئەمیان بەدڵ بوو. ئەزموونی ئازادییان بەڵام لە کوێ لە بیر بوو کە بتوانن پێوەرێکیان بۆ کردار و ڕەفتاری خۆیان -لانیکەم لەئەندێشەدا- هەبێ؟!

توغرول، دوا پیاوی خورسوفی لە ماڵ کێشابوویە دەرەوە و لەگەڵ وەهاب بەرەو مەیدانی گۆڵاوەکە ئەڕۆیشتن. ئەوانەی لە ژوورەکانی ماڵەکانی خۆیان حەپس کرابوون، وەهابیشی ئەگەر لەگەڵ دابنرێ -لە پیر و جەوان- ژمارەیان نەئەگەیشتە

دە کەس. یەکیان شوو-خوشکی وەهاب. یەکیان مامی وەهاب. ئەویکەیان پوورزای وەهاب! و ئەوانی کەش جووتیاری پەککەوتە و ڕەشایی بوون. ئەو پیرەمێردەی کە هەر ئێستە لەگەڵ وەهاب و توغرول بەرەو مەیدان بەڕێوە بوو، لە هەموو نموودێک زیاتر وا دەرئەکەوت کە بێزارە. ئەو -خۆجە- نە بە هۆی بەرەنگار بوونەوەی سوڵتانخورد، بەڵکوو لە داخا لە خورسوف مابوویەوە، بە بێ ئەوەی دەرگای لە سەر داخرابێ. ئێستەش تەنانەت کەمتر ترساو و زیاتر بێزار بوو.

توغرول دەسکەوسار بە شانیەوە و تفەنگ بە دەستیەوە، گەیشتە مەیدانی گۆلاوەکە و خۆجەی ڕێنموونی کرد بۆ لای پیاوەکانی دی. خۆجە بە بێ دەربڕینی بێ ئارامی، ئامادەی چارەنووسی لەپێشەوە نووسراو، لە تەنیشت مامی وەهابەوە وەستا و پێڵووی چاوی چەپی هێنایەوە یەک و ڕوانیە لای سەرووی گۆلاوەکە. ئەو کە دیار بوو سۆمای چاوی کز بووە یان نەماوە، تەنانەت لە هاوڕیشەکەی خۆی، مامی وەهابی نەپرسی بە چ مەبەستێک و بۆ چ کارێک بۆ ئەوێ بانگ کراون. بۆیە خامۆش و وەڕەز لە تەنیشت ئەوانی ترەوە لە بن دیوارەکە ڕاوەستا.

لە پیاوەکان زیاتر، ژنان بوون کە لای دیوارەکەی ئەوبەر وەستا بوون. پیرێژنان و ئەوانەی منالی شیرەخۆرەیان بە باوەشەوە بوو لە بن دیوارەکە دانیشتبوون و چاوەڕوان بوون. بە ئاشکرا نەئەدوان و ئەوەی هەبوو پچەپچ بوو و نیگای پرسێنەر. گوتەیەکی ئەوتۆش نەبوو. ئەگەریش هەبوو ئەبوا لە زمانی ئەو کەسەوە بگوترێ کە ئەوانی بانگ کردبوو. بۆیە ئەمان چاو بوون و گوێ بوون و بێدەنگ بوون؛ هەر بەو جۆرەی پێشتر و پێشتر و پێشتر لە ئێستەش. یەک ئەدوێ و هەزار گوێگرە!

ــ «بیکوژە»

ــ «بیبڕە!»

ــ «بیبەخشە!»

ـ «بیکرە!»
ـ «بیخنکێنە!»
ـ «بیخۆ!»
تەلار. بڕیار لە لووتکەی تەلارەوە دابەزیوە و کۆمەڵانی جەماوەر بیستوویانە و باری قورسیان وەئەستۆ گرتووە. بۆ بیستن، بەس ئەوەندەیان ماف و بوار هەیە کە ببیسن و بەس ببیسن و ئامادە بن بۆ ڕاپەڕاندنی. باوکان و باوکان و باوکانیکەش وەها بوون و گوتەیان لە یەک زمان، گوتەیان لە یەک سەر بیستووە. سەرێک لە لووتکەی تەلار. بۆیە ڕاهاتوون، بەناچار: پادشایە ئەوەی کە ئەیڵێ، فەرماندەرە، خانە، کەڵانتەرە، ئاغەیە، دەستەک بە دەستە، وتاربێژە؛ یەکێکە کە ئەیڵێ؛ یەکێک. یەکێک لە ترۆپکی تەلارەکە. بێدەنگ بە و گوێڕایەڵ. کە زمان، ئەگەر ڕێگەی پێنەدرا بۆ وەڵامدانەوە، وا باشترە نەیەتە گۆ! چونکە سەری تۆ هەماراوێکە بەتاڵ و ئەرکە لە سەری زایەڵەی دەنگ لە خۆیدا تاو بداتەوە. بێدەنگ و گوێ قوڵاخ بە، کە زمانت ئەگەر ئازاد نەبوو، چاتر وایە نەیەتە گۆ.
ـ هاتن، هاتن!
لە لێژایی نەرمی بەرزەکۆڵانەوە، سێ سوار بەرەو گۆڵاوەکە ئەهاتن. خانئاپۆ، بەگمحەمەد و عەلیخان چەخماخ. ئەسپەکان لە بن گوشاری کێشانەوەی لەغاودا، سینەیان دەرپەڕاندبوو و مل و یاڵیان وەپاش دابوو. هێواش بەڵام بە گوڕ و گوژم هەنگاویان هەڵئەهێنا. سوارەکانیش نەک شەڵەژاو، بەڵام مۆن، ناوچاو گرژ و تەوێڵیان گنج، ئەهاتن و بە بەدگومانیەوە ئەیانڕوانیە کۆمەڵەی ژنان کە لە لاوە وەستابوون. لە ڕیزی پیاوەکان نزیک کەوتنەوە و لە شوێنێک لە نێوان هەر دوو دەستەدا لەغاویان ڕاکێشا و وەستان؛ لە بەر یاریکردنی بە کاوەخۆی سێبەری هەورەکاندا، پشت لە گۆڵاوەکە و بەرامبەر بە جەماوەرەکە.
ئەسپەکان بەڵام ئەتوت ئۆقرە ناگرن. سمدەستەکانیان لە

خاک ئەکوتا، ئاسنی لەغاویان بە ددان ئەتەقاند و سەر و یاڵیان ڕائەوەشاند. لە نێوان سوارەکاندا بەگمحەمەد لە هەموان تووڕەتر و گرژتر بوو. گۆنای خڕ و خۆشباوی وەک سێوی پاش گەلاوێژ، لە تووڕەییدا سوور هەڵگەڕابوو. بە ئاشکرا لێو و سمێڵی ئەگەست و دیار بوو ئەگەر خانئاپۆی لەگەڵ نەبوایەت، ئەو ئەبوایە بۆ خەڵکەکە بدوێ و ئاخۆ چی لە زار و زمانی دەرنەئەپەڕی. بوونی خانئاپۆ بەڵام، کاردانەوەی بەگمحەمەدی ئەبەستەوە بە کاتی تۆڵەسەندنەوە و ئەو تا ئەو دەمە ئەبوایە ددان بە خۆیدا بگرێ و گیانی خۆی لە ناوەوە بخواتەوە و بێگومان حەزی لەوەش هەبوو کە گوتارەکە کورت و چڕ بێ.

توغرول کە تا بەر زەنگۆی خانئاپۆ هاتبوویە بەرەوە، وتی:

ــ جگە لەمانە کەسی کەمان دەسنەکەوت. جەوانەکان بەس وەهابە و زاواکەی و پوورزاکەی.

خانئاپۆ بیستی و سەیری مەدەدی کرد لە سەر بانی باڵەخانەی سوڵتانخورد. دەوروبەر هێمن بوو. خانئاپۆ ڕوانیە توغرول. توغرول ویستی شتێک بە گوێی خانئاپۆدا بچرپێنێ. خانئاپۆ شانی دانەواند و گوێی لە پچەدووی توغرول ڕاداشت. توغرول لە گوێی خانئاپۆدا سرتەی باخ و زاوای سوڵتانخوردی کرد. خانئاپۆ شانی ڕاست کردەوە و پرسی:

ــ دڵنیان؟

ــ پێیان وایە.

ــ چەکی پێیە؟

ــ ڕەنگە، بەڵام ئەگەر تیر و تفەنگی هەبوایە ماڵەکەی چۆڵ نەئەکرد و هەڵنەئەهات!

بەگمحەمەد نائارام و بێ ئوقرە پرسیاری کرد:

ــ باسی کێ ئەکەن؟

ــ زاواکەی سوڵتانخورد!

خانئاپۆ ئەمەی وت و بەرەو پیاوانی خورسوف چوو و

لەبەردەمیان ڕاوەستا. جا ئەبوایە پیاوانی خورسوفی بتوانن خۆیان لە بەر بڵێسەی ئاگری نیگای خانئاپۆ و هێرشی پرسێنەری بەگمحەمەددا ڕابگرن. خانئاپۆ بەڵام پرسیارێکی نەبوو. خێسەی بڕییە ناوچەوانی پوورزاکەی وەهاب و وتی:

ـ سوارێکت لەگەڵ ئەنێرم، بیبە بۆ لای باخەکە!

بەگمحەمەد بەڵام دەرفەتی هەڵبژاردنی بە خانئاپۆ نەدا، ئاوزەنگی ڕاوەشاند و لە بەر سینەی پوورزاکەی وەهابدا لەغاوی کێشایەوە و دەستی بۆ ڕادێرا و وتی:

ـ پێ لە سەر پێی من دابنێ و خۆت هەڵدە سەر ئەسپەکە!

کابرا لە سەر سمتی ئەسپەکەی بەگمحەمەد سوار بوو، بەگمحەمەد لەغاوی شل کرد و لە چاوترووکانێکدا دایە غار و بەرەو کۆڵانی خوارەوە لەچاو ون بوو. خانئاپۆ ڕووی لە شۆپی ئەسپەکە وەرگێڕا و نیگای لە چاوانی چاوەڕوانی پیاوەکاندا، زمانی هەڵبڕی:

ـ ئێمەی بۆ میوانی بانگهێشتن کردبوو حاجی سوڵتانخوردی ئێوە، بەڵام ئەوا خۆتان ئەبینن چ شاری شامێکی بۆمان دروست کردووە لێرە! حاجی سوڵتانخورد بۆی دەرچووە و وەکوو ڕێوی خۆی شاردۆتەوە. بە فێڵ و دەهۆی خۆی و بە بیانووی ترس لە ئێمە، لە ماڵەکانی خۆتاندا زیندانی کردوون و بەمکارەی ئەیەوێ وای پیشان بدات کە ئێمە پیاوخۆرین! بەڵام! من ئەتوانم بە هەق و ڕاستی سوێندتان بۆ بخۆم کە تا ئەمڕۆ ئازارمان بە هیچ دەرمەندە و ئاتاجێک نەگەیشتووە. لە قسەم تێبگەن. بەڵام! بەڵام ئەوەش بزانن کە لە ڕێوی بازیەکەی حاجی سوڵتانخوردیش خۆش نابین. بۆیەشە ناهێڵم بکەوێتە بەیانی. هەر ئێستە! چەن پاچ و چەن دانەیەکیش خاکەناز بهێنن. لە ئاغەڵی خان، لە ماڵی خودی سوڵتانخورد! ڕێگەکە نزیک بکەنەوە!

فەرمان ئەبوایە ڕابپەڕێنرێ و ڕاپەڕێنرا. بێڵ و پاچ هێنرا. خانئاپۆ لە لای گۆڵاوەکەوە بەرەو دیواری هەمارەکانی خورسوفی

چوو، لە ئەسپەکەی دابەزی، مستەکۆڵەی لە یەکەم دەربەند کوتا و ڕووی لە خەڵکەکە پرسیاری کرد:

ــ هەماری دانەوێڵەی خورسوفییە، وایە؟

وەڵام لە کەس نەبیسرا. خانئاپۆ جارێکی دی مستی کوتا بە دەربەندەکەدا و بە بێ ئەوەی بڕوانێتە کەس، وتی:

ــ ئائێرە دیواری هەماری دانەوێڵەی خورسوفییە؟!

وەڵام نەهاتەوە. خانئاپۆ لەقەی لە دەربەندەکە دا و وەک لەگەڵ خۆی بێ وتی:

ــ ئێرەیە، ئا، ئێرەیە؟!

قەراخ دەربەندەکە بە زەبری لەقەی خانئاپۆ لەرییەوە. خانئاپۆ دەستی ڕاکێشا و وتی:

ــ زەنگن، زەنگنێکم بەنێ!

خانئاپۆ نەیڕوانیە خاوەنی ئەو دەستەی پاچەکەی دابوویە دەستی. پاچی وەرگرت، تفی لە بەری دەستی کرد، دەسکی پاچەکەی بە هەر دوو دەست گرت، پاچی هەڵێنا و بە هەموو هێزی خۆی کوتای بە تێغەی دەربەندەکەدا. ئەسپەکە سەری ڕاوەشاند و بە پاشدا چوو. بە زەبرێکی دی خانئاپۆ دیواری کون کرد و پاچەکەی بەرەو ئەو پیاوانەی لە شوێنی خۆیان وشک ببوون ڕاگرت و وتی:

ــ بگرن!

هەموو پیاوێک حەزی ئەکرد خانئاپۆ لەگەڵ ئەوی نەبووبێ. بۆیە هەر کەسە و هیوای ئەوەی ئەخواست یەکەم کەس نەبێ زەنگن لە دیواری ماڵی حاجی سوڵتانخورد ئەدات. بەڵام ئەو بۆچوون و گومانە خۆ نەی ئەتوانی بێ کۆتایی بێ. لە بەر ئەوەی کە لەوە زیاتر نەیان ئەتوانی خۆیان لە بن گوژمی نیگای ئاگراوی خانئاپۆدا ڕابگرن. هەروەها ئەو شەڵەژانەی کە خۆی لەو ناوەدا ڕائەوەشاند، لە توانای کەسدا نەبوو. بۆیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک، پیاوەکان لە بەر چاوی نیگەرانی ژنەکاندا ڕوانیانە

یەکدی. وەڵامیشیان بەڵام جگە لە نامۆیی و بێدەنگی نەبوو. تۆخ و توێژاڵێکی ترس و دڕدۆنگی و خۆ خافڵاندن کە مەگەر بە هێزی یەکێکی دی و لە دەرەوە، ئەگینا تێک نەئەشکێنرا. خانئاپۆ بەرەو ڕوویان چوو، پاچەکەی خستە ناودەستی وەهاب و بە یەکی دی وت پاچەکەی بن دیوارەکە هەڵگرێ. سەرپێچی کردن نەی ئەخوارد. کابرا شانی خەواند و پاچەکەی هەڵگرت. خانئاپۆ خۆی پێمەڕەکانی لە قەراخ دیوارەکە هەڵگرت و هەر کامەی دا بە دەست یەکێکەوە کە وزەیەکی لە پیلیدا شک ئەبرد و تێیانی خوڕی:

ـ بیڕووخێنن دەی؛ بە فەرمانی من و لە ئەستۆی من!

پیاوان ئەبوایە دەس پێ بکەن، دوان بە پاچ و سیان بە پێمەڕە. هەر کەسەش لەگەڵ ترس و ئەندێشەی خۆی و لەگەڵ دڵەڕاوکێ و شەڵەژانی خۆیدا لە کێشەدا بوو. هەر کەسە و بۆ بیانوویەک ئەگەڕا ناچارییەکەی خۆی چارە بکات. بە بێ ئەوەی خۆشیان ئاگایان لێ بێ، چاویان لە ژنەکان بوو و بەرەو دەربەندی هەمارەکەی سوڵتانخورد ڕێیان ئەکرد. ژنەکان ئەتوت شایەتی ئاگای ئەو شتەن بە سەر خورسوفدا هاتووە. شایەتی ئاگا و ویژدانی وریای هەر کەس. بەڵام خامۆش بوون ژنەکان. خامۆش بوون و بەس سەیریان ئەکرد. هەر ژنە و شتێک جگە لە نیگای خۆی نەبوو. سەیریان ئەکرد و خامۆش بوون. خامۆش لە شوێنی خۆیان وشک ببوون. ئەتوت هەناسەش نادەن. شتێکی نەلواو خەریک بوو لە بەر چاویاندا ئەقەوما. کارێکی نەگونجاو ئەکرا؛ کرا. دەمی پاچەکەی وەهاب، لە سەر خشتی دیواری حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی. چاوانی دایکی وەهاب نەئەترووکان.

ـ ئەم تێغەیە هی هەماری کایە خانئاپۆ، هەماری گەنم ئەوەیانە!

خانئاپۆ لە خۆشی ئەوەی کارەکە کەوتۆتە ڕێ، پاچی لە دەستی وەهاب وەرگرت و بە دوو زەبر تێغەی هەماری گەنمی کون

کرد. جا پاچەکەی دایەوە بە وەهاب و وتی:
ـ بیڕووخێنن! هەر بەو جۆرەی خۆتان خشت لە سەر خشت داتان ناوە، بیڕووخێنن. بکوتن!
پاچەکان کەوتنە کار و پێمەڕەکانیش. خانئاپۆ لە پیاوەکان دوور کەوتەوە. بیمێنێ بۆ دەستەی ژنان ڕاوەستا و ئاوڕی لە باڵەخانەی خورسوفی دایەوە و لە مەدەدی پرسی چ نیشانێک لە بەگمحەمەد ئەبینێ. مەدەد وەڵامی دایەوە:
ـ تا پێچی چەمەکە لێم دیار بوو، بەڵام کە بای دایەوە بۆ ناو نزارەکە لە چاو ون بوو.
خانئاپۆ بە جەختکردنەوە پرسی:
ـ خۆ ئاگات لە ڕێگەی شار هەیە؟
ـ تا ئێستە مێروولەشم لە سەر ڕێگەکە نەبینیوە.
خانئاپۆ لە وەڵامی مەدەددا، بەڵام ڕووی زمانی لە ژنەکان بە تەوسەوە وتی:
ـ ئەوەم لا ڕوونە! چونکە حاجی سوڵتانخورد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەنابەری بەر دەرگای حکوومەت ئەبێ!
دیواری دەربەند داڕووخا و خانئاپۆ گەڕایەوە، بەپەلە چوو بۆ لایان و بە گاڵتە و بە مایەیەکی تەشەرەوە وتی:
ـ ئەمەش ئەمە! هەموو کارێک خراپکردنی ئاسانترە!
دەربەندی هەمارەکە دەمی کردبۆوە و پێنج پیاوی خورسوفی خۆیان لە ناو تۆز و خۆڵەکە ئەکشاندەوە. خانئاپۆ چووە ناو تەپ و دوومانەکە، سەری کرد بە ناو هەمارەکەدا و وەک دیمەنێکی نائاسایی گرتبێتی، پێی نایە ناو هەماری خەلەکەوە. چەند ساتێکی شێنەیی، خانئاپۆ لە بەر چاو و نیگای حەشاماتەکە ون بوو. پاشان بە توێژێکی تۆزەوە کە لە سەر و شان و قژی دەور کڵاوەکەی نیشتبوو، لە دەربەندە داڕووخاوەکە هاتە دەرەوە. ڕوانیە خەڵکەکە و ئەماژەی بۆ ناو هەمارەکە، بە ناباوەڕی و تۆزێکیش بە سەرسووڕمانەوە، وتی:

ـ ئێره! ئێره خۆ پڕه! پڕه له دەخڵ، له هەموو جۆرێکی! هەمارەکان تووناوتوونن. بڕوانه چی دروست کردووه ئەو ماڵکاوله! دەخڵ و زۆر شتی‌تریش! چەندەش مس و تاسی لێیه! کەموون و جۆ و پەموانه و گەنم و دەنکه شووتی و! چووزانم ئێوه خۆتان باشتر ئەزانن چیتان چاندووه! ئاڵوو! ئاڵوو بوخارا! دەی! جا ئەمه هەمار و ئەمەش دانەوێڵەی ناو هەمارەکه.

له حەپەسانی خەڵکەکه هیچ کەم نەبوویەوه. خان‌ئاپۆ تۆزی له سەر و شان و کڵاوەکەی تەکاند. خۆی گەیانده لای گۆڵاوەکه و ڕوانیه خەڵکەکه. پیاوان کشابوونەوه بۆ لای گۆڵاوەکه، ژنەکانیش هەروا له سەر جێی خۆیان بوون. خۆجه له لای مامی وەهابەوه له بن دیوارەکه ڕاوەستابوو. پێڵووی چاوی هێنابوویەوه یەک و دەستەکانی له سەر یەک، له سەر دار-گۆچانەکەی دانابوو و ئەیڕوانیه خان‌ئاپۆ. خان‌ئاپۆ سینەی له تۆز و خۆڵ خاوێن کردەوه و جارێکی دی -ئێره و ئەوێ- ڕوانیه حەشاماتەکه و وتی:

ـ هی خۆتانه، ئەم دانەوێڵەیه هی خۆتانه. مس و تاس و شتومەکی تریش هەر هی خۆتانه. ئەگەر خۆشتان له بارمتەی پێنج مەن گەنم داتان نەنابێ، باوکانی ئێوه ئەو کارەی کردووه. که وا بوو هەموو ئەو شتانەی لەم هەمارانەدایه هی ئێوەیه، هی خۆتانه! دانەوێڵەش هی ئێوەیه. ئێوه چاندووتانه و وەبەرتان هێناوه، یان برا-باوکانی ئێوه ئەو کارەیان کردووه. که وا بوو! دیسانەوەش هەر هی خۆتانه. حاجی سوڵتانخورد مەگەر چەن کەسه؟ مەگەر چەن دەستی هەیه که توانیبێتی ئەو هەموو بەروبوومه کۆ بکاتەوه؟ بۆیه! ئەم بەروبوومه هی خۆتانه. جا هەر کەسه و بەشی خۆی بباتەوه بۆ ماڵەوه، وەرن!! ئا؟ کەسێک شتێکی وت؟!

نەء! ئەندێشەی خاو. ئاو جووڵا، ئاپۆره نەجووڵا. به ڕواڵەت تەنانەت لەوەش مەندتر و وشکتر و حەپەساوتر ئەهاتنه بەرچاو. گێژ و مەنگ بوون و واقیان زیاتر وڕ مابوو و هەموو هەستیان

بە جارێک ببوو بە نیگا. نیگایان ببوو بە یەک و ئەویش وەک پرسیارێکی شاراوە، وەک گوڵمێخێک بەرەو چاوەکانی خانئاپۆ ئاراستە کرابوو.

خانئاپۆ نیگای لە نیگای پۆلی ژنان و دوو پیرەمێرد وەرگێڕا و ڕوانیە ئەو پیاوانەی دەربەندەکەیان ڕووخاندبوو. پیاوەکان پاچ و پێمەڕەیان دانابوو و لای ستێری ئەستێرەکە بەڕیز ڕاوەستابوون. خانئاپۆ هەنگاوی پێش کرد و نەڕاندی:

ــ لەگەڵ ئێوەمە! ئەم دانەوێڵەیە هی خۆتانە. وەرن ببەن و لە ناو خۆتاندا بەشی بکەن!

پیاوەکان سەریان داخرابوو و توانای هیچ وەڵامێکیان نەبوو. خانئاپۆ لەوان دوور کەوتەوە و بەرامبەر دوو پیرەمێردەکە ڕاوەستا. مامی وەهاب چاوی بڕییە خاکەکە و خۆجە بە تەنها چاوەکەی ڕوانیە خانئاپۆ. خانئاپۆ تاوێک لە بەرامبەریاندا ڕاما، پاشان بەزیوی چاوەبڕکێ لەگەڵ پیرەمێرد، سەر و شانی بادا و بەرەو ژنەکان ڕۆیشت و وتی:

ــ دایکانی من، خوشکانی من! ئەم دانەوێڵەیە هی ئێوەیە، بۆ هەروا واقتان وڕ ماوە؟ سەیری کوێ ئەکەن ئێوە؟

حەپەسان و مەندی و خامۆشی نەئەشکا. خانئاپۆ جارێکیتر وەرگەڕا، بە لای شانی چەخماخدا تێپەڕی و پرسی:

ــ ئا؟!

بەس چاوە بیناکەی خۆجە تێی ئەڕوانی. خانئاپۆ هەستی کرد کە وەکوو تاوانبارێکی ڕەبەن، لە بەر چاو و نیگای ساردی دادگادا بەتاق کەوتووە. تاق و بێ ئوقرە و دۆشداماو. هەستی نامۆی بێگانە بوون! لەپڕ هەستکردن بە غەوارەیی. خانئاپۆ هەستی ئەکرد خەریکە لە پێ ئەکەوێ. تاوێک لە چەقی نیگا خامۆشەکاندا ڕاما و پاشان بەر لەوەی هەموو بڕوای خۆی بدۆڕێنێ، بۆ دۆزینەوەی ئاشنایەک بەرەو ژنەکان هەنگاوی نا و بەرامبەری دایکی وەهاب ڕاوەستا. هەوڵی دا خۆی هێور بکاتەوە و دەنگ و ڕەنگی لەسەرخۆ

بێ. تامی وشکی زمان و دەمی قووت دا و وتی:

ـ دایکی من، دایکەکەم! ئاخر ئێوە مەگەر چیتان بە سەر هاتووە؟! پێتان وایە ئێمە بۆ دزی هاتووین؟ واتان زانی ئێمە هاتووین هەمارەکەی سوڵتانخورد تاڵان بکەین؟ گومانتان وابوو ئێمە ئەو دیوارە خاوەن مردووەمان بۆ تاڵانکردن، بۆ تاڵانکردنی خۆمان ڕووخاند؟ نە وەڵڵا، نا! ئێمەی گوڵمحەمەدەدەکان ئاتاجی سەلکە پیازێکی سوڵتانخوردیش نین! ئێمە نەهاتووین ئەو هەمارە ببڕین بۆ خۆمان. هەمار و ئەوەی لە هەماردایە هی ئێوەیە! ئەی بۆ هەروا ڕاوەستاون؟ بۆ بەو جۆرە ڕاوەستاون و زەق زەق لە من ئەڕوانن؟! بۆ نایەنە پێشەوە؟ بۆ نایەن هەقی قوڕبە سەری خۆتان وەربگرنەوە و بیبەنەوە بۆ ماڵەکانی خۆتان؟!

دایکی وەهاب وەڵامی نەدایەوە. خانئاپۆ لە بەردەم ئەودا نەمایەوە. ڕووی وەرگێڕا و هاتەوە بۆ لای دوو پیرەمێرد و بە گومانی ئەوەی کە وەڵامی خۆی ئەبێ لە ڕدێن سپیەکان ببیسێ، لە بەرامبەر ئەواندا ڕاوەستا و چاوی لە تاقە چاوە بیناکەی خۆجە بڕی و گوڕاندی:

ـ دە وەڵامم بەرەوە، لانیکەم تۆ وەڵامم بەرەوە!

خۆجە نە لە وەڵامدا، بەڵکوو بە پرسیار پرسی:

ـ پاشان چی؟

ـ چی پاش چی؟

ـ بەیانی؟ بەیانی کە تۆ لێرە نیت؟ بەیانی کێ وەڵام ئەداتەوە؟

خانئاپۆ هەستی کرد تەوێڵی ئارەقەی کردووە. بەری دەستی بە تووڕەییەوە هێنا بە هەنیەیدا و دیسانەوە ڕووی وەرگێڕا و لە سەر پاژنەی سووڕا. بەڵام دوور نەکەوتەوە. جارێکیتر ئاوڕی دایەوە و وتی:

ـ ئەترسن؟ ئەتەوێ ئەمە بڵێی؟!

ـ بەڵێ، ئەشترسن!

ـ لە کێ؟ لە حاجی سوڵتانخورد؟!

ـ له هەمووان، له حاجی سوڵتانخورد، له تۆ، له خۆیان، له خۆمان!

ـ نابێ، نابێ مامه گیان! ئێمه خۆ مرۆڤخۆر نین. ئەوەتا خۆتان چاوتان لێیه! سوڵتانخوردیش؛ له لایەن سوڵتانخوردیشەوە من بەڵێنتان پێ ئەدەم نەوێرێ دەس له کەس بەرز بکاتەوە. من ئامادەم هەر لێره سوێندتان بۆ بخۆم. له خۆتان، ئەگەر له خۆشتان ئەترسن! ئەگەر لەوە ئەترسن یەکدی ببینن و یەکدی بناسن، دەی باشه، ڕێگەیەکی بۆ ئەدۆزینەوە. بۆ ئەمکاره فەرمان ئەدەم خەڵکەکه به جامانه یان هەوری سەروچاوی خۆیان هەڵبەستن، بێن بەشی خۆیان ببەن و بڕۆن. دەی! ئەڵێی چی؟ ئەمه چۆن ڕێگەیەکه؟ یەکدیتان نەناسیوە و بەشی خۆشتان هەڵگرتووه و بردووتانەتەوە ماڵەوە، باشه؟ ئیتر گرفتی کارەکه له چیدایه؟!

خۆجه تەوسخەندێکی کرد و وتی:

ـ ماڵەکانمان، ماڵەکانمان! باشه! گریمان خەلەمان بردەوە بۆ ماڵەوە! ئەی ماڵەکانمان ببەین بۆ کوێ؟!

خانئاپۆ وەکوو ئەسپ لەقەی کوتا به زەویدا، دەستەکانی له حەوادا کرد به مست و نەڕاندی:

ـ ئەمه ئیتر بڕوبیانووە، بیانووی پڕوپووچه! درۆ ئەکەن، درۆ! هەر کامەتان سەد کون و قوژبنتان هەیه. کێ ئەتوانێ ماڵەکانی هەر هەمووتان یەکه یەکه بگەڕێ؟ ئەتوانن له بن خاک بیانشارنەوە، وەکوو ساڵەکانی جەنگ! هەزار ڕێگه ئەزانن، هەزار فێڵ و گزی شارەزان، بەڵام ئەترسن و درۆ ئەکەن. ترس و درۆ! دڵ له ناو ئەو سینانەی ئێوەدا نییه! ئەترسن، ئەترسن و وەکوو بزن ترسەنۆکن!

پیرەمێرد وتی:

ـ ئەترسم، بەڵێ ئەترسم. له هەموو کەس و هەموو شت ئەترسین، له یەکدی ئەترسین، له خۆمان ئەترسین. له حاجی سوڵتانخورد ئەترسین، له ماڵەکانمان ئەترسین، له ئێوە

ئەترسین، لە جەندەرمە ئەترسین، لە دار و دیوار و لە بای بیابانیش ئەترسین! ترس وا لە دڵماندا و ئەترسین ئاپۆ گیان!

خانئاپۆ هەڵچوو و لە ڕقا ددانی لە چیرەوە هێنا و لەگەڵ دەنگی چیرڕبوونەوەی ددانەکانیشیدا وەک شتێک بە جنێوەوە وتی:

ــ درۆش ئەکەن، درۆ!

پیرەمێرد وتی:

ــ بەڵێ درۆیش ئەکەین، درۆ!

خانئاپۆ جارێکی دی لەقەی لە زەوی کوتا و مستەکۆڵەی لە بەری دەستی خۆی دا، هەنگاوێک چووە دواوە و بە شێوەیەک کە زاڵ بێ بە سەر هەر سێ لاکەدا کە خەڵکی خورسوفی لێوەستابوو، چووە سەر بەرزایی دیواری ئەستێرەکە. خانئاپۆ جارێکی دی هاتبوویەوە بە خۆیدا و -باشترە بوترێ- خۆی دۆزیبوویەوە. ئێستە هەستی بە ناچاریی و داماویی نەئەکرد. کارەکە یەک لایەنە کرابوویەوە و ڕێگەی کرداری ئەویش ڕوون ببوویەوە. تێگەیشتبوو جەماوەر چییان ئەوێ و چییان ناوێ. بۆی دەرکەوتبوو چین و چۆن خۆیان پیشان ئەدەن. ئەوسا لێبڕاو و ڕاشکاو وتی:

ــ ئەتانناسم، وەکوو کەسی نزیکی خۆم ئەتانناسم. ترسەنۆک، درۆزن و دزن. خاپینۆکن و ئەتانەوێ لە شوێنێک بخەون ئاو نەچێتە ژێرتان. ئەتانوەێ لە ئاو بدەن و ناڵتان تەڕ نەبێ. ئەتانەوێ بکەون بە سەر شتی مفتەدا و هەڵیلووشن. ناتانەوێ لە خۆتان دەسمایە دابنێن. بەس بیر لە بەرژەوەندی خۆتان ئەکەنەوە؛ بۆیەشە هەمیشەی خوا زەرەد ئەکەن! ئەزانم، ئەبینم و ئەزانم، لە ڕۆژی خواش لەلام ڕوونترە ئەتانەوێ لە ئاو بدەن و ناڵتان تەڕ نەبێ! ئێستە کە وایە من فەرمانتان پێ ئەدەم! بە بڕیاری من ئەبێ هەر هەمووتان لەو هەمارە، فەردەکانی خەڵە و دانەوێڵە -هەر هەموو فەردەکان- یەکە یەکە بهێننە دەرەوە.

هەموو فەردە و شەڵتە و خەرار بهێننە دەرەوە و بە کۆڵ بیبەن بۆ لای ئاشەکە. ئێوە شیاوی زەبر و زەنگن، شیاوی زەبر و زەنگ! یاڵڵا، ژن و پیاو. هەر ئێستە، یاڵڵا!

خانئاپۆ لەغاوی ئەسپەکانی لە دەست چەخماخ و توغرول وەرگرت و وتی:

ــ یارمەتیان بدەن، ئێوەش یارمەتیان بدەن! ئەمەوێ هەمارەکە بەتاڵ بکرێ، بەتاڵی بەتاڵ!

چەخماخ و توغرول پیاوەکانیان بەرەو هەمار خستە ڕێ و خانئاپۆ ڕووی دەمی لە ژنەکان کە بەرەو هەمار ئەچوون، وتی:

ــ غار دەن! هەر کەس بە پێی توانای! ئێوە بۆ کۆیلەتی باشن. خوا ئێوەی بۆ ئەو کارە دروست کردووە، یاڵڵا!

پیاوان لە ناو هەمارەکە لە چاو ون بوون و ژنەکانیش بەڕیز بەرەو دەربەندە شکاوەکە ئەرۆیشتن تا بە هەرەوەز فەردەکانی دانەوێڵە لە هەمار بهێننە دەرەوە. خانئاپۆ دەسکەوساری ئەسپەکانی لە پشتەوە ڕاگرتبوو و لە ڕەفتاری حەشاماتەکەی ئەڕوانی. خۆیشی نەی ئەزانی چ هەست و نەستێکی ئەبێ. ئەوەی لەم ساتە و لە ئەندێشەی خۆیدا ئەیدی بەس ستار بوو و یادی ستار:

ــ «بڕۆ پینەچیەتی خۆت بکە پیاوی ساویلکە! تۆ کەی سەر لە کاری ئەم خەڵکە دەرئەکەی؟!»

دەستەی یەکەم بە شەڵتەی دانەوێڵەوە لە دەربەندە شکاو هاتنە دەرەوە و تێڕ و هۆڕیان لای دیوارەکە ڕیز کرد و چوونەوە ژوورەوە. خانئاپۆ بەردەوام لە کرداری خەڵکەکەی ئەنواری و لە کرداری خۆیشی:

ــ «سواری بدە، سواری بدە، سواری بدە! ئەوەندە سواری بدە تا سینەت ئەتەقێ! منیش وەکوو تۆم ئەگەر لە سەر ملت سوار نەبم!»

ژن و پیاو لە کاردا بوون. خرابوونە بەر کار. ئەوان بە گوێرەی

ڕۆژانی دروێنە و خەرمان، بەس تۆزێک توندتر کاریان ئەکرد. بەس ئاغەکەیان گۆڕابوو و گزیرێکی ڕووترشاوتر بە سەریانەوە دانرابوو. دوو بە دوو تێڕە گەنمیان ئەهێنایە دەرەوە. لای تێڕەکانیترەوە دایانئەنا و ئەگەڕانەوە بۆ ناو هەمارەکە بۆ ئەوەی فەردەیتر بهێننە دەرەوە. لە سەر ڕێگەی کار و هاتوچۆیاندا، وەڵامی گزیرە تازەکەی خۆیان ئەدایەوە:

ــ «ئەوەندەی نەماوە خان!»

ــ «کارێکی نییە سەردار، بەر لە خۆراوا تەواو ئەبێ!»

خانئاپۆ وەهابی بانگ کرد. دایکی وەهاب دەستی لە کار هەڵگرت و بەرەو خانئاپۆ هات و وەستا. خانئاپۆ ساتێک لە ناوچەوانی ژنەی ڕوانی و پرسی:

ــ ئەو پیرەمێردە کێیە؟

ژنە وەڵامی دایەوە:

ــ خۆجە، بە خۆجە بانگی ئەکەن!

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەوە ئەزانم. بەڵام شتێکیتر! لەو بیرەدام کە ئەو کابرا ئەگەر ملی بە سوڵتانخورد بدایەت، نە ئەبوا لە ناو گوند بمێنێتەوە. یان ئەبوا لەگەڵی بڕۆیشتایەت، یان لانیکەم لە خورسوف دەربچوایەت. بەڵام لە ناو گوندیش ماوەتەوە و دەرگاشیان لە سەری دانەخستووە. ئەوەتا وەڵامی منیش بەو جۆرە ئەداتەوە! چۆن پیاوێکە؟ من سەرم لێی سووڕماوە!

دایکی وەهاب وتی:

ــ ئەو هیچکات ملی بۆ سوڵتانخورد دانەنەواندووە هیچ، بەڵکوو دوژمنی خوێنەخۆریشن.

ــ ئەی بۆ ئەوەندە بە ڕەقی وەڵامی منی ئەدایەوە؟

دایک لە وەڵامدا وتی:

ــ هەق بوو قسەکانی، ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە ئەو وتی!

خانئاپۆ بێدەنگ بوو و دایکی وەهاب، بەر لەوەی بگەڕێتەوە

بۆ سەر کار پرسی:

ـ ئەم دانەوێڵەیە چی لێ ئەکەی؟!

خانئاپۆ بە بێ گوێدان بەو نیگەرانیە شاراوەی لە پرسیاری ژنەدا هەبوو، بێدەنگی شکاند و هاواری کرد:

ـ تێر و خەرار ئەبەین بۆ ئاش! هەر کەس چوارپێی هەیە بیهێنێ و بارکات، خەلە ئەبێ ببرێ بۆ ئاش!

ـ ئەتەوێ چی لەم دانەوێڵەیە بکەی، خان؟!

ـ زۆری ماوە؟!

ـ نەخێر خان. تێڕ و خەرار تەواو بووە، ماوەتەوە کەنووەکان.

خانئاپۆ وتی:

ـ بارکەن بەرەو ئاش، یاڵڵا!

لە چوارپێ ئەوەی لە خورسوف مابوویەوە هێنرا. چەند کەر و پاڵانیەک. سەرجەم لە دە سەر کەمتر بوون! ڕووت و کورتان لەبەر. فەردەی خەلە بە هەرەوەز لە سەر پشتی چوارپێ بارکرا. هۆڕێک لە سەر چاڵی پشتی هەر چوارپێیەکی ڕووت و تێڕێکیش لە سەر پشتی چوارپێی کورتاندار. ئەوانەش کە بۆیان ئەکرا هەر کامە و فەردەیەکی بچووکی دا بە کۆڵیدا و لەگەڵ چوارپێکان کەوتنە ڕێ. ئەوانەش کە توانای هەڵگرتنی جەواڵ و هۆڕیان نەبوو، توورەکەیەک، چارشێوێک یان مەنجەڵ و قاپێکی نابوو بە سەرەوە و بەرەو ئاش ببوونەوە.

کار وەڕێ کەوتبوو و خورسوف لە ڕۆژانی کۆتایی دەشت و خەرمان ئەچوو. بەڵام ئەمجارەیان، بە پێچەوانە بوو. چوارپێ و جووتیار نە لە دەشتەوە بۆ خورسوف، بەڵکوو لە خورسوفەوە بەرەو دەرەوەی ئاوایی کێشەیان ئەکرد. بۆیە ئەو شێوازەی ڕەخسابوو لە هیچ بارودۆخێکی ئاسایی نەئەچوو. بەڵکوو تازە و نامۆ بوو. ژن و پیاوی خورسوفی -ئەو بەشەی کە مابوویەوە و خرابوویە بەر کار- لە هەمانکاتدا کە بەو کارەوە بۆیان داتاشیبوون خەریک ببوون، لە هەناوی خۆیاندا لەو شێوەکارییەی لە خورسوف وەڕێ

کەوتبوو سەریان سوورِمابوو. ئەو کارەی کە شێوەکاری و ڕواڵەتی شانۆییەکەی لە خودی دیاردەکە زەقتر و ئاشکراتر بوو.

خانئاپۆی سەردار بێگومان نەی ئەویست ئەو دانەوێڵەیە تالاَن بکات. لە ناوبردنی خەلەش پێویستی بەو هەموو خۆ ماندووکردنە نەبوو. ئەیتوانی هەر لەوێ بیسووتێنێ یان بیکاتە ناو ئەستێرەکە. ئەوە لە خەڵکی خورسوف مسۆگەر بوو کە خانی کەلمیشی نیازی ئەوەیە دانەوێڵەی هەماری سوڵتانخورد لە ناو بەرێ و بیفەوتێنێ. بەلاَم لە واتای ئەم بێگارییەی خۆیان تێ نەئەگەیشتن. مەگەر ئەوەی کە خانئاپۆ بە ڕەتاندن و ماندووکردنی ئەوان تووڕەییەکەی دابمرکێنێتەوە و سوکنایی بێت.

ــ ئەی چۆن، ئەوەش پاداشتی ترسەنۆکیەکەی ئێمەیە!

خانئاپۆ لە سەر ئەسپە چوارهەنگڵە کوێتەکەی دانیشتبوو، سمی ئەسپی لەگەڵ سمی هێسری جڵەوکێش، ئارام و بەکاوەخۆ داژووت. کاروانی بارکێشان گەیشتبوویە هەورازی نەرمی بەرزە کۆلاَن. خانئاپۆ جارجارە ئاوڕێکی ئەدایەوە و خەڵک و چوارپێکانی سەیر ئەکرد و نەک بە هەستێکی ئاسوودە و ڕەزامەند، بەڵکوو شەمزاو و غەزریو درێژەی بە ڕێ ئەدا. عەلی چەخماخ لای دەربەندەکەی هەماری سوڵتانخورد بۆ چاودێری کردن مابوویەوە. مەدەد هەروا لە سەربان بوو و توغرولیش لەگەڵ...

بێدەنگی کاروانی کێشە، هەرای مەدەد لە سەربانی ماڵی سوڵتانخوردەوە و لەگەڵیدا سمکوتی ئەسپەکەی بەگمحەمەد تێکی دا. بەگمحەمەد لە لای خوارەوە، بەرەو خورسوف دابوویە غار و یەکسەر هاتبوو بۆ مەیدانی گۆلاوەکە و ئەوا شان بە شانی کاروانەکە داژووت تا خۆی بگەیەنێتەوە بە خانئاپۆی، کە چاوەڕێی ئەو، لای دیوارەکە ڕایگرتبوو.

پسپۆڕی هاوتەرکی بەگمحەمەد لە پشت ئەسپەکە دابەزیبوو و چەخماخ بانگی کردبوو بۆ بارکێشان. بە دوای ئەسپەکەی بەگمحەمەدەوە، زاواکەی خورسوفی لە هەر هەنگاوێکیدا

سەرسمی ئەدا و دیسانەوەش پەلکێش ئەکرا. زاوای خورسوفی بە گوریس بەسترابوویەوە و سەری گوریسەکە لە پاشکۆی زینی ئەسپەکەی بەگمحەمەد گرێ درابوو. کابرا شکاو و شەکەت و شێواو بوو. خلّتانی عارەقە و تۆز و خۆڵ. بێهێز و بێدەسەڵات بە دوای ئەسپەکەدا سەرگەردان بوو و بە گوێرەی خاوی یان خێرایی هەنگاوی ئەسپەکە، هەنگاوەکانی توند و خاو ئەبوونەوە. بەڵام لە هەموو دارەتێکدا وا پێ ئەچوو چاوەکانی شوێن و کەسان بە ڕۆشنی نابینێ. پێ پەتی و بێ کڵاو بوو و بە هۆی پەلکێش کرانی بە دوای ئەسپەکەدا و هەڵخە و داخەی ڕێگەکە، ڕواڵەتی شێتانی پەیدا کردبوو.

خانئاپۆ بار و بارکێشانی بۆ توغرول بەجێ هێشت و خۆی چوو بە پیری بەگمحەمەدەوە. بەگمحەمەد لە بەردەم مامی لەغاوی کێشایەوە و عارەقەی تەوێڵ و دەور ملی سڕییەوە. خانئاپۆ لە زاواکەی خورسوفی مۆڕ بوویەوە و بە ناو بانگی کرد:

ــ تاهیر!

تاهیر سەری هەڵێنا و ڕوانیە خانئاپۆ. سەری قورس بوو و نیگای بە دژواری ئۆقرەی ئەگرت. بەڵام چارەی نەبوو جگە لەوەی بڕوانێت و گوێ ڕابگرێت. سەرەڕای ئەو هەموو تەکان و شەکانەی بە دوای ئەسپەکەدا پێی درابوو، هێشتاش ئەوەندەی ئاوەز لە بەردا مابوو کە بزانێ لە بەر سینەی ئەسپەکەی خانئاپۆی کەلمیشی و لە بەرامبەر چاوەکانی ئەودا ڕاوەستاوە.

خانئاپۆ بۆ گرتنی گوریسەکە دەستی ڕاکێشا. بەگمحەمەد سەری گوریسەکەی لە پاشکۆی زینی ئەسپەکەی کردەوە و دای بە خانئاپۆی. خانئاپۆ شۆپی بارکێشەکانی پیشانی بەگمحەمەد دا و وتی بە کارەکان ڕابگات. بەگمحەمەد زەنگۆی ڕاوەشاند و خانئاپۆ بە دوایدا هاواری کرد و وتی:

ــ بارەکان بەڕێز لە سەر جۆگەکە دابنێن!

تاهیر ئەوا لەگەڵ خانئاپۆ بەرەو ئاشەکە ئەرۆیشت. هەروا

گوریس پێچ و وەک لەیستۆکێک وابوو دارەدارە و سەرەتاتکێ ئەکات. لە کۆڵانەوە کردیانە پانتایی دەشتەکە. خەڵکی گەیشتبوونە سەر جۆگەکە، بارەکانیان دانابوو و یەکە یەکە ئەگەڕانەوە. خانئاپۆ بە قەراخ جۆگەکەدا بەرەو ئاشەکە ئاژووت. نزیک دەرگای ئاشەکە دابەزی و تاهیری لە ڕێبازی بارکێشانەکەدا ڕاگرت. قوڕقوڕاچکەی گرت و بەو لێو و ددانەی کە نەفرەتی لێ ئەباری، لە چاوە گێژ و وڕەکەی تاهیردا نەڕاندی:

ــ هەر لێرە بتکوژم، یان لێت بگەڕێم خۆت دیق بکەیت و دڵت بتۆقێت؟

تووڕەییەکەی خانئاپۆ وەڵامی نەبوو و تاهیریش توانای وەڵامدانەوەی نەبوو. بۆیە لەبری وەڵام، سەر و ملی بە لایەکدا خوارکرد و چاوی داخست. خانئاپۆیش بە هەمان غەزراوی و تووڕەییەوە گوریسەکەی ڕاکێشا، جارێکی دی تاهیری خستەوە ڕێ و وتی:

ــ ترسنۆکانە، ترسنۆکانەی خوێڕیانە! هەزار کوژی بێ دەمار! هەمووتان گوویەکن! شێرمشکن ئێوە. هەمووتان، هەمووتانم لە مەحەک داوە، ئەتانناسم! چەندە لێتان بێزارم هیچوپووچانە. چەندە لە بینینتان ڕقم هەڵئەسێ!! جا تۆ بە من بڵێ، بڵێ ئەمە داب و نەریتی چ نەتەوەیەکە میوان بانگ بکات و دەرگای ماڵەکەی قەپات بکات و وەک ڕێوی بۆی دەربچێ؟ لە کوێ بینیوتە لە لایەکەوە میوان بانگ بکەن و لە لایەکیشەوە خۆیان هەڵبێن و بچن لە مەشهەد ببن بە پەنابەر؟ وەک تۆ، وەک خەزووری تۆ، وەک ئێوە! ها؟! ئاخر تۆ؟ بۆ خەڵکتان لە ماڵە خۆیان حەپس کردووە؟ بۆ دەرگای ماڵانتان لە خەڵکی داخستووە. ها؟ ئەمکارانە، ئەم فێڵبازیانە بۆچی؟! کە ئێمە بخەنە تەنگژەوە؟ کە ئێمە تووڕە بکەن؟ باشە، چ سوودێکی هەیە بۆتان؟! ئەوەتا ئەنجامەکەی خۆت ئەیبینی! ئەیبینی؟ خەلەی هەمارەکانی خەزوورت ئەبینی؟ ئەو جەوالانەی لە سەر ستێری جۆگەکە ڕیز کراوە ئەبینی؟

ئەو خەڵە نازەنینەی کە تاوێکیتر ئەبێ بە دووکەڵ و ئەچێ بە حەوادا؟ ئەبێ بە ئاو و ڕۆ ئەچێ بە زەویدا! بەرەنجامەکەی ئەمەیە. بەرەنجامی ڕێوی بازییەکانی حاجی سوڵتانخورد! گزی و فێڵەبازی، زۆری هات و نەهاتی هەیە!

ــ چی لە خەڵەکە ئەکەی خانئاپۆ؟!

تاهیر ڕووی لە ڕیزی فەردەکان وەرگێڕا و نیگای گێژ و داماوی لە خانئاپۆ بڕیبوو. خانئاپۆ تاهیری بۆ لای ئاشەکە ڕاکێشا و وتی:

ــ حاجی سوڵتانخورد ئەبێ بەهایەکی قورس بدات لە پێناوی ناجوامێریەکەیدا، بەهایەکی زۆر گران!

تاهیر وەک هیچی لە خانئاپۆ نەبیستبێ، وتیەوە:

ــ دانەوێڵەکە! خۆ ناتەوێ بیانفەوتێنی خانئاپۆ؟! خانئاپۆ، بە ڕاستی! خەڵەکان! خانئاپۆ!

لەبەر دەرگای ئاشەکە، خانئاپۆ دەسکەوساری لە قوڵفەی سەر دەرگاکە هەڵپێکا. تفەنگەکەی لە شانی داخزاند و تاهیری بە لێژایی دالانی ئاسیاوەکەدا پاڵ پێوە نا. دەرگای هەر دوو گەوڕەکەی بەرامبەر بەیەک کە ئەکرانەوە بۆ دالانەکە، سەیر کرد و یەکسەر بەرەو هەشتی بارەندازی ئاشەکە کەوتە ڕێ و تاهیری لە بن تیرێژی کونەڕۆچنی گومەزی بنمیچەکەدا ڕاگرت.

تاهیر جارێکی دی واقی وڕمابوو و لە خانئاپۆی ئەڕوانی کە گوریسەکەی بە دەستەوە بوو. خانئاپۆ لە سەر لێواری سەکۆکە هەڵترووشکا و گوریسەکەی بە نەرمی ڕاوەشاند و ئەماژەی بە قووڵایی گەرووی ئاشەکە، بە تاهیری وت:

ــ ئاشەوانەکەشیان لە ئێمە ترساندووە و وایان لێکردووە هەڵێ. ئەوەتا بەردەکانیش بە بەتاڵی ئەگەڕێن. بەتاڵ و حەتاڵ!! ئەی! بێویژدانانە، بێ بەزەییانە! کاتێکە ئێوە دوژمنایەتی لەگەڵ کەسێک ئەکەن ئیتر پێبەندی هیچ جۆرە چاکە و خراپەیەک نین، ئەدەن لە ڕیشەی.

خانئاپۆ بێ ئوقرە ڕابوو و تاهیری بە دوای خۆیدا بەرەو هارە

گەڕۆکەکانی ئاشەکە ڕاکێش ئەکرد:

ــ ئاخر ئەم بەردانە ئەگەر هەروا بە بەتاڵی بگەڕێن، تا شەو یەکدی ئەخۆن، هیچیان لێ نامێنێتەوە! ئێوە ئیتر چ جۆرە جانەوەرێکن، چ جۆر؟!! باشە بۆچی؟ بۆ ئەوەی حاجی سوڵتانخورد نایەوێ کچ بدات بە کەلمیشیەکان. ئەرێ؟! بەس لە بەر ئەمە؟!! نەء. بەڵام نەء! بەس لە بەر ئەوە نییە، نەخێر! لە بن ئەم ڕووکەشەوە من بۆنی هەندێ شتی تریش ئەکەم. جا!...

خانئاپۆ لەپڕ ڕووبەڕووی تاهیر وەستا. خاچ لە چاوەکانی زەق بوویەوە و وتی:

ــ جا لە تۆم ئەوێ پێمی بڵێی! لە تۆم ئەوێ سەروبنی ئەم فێڵەبازییەم پێ پیشان بدەی! خۆ تێم ئەگەی چی ئەڵێم، خۆ قسەکانم ئەبیسی؟! ئەمەوێ بزانم ئەم فێل و پیلانە لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێ؟ ئەمەوێ بزانم پەنجەی کێ لەم یارییەدا لە کاردایە؟ ئەزانم ئەوەندە مێشکت کار ئەکات کە بزانی من چیم ئەوێ!

تاهیر لاڵ بوو و خۆی گێژتریش پیشان ئەدا. خانئاپۆ دەرفەتی ڕاوەستانی نەبوو. چڕنووکی لە قۆڵی دا و بەرەو بەرداشی گەڕۆک بردی و بەرز و بەگوڕ وتی:

ــ دیارە ئەوەش ئەزانی کە مرۆڤ کوشتن تەنها یەکەمجارەکەی دژوارە. بەڵام کاتێکە ئادەمیزادت کوشت و بۆت دەرکەوت دیسانەوەش ناچاری هیتر بکوژی، ئەوسا ئیتر هیچ سەخت نییە. ڕاستیەکەی پاش یەکەمجار ئیتر زۆر ئاسان ئەبێ. چونکە مرۆڤ کوشتن بۆت ئەبێ بە کارێک. ڕاستیەکەی من پێشتریش مرۆڤم زۆر کوشتووە. جا تۆش خۆت ئەزانی! ئەوەیان بە دەس خۆتە کە بتەوێ بە دەستی من بکوژرێی یان نەکوژرێی. جا ئەگەر ناتەوێ ببی بە بکوژی خۆت، ئەبێ ڕازی ئەم پیلانە بۆ من ئاشکرا بکەی. خۆ تێم ئەگەی؟!

لەبەر پێی خانئاپۆ و لە بەر نیگای تاهیری خورسوفیدا،

بەرد لە سەر بەرد ئەسووڕا. تاهیر هەروا خامۆش بوو و خانئاپۆ لە ناو زایەڵەی لێک هاڕانی بەرداش لە سەر بەرداش، بە دەنگی بەرز وتی:

ــ تێم ئەگەی؟! ئەمەوێ بزانم ئێوە چ جۆرە داوێکتان بۆ ئێمە ناوەتەوە؟ کەللەی کەڵانتەرەکانتان چی تێدایە و ئەم ڕێوی بازیانە واتای چییە؟!

لە ناو زایەڵەی خڕەخڕی بەردەکاندا، تاهیر وتی:

ــ نازانم، نازانم!

دەنگی هێواش و لەرزۆکی تاهیر، خانئاپۆ نەی بیست؛ لە بەر ئەوەی کە زاوای حاجی سوڵتانخورد زەبرێکی لە سەر دەماری ملی هەست پێکرد. سەری لە گێژەوە هات. سەرسمی دا و تا ویستی خۆی بگرێتەوە، هەستی کرد کەوتۆتە سەر بەرداشە گەڕۆکەکە و خەریکە ئەخولێتەوە. خولانەوەیەکی یەکباو لە ڕوانگەی دیوار و گومەز و زۆرخاخی ئاشەکەدا کە ئەوانیش کەوتبوونە سووڕان. خانئاپۆی کەلمیشی وەکوو سێبەرێکی گەڕۆک ئەبینی، چونکە دڵی لە سینەیدا، مێشکی لە کاژەرەیدا، جەرگ و ڕیخۆڵەی لە ورگیدا و خۆی لە زەوی و حەوادا کەوتبوویە سووڕان و بە خۆڕسک چڕنووکی لە بەردەکە گیر دابوو و ئەیوت -یان خۆی پێی وابوو- ئەڵێ:

ــ «ئەمرم! ئەمرم!»

دەنگی بانگی خانئاپۆی -ئەگەر خانئاپۆ شتێکی بوتایەت- بە بێ ئەوەی توانای تێگەیشتنی وشەکانی هەبێ، ئەبیست. چونکە لە هاوارەکەی خانئاپۆ، جگە لە لافاوێک بەرگوێی تاهیر نەئەکەوت. بەڵام لەو دارەتەی تاهیری تێدا بوو، خانئاپۆ چی لەگەڵ بوتایەت؟ ڕەنگە جنێو، جنێو و دژمێن! بەڵام ئیدی دەرفەتی بیرکردنەوەش نەبوو. گێژی و دڵ تێکەڵاتن. ڕشانەوە. نەعرەتەی ئەو ڕیخۆڵانەی خەریک بوو لە گەرووییەوە ئەهاتنە دەرەوە. لاوازیی، سستی، بێهۆشی و هەستی مەرگ.

سەرخۆشێکی ناس خواردوو، سەری نایەوە لە سەر بەرداشەکە بەڵکوو مردن فریای کەوێ!

خانئاپۆ بەرداشەکەی ڕاگرت. سووڕانی بەردەکە خاو بوویەوە، ئارام بوو و لە کۆتاییدا لە بن دەستی خانئاپۆدا خامۆش بوو و ڕاوەستا. خانئاپۆ دەستی لە سەر لێواری بەردەکە، دانەوییەوە بە سەر تاهیردا، سەری بردە بن گوێی و نەڕاندی:

ــ چی بکەم؟! دەم هەڵئەپچڕی یان بیخەمەوە ڕێ؟!

تاهیر نیوەگیان ببوو. ئەگەریش ئەیویست شتێک بڵێ، نەی ئەتوانی. خانئاپۆ چنگی کرد بە پۆپەی کابرادا، سەری لە سەر بەرداشەکە بەرزکردەوە، سەری وەرسووڕاند و لە چڕ و چاویدا نەڕاندی:

ــ ها؟!

تاهیر بە دژواری و بە ناچاری چاوی هەڵێنا و بەس وتی:

ــ ئاو!

خانئاپۆ لە سەر بەرداشەکە کێشایە ئەملاوە و لە سەر سەکۆکە داینا. ئەمەش جەڕەی ئاوی ئاشەوان. تاهیر بەڵام نەیتوانی ئاو بخواتەوە. ئاوی جەڕەکە خانئاپۆ کردی بە سەروبەچکی تاهیردا و لە بەرامبەریدا ڕاوەستا. بێدەنگی. بێدەنگی لە ناو ئاشەکە، لەپڕ و سەرسووڕهێنەر بوو. پاشماوی زایەڵەی دەنگی بەردەکە، کیرەی بەرد لە سەر بەرد، ئەتوت لە توانای بیستن بەدەرە. خانئاپۆ پەلکی لووتی بە سەری پەنجە گرت و بەهێز هەناسەی دایە دەرەوە و ئەو پەردە بایەی لە ناو گوێیدا بوو دڕاندی و بە لێژایی دالانەکەدا سەرکەوت. لای دەرگای ئاشەکە ڕاوەستا و تاوێک ڕوانیە ئەوەی لە دەرەوە لە ئارادا بوو. کاروانی بارکێشان سەری لە بەرزە کۆڵانەوە دەرهێنابوو و بەرەو جۆگەی ئاوبارەی ئاشەکە ئەهات. خانئاپۆ گەڕایەوە و لە بارەندازی ئاشەکە، بەرامبەر تاهیر ڕاوەستا. دەستی دایە بن چەناگەی، سەری بەرز کردەوە و لێی پرسیەوە:

ــ دەی، بڵێ بزانم!

تاهیر بێهوودە هەوڵی ئەدا بە سەر هێڵنج دانی لەپەسای ڕیخۆڵەکانیدا زاڵ ببێ. بۆیە دەور دەمی سڕییەوە و بە دژواریی وتی:

ــ ئالاجاقی، سەردار. پەنجەی ئالاجاقی. لە هەموو شتێکدا بە دوای جێ پەنجەی ئالاجاقیدا بگەڕێ. لە هەموو کارەکاندا. خەریکن لە ڕیشەی سەرۆکی جەندەرمەەش ئەدەن. خەریکن پیلان بۆ ئێوەش ساز ئەکەن. بڕۆن! بۆ ماوەیەک لەم مەڵبەندە بڕۆن. خەریکن دەورتان ئەگرن. ئەیانەوێ تەنگتان پێ هەڵچنن. ئەیانەوێ لەوەش زیاتر تەنگتان پێ هەڵچنن! خانئاپۆ، خانئاپۆ خەلەکە لە ناو مەبە! خەلەکە مەفەوتێنە! مەکە!

لەوە زیاتر تاهیر نەیتوانی قسە بکات. بڕاو و لاواز پانیەی سەری نا بە فەردەی ئاردەکەوە، پێڵوەکانی بەست و ئەتوت هەناسەی لە بەر بڕا. خانئاپۆ گوریسەکەی کردەوە، تاوێک لە بەرامبەر ڕوخساری لاوازیدا ڕاوەستا. پاشان ڕووی وەرگێڕا و هەورازی ناودالانەکەی بڕی. بەڵام دەنگی لەرزۆکی زاوای سوڵتانخورد، لە ناو دەرگای ئاشەکە ڕایگرت:

ــ خەلەکان! خەلەکان مەفەوتێنە خانئاپۆ!

خانئاپۆ پێی نایە دەرەوە و لای دەرگای ئاشەکە وەستا. جارێکی دی یاری هەور و هەتاو. سێبەری تێپەڕی هەورەکان لە سەر پانتایی دەشت و دەرگاوبانی خورسوف. خانئاپۆ بە لای کەڵۆتی ئەسپەکەیدا تێپەڕی. لە بن تەنوورەی ئاشەکەوە سەرکەوت و چووە سەر ستێری جۆگەکە و کەوتە سەیرکردن.

کاری کێشە وا پێ ئەچوو کۆتایی هاتبوو. خەڵکی خورسوف لە خوار جۆگەکە، لە بن ستێرەکە وەستابوون. چوارپێکان بەرەڵڵا کرابوون. پیاوان لەگەڵ مەدەد، توغرول و چەخماخ دەرەلنگیان هەڵکردبوو و لە ناو جۆگەکەدا لە کاردا بوون. لە بەر چاوی خەڵکەکە بەگمحەمەد دابووی لە سەری. تیغی خەنجەرەکەی

ئەدرەوشایەوە و تیڕ و خەراری خەڵەی لەمبەر و ئەوبەری جۆگەکە هەڵئەدڕی. بەگمحەمەد لە بەردەم سێ پیاوەکەوە لە ناو جۆگەکەدا ئەسووڕا و تیڕی ئەدڕی و سێ پیاوەکەش بە دوایدا فەردەکانیان قلّم ئەکردەوە بۆ ناو ئاوەکە و ئەهاتنە بەرەوە. دانەویڵە لە ناو ئاوەکەدا تێکەڵ ئەبوون. بەشێکی گوشاری ئاو ئەیبرد بۆ ناو تەنووری ئاشەکە و بەشێکی لە بن جۆگەکەدا ئەنیشت و ئەمە دەرووی تەنوورەی ئاشەکەی داخستبوو. ئاوی تەنوورەی ئاشەکە گەڕابوویەوە و ئاوی جۆگەکە سەرڕێڕ ببوو و بە سینەی ستێرەکەدا سەرکەوتبوو و بەرەو دەرەوەی جۆگەکە و بە لاڕێدا کەوتبوویە ڕێ. ئاو لە لایەکەوە بەرەو بەیار و لە لایەکی تریشەوە لە سەر ڕێی پەچەی ڕان بە خەسار ئەچوو.

«خەڵەکان مەفەوتێنە، خانئاپۆ!»

خەڵە فەوتێنرابوو و ئەمە جێبەجێکردنی فەرمانی خانئاپۆ بوو. هەرچەند بەگمحەمەد هەندێ پەلەی کردبوو و لەو دۆخەدا کە ئەوی تیابوو، نەئەکرا ڕێگەی لێ بگیرێ و تازە درەنگیش ببوو. کار لە کار ترازابوو و هیچیش نەئەکرا. زیرە و جۆ و گەنم و هەرزن و گارس تێکەڵ ببوو و ئەمەش خواست و ویستی خودی خانئاپۆ بوو. خانئاپۆ بۆ خۆی جگە لەوە بیرێکی لە سەردا نەبوو. ئەو ویستبووی وابکرێ و پیاوەکانی وایان کردبوو. وایان ئەکرد. بەڵام ئێستە، ئێستە کە ئەیبینی فەردەی دانەویڵەی جۆراوجۆر بەو جۆرە هەڵئەڕژێتە ناو جۆگەکە، دڕدۆنگی دایگرتبوو و نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات. ڕاستەکەی ئەوە بوو نەی ئەزانی ئەبێ بیر لە چی بکاتەوە!

بەستێنی ئاوەکە دەم بە دەم زیاتر پڕ ئەبوو لە دانەویڵە. ئاوەکە ئەهاتە سەر و لە دیواری جۆگەکەوە ئەڕژایە خوارەوە. ئاوەکە ئەوا بە تەواوەتی بە فیڕۆ ئەچوو. ئیتر جگە لە چەن تیڕ و فەردە لە سەر قەراخی جۆگەکە نەمابوویەوە. خانئاپۆ لەبری هەموو شتێک خۆف گرتی. خۆف و هەراس.

ـ ئەوە چی ئەکەی، ئەوە چی ئەکەی کوڕی مامی؟!

خانئاپۆ ناخودئاگا ئاخێزی کردبوو و چنگی لە شانی بەگمحەمەد وەردابوو و وەکوو شتێک ڕای ئەوەشاند. بەگمحەمەد عارەقە بە تەوێڵیەوە، خەمی شانی ڕاست کردەوە و بە حەپەساوی و پرسیارەوە لە چاوەکانی خانئاپۆی زەق بوویەوە. خانئاپۆ وەک بڵێی هاتبێتەوە بە خۆیدا، دەستی لە سەر شانی برازاکەی هەڵگرت و هەر بەو سەرسووڕمانەوە ڕاوەستا. تاوێک -لە ناو جۆگەکەدا کە تا سەر چۆک ئەهات- ڕاما و پاشان قاچی لە ئاوەکە کێشایە دەرەوە و لە سەر ستێری جۆگەکە وەستا. تراویلکە، دەشت و بیابان تراویلکە بوو و یاری هەور و هەتاو و سێبەری گەڕۆکیش ترس و ئەندێشەی هەموو ئەو شتانەی لە پیش چاوی خانئاپۆدا بوون، زیاتر ئەکرد.

ـ پاشان چی؟ پاشان چی خانئاپۆی سەردار؟!

خانئاپۆ وەکوو کەسێکە لە خەو ڕابووبێ، موچڕکەی پیاهات و چاوی ترووکاند. ژنێک لە بەرامبەریدا ڕاوەستابوو؛ دایکی وەهاب. خانئاپۆ بە خامۆشی لە چاوەکانی ژنەی ڕوانی. خانئاپۆ ئەتوت تا ئەم کاتە دەموچاوی ژنەی خورسوفی نەبینیبوو. ژنە لە بەرامبەریدا ڕاوەستابوو و هەر وشەیەکی، لە دووکەڵێک ئەچوو لە درەختێکی سووتاو بەرز ئەبوویەوە:

ـ پاشان چی؟ خەلەکان تیاچوون، بەرەکەتی خوا فەوتا! پاشان چی؟! هەماری خورسوفی بەتاڵ کرا، بەڵام کەنووەکانیماڵەکانی ئێمە وەکوو دوێنێ بەتاڵن. دڵی ئێمە بەم دانەوێڵەیە، هەرچەند هی ئێمە نەبوو و لە هەماری خورسوفیدا بوو، گەرم بوو. ئێستە خەریکم تێ ئەگەم دڵی ئێمە گەرم بووە بە بوونی هەر ئەم دانەوێڵەیە. بەڵام! ئێستە چی؟

خانئاپۆ، بە پێڵاوی قوڕاوییەوە بە ستێری جۆگەکەدا چووە خوارەوە و بوغز لە گەروویدا وتی:

ـ هەقتانە واتان بە سەر بێ، هەقی ترسنۆکەکان هەر

ئەمەیە!

دایکی وەهاب لەگەڵی کەوتبوویە ڕێ. بیمێنێ بۆ دیواری ئاشەکە، خانئاپۆ وەستا و لە ژنە هەڵگەڕایەوە. ژنە وتیەوە:

ــ پاشان چی؟ پاشان؟

ــ مەبەستت چییە «پاشان چی»؟!

ــ قازانج، قازانجی ئەمکارە چی بوو؟

ــ ئەمەی لە خۆتان بپرسن، لە خۆتان! ئێوە دەستی منتان خستە خەنەوە. ئێوە پشتی ئێمەتان نەگرت. من پێم وابوو یەکتان پێش ئەکەوێ بۆ چوار دەنک دانەوێڵە بۆ خۆی بەرێ. لانیکەم چاوەڕوانی ئەوەم لە تۆ و کوڕەکەت هەبوو. لە قسەکانی تۆ، لەو بەڵایەی بە سەریان هێنابوون وا تێگەیشتبووم!

ژنە سەری داخست، ساتێک لە ژێر تیرێژی نیگای بوغزاوی و مۆنی خانئاپۆدا بێدەنگ بوو، پاشان سەری هەڵێنا و پرسی:

ــ شوێنەکانیتر چی، برا شیرینەکەم؟ خورسوفەکانیتر چی؟ خانئاپۆی سەردار، لە یەک کاتدا مەگەر ئەتوانێ لە چەن خورسوف بێ؟ چەن هەمارت پێ ئەشکێنرێ و بەتاڵ ئەکرێ؟ خورسوفەکانیتر چی؟ خورسوفەکانیتر؟! تۆ دەرگای هەمار ئەشکێنی و لەگەڵ پیاوەکانت لێرە ئەڕۆی، بەڵام ئێمە ئەمێنینەوە. ئێمە ناتوانین ماڵەکانمان بەجێ بهێڵین. بۆ چاوەڕوانی ئەوەت لە ئێمە هەیە، بۆ؟ ئێمە ئەگەر هەر کام شێرێکیش بین بۆ خۆمان، ناتوانین لە بەرامبەر سوڵتانخورد و لەشکری حکوومەتدا خۆمان ڕابگرین. یەک بە یەکین ئێمە. خورسوفیش یەکێکە سەردار، تاک و تەنها. تاک و تەنها. گورگی تەنهاش ئەترسێ خانئاپۆ، چ بگات بە مرۆڤی تەنها؛ خورسوفی تەنها.

خانئاپۆ ڕۆیشتبوو. ئەوا بۆ کردنەوەی دەسکەوساری ئەسپەکەی لە قوڵفەی دەرگای ئاشەکە دەستی درێژ کردبوو. هەوساری ئەسپەکەی گرت، پێی لە ئاوزونگی نا، دەنگی ماندووی تاهیر بەڵام ئەوی ڕاگرت. خانئاپۆ پێی لە ئاوزەنگی و دەستی

بە بەرکۆی زینەکەوە، ئاوڕی لە دەرگای ئاشەکە دایەوە. تاهیر خورسوفی لە قووڵایی تاریکی دەریزانەکەدا، دەستی بە دیوارەکەوە ڕاوەستابوو و لە چاوەکانی خانئاپۆی ئەڕوانی. خانئاپۆ ڕانەوەستا. لە سەر زینەکە دانیشت، لەغاوی وەرگێڕا و زەنگۆی ڕاوەشاند.

ــ خانئاپۆ، خانئاپۆ!

خانئاپۆ جارێکی دی بە ناچاری لەغاوی ڕاکێشا و ئاوڕی دایەوە. تاهیر خورسوفی پەرێشان و شپرزە خۆی گەیاندە بەر ڕۆشنایی دەرەوەی ئاشەکە و پاڕایەوە:

ــ خەلەکان! خەلەکان تیا مەبە خانئاپۆ!

خانئاپۆ خۆی لە بەر نیگای تاهیردا پێ ڕانەگیرا. ڕووی وەرگێڕا. ڕووی وەرگێڕا و لەغاوی شل کرد. دایکی وەهاب لە بەر سینەی ئەسپەکەدا ڕاوەستابوو و سەیری خانئاپۆی ئەکرد. خانئاپۆ لە بەر نیگای دایکی وەهابیشدا نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، زەنگۆی ڕاوەشاند و تێپەڕی. لە سەر ستێری جۆگەکە ئیتر تێر و فەردەی لێ نەمابوو. پیاوان قۆڵ و دەرەلنگیان تەڕ لە جۆگەکە ئەهاتنە دەرەوە و ئامادەی سواربوون ئەبوون. ئاوی جۆگەکە بەجارێک بە خەسار ئەچوو. خانئاپۆ هەی کرد و بە هەورازی جۆگەکەدا سەرکەوت. خەڵکی خورسوف لای دیواری جۆگەکەوە بەڕیز وەستابوون و سەیری خانئاپۆیان ئەکرد. خانئاپۆ بە سەر یالی ستێرەکەدا ئاژووت. خەڵکی خامۆش، هەنگاوێک بەرەو دواوە، لە سەر ڕێی ئەسپەکە لاچوون. خانئاپۆ ڕووی لە نیگای خامۆشی خەڵک بۆ خوار جۆگەکە سووڕاند، یاری هەور و هەتاو کۆتایی پێ هاتبوو و بیابان سەربە سەر سێبەر داپۆشیبوو.

**بەندی سێیەم**

سەرکەوتنی نامراد، ناکام. تاڵ، تاڵیی کارێکی بێ سەرەنجام. نامرادی و دڵتەنگی. ناکامی و پەرێشانی. دڵ ئێشان لە ئێشی دگەر. نە کەمترین هەستی شادی لە پاش کارەکە. ناڕەزایی لە خۆ. تووڕەییەکی دانەمرکاوی ڕازی نەکراو، تێرنەکراو. بە دفرە و بێ توانا لە دەربڕینی ڕەخنە لەخۆ. بێ توانا تەنانەت لە هەستی سەرکۆنەکردنی خۆی. ناڕەزا و بە بێ جەربەزەی بەخراپ دانانی کرداری ناپەسەند. ناپەسەندی خۆی. ڕق و دیسانەوەش ڕق. تووڕەیی لە وەڵامی تووڕەییەکی ناکام؛ تووڕەییەک لە جۆرێکی دی. مست لە با کوتان. مست لە با. دژوار، کارێکی دژوار. دۆخێکی دژوار، هەستێکی دژوار. گیرۆدەی خۆف و تاوان. گیرۆدەی داوی بوغز. ناتوانێ بڵێ سەرکەوتووە، ناشتوانێ شەرم وەخۆ بگرێ. ململانێیەکی گیانکێش، تووشبووی کارێکی بەد سەرەنجام، بێ ئاکام!

جۆگە لە گەنم و دانەوێڵەی تێکەڵ ئاوسا و سەرڕێ بوو و ئاو بە لارێدا ئەرۆیشت. ڕێسای ئاو و خاک و ئاش، ڕێسای دەشت و کێڵگە و بەروبووم تێک شکێنرا. چاوانی خەڵکی حەپەساو وڕ بوو. دەروونی جەماوەر هەژا. بێدەنگی خورسوف هەڵبڕا و ئەنجامی کار، جارێکی دی بێدەنگی زاڵ بوویەوە و، ئەمجارەیان بێدەنگیەک لە جۆرێکی دی، بێدەنگیەکی ڕەش و وێران. جەماوەر

بۆ سەیرکردن مانەوە. شەڵەژانی خۆیان بە ترس لەغاو کرد و ساتەکانی خۆف لە چاوەکانیاندا سەرگەردان بوو. ناچار و بێدەسەڵات لە دەسخەڕۆیی خۆیاندا وشک ببوون بە دەستە کراوەکانیانەوە و بە ئەندێشەیەکی ئاڵۆزەوە کە گەردی بێگەمی و بێگانەبوونی لێ نیشتبوو. خەلە، ئەو خەلەی لە بەر چاویان ئەفەوتێنرا، هی ئەوان بوو. هی ئەوان نەبوو. تا ئەو خەلەیە لە هەمارەکانی سوڵتانخورددا کۆما کرابوون، خەڵکی باوەڕیان بە نزیکی لەگەڵی نەبوو. بەڵام کاتێکە پیاوانی کەلمیشی کەوتنە تیابردنی خەلەکە، باوەڕی غەوارەیی خەڵکەکە دابەزی. ساتێک ـ ئەگەر بۆ ساتێکیش بوو ـ پەیوەندی دەست و دانە، پەیوەندی دەستەکان و دەنکەکانیان هاتەوە بیر. بڕوای ئەوەی کە لە وەبەرهێنانی خەلەکەدا ـ لانیکەم ـ بەشدار بوون، ئەگەرچی بەوانیش نەبڕاوە. ئەیانتوانی لە تیابردنیشیدا خۆیان بە بەشدار بزانن و ئەیانتوانی بە تیاچوونی هەر دەنکێک خۆیان بە تیاچوو و تاوانکار بزانن.

«پاشان چی، پاش ئەوەی ئێوە ڕۆیشتن؟!»

سوارانی سەردار جەماوەریان بەجێ هێشت و کەوتنە ڕێ. بەرەنجامێکی زۆر ناکام.

ـ «گوڵمحەمەد ئەگەر خۆی لەگەڵمان بوایە چی ئەکرد؟ ئایە ئەویش وای ئەکرد؟ ئایە ئەو وای نەئەکرد؟!»

ورووژانی با، دڵەڕاوکێی سوارەکان و لە هەموان زیاتر دڵەڕاوکێی خانئاپۆی پەرە پێئەدا ئەکرد. هیچکام لە پیاوەکان ڕوخساری جەنگاوەرێکی سەرکەوتوویان پێوە دیار نەبوو. خامۆش و مۆن بوون. تەوێڵیان نەک بە بای لەخۆبایی بوون، بەڵکوو بە هۆی گرژی و شەڵەژاوی هەناویانەوە گرژ ببوو. تەنگ بوونەوەی چاوەکانیان نەک بە هۆی دووربینی و ڕوانینی ئایندەوە، کە لە ڕامان و وردبوونەوە تێپەڕیبوو. ئەو کاتەی لە خورسوف دوور کەوتبوونەوە، ئەگەر توانای ئاوڕدانەوەیان هەبوایە، ئەیانتوانی

خەڵکی خورسوف ببینن هەروا ڕاوەستاو و دوشداماو. دۆشداماو، ناچار و هێشتاش حەپەساو لە سەر ستێری جۆگەکە بە نیگایەکی پرسا و سمێنەرەوە چاو لە دووی سوارەکان. بەڵام ڕاستیەکەی کەس جەربەزەی ئاوڕدانەوەی نەبوو، ئەو کەسە تەنانەت ئەگەر بەگمحەمەدیش بووبێ.

کلکی ئەسپەکان، ئەو ئەسپانەی لەغاویان بۆ شل کرابوو، لە بەر بادا شیتاڵ ئەکران.

ــ گوڵمحەمەد ئەگەر ببوایە، گوڵمحەمەد ئەگەر لەگەڵ بوایە، کارێکی تری ئەکرد.

خانئاپۆ سەرەنجام بێدەنگی شکاندبوو و ئەتوت لەگەڵ خۆی ئەدوێ. بەگمحەمەد خۆی لە بەرامبەر گوتەی خانئاپۆدا ئەبینی. بەڵام سەری هەڵنەهێنا بڕوانێتە نیوڕوخی خشت ئاسای مامی. بۆیە -بوغزی نە کەمتر لە خانئاپۆ- پرسی:

ــ چی ئەکرد ئەو؟ گوڵمحەمەد، چ کارێکی تری جگە لەمەی پێ ئەکرا؟

ــ نازانم، نازانم! بەڵام لام مسۆگەرە کارێکی تری ئەکرد، دڵنیام لەوە!

وتووێژەکە زۆری نەخایاند. با، قسەیانی پێ بڕی.

خانئاپۆ خۆیشی نەی ئەزانی چۆنی بۆ جەوانەکەی شی بکاتەوە کە ئەگەر گوڵمحەمەد بوایە، ڕێگەیەکی دیکەی ئەدۆزییەوە. ئەو توانای دەربڕینی ڕوون و ڕەوانی گومانەکەی خۆی نەبوو. بەس ئەوەندەی لا ڕوون بوو و دڵنیا بوو گوڵمحەمەد ئەگەر ببوایە، ڕەفتارێکی دیکەی ئەکرد. ڕەفتارێکی شیاوی شوێن و شیاوی کەسان. پیاوی ماندوو، زیاتر لەوەی کە وتبووی دڵ و دەروونی ئاخافتنی نەبوو. لەم نێوانەدا، تەنها یەک خاڵ مایەی دڵخۆشی خانئاپۆ بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە بن قورسایی و گوشاری بارەکە، ئەویش ئەو خاڵەی بە سەر زمانی ئەویش و گوڵمحەمەدیشدا ڕابردبوو:

«ئەگەر جگە لە فێڵ و پەیمان شکێنی لە کاریدا نەبوو چی؟»
«سەر و ماڵی ئاگر تێبەر ئەدەم!»
فێڵیش لە کاردا ببوو و پەیمانیش شکێنرابوو و خانئاپۆیش ئەوەی کردبوو کە ئەبوایە بکرێ. واتە خورسوفی تەفروتوونا کردبوو. بۆچی؟ چونکە خورسوف بریتی بوو لە هەمارەکانی سوڵتانخورد و هیچیتر. ئەمە ڕواڵەتێکی کارەکە بوو. بەڵام ڕواڵەت و نموودەکانی تری کار و کردارەکە بوو کە خانئاپۆی هەژاندبوو. دەنکی گەنم، دەنکەکانی گەنم، دانەوێڵە!
ـ «خانئاپۆ، دەخڵەکان مەفەوتێنە! خانئاپۆ، دەخڵەکان...»
کارێک بوو و کرابوو. ڕاوەشاندنی شمشێر لە بای حەوادا، شانەکانی ماندوو کردبوو. نەک هەر شانی، کە خۆزگە هەر ئەمە بوایەت. نەء، نەئەکرا چاو لەو دەنکانە هەڵبگیرێ کە لە ئاوەکادا پێکدا ئەهاتن. دانەی هەرزن و گەنم و کرن، دەنکی زیرە و پەموو و جۆ، دەنکە شووتی! لە بەر چاوی خانئاپۆ کاڵ ئەبوونەوە و لە ئەنجامدا جگە لە بێهوودەییان دەسنەکەوتبوو.
ـ زۆر بیری خۆتی پێوە خەریک مەکە سەردار! ئەگەر زاواکەی سوڵتانخورد نەبوایەت، ئەو خەڵکە ئەمشەو تێی بەر ئەبوون و ئەویکەشیان تاڵان ئەکرد و ئەیانخستە ئەستۆی ئێمە! چاو لە زاری قوڕوقەپ و چرچاوی هەژارانەیان مەکە. خەڵکی یەک ڕوو و یەک ڕەنگیان نییە سەردار، ئوقرە بگرە!
لە کوێ ئەیتوانی ئوقرە بگرێ؟ نەک پێت وابێ خانئاپۆ گوێی لە گوتەی داوەریی سەختی توغرولی تفەنگدار ڕاگرتبێ. نەء؛ گوتەی توغرول با بردبووی. ژانی تیاچوونی دانەوێڵە ئەو کەسە بە گیان ئەیکرێ و هەستی پێ ئەکات کە دەستی لە کاردا بووە و دەستی بە ئامێری کێڵان و وەرد و چاندن و هەڵگرتنەوە بووە. ئەمە ڕاست و بەجێ، بەڵام ئایە خانئاپۆی کەلمیشی ئەوەندە لەگەڵ نان بێگانە بوو کە بتوانێ فەوتانی ئەو دانەوێڵە پاکیزەیە

بە ئاسانی لە بیر بکات؟ دەستی ئەگەر لەگەڵ کاری کشتوکاڵ و دروێنە بێگانە بوو، خۆ لەگەڵ زار و ددانی خۆی بێگانە نەبوو. لە کاری نان‌دا خۆ لە دووریشەوە بووبێ دەستێکی بە سەر هاڵاوی ئاگرەکەوە هەر هەبووە. گوڵ و گەنم و خەرمان و شەن و کەو، ئاش و ئارد و تەنوور و! پاشان نان. نانی سەر سفرە. خان‌ئاپۆ نانی سفرەی دابوو بە ئاودا. دابووی بە ئاودا و ئەمە کارێکی کەم نەبوو. نە بە کردار و نە بە بیرلێکردنەوە و نە بە هەواڵ و ڕاپۆرتدان لە کۆڵ نەئەبوویەوە. نە مێشکی خان‌ئاپۆ ئاسوودە بوو لە دەستی و نە مێشکی گوڵمحەمەد کە هەواڵەکەی ئەبیست و، نە بیر و هۆشی دانیشتوانی خورسوف کە بە زمانی بەستراو و چاوی داچەقاوەوە، نان و ئاژۆی سفرە و ئاخوڕیان بە کۆڵ کێشابوو بۆ تیابردن.

ــ «خان‌ئاپۆ دەخڵەکە مەفەوتێنە! خان‌ئاپۆ...»

خان‌ئاپۆ لە هێرشی دێرینە و بێ پەروای هەموو تەمەنی پوخت و بە ئەزموونی خۆیدا ئەمە یەکەمجار بوو هەستی نەتوانین و ژێوان بوونەوەی خۆی بە دژواری و بە ئازارەوە تاقی ئەکردەوە. نەی ئەتوانی دیمەنی تێکەڵبوونی دانەوێڵە لە ناو ئاودا بۆ ساتێکیش لە بیری خۆی بباتەوە و، هەرواها تاودانەوەی جەخاراوی بێهوودەیی کردارەکەی خۆیشی.

ــ لەملاوە خان‌ئاپۆ، لەم پێچەوە، ڕێگەکە لێرەوەیە!

لە پێچی بەستێنی وشکی چەمەکەدا، خان‌ئاپۆ لەغاوی سووڕاند و تێکەڵی سوارەکان بوویەوە. سوار بۆ ئەوەی خۆیان لە ورووژمی خۆڵ و با بپارێزن، بە پەنا دیواری قەراخ چەمەکەدا ڕێیان ئەکرد. چەخماخ و توغرول لە پشت ئەسپەکانی بەگمحەمەد و خان‌ئاپۆ داژووتن و مەدەدیش بە دوایاندا.

بەگمحەمەد، لە خان‌ئاپۆ باشتر نەبوو. ناوچەوانی گرژ و لێوی بەستراو، لە مستەکۆڵەیەکی ئامادەی هێرشبردن ئەچوو بەڵام نە دیوارێکی ئەدۆزییەوە تا ئەو مشتەی پیا بکێشێ و نە خەنیمێک

کە ئەم بەرانە بە سەر و شاخەوە خۆی پیا بدات. بۆیە با و با و با. تووڕە بوونی بەگمحەمەد بەڵام نەلەوە بوو و نە لەو کارەی ئەنجامی دابوو. ئەو هیچ لەوە تووڕە نەبوو کە دانەوێڵە تیاچووە و فەوتێنراوە. بەگمحەمەد هیچ بەوەوە سەرقاڵ نەبوو کە کرابوو. ناکامی جەوان لە کەمی ئەو وێرانگەرییە بوو کە کردبوویان. خۆی بە زۆر و تۆڵەی سەنراوی بەکەم ئەزانی. ئەوەندەی بە فیرۆی دابوو بە هاوشانی هێز و توانای خۆی نەئەزانی. ئەتوت بە کارێکی بچووک و بێبایی هەڵساوە. ئەو هەرچەند لە بەر چاو و نیگای خەڵکی خورسوفدا دەخڵەکەی فەوتاندبوو، بەڵام ساتێکیش نەی ئەتوانی خەڵکی خورسوف بەوە دابنێ کە زیانیان لێکەوتووە. بەگمحەمەد، کاڵای بە خاوەنەکەیەوە ئەناسی و خاوەنی کاڵا حاجی سوڵتانخورد بوو و کاڵاش -بە ڕێکەوت- دانەوێڵەبوو. ئەو دانەوێڵەیەش ئەیتوانی شتێکیتر بێ. هەر شتێکی تری وەکوو سەماوەر و پەڵاس و جێوبان، یان مەڕ و ماین و هەر شمەکێکیتر کە هی سوڵتانخورد بوایەت. چونکە بەگمحەمەد لە هەر گەردیلەیەکی ئەو شتانەدا، خاوەنی ئەو شتەی دیبوو و خەنجەری لێ هەڵکێشابوو. ئەگەر لەم کاتەشدا مۆن و داگیراو بوو بە هۆی هەستی ناکامی خۆیەوە بوو. نامرادی ئەوەی نەیتوانیبوو ڕق و تووڕەیی خۆی بە تەواوەتی بە سەر سوڵتانخورددا دابارێنێ. بۆیە تیابردنی دانەوێڵە لای ئەو بەس نەبوو و بە هەڕەشەیەکی ئەزانی لە حاجی خورسوفی کرابوو و نە لەوە زیاتر. چونکە ددانەکانی جەوانی کەلمیشی قوڕقوڕاچکەی حاجی سوڵتانخوردی ئەویست.

بەرانی نامراد، نەیتوانیبوو هێز و توانای خۆی بەکار بهێنێ و لەم هەڕەتی داماوییەدا، درەوشانەوەی ڕەنگ بە دەست و پل و کاکۆڵیەوە چەندە بێهوودە بوو لە چاوەکانیدا؛ بێهوودە، زێدە و تەنانەت شەرم و شوورەیی. بە ڕادەیەک کە ئارەزووی ئەکرد خۆزگە بتوانێ بە شێوەیەک بیانشواتەوە:

ــ بڕوام پێ بکە ئەیکوژم، خانئاپۆ!

ــ کێ ئەکوژی مامە گیان، حاجی سوڵتانخورد؟
ــ بەڵێ، سوڵتانخورد ئەیکوژم. بەم نمای ئێوارەیە ئەیکوژم!
خانئاپۆ ئاوڕی لێ دایەوە و بەو چاوانەوە کە ئەتوت ڕێ لە قووڵاییی بە تەپ و دوومان دەرئاکات، ڕوانیە بەگمحەمەد و بە شەکەتی وتی:
ــ ئا! بەڵێ ێ ێ.
لە دەنگە ماندوو و پچڕاوەکەی خانئاپۆدا، زۆر گوتە شاردرابوویەوە. بەڵام بەگمحەمەدی جەوان توانای ئەوەی نەبوو لەو لاڤاوە تێبگات کە لە دەروونی مامیدا شەپۆلی ئەدا. شوێنە بەتاڵەکەی سوڵتانخورد، خانئاپۆ وەکوو بەگمحەمەد لێکی نەئەدایەوە. لە گومانی خانئاپۆدا کارەکە ڕەنگ و مایەیەکی دیکەی بە خۆوە گرتبوو و نەئەکرا سنوورەکەی تا ڕادەی خەوتنی کچەکەی لەگەڵ گەنجێکی سەرەڕۆ، بەرتەنگ بکاتەوە. نەخێر، هەرگیز وانەبوو. خانئاپۆ کەسایەتی وەکوو سوڵتانخوردی زۆر بینیبوو و تاقیانی کردبوویەوە و ئەشی زانی، ئەو کەسانە ئەگەر بەرژەوەندییەک لە کارەکەدا ببینن، لە هاوسەرەکەی خۆشیان خۆش ئەبن.
بەڵام ئەم جارە و ئەم قۆناغە، وا دیاربوو بەرژەوەندییەکە بە شێوازێکیترە. پێ ئەچوو بەرژەوەندی لەوەدا بێ کە حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی، خانوو و زادگە و دار و نەداری بەجێ بهێڵێ و بڕوات. بەرژەوەندی لەوەدا بوو بە گەیشتنی تەتەرەکەی سەید شەرزای توربەتی بۆ هەوارگەی گوڵمحەمەدی سەردار، حاجی سوڵتانخورد مەزڵ چۆڵ بکات. بچێ بۆ مەشهەد و لەوێ مان بگرێ. بەرژەوەندی لەوەدا بوو کە پێشتر هەر هەموان لە زەماوەنی کوڕەکەی بوندار کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد بخەنە ناو ڕووەدربایسیەوە و بە زمانلووسی نەجەف ئەربابی لەدەس دەربهێنن. هەمیش سەرتیپ فەربەخش لەگەڵ گوڵمحەمەد ڕێکەوتی چاوپێکەوتن دیاریی بکات و! تەتەری سەید

شەرزای توربەتی، لە کاتی کەوتنە ڕێی خانئاپۆ و سوارەکان بەرەو خورسوف، بە پەلە بگات و، خەڵکی خورسوف لە ماڵەکانی خۆیاندا حەپس کرابێتن و خانئاپۆ لە ڕقا خۆی بخواتەوە و، بەگمحەمەد شێت و هار ببێ و! لەم ڕووەوە هەرچەند غەمی ناکامیەکەی بەگمحەمەد زۆر قورس و نائومێدانە بوو، بەڵام بۆ خانئاپۆ یارییەکی مناڵانە زیاتر نەبوو. هەرچەند ئەگەر سەدساڵیش تێپەڕیایەت خانئاپۆ بەدڵ ڕازی نەئەبوو غەمی داواکەی بەگمحەمەد بە سووک و بچووک بژمێرێ و ئەو بچووک بوونەی حەز و ویستەکەی ئەو، بداتەوە بە ڕووی گەنجەکەی خۆیدا.

ـ بەس ڕێگەم پێ بدە خانئاپۆ، بەس تۆ بڵێ باش. من بەڵێنت پێ ئەدەم، حاجی خورسوفی ئەگەر لە لووتکەی کێوی قافیش بێ بە شەوێک بگەمە سەری و سەری لێ بکەمەوە!

خانئاپۆ ـوەک بڵێی نە لە وەڵامی بەگمحەمەددا- بێ ئەڤان وتی:

ـ حاجی خورسوفی؟ تا کارەکە تەواو نەبێ ناگەڕێتەوە بۆ خورسوف!

ـ کامە کار، خانئاپۆ؟

خانئاپۆ بە سینەکێشی چەمەکەدا ئەسپەکەی سەرخست و وتی:

ـ هەتا دووروونە بەغار ئەڕۆین، کات خەریکە درەنگ ئەبێ!

چاو لە چاوی خامۆشی ئێوارە و یاڵ و باڵیان لە بەر وروژمی بادا، سوارەکان بە هەورازی چەمەکەدا سەرکەوتن. ئەوا دەشت و گرد و زووران لە بەر سینەی ئەسپەکان ڕاکشابوون و سوارەکان لەغاویان شل کردبوو. بە لێژایی ڕووکاری دەرەوەی دیواری چەمەکەدا بە لۆقە چوونە خوارەوە و پاشان لنگاریان گرت. بە جۆرێک کە هەر سوارە لە بنە گەونێک ئەچوو لە خاک هەڵکەنراو بە دەم باوە و دەستەی سوارانیش لە گەردەلوولێک ئەچوون بە خول و پێچ و تەنوورە کێشان بە بەربەرینی ڕێک و

نارێکی بیاباندا داژووتن.

تا دووروونە ئاژووتن و لە دووروونەشەوە، یەکسەر و بە ئەشتاو، خامۆش و گوێ لە هەناسەی ئەسپ و با، لە ناو تۆز و دوومانی پاش ئێوارەدا. دووکەڵ؛ دووکەڵی بڵیند و ڕەشایی ڕەوەند. بادی و ڕەشماڵان، پاشان شاقەلی بە دەم بای چۆخەکەی گوڵمحەمەد و ئەوساش سپێنی بەر سینەی کراسەکەی و کاکۆڵی بە دەرەوەی لە بن کڵاوەکەیەوە. پاش ئەوە شەودێز کە لە بەر بادا ملی ڕائەوەشاند و وردە وردە نموودی باڵا و بەژنی بڵقیس و چاوەکانی کە بە تێکڕا نیگەرانی بوون و ئەوسا ئیتر ئاگر. ئاگر و تەنوورەی دووکەڵ.

محەمەد ڕەزای گوڵخانم بۆ وەرگرتنی دەسکەوساری ئەسپەکان بەرەو پیریان چوو. خانئاپۆ لاقی بە سەر بەرکۆی زینەکەدا ئاوەدیو کرد و دابەزی. لەغاوی دا بە کوڕی گوڵخانم و خۆی بەرەو سەردار چوو، وەک سەردارێکی ناسەرکەوتوو لە ئاستانەی پادشایەکدا. بڵقیس بە دوای خانئاپۆدا، تامەزرۆی زانینی هەواڵ، کەوتە ڕێ و لەگەڵیدا زیوەر و شێرۆش بە حەزەوە لەگەڵ کەوتن. بەگمحەمەد هێشتاش گرژ و مۆن، نزیک نەئەکەوتەوە و بە بیانووی گەڕانی ئەسپەکەیەوە خۆی خەریک کرد. چەخماخ لەغاوی ئەسپەکەی دا بە محەمەد ڕەزای گوڵخانم و ئەو دوانەکەی تریش دەسکەوساری ئەسپەکەی خۆیان لە پاشکۆی زینی ئەسپەکەی خانئاپۆ گرێ دا بۆ ئەوەی هەموو ئەسپەکان بگەڕێن و عارەقەی لەشیان وردە وردە وشک ببێتەوە.

ــ خۆزگە خۆشت لەگەڵ بوایەتی!

ــ گریمان منیش لەگەڵ بووبام!

لە ناو ڕەشماڵەکەی مارالّ، بە دوور لە وژەی با لە سەر بەڕەکە دانیشتبوون و تا شێرۆ کتری و پیاڵەکان بهێنێ، خانئاپۆ بۆ ڕزگارکردنی خۆی، ئەوەی لە خورسوف ڕووی دابوو بە کورتی بۆ گوڵمحەمەدی گێڕابوویەوە و ئێستەش گوێی لە گوڵمحەمەد

بوو بەڵکوو بێدەنگیەکەی خۆی بشکێنێ. بلقیسیش وابوو و ژنەکانی تریش. زیوەر و شێرۆ کە لە ڕەوەند مابوونەوە -هەر کەسە و بە گوێرەی دەروونی خۆی- چاوەڕوان بوون. خانئاپۆ ئەیویست بە داگیرانی سیگارێک دڵەڕاوکەی خۆی بشارێتەوە و لەم کاتەدا نیگای پەروای بە هەموو لایەک و بە سەر هەموو کەسێکدا ئەگەڕان و چاوەڕوانی وشەیەکی ڕۆشن بوو لە سەر زمانی گوڵمحەمەد. وشەیەک، جا هەرچی بێ. گەر تەنانەت بە تووڕەیی و تۆسنیش شتێک بڵێ. بەڵام گوڵمحەمەد کلۆ قەندێکی بە سەری پەنجەی ڕاگرتبوو، یاری پێ ئەکرد و لە بیردا بوو. خانئاپۆ دووکەڵی سیگارەکەی لە کونە لووتیەوە دایە دەرەوە و بە ڕاشکاوییەوە وتی:

ــ ئەگەر خۆت لەوێ بوایەتی ڕەنگە جۆرێکیتر تەواو بوایەت.

گوڵمحەمەد بۆ تێڕوانین لە خانئاپۆ، سەری هەڵێنا و وتی:

ــ پێم وانییە! کێ چووزانێ ئەگەر من بوایەتم خراپتریش نەئەبوو؟

ــ نەء، نەء! دڵنیام لەوە خراپتر نەئەبوو. خۆیشت ئەزانی کە خراپتر نەئەبوو. تۆ ناتەوێ دڵی من بشکێنی، خۆم ئەزانم. من کارێکی دزێوم کردووە و وەکوو ڕۆژ لێم ڕوونە. تۆ ناتەوێ من زیز بکەی.

ــ چاکەت بخۆ ئاپۆ گیان، چاکەت بخۆ!

خانئاپۆ کلۆ قەندێکی لە چاکە هەڵژەند و وتی:

ــ گەنم، ئەو دەنکە جوانانەی گەنم! وەکوو گەوهەر، وەکوو گەوهەر بوون. لەحنەت لە من، لەحنەتی خوا لە من بێ. کاری لەمە دزێوتریش مەگەر ئەبێ، کاری لەمە دزێوتریش مەگەر ئەکرێ؟ چۆن وەڵامی خۆم بدەمەوە؟ هەتا ماوم، تا دوا هەناسەم ناتوانم! ناتوانم ئەم ئەشکەنجەیە لە خۆم دوور بکەمەوە! نەء! نەء!

ــ خانئاپۆ!

خانئاپۆ ڕوانیە گوڵمحەمەد. چاوەکانی بە بێ شاردنەوە فرمێسک داپۆشیبوو. گوڵمحەمەد ڕوانیە ژنەکان. ژنان، جگە لە بلّقیس چوونە دەرەوە. گوڵمحەمەد پیاڵەی چاکەی لە سەر بەڕەکە هەڵگرت و دای بە دەست مامیەوە. خانئاپۆ بە بەری زبری دەستەکانی گۆنای سڕی و لووتی سڕی. گوڵمحەمەد ڕوانیە دایکی و هەواڵی بەگمحەمەدی پرسی:

ــ ئەو چی لێهات، کاکە برا؟

بلّقیس وەڵامی دایەوە:

ــ نەهاتە ناو ڕەشماڵەکان. وا بزانم ئەسپەکەی برد بۆ سەر ئاوەکە.

خانئاپۆ پیاڵەکەی لە سەر بەڕەکە دانایەوە و وتی:

ــ هەرگیز پێی وانەبوو بەو جۆرە فریوی بدەن. کاتێکە بینی ژوانگە چۆڵە، باوەڕی نەکرد. مێشکی خەریک بوو بتەقێ. نەی ئەتوانی باوەڕ بکات بەو جۆرە گاڵتەیان پێکردبێ. ئەوەتا ئێستە تەریق ئەبێتەوە خۆی پیشان بدات، ئەویش بەو سەر و قژە خەناوییەوە!

گوڵمحەمەد وەک لەگەڵ خۆی بێ وتی:

ــ هەقیەتی، هەقی خۆیەتی!

خانئاپۆ دیسانەوە سەری داخست و وتی:

ــ جەوانی، جەوانی!

شێرۆ وەک بۆ کارێک پێی نایە ناو کۆنەکە و لە گوڵمحەمەدی ڕوانی. لێی پرسرا چی بووە و شێرۆ وتی:

ــ براکەم! بەگمحەمەد!

ــ باشە! چی بووە؟

سەرە مەزنەکەی خانئاپۆ هەروا داخرابوو. شێرۆ لە نیگای گوڵمحەمەد و بلّقیسدا وتی:

ــ لە سەر لێواری بیرەکە دانیشتووە! لە سەر ئاوەکە دانیشتووە و خەریکە بە بەرد و ئەسپۆن دەست و لاقی ئەسوێتەوە.

ئەیەویٚ ڕەنگی خەنە لە دەست و پیٚی بتاشیٚ و پاکی بکاتەوە!
بڵقیس یەک بە خۆی هەڵبەزیەوە، بەڵام گوڵمحەمەد دەرفەتی نەدایٚ بڕوات. سووچی کراسەکەی دایکی گرت، ڕایوەشاند و وتی:
ــ کارت پیٚی نەبیٚ، لیٚی گەڕیٚ.
بڵقیس پەنجەی لە پەنجەی ئاڵاند و، وەک ئەسپەندەریٚک بە سەر ئاگرەوە، مایەوە. گوڵمحەمەد لە شیٚرۆی پرسی:
ــ کیٚ لە نزیک بەگمحەمەدەوەیە؟
شیٚرۆ وەڵامی دایەوە:
ــ کەس لە نزیکیەوە نییە. بەڵام محەمەد ڕەزای گوڵخانم لەو دەوروبەرە خەریکە ئەسپەکان ئەگەڕیٚنیٚ. لەو دوورانە ڕانی غەوارەش پەیدا بووە.
خانئاپۆ بۆ ئەوەی وتوویٚژەکە دابخات، سەری هەڵیٚنا و بە بیٚ ئەوەی سەیری شیٚرۆ بکات، وتی:
ــ زۆر چاکە!
شیٚرۆ بیانوویەکی بۆ نەما. ئەبوایە بچیٚتە دەرەوە و چوو. خانئاپۆ هەواڵی خانمحەمەدی پرسی. گوڵمحەمەد وتی کە خانمحەمەد لەگەڵ ماراڵ و سەمەن و تەموور بەرەو قەڵامەیدان ڕۆیشتووە:
ــ لە سەر ڕیٚ هەواڵی ڕانەکەش ئەزانیٚ. ئەمساڵ مەڕەکان ئەبەین بۆ قەڵامەیدان تا زستان تەواو ئەبیٚ. خانمحەمەد ڕۆیشت مزگیٚنی هەیقۆش بدات بە سەبرخان.
خانئاپۆ ڕوانیە بڵقیس. بڵقیس هەرچەندە لە خۆیدا نەبوو و ئوقرەی لە بەر هەڵگیرابوو، بەڵام هەواڵی دووگیانی کچەکەی خانئاپۆی پیٚ ڕاگەیاند:
ــ ئەی نازانی هەیقۆ بۆ دیار نییە؟
ــ بۆ لە کویٚیە؟! لە قەڵامەیدان؟
لەبری بڵقیس گوڵمحەمەد وەڵامی خانئاپۆی دایەوە:

ـ ڕەنگە ئەمشەو ئێمەش هەڵکشاین بۆ قەڵامەیدان.

هەرچەند بە ویست و فەرمانی گوڵمحەمەد، بلقیس ئەبوایە نەچوایەتە سەر بیری ئاوەکە و لە بەگمحەمەد بگەڕایەت، بەڵام لە بن خێوەت و لە یەک شوێن مانەوە بۆ بلقیس دژوار بوو. بۆیە بەرەو دەرەوە کەوتە ڕێ و وتی:

ـ من لە دەرەوە ئەبم!

گوڵمحەمەد کارگەرێتی جەخاراوی دارەتی دایکی لە چاوەکانی خانئاپۆدا بینی و بۆ ئەوەی دەرفەتی غەم خواردنی پێ نەدا، وتی:

ـ تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە خانئاپۆ؟ پێت وایە حاجی سوڵتانخورد هەروا سەربەخۆ هەڵسابێت و چووبێت بۆ مەشهەد؟ واتە ئەو تەنها لە بەر کچەکەی ئەو کارەی کردووە؟

دەسبەجێ و بێ بیرکردنەوە، خانئاپۆ وتی:

ـ نەء!

ـ ئا، ئەی چی؟

ـ تووشیان کردووە. ناچاریان کردووە سکاڵای خۆی لە ئێمە ببات بۆ لای حکوومەت.

ـ کێ تووشی کردووە، کێ ناچاری کردووە؟

ـ هاوڕێش و هاوشانەکانی خۆی. هەر ئەوانەی کە هەمیشە دەستیان پێکەوە بۆ قاپێک ئەچێت. هی وەک خۆی.

ـ ئاشکراتر بیڵێ خانئاپۆ، ڕوونتر!

ـ بۆ ناتەوێ تێبگەی؟ هی وەکوو نەجەف ئەرباب...

ـ نا خانئاپۆ، ڕێویەکی وەکوو سوڵتانخورد بە قسەی گەنجێکی بێ ئەزموونی وەکوو نەجەف ئەرباب هەڵناخەڵەتێ. ئەمکارە ئەبێ دەستی کەسانی پسپۆڕتری تیا بدۆزیتەوە. نەء. ئەمکارە حەسابەکەی نابێ بەم سادەییانە بێ.

خانئاپۆ وتی:

ـ نەک بە تەنها ئەو. نەک بەس نەجەف ئەرباب. من وتم ئەویش دەستی لە کاردا هەیە. بەڵام هەر هەموویان بە سەر

پەنجەی ئالاجاقی ئەربابەوە ئەخولێنەوە، هەر هەموویان. جا با دوا گوتەی خۆم وتبێ!

گوڵمحەمەد پیرانەسەر وتی:

ـ من لە قسەکەی تۆ تێ ئەگەم خانئاپۆ. دڵی منیش هەر وام پێ ئەڵێ. هەڵبەت! ئالاجاقی ئەرباب! ئەگەر دەستی ئەو لە کارەدا نەبێ، ئەمانە خۆیان نە ئاوەزی ئەوەیان هەیە و نە جەربەزەی ئەو کارانە. بەڵام! من چەندە بیر ئەکەمەوە ئەبینم ئێمە بۆ ئالاجاقی خراپ نەبووین لەم مەڵبەندە. نەء، خراپەمان لە دژی ئەو نەکردووە. ئێمە لەم مەڵبەندە زەبری خۆمان لە زۆر مشەخۆر وەشاندووە، بەڵام ئالاجاقی! ئێمە زۆر قازانجیشمان بۆی هەبووە. کەچی! خەریکە هەندێ شت ئاشکرا ئەبێ، هەندێ شت خەریکە ئاشکرا ئەبێ. ئالاجاقی ڕاست و ڕۆشن خەریکە لایەنی دوژمنەکانی ئێمە ئەگرێ! کەسێکی وەکوو ئالاجاقی کاتێکە دەست لە دووڕوویی هەڵئەگرێ، ئەبێ شتێک ڕووی دابێ. مسۆگەر، مسۆگەر ئەبێ هەندێ شتی گرنگ ڕووی دابێ. شتی گرنگی تریش ئەبێ ڕوو بدات، لە بەر ئەوەی کە یەکی وەکوو ئالاجاقی ئەرباب...

ـ هەرگیز لە سەر دۆڕاو گرێو ناکات!

خانئاپۆ قسەکەی لە گوڵمحەمەد وەرگرتبوو و ئەوا دوو پیاو لە یەکدیان ئەڕوانی:

ـ چۆن؟!

خانئاپۆ وتی:

ـ هەر ئەوەی کە وتم. ئالاجاقی ئەرباب هەمیشە لە پشت دەستی براوە ڕائەوەستێ. من هێشتاش لەوە دڵنیام ئەو پارەیەی کە بۆ کوشتنی تۆ بە من درا، ئالاجاقی ئاگای لێ بووە. بە قەد سەرە دەرزیەکیش گومانم نییە!

لە دەرەوە دەنگێک هات. دەنگ بوو بە غەڵبەغەڵب:

ـ یەکێک دێت، سوارێک! سوارێک!

خانئاپۆ یەک بە خۆی ڕاست بوویەوە، تفەنگی دەست دایێ و دەرپەڕیە دەرەوە. گوڵمحەمەد ڕابوو، چۆخەی دا بە شانیدا و وەک بڵێی بە بێ ئاگا جووڵابێتەوە، هاتەوە بە خۆیدا و لە سەر شوێنی خۆی مایەوە. تاوێک ڕاما و پاشان بە دەور خۆیدا سووڕا و لە ئەنجامدا لای دەریزانی ڕەشماڵەکە ڕاوەستا. سەری بەرز کردەوە و ڕوانیە دەشت و ئاسمانی تۆزاوی ئێوارە درەنگان. بەرەگەی ڕوانینی گوڵمحەمەد ڕوون نەبوو. هیچ شتێک ڕوون و زەلاڵ نەبوو. نە ئاسمان بە باشی دیار بوو و نە دەشت و بیابان. کات و هەنگاویش لێڵ و شلوێ بوو.

رۆژە و ڕۆژ نییە. شەو نییە و ڕۆژیش نییە. نە ڕۆشنایی ڕۆژ دیارە و نە تاریکی شەو ئاشکرا بووە. نە ئاسمان بە ڕوخسار دیارە و نە هەور و نە با. هەموو شت هەیە و هیچیش نییە. هیچ شتێک ڕوون نییە. یەک شت، بەس یەک شت نکووڵی لێ ناکرێ. ئەوەی کە هیچ شتێک لە سەر جێی خۆیدا نییە، هیچ شتێک بە پێوە نییە. هەژان لە ناخی گەردیلەکان، شەڵەژانی خود، لە دڕکەوە تا بیبیلەی چاوی ئەسپ. هەموو شت ئارام، بەڵام هەژاو. ناخی هەموو شت و هەرچی، ئاوسە. بزوتنێکی خامۆش و ڕازاوی لە هەموو دیاردە و دەرکەوتەیەکدا. غژغژی یەک هەوای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەی گوڵمحەمەد بە دەس باوە.

ــ قوربان بەلووچی خۆمان!

بە دەنگی خۆشمایە و شیرینی خانئاپۆ، گوڵمحەمەد بە تامەزرۆییەوە هەنگاوی نایە دەرەوە و دەستی خستە ناو دەستە گەورەکانی قوربان بەلووچ، وەک برایەک لە ئامێزی گرت و بە سۆزەوە دواندی:

ــ دەی، دەی، ئاخرەکەی هاتی. زۆر بەخێر هاتی قوربان. بەخێر و بەجێ. وەرە! وەرە بن ڕەشماڵەکە؛ وەرە! تۆیش ئەگەر نەهاتبای بڕوامان ئەکرد لێک نامۆ بووین! دەی! لێرە، لێرە دابنیشە و پاڵ بدە بە جێوبانەکەوە. چا ئامادە بکەن، چا. پاشانیش نان ئەخۆین.

سەیرکە چ فەروەیەکی لە بەر دایە، لە کەوڵپۆسە ئەنتیکەکانە!

قوربان، بەر لەوەی دابنیشێ، فەروەکەی لە سەر باوڵەکە دانا و وتی:

ــ پێشکەشیە بۆ جەنابت، سەردار!

ــ نا، نا! شتی وا نابێ. پیرۆزی خۆت بێ، لە خۆت جوانە!

ــ بەڵام خاوەنەکەی پێشکەشی بەرێزتی کردووە!

ــ خاوەنەکەی؟ ئاخۆ کێ بێ، کێ لەم کاتەدا کە...

ــ تاڵاوایی ئەرباب!

بەلووچ لە سەر بەڕەکە دانیشت و درێژەی بە گوتەکەی دا:

ــ ئەمە ئەو فەروەیە شەوی زەماوەنەکەی ئەسڵان دابووی بە شانیدا.

ــ دەی دەی! وایە نەخش و نیگارەکەی بەچاوم ئاشنایە!

قوربان وتی:

ــ سڵاوی لێکردی و ویستی کەوڵپۆسەکەی بە یادگاری لە لای تۆ بێ.

ــ سپاس! سپاس بۆ تاڵاوایی ئەرباب!

قوربان ڕوانیە خانئاپۆ کە هەروا ڕاوەستابوو و گوڵمحەمەد پرسیاری کرد:

ــ ئیتر چ دەنگوباسێکت لە لایە قوربان، بڵێ بزانم دنیا بە دەس کێوەیە؟

خانئاپۆیش دانیشت. قوربان وتی:

ــ پەیامێکم لە لایەن جەنابی فەربەخشەوە هێناوە!

ــ دەی!! چ پەیامێک؟!

ــ ئەیەوێ چاوی پێت بکەوێ، ئەویش هەر ئەمشەو!

ــ بۆ وا بە پەلە؟!

ــ کارەکەی پەلەیە! وتی بە ناونیشانی ئەو شەوەی لە زەماوەن بڕیارتان دابوو.

ــ ئا، بەڵێ، لە بیرمە. بەڵام شوێنی دیدار کوێیە؟

بەلووچ وتی:

ـ وتی هەر کوێیەک سەردار دیاری بکات.

ـ چۆن؟!

گوڵمحەمەد ڕوانیە مامی. خانئاپۆ ڕووی لە قوربان بەلووچ کرد و وتی:

ـ چی ڕووی داوە قوربان؟!

قوربان لە وەڵامدا وتی:

ـ بۆنی خۆش ناکەم، خانئاپۆ!

ـ باشە دەی! بۆمان باس بکە!

قوربان وتی:

ـ وا بۆن ئەکەم بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ ئێوە یەکیان گرتووە!

گوڵمحەمەد پرسی:

ـ کێ؟ ئەزانی کێ و کێ یەکیان گرتووە؟

بەلووچ وتی:

ـ ئاغەکان، تا ئەو جێگەی دەرئەکەوێ ئاغەکان.

ـ بەس ئاغەکان؟

ـ ئاغەکان و! حکوومەت!

ـ باشە! ئەی فەربەخش ئیتر چ کارێکی بە من هەیە؟!

ـ نازانم، نازانم!

ـ داو و تەڵەیە؟!

ـ نازانم!

گوڵمحەمەد چاوی بڕییە چاوە ڕەشەکانی بەلووچ و وتی:

ـ لە تۆ ئەپرسم قوربان! فەربەخش داوی بۆ ناوینەتەوە؟!

بەلووچ خۆی لە بەرامبەر نیگای گوماناوی گوڵمحەمەددا ڕاگرت و وتی:

ـ خودی فەربەخش! پێم وانییە، بەڵام بەو جۆرەی من تێگەیشتووم شیرازەی کارەکان خەریکە لە دەس فەربەخش دەرئەچێ! ئەگەر داو و تەڵەیەک لە ئارادا بوایەت شوێنی دیداری

نەئەدایە دەس سەردار. یەکی دیش ئەوەی کە فەربەخش بە بێ چەک دێت. تەنها و بە بێ چەک!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەمەوێ تۆیش لەگەڵ بی لەوێ!

بەلووچ بۆ بەرپەرچدانەوەی بەدگومانیەکەی گوڵمحەمەد هیچی دەرنەخست. نووکی سمێڵی لە سووچی لێوی سەرەوەی سوو و بێدەنگ بوو. بێدەنگی بۆ تاوێک ئەو ناوەی داگرت. خانئاپۆ ڕوانیە بەلووچ و گوڵمحەمەد. هەر دووک سەریان داخستبوو و دیار بوو تووشی دارەتێکی دژوار بوون. گوڵمحەمەد تووشی تاودانەوەی بەدگومانی خۆی لە بەلووچ و، بەلووچ تووشی کارگەرێتی بەدگومانیەکەی گوڵمحەمەد لە سەر خۆی. خانئاپۆ هەقی بە هەر دوو لایان ئەدا. هەم هەقی بە گوڵمحەمەد ئەدا بەدگومان بێ و هەم هەقی بە بەلووچ ئەدا دڵی بڕەنجێ. هەرچەند کە بەلووچ لە شک و گومانەکەی گوڵمحەمەد زویر ببوو و دڵی ئێشابوو، بەڵام گوڵمحەمەدیش نەی ئەتوانی بەدگومان نەبێ. بەلووچیش -بە بۆچوونی خانئاپۆ- ئەبوایە لەوە تێبگات و مسۆگەر تێش ئەگەیشت. ئەم بەدگومانیەش نەئەبوایە بەلووچ زیز بکات و -دیسان بە گومانی خانئاپۆ- ئەمە شتێک بوو کە خودی بەلووچ ئەیتوانی و ئەبوایە تێی بگات. جا بۆ ئەوەی ئەو ئەگەری دڵێشانە تێک بشکێنێ، خانئاپۆ ڕووی کردە بەلووچ و پرسی:

ــ لەسەر ڕێ ڕەنگە بە خورسوفدا تێپەڕیت، ئەرێ؟

بەلووچ ڕوانیە خانئاپۆ، بە کاوەخۆ سەری لەقاند و وتی:

ــ لەوێوە تێپەڕیم، بەڵێ!

بەلووچ لەوە زیاتری نەوت. بڵقیس کتری و پیاڵەکانی هێنا. خانئاپۆ کترییەکەی لە بڵقیس وەرگرت و لێگەڕا ئەو خۆی پیاڵەکان ڕیز بکات. بڵقیس پیاڵەکانی ڕیز کرد. سفرەی قەندەکەی کردەوە و خستیە ناوەڕاست. گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و جارێکی دی، بە هەمان مایە لە نامۆیی بە بەلووچی وت:

ـ شەو لە قەڵامەیدان! خۆت و فەربەخش! بێ چەک، تێگەیشتی؟!

دەنگی گوللە. دیسانەوەش دەنگی گوللەیەکی دی بە دەم باوە گەڕا. پیاوەکان ڕاسان و لە ڕەشماڵ دەرپەڕینە دەرەوە. شێرۆ لە لای بیری ئاوەکەوە بە هەڵاتن بەرەو ڕوویان هات. بە چەپۆک دای بە ڕوومەتی خۆیدا و هاواری کرد:

ـ رانەکە! ڕانە غەوارەکە، لە ناو ڕانەکەوە!

تفەنگەکان دەستاودەستیان کرد. پیاوانی چەکدار، مەگەر ئەوانەی کە لەگەڵ خانمحەمەد و هەڤاڵانی ڕۆیشتبوون، دەسبەجێ خۆیان ساز کرد و ئامادە بوون. گوڵمحەمەد چۆخەی بە لایەکدا هەڵدا. شوێنی تێک هەڵچوون ون و پێوار نەبوو. لە دەوروبەری بیری ئاوەکە بوو. پیاوانی چەکدار سینەیان بە سینەی باوە لە هەموو لاوە فڕکەیان کرد. ئەو ئەسپانەی محەمەد ڕەزای گوڵخانم بردبوونی بۆ گەڕان، سڵیان کردبوو و بەرەو ڕەوەند ئەهاتنەوە. بەگمحەمەد دیار نەبوو و هەروەها محەمەد ڕەزای گوڵخانمیش. فەرتەنەی با لە ناکاتی پاشماوەی خۆڵەمێشی ئێوارەدا بەرەگەی ڕوانینی تەنیبوو. جارێکی دی هێرش.

چەکدارەکان لە دوو لاوە هێرشیان ئەبرد بۆ ئەوەی وەکوو بازنە گەمارۆی بیرەکە بدەن. لە نێوان دوو دەستەی چەکداردا، گوڵمحەمەد و خانئاپۆ لەگەڵ چەخماخ و شێرۆ، ڕاست بەرەو بیرەکە ئەرۆیشتن. زیوەر، بلْقیس و قوربان بەلووچیش بە دوایاندا. جارێکی دی بێدەنگی باڵی کێشابوو و با هیچ دەنگێکی لەگەڵ خۆی نەئەهێنا. تەقە. جارێکی تریش. قوربان بەلووچ هەڵاتە پێشەوە، قۆڵی گوڵمحەمەدی گرت و ڕایوەشاند:

ـ من! من با بڕۆم، گوڵمحەمەد!

ڕانی بێگانە ڕەمی کردبوو و بە دەم باوە بڵاو ببوویەوە. دەوروبەری بیرەکە چۆڵ بوو. محەمەد ڕەزای گوڵخانم لە خاک و خۆڵ گەوزابوو و ئەی نەڕاند. خانئاپۆ هەڵات بۆ لای و هەواڵی

بەگمحەمەدی پرسی. محەمەد ڕەزای گوڵخانم دەستی بۆ لای ڕانەکە ڕاداشت و وتی:

ــ لەوێوە، لەوێوە سەریان هەڵدا. لەپڕ دەسڕێژیان لێکردین. بەگمحەمەد یەکیانی پێکا. خۆم بینیم کەوت. لە سەر ورگی گردەکە. ڕان! ڕانەکە...

خانئاپۆ چۆکی لە سەر خاکەکە هەڵگرت و لە ناو وژەی بادا هاواری کرد:

ــ ڕانەکە بڵاوە پێ بکەن، پەزەکان بتەرێنن! زیندوو، بە زیندوویی ئەمەوێ! پشت گردەکە، پشت گردەکە!

پێی پەتی بەگمحەمەد هێشتاش ئاوی لێ ئەتکا و ڕەنگی زەقی خەنە بە قاچیەوە ڕەشی ئەکردەوە. گوڵمحەمەد تیژ دەرپەڕی و خۆی گەیاندە لای براکەی لە لیژایی خۆڵەکلۆ، بە سینەدا ڕاکشابوو. دەستی بە شان و کاکۆڵی براکەیدا هێنا و ڕایشەکاند:

ــ ئا، بەگمحەمەد، چی بوو؟

بەگمحەمەد چاو و نیگای لە بەرامبەرەکەی نەئەگواستەوە. لە سەر لێژایی خۆڵەکلۆ بە سینەدا ڕاکشابوو و چاوی بە سیپەی برنەوەکەیەوە بوو. گوڵمحەمەد جارێکیتر، بێ ئارام و بێ ئوقرە چنگی لە کاکۆڵی خەنەیی براکەی وەردا و نەڕاندی:

ــ قسە بکە بێپیر، خۆ نیوە گیانت کردم!

ــ تیریان بە فیڕۆ چوو، کاکە گیان! تیریان بە دەم باوە کەوانەی کرد. پەلەیان کرد لە تەقەکردندا! بەخت یارم بوو. دەسبەجێ یەکیانم خست. ناوچەوانیم هەڵدا بە حەوادا! بەڵام یەکیان هەڵات. شوان بوون.

ــ بەس دووان بوون؟

ــ من بەس ئەو دووانەم بینی، مەگەر لەو پەنا و پەسێرانە خۆیان حەشار دابێ.

خانئاپۆ دەرەلنگی تەرمێک، کە پێ ئەچوو هێشتا گیانی

تیامابێ گرتبوو و بە سەر درک و داڵەکەدا ڕای ئەکێشا:
ــ دەستت نەڕزێ مامە گیان. دەست و پەنجەت نەوەرێ، دەس خۆش، دەس خۆش!
گوڵمحەمەد لە لای براکەیەوە هەڵسا و چوو بە پیری مامیەوە. خانئاپۆ کەلاکەکەی هەڵدایە بەرپێی گوڵمحەمەد و وتی:
ــ خۆیەتی، نەورۆزبەگی زۆڵەزا! خۆی وەکوو شوانەکان لێکردووە!
گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی بتوانێ نەورۆزبەگ بناسێتەوە، لە لای سینەیەوە چۆکی دادا و تێی ڕوانی. لای ڕاستی ڕوخساری نەورۆزبەگ هەڵگیرابوو. گوڵمحەمەد هەڵسا و وتی:
ــ بلێ ڕانەکە کۆ بکەنەوە!
خانئاپۆ هاواری کرد:
ــ ڕانەکە خڕ بکەنەوە!
چەند چەکدار ڕانەکەیان قاودا، کۆیان کردنەوە و دایاننە بەر. لە پشت تۆز و خۆڵی سمی پەزەکانەوە، دووەمی ئەهێنرا. تفەنگەکەی بە دەست قوربان بەلووچەوە بوو و شێرۆ گرێی ئەو شاڵەی بە دەستەوە بوو، کە دەستی کابرای پێ بەسترابوو. با و لێلایی ئەوەندە خەست بوو لە چەند گەزەوە ڕوخساری کابرا نەئەناسرایەوە. بەس ئەوەندە دیار بوو چۆخەیەکی کۆنەی لە بەر دایە و کلاوێکی شڕۆڵەی تابن گوێ و سەر برۆکانی داکێشاوە. بە هەورازی خاکە کلۆکەدا هاتنە سەر، گوڵمحەمەد توانی دلاوەر بناسێتەوە.
بلقیس بەس ئەوەندەی بە دلاوەر وت:
ــ دەک نمەکی دەستم کوێرت کا، جەوان!
نە نەفرینی بلقیس و نە کاردانەوەی ناباوەڕانەی گوڵمحەمەد و نە خێسە و ددانەچیرەی تووڕەی خانئاپۆ، هیچکامیان نەیتوانی تاودانەوەیەک لە نیگای دلاوەردا بەدی بهێنێ. چاوە مەڕیەکانی

دلاوەر ئەتوت ڕچاوە. هیچ هەستێکی لە خۆی دەرنەئەبڕی. بەگمحەمەد بە ئاخێزێک یەخەی دلاوەری گرت، بەڵام قۆڵی بەر پلی براکەی کەوت و گێڕدرایەوە. دلاوەر هەروا ڕاوەستابوو و وەکوو مناڵێکی حەپەساو، زەق و سارد لە گوڵمحەمەدی ئەڕوانی.

ــ ئیتر کێتان لەگەڵ بوو؟

دلاوەر وەڵامی گوڵمحەمەدی نەدایەوە. گوڵمحەمەد بەرەو ڕەوەند کەوتە ڕێ و بە خانئاپۆی وت:

ــ لەبن زمانی دەربهێنە کێ ناردوویەتی؟

پاشان هەنگاوی سست کرد و وەستا. بەرەو کەلاکەکەی نەورۆزبەگ چوو. دانەویەوە، دەمانچەکەی لە بەر پشتێنەکەی دەرهێنا و وتی:

ــ ئەم سەگەش بنێژن!! تۆ لەگەڵ من وەرە قوربان!

قوربان بەلووچ لە شانی گوڵمحەمەدەوە کەوتە ڕێ. گوڵمحەمەد جارێکی دی خاوی کردەوە و بە کەسەکانی وت:

ــ لە هەموو لایەکەوە کێشک دابنێن، ئەمانە پاشەڕۆکیان هەیە!

گوڵمحەمەد و بەلووچ کەوتنە ڕێ. بڵقیس و شێرۆش. بەلووچ خامۆش بوو و گوێی ڕادێرابوو گوڵمحەمەد چی پێ ئەڵێ. بەڵام گوڵمحەمەد تا لای چڵەبەنان هیچی نەوت. چوونە ژوورەوە و دانیشتن. گوڵمحەمەد لە شوێنی پێشووی و بەلووچیش لای باوڵەکەوە. گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە چاوەکانی بەلووچ بڕوانێ، پرسیاری کرد:

ــ بە دەستی بەتاڵ! بۆ چووی بەرەو سینەی تفەنگی گەرم؟!

بەلووچ بەو جۆرەی وەک بڵێی پێشتر بیری لە پرسیارەکەی گوڵمحەمەد کردبێتەوە، وتی:

ــ ئەگەر نەڕۆیشتبام هەتا مردن ئاسوودە نەئەبووم!

ــ بۆ، لە بەر چی؟!

بەلووچ بە پێکەنینێکی پڕ لە خاکەڕایی وتی:

ــ ئەزانیت و ئەپرسی سەردار! ئەم بێغیرەتانە ڕاست ئەو کاتەی من گەیشتمە ڕەوەند و لەگەڵ تۆ گفتوگۆم ئەکرد، هێرشیان هێنا. خافڵگیر و لەنکاو. ئەبێ بڕۆم و خێرێک بکەم وا بە باشی کۆتایی هات. ئەگەر شتێک بقەومایەت، نازانم چیم بە سەر خۆم ئەهێنا. نازانم چی ئەبوو؟ نازانم چۆن ئەمتوانی بەدگومانی تۆ بڕەوێنمەوە. ڕاستەکەی چۆن ئەمتوانی بە ئێوەی بسەلمێنم هاتنی من بۆ ڕەوەند، پەیوەندی بە کاری نەورۆزبەگی زۆڵەزاوە نەبووە؟

گوڵمحەمەد ڕوانیە بەلووچ و وتی:

ــ هێشتاش باوەڕ ناکەم! هێشتاش ناتوانم باوەڕ بکەم کە هاتنی تۆ و ئەو خەنجەرەی نەورۆزبەگ ئەیویست لە پشتەوە لێمان بدات، پەیوەندی پێکەوە نەبووبێ!

هەژار و هەڵچوو، بەلووچ وتی:

ــ ئەڵێی چی سەردار، چیم پێ ئەڵێی؟ چاوەکانم بە بارمتە دائەنێم! دەستەکانم ئەبڕمەوە، سوێندت بۆ ئەخۆم! سوێندت بۆ ئەخۆم نامەرد و ناپیاو نیم! گوناحە بەو جۆرە لە سەر من بیر بکەیتەوە! لە ژیانمدا دژی دوژمنەکەشم ناجوامێرانە دەستم بەرز نەکردۆتەوە. منت چۆن ناسیوە تۆ، سەردار؟ منت چۆن ناسیوە؟!

بەلووچ بە ئاشکرا تووڕە ببوو. ڕەنگی ڕوخساری گۆڕابوو و هێوری خۆی لەدەس دابوو:

ــ خەریکی جنێوم پێ ئەدەی سەردار، جنێو! هیچ ئاگات لە گوتەکەی خۆت هەیە؟ سەد ساڵیتریش نابێ بەو جۆرە لە سەر من بیر بکەیتەوە، نەء، هەرگیز! من نانی سفرەی تۆم خواردووە. تۆ متمانەت بە من کردووە و بەڵێنی هاوڕێیەتیت لە من وەرگرتووە. بەڵام! بەڵام! ئەوەتا! ئەبینم بە لاواز سەیرم ئەکەی، گوڵمحەمەد. سەیری ئانیشکە دڕاوەکەم ئەکەیت و بە بێ سەروپا دام ئەنێیت و جنێوم پێ ئەدەی! نەء، ئەمە ڕەوا نییە. جنێو و بوختان لە من ناوەشێتەوە! ئەمە نادادگەرییە، ڕەوا

نییە. تۆ منت بە چۆخەی کێ پێواوە، منت لە جێی کێ داناوە، گوڵمحەمەد؟! تۆ پێت وایە من لەم دنیایەدا بەس مشکەکوێرەم، هەروا بەرەڵڵا و سەرگەردان بم؟ بێکەس و ناکەسم؟ نەخێر سەردار! بەو جۆرە سەیری من مەکە، ناڕەوایە. خۆیشت ئەوە ئەزانی. خۆیشت من ئەناسی و پێشتریش منت ناسیوە. بەس تۆ خۆیشت منت ناسیوە، خودی تۆ! نەخێر گوڵمحەمەد، قوربان قۆچ هێشتا نەبووە بە بزن! نەبووە بە ڕێوی و کەریش نەبووە! من تا ئێستاش لە سەر پێی خۆم ئەڕۆم بە ڕێگەدا و بە چاوی خۆم سەیر ئەکەم! ئەبینم و ئەزانم. ئەزانم گوڵمحەمەدی کەلمیشی کێیە و چی ئەکات لەم مەڵبەندەدا! تۆیش ئەزانی قوربان بەلووچ چی کردووە هەر لەم مەڵبەندەدا. لانیکەم هەواڵەکەی، ناو و ناوبانگت بیستووە! پێنج دانەساڵی ڕەبەق من بە شاخەوە بووم، لە شاخ خەوتم و خەوم لە ستەمکار حەرام کردبوو. ئێستەش! ئێستەش ناتوانم ڕێگە بدەم گوڵمحەمەد من و نۆکەرێکی سپڵە بە دارێک لێ بخوڕێ! نەخێر، ناتوانم ئەوە قبووڵ بکەم. چی ڕووی داوە کە بەو جۆرە سەیرم ئەکەی؟ چی بووە؟ بەس لە بەر ئەوەی من مرۆڤێکی ملبەکوێنم و خۆم هەڵناکێشم؟ ئەرێ؟ یان پێت وایە کە من ڕەمەکی لەم دنیایەدا ئەژیم و هیچ مەبەستێکم نییە؟ چۆن بیر ئەکەیتەوە گوڵمحەمەد؟ بە گومانی تۆ من لەم دنیایە بە دوای چیدا ئەگەڕێم، بە دوای هیچ و پووچ دا؟ من کێم گوڵمحەمەد؟ گەدەیەک؟ نۆکەرێکی بەر دەرگای ماڵی بوندار؟ ئای! چۆن دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم، چۆن، سەردار؟

بەلووچ هەڵسابوو و لای دەریزانی ڕەشماڵەکە ڕاوەستابوو و دەستی بە ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەوە گرتبوو، چاوە گڕگرتووەکانی لە تاریکی بیابانی بەردەم بڕیبوو. بڵقیس بە فانۆسی هەڵکراوەوە هات. بەلووچ هەروا ڕاوەستاو لە ناو دەریزانەکەدا، فانۆسەکەی لە بڵقیس وەرگرت. بڵقیس پرکێشی نەکرد بچێتە ژوورەوە. وەرگەڕا و دوور کەوتەوە. بەلووچ ڕووی لە گوڵمحەمەد

کرد، فانۆسەکەی دانا، سەر و شانی ڕاتەکاند و لای باوڵەکەوە دانیشت.

گوڵمحەمەد سەرپەنجەکانی هەر دوو دەستی نابوو بە یەکەوە، سەری داخستبوو و، خێسەی لە بەڕەکە، خامۆش بوو. بەلووچ نیگای لە ناوچەوانی گوڵمحەمەد و ڕەگی شاوڵی و دەرپەڕیوی پیاوەکە بڕیبوو و ئەیویست دەروونی شەڵەژاوی خۆی هێور بکاتەوە. گوڵمحەمەد نیگای لە سەر بەڕەکە هەڵگرت و زەق لە ڕۆشنایی فانۆسەکەی ڕوانی و لەسەرخۆ وتی:

ــ من تۆ ئەناسم، پیاو. من تۆ ئەناسم. ئەو ڕۆژگارەی کە تۆ شەو و ڕۆژت لە چیای شیروان بووی، من ڕەنگە تەنها ناوی تۆم بیستبوو و قەتیش پێم وانەبوو ڕۆژێک دابێ کە خۆیشم لە دۆخی ئەو ڕۆژانەی تۆدا ببینم. ئەو سەردەمە و ئەو ساڵانە مێرمنداڵێکی شوانکارە بووم و پاشانیش بووم بە سەرباز. سەربازێکی ساویلکە کە بڕوای بە درۆی هەموو درۆزنەکان ئەکرد. بەڵام ئێستە! ئەوەتا خۆت ئەبینی و ئەزانی بە چ شێوەیەک خەریکن تەنگم پێ هەڵئەچنن. خەریکن وام لێ ئەکەن بە براکەشم، بە چاوەکانی خۆشم بڕوا نەکەم. خەریکن لە هەموو شت و هەموو کەس بەدگومانم ئەکەن. ئەیانەوێ بەو بەدگومانیەی خۆم کەوڵم بکەن. هەڵمەچۆ قوربان، هەڵمەچۆ! بۆ ساتێک بیری لێ بکەرەوە، بیری لێ بکەرەوە! تۆ دێی بۆ هەوارگەی ئێمە و ئەکەویتە گفتوگۆ لەگەڵ من دەربارەی سەرۆکی جەندەرمە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دوو دانە شوان لە زەوی هەڵئەقوڵن و تەقە لە براکەم ئەکەن. یەکێک لەو دوو شوانە دەرئەکەوێ نەورۆزبەگە و ئەویتریشیان دلاوەر! دلاوەر کێیە؟ دلاوەر ئەو کەسەیە کە شان بە شانی تۆ لە ماڵی بابقولی بوندار گەدەیی و بێگاری ئەکات. جا بۆ ساتێک خۆت بخەرە جێی من! دوو کەس لە پیاوەکانی ماڵی بوندار دێن بۆ ڕەوەندەکەی ئێمە. یەکیان پەیامی ئاشتی بۆ گوڵمحەمەد ئەهێنێ و ئەویتریان لە هەمانکاتدا تەقە

لە براکەی گوڵمحەمەد ئەکات! تۆ قوربان بەلووچ، ئەگەر لە شوێنی گوڵمحەمەدی کەلمیشی بوایەتی چۆن بیرت ئەکردەوە؟ چۆن بیرت ئەکردەوە و گومانت بۆ ئەوە نەئەچوو کە کەوتوویتەتە ناو داوەوە؟! من ئیدی بە کێ و بە چی بڕوا بکەم لە کاتێکا کە ئەبینم بە دەستێک کاکۆڵم نەوازش ئەکەن و بە دەستێکی دی خەنجەر ئەخەنە سەر گەرووم؟! ئەوە نییە کاتێکە ئەیانەوێ مەڕێک بکەن بە قوربانی بە دەستێک ئاو ئەکەن بە دەمیەوە و بە دەستێکیتر قوڕقوڕاچکەی ئەبڕن؟ کەممان بینیوە کە ئەمکارە بە یەک دەست کرابێ؟ تۆ خۆت کەم لەو دەستانەت بینیوە؟...

پرسیاری ڕاست وەڵامی نەبوو. بە دوای گوتەدا، بێدەنگی بوو. گوڵمحەمەد بانگی کرد و داوای ئاوی کرد. شێرۆ ئاوی هێنا. گوڵمحەمەد ئاوەکەی خواردەوە و زەرکەکەی دایەوە بە شێرۆ و بێدەنگ بوو تا خوشکەکەی بچێتە دەرەوە. شێرۆ لە کۆنەکە چووە دەرەوە و گوڵمحەمەد لە درێژەی گوتەکەی خۆیدا وتی:

ـ گومانم لە تۆ نەکردووە قوربان، وا بیر مەکەرەوە! نەء! من قوربان بەلووچ ئەناسم و سەربردەشت ئەزانم. حەسابی قوربان بەلووچ لە دڕندەی وەکوو نەورۆزبەگ جیایە. هی وەک نەورۆزبەگ ئەو ساڵانەش کە دژی حکوومەت بوون، بەس بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان بووە و کاتێکیش تەنگیان پێ هەڵچنراوە، پاکانەیان کردووە و بوون بە نۆکەری ستەم و بێداد. من قوربان بەلووچ ناخەمە ڕیزی ئەوانەوە. حەز ناکەم شانی تۆ بگرێ کاتێکە من خەریکم بە دوای گرێی کارەکەی خۆمدا ئەگەڕێم و ئەمەوێ بیکەمەوە. تۆ خۆڕاگر و دڵفراوان بوویت قوربان، دیسانەوەش خۆڕاگر بە. من ئەتوانم لەوە تێبگەم کە چوار دیوارەکەی بابقولی بوندار بۆ قوربان قۆچ زۆر تەنگ و تاریکە. ئەتوانم لەوە بگەم کە دنیای قوربان قۆچ ئەتوانێ زۆر هێڵ و هەراوتر بێ. بەڵام! وەرە با هەردووکمان بیرمان بخەینە سەر یەک. هۆش و ئاوەزی من وام پێ ئەڵێ کە ئەوان، ئەو کەسانەی ویستوویانە بە پلەزیقان بچن بە بەرەوپیری سەری

براوی منەوە، هەم ئاگایان لە هاتنی تۆ هەبووە بۆ ڕەوەندی ئێمە و، هەمیش ئاگایان لە هاوشانی دلاوەری شوان و نەورۆزبەگی دز هەبووە! بۆیە دڵنیام کە هەم خاوی تۆیان بەستووە و هەم ویستوویانە منیش لە ڕێگەی تۆوە سەرقاڵ بکەن. جا مێشکی تۆ وەڵامی چییە؟

گوڵمحەمەد بە کۆتایی هێنانی قسەکەی چاوی لە دەمی بەلووچ بڕی و چاوەڕوان بوو. بەلووچ هیچی نەئەوت. خامۆش بوو و قانیع ببوو و ئەمە بۆ گوڵمحەمەد بەس بوو. بۆیە لەوە زیاتر چاوەڕێی نەکرد و نیگای گواستەوە. لەم کاتەدا شێرۆ لە ناو دەرگای ڕەشماڵەکەدا دەرکەوت و نیگای بۆ لای سەرەوە، وتی:

ــ هێنایان!

بەلووچ و گوڵمحەمەد چاویان بڕییە دەرگاکە. دلاوەری شوان بە زەبری قۆناخە تفەنگی خانئاپۆ فڕێ درایە ژوورەوە. خانئاپۆ بە دوای دلاوەردا پێی نایە ژوورەوە و دلاوەر کە بە سەرەوە ڕۆیشتبوو، هەڵسایەوە. خانئاپۆ بۆ سڕینەوەی تەپ و تۆز لە سەروچاوی دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا، داوای ئاوی کرد و وتی:

ــ چ بایەکی دژ و ناحەزە!

شێرۆ بۆ هێنانی ئاو ڕۆیشت و خانئاپۆ لە سەر لێواری باوڵەکە دانیشت. دەستی گرت بە کۆترەی ڕەشماڵەکەوە و لە دلاوەر مۆڕ بوویەوە. دلاوەر نزیکی ئەستوندەکەکە بەرامبەری وەستابوو و سڕییەکەی پێشووی چرچاوی گۆڕابوو بە شەڵەژان و پەرێشانی. ڕاست وەکوو تاوانکاران ڕەنگ و ڕووی پەڕیبوو و تێکشکابوو و وا دیار بوو لە باوەڕی پەرێشانیدا نیگای بە هەموو لایەکدا ئەسووڕێنێ.

خانئاپۆ زەرکی ئاوەکەی لە شێرۆ وەرگرت و وتی:

ــ لە بەری کاشمەرەوە هاتوون. نەورۆزبەگ خۆی داوای کردووە و سەروانێکی جەندەرمەش لەگەڵ ڕانەکە بووە کە هەڵاتووە. جەندەرمەشیان لەگەڵ بووە. دیارە وایان داناوە ئەوان

پاشتر تێکەڵ ببن، کە بۆیان نەچووەتە سەر و گەڕاونەتەوە.

خانئاپۆ زەرکی ئاوەکەی برد بۆ دەمی، ئاوی خواردەوە، زەرکەکەی دایەوە بە شێرۆ و وتی:

ــ سەروانەکەش جلی شوانی لە بەر کردووە. جەندەرمەکانی سەروان و تفەنگدارەکانی نەورۆزبەگ لەو بەر چەمەکە خۆیان حەشار داوە کە بە ئەماژەی سەردەستەکانیان هێرش بهێنن.

گوڵمحەمەد ئەماژەی بۆ دلاوەر، لە خانئاپۆی پرسی:

ــ ئەمە لە کاشمەر چ کارێکی هەبووە؟

خانئاپۆ لە وەڵامدا وتی:

ــ پسپۆریان بووە. نەورۆزبەگ داوای شارەزای لە بوندار کردووە و ئەویش دلاوەری لەگەڵ خستووە. پاش ئەم خزمەتەشی بڕیار وابووە بیکەن بە شوانی ڕانەکەی ئالاجاقی. لە سەر ڕێ، شوانەکانی ڕانی چەکنەمەیان گرتووە، ڕووتیان کردوونەتەوە، دەست و دەمیان بەستوون و هەڵیانداونەتە ناو چەمەکە! نەخشەی نەورۆزبەگ بووە کە سەروانی جەندەرمەش جلی شوان لە بەر بکات.

گوڵمحەمەد ڕوانیە دلاوەر و بە تەوسەوە پێی وت:

ــ بە ڕاستی! بە ڕاستی ئەبێ لە زێڕت بگرن، خۆش غیرەت!

خانئاپۆ وتی:

ــ سوورە لە سەر ئەوەی کە تەقەی نەکردووە!

دلاوەر ناخودئاگا، زمانی پژا و وتی:

ــ نەمتوانی، بە تیشکی ئەو چرایە نەمتوانی. ئەگینا من یەکەمجار بەگمحەمەدم بینی. بینیم کە سواری ئەسپەکە ئەبوو. من نەمتوانی، بە خواوەندی خوا نەمتوانی. من لە پێش نەورۆزبەگەوە بووم، بەڵام نەمتوانی. لە سەر جێگەی خۆمدا سڕ بووم کە دەنگی تفەنگەکەی نەورۆزبەگ ڕای شەکاندم. بەڵام! بەڵام دەسبەجێ بینیم کە بەگمحەمەد لە سەر ئەسپەکەوە بەربوویەوە. سەرەتا وامزانی پێکراوە، بەڵام لەپڕ لە بن ورگی

ئەسپەکەوە تەقە کرا و بینیم نەوروزبەگ فڕێ درا بە دوادا. من بەس توانیم خۆم هەڵدەمە ناو قووڵکەکە. سەروان هەڵات، بەڵام من! من هەر لەوێ مامەوە. بەخوا لە خۆم بێزار بووم و نەمویست ڕابکەم. قوربان و شێرۆشم کە بینی خۆم تفەنگەکەم هەڵدایە بەردەمیان. قوربان ئەزانێ. خوشکیشت ئەتوانێ شایەتی بدات. من! من خۆیشم نازانم چکارەم و لەم شەڕ و قڕەیەدا چیم ئەوێ. خۆیشم نازانم بە من چی و چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە!

دلاوەر بەهەر کلۆجێک بوو سەروبنی قسەکەی هێنایەوە یەک و لە کاتێکا چاوە خڕ و وردەکەی وەکوو دوو پووڵەکەی تەنەکە پرتە پرتیان بوو، چاوەڕێ مایەوە. گوڵمحەمەد ڕوانیە بەلووچ و وتی:

ــ پسپۆڕ! بابقولی بوندار ئەوی لەگەڵ شەیدا ناردبوو بۆ ڕەوەند؛ پسپۆڕ!

خانئاپۆ لە سەر باوڵەکە هەڵسا و بە گوڵمحەمەدی وت:

ــ ئێستە چی لێ بکەم. هەر ئێستە قوتاری کەم یان داینێم بۆ دوایی؟

لە وەڵامی خانئاپۆدا گوڵمحەمەد وتی:

ــ مەڕە؛ بیبە دەرەوە و بەرەڵڵای کە با بڕوات!

خانئاپۆ بەرەو دلاوەر چوو، چنگی لە شانی وەردا و بەر لەوەی بیخاتە ڕێ ڕووی لە قوربان بەلووچ وتی:

ــ ئێستە خەریکین تێ ئەگەین کە هەق بە خانمحەمەد بوو. خانمحەمەد هەمیشەی خوا ئێمەی لە تێکەڵبوون لەگەڵ بوندار وشیار ئەکردەوە. خانمحەمەد بە قەدەر سەرە دەرزییەکیش گومانی لەوەدا نەبوو کە بابقولی بوندار شیاوی دۆستایەتی نییە. خانمحەمەد تووڕە و تۆسنە، بەڵام کەس ناسە و زوویش بۆنی مەترسی ئەکات! وەکوو سەگ، وەکوو ئەسپ بۆنی مەترسی ئەکات و ئەی بیسێ. ئەمجار کامەمان ئەتوانێ گومان لە دوژمن

بوونی بونداری بێ نینۆکی بێ ئەمەگ بکات؟!

خانئاپۆ لەو بێدەنگیەی کە کەوتبوویەوە، دلاوەری بردە دەرەوە. لە هەمان کاتدا بلْقیسیش هاتە ژوورەوە و وەستا. گوڵمحەمەد ڕوانیە دایکی و بە بەلووچیٔ وت:

ـ کە وا بوو! ئێمە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوین. هەم لە لایەن دۆستانی دوێنێوە و هەم لە لایەن دوژمنانی هەمیشەمانەوە! دەی! قوربان، تۆ جەنابی فەربەخش چۆن ئەبینی، ئەو چ بارێکی پێیە؟!

بەلووچ وتی:

ـ تۆ خۆت ئەبێ لەگەڵی دابنیشی بۆ ئەوەی بزانی!

گوڵمحەمەد سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ ئەیبینم، ئەمشەو ئەیبینم!

شەوی قەڵامەیدان.

خۆف و تارمایی بێدەنگ. بێ چرکە. هەر بەرزایی و سەربانێک، جێ جێ و ناوبەناو پیاوێک بە تفەنگەوە وەستابوو. ڕێ بەندان لە سەر هەر پێچ و بوارێک، لە چەقی هەر ڕێگەیەکدا. پرسگە و ناوی شەو، گەڕان و پەڕینەوە. لە ناو ڕاستە کۆڵانەکە خانمحەمەد ڕاوەستاوە. لە سەر بانی قەراخ مەیدانی ئەستێرەکە بەگمحەمەد و لە حەوشەی سەراش، خانئاپۆ.

دەرگای سەرا کرایەوە و خانئاپۆ لە سەر سەکۆی بەرهەیوانەکە هەڵسا. فەربەخش و بەلووچ لە دالانەکەوە هاتنە ژوورەوە و خانئاپۆ چوو بە پێشوازیانەوە. بەس چاک و چۆنی، وەک بلێی گوت و بێژ قەدەغە کرابێ. پیاوەکان تەنانەت ڕوخساری یەکدیشیان بە باشی نەئەناسیەوە. هەر ئەوەندە دیار بوو کە فەربەخش پاڵتاوی درێژی سەربازی لە بەر دایە و چەناگە و بەشێک لە ڕوومەتی لە پەنای یەخەی پاڵتاوەکەیدا لە کزەی سەرما پاراستووە.

خانئاپۆ بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە هەشتیەکە پەڕیەوە و چووە کۆڵان. هەر بەو خامۆشیەش، فەربەخش و بەلووچ بە دوایدا کەوتنە ڕێ. هیچ دەنگێک، مەگەر دەنگی لێک خشانی ئاتەکەکانی پاڵتاوە سەربازییەکەی فەربەخش لە گێپەڕەی پۆستاڵەکانی نەئەبیسرا. بەلووچ و خانئاپۆ هەر دووک کلاشیان لە پێدا بوو و بە پێی نەریتی پیشەی خۆیان، نەرم و چالاک هەنگاویان ئەنا. کاتی پەڕینەوە لای ئەستێرەکە، لە نێوان بەگمحەمەد و خانئاپۆدا گوتەیەکی خێرا ئاڵوگۆڕ کرا کە بەلووچ توانی شتێکی تێبگات.

با ئاتەکەکانی پاڵتاوە درێژەکەی فەربەخشی ڕائەشەکاند و ئەیکوتا بە گێپەڕەی پۆستاڵەکانیدا. چەناگە و بەشێک لە ڕوومەتی فەربەخش لە پەنای یەخەی پاڵتاوەکەیدا شارابوویەوە و ون بوو. کلاوە سەربازییەکەی تا سەر برۆکانی دابەزاندبوو. ڕاستیەکەی فەربەخش هەتا ئێستە بەو جۆرە نەبینرابوو. بە بۆچوونی خانئاپۆ فەربەخش ئەمجارە لە هەمیشە جیاواز بوو و بە جۆرێکی دی خۆیای ئەکرد. بە جۆرێک کە خانئاپۆی کەلمیشی نەک هەر بوون و هەنگاونان و بێدەنگیەکەی بە ئاشکرا هەست پێ ئەکرد، نەخوازە هەستی بوونی فەربەخشی لە بەر گران بوو. ڕاستیەکەی فەربەخش لە چاوی خانئاپۆدا، هێز و دەسەڵاتی سەربازێکی لە ڕەفتاری خۆیدا ئەنواندەوە.

لە پەنای کەلاوەکەودا، سێ ئەسپی سپی ئامادە ڕاگیرابوو. محەمەد ڕەزای گوڵخانم لەغاوی ئەسپەکانی ڕاگرتبوو و لای خۆڵەمێشەکە ڕاوەستابوو. ئەسپێک بۆ فەربەخش، ئەسپێک بۆ بەلووچ و ئەسپێکیش بۆ خانئاپۆ. خانئاپۆ هەوساری وەرگرت و پێی لە زەنگۆ نا و دووانەکەی تریش وایان کرد و دایانە غار.

ئەوا بیابانی خامۆشی شەوانە و لاڕێ و با. شەپۆلی یاڵ و کلکی ئەسپان. تۆز و خۆڵی سمکوتی ئەسپەکان لە تاریکی شەو و بیاباندا ون ئەبوو. ئەوسا قووڵکە و چاڵ و بەرز، بەردەلان و دڕک و

داڵی پەڕاگەندە. با و بێدەنگی و سمکوتی ناهەماهەنگی ئەسپان و لوورەی ترسێنەری لە دوورەوە، لوورەی چەقەڵ و گورگان. هەرای زستان. ئەو زستانەی هەرچەند -هێشتاش- وشک بوو. هەوای زستانە، چونکە ڕانەکان وردە وردە ئەکرانە بن گەواشە و کوولی تەپەساران یان گەوڕ و ئاغەڵی ماڵان.

بڵێسەی ئەرخەوانی ئاگر لە بنی ناوەوەی ئاودڕی چەمە وشک. ئەبێ زۆری نەمابێ. بەرەوخواریی بەرووەوخواری گردەکە، ئاودڕێکی وشک و پاشان زێکە. با، حیلەی شەوەی ئەهێنا. ئەسپ بۆ بۆنکردنی بۆنی ئەسپ سەر و یاڵیان ڕائەوەشاند و سمیان لە بەرد ئەکوتا. با لە قووڵایی چەم و بەستێنەکەدا زۆر بە برەو نییە. ئەوەندەی مەگەر پارە کاکۆڵی ڕەشی گوڵمحەمەد بلەرێنێتەوە کە مۆڕەی لە ئاگرەکە لە سەر بەردێک دانیشتبوو.

ـ خۆمانین!

ـ دابەزن!

شەوە حیلەی خاو کردۆتەوە. ئاشنای بینیوە. دەنگێکی وەکوو ناڵین لە کامیەوە دێتە دەرەوە.

دەنگی قورسی دابەزین:

ـ جەنابی فەربەخشە، ئاپۆ گیان!! خۆمانین!

ـ ئەزانم، دانیشن!

بەرامبەر گوڵمحەمەد و لەو بەر ئاگرەکەوە فەربەخش لە سەر بەردێک دانیشت و دوگمەی زەردی لای خوارەوەی پاڵتاوەکەی کردەوە. گوڵمحەمەد بە چیلکەیەک ئاگرەکەی تێک وەرئەدا و خێسەی هەروا لە یاریی ڕەنگین و سەمەرەی بڵێسە و کڵپە بوو. فەربەخش دەستی برد بۆ باخەڵی پاڵتاوەکەی، قوتوە سیگارە زیوەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بەر لەوەی سیگار بۆ خۆی داگیرێنێ، لای ئاگرەکەوە، لە نزیک دەستی گوڵمحەمەدەوە ڕایگرت و بۆ کردنەوەی سەری گفتوگۆ وتی:

ـ لە ماندوو ئەچی، سەردار!

گوڵمحەمەد نیگای لە سەر ئاگرەکە هەڵگرت و وتی:
ــ دڵم ماندووە برا گیان!
فەربەخش هەروا قوتوە سیگارەکەی بۆ گوڵمحەمەد ڕاگرتبوو. گوڵمحەمەد -بۆ ڕواڵەتیش بووبێ- سیگارێکی هەڵگرت و لێگەڕا فەربەخش سیگارێک بۆ خۆی داگیرێنێ. فەربەخش سیگارەکەی هەڵکرد و تامەزرۆ و بەدڵ مژی لێدا، هەرچەند نیگای چاوەکانی گوڵمحەمەدی وەکوو دوو پووڵەکەی ئاگراوی لە سەر پێڵوەکانی خۆی هەست پێ ئەکرد.
ــ چیتان لە من ئەوێ ئێوە؟!
ــ ئێمە؟!
فەربەخش بە وشەی "ئێمە" وەڵامەکەی کۆتایی پێ هێنا و لەبڕی بەرسڤێکی ڕوونتر و کراوەتر، سەری بۆ لای بەلووچ و خانئاپۆ خوار کرد و تاوێکیش بەو جۆرە مایەوە. قوربان بەلووچ و خانئاپۆ، بە ئەنقەست دوورتر لەوان و لای بەستێنی چەمەکە خۆیان لە با پاراستبوو. پاشان فەربەخش ڕوانیەوە گوڵمحەمەد و وتی:
ــ من بۆ ئێرە، بۆ ماڵاوایی هاتووم بۆ لای تۆ!
ــ ماڵاوایی؟!
ــ با بێ پەردە بیڵێم. خەریکن لێرە دەرم ئەکەن. گواستنەوە؛ بەڵام لە ڕاستیا، گەسکم ئەدەن! هاتم ئەمەت پێ بڵێم. بتبینم، ماڵاوایی بکەم و بڕۆم.
گوڵمحەمەد هیچی نەئەزانی و وەها وڕ ببوو، ئەتوت چاوەڕێی هەموو هەواڵێکی لە لایەن فەربەخشەوە ئەکرد، ئەمە نەبێ. فەربەخش لە بێدەنگی گوڵمحەمەددا بە ناچاری شوێن قسەکەی خۆی گرت و وتی:
ــ بەدگومانی، ئەزانم. گومانت تەنانەت لە منیش هەیە. هەتبێ، هەقتە. بەڵام من هاتووم سوێندت بۆ بخۆم دژی تۆ و بەدخوازی تۆ نەبووم. هەرگیز! نەک هەر دژت نەبووم، بەڵکوو

لایەنگریشت بووم. ئەوەیان بە خۆتە بڕوا بکەی یان بڕوا نەکەی. بەڵام بەم ڕووناکیەی خوا سوێندت بۆ ئەخۆم فەربەخش نەیار و ناحەزی گوڵمحەمەد نەبووە.

گوڵمحەمەد چاوی لە ئاگرەکە بوو و خامۆش بوو. وا دەرئەکەوت نایەوێ بە تێڕوانین لە چاوەکانی فەربەخش ڕەوانبێژی گوتەکەی تووشی لەنگی بکات. لە هەمانکاتدا لەوەش خافڵ نەبوو کە خامۆشیەکەی ئەو ئەیتوانی ئەو گومانە لە لای سەرۆکی جەندەرمە دروست بکات کە بڕوای بە قسەکانی نییە و گرنگی پێ نادات. سەرەڕای ئەمەش فەربەخش ـئەتوت‌ـ بۆ وتنەوەی هەندێ قسە هاتبوو و لە هەر دۆخ و بارێکدا ئەبوا قسەکانی خۆی بڵێ:

ــ ئەگەر نەهاتبام و لەگەڵت قسەم نەکردبا، ئاسوودە نەئەبووم. چونکە دڵنیام دڵت لێم ڕەش ئەبوو و هەروا ئەمایتەوە. بۆیەش هاتم. هەرچەند بە بیانووی ئەوەی بۆ دواجار سەرنجی تۆ ڕابکێشم، بەڵام هێشتاش دڵنیا نیم کە بە گران لەسەرم نەکەوێ. گیرام بە گرانیش تەواو ببێ، بە جاری جەهەننەم. کاتێکە لێرە بڕۆم لانیکەم ویژدانم ئاسوودە ئەبێ. ڕەنگە قورسیی باری ویژدان ئازارم نەدات. لانیکەم! لانیکەم بمهێڵە دڵم بەم خۆفریودانە خۆش بێ!

گوڵمحەمەد سەری بەرزکردەوە و لە بەر ڕووناکی وازیی بڵێسەکاندا لە ڕوخساری هەڵچووی فەربەخشی ڕوانی. فەربەخش لە سەر شانی گوڵمحەمەدەوە، ئەیڕوانیە بیابانی نووتەک و کیسی بن چاوەکانی جارجارە بە شێوەیەکی نەئاشکرا ئەپەڕین. ساتێک بە بێدەنگی ڕابرد. پاشان وەک لەگەڵ یەکێکی نەدیو و پێوار بدوێ، فەربەخش وتی:

ــ ئاخر! منیش سەردەمایەک! پیاوێکی ئارەزوومەند بووم، سەردەمایەک! نەزۆریش دوور!

ــ ئەیانەوێ بمکووژن، وایە؟!

فەربەخش بە چەکوشی پرسیارەکەی گوڵمحەمەد هاتەوە بە خۆیدا و ناخودئاگا قنچکە سیگارەکەی هەڵدایە ناو ئاگرەکە و بە بێ ئەوەی بڕوانێتە چاوەکانی، وتی:

ــ بەڵێ، ئەیانەوێ بتکوژن!

ــ تۆیش! تۆیش بۆیە خۆت لە قڕەکە دوور ئەخەیتەوە؟ بۆ ئەوەی لەو پیلانە چەپەڵەدا بەشداری نەکەی؟!

ــ بەڵێ، لە بەر ئەمە! تەنها کارێک کە ئەتوانم بیکەم. تەنها کارێک کە تا ئێستە توانیومە بیکەم هەر ئەمە بووە!

گوڵمحەمەد ئیتر گفتوگۆکەی بەو شێوەیە درێژە پێ نەدا، ناخودئاگا دەستی بە ناو بڵێسەی ئاگرەکەدا گێڕا و وەک لەگەڵ کەسی نەبێ، وتی:

ــ خۆ من بۆ ئەم خەڵکە خراپ نەبووم!

دەرفەتی بە ئەگەری کاردانەوەی فەربەخش نەدا و وەک بڵێی بۆ ساتێک خەریک بووە خۆی لە بیر بکات، هاتەوە بە خۆیدا و خاچ لە چاوەکانی فەربەخشی ڕوانی و وتی:

ــ بەگمحەمەدی ئێمە ـدەستی نەوەرێـ ئەمڕۆ ئێوارە نەورۆزبەگی سەگ ڕەوشتی نارد بۆ دۆزەخ! نەورۆزبەگ ویستبووی دەسپێشخەری بکات بۆ ئەوەی بەڵکوو خوێنبایی سەری بڕاوی ئێمە لە میری وەربگرێ. ئەمەوێ بزانم تۆ ئاگات لەم پیلانە هەبووە؟!

ــ من ئاگام لەو کارە نەبووە!

فەربەخش لە وەڵامی گوڵمحەمەددا دەسبەجێ ئەمەی وت و پاشانیش بە شێوازێکی تر درێژەی بە گوتەکەی دا:

ــ بەڵام! ئاگام لەوە هەیە کە ئەیانەوێ گوڵمحەمەدی سەردار بکوژن! ئەم فەرمانە دەمێکەیە بە من دراوە! بەڵام من ـبە ڕای ئەوانـ لێوەشاوە نەبووم یان کەمتەرخەمیم کردووە! هەرچی چۆن بێ، سەرتیپ فەربەخش لە بەر ئەوەی نەیتوانیوە ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات، ئەگوازرێتەوە. ڕەنگە ئەم گواستنەوەیە،

تڕۆبوون و پلە دابەزاندنیشی بە دواوە بێ. بەڵام ئەوەیان بابەتێکی ترە. ئەوەی کە گرنگە بوتری ئەمەیە کە سەرهەنگێکی شارەزا و جەنگ دیدە لە شوێنی سەرتیپ فەربەخشی بێ کەڵک دائەنرێ. جا ئیتر نازانم چیم هەیە بۆتی بڵێم یان چ کارێک هەیە کە من بتوانم بۆتی ئەنجام بدەم!

ـ ئەتەوێ باسەکە ببەیتەوە بۆ پاکانە و بوورین؟!

ـ نەخێر!

لە وەڵامی پرسیارە کتوپڕەکەی گوڵمحەمەددا، فەربەخش چاوترووکانێکیش ڕانەوەستا. وتی "نەخێر" و هەرواش چاوی لە چاوی کابرای دەشتەکی بوو. گوڵمحەمەد پرسیاری کرد:

ـ لەبەر چی؟!

فەربەخش وتی:

ـ چونکە دەمێکەیە لەوە تێگەیشتووم کە باسی پاکانەکردن لەگەڵ تۆ کارێکی بێهوودەیە. سەرەتاش وتم من بەو بیانووە هاتووم بۆ لای تۆ. بەڵام ئەوە تەنها بیانوویەک بوو بۆ هاتن! من لەم ماوەیەدا توانیومە بە ئەندازەی هۆشی خۆم تۆ بناسم. هەڵبەت من نەمتوانیوە دژی ئەو پێشنیارە ڕاوەستم و دژایەتیشم نەکردووە. تەنانەت لەگەڵ پیلانی کوشتنی تۆ بەدەستی مامیشت نەیار نەبووم. بەڵام پێشنیاری پاکانەکردن لە لای من هەمیشە نەگونجاو بووە و لە لای خۆم ڕوون بووە و ڕوونیشە. لە بەر چی؟ چەنکە ئەو گوڵمحەمەدەی من دیومە و ناسیومە پیاوی ئەوە نییە ببێ بە تفەنگداری میری. ناتوانێ ببێ بە شتێکی وەکوو نەورۆزبەگ، سەید شەرزا یان تەنانەت سەردار جیهەن!

گوڵمحەمەد چەند خولەکێک بە بێدەنگی لە چاو و ڕوخساری سەرتیپ فەربەخش ڕاما و پاشان پرسی:

ـ گوڵمحەمەدت بەو جۆرە بینیوە یا ئارەزووت کردووە و دڵت پێوە بووە گوڵمحەمەد بەو جۆرە ببینی؟!

ـ هەر دووکیان!

وەڵامی فەربەخش خێرا و چالاک بوو و ڕەمیوی شێوازی گفتوگۆکە چیلکەیەکی هەڵگرت و ناخودئاگا کەوتە تێکوەردانی ئاگرەکە. گوڵمحەمەدیش لەوە زیاتر زۆری بۆ نەهێنا، هێور بوویەوە و وتی:

ـ نرخت ئەزانم. بڕوام بەوە هەیە لەم ماوەیەدا هاوڕێی من بوویت. هاوڕێیەتی و لەگەڵ هەڵکردن. سەرەتا بڕوام بەو فیشەکانە نەبوو بۆت ئەناردم. بەڵام ئێستە! نرخیان ئەزانم. نرخی تۆ و هەڤاڵەتی تۆش ئەزانم. هەڵسە با بڕۆین نانێک پێکەوە بخۆین. ئەڕۆینەوە بۆ ماڵی ئێمە، لە قەڵامەیدان!

هەڵسان و ڕاوەستان، فەربەخش قوپچەکانی خوارەوەی پاڵتاوەکەی داخست و پرسی:

ـ ئێستە! ئەتەوێ چی بکەی گوڵمحەمەد؟

گوڵمحەمەد نیگای لە سەر ئاگرەکە هەڵگرت، بە دەم فەربەخشەوە پێکەنی، بەرەو شەوە ڕۆیشت و سواری ئەسپەکەی بوو. قوربان بەلووچ دەسکەوساری ئەسپەکەی فەربەخشی دا بە دەستیەوە و خۆی بەرەو ئاگرەکە ڕۆیشت و وتی:

ـ بیکوژێنمەوە؟!

خانئاپۆ وەک بڵێی لە زمانی گوڵمحەمەدەوە بە بەلووچی وت:

ـ بابگڕێ!

قوربان بەلووچ لە نێوان ئاگرەکە و ئەو ئەسپەی ئەبوایە سواری ببێ، ڕاما و وتی:

ـ ئەترسم گڕ بەرداتە دەوەنی بیابان!

گوڵمحەمەد لەغاوی شەوەی سووڕاند. ڕووی لە بەلووچ پێکەنی و بە مایەیەکی تەوسەوە وتی:

ـ ئەم بیابانە دەوەنێکی هێندە زۆریشی لێ نەڕواوە، پیاوی خودا!

# بەشی بیست و هەشتەم

**بەندی یەکەم**

ـ ئەیکوژن، گوڵمحەمەد ئەکوژن!

ـ بەڵێ ئەیکوژن، ئەیکوژن! هەموویان ئەکوژن، کوشتن! بەڵێ، کوشتن و خوێن. بەڵام تۆ مەگەر منالێیت و تازە لە فێرگە دەرکەوتوویت کە بەو جۆرە دڵت بۆی ئەسووتێ؟! کوشتن و کوشتار و خوێنڕشتن مەگەر نۆبەرەیە بۆ تۆ؟ بەڵێ ئەیکوژن! چەن هەزار ساڵە ئەکوژن. ئەم سەرزەمینە لەو قوربانیانەی کەم بە خۆیەوە نەبینیوە! بەڵام تۆ ستار، بۆ فرمێسک لە چاوەکانتدا ئاڵقەی بەستووە؟ تۆ چیتە، چیت لێ بە سەر هاتووە؟ ئەو تاوانەی لە ئازەربایجانی تۆ ڕووی داوە هێشتاش تازەن! تۆ لە ناو ئە تاوانکاری و ئەو خوێنانەوە هاتوویتە دەر ستار. من لەم دڵناسکیەی تۆ تێناگەم! تۆ! جادووت لێکراوە!

ستار سەری هەڵێنا، بێ پەروا چاوە پڕ لە گڕ و فرمێسکەکەی لە فەربود بڕی و وتی:

ـ دەرفەتم بدە با بڕۆم. ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بتوانم بڕۆم! ئەزانم، ئەزانم وەک ڕۆژ لام ڕوونە هەموو کەرەسەیەک ئامادە کراوە کە گوڵمحەمەد بکوژن! گوڵمحەمەد ئەکوژن، ئەزانم. بەڵام من! پاش کوژرانی گوڵمحەمەد ئەگەر بشمێنم، ئیتر ناتوانم بژیم!

نیگای ناباوەڕ و حەپەساوی فەربود، لە بێدەنگیەکی سارد و

دژواردا، لە سەر ستار چەقی بەستبوو. ستار جارێکی کەش وتی:

ـ نە کار و نە ژیان، فەربود!

فەربود بە پێکەنینێکی دژوارەوە، شانی هەڵتەکاند و وتی:

ـ تۆ کێیت و چی ئەڵێی؟! گوڵمحەمەد ئەکوژن و تۆیش لەوە دڵنیایت کە ئەیکوژن و ئەشتەوێ من ڕێگە بدەم بڕۆیت و لەگەڵ ئەو بکوژرێیت؟ تۆ کێیت و چۆن بیر ئەکەیتەوە؟

ستار وتی:

ـ ڕێگەیەک بۆ ئەو کارە بدۆزەرەوە. ئەمە گرنگترین تکایە لە تۆی ئەکەم! من نامەوێ خەیانەت لە گوڵمحەمەد بکرێ!

فەربود هیچی نەوت. خامۆش و شکاوە لە بەر هەتاوی ڕەنگ پەڕیوی ئێوارەی دەمەو زستاندا کەوتە ڕێ. دەستی لە گیرفانی پاڵتاوە تۆخەکەیدا، تۆزێ کۆم بببوویەوە و ئارام بوو. ستار یەک دوو هەنگاو بە دوای فەربوددا ڕۆیشت و خوازیاری وەڵام، تێی ئەڕوانی. فەربود کۆکی. ستار چاوەڕوانی کۆکەی بەردەوام، خاوی کردەوە. ستار ئەیزانی فەربود کاتی هەڵچوون و دەمارگرژی کۆکە ئەیگرێ و بەردەوام ئەبێ تا ڕەش و شین هەڵئەگەڕێ. سەرەڕای ئەوەش، ستار خۆی بە تاوانباری دەمارگرژیەکەی فەربود نەئەزانی. هەرچەند جگە لە خۆشی کەسیکەی بە هۆکاری ورووژاندنی نەخۆشیەکەی نەئەزانی. فەربود، ئەم پیاوە داتەکاو و قیرسیچمە و گۆشت تاڵە، بە دوای ئەو زەبرەی جەندەرمەکانی ڕەزاخان، لە ئەشکەوتە بەردینەی مەشهەد لێی دان و کۆبوونەوەی هەشتا کەسیانی تێک دا و زۆربەی هاوڕێکانی تیرەباران کرد، نیوە گیانێکی دەرباز کرد و لە زیندانە نیوە تەواوەکەی ڕەزاخان لە مەشهەد، بە تەواوی فەوتابوو و پاش پێنج ساڵان ئەشکەنجە -دوو چڵ ئێسقان- هاتبوویە دەرەوە و نەخۆشی سیەکانی یەکێک بوو لەو هەموو دەرد و گرفتانەی هێشتاش لەگەڵی مابوو.

فەربود، ئەوا دەستی لە گیرفانی دەرهێنابوو، نابوویە سەر چۆکی و کردبووی بە کۆڵەکەی شانی و بەردەوام ئەکۆکی. ستار

لە قەراخ ڕێگەکە وەستابوو و ئەیڕوانیە فەربود. سێبەری فەربود چوار دەست و پێ کەوتبوویە سەر خاکی شێداری ڕێی نوێژگە و کابرا ـمشتێک ئێسقان لە ناو پاڵتاوەکەیدا- لە بەر چاوی ستار بەهۆی ئازارەوە جاڕس ببوو. شەپقەکەی بە هەر تەکانێک کە بە هۆی کۆکەوە سەر و شانی ڕائەوەشاند، بە سەر سەریەوە ئەلەقایەوە و ملە باریکەکەی باریکتر ئەبوو. بەردەوامی کوشندەی قرخە و کۆکە ستاریشی وەڕەز کردبوو. چووە پێشەوە و دەستی نایە سەر پشتی و بە دەستەکەی تری قۆڵی گووشی. کۆکینەکە خەریک بوو هێور ئەبوویەوە. بەڵام پشت و قۆڵی کابرا هەروا ڕائەشەکا و ئەلەرزی. هەرچی چۆن بوو پشتی ڕاست کردەوە، دەور دەم و تەڕایی گۆناکانی بە دەسڕە سپی و خاوێنەکەی سڕییەوە و هەناسەی ئازاد کرد. ڕوخساری بە تەواوەتی شین هەڵگەڕابوو. ڕەگێژەکانی ناوچاوی سوور دایسابوو و دڵی بە توندی لێی ئەدا. ستار هەروا قۆڵی ڕاگرتبوو و خۆی لە بیر بردبوویەوە و بە نیگەرانیەوە لە نیوڕوخە داگیرساوەکەی کابرای ئەڕوانی. فەربود ئاوڕی لێدایەوە و وەک درێژەدان بە گفتوگۆیەکی نیوەچڵ وتی:

ـ ئێمە لە پێناوی ژیان و ئەوینی ژیان دا ئەکوژرێین، نەک بە ئەوینی کوژرانەوە بژین! بەڵام تۆ! خۆیشت ئاگات لێ نییە کە هەڵهێنجانی پێچەوانەت لە ڕێساکان وەرگرتووە. ئەوینی خۆ بەکوشت دان، ئەوینی مەرگ، نەء! ئەم دارەتەی لە تۆدا سەری هەڵداوە، عیرفانیە! ڕەنگە لە بەر ئەوەی لە بیابانە وشک و بەتاڵەکاندا زۆر بە تەنها سووڕاویتەتەوە! بەڵام نە من مەنسووری حەللاجم و نە ئەهێڵم تۆیش ببی بە برایمی ئەدهەم! من هۆنەرم و تۆیش پینەچی! من و ئەوانیتر، تەنانەت خودی تۆ، حەسەنی سەباحیش نین! نەخێر! بۆیە من ڕێگە نادەم کە هاوڕێکانم بەو جۆرە خۆیان تیا ببەن، نەخێر! من ناتوانم وەکوو گەوجان ڕاوەستم و ببینم کە ئازیزەکەی من بە ئەوینی

مەرگ و تیاچوونەوە بەرەو مەرگ و فەوتان ئەڕوات! نەخێر، ئەمە شێوازێکی ڕەسەنی نیهیلیزمە!

فەربود هەناسەی هاتبوویەوە بەر و لە کاتی ئاخافتندا، بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە ستار بڕوانێ، پشت لە سەیرانگەی نوێژگە، بەرەو گوندێک کە لە دەرەوەی دیوارە ڕووخاوی شار بوو، ئەرۆیشت. ئاشکرا بوو کە فەربود، پێی وایە گفتوگۆکە بڕاوەتەوە. بۆیەش بوو لە هیچ دارەتێکیەوە دەرنەئەکەوت چاوەڕوانی گوتەیەک بێ لە لایەن ستارەوە. سەرەڕای ئەمەش، ستار هەرچەند پێی وابوو قسەکەی کارگەرێتیەکی ئەوتۆی نابێ. بەڵام وەک بە پێی خوو و بە ئەنقسەت وتی:

ـ بۆ من ئەمکارە ژیانیە، بۆ من! ڕێگەیەکم بۆ بدۆزەرەوە! من ناتوانم خەیانەت لە گوڵمحەمەد بکەم!

فەربود، بە ئاوڕدانەوەی لەپڕی، قسەکەی بە ستار بڕی و بە شێوەیەکی وشک و فورماڵ پێی وت:

ـ تۆ نەخۆشی. ئاگات لە خۆت نییە. تا شەو لەم ناوە بۆ خۆت بگەڕێ و بیری لێ بکەرەوە. شوێنێکی چۆڵە، شەو لێی ئەدوێین!! بەڵام شتێکت پێ بڵێم! کە هیچکاممان بە دەسەڵاتی خۆمان نین. هیچکاممان!

فەربود ڕۆیشت و ستار مایەوە. فەربود ستاری لە دۆخێکی داماویی و بێ هیوایی‌دا بەجێ هێشتبوو. ستار هەستی ئەکرد دوومانی ڕەشی ڕق و تووڕەیی لە ناخی سینەی‌دا کەڵەکە ئەبێ. دڵێشان و نەفرەت لەو پیاوەی کە تا ئەمڕۆ ئەوی وەکوو ئارەزووەکانی خۆی خۆش ویستبوو. ئەو نەفرەتەی، نەفرەت کردن لە خۆیشی بە دواوە بوو. چونکە نەفرەت لەو شتەی خۆشی ئەوێ، ئاوێتەیە لەگەڵ نەفرەتکردن لەخۆ. دڵڕەشی ستاریش لەم ڕووەوە بوو. لەوەی کە ڕق و نەفرەتەکەی بەر لە هەموو شتێک و پێش هەموو کەسێک لە خۆی بوو. بەتایبەت لە کاتێکا کە پیاوێکی وەکوو فەربود، هاوڕێیەکی وەکوو فەربود،

بۆ ئەوە نەئەبوو بە جارێ ڕووی لێ وەربگێڕی و لێی بێزار ببی. ئەویش کەمتر لە هاوڕێ ڕاستەقینەکانی خۆی تامی داخکردن و دەروشی نەچەشتبوو. کەمتر ڕەنجی نەکێشا بوو و کەمتریش تێنەکۆشابوو. بۆیە نەفرەتکردن لە فەربود، نەفرەت لەخۆ کردنی لە ستاردا دووجاران بەهێزتر ئەکرد. یەکەم ئەوەی کە فەربودی بە هاوسروشتی خۆی ئەزانی. دووەم ئەوەی کە هەستی نەفرەت لە فەربود، لە قەبارەی یەکێکی تردا کە بەڕێز بوو، نەفرەت لەخۆ کردنی لە ستاردا بەهێز ئەکرد. ئەنجامەکەی ئەوە کە فەربود بە ڕۆیشتنەکەی خۆی، گرێ پووچکەیەکی بوغز و ڕق و کینەی لە ستاردا بەجێ هێشتبوو و لەم ململانێ بە ئازارەدا، مێشک و هەناوی ستار بۆ لای ئەو خاڵ و زەمینانە ڕاکێش ئەکران کە بیر لێکردنەوەیان دەرفەتی بە کێبەرکێی دەروون ئەدا. ئەو خاڵ و زەمینانەی کە مێشکی ستار هەوڵی ئەدا لایەنە هاوبەشەکانی لەگەڵ هەلومەرجی ئەم کاتەدا بدۆزێتەوە و؛ بۆچوون و ئەزموونەکانی ستار -لانیکەم- لایەنی ئاشکرا و نموونەی زۆری تێدا بوو. چونکە ستار شکست خواردنی بە ڕەگ و ئێسکی خۆی، بە گیان و بە خوێنی خۆی تاقی کردبوویەوە.شکست بە هەموو لایەن و قوژبنەکانیەوە؛ ئازەربایجان.

ــ «چەکەکانتان دانێن، چەکەکانتان دانێن!»

ــ «بۆ ئەبێ چەکەکانمان دابنێین؟ چۆن ئەتوانین متمانە بە شا و جەنابی خاوەن شکۆی بکەین؟! کۆنەپەرستی چ بەرپرسراویەکی لە بەرامبەر ئێمەدا هەیە؟ ئەمانە دەهۆیە، ئەمانە هەر هەمووی دەهۆیە، ئەمانە هەر هەمووی فێڵە! نەخێر، ئێمە جگە لە تفەنگەکانمان بڕوامان بە هیچیتر نییە! ئێمە چەک نادەین بە دەست دوژمنەوە؛ نە چەک دائەنێین و نە شار ئەدەین بە دەستەوە!»

ــ «چەکەکانتان دانێن و شار بەجێ بهێڵن! ئەمە فەرمانە، فەرمانە و لە سەرەوە هاتووە! چەکەکانتان دانێن و شار بدەن بە

دەستەوە، شارەکە بەجێ بهێڵن! جێگەی نافەرمانی کردن نییە، ئەمە فەرمانە!»

گەنجەکان گریا بوون و چەکەکان لە سەر یەک کەڵەکە ببوون.

شار لە قوڵپەی گریانی خۆیدا چەککرا و کاتێکە چەک نەما، سووکایەتی گەیشت. ڕۆژی پاش چەکبوون، ڕۆژی دوای چەککران لەشکری تا بیناقاقا چەکدار کراو گەیشت. لەشکر بە نهێنی هات. فارگۆنەکانی شەمەندەفر لەبری بژیو، تۆپ و تانک و تیرباریان هێنا بۆ شار. لەشکر تا بن ددانەکانی چەکدار بوو. لات و لووتی لە شار هەڵاتوو، پەتەری و تاوانکاران لە پەنای لەشکردا هێرشیان هێنا بۆ شار و گەڕەک و کۆڵان و شەقام و ڕاستەبازاڕیان لە بن سێبەری سەرەنێزەی لەشکردا خستە بەر تەڕاتێن و ڕاوەڕووت. دەستدرێژی و تاڵانکردن دەستی پێکرد. شاریان بە نیر و ئامووری ستەم شەقار شەقار کرد. قەمەکێش و قاحبە، چەقۆکێش و ئاغە و هاوکورتانەکانیان بە یارمەتی دەسکەلاکانی خاوەن شکۆ دەستیان گرت بە سەر شارێکدا کە خۆی دابوو بە دەستەوە. چەقۆی دەم تیژ و خۆشدەستی زەنگان، کەوتنەوە گەڕ. کونکردنی سینەی خەڵک، هەڵدڕانی خالآیی، هەڵدڕانی دڵی شار.

ـ «هەموو دەهۆ بوو براکان، هەمووی درۆ! ڕێکەوتنی دەسدرێژی نەکردنیشیان فێڵ بوو، فێڵ! دیسانەوەش قوربانی...»

ستار گەڕابوویەوە، ماوەی تا سەیرانگەی نوێژگەی بە خامۆشی بڕیبوو و ئێستەش وەکوو هەموو غەوارەکان لە بن بەرهەیوانی نوێژگەدا ڕاوەستابوو:

«منداڵێکیان سەربڕی، ئەو منداڵە جگەرگۆشەی من بوو. ژنێکیان بێ ڕوومەت کرد، ئەو ژنە دایکی من بوو. پیرەمێرددێک لە داخان مرد، ئەو پیرەمێردە باوکی من بوو. لات و لووت کیژێکیان بە ڕووتی بە کۆڵانەکاندا ئەگێڕا، کەزیە درێژەکەیان لە دەور دەستە گلاوەکەیان ئالاندبوو، لە هەر پێ هەڵکەوتنێکدا خەنجەرێکیان

لە لەشی ئەچەقاند و لەشە نیوە گیانەکەیان بە سەر بەردچنی کۆڵانەکەدا پەلکێش ئەکرد. ئەو کچە بووکی من بوو. بە خوا بووکی پاکیزەی من بوو کە تاڵان کرا.»

ــ «تۆ بۆ ژن ناهێنی، ستار؟!»

«براکانمیان تا ناو کێڵگە و ڕەزەکان ڕاونا. من دوێنێ دیبوویانم تفەنگەکانیان ماچ کردبوو و تفەنگەکانیان دابوو بە دوژمن. من گریام و مامم ئەگریا کاتێکە بە بێ چەک بە لای خەرمانی تفەنگەکانماندا گەڕاینەوە. براکانم ئەبینی لە ناو ڕەزە پڕ لە بەفرەکەدا پایان هەڵئەکەوت و هەر کامەیان خەنجەرێک بە تەختی ناو پشتیەوە بوو، بە خوایەتی خوا ئەوە خودی من بووم، خودی خۆم بوو کە لەبری یەک بە یەکی ئەوانە ئەکوژرام. ئاخ! مۆغەرەی پشتم!»

ــ «ڕێگەمان بدەن بەرگری لە شارەکەمان بکەین. چۆن ئێوە بڕوا بە ڕێویەکی وەکوو خاوەن شکۆ ئەکەن؟!»

«ئەبوایە، ئەبوایە بەرگریمان بکردایەت. وترابوو: مەرگ هەیە، بەڵام گەڕانەوە نییە! گوترابوو و بیستبوومان. بیستبوومان و باوەڕمان کردبوو. مەرگ هەیە، بەڵام گەڕانەوە نییە! بەڵام ئێستە بەس مەرگ هەبوو، مەرگێکی سووک و چرووک. ئێمەش وەکوو ژمارە ئەمردین! نەء! پێم وانییە پیاوێکی وەکوو فەربود لە جەنگ بترسێ، نەء! لە ناو ژووری زیندانەکەت تا قولاپە ئاوی تێ بکەن و لێت بگەڕێن شەوی درێژی زستان بکەی بە ڕۆژ! زستانی مەشهەدیش کەم سارد نییە، خوێن ئەمرێنێ! ڕاستە، خوێن لە لەشی خوراسان جۆگەلەی نەبەستووە، بەڵام گۆشت و پێست و ئێسقانی لە بن زەبری پۆستاڵدا خوێنی تێزاوە. فەربود نیوە گیان ببوو و هێشتاش زیندووە. نەء. هەرگیز بڕوا ناکەم کە ئەو ترسنۆک بێ. ئەوە منم کە تاوی تووڕە بوون و مێهرەبانی خۆمم نییە! چی بکەم؟ ئەڵێن «ژیان دووپات نابێتەوە» ئەمە ڕەنگە ڕاست بێ، بەڵام زۆر جاران بابەتی وێکچوو دروست ئەبێ. بەس قەبارەی

کارەساتەکە ئەگۆڕێ و ناو و نیشانی مرۆڤەکانی ناو کارەساتەکە جیاوازە، بەڵام گەوهەری کارەساتەکان هاوسروشت و هاوجۆرن. کارەسات، کارەساتی قوربانی بوون و بە قوربانیی کارەسات بوون. ئێمە ئەبوایە ئەو مافەمان هەبوایە لە شارەکەمان بەرگری بکەین. ئەم داخە، ئەم داخ و نیشانەی قوربانی بوونە ناتوانم لە سەر دڵم پاک بکەمەوە. گیانی من بریندارە، خاپێنراوم و دڵم بە سۆیە. گلەییم هەیە، گلەمەندم. گلەیی و نەفرەت. گلەیی لە خۆمان و نەفرەت لە خۆمان و لە دوژمنەکانمان. چۆن وەک کۆتر لە ناو گەرووی بیرەکەدا گرتیانین! بنەماڵەکەم چییان بە سەر هات؟ دوژمن، دوژمن! نەء، من نامێنمەوە تا کارەسات دووپات ببێتەوە. نامێنمەوە بەس سەیر بکەم. بەس سەیر بکەم و ببینم کارەساتەکە چۆن ڕوو ئەدا! کارەسات، کارەساتە و من گوڵمحەمەد بەجێ ناهێڵم. هەر ناوێکم لێ ئەنێن با بینێن. هەرجۆر ئەیانەوێ با داوەریم لە سەر بکەن. مەرگ هەیە، بەڵام گەڕانەوە نییە! مرۆڤ ناتوانێ لە جارێک زیاتر لە بەرامبەر کارەساتدا تاو بهێنێ. منیش ئەو یەکجارە خۆم ڕاگرتووە. جەنگ، جەنگە! بەس قەبارەی جەنگەکان جیاوازن. بەڵام خودی جەنگ، جەنگە؛ جەنگ!»

جەنگ و پێکادان ناوەرۆک و سروشتێکی هەیە کە پێوەرەکانی ڕۆژانە تێک ئەدات و گۆڕانکاری خێرا بە سەر تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆژیکەکانی مێشکی مرۆڤدا ئەهێنێ. هەرچەند لە ململانێ و کێشەی جەنگدا، مرۆڤ لە پێوەری خۆیدا، تا ڕادەی ژمارە دائەبەزێ. هەرچەند لە مەیدانی بێ بەزەیی جەنگدا ئادەمیزاد لە هەموو کاتێک زیاتر تا ڕادەی ژمارە و مێگەل دائەبەزێ، بەڵام هیوای زاڵبوون بە سەر دوژمندا -بەتایبەتی کە ئامانجی جەنگەکە ئازادی و دادگەری بێت- ئەو دۆخە ئینسانیە، مرۆڤ لە ئامانجی گەش و جوانی ژیاندا ئەژیەنێتەوە. لەم ڕووەوە ئینسانی بوونی ئامانجی مرۆڤ وای لێ ئەکا سووکایەتی «بە ژمارەبوون» قبووڵ

بکات. کە وا بوو لەوپەڕی سووکایەتی کردن بە «بە ژمارەبوون»، ئینسان بە هیوای شکۆمەندی خۆی، ڕەنجی ئەو سووکایەتیە قبووڵ ئەکات. بەڵام سووکایەتی و سەرشۆڕی کاتێک لە سنووری توانای مرۆڤ تێئەپەڕێ کە بە دوور لە لۆجیکی جەنگ، دەستە دەستەی ئینسانەکان وەکوو ژمارە و نمرەی بێگیان لە سەر لاپەڕەیەکی بێبایەخ ڕەش بکەنەوە. لە فەرتەنەیەکی وەهادا، ئەو مرۆڤەی لە جەنگدا بەشدارە، ئیتر ئەو خودە ئافرێنراوە نییە کە بتوانێ سووکایەتی "بە ژمارەبوون" بە بیانووی ئامانجی بەشکۆ، قبووڵ بکات و لەگەڵی بڕوات. لەو فەرتەنەدایە، مرۆڤ ژمارەیەکی زێدەیە کە ڕەش ئەکرێتەوە. ئادەمیزاد بوونەوەرێکە، شتێکە کە فڕێ ئەدرێ. بۆیە سووکایەتی ڕەها؛ سووکایەتی ڕەها!

«مەرگ هەیە، بەڵام گەڕانەوە نییە!»

بەڵام وا نەبیوو. مەرگیش هەبوو و گەڕانەوەش. هەم مەرگ و هەم گەڕانەوە. هاوار کە لەپڕ هەموو شتێک ئاوەژوو بووو. ڕاستیەکەشی هەلومەرج وەرگەڕا. مەرگ و گەڕانەوە پێکەوە هاتن و پێکیشەوە سووکایەتی و ڕووخان لە ناخەوە نادادگەرانە دەستی پێکرد. کە وا بوو سەرشۆڕیی سەرشۆڕکردن دەستی پێکرد. سەرشۆڕیی خۆبە دەستەوەدانی سەرشۆڕانە. سووک و بێ کەس و بێ یار لە بن چڕنووک و ددانی گورگی هاردا. دەست بەستراوی خۆبە دەستەوەدان. سەرگەردانی زستانێکی کوشندە. بە بێ دەرفەتی خەبات لە مەیدانی جەنگدا. بە فەرمانی ئاشبەتاڵ، مرۆڤ -بەگومان- بوو بە ژمارە. ژمارە و نمرە. ژمارەی تێکەڵ و پێکەڵ لە سەر لاپەڕەی دەسکاریکراوی مێژوو. ژمارە ڕەش کرایەوە، پێنووس وەرگیرایەوە. پێنووس لە سەر هێڵی خەیانەت.

بەڵام مرۆڤ کەی ئەتوانێ ببێ بەژمارە؟

ــ «لێمانگەڕێن با داکۆکی بکەین؟ ڕێگەمان بدەن بەرگری لە شار و لە شۆڕشەکەمان بکەین!»

ــ «نەء! چەکەکانتان بدەن بە دەست دوژمنەوە و خۆتان

پاشەکشە بکەن. **ویلایەتی خەمسە** لە دابەشکردنی جوگرافیایی وڵاتدا لە سەر ئازەربایجان نییە!»

ــ «ویلایەتی خەمسە خۆ هی ئێرانە! ئێمە بۆ ئەبێ دەروازەی ویلایەتی خەمسە بدەین بە دەست دوژمنەوە؟!»

ــ «دەرفەتی مشتومڕ نییە. ئێمە تەوقەمان لەگەڵ ئاشتی کردووە هاوڕێیان! ئازادی بۆ ئێران، بۆ هەموو ئێران!»

ــ «بەڵام نەک بە نرخی مەرگی ئازەربایجان! ئێمەش بەشێکین لە ئازادی، بلا داکۆکی لە ئازادی بکەین!»

ــ «ئازادی دابەش ناکرێ هاوڕێیان! ئێمە بەڵێنی ئازادیمان وەرگرتووە. ئێمە دەستی ئاشتیمان گوشیوە!»

ــ «تەوقە لەگەڵ شەیتانیش مەگەر ئەکرێ؟!»

ــ «بەڵێ! کاتێکە پێویست بێ، بەڵێ! ڕێگە بدەن مێشکتان قسە بکات! ئێوە دڵتان لەبری مێشکتان ئەنەڕێنێ. ڕامیارییە ئەمە. هەڵبژاردنی سەرانسەری ئەکرێ؛ گفتوگۆ و مشتومڕ بڕایەوە. بڕیارەکە وادراوە!»

بەس! بەڵام مرۆڤ کوا ئەتوانێ ببێ بە ژمارە؟!

«بیست هەزار کەس!»

بەس چوار سفر لە بەردەمی ژمارەی دوودا، بیست هەزار کەس! ئەمانە ژمارە نەبوون. جەماوەرێک بوون، جەماوەر. بەس ڕاپەڕین و بەس بزووتنەوە نەبوون. ئازادی بوون. ئاڵای داد و پزیسکەی ڕزگاریی. نموودی ئارەزووەکانی هەزارەکان. دڵی خاکێک بوون کە خرابوویە سەر ئاگر. دڵی سەرزەمینێک لە دەستە دڵۆ کردووەکانی ئەو خەڵکەدا کە بڕوایان وابوو خۆری سووری ڕۆژهەڵات لە خاکی دەستەکانی ئەوانەوە خەریکی گەسکدان و ڕاماڵینە. کە دڵی ئاگراوی ئەوان خەریک بوو کەنووی پڕ لە سەرقاڵی سیاسەتکاران بە بڵێسەی خۆی بسووتێنێ و بتەقێنێ. بەڵام وا وەرگەڕا کە دڵی خوێناوی خاک بە تەڵاشەی خەنجەرێک، ڕوخساری شینباوی ئاسمانی گڕ تێبەردا. وا وەرگەڕا کە ئاگر باری

و زەوی بەجارێک دوومان داپۆشی و بوو بە خۆڵەمێش.
شکست؟!

نەء، ئەمە شکست نەبوو. ئەمە شکان نەبوو، مەرگ بوو و بەس، مەرگێک لە تیرەی خۆڵەمێش. شکان نەبوو چونکە شکان قرچەی شکانی هەیە. دەنگێکی سەلمێنەری وەستان. دەنگی شکان واتە وەستان. وەستانی ڕاوەستاو و پاشان شکان و، ئەمە شکان نەبوو. بێڕوومەت بوون بوو. تەزین بوو. بەرهەمەکەشی نە خوێنی شکان کە خۆڵەمێشی مردن بوو؛ سووتان. لەم کارەدا، کار بەراوەژوو ببوو و سروشتی کار، پێچەوانە. بەرەنجام، شکست بوو! سروشتی جەنگ هەمیشە وایە. کاتێکە شکست خواردنێک ڕوو ئەدا، لە پاش ئەو شکانە خۆبە دەستەوەدان ئەگات و بە خۆبە دەستەوەدان، سەرشۆڕی و ملکەچی و بوختان و نەگبەتی شاڵاو ئەهێنن و توونابوون دەس پێ ئەکات. بەڵام کاری ئەم جەنگە بە گوێرەی سروشت و ڕێسا نەقەومابوو. بەراوەژوو. سەرەتا توونا بوون سەری هەڵدابوو و نەگبەتی خۆی پیشان دابوو. ڕۆژی شووم و نگریس، نەگبەتی و توونا بوون، توانەوە لە خۆبە دەستەوەدانەوە دەستی پێکردبوو و، شکان لە خۆبە دەستەوەدان و توونا بوونەوە هات. خۆبە دەستەوەدان، تەفروتوونابوونی لەگەڵ خۆی هێنا و توونابوون، نەگبەتی و سەرشۆڕی و؛ ئەمانە هەر هەمووی بەرەنجامی شکان بوو. تێگەیشتن لە شکان. بڕوای نامۆی شکان. کار، بەراوەژوو!

ـ «چەکەکانتان بدەن بە دوژمن و خۆتان شار بەجێ بهێڵن!»

دەرەتانی مشتومڕ نەبوو. خانوو لە خود و خۆیی بەتاڵ کرا، بۆ ئەوەی دوژمنی خود و خانوو تێیدا جێگیر ببێ. دوژمنان هاتن، بە قەمەکێش و دەلاڵ و بەردەماوخۆر و قاحبە و بەرەڵڵا و خان و ئاغە و سەرەنێزە و گوللە و تۆپ و پۆستاڵ و...

«! ئای! ئای ی ی! ئادەمیزاد چی بە سەر خۆت ئەهێنی؟! نەء، ئیتر ڕێگەی مشتومڕ نەبوو، دەرفەتی ئاخافتن نەبوو! تەنانەت ئیتر

زمانی ئاخافتن نەبوو. بەس هێرش بوو و پەلامار بوو بە فرەوانی خۆبە دەستەوەدان داژووت. من ئیتر، من نەبووم. ئیدی من نە ئەو قزڵباشە بووم و نە ئەوەی دی کە پشتم بە تفەنگەکەم بەستبێ؛ بەڵکوو ئەو ژمارەیە بووم کە وەکوو گێلەکان بە چاوە حەپۆلەکەی خۆمەوە چاوڕوانی بەشی ئازادیی خۆم بووم لە سەرپەنجە قەڵەوەکانی خاوەن شکۆوە پێم بدرێ! من ئیتر ئەو وەرزێرە نەبووم کە گاسنی شۆڕش لە خاکی سەرزەمینی خۆم بچەقێنم. بەڵکوو ئەو ڕەشاییە پیرە گێژ و حەپەساوە بووم کە خۆیشم نەم ئەزانی لە گەڕانەوەی ئاغە دەرکراوەکەی پارچە زەوییەکەم، پەز بکەم بە قوربانی یان ئەسپەندەر بسووتێنم؟! من ئیتر پیرەمێردێکی داماو و ڕەبەن بووم کە بەر لەوەی چەقۆ لە ملم بنێن، بیرم لە داب و نەریتی بەپیرەوە چوون و بەخێر هێنانەوەی ئاغەکەی پارەکەم ئەکردەوە. بەکرێگیراوانی سوڵتان مەحموودی زوڵفەقاری مریشک و کەڵەشێر و گوێرێژ و کچەکەمیان بە تالان ئەبرد و من بە چاوی داچەقاو و ناباوەڕمەوە بازرەقەی خوێنی گەرووی خۆم لە قوڕقوڕاچکەمەوە سەیر ئەکرد و هێشتاش دڵنیا نەبووم ئەوە دەمی ساردی چەقۆیە کرکڕاکەی گەرووم ئەبڕێ! من ئیتر، من نەبووم کە ئەمویست ئازادی تا سنووری هیندووکوش ببەم. من ئیتر ئەو کرێکارە ئاسنتوێنە بووم کە بەس توانیم بە سەر دارەوە هاوار بکەم: «من هەر زیندووم، مردن بۆ ئێوەی داڕزاوان!» ئیتر من، من نەبووم! من ئەو خاوەن بیرە بووم کە هیوادار و بە چاوی کراوەوە بەرەو ئایندە توانیم سەری خۆم بدەمە دەس جەللاد و لەو کاتەدا کە سەری بڕاومیان بە سەرەنێزە بەرز ئەکردەوە و چڵکاوخۆران بە دەورمدا کەوتنە هەلەکەسەما، توانیم یەکجاری دی ڕاستەقینە دەرببڕم و بەس بڵێم: «تۆپیوەکان!» ئیتر من، من نەبووم، بەڵکوو من ئەو خاتوونە بێ وێنەیە بووم کە لە سەرمای نیگای چاوە بێ شەرم و برسیەکەی تاڵانکەراندا، ڕووت و قووت لە قەراخ شەقام و لە بەر دەرگای ئاسایش ڕاگیرابووم و

ڕیزی بەرەڵڵاکان بۆ بێڕوومەت کردنی من دەستیان بە دۆخینەوە ڕاوەستابوون! ئیتر من، من نەبووم. من ئەو جۆگە باریکەی خوێن بووم کە لە لاکەلەکەی شێخی خوتبە خوێن بە گلەییەوە ئەڕژایە سەر خاکی کۆڵانەکە. ئیتر من پارچە پارچە کرابووم لە لەشی کرێکارێکدا لە میاندواو و تەنها توانیم بڵێم: «بژی ئێران!» و ئیتر نەبووم. چونکە بە دوای خۆبە دەستەوەدانم بڕیار دەرچووبوو: «گیان و ماڵ و نامووسیان حەڵاڵە!» بۆیە من لە شەبستەر و لە سەهەند و لە خەڵخاڵ! پارچە پارچە کرام. یەکجار ژیان. مەگەر مرۆڤ چەن جار ئەتوانێ لەدایک ببێتەوە؟! ئای! ئای! ئادەمیزاد چی بە سەر خۆت ئەهێنی؟!

فەربود گەڕابوویەوە و دوو سێ هەنگاوی بمێنێ بۆ ستار ڕاوەستابوو. دەستەکانی لە گیرفانی پاڵتاوەکەی دابوو. شانەکانی هەڵێنابوو و خامۆش و بە ئەندێش لە ئەستێرەکان ورد ببوویەوە. ستار هەستی بە بوونی ئەو نەکردبوو. نەیزانبوو فەربود گەڕاوەتەوە و کەی گەڕاوەتەوە. ئەگەر هەروا بڕۆیشتایەت دیار نەبوو کەی هەست بە بوونی فەربود ئەکا و ئەزانێ لەوێیە. چونکە ئەو لە سەر سەکۆی بن تاقی نوێژگە چیچکانی کردبوو و بە جۆرێک گرمۆڵە ببوو و لە ڕابردووی خۆیدا قەتیسمابوو، بۆی هەبوو تا شەویش لەو دارەتەدا بمێنێتەوە.

فەربود ئەتوت کێشەری دۆخەکەی ستار لە سەر شوێنی خۆی وشکی کردبوو. شاقەلەکانی پاڵتاوە تۆخەکەی بە بای ساردی پاش ئێوارە ڕائەشەکا و خۆیشی ئەتوت زمانی بەسترابوو. فەربود نە ئەوەی بە ئەرکی خۆی زانیبێ، بەڵکوو هەستێکی ونبوو بۆ لای هاوڕێکەی گەڕاندبوویەوە و بەو جۆرە بێدەنگ ڕایگرتبوو. ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە نەیتوانیبوو ئەو ڕەفتارە وشک و ڕەسمیەی خۆی لەگەڵ ستاردا بەڕاست بزانێ. تێگەیشتن لەو ڕۆژەڤەی، کە ئادەمیزاد نابێ وەکوو بەشێکی یەک پۆل سەیر بکرێ بۆ فەربود دژوار نەبوو. هەر بۆیەش بوو کە لە ڕۆیشتن

ژێوان ببوویەوە و گەڕابوویەوە. بەڵام ئێستە کە گەڕابوویەوە، خامۆشیەکەی ستار ئەوەندە قورس هاتبوویە بەرچاوی کە نەی ئەتوانی هیچ وشەیەک بۆ گوتن بدۆزێتەوە. تەنانەت وەڵامی ئەو پرسیارەی ناخی خۆشی پێ نەئەدرایەوە کە بۆچی لە ڕۆیشتن پاشگەز بۆتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ نوێژگە؟ بەڵام هەرچی چۆن بێ ئەوا هەبوو و مابوویەوە و هەرچەند مانەوەکەی خۆی بە بێ هۆ ئەزانی، بەڵام نەشی ئەتوانی بڕوا و بەجێی بهێڵێ. بۆیە -تا بزانێ چی ئەبێ- نیگای لە سەر ستار گواستەوە و ڕووی کردە ڕۆژئاوا. لە پشت گەواڵە هەورە ڕەشە ساردەکاندا، خۆرێکی کز و لاواز ڕاوەستابوو. فەربود چووە پێشەوە و نزیکتر لە بەرهەیوانەکەی نوێژگە، لە بەرامبەر ستاردا ڕاوەستا. بە جۆرێک کە پێڵاو و دەلینگی پانتۆڵەکەی لە بەر نیگای ستاردا بوون. هەڵبەت بەو مەرجەی چاوەکانی ستار نیگای ئەفسوونکراوی خۆی لە سەر ڕابردوو هەڵگرتبێ:

«بۆ پێشوازی لەشکر ئەچوون، پێشوازی لەشکر! سەرکردەکانمان ئەچوون بە پێشوازی لەشکرەوە! تەرمەکان لە قەراخ شەقامەکان کەوتبوون. سەرکردەکان، نۆکەران پێیان لە تەرمەکان ئەنا و ئەچوون بە پێشوازی لەشکرەوە. بەڵام لەشکر، خۆی هاتبوو. تەرمەکان شایەت بوون لە قەراخ مزگەوتی شین. تەرمەکان ئەخرانە سەر عەرەبانە و ئەبران تا لە دەرەوەی شار لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بشاردرێنەوە. بە سەر تەرمەکاندا، هەنگاوەکانی دوو پیاو -خۆبە دەستەوەدان و خەیانەت- بە پێشوازەوە ئەچوون تا کلیلی شۆڕش بدەن بە دەست لەشکرەوە. چەندە قێزەون، چەندە بێزراو! لە هەمان کاتدا لات و لووتەکانی شار خەریکی هەڵکەندنی قیرتاوی کۆڵان و شەقامی شار بوون پاش ئەوەی کە سینەی شاریان ئاگر دابوو. لە نێوان خوێن و وێرانیدا، لە نێوان مەرگ و ئاگر و سەهۆڵبەنداندا هەنگاوەکانی خەیانەت ئەچوون بە پێشوازەوە. هەلهەلەی بەرەڵڵا، هەلەکەسەمای لات و لووت!

ئاخ...!»

ــ «مەرگ هەیە، بەڵام گەڕانەوە نییە!»

ــ مردووە، ئەرێ؟! ئەوەی کە ئەیوت «مەرگ هەیە، بەڵام گەڕانەوە نییە!» خۆی مردووە، وایە؟ ئەبێ مردبێ؛ نەمردووە؟ ئەبێ دڵی تەقیبێ!

ــ زۆر بیر لە ڕابردوو ئەکەیتەوە ستار، زۆر!

ــ رابردوو لە من جیا نابێتەوە هاوڕێ فەربود. ڕابردوو لەگەڵمایە!

ــ تۆ ئەبێ یەک دوو حەفتە پشوو بدەیت و بحەسێیتەوە!

ــ پێویست ناکا، باشم!

فەربود بە گاڵتە و ڕاست وتی:

ــ من باش نیم!

ئەوا سێبەری لێڵ و ڕەنگ تۆراوی دوو پیاو بە سەر زۆپ و زەوییەکەدا ئەکشا و خەریک بوو لێک ئەپچڕا، چونکە ئێوارە خەریک بوو کۆتایی ئەهات. خامۆش و مۆن گەیشتنە گوندی ساڵحاوا. ئەستێڵەکە لە بەردەمیاندا و دارتووە ڕووتە وشکەڵاتووەکە بە دەم باوە ئەلەرزی. ڕووکاری قەوزاوی ئەستێڵەکە با ئەی لەراندەوە و قەوزەی شینی سەر ئاوەکە بۆ لای خوارەوە خزابوون و لە گۆشە و کەناردا کۆ ببوونەوە. دوو پیاو لە قەراخ ئەستێڵەکە وەستان. هاوباڵا بوون، مەگەر ئەوەی کە ستار تۆزێ زیاتر خۆی کۆمەوە کردبوو. فەربود بە خواری ڕوانیە ستار. ستار، نیگای لە ئاوی لەرزۆکی ئەستێڵەکەدا، وتی:

ــ من پێویستم بە پشوودان نییە هاوڕێ فەربود؛ من ئەچم بۆ لای گوڵمحەمەد! چونکە گومانم لە هەموو ئەو یاریانەی ئێوە هەیە.

فەربود کە دەستەکانی بە سەرمای ئێوارە لە گۆ کەوتبوو، سیگارێکی دەرهێنا و دایگیراند. تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان لە کاتێکا نیگای بۆ ئەوبەری ئەستێڵەکە فڕێبوو، وتی:

ــ لەوە دڵنیام کە ناتەوێ سەر بخەیتە سەر من، بەڵام زۆرم پێ سەیرە کە بەو جۆرە پێت لێ چەقاندووە!

ستار وتی:

ــ من گەیشتوومەتە ئەو ئاکامەی کە ئەبێ بڕۆم. ئێمە نابێ گوڵمحەمەد بە تەنها بەجێ بهێڵین!

فەربود وتی:

ــ من لەو بیرەدام کە ئێمە ئەبێ لەو شکستەی کە تاقیمانکردۆتەوە و بە سەرماندا سەپێنراوە شتێک فێر ببین!

ستار وتی:

ــ من ئەگەر تاقە شتێک لە ئەزموونی ڕابردوو فێر بووبێتم، هەر ئەمەیە: یان پەیمان مەبەستە، ئەگەر بەستت پێی ئەمەگدار بە!

ڕێگە بە ناو گونددا تێ ئەپەڕی و لە پشت دیوارە کۆنەی شارەوە ئەگەیشتە دەروازەی نەیشاپوور. فەربود پێی لە سەر ستێری ئەستێڵەکە نایە خوارەوە و چەند مریشک و کەڵەشێر لە سەر ڕێی بە پەلکوتان دوورکەوتنەوە. بە ناو گونددا تێپەڕین. فەربود هێشتاش خامۆش بوو و مژی لە قنچکە سیگارەکەی ئەدا. ستار وتی:

ــ تۆ ئەتتوانی ڕێگەیەک بدۆزیتەوە، دڵنیام!

فەربود قنچکە سیگارەکەی هەڵدا و وتی:

ــ خۆزگە ئەمتوانی، خۆزگە بمتوانیبا! تۆ لە ڕادەبەدەر لە سەری سووری! کۆنەپەرستی بە دوای بیانوودا ئەگەڕی بۆ دەسوەشاندن. باش گوێم لێ بگرە، بزانە چی ئەڵێم. لە شارەکانی باکوور کەوتوونەتە گرتن و تەرەکردنی هاوڕێیان. لە شوێنانی تریش دەستیان پێکردووە. پۆلیس لە هەر شارێک شوێنێکی دروستکردووە بە ناوی "لێژنەی ئاسایش" کە ئەرکی ڕانان و ناسین و گرتنی هاوڕێکانی ئێمەیە. لە هەر لایەک بەگوێرەی هەلومەرجی ناوچەکە، بە دوای بەهانەیەکدا ئەگەڕێن تا بکەونە

گرتن. بەڵام تۆ! تۆ لە هەلومەرجێکی ئاوا بەرهەستدا داوا لە من ئەکەی ڕێگەیەک بدۆزمەوە کە هەم پشتگیری ڕاستەوخۆ لە خەباتی چەکداری بکەین و هەم بیانووش نەدەین بەدەست دوژمنەوە؟! ئەمە لە کاتێک دایە کە هەم نوێنەری قانوونیمان لە پارڵمان هەیە و هەم کەوتووینەتە بەر زەبری دوژمن! ئاخر من چ ڕێگەیەکم بۆ ئەدۆزرێتەوە؟! تۆ خۆت بخەرە جێگەی من و -بە هەستی بەرپرسراوییەوە- ڕێگەیەک بدۆزەرەوە! بەڵام! بەس یەک شتت لە بیر نەچێ کە ئێمە ناتوانین و نابێ دوولایەنە کار بکەین؛ مەبەستم هەقی ئەوەمان نییە. ئەمە لانی کەمی پاراستنی دیسیپلینە بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانمان. دەی، جا خۆت بخەرە شوێنی من و خۆمان بخەرە جێگەی ئەوانی دی!

ستار دیسانەوەش لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ئەبێ ڕێگەیەک هەبێ! مەگەر ئەمە خۆی ناتوانێ پیلانێک بێ؟!

ــ بۆچی نا، هەیە. تەنها یەک ڕێگە! ئێمە ئەتوانین گوڵمحەمەد لەم مەڵبەندە دوور بخەینەوە و بیشارینەوە. ئایە ئەو ئەو کارە ئەکات؟!

فەربود ڕاوەستابوو و بەراشکاوی ئەیڕوانیە ڕوخساری ستار. ستار وەڵامێکی نەبوو. ئەوە ڕاست بوو کە بە بەڵگە و لۆجیک قانیع ببوو، بەڵام بە دڵ هێشتا گرفتار بوو. لە هەمانکاتدا لە خۆیشی ڕانەئەبینی ڕاستی گوتەکەی فەربود بە ئاشکرا بسەلمێنێ. لەم ڕووەوە وەکوو منداڵێکی گڕۆز و سەرەڕۆ -بە بێ ئەوەی بڕوای بە ڕەوایی بۆچوونەکەی خۆی هەبێ- خامۆش بوو و لە خاکەکە مۆڕەوە ببوو. بۆیە فەربود ئەمجارەیان بە مایەیەکی تووڕەیی و جەختکردنێکی زیاتر، وتی:

ــ بەڵام ئەگەر ئەوە قبووڵ نەکات، ئەگەر قبووڵی ئەوە نەکات کە خۆی لە قڕەکە دوور بخاتەوە و بۆ ماوەیەک خۆی بشارێتەوە، ڕوون و ئاشکرا پێتی ئەڵێم کە ئێمە ناتوانین و بۆمان

نییە ڕێکخستن و گیانی کەسانی خۆمان بکەین بە قوربانی ڕا و بۆچوونی گوڵمحەمەد؛ قوتار!

ـ ئێوە هەموو شتێکتان کردووە بە قوربانی! جەنابی سەرۆک! سەرماوەزی ساڵی بیست و پێنج دوێنیٚ بوو، دوێنیٚ!

ـ «هەموو دەر و دنیا ئاگادار بوون جەنابی سەرۆک! ئێوە چۆن ئاگاتان لیٚ نییە؟! ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ لە زانکۆ بەر گوللەیان داوە، لە زانکۆی تاران!»

فایتوونچیەکە وای بە فەربود وتبوو. فەربود سەیری ستاری کردبوو و لە فایتونچیەکەی پرسیبوو:

ـ «مردووە؟ شا کوژراوە؟!»

نەخێر، شا نەکوژرابوو. فایتوونەکە ڕاوەستابوو و فەربود و ستار لە یەکدی جیا ببوونەوە و ئەوا، ستار لە ناو دووکانی پاسکیل خانەکەی چلچەرخ دانیشتبوو و گوێی نابوو بە ڕادیۆ **ئاندریا** ی مەهدییەوە:

ـ قسەی زل زۆر ئەکریٚ ئەمشەو، کاتژمێر چەندە؟

مەهدی چلچەرخە کاتژمێرە چەور و چڵکنەکەی لە بەر ڕووناکی لامپاکەدا ڕاگرت و وتی:

ـ هێشتا ماوەتی بۆ هەشت، خەریکە مارش بڵاو ئەکاتەوە!

ستار سەر و پشتی بردە دواوە و، لە سەر چوار پایەکە جێی خۆش کرد و وتی:

ـ ئەمشەویش زەبرمان بەرئەکەویٚ. ئەمکارە زۆر کتوپڕ بوو. تەنها شتێکە بیریشمان لیٚ نەئەکردەوە؛ ئافەرین!

مەهدی چلچەرخ کاتێکە، پاش کاری ڕۆژانە دەست و ڕووی بە نەوت و پاشان بە ئەسپۆن ئەشۆرد، پێستی ڕوومەتی، ڕەنگی ڕەشتاڵەکەی خۆی وەرئەگرتەوە. بەڵام ئەگەر وەک ئەمشەو نەی شۆردایەت، نەک هەر ڕوومەتی وەک قیر ئەچوو، پەڵەپەڵەی ئاوڵەی ڕوومەتیشی بە خۆڵ و چەورییەوە ئەمایەوە. بەم پێیە

نەخشی ڕوخسار و بیچمی مەهدی چلچەرخ بە قژی لووڵ و تەوێڵی وەک هێلکە دەرپەڕیو و چاوە ڕەشەکانی کە لە ڕەشاییش‌دا ئەبریقانەوە، بە یەک نیگا لە مێشکی بینەردا ئەچەسپا. مەهدی بە لەش لەڕ بوو و باریکەڵە. ملی درێژ و لاواز، دوگمەی یەخەی هەڵکەنرابوو و چەڵەمەی سینەی دەرپەڕیبوو و تیژ خۆیای ئەکرد.

ـ گوێ بگرە، گوێ بگرە! قەدەخەی هاتوچۆ! بە شێوەی کاتی لە تاران!

بەیاننامەی قەدەخەی هاتوچۆ خوێنرایەوە، مەهدی چاوی بڕییە ستار و وتی:

ـ پانزەی ڕێبەندان! ڕاست ڕۆژی گیانبەختکردنی دکتور!*

ستار هەروا لە ناو بیردا و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ کاری خۆیان باش ئەزانن. شانۆگەرییەکەیان باش ڕێکخستووە! ئەوە ئێمەومانانین هەمیشە لەم یاریانەدا ئەبین بە قوربانی.

مەهدی ددانی لە کیرەوە هێنا و وتی:

ـ لانیکەم بتۆپایەتیش قەی نەئەکرد!

ستار ڕوانیە مەهدی و وتی:

ـ یاریەکی مەترسیدارە؛ زۆر پڕ مەترسیە!! دیسانەوەش قوربانی! قوربانی کردنی جەماوەر.

مەهدی وتی:

ـ لە نێوان خودی حکوومەتیش‌دا قڕەکە پەرەی سەندووە، لە ڕاستی‌دا قڕەی نێوان ئینگلیزەکان و ئەوانیتر.

ستار وتی:

ـ ئەوانە لە سەر بەشی خۆیان شەڕیانە. شەڕی ئەوان شەڕی براکانە. شەڕی براکان، بەس کەرەکان! بڕوای پێ ئەکەن! شەڕەکە لە سەر لێفەی مەلایە؛ لە سەر من و تۆیە. ئەیانەوێ کارەساتی ئازەربایجان بە جۆرێکی دی دووپات بکەنەوە. ئەمە خولی دووەمی یاریەکەیانە. لەوێش ئینگلیز و ئەمریکا پێکەوە

-به ڕواڵەت- بەرژەوەندیان ناکۆک بوو! بەڵام لە کاتی کوشتنی جەماوەردا هەم شای ئینگلیز و هەم خاوەن شکۆی ئەمریکایی و -خێری قەوری دایکی- دیموکراتیش هیچ ناکۆکیان لە بۆچووندا نەبوو! ئەمێنێتەوە ئەو پەتەی خراوەتە ئەستۆی ئێمە و تاو نە تاوێک ڕامان ئەکێشێ بۆ کوشتارگە. ئەو پەتە ئایە لە ناو خۆماندا نییە؟!

مەهدی، بە شێوەیەکی پرسێنەر وتی:

ــ بۆی هەیە ویستبێتیان کودتا بکەن؟

ستار وەڵامی دایەوە:

ــ بەرەنجامەکەی بۆ ئێمە و وڵاتی ئێمە یەکێکە. ئەم بێگانە پەرەستەش ئەگەر بنێردرایەت بۆ دۆزەخ، ئەمشەو هەر ئەکرا بە قەدەخەی هاتوچۆ و کۆنەپەرستی هێرشی هەر ئەکرد. ئێستەش کە هێشتا هیچ نەبووە کۆنەپەرستی پەلامار ئەدا. ئامانج، لێفەی مەلایە و قوتار! ئیتر ئەم ئازادییە هەناسە بڕاوەش فاتێحای بۆ خوێنرا. لە ئێستە بەملاوە ئێمە سەر و کارمان لەگەڵ ڕەزاخانی دووەمە. ڕەنگە لەویش خراپتر! ئافەرین، دەک ئافەرین!

ــ ئافەرین لە کێ؟!

ــ لە دوژمن! ئافەرین لە زیرەکی و وشیاری دوژمن!! وا! ئاخ لە پەتی دۆست!

بێدەنگی کەوتەوە. مەهدی چای تێکرد. ستار بە دوای قسەکەیدا وەک لەگەڵ خۆی بێ، وتی:

ــ وەرزی تازە، وەرزێکی تازە دەس پێ ئەکا. وەرزێکی دژوار! خوایە گیان! من خۆ حەسابەکانی خۆم هەڵسەنگاندووە!

مەهدی پرسی:

ــ بەرەنگاریی؟!

ستار هەڵسابوو و خەریک بوو لە هەوێشخانەکە ئەچووە دەرەوە. پەردە دڕاو و چەورەکەی هەڵدایە پشت شانی و چووە ناو دووکانەکە. بە لای پاسکیلە کرێکاندا کە بەڕیز چنرابوو،

پێی نایە پشت دەرگای دووکانەکە. ساتێک ڕاوەستا. درزێک دەرگای دووکانەکەی کردەوە و بە نەرمی ڕوانیە سەر شەقامەکە. کزەی سەرما گڤەی ئەکرد و پەڵە تیشکی ناوبەناوی قەراخ شەقامەکەی ڕوون ئەکردەوە. شەقام بەتاڵ و چۆڵ بوو. بەس تارمایی دوو قۆڵچی لە پیادەڕەوەکەی ئەو بەرەوە بە ئارامی لە گەڕدا بوو. قۆڵچیەکان لە خوارەوە ئەچوون بۆ سەرەوە. دەنگی فیکەی یەکیان خامۆشیەکەی زڕاند. ستار تای دەرگاکەی پاڵ پێوەنا و دەسبەجێ دەنگی فیکەیەکیتر لە وەڵامدا، لە دوورەوە بیسرا. ستار زنجیری پشت دەرگای داخست. گەڕایەوە پاشخانە و وتی:

ــ لێرەش قەدەغەی هاتوچۆی نارەسمی دامەزراوە، زۆریش بە نهێنی و گوماناوی.

مەهدی پیاڵە بەتاڵەکەی نایە سەر ڕادیۆکە و پێکەنینێکی شاراوە بە سەر لێویەوە، وتی:

ــ تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە!! تۆ خۆ ململانێت پێ ناخۆش نییە؟!

ستار ڕوانیە بریسکەی چاوەکانی مەهدی و وتی:

ــ من هێشتاش بڕوام وایە کە «ئازادی لە لوولەی تۆپەوە دێتە دەرەوە!» بەڵام ئێستە کە لە هەوێشخانی دووکانەکەی تۆدا بە دەستی بەتاڵ دانیشتووم و چاوەڕێم ئێستە نا ئێستە ئەو دوو پۆلیسە دەرگای دووکانەکە بکەنەوە، بڕوام وایە کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو بۆچوونە یەک دوو ساڵ درەنگ بووە. لەمەو پاشیش ڕەنگە چەن ساڵێکی پێ بچێ تا دیسانەوە کاتی بێتەوە. چونکە خەڵکی بە هەوەس گریان تێبەر نابێ. لە کاتی خۆیدا، ئەگەر شقارتەت لێدان ئەوە باشە، بەڵام کاتێکە کات بە سەر چوو، کارت ئەبێتەوە بە کۆکردنەوەی دار و پەردوو و ئاورودوو. ئەبێ دیسانەوەش لە سەرمای ساڵان و ساڵاندا ئێزنگ و سووتەمەنی خڕ بکەینەوە! بەڵام نازانم بۆچی کە کاتیشی ئەگاتەوە، پاساودانەوە و لێکۆڵینەوەی تازە ئەگاتە بەرەوە!

دەنگی ڕاگرتنی ترۆمبێلێک گفتوگۆکەی ستار و مەهدی بڕی. دەنگی وەستانەکە خێرا و توند و لەپڕ بوو. هەناسە لە ناو سینەی ستار و مەهدی چلچەرخدا خنکا. یەکپارچە بوون بە گوێ و ڕەنگیان پەڕی و بۆ ساتێک خێسەیان کەوتە سەر یەک. دەنگی کرانەوەی دەرگای ترۆمبێل و دەنگی پێی پیاوێک بە سەر بەردچنی قەراخ شەقامەکەدا. هەنگاوەکان پەڕیەوە بۆ پیادەڕەو و یەکڕاست بەرەو دەرگای دووکانەکە هات و ڕاوەستا. وەستان، لە پشت دەرگای دووکانەکە. ئەمان هەناسەیان چنرابوو. تەقەیەک لە دەرگاکە. دەنگی ترپەی دڵان. بێدەنگی و! دیسانەوەش تەقەیەکیتر.

مەهدی لەپڕ و نائارام لە سەر کورسیەکە هەڵسا. ستار چالاکانە مەچەکی دەستی گرت و لە سەر جێی خۆی ڕایگرت. پلی مەهدی لە ناو دەستی ستاردا بە خێرایی لێی ئەدا. ستار مەچەکی دەستی مەهدی بەردا و پێڵاوەکانی خۆی داکەند، هەڵسا و لە پێش مەهدیەوە پێی نایە ناو دووکانەکە. خۆی گەیاندە پشت دەرگاکە و گوێی نا بە دەرگاکەوە. چاوەکانی مەهدی لە تاریک و ڕوونی ناو دووکانەکەدا ئەبریسکایەوە. جارێکی دی تەقە لە دەرگا درا. ستار بە خێرایی با دەرگاکەی کردەوە و نەرم و چالاک کابرای پشت دەرگاکەی کێشایە ژوورەوە و دەرگای داخستەوە.

فەربود هیچ لای سەیر نەبوو. یەخەی پاڵتاوەکەی ڕێک کردەوە، قنچکە سیگارەکەی لە بن پێیدا کوژاندەوە و هەوڵی دا بێتەوە سەرخۆ. دەرفەتی کات بەفیڕۆدان نەبوو. فەربود لە کاتێکا کە هەوڵی ئەدا هەڵچوونەکەی خۆی بشارێتەوە، وتی:

ــ ئەڕۆین!

ستار بۆ لە پێکردنی پێڵاوەکانی هەڵات بۆ پاشخان. فەربود دەرگای دووکانەکەی نیوە بەتاک ڕاگرت و بە مەهدی وت:

ــ تۆیش دووکانەکەت خاوێن بکەرەوە و برۆ بۆ شوێنێکیتر!

ستار هات و لای درزی دەرگاکە ڕاوەستا و کەوتە سەیرکردنی

دەرەوە. لە ناو جیبەکەی جەندەرمە و لە بەر ڕووناکی ئەو تەڵە شقارتەیەی خەریک بوو سیگارێک داگیرێنێ، ستار توانی نموودێکی نیوڕوخی سەرتیپ فەربەخش بناسێتەوە. فەربود دەستی مەهدی گووشی و وتی:

ــ هەموومان شوێنی خۆمان ئەگۆڕین، جارێ هەر ئەوەندە. من بانگکراوم بۆ ناوەند. جارێ خواحافیز!

درزی دەرگاکە تۆزێکی تریش کرایەوە و ستار تەوقەی لەگەڵ مەهدی کرد و پێی نایە سەر شوستەکە. فەربودیش چووە دەرەوە. مەهدی تا ئەو کاتەی فەربود سواری جیبەکە بوو و ماشینەکە کەوتە ڕێ، لە درزی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کرد. کە جیبەکە دوور کەوتەوە، دەرگاکەی بەست. جلی لە بەر کرد و ئامادە بوو تا یەکێک لە پاسکیلە خۆش پێکانی بهێنێتە دەرەوە. بە شەو ئەبوایە لە شار دەربچێ. ستار هەروا ڕاوەستابوو و تەوسخەندێک لە سەر لێوی بوو:

ــ «ترحێو! لە کاتی خۆیدا! کە گورگ ئەدا لە ڕانەکە، سەگەکەی ئێمە ئەو کاتە گوی دێ!»

**بەندی دووەم**

پازدەی ڕێبەندانی ساڵی هەزار و سێسەد و بیست و حەوت بەرامبەر بە شەشی جانیڤەری هەزار و نۆسەد و چل و نۆی زاینی، لای نیوەشەو "لیژنەی ئاسایش" لە تەلاری باخی فەرمانداری شاری سەبزەوار کۆ بوویەوە. جیبی جەندەرمە لە بەر دەروازە گەورەکەی باخەکەدا وەستا و سەرتیپ فەربەخش لە ناو جیبەکەوە وەڵامی سڵاوی سەربازیی دوو پۆلیسە چەکدارەکەی دایەوە. دەرگا کرایەوە و فەربەخش جیبەکەی لێخوڕی بۆ ژوورەوە. چەند ترۆمبێل کە زۆربەیان نیشانی ڕێکخراوە دەوڵەتیەکانیان پێوە بوو بەڕێز ڕاگیرابوون و لە سووچی باخەکەدا چەند شۆفێر ئاگرێکیان هەڵکردبوو و لە دەور ئاگرەکە دانیشتبوون.

فەربەخش لە جیبەکە دابەزی و لە پلیکانەکانی کۆشکەکە سەرکەوت. پاسەوانێک کە لە دەرەوەی دەرگای تەلارەکە ڕاوەستابوو، سڵاوی لە سەرتیپ کرد و دەرگای بۆ کردەوە. سەرخزمەتکاری تالار لە ژوورەوە وەستابوو و بە هاتنی سەرتیپ سڵاوی لێکرد و سەرتیپی بۆ لای پلیکانەکان ڕێنموونی کرد. سەرتیپ بەرەو پلیکانەکان کەوتە ڕێ، بەڵام هێشتا پێی نەخستبوویە سەر یەکەمین پێپلیکان، دەنگی ئەو هەنگاوانەی بە پێسترکەکەدا ئەهاتنە خوارەوە، ئەوی ڕاگرت و ئالاجاقی ئەرباب، شەمەلی یاخووت و حەبیب مشەخۆر لە پێچی پێسترکەکەوە دەرکەوتن.

ئالاجاقی لە نێوان ئەو دووانەدا بە لەشە قورسەکەیەوە بە ئەسپایی لە بەردەمیانەوە ئەهاتە خوارەوە. شەمەل لە تەنیش ئالاجاقیەوە، هەنگاوێک لە دوایەوە ئەهات و حەبیب مشەخۆریش پلیکانێک دواتر. ئالاجاقی دەستی بە سەر داری محاجەرەی قەراخ پێسترکەکەدا ئەخزاند و ئەیڕوانیە بەر پێی خۆی، بۆیەش بوو هێشتا سەرتیپ فەربەخشی نەبینیبوو.

سەرتیپ فەربەخش پاڵتاوە درێژە سەربازییەکەی لە بەر بوو، شەپقەی "پەهلەوی" تا سەر بڕۆی هێنابوو و تای دەسکێشەکەی دەستی ڕاستی دابوو بە دەستی چەپیەوە و لە لاوە وەستابوو. شەمەلی یاخووت وەک بڵێی ئەیەوێ ئالاجاقی لە بوونی سەرتیپ ئاگادار بکاتەوە، دەستی تا لای تەوێڵی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز سڵاوی لە سەرتیپ کرد. ئالاجاقی مابووی بگاتە دوا پلیکان سەری هەڵێنا و سڵاوی لە سەرتیپ فەربەخش کرد. سەرتیپ دەستی لە ناو دەستە قەڵەوەکەی ئالاجاقی نا و لەگەڵ چاک و چۆنی و بەخێر هێنان، وتی:

ــ چاوەڕێتن سەرتیپ، فەرموو بچۆ سەر! منیش ئێستە ئەگەڕێمەوە. شوکری خوا بە خێر ڕابرد؛ خوایە زۆر شوکر!

سەرتیپ فەربەخش بەس چاک و چۆنی کرد و پێی نایە سەر پێپلیکانە و سەرکەوت. فەربەخش کاتێکە ئالاجاقی بینیبوو نەیتوانیبوو گرێی ناوچەوانی بکاتەوە و ئێستەش کە خەریک بوو بچێتە ناو هۆڵەکەوە، ڕوخساری گەش و کراوە نەبوو. هەر بۆیەش بوو کاتێکە لە دەرەوەی هۆڵەکە، دەرگاوان و بەرپرسی جلکەنەکە دەستی بۆ وەرگرتنی کڵاو و پاڵتاوەکەی سەرتیپ ڕادێرا، ئەو گوێی نەدایێ، دەرگاکەی کردەوە و کە چووە ناو هۆڵەکە بیری کەوتەوە ئەبێ کڵاوەکەی داگرێ.

ــ فەرموون بەڕێزان، تکاتان لێ ئەکەم، فەرموون!

ئەو دەرگاوانەی کڵاوەکەی لە سەرتیپ وەرگرتبوو و دابووی بە بەرپرسی جلکەنەکە، کورسیەکی بۆ سەرتیپ ئامادە کردبوو

و سەرتیپ فەربەخش دانیشت. ئەو مێزەی کە هەموو بەرپرسە دەوڵەتیەکان و نوێنەرانی نارەسمی شار لە دەوری دانیشتبوون، تا ڕادەیەک گەورە و لاکێشە بوو. سەر مێزەکە بە ماووتی سەوز داپۆشرابوو و لێرە و لەوێ چەرەس و گلاس دانرابوو. سەرتیپ فەربەخش بۆ ئەوەی وتووێژکەی نەبڕێبێ بە سەر لەقاندن و لێو بزواندن چاک و چۆنی لەگەڵ دانیشتوان کرد کە لە لای ڕاستی سەرۆکی شارەوانی و لە لای چەپی تاج سوڵتانی جوینیەوە دانیشتبوون. فەرماندار لای سەرەوە دانیشتبوو و -وەک بڵێی- سەروانی نموونەی لای خۆیەوە دانابوو. بەرامبەر فەربەخش حاجی مەلیکی لۆکەفرۆش دانیشتبوو و تەزبێحی ئەگێڕا. حاجی مەلیک بن ڕیشی تاشیبوو و هێڵی دانابوو، ڕوومەتی پیر و سوورهاڵ، گۆنای چرچ و داشۆڕاو، مێزەری خەلیخانی و دەور ملی چرچ، بە قسەی خۆش و نوکتەزانی ناوبانگی هەبوو. سەرتیپ فەربەخش جگە لەمشەو، دوو جاریتریش بینیبووی. پێش ئێستە و لە چاوپێکەوتنی ڕەسمیدا کە حاجی مەلیک وەکوو نوێنەری بازرگانان بەو ناسێنرابوو. کورسیەکەی تەنیشت حاجی مەلیک بەتاڵ بوو و کشابوویە پاشەوە. فەربەخش وای دانا پێشتر ئالاجاقی لە سەر ئەو کورسیە بووبێ.

ــ جەنابی سەرتیپ بفەرموون!

سەرتیپ فەربەخش لەپڕ زانی خزمەتکارەکە تاوێکە سینی بە دەست لای شانیەوە وەستاوە، بۆیە وەرگەڕا و گلاسەکەی خۆی لە سەر سینیەکە هەڵگرت و پێشخزمەتەکەی بەڕێ کرد. پێشخزمەت دەوری مێزەکەی دایەوە، نزیکی حاجی مەلیک وەستا و پرسی:

ــ حاجی ئاغە چاتان بۆ بهێنمەوە؟

فەربەخش وەلامەکەی حاجی نەبیست کە بوویە هۆی پێکەنینی خەڵکەکە. جەنابی فەرمانداریش دەرفەتی بە فەربەخش نەدا زۆری بیر لێ بکاتەوە و بە دوای پێکەنینەکەدا کە زۆریشی

نەخایاند، وتی:

ـ ڕاستیەکەی چەندە پێ بکەنین و شادی بکەین هێشتاش کەمە. ڕاستیەکەی ئەبێ شوکری خوا بکەین کە شاهەنشای ئازیزمان لە بەڵای ئەو پەلامارە دزێوەی لە لایەن دەستەیەک لە خوا نەناسەوە ڕێک خرابوو، خوای گەورە پاراستی و بە سەلامەتی و بێوەی ڕزگاری بوو. ڕاستەکەی من گوتەکەی خۆم جارێکیتریش دووپات ئەکەمەوە، هەرچەند جەنابی سەرتیپ لە وردەکارییەکان ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی هەموان بە ڕەسمی وەری بگرن بە پێویستی ئەزانم. ڕاستیەکەی بە شوکرانەی بێوەی بوون و دەربازبوونی خاوەن شکۆ هومایوونی بڕیارمان وابوو بەیانی جەژن بگرین و شار بکەین بە چراخان. هەڵبەت ئەم پێشنیارە لە کاتی خۆیدا لە لایەن حاجیئ ئاغە مەلیکەوە کراوە کە زۆریش بەجێیە. ئەو پێشنیاری کرد کە ئەیەوێ بازاڕ چراخان بکات و کۆڕی دۆعا کردن بۆ گیانی خاوەن شکۆ ببا بەڕێوە. من بۆ خۆم لە دڵەوە ئەو پێشنیارەم پێ باشە و ڕاستیەکەی پێم وانییە کەسیتریش پێشنارێکی دیکەی هەبێ. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە بەرنامەکە بە جۆرێک ڕێ بخەین کە چەندە بۆمان ئەکرێ بەشکۆتر بیبەین بەڕێوە. هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە لە لایەن سەروان غەزەنەوە هەندێ هەواڵمان پێگەیشتووە. ڕاستی ئەم هەواڵانە، کە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بۆتەوە، ئەوەیە کە گوایە ئاژاوەگێڕە نیشتمانفرۆشەکان ئەیانەوێ لە سەرانسەری ئێران هەموو ئەو بەرنامە و خۆپیشاندانانەی بۆ شوکرانە بژێری ساخ و سەلامەتی خاوەن شکۆ بەرپا ئەبێ، تێک بدەن و بیشێوێنن و خەڵکی بێتاوان لە خوێن بگەوزێنن. ڕاستیەکەی پاش گەیشتنی هەواڵی گرتنی سەرکردە خەیانەتکارەکانی ئاژاوەگێڕان لە پایتەخت، من دڵنیام کە ئەوان بێکار دانانیشن. هەڵبەت ڕاستیەکەی بەڕێزان تاج سوڵتان و ئالاجاقی ڕایان وایە کە ئەتوانین بە دەستی خودی خەڵکەکە بەر بەو ئاژاوەگێڕانە بگرین و، پێشنیازیان ئەوەیە

کە ئەتوانن لایەنگران و داژدارانی خاوەن شکۆی خۆشەویست لە گوند و شارۆچکە و تەنانەت خێڵەکانیشەوە بهێنین بۆ شار بۆ ئەوەی بەر بەو گرووپە ئاژاوەگێڕانە بگرن. من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو بۆچوونەم. ڕاستیەکەی پێم خۆشە، چونکە خەڵکی هەقی خۆیانە هەستی خۆیان بەرامبەر بە شاهەنشا دەرببڕن و وابزانم جەنابی سەرۆکی شارەوانی و ئاسایش لەگەڵ من ڕایان یەک بێت. هەڵبەت ڕای سەرۆکی دادگاش -بەڵێ جەنابی کاردانی؟! بەڵێ، ڕای جەنابی کاردانیش هەر ئەمەیە. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانم داوە کە پاسەکان بەیانی کار نەکەن و بە ڕێنموونی پیاوەکانی تاج سوڵتان و ئالاجاقی -فەرموون دانیشن جەنابی ئالاجاقی!- بچن بۆ گوند و ئاواییەکان، بۆ ئەوەی جەماوەر لە لایەن کەرەسەی هاتوچۆوە کەموکووڕییان نەبێ. پێشنیازێکی‌تر لە لایەن جەنابی سەروان غەزەنەوە -کە خۆیشی پریشکەی ئەو ئاژاوەگەرییانەی بەرکەوتووە- کراوە کە بە ڕاستی داهێنەرانە و سەرنج ڕاکێشە. جەنابی سەروان غەزەنە پێشنیازیان ئەوەیە کە کۆمەڵێک لە کەتنکەران و تەنانەت دەستەیەک لە تاوانکارانیش بە لێپرسراوی خۆی بۆ بەیانی لە زیندان ئازاد بکات و لەگەڵ قۆڵچی و پۆلیس -هەڵبەت بە بەرگی سیڤیلەوە- بنێرێ بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و دەربڕینی هەستی ڕێز و خۆشەویستیان. ئەم پلانە داهێنەرانەیە ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە، ڕاستیەکەی من خۆم ئەوەندەی کە بیستم، پەسەندم کرد و وابزانم، ئێوەش ئافەرین لە هۆش و زیرەکی سەروان غەزەنە ئەکەن! بۆ ئەمکارە هەڵبەت هاوکاریی جەندەرمە و فەرمانبەرانی جەنابی سەرتیپ فەربەخش -هەڵبەت لە بەرگی سیڤیلدا- ڕاستیەکەی زۆر گرنگ و کاریگەرە، چونکە جەنابی سەرتیپ بە هۆش و بڕوای خۆرسکی خۆیەوە ئاگای لە ناسکی هەلومەرجەکە هەیە. بۆیە، سەرەڕای پیلانی ئاژاوەگێڕانی بێگانە و ئامادەی هەوڵدانی پووچەڵی ئەوان، ئێمە کاری خۆمان بەم جۆرە درێژە پێ ئەدەین!

فەرماندار عارەقەی تەوێڵی ساف و سپی بە دەسڕ سڕییەوە. پەرداخی ئاوەکەی هەڵگرت، دەمی تەڕ کرد، ملە ئەستوورەکەی لە ناو ملیوانی بلووزە خوریەکەیدا لەقاند، پارچە کاغەزی یاداشتی بەردەمی هێنایە بەرەوە، چاوی بە سەر دێڕەکانی یاداشتەکەدا گێڕا و پاش سەیرکردنی ڕوخساری دانیشتوان، وتی:

ـ یەکەم ئەوەی کە کاتژمێر چواری بەیانی پاس و ترۆمبێلەکانی هاتوچۆ کە لە ناو شار هەیە ئەکەونە ڕێ بەرەو گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی خەڵکی تامەزرۆ بۆ کاژێری هەشت و نۆی بەیانی بگەنە ناوشار. دووەم، کاژێری نۆ و نیوی بەیانی زیندانیەکانی جەنابی غەزەنە لە دەروازەی فەرمانگەی پۆلیسەوە دێنە دەرەوە و لە هەمان کاتدا کە خەڵکی لەبەردەم پۆلیس کۆ ئەبنەوە، یەکێک وتاریان بۆ ئەدا و پەردە لە سەر پیلانی خاینەکان هەڵئەداتەوە. هەڵبەت ـهەر بەو جۆرەی پێشتر بڕیار درا- باشتر وایە ئەو یەک کەسە لە خەڵکەکە خۆیان بێ. ڕاستیەکەی ئەمە باشترە و، هەر بەو جۆرەش کە ئەزانین جەماوەری شاپەرست لە ناو شار لە لایەن جەنابی ئالاجاقی و خەڵکی دڵنیاوە ڕێنموونی ئەکرێن و دائەمەزرێن. بازاڕ ـبە گوێرەی پێشنیازی زۆر لەباری حاجی مەلیک- ئەکرێ بە چراخان و تا پاش نیوەڕۆش دائەخرێ. بەرنامەی دۆعاکردن ـکە ئەویش هەر پێشنیازی حاجی ئاغە مەلیکە- پاش نیوەڕۆ بەڕێوە ئەبرێ؛ چونکە تا پاش نیوەڕۆ دەرفەتی ئەوە هەیە کە ڕاستیەکەی، پیلانی ئاژاوەگێڕان لە لایەن خودی جەماوەرەوە پووچەڵ بکرێتەوە. بەم بۆنەیەوە بەرنامەی دۆعاکردن بۆ گیانی خاوەن شکۆی هومایوونی بریتی ئەبێ لە ڕزگار بوون لە شەڕی ئەو بێگانانەی کە ئارامی و ئاسایشی شارەکەیان تێک داوە. هەڵبەت و ڕاستیەکەی چارەی ڕووداوەکە ئەبێ بەر لە ڕوودانی بکرێ. هەر بۆیەشە لیژنەی ئاسایش وای بە باش ئەزانێ بۆ بەرگری لە هەر چەشنە پیلانێک ـهەر وەک لە بەیاننامەی فەرمانداری سەربازیی تاراندا بە ڕاشکاوی وتراوە- هەر ئەمشەو

سەرانی خاینی ئەم ئاژاوەگێڕانە بگیرێن و لەبری ئەو زیندانیانەی کە بەیانی ئازاد ئەکرێن، بخرێنە زیندانەوە. بۆ ئەمکارە گرنگەش کە ئەبێ بەر لە ڕۆژبوونەوە جێبەجێ بکرێ، ڕای لیژنەی ئاسایش ئەوەیە کە جەندەرمەکانی جەنابی سەرتیپ فەربەخش لەگەڵ پۆلیسەکانی جەنابی سەروان غەزەنە پێکەوە هاوکاری بکەن. لیستەی ئەو کەسانەی کە ئەبێ بگیرێن، لێرە لە بەر دەستی من دایە. بڕیاری گرتنی ئەم کەسانە هەم لە لایەن دادیارەوە واژۆ کراوە و هەم لە لایەن ئەندامانی لیژنەوە. ئەمەش شوێنی واژۆی جەنابی سەرتیپ فەربەخش، جەنابی سەرتیپ! فەرموو واژۆی بفەرموون!

سەرۆکی شارەوانی بەڵگەکەی لە دەست جەنابی فەرماندار وەرگرت، پەندانەکەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و لە سەر لەپەڕەکە لە بەردەم سەرتیپ فەربەخش داینا. فەربەخش سەیرێکی لیستەی ناوەکانی کرد و لای ناوەکەی خۆیەوە واژۆی کرد.

جەنابی فەرماندار، بەڵگەکەی لە دەست جەنابی شارەوان وەرگرتەوە و وتی:

ــ زۆر چاکە، سپاسی هەموو ئامادە بووان و دۆعا بۆ گیانی خاوەن شکۆ هومایوونی، کۆتایی کۆبوونەوەکە ڕائەگەیەنم و پاش پێنج خوولەک پشوودان ئەکەوینە دابەشکردنی بەرپرسێتی ئەرک و لایەنەکانی ڕاپەڕاندنی کارەکان. بەداخەوە لە لایەکەوە و بەوپەڕی خۆشی و سەربەرزییەوە لە لایەکی ترەوە، ئەبێ پێتان ڕابگەیەنم کە ئەمشەو خەو بێ خەو! هەمووتان سەرکەوتووبن و هیوادارم سەیزووشەویش بۆ شێو هەر لێرە بە دەوری یەکەوە بین. هەڵبەت -بەداخەوە- ڕاستیەکەی بەداخەوە، ئەبێ بڵێم کە شێوی سەیزووشەومان بە بۆنەی بەڕێکردنی جەنابی سەرتیپ فەربەخش و بەخێرهێنانی جێ نشینەکەی ئەو، جەنابی سەرهەنگ بەکتاش ئەبێ. ڕاستیەکەی ئەڵێم زۆر بەداخەوەم

جەنابی سەرتیپ فەربەخش!

جەنابی فەرماندار کە بە کۆتایی هاتنی وتارەکەی لە سەر کورسیەکە هەڵسابوو، دەستی بە ئانیشکی سەروان غەزەنەوە هات بۆ لای فەربەخش و لەگەڵی -کە لە سەر کورسیەکەی هەڵسابوو- تەوقەی کرد و وتی:

ـ راستیەکەی جەنابی فەربەخش، ڕاستیەکەی لە دڵەوە ئارەزووم ئەوەیە لەم دواڕۆژانەی بوونت لێرە بەم گیروگرفتانەوە گیرۆدە نەبی؛ ڕاستیەکەی!! با بچینە لای سۆپەکەوە و بە یەک دوو گلاس خۆمان گەرم بکەینەوە، ڕاستیەکەی کە ماندووین؛ بەتایبەت بەڕێزت.

ئاژاوە، ئاژاوە چەند بە ئاشکرا!

بۆنی شوومی ئاژاوە بە شاردا بڵاو ئەبێتەوە. شاریش لە یەکەم ساتەکانی بەیانیەوە ڕەنگ و ڕواڵەتێکی تری هەیە. بێدەنگی و دڕدۆنگی، بێدەنگی و گومان، بێدەنگی و ناهێمنی لە نیگاکاندا خولەی ئەهات. نیگا و ڕوخساری خامۆشی ڕێبواران ئەندێشەی ڕووداوێکی شووم ڕای ئەژەند کە ئەیتوانی هەر ڕواڵەتێکی هەبێ. خۆشیان ڕەنگە نەیان ئەزانی چی ڕوو ئەدات، بەڵام ئەیانزانی شتێک لە پێشە. نیشانە نامۆکانی نەزانین و زانین لە دەمەو بەیانی سارد و خۆڵەمێشی‌دا لە چاو و ڕوخساری خەڵکەکەدا بە سەرگەردانی خولەی ئەهات. زانینی ئەوەی شتێک ئەبێ و نەزانینی ئەوەی کە چی ئەبێ؟! لەم ڕووەوە، ئەو پێیەی کە ئەنرایە سەر بەردچنی شەقامەکە دڕدۆنگیەکی نەناسراوی لە خۆیدا ئەنواندەوە و، ئەو دەستەی بۆ کردنەوەی تای دەرگا تەختەکانی دووکانەکان ئەچوو بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی نەناسراوەوە ئەلەرزێ.

ئاژاوە خەریکە لە شار بەرپا ئەبێ و، بەو جۆرەیە کە کاتی فەرتەنە نیشانەکانی ئاژاوە، تەنانەت پێش ڕوودانی، لە دارەت و

ڕوخسار و هەستی خەڵکەکەدا ئاشکرا ئەبێ. بەردچن و دیوار و ڕەنگی ئاسمان، بە شێوەیەکی دی دێتە بەرچاو. شێوازی هاتوچۆی ڕێبواران ئەگۆڕێ. پێوەی دیارە کە شار، بەر لە ئەمڕۆ ئاهەنگ و هەوایەکی‌تری هەبووە. ئەبینرێ کە ئەمڕۆ هەموو شت نەواختێکی تری هەیە، نەواختێکی ناهەماهەنگ. شوێنێک جووڵاوە و شتێک لە ناخی ژیاندا بزاوتووە. خەڵکی ئەڵێی بە دوای کاری ڕۆژانەیانەوە نین. گوێڕایەڵی دەنگێکن. گوێ قوڵاخی زایەڵەی یەکەم دەنگن تا لە کوێی شار و لە گەرووی کێوە بەرزبێتەوە:

ــ خەڵک ئەهێنن. ئەڵێن لە دەوروبەری شارەوە خەڵک ئەهێنن!

ــ دوێشەو، دوێشەو ماشینەکانی پۆلیس و جەندەرمە هەتا ڕۆژ بۆتەوە لە کۆڵان و شەقاماندا خولاونەتەوە!

ــ گەلێک! گەلێکیان گرتووە و چوونەتە سەر زۆری تریش بیانگرن!

ــ زۆر کەسیش هەڵاتوون، بەشەو بۆیان تێ تەقاندووە.

ــ بەر لە هەموان بەرپرسەکەیان هەڵاتووە، جەنابی فەربود!

ــ ئەڵێن ئەمڕۆش لە بەردەم فەرمانگەی پۆلیس کۆ ئەبنەوە وتار بۆ خەڵک ئەدەن!

ــ پاش نیوەڕۆش لە ناو بازاڕ شیرینی ئەبەخشنەوە.

ــ لە بەیانیەوە دەستیان پێکردووە، وا پێ ئەچێ نانیش بدەن. لە کاروانسەرای حاجی زەمان و لای بازاڕی ئاسنگەران!

ــ هەلومەرجەکە ئەڵێی گۆڕاوە؟!

ــ تا بزانین چۆن ئەبێ!

جووتە سواڵکەرە کوێرەکەی بەردەرگای ئێمامزادە یەحیا وەک هەموو ڕۆژێکی‌تر لە بن دیوارەکەدا دانیشتبوون. قاپی فافۆنی دەستی "ئەبولفەزل"یان لە بەردەم خۆیاندا دانابوو و چاوەڕوانی هاتوچۆی ڕێبواران بوون.

ــ وەرە با ئاگر بکەینەوە، من شقارتەم هەیە، وەرە...

ـ خێرێک بکە براگیان، خێرێک بە ئێمەش بکە کاکە گیان. دەمەوبەیان سەدەقەیەکمان پێ بکەن، سەدەقە بەڵاتان لێ دوور ئەخاتەوە! دۆعاتان بۆ ئەکەین، دەمەوبەیان سەدەقەیەک بە ئێمەش بدەن. سەدەقە بەڵاتان لێ دوور ئەخاتەوە!

ستار پارەیەکی هەڵدایە ناو قاپە فافۆنی ژنەی گەدا و تێپەڕی. لە چوارڕێیانەکە پەڕیەوە و بە لێژایی بازاڕی ئاسنگەراندا بەرەوخوار بوویەوە. دووکانی مامی ئەکبەر داخرابوو و لە دەوروبەری کاروانسەرای حاجی زەمان خەڵکێک خەریکی هێنان و بردنی قازان و ئاورودوو و لاشە گۆشت و فەردە برنج بوون. ستار تێپەڕی و پێی نایە مەیدانی ئێزنگ فرۆشان و خەڵووزکەران. ئێزنگکەران ئەتوت دەمێکەیە گەیشتوون و باری چاڵووک و تەنگزیان کردبوویەوە و لە تەنیشت وشترەکانیانەوە لە سەر یەک لێژنەیان کردبوون. چاخانەی بەر مەیدان کرابوویەوە و وشترەوانان ناوبەناو ئاگریان کردبوویەوە و خەریکی خواردنی نان و چا بوون. ستار بە ناو بار و پاتاڵەکاندا پەڕیەوە و ویستی بچێتە ناو چاخانە هەڵم گرتووەکەوە. بەڵام پیرەمێردێک ـ نەک بەناوی خۆی ـ بانگی لێکرد:

ـ ئاشنا، هۆی ئاشنا!

ستار ئاوڕی لە خاوەن دەنگەکە دایەوە. خاڵە مەندەلوو بوو. بە باڵای کورت و چاوە لکاوەکانیەوە بە ئاستەم لە پشت جیازی وشترەکەیەوە ئەبینرا. ستار چوو بۆ لای خاڵە مەندەلوو و بە دەم چاک و چۆنیەوە لە لای ئاگرەکە دانیشت. خاڵە مەندەلوو لە نێوان دوو فەردە ئێزنگ و وشترەکانیدا ئاگری کردبوویەوە و کترییەکەی خستبوویە سەر ئاگر و سفرەی نانەکەی ڕاخستبوو:

ـ دەمێکەیە یەکدیمان نەدیوە وەستا ستار! لە شەوی خوازبێنیەکەوە. خوا بیانگرێ کە شەوەکەیان لێ کردین بە ژەهری مار، خوا بیانگرێ! بینیت چ بەڵایەکیان بە سەر ئەو ژنە قاچ شکاوە هێنا؟ خوا تیری غەیبی بۆ بنێرێ ئەو حەبیب مشەخۆرە؛ خوا بیباتەوە بۆ لای خۆی. لەو شەوەوە ڕۆژێکیش نەبووە نەحلەت

و نەفرینی نەکەم. هێشتاش لە خوام ئەوێ کە نان سوار بێت و حەبیب پیادە! دەی بۆم بڵێ بزانم ئاگات لە کوڕەکەم هەیە یان نا؟ مووسا چۆنە؟

ــ باشە، ماوەیەک لەمەوبەر کە بینیم باش بوو. بۆچی ناچی سەردانی بکەی؟ بڕۆ مووسا ببەوە بۆ لای خۆت.

ــ ئەڕۆم، ئەڕۆم. ئەگەر تا جەژنی نەورۆز دەرنەکەوێ، خۆم ئەڕۆم و سەرێکی قەلاچیمەن ئەدەم. ئێستە خۆ ناتوانم، چونکە زستانە و دار و ڕەژوو کڕیاری هەیە. کارم زۆرە مامە گیان، تاقە باڵم. چۆن بە کارەکانم ڕابگەم؟ کوا فریا ئەکەوم؟ هەم ئەبێ دار خڕ بکەمەوە، هەم خەڵووز بکەم، هەم باری بکەم و هەم بیهێنم بۆ شار، هەم ئالیک بۆ وشترەکانم دابین بکەم، هەم ئارد و قەند و چا بۆ خۆم پەیدا بکەم، هەم جل و بەرگم بدوورم و پینەی بکەم و بیانشۆم؛ مەگەر من چەند دەستم هەیە، وەستا ستار؟! شەو و ڕۆژ مەگەر ئەکشێ؟ نەخێر. ڕۆژ بەم کورتیە، چۆن فریا بکەوم؟ دەی، تۆ خۆت خەریکی چیت؟ هێشتاش نەتتوانیوە ستار بگری و چاوە دووکانێک پەیدا بکەیت و نانی خۆتی تیا پەیدا بکەی؟

ــ وام لە بیریدا خاڵە مەندەلوو، وام لە بیریدا.

خاڵە مەندەلوو پیاڵەیەک چای بۆ ستار تێکرد و وتی:

ــ لە ڕێگە کە ئەهاتم ترۆمبێلی شاریم بینی ئەچوو بەرەو ناوچە؟ بەو ڕێگە لار و لەوێرەدا تۆ بڵێی بۆ کوێ چووبێ؟! چاکەت بخۆ!

ستار وتی:

ــ ڕەنگە ڕۆیشتووە زیارەتچی هەڵبگرێ. جاری وا هەیە زیارەتچی چەن ئاواییەک، ماشینێک بەدەربەس ئەگرن بە کرێ.

ــ ئا! ئا! بەڵام خۆ وەرزی زیارەت نییە. بە قوربانی ئیمام ڕەزا بم! زستانە و، خەڵکی بە زۆری پاش دروێنە و خەرمان ئەچن بۆ زیارەت!

ـ نازانم خاڵە، ئەگەر جگە لەوە بێ نازانم.
ـ چایەکی دی ئەخۆی؟
ـ ناتوانم ئیتر. ئەبێ بڕۆم. خوا حەز بکا و دەرفەت هەبێ مووسا هەڵئەگرم و دێین بۆ بیابان بۆ سەردانت.
ـ با چایەکی ترت بۆ تێ بکەم!
ـ نا خاڵە گیان، ئەوا مشتەرییەکانت پەیدا ئەبن. دەمەو نیوەڕۆ ئەگەر چوویت بۆ لای پیرەخاڵۆ، ڕەنگە منیش لەوێ سەرێک بدەم. لەوێ یەکدی ئەبینین. خوا حافیز.
ـ خوات لەگەڵ، بەخێر چی!

ستار ئیدی نەچوو بۆ چاخانە. لە ناو بار و پاتاڵەوە تێپەڕی و لە مەیدانی پەزان پەڕیەوە و بای دایەوە بۆ کۆڵانی خوار مزگەوتی گەورە. بە هەورازی کۆڵانەکەدا سەرکەوت و لە دەرگا کورت و تەنگەبەرەکەی بەری باشوورەوە چووە ژوورەوە. بە حەوشەی مزگەوتدا تێپەڕی و لە دەروازەی سەرەکیەوە چووە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکە. بەرامبەر دەرگای مزگەوت، تۆزێ لای خوارەوە، کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا بوو کە دیوار بە دیواری بینای پۆلیس بوو. خەڵکی کەموزۆر دەرکەوتبوون و دەرگای دووکانەکان کرابوویەوە. لە بەردەم پۆلیس خەڵکێکی کەم کۆ ببوونەوە و بڵیندگۆی سەردەرگای پۆلیس مارشی بڵاو ئەکردەوە. هەور بوو و نەئەزانرا چ کاتە. ستار شۆستەکەی گرتەبەر و بەرەوژوور بەرەو فەرمانگەی پۆلیس کەوتە ڕێ. ئێرە شار بوو و ستار پێی وا نەبوو لە شار کەس بیناسێتەوە. بە ئاقاری ئەودا پاسێک پڕ لە خەڵکی گوندی بەرەو پۆلیس سەرکەوت. ڕێبوارێک بە هەڤاڵەکەی خۆی وت ئەوانە خەڵکی لای جوین و تەبەسن. ستار بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت و لەبەردەم پۆلیس بای دایەوە بۆ ناو کۆڵانەکە و لەم کاتەدا توانی جیبەکەی ئالاجاقی ببینێ کە لە پشت سەر ئاپۆرەکەوە ڕایگرت. جەلیل ئاغە دابەزی و ڕاوەستا تا کەسانی ناو جیبەکە دابەزن. ستار توانی شێوەیەکی نیوڕوخی دلاوەر شوان ببینێ کە کاتی

دابەزین شاقەلی کەواکەی وا پێ ئەچوو لە شتێک گیری کردبێ. بای دایەوە و خۆی لە پشت دیوارەکەدا داگرت.

چەند بە ئاشکرا، چەند بە ئاشکرا؟ دەسەڵات ئەڵێی شەرم و شوورەیی ناناسێ! ئاژاوە لە فەرمانگەی پۆلیسەوە دەست پێ ئەکا. بڵێندگۆی سەر دەرگای پۆلیس بەردەوام قسەی ئەکرد و خەڵکەکەی هان ئەدا. دەستەیەکی نە زۆر، چەکدار بە ئاسن و چەقۆ، بە ڕۆژی ڕۆشنا، لە بەر دەرگای پۆلیس شەقامەکەیان داگرتبوو. خەڵکی ئاسایی لە گۆشە و کەناری پیادەڕەوەکە ناوبەناو وەستابوون. هەواڵی ئازادکردنی کاتی ئەو زیندانیانەی خۆیان ناوزەد کردبوو تا لە سەر داوای خۆیان و بە مەبەستی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی شاپەرستانە و بەرنامەی دۆعاکردن بۆ شا، لە بڵێندگۆی پۆلیسەوە ڕائەگەیەنرا. حەبیب مشەخۆر لە ناو لات و لووتەکاندا بە هەموو بیانوویەک خۆی دەرئەخات. وەکوو جڵەودار و ڕێکخەری دەستەکە دەستی ڕائەوەشێنێ و ڕێگە بۆ زیندانیە بەربووەکان ئەکاتەوە. زیندانیانی تاوانکار بە ڕوخساری وەکوو سێبەر، چاوی حەپەساو و ئەبڵەق، سەر و پرچی ئاڵۆسکاو لە دەرگای فەرمانگەی پۆلیس ئەهاتنە دەرەوە و تێکەڵ بە ئاپۆرەکە ئەبوون. وا پێ ئەچوو لە یەکەم ڕووبەروو بوونەوەیان لەگەڵ خەڵکەکە بە دوای ئاشنادا ئەگەڕێن. حەبیب مشەخۆر بە ڕاوەشاندنی دەست و سیکاردە گاکوژەکەی بە حەوادا و بە قیژە و هەرای دژبەرانەی، پێشوازی لە تاوانکاران ئەکات و بۆ هاندانی ئەوان و ڕوونکردنەوەی دۆخ و ئەرکی ئەوان، دروشم و جنێو ئەدات.

شەمەلی یاخووت و سەروان غەزەنە، لە باڵکۆنەکەی سەردەرگای پۆلیس خەریکی سەیرکردن بوون. لێواری کڵاو و برۆی پۆلیسێک لە پشتی ئەوانەوە ئەبینرا. لە ناوەڕاستی شەقامەکە کورسیەک بۆ حەبیب مشەخۆر دائەنرێ و حەبیب ئەچێتە سەر کورسیەکە. کڵاوە نەشۆراو و شەقیلە بەستووەکەی لە سەری

توند ئەکا. قەپۆزە خوار و درێوەکەی دائەچەقێنێ و ئەوەی فێری کراوە بە جنێوەوە فڕێ ئەداتە دەرەوە. گوتار و قسەکانی بەو پێیەی کە چەناگەی لار و گێڕە، وشە بە وشە ڕوون نییە. بەڵام کاکڵی گشتی قسەکانی و ئەو شتانەی ئەو هەوڵ ئەدا دەریانببڕێ، پاتە کردنەوەی چەند وشەی تایبەت و دیاریکراوە و، ئامانجی قسە فڕێدانەکەی حەبیب ئاشکرا ئەکات. ناوبەناو کە حەبیب ڕوو بەملا و ئەولادا ئەسووڕێنێ، هەندێ وشە کە ئەوەندە لە زمانی سیاسیکارەکانەوە بیسراون، بوون بە ئاشنای هەموو گوێیەک، ئەناسرێنەوە. وشەی بە سیاسی بوو، زاراوەی بە سیاسی بوو، ئەویش کاتێکە لە دەمی یەکی وەکوو حەبیب مشەخۆر دەرئەچێ، دەری ئەخا کە بە ڕاستی مشتەری ڕاستەقینەی خۆیان دۆزیوەتەوە! ناپاکان، نیشتمانفرۆشان! ئاژاوەگێڕان! شاهەنشا! تۆڵە سەندنەوە لە پیلانگێڕانی وڵاتفرۆش! دەسدرێژی کردن بۆ سێبەری خاوەن شکۆ! تۆڵە! تۆڵە! خەڵکینە تۆڵە سەندنەوە!

ـ خوا لەحنەتت بکات حەبیب چەنەخوار، خوا لێت خۆش نەبێ کە بەو دەم و قەپۆزەتەوە خەریکی خوێن بەرپا ئەکەی!

ستار، ئاوڕ لە دەنگێک ئەداتەوە کە زیاتر لە ناڵە ئەچێ، و لە پیرەمێردێک کە شانەکانی دەرپەڕیون و لە بن جبە کۆن و شیتاڵەکەیدا تۆزێ ئەجووڵێ، ئەڕوانێ. پیرەمێردی سواڵکەر خەریکی قورئان خوێندنە. ستار ئەڵێی تا ئەم کاتە هەستی بە بۆونی پیرەمێرد نەکردبوو کە لە سووچی دیوارەکە دانیشتبوو.

یەکێک لە ناو حەشەماتەکەوە، گوڕە و نەڕەی حەبیب ئەسێنێتەوە. ئاپۆرە هوڕڕا ئەکێشێ و لاسایی ئەکاتەوە. حەبیب لە سەر کورسیەکە دێتە خوارەوە و لە بەریانەوە ئەکەوێتە ڕێ. لە لای دەروازە نەیشاپووریشەوە داروەدەستەی "حاجی نیمە" ئەگات و ئەکەوێتە شوێن حەشاماتەکە. ئاپۆرە بەرەو ئیمامزادە یەحیا و چوارڕێی **ئەرگ** ئەکشێ. دەستەکان، چەکدار و قووچاو لە حەوادا ڕائەوەشێنرێن و گەروەکان ئەنەڕێنن. ئیتر پێویست بە گوێڕاگرتن

و سەرنجدان نییە. جنێو، هەڕەشە، بوختان و دروشمەکان دیار و ئاشکران. دیاری کراون!

ستار ئەیەوێ لە پەنای دیوارەکەوە بچێتە سەر شوستە و شەقامەکە. ئەو وای داناوە غەوارەیە و شوێنی کارەکەی گوندەکانە، نە شار. بۆیە پێی وایە ئەتوانێ لە ڕیزی نەناسراواندا بێ کە ئەتوانن لە ناو خەڵکدا بن بۆ ئەوەی ئەگەر بە تەڕدەستی و زیرەکیش بووبێ، بەڵکوو بتوانێ بەرگری لە تاوان بکات. جارێکیتر بۆ سەیرکردنی حەشاماتەکە کە ئەوا کەوتۆتە ڕێ مل ئەکێشێ و بێ ئەڤان ئەپرسێ:

ـ خاڵە بە ڕای تۆ ئەم چەقۆکێشانە مەبەستیان چییە؟

پیرەمێرد بە بێ ئەوەی سەری لە سەر قورئانەکە هەڵگرێ، وەڵام ئەداتەوە:

ـ شەڕ کاکەگیان، شەڕ! پیاوکوژ جگە لە پیاوکوشتن چیتری لەدەسی دێ؟ دەمی چەقۆکێش کە کرایەوە تا خوێن نەڕژێ، داناخرێ!! ئەتەوێ خێری مردووەکانت سوورەیەکیان بۆ بخوێنم؟

ستار پارەیەکی هەڵدایە ناو قاپە مسەکەی کابرا و وتی «بخوێنە» و پێی نایە سەر شوستەکە. ئاپۆرە لە قەراخ دیواری مزگەوتی گەورە وەک گەردەلوول لێک ئاڵابوو. گرمۆڵە ببوو. کەڵەکە ببوویە سەر یەک و ئەوەی لەو تەوەنە لێک هاڵاوە بەرچاو ئەکەوت، بریسکانەوەی دەمی چەقۆ و کاهوور بوو بەو دەستانەوە کە بەرز ئەبوونەوە و دائەهاتنەوە.

گرێی ئاپۆرەکە بە خێرایی کرایەوە و کەوتەوە ڕێ و ئەوەی لە پاش خۆی بەجێی هێشت، تەرمی لەت و کوتکراوی گەنجێک بوو لە سەر پلیکانی دەرگای سەرەکی مزگەوت کەوتبوو و دەفتەر و پەڕتووکی خوێندنەکەی لە ناو پەنجەکانیدا ئەگووشا و بەر لەوەی دوا پەلەقاژەی مردن ڕایشەکێنێ، لە کاتێکا ئەیانخستە ناو عەرەبانەیەک بۆ ئەوەی بیبەن بۆ نەخۆشخانە، وتی:

ــ جەلیل! جەلیل! خەڵکینە، جەلیل لێی دام!

لاوی خوێندکار مردبوو کاتێکە فایتوونەکە کەوتە ڕێ و خوێنی گەرمی بە پاپیلکی فایتوونەکەدا ئەتکایە سەر تەختی شەقامەکە. ستار کاتێک هاتەوە بە خۆیدا کە دەمی بە خوێن سوێر ببوو و مشتە گووشراوەکانی لە ناو گیرفانەکانیدا قفڵ ببوون. بە سەر ئەو خوێنەدا لە سەر پێسترکی مزگەوت ڕژابوو تێپەڕی و، دەستە قووچاوەکانی بە ترس و لەرزەوە لە گیرفانی دەرهێنا و ئەو خوێنەی لە لێوی خوارەوەی -شوێنی ددانەکانی- فیچقەی کردبوو بە لەپی دەستی پاک کردەوە.

لە چوار ڕێی ئەرگ، حەشاماتەکە جارێکیتر هەڵوەستەی کردبوو و حاجی نیمە لە سەر کورسیەک خەریکی وتاردان بوو و زیاتر لەوەی پێش ئەو وترابوو ترش و خوێی پێوە ئەکرد و ڕوو لە جەماوەری سەر شۆستەکان ئەدوا:

ــ غیرەت و پیاوەتیتان چووە بۆ کوێ؟ ئەوانە خەریکن وڵاتەکەتان ئەفرۆشن، کەچی ئێوە ڕاوەستاون و سەیر ئەکەن؟ شا باوکی نەتەوەیە. ئەمانە ویستوویانە باوکی ئێوە بکوژن؛ کەچی ئێوە ڕاوەستاون و سەیر ئەکەن؟ دیسانەوەش ڕاوەستاون و سەیر ئەکەن؟! ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە ئەبێ بوونی نگریسیان لە سەر پەڕەی ڕۆژگار ڕەش بکەینەوە. کەچی ئێوە ڕاوەستاون و سەیر ئەکەن؟ ئەتانەوێ ئەو ڕۆژە بگات کە ناموستان لە باخەڵتان دەربهێنن ئەوسا، دەنگتان بەرز ببێتەوە؟! بەڵام داخەکەم! داخەکەم کە ئەو ڕۆژە تێ ئەگەن ئیتر زۆر درەنگ بووە! بۆیە ئەگەر بەقەد دەنکە گەنمێک شەرەف و غیرەتتان هەیە، دەسا بجووڵێن!

دەنگێک لە ناو ئاپۆرەکەوە هاواری کرد:

ــ چاپخانەکەیان. چاپخانە، چاپخانە!

حەشامات بەرەو لای سەرەوە کشا، بەڵام نیاز بەوەش نەبوو. چونکە دار و دەستەی تاج سوڵتان لە بەری دەروازە

تەبەس، لای باکووری شارەوە هێرشی دەسپێکردبوو، ئەوا لە بەر چاپخانەی ئەفشار گرمۆڵە ببوو و دەر و تەختەی دووکانەکەی ورد و خاش کردبوو و بەردەوام بوو. پارچەی ئامێر، کاغەز و پەڕە، مەکینەی چاپ و شتەکانی دی بە سەر دەستی لات و لووتەکانی تاج سوڵتانەوە هێنرایە سەر شەقام، یان لە ناو دووکانەکەوە هەڵدرایە دەرەوە.

ــ نەوت بێنن، نەوت!

سەخت نەبوو. تەڵە شقارتەیەک و گڕ چوو بە حەوادا و پاشماوەی کاغەز و ڕۆژنامە ئەوەندەی‌تر ئاگرەکەی خۆش کرد و گڕەکەی برد بە حەوادا.

پەڕەی کاغەز بە حەوادا ئەسووڕا. ئاگر بڵێسەی ئەکێشا کە گۆپاڵ بەدەستانی تاج سوڵتان ڕوویان وەرگێڕا بۆ شەقامی سەرەوە و بیسرا دەنگێک وتی:

ــ بنکەی سەرەکی، بنکەی سەرەکی. دەزگای سیخوڕیەکەیان وا لەوێیە!! لەوێ!

ئاراستەی پێچەوانەی دار و دەستەی تاج سوڵتان، حەبیب مشەخۆر و حاجی نیمە بەرەو خوار بوونەوە بە لێژایی گوزەری قەرەچیەکاندا و تەپوتۆزی خاک بە شاڵاوی ئەوان بە حەوادا بەرز بوویەوە. لەپڕ گازەرەی پشتی ستار تەزی پیاگەڕا و هەستی کرد هەموو لەشی تەزی. ئەکبەر، ئەکبەر ئاسنگەر. ستار بەپەلە لە شەقامەکە کردیە ئەو بەرەوە و ڕۆیشت بەڵکوو لای مەیدانی خەڵووز فرۆشەکانەوە خۆی بگەیەنێتە ئاسنگەرخانە. بەڵام درەنگ ببوو و بەس ئەیتوانی هیوای ئەوە بخوازێ کە حەشاماتەکە بڕژێنە کاروانسەرای حاجی زەمان بۆ چا و ئاو خواردنەوە، یان وەرگرتنی بەشە خورما و کاکڵە گوێز. بەس ئەیتوانی هیوای ئەوە بخوازێ خۆزگەکەی وا دەربچێ. چونکە گۆپاڵ بە دەستەکانی ئالاجاقی لە ڕووبەڕووەوە، لای دەروازە عیراقەوە هاتبوون و چاوە ڕەشەکانی قەدیری کەلایی خواداد، ستاری لە سەر جێی خۆی وشک کرد.

ستار ئەوەندەی پێکرا خۆی بداتە پاڵ دیواری لبادکوتەکان، بە بێ ئەوەی بتوانێ نیگای لە نیگای قەدیر بگوێزێتەوە. هیچی پێ نەئەکرا و پێی نەکرا. لای لێژایی گەڕەکی قەرەچیەکان و لەپاڵ دیواری ڕاستەبازاڕی لبادکوتەکاندا وشک بوو. هەستکردن بە مەترسی بۆ سەر هاوڕێکەی ئەوی ئازار ئەدا و ترسی خۆی لە قەدیریش خەریک بوو دڵی ئەتۆقاند و، ئەمانە ویستی دەرپەڕین و هەڵاتنی لە ناخی ستاردا بەهێز ئەکرد. بەڵام لە خۆی بنەویایەت بۆ هەڵاتن لە چاو لێک نانێکدا پارچە پارچەیان ئەکرد. ئەماژەیەکی دڕدۆنگ بەس بوو بۆ ئەوەی دەوری بگرن و هەڵیدڕن. بۆیە وەک تیرێک لە چاوی ماردا، ڕاوەستاو و تەنها کارێک کە پێی کرا ئەوە بوو کە دەستی برد بۆ سەر سینگی و قۆپچەکانی بن گەرووی هەڵکەند و گەردنی خۆی ئازاد کرد. چونکە دوو دەستی پێوار خەریک بوون ئەیانخنکاند و قیژە و هەرای ناو بازاڕی ئاسنگەران لەڕادە بەدەر بوو و لە توانای ستاردا نەمابوو. نیگای مڵۆزمی قەدیر خەریک بوو هەناسەی ئەچنی. پێکەنینی قەدیری کەلایی خواداد هەرگیز تا ئەم ڕادەیە ئازاری نەدابوو. ددانە سپیەکانی قەدیر هەرگیز ئەوەندە خۆفناک و هەروەها سەرنج ڕاکێش بەرچاوی ستار نەکەوتبوو. ئەو ددانانەی کە وەکوو هەمیشە ڕێک و لەبار نەبوون، بەڵکو دزێو و نەفرەتبار بوون. بەڵام لە هەمان کاتدا داوای لە ستار ئەکرد پەسنیان بکات:

قەدیر ئەوا خۆی لا دابوو و چاوی لە چاوی ستاردا ڕاوەستابوو تا دار بە دەستەکانی کەڵاتەیی و لات و لووتی دەروازە، تێپەڕن. لات و لووت بوون و ڕەنگە یەک دووانی ئاشنای وەکوو عەبدولە ڕەش و عەباسجانیش لە پێش چاوی ستارەوە تێپەڕیبوون و لە هەمانکاتدا وای بۆچووبوو کە پیاوەکانی ئالاجاقی بوون بە چەند دەستەوە. چونکە دلاوەری لەگەڵ جەلیل و جەلیلی لەگەڵ حەبیب و حاجی نیمە بینیبوو. کە وا بوو ئەو دەستەی قەدیری لەگەڵ بوو، سەردەستەکەی کەڵاتەیی یان هی دەروازە بوو.

هەرچی چۆن بێ دەرفەت نەبوو. دەرفەتی بیرکردنەوە و پیاچوونەوە نەبوو، هەرچەند نەشئەکرا ڕێگە بە خێرایی برووسکە ئاسای ئەندێشە ببەستێ. قەدیر بەرەو ڕووی هات و لە بەرامبەریدا، سینە بە سینەی وەستا و بە بێ ئەوەی پێکەنینە ملۆزمەکەی لە لێوی دوور بخاتەوە، وتی:

ــ خێرە! لەم ناوە خولەت دێ؟ سەرت بە لەشتەوە زیادەیە؟ ئەتەوێ لەت و کوتت بکەن؟!

قیژە و هەرای چاڵەبازاڕی ئاسنگەران تاو بە تاو ئاشکراتر مێشکی ئەتەزاند. ستار نەی ئەتوانی هیچ بڵێ. قەدیر دیسانەوە وتی:

ــ خۆ چاوت لێیە، شار شێت بووە! هەر کەس بە دوای خەنیمەکەیدا ئەگەڕێ تا خوێنی بخواتەوە. ئەبینی؟ نابینێ؟!

ستار بەس توانی بڵێ:

ــ بۆ؟!

ــ بۆ خۆت دەرباز ناکەی؟ چ خێرتە؟ خۆت خۆش ناوێ؟!

بە دەنگێک کە ئەلەرزی و وەک بڵێی گریاناوی بوو، ستار وتی:

ــ قەدیر! هاوڕێکەم، هاوڕێکەم بە شێوەیەک! ئۆباڵی لە ئەستۆی منە! من...

قەدیر قۆڵی ستاری گرت، خستیە ڕێ و وتی:

ــ جارێ با بچین لە شوێنێک بتشارمەوە!

ــ هاوڕێکەم ئەکبەر، قەدیر!

لە سەرەولێژی مەیدانی ئاسنگەران، ستار ڕاوەستا و قۆڵی قەدیری گووشی و ناخودئاگا ڕایوەشاند:

ــ هاوڕێکەم، قەدیر! هاوڕێکەم! دەسا کارێک بکە قەدیر، کوڕە قەدیر!

درەنگ ببوو. ئیدی درەنگ ببوو. کراسە سپیەکەی ئەکبەر ئاسنگەر بە خوێن سوور ببوو و دەستاودەست بە سەر سەری

ڵات و لووتەوە ئەگەڕا. نەء، تەنها کراسەکەی نەبوو. ئەوە خودی ئەکبەر بوو کە بەو جۆرە خوێناوی و ورگ هەڵدڕاو، بە کاکۆڵی ئەرخەوانی و ڕوخساری خوێناویەوە بە سەر دەستی خویناوی چەقۆکێشەکانەوە، لە قووڵایی مەیداندا بەملا و ئەولادا ئەبرا.

ــ قەدیر! قەدیر! ئەکبەر!

حەشامات ئەکبەری تووڕ دابوو و خەریک بوو بە هەورازەکەدا سەر ئەکەوت. ستار خویشی نەی ئەزانی چۆن دەستی گرتووە بە دەمیەوە و لە گوشاری بێ ئەمانی ئازار و هەنسکی گریاندا تەختی ڕوومەتی پڕ بووە لە فرمێسک. دەستە خوێناوییەکەی خۆی لە نێوان ددانەکانی دەرهێنا و بە دەمی پڕ لە خوێنەوە، کپ و مەرگبار وتیەوە:

ــ قەدیر! قەدیر! ئەکبەر، ئەکبەرەکەم!

قەدیر لەشی وردیلە و گرمۆڵەبووی پینەچی لە زارکی گوزەرەکە پەڕاندەوە. ڕایکێشایە بن دیوارەکە و بەرەوخوار پەلکێشی کرد. تا ناو مەیدانی خەڵووزکەران لەگەڵی ڕۆیشت و لە کۆڵانە چۆڵەکە لە بن درەختەکە داینا بۆ ئەوەی کابرای نەگبەت چەندەی ئەوێ بۆ خۆی بگری و!

چەند تێپەڕی و کەی بوو کە ستار هەستی کرد بە بێ قەدیر لە کۆڵانە کۆنەکانی شاردا سەرگەردانە. وەک شێتێکی بێ ئازار، خولەی دێت و ناوی ئەکبەر ئەڵێتەوە و گریانەکەی وشک هەڵاتووە.

ــ ئەکبەر! ئەکبەر گیان! براکەم ئەکبەر! خوێنی تۆ لە ئەستۆی منە، چی بکەم خوایە؟!...

نەخێر، ئەمە کۆتایی نەبوو. نەی ئەتوانی کۆتایی بێ. ئەمە یەکەم دڵۆپی خوێنی زێڕینی مرۆڤ نەبوو کە بەو جۆرە خاینانە و تاوانکارانە و لەم فەرتەنە ناجوامێرانەیەدا ئەڕژایە سەر خاک و، نەشی ئەتوانی دوا تنۆک بێ. خوێن، ئەم هێڵە سوورئاڵەی خوێن لە دوێنێوە جۆگەلەی هەڵبەستووە و بەرەو دوارۆژ بەڕێوەیە.

ڕەوان بوو و گەرم بوو ئەم خوێنە گەشەی ئادەمیزاد. ڕەوان، ڕەوتێکی بەردەوام و هەمیشەیی. نەء، ئەم جۆگەلە ڕەوانەی سووری خوێن نەئەوەستایەوە و ئەتوت تاقە نیشانەی ئەم گەلە و تاقە نیشانەی ئەم خەڵکە هێڵی سووری خوێنەکەیانە کە پشتاوپشت و چەرخاوچەرخی لێک گرێ ئەدا. هێڵی جوانی خوێن، تەنها نیشانەی شانازی ئەم بانووە و، ئەمە کۆتایی نەبوو. ئەمە کۆتایی خوێن نەبوو.

بەڵام جەخار، داخی گران کە خەنجەر، کە تیغ لە قۆڵی دڕاوەوە دێتە دەرەوە؛ بە دەستی قۆڵ شڕەکان. بۆیە ئەمە جێگەی داخە. تەنها هۆی پەژارە و کەسەر -ڕەنگە- هەر ئەمە بێ. ڕەنگە بوونی خوێن لە ڕەوان بوونی دایە و ئەگەر ڕەوان نییە، ئەوە خوێن نییە و، زیندوو نییە و ژیان نییە. ڕەنگە خوێن ئارمانجی ڕەوان بوونە. داخی گران بەڵام کە خوێنی خەڵکی بە دەستی خۆیان ئەڕژێتە سەر خاک. لەم نێوانەشدا، لە نێوانی دەست و سینەدا بەس خەنجەر بێگانەیە و ئەوە دوژمنە کە خۆی لە بن دەمامکی دووڕوویی‌دا شاردۆتەوە و بە خەنجەرێکەوە کە داویە بە دەست جەماوەرەوە بۆ هەڵدڕینی سینەی جەماوەر.

خەڵکی، خەڵکی بەرەڵڵا! کێن و کامانەن ئەم لات و لووتانە؟ لە کوێوە هاتوون و سەریان دەرهێنا وە ئەمانە؟ کێن و بە چ کارێک؟ نین و نەوازەن، نین و ڕوو پیشان نادەن. بەڵام لەپڕ و لە نکاو وەک گیاکەڵە قیت ئەبنەوە، لێک ئاڵاو و یەک دەنگ و، دەنگی دوژمنەکەی خۆیان تاو ئەدەنەوە. کێن ئەم بێدەنگە بێ ناوانە کە لەپڕدا ئەبن بە گەرووی بەخۆفترین هاوار و دڕندانەترین نەعرەتە؟ لە کوێی ئەم خاکەوە هەڵئەقوڵێن بە خووی هێرشکەر و پاشانیش لە کوێی ئەم زەمینەدا ئەتوێنەوە؟ چین ئەوانە و کێن کە جگە لە نیشانەیەکی دڕندەیی و جگە لە گەرد و تۆزی کاولکردن جێ ناهێڵن؟ لە کوێی ژیاندا ئەژین ئەم هۆزە، بە دوای چییەوەن و بە چ مەبەستێک؟ چییان ون کردووە و بۆ چی ئەگەڕێن

و بۆ کێ ئەگەڕێن؟!

بۆ خۆیان ئەگەڕێن؟ تۆ بڵێی خۆیان ون کردبێ و بۆ خۆیان بگەڕێن؟ تا خۆیان چی بن؟ بەڵام عەودالی دۆزینەوەی خۆیانن و بە خاوی لە گەڕدان. سووکایەتیان پێکراوە. سووکن و بە سووک دائەنرێن. نەفرەت و خوێڕیگەری ماهەکی گیانیانە و نواندنەوەی نەفرەت و خوێڕیگەری پیشەیانە. دزێوی و ڕژدی و نەگبەتی نەدارایی لە ناخیاندا کەڵەکە بووە و ئەمە خۆی ئەنگێزە و هاندەری چاوچنۆکی و حەزی دڕندە بوونیانە. هەوێن و مایەی کاریان پەروەردە نەکراوە و پەرداخت نەبووە. بێکارەی هەرکارە و لە هەر کوێ بەکارن. سەرگەردان و هەردەگێڵن لە هەموو شوێن و گشت کارێکدا و، لە ئەنجامدا لە هیچ کوێ و بە هیچ کارێکەوە ڕۆژگار تێپەڕ ئەکەن. نە ئەو پارچە ئاسنەن کە پەرداخت کردنەوە و دەمەزەرد کردنەوەی دژوار بێ، بەڵکوو ئەو هەویرە هەڵنەهاتوو یان ترشاوەن کە بە سەرپەنجەی هەموو دەستێک بیچم وەرئەگرن. بۆیەشە لە هەموو قەبارەیەکدا و لە هەموو شوێنێکدا خولەیان دێت و بوونی خۆیان لە هەڵدڕاندنی ژیاندا ئەبینن نەک لە ئەنجامی دەستکرد و هێزی شان و باهۆیانەوە. کۆتاییەکەی دژکارن، دژی هەرچی و تەنانەت دژی خۆشیانن. نکووڵیکەرن و وزەن؛ وزەن و نکووڵیکەر. هێزی نەمەییو و دڕندە و قەتیس کراون بە حەز و خۆزگەی هەڵچوون و فیچقە کردنەوە. تینووی دەربازبوون و دەرپەڕینن بۆ ئەوەی بەڵکوو سووچێکی ژیان برووخێنن.

کلۆڵی سات بە ساتی ژیانی خۆیەتی و جگە لە کاولکردن ناناسێ. نەناسراوە و نەزانە و دەسکەلایە. برسیە بەچاو و برسیەتی بە دڵ. برسیە بە گیان و بە ددان؛ بۆیە هارە و لە هەڵپەی تێرکردنی چاوچنۆکانەی بێکۆتایی خۆی بە چاو و چڕنووک و دەست و زمان، کاولکردن ئەکات بە پیشەی خۆی. چاوترسێن کراوە، بۆیە هەوڵ ئەدا خەڵکی بترسێنێ. سووک و چرووکە، بۆیە ئەبێ بە پەڕۆی سەر دار و بەردی سەر سەهۆڵ و ئەکەوێتە خاپوور کردن و پەروای

چاکە و خراپەی نییە. گیانی دائەنێ لە پێناوی بزەیەکدا کە بەڵکوو لە قەپۆزی ئاغەکەیەوە پێی ببەخشرێ. بە دوای ونبوودا ئەگەڕێ، لە خۆی ئەگەڕێ، بۆ لەت و کوتی گیانی خۆی ئەگەڕێ. بۆ پارە پارەی گیانی خۆی ئەگەڕێ کە لە هەر مەزڵێکدا بەجێی هێشتووە و لەز و پەلەیەکی دڕندانە لەم گەڕانە سەرگەردانەی خۆیدا پیشان ئەدات. بۆیە لە هەر کات و ساتێکدا لێی ون ئەبێ، هەر تاوە و پارچەیەکی خۆی ون ئەکات و ئەیەوێ -نامرادی- وێرانکاریی خۆی بە کاولکردنێکی هەڵەشەی خۆی چاک بکاتەوە. دائەڕمێنێ و زیاتر و زیاتر خۆی ڕەت ئەکاتەوە و، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ڕەتکردنەوەی خۆی، دیسانەوەش خۆی ڕەت ئەکاتەوە و ژیان ڕەت ئەکاتەوە و بە ڕەتکردنەوەی ژیان، خۆی ڕەت ئەکاتەوە. ناکەسی بێکارە جگە لە ڕەتکردنەوە و فەوتاندنی خۆی، هیچ ڕوانگەیەکی بۆ ژیان نییە. خوێڕی ئاخنراوی ملکەچیەکی درۆیین و خۆ بەزلزانینێکی درۆزنانەتر، لە پیشاندانی هێزی خۆیدا -ئەگەر هەست بە بوونی پشتیوانێک بکات- لە هیچ بەرگر و لەمپەرێک ناپرینگێتەوە!

لە کوێی ئەم خاکەوە هەڵقولاون ئەم گیاکەڵانە و، ئایە لە مەمکی کامە دایک شیریان خواردووە؟ ئایە لە مەمکی دایک شیریان خواردووە؟ چاوی کام بێ بەزەیی ئەتوانێ بە شادییەوە بڕوانێتە خوێنی گەشی ئەکبەر؟ چۆن ئەتوانن بەو ئاسانییە و بەو ئاشکرایيە ئەکبەری ئاسنگەر بکوژن؟ لە کوێی ئەم خاکەوە هەڵقولاون ئەم زڕە بنچکانە؟ کێن ئەوانەی ئەکبەر ئەکوژن و کێن ئەوانەی ئەکبەر بە کوشت ئەدەن؟!

زڕەی زەنگی پاسکیلەکان، زڕەی زەنگی دووچەرخەکان. ستار بەرەو کوێ ڕێ دەرئەکات؟ ستار لە کوێی ناوشار بوو کە فەوجی دووچەرخە سوارانی ئەبینی بە شەوقێکی دڕندانە و بە چاو و دەمی دادڕاوەوە هەناسە بڕکێیانە و پداڵ لێ ئەدەن و لە خۆڕا خۆ ڕائەوەشێنن و بە قیژە و هەراوە بە بەرچاوی ئەودا تێ

ئەپەڕن؟ گێژ بوو و خەریک بوو گێژتر ئەبوو. بەڵام پێویستی بە هۆش و وریاییەکی ئەوتۆ نەبوو ئەوە بزانێ کە شەقاوەکان دووچەرخە خانەکەی چلچەرخیان تاڵان کردووە. هەرچەند ئەوەی لە بەر چاوی ستار ڕووی ئەدا، زیاتر لە بڕگەکانی خەوێکی پچڕپچڕ ئەچوو؛ بڕگە پچڕپچەکانی مۆتەکەیەکی مەرگاوی. لە کوێی ئەم خاکەوە...

ستار لە داماوی و ناچاریی‌دا لە بن تاقی ناوەدەرگای ماڵی جێگری سەرۆکی دادگا ڕاوەستا و چەکوشە خۆشدەست و ناسکەکەی سێ جار کوتا. یەک جار و دوو جار و سێ جار. دەرگا کرایەوە و ستار خۆی هاویشتە ناو داڵانەکە و یەکڕاست بەرەو باڵەخانەی لای سەرەوە چوو. پیرێژنی کارەکەر کێلوونی دەرگای خست و بە دوای ستاردا کەوتە ڕێ. هەیوانی پێنجدەری پیشان دا و وتی جەنابی سەرۆک لەوێیە. بەڵام ستار پێی نایە سەر ئەو پێپلیکانەی ئەچوو بۆ هەماراوەکە و لەو دارەتەدا وتی:

ـ بەس بە جەنابی فەربود بڵێ تاوێک بێتە خوارەوە؛ بەر لەوەی بڕوات!

ستار شەوێک لەم ژێرخانەدا مابوویەوە. بۆیە لە هەماراوەکە خۆی بە ئاشناتر ئەزانی. بەر لەوەی لە سەر کورسیەکە دابنیشێ، حەزی کرد جگەرەیەک لە سەر ڕفەکە هەڵگرێ و دایگرسێنێ. سیگارەکەی پێکرد و دووکەڵی یەکەم مژی هەڵمژی و ئەوسا بینی کە لە پەنجەرە کورتەکەی ژێرخانەوە ئەتوانێ سەیری لقە ڕووتەڵەکانی دار هەنارەکە بکات و هەتاوی ڕەنگ پەڕیو کە ئەتوت بە زۆر خۆی لە بن هەورەکان دەرکێشاوە، بە سەر لق و پۆپە وشکەکانەوە ببینێ.

فەربود هات. سڵاوی کرد و لە سەر جێوبانەکەی بن دیوارەکە دانیشت. ستار لەبەری هەڵسابوو و خەریک بوو لە سەر جێگەکەی خۆی لە سەر کورسیەکە دائەنیشتەوە. بەڵام نەک ڕوو لە پەنجەرەکە، بەڵکوو ڕووی لە فەربود بوو. فەربود ژێرسیگارەکەی

لە سەر ڕفەکە داگرت و سیگارەکەی تیا کوژاندەوە. دوو پیاو هیچیان نەبوو بە یەکی بڵێن. ئەوەی کە ستار لە ماوەی ئەو نیورۆژەدا بینیبووی، فەربود ئەیزانی. بۆیە فەربود، لە بەر ئەوەی بەشکوو ڕقە تیژەکەی ستار و گەردی تۆخی غەمەکەی خاو بکاتەوە، هاتە دەنگ:

ــ کە وایان کرد! کوشتیان و سووتانیان و تالانیان کرد؟

ستار سەری داخست. تاوێک بە بێدەنگی ڕابرد. پاشان ستار دەستی کرد بە گیرفانیدا. دەفتەرە بەرگ چەرمەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، بەرەو فەربود ڕایگرت و وتی:

ــ بۆ ماڵاوایی هاتووم. ئەمەش دەفتەرەکەم. چی لەم ماوەیەدا فێر بووم لێرەدا نووسیومە. بڕیارم داوە بڕۆم! من ئەڕۆم و! ڕەنگیشە ئیتر نەگەڕێمەوە. با منی تاقە کەس لە پیلان و تاوانی دژ بە گوڵمحەمەد بەشدار نەبم.

فەربود دەفتەرەکەی لە دەستی ستار وەرگرتبوو و ستار لە سەر کورسیەکە هەڵسابوو. فەربودیش پاش وردبوونەوەیەکی درێژخایەن لە لاپەڕەکانی دەفتەرە بەرگ چەرمەکەی ستار، ڕابوو. جووتە پیاو ئەتوت لەپڕ خافڵگیری یەکدی ببوون. فەربود چووە پێشەوە و ستار دەستی بۆ لای ڕادێرا. چاوەکانی ستار ئاوسابوون و ڕەگیژەکانی سوور بوون. ستار خۆی پێ ڕانەگیرا. پێڵووی ترووکا و فرمێسکی قەتیسماوی سووچی چاوەکانی بە سەری پەنجە سڕییەوە. فەربود بە دەستە ئازادەکەی قۆڵی ستاری گرت، بە تەکانێکی ئەسپایی گوشی بە سینگیا و لێگەڕا سەر و تەوێڵی ستار بۆ تاوێک لە سەر شانی ستار بگرێ. شانەکان و لەشی ستار بە ئاشکرا ئەلەرزین و نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ و ئارام ببێ. فەربود بازووە سەخت و ڕەقەڵەکانی ستاری لە ناو پەنجەکانیدا گوشی. بەرامبەر خۆی ڕایگرت، تاوێک بەو دارەتە ڕاوەستا و پاشان وتی:

ــ چاوەکانمی ستار!! چاوەکانم! خۆزگە منیش جەربەزەی

تۆم هەبوایە؛ بەڵام من! زیندانیم!

# بەشی بیست و نۆیەم

**بەندی یەکەم**

سەید شەرزای توربەتی لە بەلووچ ئەچوو. بالاّ بەرز و هەیکەلدار بوو. چاوی تۆخ و کەوگ. ڕوخساری ڕێک و تۆکمە و تێکسمڕاو، گۆنای ئەستوور و پان. پێستی ڕەشتاڵە و تەوێڵی ساف و جوان بوو و لە پشت برۆکانیەوە تا شوێنی ڕوانی کاکۆڵی پڕ و ماش و برنجی، نشێوێکی هەبوو. ڕیشی چەند ڕۆژ نەتاشراوی یەکپارچە سپی ئەکردەوە و، قۆرتی لووتی تۆخی هەڵدابوو.

سەید شەرزا بەرامبەر گوڵمحەمەد پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە و بە ئارامیەکی شیاوی تەمەن و ئەزموونی خۆی جگەرەی ئەپێچایەوە و لەمکارەدا ئەوەندە ورد و لە سەرەخۆ بوو کە تەنانەت پەڕە تووتنێکیش لە نێوان پەنجە قەڵەو و کشاوەکانیەوە نەکەوتە سەر شاقەلی کراسەکەی. لە گوتنیشدا هەروا بوو؛ هێور، ورد و بڕوا بەخۆ. پوخت و وریا قسەی ئەکرد و ئەوەی کە ئەیوت هیچ نیشانەیەکی سوور بوون و گوشاری پێوە دیار نەبوو. بەس ئەیویست بە گێڕانەوەی ئەزموونەکانی خۆی، گوڵمحەمەد ڕازی بکات و بیهێنێتە سەر ڕای خۆی. بۆیەش بوو گوڵمحەمەد لە بەر گزنگی چاوە وشیارەکانی سەید شەرزادا سەری دانەواندبوو و بیری لە کار و گوتاری سەید شەرزا ـئەم پیرە یاخیەی دوێنێ و تفەنگداری ئەمڕۆی حکوومەت- ئەکردەوە و خەریکی تاوتوێکردنی بوو.

سەید شەرزا جگەرەکەی داگیراند. چۆکاوچۆک بوو و دەستی پێکردەوە:

ـ ...من بە نرخی خوێنی خۆم ئەم خەڵکە، ئەم وەرزێر و ڕەشاییەم ناسیوە گوڵمحەمەد. تۆ خۆیشت لەم ماوەیەدا ئەبێ بۆت دەرکەوتبێ کە لەگەڵ چ جۆرە بوونەوەرێک سەروکارت هەبووە. ئەو خەڵکەی کە هەتا حەز بکەی تەماحکارن و لە هەمانکاتدا وەکوو مێرووڵە، بە کەمترین ڕسق و ڕۆزیش قانعن. خەڵکێکی ڕەبەن و درۆزن کە ئامانج و ئارەزووەکانیشیان وەکوو خۆیان بێکەڵک و بچووکن. ئەمجۆرە ئادەمیزادە مرۆڤی کاری گەورە نین. لە بەر پێی پاڵەواندا چۆک دائەدەن. پاڵەوان پەرستن، بەڵام خۆیان پاڵەوان نین. ناتوانن پاڵەوان بن. بۆیەشە هەمیشەی خوا چاو و دەمیان داچەقاوە بەڵکوو یەکێکی دی کارێکیان بۆ بکات. بۆیەشە دەسەڵاتپەرستن. جیاوازیشی نییە بۆیان ئەم دەسەڵاتە کێ بێ و لە کوێوە بێ. بەس بە دوای ئەوەوەن دەسەڵاتێک بدۆزنەوە، تەنانەت دەسەڵاتێک بۆخۆیان داتاشن و بیپەرەستن. گوێیان لەوەش نییە کە ئەو دەسەڵاتە ئەمڕۆ تۆیت و بەیانی یەکی دیکەیە. ئەمەش وا ئەکات، هەموو کاتێک ئامادەی ئەوە بن کە تۆ لە بەر پێی دەسەڵاتێکی بەدەسەڵاتتردا بکەن بە قوربانی. چونکە لە ناخەوە بڕوایان بە دەسەڵات نییە، بەس ئەیپەرەستن. ئەترسن و ئەیپەرەستن. ڕەنگە لە ناویاندا تاک و تەرا هەبێ کە دڵی لەگەڵت بێ، بەڵام ئەوانەش کەمن، زۆر کەم! زۆر بە کەمی بینراوە بیانەوێ لەم ڕێگەیەدا لە خۆیان مایە دابنێن. تەنانەت ئەگەر کەسێکیش پەیدا ببێ و بیەوەێ ئەم مێرووڵانە لەو ڕۆژگارە نگریسەیان ڕزگار بکات، سەرەتا ئەبێ دەسەڵاتدار بێ. ئەبێ بتوانێ لە سەر پشتیان سوار ببێت و بە قامچی و بە شەق لەو نەگبەتیە بیانپەڕێنێتەوە. ستەم، چاکە و خێرخوازیش ئەبێ بە ستەم بکەی بە گەروویاندا. ئەم خەڵکە، ئەم خەڵکەی من ئەیناسم بە دوو شت ڕاهاتوون: نەگبەتی و

دەسەڵات. نەگبەتی و نەدارییەکەیان بە قەناعەتکردن ڕائەبوێرن و دەسەڵاتیش بە ترس و پەرستنەوە. بۆیە دوژمنی ڕەبەنیی و دەسەڵاتیش ئەبێ بە قامچی و دەسەڵات لەگەڵیان بدوێ. کۆیلەی دەسەڵات! دەسەڵات چەندە بەهێزتر بێ، ئەوان لە بەرامبەریدا ئاسانتر خۆ بە دەستەوە ئەدەن و مل کەچ ئەکەن.

ـ بۆچی؟!

ـ بۆچی؟! لە بەر ئەوەی بڕوایان بە هیچ دەسەڵاتێک لە خۆیاندا نییە. لە بەر ئەوەی کراوە بە مێشکیاندا کە دەسەڵات بەس شیاوی ئەوانەیە کە لەوان چاکترن. هەرچی چۆن بێ دڵی خۆیان بەوە ئەدەنەوە کە دەسەڵاتی بەهێزتر چاکتر ئەتوانێ بیانپارێزێ. ڕەنگە بیرت لەوە کردۆتەوە کە بۆچی هەمیشە چاویان لە یەکێکی‌ترە! لە بەر ئەوەی کە هەرگیز خۆیان بە ئادەمیزاد ناژمێرن. لە منی ببیسە گوڵمحەمەد ئەم خەڵکەی من دیومە هەرگیز بە چاوی مرۆڤی سەربەست و خاوەن ماف سەیری خۆیانیان نەکردووە و هەرگیز لە ناخی خۆیاندا بە دوای خۆیاندا ناگەڕێن. هەمیشەی خوا چاویان لە شتێک، لە دەسەڵاتێکە ڕاببێت و ئەوان ڕزگار بکات. من نازانم، من نازانم. من تەنها یەک شت ئەزانم و لێی دڵنیام و لە سەر ئەو بڕوایەم ئامادەم سوێند بخۆم، ئامادەم سوێند بخۆم کە ئێمەی خەڵک هێشتاش منداڵین و پێویستمان بە خونکار و سەرپەرەشت هەیە. من ئەمەم لەم جەماوەرەدا، لە خۆماندا بەدی کردووە و ناسیومە و بڕوام پێ هێناوە. یەکێکی دی، شتێکی دی. هەمیشە بۆ شتێک، بۆ هێزێک ئەگەڕێن کە بڕوا بکەین لە ئێمە جیاوازە. بڕوا بکەین جگە لە خۆمانە، هەمیشە بەداوی ئەو شتەوەین. بۆچی؟ بۆ ئەوەی بڕوامان بە خۆمان نییە. بۆ ئەوەی کە خۆمان لە ڕیزی ئادەمیزاددا دانانێین. ئەوەی کە خەڵکێکی تر ئێمە بە هیچ نەگرن شتێکی‌ترە. تۆزێک بیری لێ بکەرەوە گوڵمحەمەد. ئەمە لە لافاو و بوومەلەرزەش ترسناکترە. خۆ تێم ئەگەی گوڵمحەمەد! ئەم خەڵکەی کە من

ئەيناسىم هێشتا نەهاتۆتەوە بە خۆیدا. هێشتاش خۆی بە هیچ نازانێ. بۆیەشە ناتوانێ بۆ یەک سات لە خۆی ببووریّ. ناتوانێ خۆی لە پێناوی خۆیدا بەخت بکات. هیچ هیوایەکی بە خۆی نییە. هیچ دەربارەی خۆی نازانێ. بیری پووچ هەڵیگرتووە و بڕوای بەو ئارەزووەی خۆی هەیە کە لە سایەی سەری یەکێکی ترەوە ئەژی. بۆیە ناتوانێ خۆی بەخت بکات. چونکە خودی نییە و بڕوای بەو خودە نییە. پارچە زەوییەک، بەس پارچە زەوییەک! ئەویش هی خۆی نییە و پێیان سەپاندووە کە ناتوانێ و نابێ هینی خۆی بێ. ئەزانی ئەمە چ واتایەکی هەیە؟! هیچی نییە؛ هیچ! کەچی ناشیەوێ هیچ شتێک لە کەس وەربگرێ؛ چونکە خنیویانە بە مێشکیدا نابێ چاو ببڕێتە دارایی خەڵکی دی! لەم دنیایەدا لە پۆستاڵ و سەرەنێزە ئەترسێ و، لەو دنیاش لە ئاگری دۆزەخ! بەس ئەترسێ و بەس ئەترسێ! بۆیەشە ڕیشی گرێداوە بە کلکی گاکەیەوە و بە دوای گاکەیدا ئەڕوات؛ بە دوای گاکەیدا ئەڕوات! گوێت لە منە؟ جووتیار بە دوای گاکەیدا ئەڕوات. واتە پەیڕەوی لە گاکەی ئەکات! بە کلکی گاکەیەوە بەو کوتە زەوییەوە دادووراوە و بەس مافی هەیە و ئەتوانێ بڕوانێتە ئاسمان و دۆعای باران بخوێنێ! لە سەر زەوی ئاغە کار ئەکات، وەکوو گا کار ئەکات بۆ ئەوەی تەنگەی ئاغەکەی ئەستوورتر ببێ. بەڵام جگە لەوەی کە بتوانێ لە سەر کارەکەی بمێنێتەوە، کە بتوانێ پێمەڕەی لە گەڕدا بێ، کە بتوانێ کۆتایی ساڵ دە مەن بار لە سەر خەرمانی ئاغە بباتەوە بۆماڵەوە، کە بتوانێ لەم ساڵەوە خۆی بگەیەنێتە ساڵێکیتر. خوایە گیان، ئەی خوای مەزن!! بەو جۆرە گومانەوە لێم مەڕوانە گوڵمحەمەد! ئەمانەی کە من باسیان ئەکەم بۆ ئەو دە مەن بارە، بۆ ئەو دە مەن بارەی لە سەر خەرمانەوە بیبەنەوە بۆ ماڵەوە، پەروای هیچ قوڕ بە سەرییەکیان نییە. کەم بینراوە، زۆر کەم بینراوە ئەو جووتیارەی کە پاش ملەی هەڤاڵەکانی لە لای ئاغەکەی قسە نەکات. دووزمانی و زیرانی کردن، نەک بە مایەی

خۆشامایی کردن بە قازانجی خۆی، نا. چونکە بڕوای بەوە کردووە کە ماستاوکردنیش بەشێکە لەو کارەی ئەبێ بیکات. جووتیارێک لە نێوان براکانی و ئاغەکەیدا، دڵنیابە لایەنی ئاغەکەی ئەگرێ. جا تۆ، تۆ گوڵمحەمەد پشتت بە کێ بەستووە؟!! منیش هەواڵی خورسوفم بیستووە. هەموو مەڵبەندەکەش هەواڵی خورسوفیان بیستووە. ئەبێ لە خورسوف زۆر شتتان بۆ ڕوون بووبێتەوە!

ــ بوویەوە، بەڵێ زۆر شتمان بۆ ڕوون بوویەوە. ئێستە، بەڵام! مەبەست؟

ــ مەبەست ڕوون و ئاشکرایە. مەبەست ئەوەیە تۆ بزانی لە ناو چ جۆرە خەڵکێک بەرامبەر بە حکوومەت ڕاوەستاوی! لەوە دڵنیام کە من بە دوژمنی خۆت نازانی، بۆیەشە ئاوا بە ئاشکرا و کراوە گفتوگۆت لەگەڵ ئەکەم. خاڵێکیتریش ئەوەی کە ئەگەر ئەم قسانەم نەکردایەت، ئەگەر ئەم گوتانە نەگوترایەت و من بمردایەتم، یان زمانم لاڵ تۆ لە ناو بچوایەتی بە بێ ئەوەی ئەم قسانەم پێ بوتایەتی، من لە بوون و نەبوونی خۆمدا تووشی ئازار ئەهاتم. هاتنم بۆ ماڵی تۆ، زیاتری بۆ کردنەوەی ئەم گوتە و قسانە بوو!

گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و خاچ لە چاوەکانی سەید شەرزای ڕوانی. سەید شەرزا نووکی جگەرەکەی بە نووکی پەنجە ئەستوورەکانی کوژاندەوە و قنچکەکەی هاویشتە ناو چاڵی خۆڵەمێشەکە و پیاڵەکەی خۆی پڕکرد لە چا. بێدەنگی دوو پیاو درێژەی کێشا و، لەم نێوانەدا دەنگی پێی بەگمحەمەد لە سەر بان، دەنگدانەوەیەکی ئاشکرای پەیدا کرد. هەنگاوە لەسەرخۆکانی بەگمحەمەد، لە تیک تاکی کاتژمێرێک ئەچوو کە سات بە سات کاتی لە کات جیا ئەکردەوە و تووڕی ئەدا. سەید شەرزا لە نیگای پڕ لە بیرکردنەوەی گوڵمحەمەددا خۆی بە چا خواردنەوەوە خەریک کردبوو و گوێی بۆ وەڵامێک لە لایەن گوڵمحەمەدەوە ڕادێرابوو. بەڵام بەو جۆرەی کە نیگای گوڵمحەمەد قووڵ ببوویەوە

و ڕەهەندی پەیدا کردبوو، وا پێ نەئەچوو ئەیەوێ هیچ بڵێ. بۆیە سەید شەرزا دوا قومی چاکەی خواردەوە، پیاڵەکەی لای چاڵی خۆڵەمێشەکە دانا و درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ لە خوا شاراوە نییە، لە بەندەی خواش شاراوە نەبێ ئەوە نزیکەی یەکساڵە کە بڕیاری زیندوو یان مردووی گوڵمحەمەد وا لە دەستی مندا. ئەم بڕیارە فەربەخش بە منی نەداوە. ئەم فەرمانە لە مەشهەد بە من دراوە. ئەمڕۆکەش، وەکوو ڕۆژی ڕووناک لە هەموان ئاشکرایە کە سەید شەرزا و گوڵمحەمەد پێکەوە سازاون. بەڵام لەمڕۆوە ئیتر ئەو سازانە ناگونجێ و ناکرێ. بۆیە من ئەبوایە بێم و کاکڵی بابەتەکەت پێ بڵێم. ناشبێ من و نەورۆزبەگ بخەیتە تای تەرازوویەکەوە. من ڕێز لە نمەکی تۆ و هەڤاڵەتی و جوامێری تۆ ئەگرم و ئەمەوێ لەمەوپاشیش ڕای بگرم. تەنانەت ئەگەر تەقە لە یەکدیش بکەین حەز ئەکەم ئەمکارە ناجوامێرانە نەبێ. هاتنم بۆ سەرای تۆ بۆ ئەوەیە کە هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردبێتەوە. نامەوێ وابزنی بۆ ئەوە هاتووم پاکانەت لێوەربگرم. نەخێر، سەید شەرزا گوڵمحەمەد ئەناسێ! بەڵام هاتووم تا هەقی نان و نمەکم لەگەڵ تۆ بردبێتە سەر. هاتووم پێت بسەلمێنم کە ناسراوی و چاک و چۆنی خۆم هەتا سەر ڕێز لێگرتووە و لەلام ئازیز بووە. بلا! بلا ئەگەر بڕیار وایە پێکیشەوە شەڕ بکەین، با بە دڵی بێکینە و چاوی کراوەوە لە یەکدی بدەین. نامەوێ نەنگی ناجوامێری بە شوێن ناوەکەمەوە بێ. نەء، حەیفە. لام حەیفە کە ڕێزی نێوان خۆم و گوڵمحەمەد پێشێل بکەم.

گوڵمحەمەد بە نیگای داخراوەوە، بە هێوری وتی:

ـ لە پەردەدا قسە ئەکەی سەید شەرزا، ئاشکرای بکە! ئەوەی کە تۆ زمانی وتنیت نییە من لە زمانی خەڵکیترەوە بیستوومە. قسەکە مەجەڕێنە و ڕاستیەکەی دەرببڕە. ئەمەوێ دوا وشە لە زمانی خۆتەوە ببیسم! من وای بۆ ئەچم مەشهەد

لێتی پرسیوەتەوە و لووتی لێت داوە بەیەکا و ڕووی تاڵ کردووە. جا من ئەمەویٚ بزانم فەرمانێکیتریان پێداوی یان نا؟ بلٚیٚ! با بزانم چی ڕووی داوە؟!

سەید شەرزا تفەنگە ئینگلیزەکەی کە بە دیوارەکەوە هەڵی پەساردبوو، دەست دایە و لە بەر چۆکی لە سەر لبادەکەی تەختی دیوەخان داینا، قایشی فیشەکدانەکەی لە بن ملی ڕێک کرد و پاش ڕامانێکی کورت وتی:

ـ خولی کاری تۆ کۆتایی پێهاتووە، گوڵمحەمەد! تۆ لەو کەسانەی کە خۆت ناسیوە و خۆت دۆزیوەتەوە. جیاوازی تۆ لەگەڵ ئەوانەی کە ڕیشیان بە کلکی گاوە گرێداوە، هەر ئەمەیە. تۆ خۆت ناسیوە و متمانەت بە خۆت هەیە، تۆ بڕوات کردووە کە مرۆڤی. بڕوات بەوەش هەیە کە گەورەیی بە میرات و ناوبانگ نیە. تۆ خۆتی، بۆیەشە ئەبیٚ لە ناو ببریێ. ناتوانی نەفەوتێنریێ. ئەمەش ڕوویەکیتری بابەتەکەیە کە من لە قسەکانی خۆمدا زۆر نەمکردەوە. تۆ خۆتت هێناوەتە ناو ناوانەوە و بڕوات بەخۆت پەیدا کردووە و، لە چاوی ئەوانەدا کە بە سەر خەڵکدا زاڵن گوناحێکی لەوە گەورەتر نییە. ئەوانەی کە فەرماندەرن تەنها ئەو کەسانەیان قبووڵە کە گاکەیان لە پێش خۆیانەوە بڕوات بە ڕێدا. بەڵام تۆ! تۆ لەگەڵ ئەوانە جیاوازی. بۆیە ئەبیٚ بفەوتێنریێ و ئەشفەوتێنریێ. سەردەمی دەسەڵاتداریێتی تۆ کۆتایی پێهاتووە. ئەوانە ناتوانن لەوە زیاتر بە زیندوویی تۆ ببینن. تا ئەمڕۆکەش ئەگەر ماویت، بە هۆی دووبەرەکی و ناکۆکی ناو دەسەڵاتەوە بووە. بەڵام ئەوەتا حکوومەت خەریکە ئەبێتەوە بە یەک کاسە. ئەو تیرەی بۆ شایان هاویشت، تیری مەرگ نەبوو، تیری بەخت بوو. تیری شانس بوو و تیری دەسەڵات بوو. پاش ئەو گوللەیە شا بوو بە شا! شای بە دەسەڵات و لەمەولاش هەموو دەنگێک بە بڕنەو کپ ئەکاتەوە. ئێستەش نۆرەی کپکردنی دەنگی گوڵمحەمەد گەیشتووە و لایان مسۆگەر بووە ئەم دەنگە ئەبیٚ کپ بکریێ.

هەندێ شت لەم وڵاتەدا جووڵاوە و هەندێ شت سەقامگیر بووە. سەرکردەکانی نەیارانیان بەجارێ گرتووە و حەپسیان کردوون و من دڵنیام دەنگی هەر هەموویان کپ ئەکەن. لق و پۆپیشیان ئەکەن و گوڵمحەمەدیش ئەکوژن. ئەوە ئەزانم کە گوڵمحەمەد لەو ڕێگەیەدا کە هەڵیبژاردووە، مەرگیشی لە هەموو هەنگاوێکدا بەچاو بینیوە. سەرەڕای ئەمەش من ئەمەوێ ئەوەی زانیومە و تێگەیشتووم بە ڕووت و ئاشکرا بۆ تۆی بڵێم و ڕاستەکەی لە پاش گوتنی ئەو قسانەیە کە ئەمەوێ بزانم گوڵمحەمەد ئەیەوێ چی بکات و چ ڕێگەیەک هەڵئەبژێرێ؟

نیگای پرسای شەرزا لە چاو و هەنیەی گوڵمحەمەد ڕاما. گوڵمحەمەد کە بە بیستنی قسەکانی سەید شەرزا شانی دانەواندبوو، پاڵی دایەوە و وتی:

ـ شێومان لەگەڵ ئەکەی؟

ـ نەخێر! من لەگەڵ تۆ نان و نمەکم خواردووە. ئێستە ئەمەوێ خورپەی دڵم ئارام بکەی. وەڵامم بدەرەوە، ئەتەوێ چی بکەی؟ بە ناوی خوا دڵم نیگەرانی چارەنووسی تۆیە! ئەتەوێ چی بکەی گوڵمحەمەد؟ ئاخرەکەی لەگەڵیان ڕێ ئەکەوێ یان ڕێ ناکەوێ؟! نەک پێت وابێ من بڕیاری گفتوگۆ لەگەڵ تۆم پێدراوە، نەخێر! من فەرمانی کوشتنی تۆم لە لایە. بەڵام! بەڵام ئەمە یەکەمجارە دەستم بۆ کوشتنی پیاوێک وەڵامم ناداتەوە! جا تێم بگە ئەوەی کە ئەیڵێم لە زمانی دڵی خۆمەوەیە، نەک لە زمانی ڕەسمی حکوومەتەوە. ئەمەوێ بزانم ئەتوانم چیت بۆ بکەم؟ نەک بۆ تۆ، بەڵکوو بۆ خۆم. ئەمەوێ تێم بگەیەنی کام ڕێگە ئەگری؛ پاکانە، جەنگ یان ڕەو؟

گوڵمحەمەد پاڵی دا بە جێوبانەکەوە، باسکی نایە سەر تەوێڵی و نیگای بڕییە بنمیچی ژوورەکە و وتی:

ـ پاکانە ناکەم، شەرزا! حەز ناکەم بەدەستی بەستراوەوە خوێنم بڕێژن.

ـ ڕەو چی؟ خۆت بدزیتەوە؟ ئەمەت خۆ بۆ ئەکرێ. دەست و باڵی منیش لەمکارەدا ئاواڵەترە!

ـ نەء، شەرزا، نا براکەم. ماندووم!

ـ کە وا بوو جەنگ؟

گوڵمحەمەد وەڵامی نەدایەوە. هەر لەو دارەتەیدا، باسکی لە سەر تەوێڵی، مایەوە. وەک بڵێی چاویشی لێک ناوە. سەید شەرزا هێشتاش دەستی لە هەوڵدان هەڵنەگرت و وتی:

ـ من هەقت پێ ئەدەم بڕوا بە بووڕینی دەوڵەت نەکەی، چونکە باری پاکانەکردن بەو جۆرە بووە کە لەبری ئەوە، ئەبێ کەسێکیتری وەکوو خۆت بدەی بە دەستەوە یان بکوژی. بەڵام تۆ گوڵمحەمەد ئەگەر بشتوانی پاکانە بکەی، ئیتر کەسی وەکوو خۆت نادۆزیتەوە کە ناچاری بکەی خۆ بدا بە دەستەوە یان بیکوژی!

سەید شەرزا تاوێک ڕاما و پاشان بە پەژارەیەکی شاراوە لە گوتەیدا وتی:

ـ تەواو بووین گوڵمحەمەد، سەردەممان بە سەر چوو، تۆ دوا کەسی!

گوڵمحەمەد پشتی لە جێوبانەکە کردەوە و دەستی لە سەر تەوێڵی هەڵگرت، شۆخ لە چاوەکانی سەید شەرزای ڕوانی و وتی:

ـ لێمگەڕێ با ئاخری ئاخرشەڕ نەبم، شەرزا!

سەید شەرزا بە بێ گوێدانە گاڵتەکەی گوڵمحەمەد، وتی:

ـ ئەتوانم بترەوێنم. دەربازت ئەکەم. دەی! وتت چی؟

ـ هەڵنایەم!

ـ متمانەم پێناکەی؟!

ـ ناتوانم هەڵبێم، نابێ!

ـ لە ئابڕووچوون ئەترسی؟

ـ باسیشی مەکە شەرزا. باسیشی مەکە!

گفتوگۆ کۆتایی پێهاتبوو. سەید شەرزا بێدەنگ بوو و ماوەیەک چووە ناو بیرەوە. پاشان دەستی دایە تفەنگەکەی.

لەکاتی ڕابووندا لە سەر چۆکێک ڕاوەستا و وتی:

ـ ئەو پارەیەی لە لای من هەتبوو، بۆتم هێناوەتەوە، بەڵام هەمووی نییە. ئەوەندەی پێم جێبەجێ بوو. وا لە توربێنی ئەسپەکەمدا.

گوڵمحەمەد بۆ بەڕێکردنی سەید شەرزا ڕابوو و وتی:

ـ خۆزگە نەڕۆیشتایەتی، شێو لەلامان بوایەتی!

شەرزا بەرەزمانەی لوخەندانەکەی توند کرد و وتی:

ـ کار زۆرە و ڕێگەیەکی دووریشم لەبەرە. ئەبێ بڕۆم تفەنگدارەکانم بۆ جەنگ ئامادە بکەم.

بزەیەکی شۆخ نیشتە سەر لێوی گوڵمحەمەد و وتی:

ـ بۆ جەنگ لەگەڵ گوڵمحەمەد؟

سەید شەرزا وتی:

ـ بۆ جەنگ لەگەڵ گوڵمحەمەد!

لە دەرگاکە چوونە دەرەوە. لە دەریزانی بەردەرگاکە، سەید شەرزا بەر لەوەی بۆ هەڵکێشانی پاژنەی کڵاشەکەی دابنەوێتەوە، بەو پیاوەی لەگەڵی هاتبوو، وت بچی و ئەو توربێنەی لە تەرکی ئەسپەکە دایە، هەڵگرێ و بیهێنێتە سەر. کابرای تفەنگدار توربێنی تەرکی ئەسپەکەی هێنا بۆ سەید شەرزا. سەید پاش هەڵکێشانی پاژنەی کڵاشەکەی، توربێنەکەی لە دەستی تفەنگدارەکەی خۆی وەرگرت، چوار بەستە ئەسکەناسی لە گیرفانەکانی توربێنە دەرهێنا و دای بەدەستی گوڵمحەمەدەوە و وتی:

ـ ئەمە هەموو قەرزەکەی تۆ نییە. بەڵام لە نیوەی زیاترە. ئەویتریشی!

ـ پێم بەخشیت، نۆشی گیانت!

شەرزا بێدەنگ بوو. لە بەرامبەر گوڵمحەمەددا وەستا. بەباڵا دەستێک لە گوڵمحەمەد سەر بوو. دەستیان خستە ناو دەستی یەکدی و گوڵمحەمەد وتی:

ـ بەخوات ئەسپێرم!
شەرزا دەستی سەرداری گووشی و وتی:
ـ شەوی ئەمشەو یان بەیانی جەنگ دەست پێ ئەکا. با ئەوەشم وتبێ کە جەنگەکە جیهەن ئەیبا بەڕێوە.
گوڵمحەمەد لە هەمان کاتدا کە دەستە کشاو و ئەستوورەکەی سەید شەرزای لە ناو دەستا بوو، گووشی و بە نیشانەی سپاسکردن چاوی لێک نا. سەید شەرزا دەستی گوڵمحەمەدی بەردا، ڕووی وەرگێڕا و لە پلیکانەکان چووە خوارەوە. سەید شەرزا پێی لە ئاوزەنگی نا و لە سەر زینەکە دانیشت. گوڵمحەمەد دەستی بۆ بەڕێکردن هەڵێنا و شەرزا لەغاوی وەرگێڕا و بە ناو پەروارەکان، پیاوان و ژنانی کەلمیشی و بە قەراخ ئەو ئەسپانەی لە سەر ئاخوڕەکە بەسترابوونەوە، بەرەو ناودالآن ڕۆیشت.
گوڵمحەمەد نیگای لە شۆپی شەرزا، باڵی چۆخەکەی دا بە شانیدا و لە سەر بەرزترین پێپلیکان ڕاوەستا. سەید شەرزا بەر لەوەی بۆ چوونە ناودالآن سەروملی دابنەوێنێ، لەغاوی وەرسووڕاند و یەکسەر بەرەو گوڵمحەمەد گەڕایەوە، تاوێک لێی ڕوانی و پاشان وتی:
ـ سوێندم بەو نان و نمەکەی لەگەڵ تۆ کردوومە، کە من لە تەقەکردندا دەسپێشخەری نەکەم!
گوڵمحەمەد جارێکیدیش، بزەیەکی شۆخ لە سەر لێوانی، دەستی هەڵێنا و وتی:
ـ خوات لەگەڵ، شەرزا. کات درەنگە، پیاوەکانت چاوەڕوانن. خوات لەگەڵ بێ.
لە بادانەوەی یاڵ و ملی ئەسپەکەیدا، شەرزا وەک لەگەڵ خۆی بێ، وتی:
ـ بە ڕاستی ئەبی بەخیلیت پێ ببەن، گوڵمحەمەدا!

لە سەرای سەردار پیاوانی کەلمیشی بلاوبوون. تفەنگدارەکان، دڵنیگەرانی ئەوەی لەئارادا بوو و بۆی هەبوو ڕوو بدات، کپ و خامۆش چپەچپیان ئەکرد. ئەم دڵەڕاوکێ و نیگەرانیە باڵی بە سەر کەسانی نزیکی گوڵمحەمەدیشدا کێشابوو و لەم نێوانەدا، لە هەموان زیاتر خانمحەمەد هەڵچووبوو و گڕی گرتبوو. خانمحەمەد بێهوودە هەوڵی ئەدا خۆی ئارام و هێور پیشان بدات. بەسەرکردنەوەی ئاژەڵ و سەردانی ئاخوڕی ئەسپ، گەڕاندنەوەی پەروار و لەم بابەتە، ئەو سەرقاڵیانە نەبوو کە خانمحەمەد بتوانێ تووڕەیی و پەرێشانیەکەی خۆی پێ بشارێتەوە. تەوس و پلارەکانی لە محەمەد ڕەزای گوڵخانم کە بۆ یارمەتیدانی ئەو خەریکی کا و جۆی چارەواکان بوو، خۆی نیشانەی هەڵچوون و تووڕەبوونی بوو.

خانئاپۆش بە شێوەیەکی دی نائارام بوو. ئەو بە یارمەتی توغرول لە بنمیچی بەرهەیوانەکە خەریکی ئامادەکردنی تاقم و تەقەمەنی بوو. تفەنگەکانی خاوێن ئەکردەوە و ڕۆنی لێ ئەدان و بە ڕیز و بە ڕێکی پاڵی ئەدان بە دیوارەکەوە و بەدەمیەوە بەستەیەکی غەمگینی ئەوت. غەمئاوازێک کە ئەتوت بە بێ ئێرادەی ئەو ئەخوێنرێ.

هەروەها بەگمحەمەد، ئەویش ئوقرەی نەبوو. لە سەر بان پیاسەی ئەکرد و پیاسەی ئەکرد و تەنها ساتێکیش دەرفەتی ستارگرتنی بە خۆی نەئەدا تا -لانیکەم- چەند خولەکێک لە سەر کلاورۆژنەی بانەکە بە دڵی ئاسوودە بحەسێتەوە. لە نیگای بەگمحەمەددا کە لە هاتوچۆی بەردەوامی خۆیدا بە حەوش و سەربانی سەرادا ئەیگێڕا، ئەسپ و هێسریش بە بێئوقرەیی کلکیان ئەجوولاند و یاڵیان پەخشان ئەکرد. بەڵام ژنانی خێزانی کەلمیشی دیار نەبوون و بە گومانی بەگمحەمەد هەموویان لە ژوورێک کۆ ببوونەوە و خۆیان بە کارێکی هەرەوەزەوە -وەکوو پاککردنی گەنم بۆ حەلیمی بەیانی- خەریک کردبوو.

حەیدەری مەلا میعراج، هیچ هەوڵی ئەوەی نەئەدا شەڵەژانەکەی خۆی بشارێتەوە. لە شوێنێک بەند نەئەبوو و چاوەڕێی ئەوە بوو ئێستە نا ئێستە گوڵمحەمەد بانگی بکات و ئەو پەیامەی بە هۆیەوە غاری دابوو بۆ قەڵامەیدان، بە گوڵمحەمەدی بڵێ و بە ڕێی خۆیدا بگەڕێتەوە. بەڵام تا ئێستە گوڵمحەمەد هیچ وازێکی بۆ بیستنی پەیامەکەی حەیدەر پیشان نەدابوو. بۆیەش بوو حەیدەری مەلا میعراج، جگە لە دڵەڕاوکێ، گێژ و سەراسیمەش ببوو.

قوربان بەلووچ و ستار لە ناو داڵان، لای تەنەکەی ژێڵەمۆکەوە دانیشتبوون. ئەو دووانەش لەو هەوایەی بە سەر سەرا و ماڵەکەی سەرداردا زاڵ ببوو، دوور و بێوەری نەبوون. بەس ئەوەندەی هەبوو کە خۆیان پیشان نەئەدا. لە سووچی تاریکی داڵانەکەدا، لە سەر سەکۆکە دانیشتبوون و تەنەکەی ژێڵەمۆکە لە نێوانیان دانابوو. بانوو، جارجارە کترییەک چا و قەند و مشتێک گوێز و مێوژی بۆ ئەبردن. ستار و بەلووچ لە هاتن و ڕۆیشتنەکەی سەید شەرزادا هەروا لە سەر سەکۆکە دانیشتبوون و پێکەوە ئەدوان و ئەم وتووێژ و دانیشتنە بەردەوام بوو.

ون و بێ شۆپتر لە هەموان، بێدەنگ و بێ نیشانتر لە هەموان خودی کەلمیشی بوو. پیرەمێرد لە چەقی نیوەڕۆوە تا ئەم کاتە نەبینرابوو. ئەو خەریکی پینەکردنی کورتانی هێسرەکەی بوو لە پاشخانی کەنووەکان و بەکاوەخۆ، گشتەکی سووژنەکەی نوێ ئەکردەوە و بۆ دوورین و دوورینەوەی کۆپان و کورتان بە دوای دڕاویدا ئەگەڕا. ڕەفتار و کرداری کەلمیشی لەو بار و دۆخەدا کە بە تەواوەتی بەراوەژوو ببوو، ئەیتوانی دوو ڕوو و دوو نموودی هەبێ. یەکیان ئەوەی کە ئاگای لەوە نەبێ کە خەریک بوو ڕووی ئەدا و، یەکیشیان ئەوەی کە نەیەوێ خۆی بدا بە دەست دڵەڕاوکێی ئەوەی کە خەریک بوو ڕوو بدات. واتە زانراو بە نەزانراو، بینراو بە نەبینراو دابنێ و خۆی بەو بڕوا درۆینەوە خەریک بکات. وا

پێئەچوو ڕووی دووەم زیاتر لەگەڵ بار و دارەتی پیرەمێرد ئەگونجا. چونکە بێگانەش بێئاگا نەبوون لەوەی لە بنەماڵەی کەلمیشیدا ڕووی ئەدا. ئەی کەلمیشی خۆی چۆن ئەیتوانی لە مەیدان و لە میانەی فەرتەنەکەدا، چاو و گوێی لە هەموو شتێک داخرابێ؟!

خانمحەمەد پەنجەی لە تووکی ملی مەڕێکی پەروار گیر دا. مەڕەی بە ناو پەزەکاندا بردە لای کەردووەکە و کوتای بە عەرزا. کوڕی گوڵخانم مەسینەکەی هەڵگرت و بەرەو بیری ئاوەکە چوو. خانمحەمەد چۆکی لە شانی مەڕەکە چەقاند و کێردی لە بەر پووزلخ دەرهێنا، قورقوڕاگەی مەڕەکەی بە پەنجەی دەستی چەپی دۆزییەوە و چاوەڕێی کرد.

ــ کازم، هۆ کازم!

بە دەنگی شێرۆ کە لە چێشتخانەوە سەری دەرهێنابوو، کازم بەرەو چێشتخانە چوو. شێرۆ، زیوەری پیشانی کازم دا کە مەنجەڵێکی گرتبوو و لە ژوورەکە ئەیهێنایە دەرەوە. جەوانی شەل بۆ یارمەتیدانی زیوەر بەرەو ژوورەکە ڕۆیشت. محەمەد ڕەزای گوڵخانم مەسینەی پڕی هێنا. خانمحەمەد قفڵی ددانەکانی مەڕەکەی بە گوشاری پەنجەکانی هەڵپچڕی و محەمەد ڕەزای گوڵخانم لوولەی مەسینەکەی کرد بە دەمی مەڕەکەدا و بە قومێک ئاو گەرووی تەڕ کرد. جا ئەبوایە دەست و پێی مەڕەکە بخاتە بن دەسی و چۆکی خۆیەوە بۆ ئەوەی ئاژەڵەکە لە بن چەقۆی خانمحەمەددا، خوێنی بازرەقە بەستووی هەموو حەوشەکە تێوە نەدا.

بڵقیس فانۆسێکی بە کۆڵەکەی بەرهەیوانەوە هەڵواسی و گوڵمحەمەد بە ئارامی بە پلیکانەکەدا هاتە خوارەوە. لە سەر دوا پلیکان تۆزێک وەستا و پاشان یەکسەر بەرەو خانئاپۆی چوو. چاوێکی لە حەیدەری مەلا میعراج، کە لە بن دیوارەکە وەستابوو و پێپەڵکەی بوو کرد. دەستی بۆ تفەنگە ڕیزکراوەکان برد، تفەنگێکی هەڵگرت و گرتی بە دەستیەوە، تاوێک لێی ڕوانی

و پاشان پرسی:

ــ ئەی بۆ فیشەک چی خانئاپۆ، خۆ کەم ناهێنین؟

خانئاپۆ چەوری پەنجەکانی بە پەڕۆکە سڕی و لە وەڵامدا وتی:

ــ هەرچەندە بێ هێشتاش کەمە؛ چەندە زۆر بێ هێشتاش کەمە!

گوڵمحەمەد بە مایەیەک لە گاڵتە وتی:

ــ ئەگەر حەزت لێیە سەرێک لە زاڵگەی حەسەن ئاوا بدە، نابێ ئیتر بە تەمای ئەوە بین دەستەکانی پێشوو فیشەکمان بۆ بنێرن!

خانئاپۆ ڕابوو. سینگی دایە پێشەوە و بە هەمان مایە وتی:

ــ حەزت لێیە، سەرێکی لێ ئەدەین، وتت چی؟!

گوڵمحەمەد لە وەڵامدانەوە خۆی پاراست و بە درێژایی هەیوان کەوتەڕێ. خانئاپۆش لەگەڵی کەوت و توغرول درێژەی بە کارەکە دا. حەیدەری مەلا میعراج هەروا لە بن دیوارەکە پێپەڵکەی ئەکرد و بەچاو لەگەڵ خانئاپۆ و گوڵمحەمەد ئەهات و ئەچوو، بەڵام وا دیاربوو گوڵمحەمەد بە بیرێکی ترەوە گرفتارە. ئەمسەراوسەرێک خامۆشی بەردەوام بوو. لە گەڕانەوەدا خانمحەمەد سەری بڕاوی مەڕەکەی هەڵدایە لایەکەوە و بە محەمەد ڕەزای گوڵخانمی وت:

ــ سێپایەکە دامەزرێنە مەڕەزا!

گوڵمحەمەد و خانئاپۆ لە هەیوانەوە چوونە حەوشە و بەرەو خانمحەمەد ڕۆیشتن. خانمحەمەد دەست و چەقۆکەی لە بن لوولەی مەسینەکەدا ڕاگرتبوو و کازمە شەل ئاوی ئەکرد بە دەستیدا. خوێناوی دەست و چەقۆکەی خانمحەمەد ئەڕژایە سەر خاکی قەراخ کەردووەکە. محەمەد ڕەزای گوڵخانم سێپایەی ئامادە کرد و لە مەڕەکە نەوی بۆ ئەوەی بیکات بە قولاپی سێپایەکەوە. خانمحەمەد هەڵسا. ئاوی دەستەکانی داتەکاند و لە بەرامبەر براکەیدا ڕاوەستا. خانئاپۆ گرێی گوریسی لاقی مەڕەکەی کرد

بە قولاپەکەدا و کوڕی گوڵخانمی بەجێ هێشت. کوڕی گوڵخانم کەوتە هەڵدڕینی ورگی مەڕەکە. لە بەر چاوی گوڵمحەمەددا، بڵقیس دەستی لە دەستی کوڕەکەی گوڵمحەمەددا لە ژوورەکە هاتە دەرەوە. گوڵمحەمەد بێ ئەڤان بۆ ساتێک قاچی سست کرد و نیگای لە نیگای دایکی گیرا. بەڵام ڕێگەی بە خۆی نەدا و بە خێرایی ڕووی وەرگێڕا و درێژەی بە ڕۆیشتنەکەی دا.

ـ دوو جـ ـەنـ ـدەرمـ ـە. دوو جەندەرمە لە ڕێگەی شارەوە!

بە دەنگی بەگمحەمەد، سەرەکان بەرەو بان وەرسووڕا و گوڵمحەمەد دەسبەجێ وتی:

ـ هەر لەوێ ڕایانگرن، لە دەرەوەی ناودێ. ئەماژەیان پێ بدە هەر لەوێ ڕایانگرن!

کەس هیچی نەوت. گوڵمحەمەد ڕوو لە مام و براکەی وتی:

ـ نامەوێ بیانبینم. وادیارە دیسانەوەش پەیامیان هێناوە!! یەکێک بچێ وەریانگرێ!

خانئاپۆ توغرولی بانگ کرد. توغرول هات و گوڵمحەمەد وتی:

ـ سواربە و غاردە بۆ سەر ڕێگەی شار. پیاوەکان دوو جەندەرمەیان ڕاگرتووە. بزانە کاریان چییە و چییان ئەوێ. وەریبگرە و بگەڕێوە!

توغرول بەرەو دەرگای ئاغەڵەکە هەڵات و گوڵمحەمەد لە بەردەم حەیدەری مەلا میعراجدا ڕاوەستا و وتی:

ـ تۆ چی حەیدەر، تۆ چیت پێیە؟

حەیدەر تا بکەوێتە ئاخافتن پێپەڵکەی کرد و لێوە وشکەکانی بە زمان تەڕ کرد. گوڵمحەمەد دەستی بە قۆڵی حەیدەرەوە لەگەڵ خۆی بردی و وتی:

ـ گوێم لێتە حەیدەر، بڵێ!

حەیدەر کە لە نێوان خانئاپۆ و گوڵمحەمەددا کەوتبوویە ڕێ، وتی:

ـ باوکم! زۆر سڵاوی هەبوو و وتی پێت بڵێم هەواڵی ناخۆش هەیە!

ـ چ هەواڵێک، هەواڵی چی؟

ـ هەواڵی خراپ، سەردار!

ـ لە دەنگۆ بگەڕێ، باسی بینراو بکە!

ـ پیاوەکانی حکوومەت لە گوندەکاندا کەوتوونەتە ڕێ و خەریکن خەڵک ئەگرن بە کرێ. بۆ بێگاری خەڵک کۆ ئەکەنەوە. ناشی شارنەوە ئەو خەڵکەیان بۆچی ئەوێ. بە ئاشکرا ئەڵێن بۆ گرتنی گوڵمحەمەدی سەردار پێویستیان بە پسپۆڕ هەیە. گوشاری زیاتر لە سەر ئەوانەیە کە سەربازییان کردبێ و سەریان لە تفەنگ دەربچێ.

ـ ئیدی؟

ـ دۆست و دوژمنیش دەسنیشان ئەکەن. پرس و جۆ ئەکەن بۆ ئەوەی دۆستەکانی سەردار بناسن. ئەمکارەشیان بە نهێنی نییە. هەڕەشە لە دۆستەکانی سەردار ئەکەن ئاگایان لە خۆیان بێ. لە زۆر جێگە هەندێکیان ناچار کردووە بڕێ ماڵ تالان بکەن و بسووتێنن. ماڵی هەندێ لە جووتیارەکانیان ئاگرداوە و تالانیان کردووە و ئاوارەیان کردوون. لە ڕاستیدا لە هەموو مەڵبەندەکە قاویان داخستووە کە...

ـ کەچی؟

ـ کە حکوومەت بڕیاری خۆی داوە کارەکە یەکسەرە بکاتەوە!

ـ کاری چی؟

ـ کاری دوژمنەکانی حکوومەت و کاری سەردار!

ـ ئیدی؟

حەیدەر تفەکەی قووت دا و وتی:

ـ باوکم ویستی بزانێ ئەرکی مە چییە؟ وتی بپرسم کە سەردار بڕیاری بە چییە؟ وتی بپرسم ئەبێ چی بکەین، ئێمەش پیاو کۆ بکەینەوە و ئامادە ببین یان چاوەڕێ بکەین؟

گوڵمحەمەد، بە بێ پەرسڤ بە کوڕی مەلا میعراج، لە دەرووی ناودالآن وەستا. حەیدەر، خانئاپۆ و خانمحەمەدیش لەگەڵی ڕاوەستان. ستار و قوربان بەلووچ لە سەر سەکۆکە هاتنە خوارەوە و لە ناو تاریکی هەشتیەکە هاتنەدەرەوە. گوڵمحەمەد بە نیوسووڕێک وەرگەڕا و کەوتەوە ڕێ. بەلووچ و ستاریش لەگەڵیان کەوتن. هەنگاو لە بێدەنگیدا ئەنرا و گوتە لە سینەی کەسەوە دەرنەئەهات. پیاوەکان لە هەنگاونانە هەماهەنگەکەیاندا لە پۆلێک قورینگ ئەچوون بە سینەی ئاسمانەوە. ئارام و خامۆش و ڕەوان. گوڵمحەمەد لە نێواندا و لە پێشەوە، خانمحەمەد و خانئاپۆیش لەمبەروبەری. حەیدەری مەلا میعراج لە پشت سەری گوڵمحەمەدەوە و ستار و قوربان بەلووچیش بە دوایاندا بە خامۆشی ئەڕۆیشتن و هیچکەس لە هیچکەسی نەئەڕوانی. توغرول بە پەلە گەڕایەوە. بە پڕتاو هاتە پێشەوە و وتی:

ــ جەندەرمەی بەکتاشن. سەرهەنگ بەکتاش. سەرۆکی تازەی جەندرمە.

ــ چییان ئەوێ؟

ــ ئەڵێن لە لایەن سەرهەنگ بەکتاشەوە پەیامیان بۆ سەردار هێناوە!

ــ چ پەیامەێک؟

ــ ئەڵێن پەیامەکەیان ئەبێ بدەن بە خودی سەردار.

گوڵمحەمەد ڕوانیە کەسانی دەوروبەری و پاشان بە توغرولی وت:

ــ سەرداری لێ نییە!

توغرول وەرگەڕا و بەرەو ئەسپەکەی هەڵات. خانئاپۆ لە دووی توغرول هەنگاوی نا و وتی:

ــ پێیان بڵێ تۆ ئەتوانی پەیامەکەیان بە گوێی سەردار بگەیەنی. خۆ تێئەگەی ئەڵێم چی؟!

ــ بەڵێ خان!

توغرول لە هەشتیەوە غاری دایە کۆڵان و خانئاپۆ گەڕایەوە بۆ لای گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد لە ناوەڕاستی حەوشەی سەرادا ڕاوەستابوو. خانئاپۆ خاوی کردەوە و بەر لەوەی لێو ببزێوێ، گوڵمحەمەد پرسی:

ــ چەکدارەکان، چەکدارەکانمان سەرجەم چەن کەسن؟

ــ بیست و حەوت کەس!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ پۆل پۆل بانگیان بکە با بێن بۆ ئێرە!

ــ چۆن؟!

خانمحەمەد هەروا پرسا و حەپەساو، لە براکەی مۆڕ ببوویەوە. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی دووری بخاتەوە، وتی:

ــ تۆ بڕۆ کیسەی پارەکە بهێنە!

ــ پارە؛ کیسەی پارە؟!

گوڵمحەمەد وەڵامی پرسیارەکەی خانمحەمەدی نەدایەوە و ئەو بە ناچار بە دوای فرمانەکەدا ڕۆیشت. خانئاپۆیش کەوتە ژماردنەوەی چەکدارەکان کە لە ماڵەوە مابوون. گوڵمحەمەد خۆی لە نێوان ستار و قوربان بەلووچ و حەیدەری مەلا میعراجدا بینیەوە. پیاوەکانی فەراگەردی گوڵمحەمەد، هەرچەند نە بەقەد خانمحەمەد، بەڵام سەرنجیان بۆ کارەکەی سەردار ڕاکێشرابوو. گوڵمحەمەدی سەردار چوو بۆ نزیک هەیوانەکە، شانی نا بە کۆڵەکەکەوە و لە بەلووچی پرسی:

ــ تۆ چ هەواڵێکی تازەت پێیە قوربان؟

ــ خراپ، سەردار! هەواڵی ناخۆش. لە هاشمئاوای ئاوباریک ماڵی غەزەنفەری هاشماواییان سووتاندووە. لە قەڵاچیمەن کردوویانەتە سەر عەلی خاکی و گۆدەرزی بەڵخی ئەبێ بار بکەن و لە قەڵاچیمەن بڕۆن. لە خورسوف وەهاب خورسوفیان بێکەس کوژ کردووە و گوایە خەریکە ئەمرێ. لە دزمین ماڵی جووتیارەکانیان تاڵان کردووە، بەڕادەیەک کە نەیارەکانی میرخان

جارێکیتریش خەریکن بە کۆمەڵ ڕەو ئەکەن. لە سەنگردیش نەجەف ئەرباب بەڵێنەکەی خستۆتە ژێر پێ و ئەو دەمەن بارەی ئەبوا بیدا بەو دوو جووتیارەی خنکاندوونی، نەیداوە. لە هەموو شوێنێک ئاغەکان سەرلەنوێ ژیاونەتەوە و کەوتوونەتە تۆڵە سەندنەوە. جووتیاریش لە هەموو لایەک حەپەساوە و خەریکە سەرلەنوێ هیوابڕاو ئەبێ.

ــ تۆ خۆت! خۆت پەیامەێکت لە لایەن کەسێکەوە هێناوە؟

ــ نەخێر سەردار، من خۆم هاتووم!

گوڵمحەمەد شانی لە کۆڵەکەکە کردەوە. حەیدەری مەلا میعراجی بە چاو ڕاگرت. شان بە شانی بەلووچ و ستار کەوتەڕێ و پاش چەند هەنگاو بێدەنگی، وتی:

ــ بۆ هاتی تۆ، قوربان؟

ــ هاتووم لەگەڵ تۆ بمێنمەوە، گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد ڕووی لە بەلووچ وەرگێڕا و وتی:

ــ من ئەکوژرێم قوربان. ئەم جەنگە جەنگێکی لاسەنگە!

ــ ئەزانم گوڵمحەمەد، هەر بۆیەش هاتووم لەگەڵ تۆ بم!

بە بێدەنگی بە بەر کۆڵەکەکانی بەرهەیواندا تێپەڕین و بیمێنێ بۆ دیوارەکە گەڕانەوە. لە بەردەم حەیدەری مەلا میعراجدا گوڵمحەمەد خاوی کردەوە و وتی:

ــ خۆم ئاگادارتان ئەکەمەوە حەیدەر. سڵاوی هەر هەمووومان بە مەلا میعراج بگەیەنە!

حەیدەری مەلا میعراج، بێدەنگ و سەرسووڕماو، گوێڕایەڵ و ملکەچ بۆ لای ئەسپەکەی چوو و کەوتە کردنەوەی دەسکەوساری ئەسپەکەی. گوڵمحەمەد جارێکیتر بە بەر کۆڵەکەکانی بەرهەیواندا کەوتەوە ڕێ و ستار و بەلووچ لەگەڵی. ستار کە هەروا چاوی لە حەیدەری مەلا میعراج بوو لەپڕ بێدەنگیەکەی شکاند و بە گوڵمحەمەدی وت:

ــ داواکەی مەلامیعراج قبووڵ بکە، گوڵمحەمەد! من

پێشنیار ئەکەم ئەو داوایە قبووڵ بکەی!

لە گەڕانەوەدا لای دوا کۆڵەکە، گوڵمحەمەد دەستی بۆ حەیدەری مەلا میعراج ڕاوەشاند کە ئەسپەکەی بەرەو داڵان ئەبرد و بە ستاری وت:

ــ مەبەستت ئەوەیە تفەنگ لە ناو خەڵکدا بڵاو بکەمەوە؟!

ــ بەڵێ سەردار، من ئەڵێم تفەنگ بڵاو بکەینەوە، هەرچی چۆن بێ...

ــ هەرچی چۆن بێ، چی ستار؟

ــ هەرچی چۆن بێ خوێن ئەڕژێ، ئەی بۆ خەڵکی بەشداریی نەکەن؟ حکوومەت بۆ سەرکوتکردن لە هەموو هەلومەرجێک بە قازانجی خۆی کەڵک وەرئەگرێ، هەموو پیلانێک بە ڕەوا ئەزانێ. لات و لووت ئەکرێ. بەریان ئەداتە گیانی خەڵک. تەنانەت دز و پیاوکوژیش بەکار ئەهێنێ. لە هیچ کارێکی نگریس ڕوو وەرناگێڕێ. ئەی بۆ نابێ لە بەرامبەر ئەو جانەوەرەدا خودی خەڵک ڕابوەستن؟ بۆ نابێ خودی خەڵک دژی ببنەوە؟ ئێستە کە بڕیار وایە خوێن بڕژێ، بۆ خەڵکی لەلاوە بوەستن؟ جەنگێک کە بابەتە سەرەکیەکەی خودی جەماوەرن، بۆ ئەبێ بە بێ بەشداری جەماوەر بکرێ؟ تەنانەت ئەم جەنگە ئەگەر بەرەنجامەکەی شکانیش بێ، دیسانەوەش بەشداریکردنی جەماوەر پێویستە. گوڵمحەمەد! شتێک بڵێ! حەیدەری مەلا میعراجیش هێشتا دوور نەکەوتۆتەوە!

گەیشتبوونە ئەو سەری سەرا. گوڵمحەمەد لەبری گەڕانەوە و بڕینەوەی ڕێگەکە، لای کۆڵەکەی بەرهەیوانەوە بەرەو پلیکانەکان خواری کردەوە، لە سەر یەکەم پێسترکە دانیشت. ئانیشکی نایە سەر چۆکی و چەناگەی خستە سەر مشتەکانی. وا پێ‌ئەچوو نایەوێ بدوێ و ئەیەوێ بەس بیسەر بێ و بۆچوونی ئەم و ئەو ببیسێ. جا بێژەرەکە بەلووچ بێ یان ستار:

ــ ئەوان کوشتیان، سەردار. حکوومەتیەکان کوشتیان

و بڕیان و تالآنیان کرد. شەقاوەکانیان بەردایە سەر شەقام و ئێمەیان هەڵدڕی. دوژمنی ئێمە، دوژمنی خەڵک هیچ ئامانجێکی نییە. شاریان کردە خڵتانی خوێن و ئاگریان تێبەردا و چییان بۆ کرا لە ناویان برد. لە گوندەکانیش هەروەها. لە گوندەکانیش ماڵیان وێران کردین. خەریکن پڕووزەی خەڵک ئەدەن بە دەم باوە، سەردار! من لام سەیرە، من بڕوا ناکەم تۆی گوڵمحەمەد ڕێگە لەوە ئەگریْ جەماوەر بەرەنگاری حکوومەت ببێتەوە! من بڕوا ناکەم تۆ بتەویْ خۆت بکەی بە قوربانی. خۆت بکەی بە قوربانی ئەو پیلانەی داروودەستەی شا دژی جەماوەر سازیان داوە. نەخێر، من بڕوا ناکەم تۆ بە دەستی بەستراوەوە دابنیشی و کوشتنی جەماوەر و تێکشکانی خەڵک تەماشا بکەی!

ــ خوێنڕێژان و شکست! شکست!

گوڵمحەمەدیش هەر لەو دارەتەدا، لاجانگەکانی بە دەست گرت و وەک بڵێی نە لە وەڵامی ستاردا، وتی:

ــ بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوا بە شکست بهێنیْ، خۆ پێویست ناکات بە مسۆگەری بە ڕووباری خوێندا بپەڕێتەوە! نەخێر، بڕواهێنان بە شکست هیچ پێویستی بە خوێنڕژاندن نییە. لە ڕاستیدا خوێنڕشتن تەنها ڕێگە نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوا بە شکست بهێنیْ! لە خورسوف ئێمە شکستمان خوارد. خەڵکی لە خورسوف دەستیان نا لە ڕوومانەوە. دەستی ڕەتیان نا بە سینەمانەوە. من لە خورسوف نەبووم، بەڵام لەو شتانەوە کە گێڕایانەوە زانیم خەڵکی بە ئێمەیان وتووە: نا؟ ئێمە هەمان ئەو ڕۆژە لە خورسوف شکستمان خوارد! ڕەنگە بەر لەوەش شکستمان خواردبوو، بەڵام ئەو ڕۆژانە بە خۆمان نەزانیبوو تا ئەو ڕۆژەی خورسوف. ئەو ڕۆژە من بڕوام بەوە کرد ئێمە شکاوین. شکست! بە بیْ ئەوەی خوێن لە لووتی تاقە کەسێکیش هاتبیْ!

خانئاپۆ و خانمحەمەد هاتبوونەوە و وەستابوون. خانمحەمەد کیسەی پارەکە بە بن باخەڵیەوە بوو و لای دیوارەکە ڕاوەستابوو.

خانئاپۆیش چەکدارەکانی هێنابوویە بەرەوە و لە قەراخ کەردووەکە بەڕیز ڕایگرتبوون. گوڵمحەمەد دەستەکانی ئازاد کرد و داوای کیسەی پارەکەی کرد. خانمحەمەد بە نارەزاییەوە هاتە پێشەوە و کیسەی پارەکەی دا بە گوڵمحەمەد. لەم کاتەدا توغرولیش گەڕایەوە.

ــ ئا؟ چییان ئەوێ؟

توغرول وتی:

ــ لە لایەن بەکتاشەوە پەیامیان هێناوە، داوای خۆ بە دەستەوەدانی سەردار ئەکەن. دوا دەرفەتیش سەیزوشەوە!

ــ حەک لەو گاڵتەچیانە!

ــ چ وەڵامێکیان بدەمەوە سەردار؟

ــ وەڵام؟!! نان و ئاوێکیان ئەگەر ویست بیاندەرێ با بڕۆنەوە!

توغرول گەڕایەوە و بەر لەوەی بچێ بۆ ناو داڵانەکە، خۆی کرد بە چێشتخانەدا.

گوڵمحەمەد کیسەی پارەکەی یەک دوو جار هەڵسەنگاند و بە بێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لە بەلووچ بڕوانێ، وتی:

ــ جیهەن! بەس جیهەن سەردار؟!

بەلووچ لە وەڵامدا وتی:

ــ نەک هەر جیهەن، سەردار. جیهەن بە زیاتر لە سی تفەنگدارەوە لە هۆزی خۆیان. هەڵبەت لە مەشهەدیشەوە چەکداری ئەدەنێ. سەرهەنگ بەکتاشیش کە لە جێگەی سەرتیپ فەربەخش دانراوە، دیارە ئەویش تیپەکەی ئەهێنێ بۆ جەنگ. دەنگۆیە لەگەڵ لەشکری میرپەنج لە لۆڕستان شەڕی کردووە. بێ هۆ بۆ ئێرەش نەهاتووە. سەید شەرزایش بە تفەنگدارەکانیەوە لەگەڵە و لەگەڵ ئەویش تیپی توربەت هێز ئەنێرێ. ئەمێنێتەوە نەجەف ئەرباب، حاجی خورسوفی و میرخان کە پێموایە ئەوانیش پیاوەکانی خۆیان ئەهێنن. لەولاشەوە ئالاجاقی و بوندارن. کاتێکە بڕیار بدرێ، پێت وانەبێ بوندار و

ئالاجاقی خۆیان کلا بگرن. لە ڕاستیدا ئالاجاقی ناهێڵێ لەوانی دی دوا بکەوێ. بابقولی بونداریش کە دیارە!

ــ ئەبوا بمکوشتایەتن. ئەبوایە ڕێگەم بدەی بیانکوژم، هەم بوندار و هەم نەجەف ئەربابیش. دێڵەبەبا و چەقەڵ ئەبێ بکوژرێن. تۆ بوویتە هۆی ئەوەی ئەوانە بمێنن گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد بە سەر و ڕووی خۆشەوە ڕوانیە خانمحەمەد کە ئەتوت خوێنی بە دەمەوەیە و جارێکی دی لە قوربان بەلووچی پرسی:

ــ کەی ئەیانەوێ دەس پێ بکەن ئەم هەموو لەشکرە؟!

قوربان لە وەڵامی پرسیارە تەوساوییەکەی گوڵمحەمەددا وتی:

ــ ڕەنگە ئەمشەو، ڕەنگیشە سەیزوشەو!

ستار جارێکی دی ناخودئاگا هاتە ناو وتووێژەکەوە و وتی:

ــ سەردار بهێڵە خەڵکی بانگ بکەین بۆ یارمەتی. بهێڵە جەماوەر بەرەنگاری دوژمنەکانی ببێتەوە!

گوڵمحەمەد وەک قسەکەی ستاری نەبیستبێ، لە سەر پێپلیکانەکە هەڵسا و بەرەو ڕیزی چەکدارەکان چوو و لە بەر دەمیان ڕاوەستا. خانئاپۆ هاتە تەک گوڵمحەمەدەوە و وتی:

ــ بە توغرولەوە ئەبن بە هەژدە کەس. دوان خەوتوون و حەوتیش لە دەرەوەی ناودێ کێشک ئەدەن.

گوڵمحەمەد کیسەی پارەکەی دا بە مامی و بەر لەوەی دەم بکاتەوە، خانمحەمەد بە دوو هەنگاوی بڵیند خۆی گەیاندە لای و نەک ئارام، بەڵکوو بە تووڕەییەکی شاراوەوە وتی:

ــ ئاخر ئێمەش ئەبێ بزانین ئەتەوێ چی لەم پارانە بکەی؟!

گوڵمحەمەد سەیری براکەی کرد، تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ــ پارەی ڕێگەی چەکدارەکانە. ئەوان ئەبێ بگەڕێنەوە ناو ژن و منداڵیان!

ـ چی؟!
گوڵمحەمەد نەکەوتە مشتومڕ لەگەڵ براکەی. قوربان بەلووچی پیشانی خانئاپۆ دا و وتی:
ـ قوربان لە بەر دەستت ئەبێ و یارمەتیت ئەدا. ئەمانە کە بەشی خۆیان وەرگرت با بڕۆن کێشک بدەن ئەوانی دی بێن بەشی خۆیان وەربگرن. هەر کەس بەگوێرەی پێداویستی، خانئاپۆ. لە کار و ژیانیشیان بڕوانە، با نارازی نەڕۆنەوە.
گوڵمحەمەد کەوتە ڕێ و ستار لەگەڵی کەوتە ڕێ. نەگەیشتبوونە ناودالانەکە کە دەنگی نارەزایی خانمحەمەد بەرز بوویەوە. گوڵمحەمەد کۆڵی نەدا، چووە ناودالانەکە و وتی:
ـ سۆز و بەزەیی ناناسێ. بەژن و بالای لە دایکمەوە پێگەیشتووە و تەماحەکەشی لە باوکمەوە!
لە کۆلان بوون. گوڵمحەمەد لە بن تاقی دەرەوەی ناودەرگاکە خاوی کردەوە، تاوێک چووە ناو بیرەوە و پاشان بە ستاری وت:
ـ قوباد! قوباد، ستار. دڵنیگەرانی ئەوم. کە من نەبم، حکوومەت سەروماڵی بە توورەکە ئەکێشێ. حەز ئەکەم بتوانی کارێکی بۆ بکەی. ئەتوانی؟ ئەتوانی بۆ ماوەیەک لە قەلامەیدان دووری بخەیتەوە؟ ئەبێ هەندێ کەس بناسی کە بتوانن بۆ ماوەیەک قوباد بشارنەوە، ئەتوانی؟
ـ ڕەنگە.
ـ دەی! کە وا بوو! ئەچی؟!
ستار هەروا ڕاوەستابوو و سەری داخستبوو و گوڵمحەمەد نەی ئەزانی چی بڵێ. هەروەها نەشی ئەزانی ستار ئەیەوێ چی بەو بڵێ. بۆ چەند ساتێک هەردووکیان ڕامان. لە ئەنجامدا، ستار وتی:
ـ سەردار!
ـ ئەتەوێ بڵێی چی ستار، بۆ هەر ئەیجەڕێنی؟!
ستار سەری بەرز کردەوە، ڕوانیە گوڵمحەمەد و وتی:
ـ گوڵمحەمەدی سەردار، من هاتووم لەگەڵ تۆ بم. من

هاتووم لەگەڵ تۆ بمرم. بەڵام! بەڵام ئێستە ئەبینم کە تۆ خەریکی باڵەکانی خۆت یەکە یەکە لێ ئەکەیتەوە و ئەیدەی بە دەم باوە. ئەبینم خەریکی تاو بە تاو خۆت بە تاق ئەخەیتەوە. دەس لە ڕووی خەڵکەوە ئەنێی و بەتایبەت تفەنگدارەکانیشت ئەنێریتەوە. باشە! من بە ئەندازەی تێگەیشتنی خۆم لە هۆی ئەمکارانەی تۆ تێ ئەگەم. بەڵام ئێستە کە وات بڕیار داوە، کە ناتەوێ خوێنی خەڵکیتر لەو جەنگەدا کە تۆ بەرپات کردووە بڕژێ، کە وا بوو! با ئەوەشت لێ بپرسم ئەی بۆ تەنها ساتێکیش بیر لەوە ناکەیتەوە کە! کە ڕەنگە بتوانی نەهێڵی خوێنی خۆیشت بڕژێ؟!

ـ ئەتەوێ بڵێی چی ستار؟ مەبەستەکەت بە ڕوونی دەرببڕە!

ـ باسی ئەوە ئەکەم کە بۆ بیر لەوە ناکەیتەوە کە ئەکرێ! ئەکرێ جارێ خۆت لەم جەنگە بپارێزی؟ مەبەستی من ئەوەیە، ئێستە کە ناتەوێ خەڵکی تووشی ئەم جەنگ و خوێنڕشتنە بکەی، بۆچی لانیکەم بۆ خوێنی خۆت بە ئەندازەی خوێنی تفەنگدارەکانت نرخ دانانێی؟ بۆ ناتەوێ خۆت لەم جەنگە بپارێزی؟

ـ خۆ بدەم بە دەستەوە؟! تۆیش ستار؟!

ـ نەخێر سەردار، خۆ بە دەستەوەدان نا!

ـ ئەی چی؟

ـ قوباد! هەمان ڕێگەی کە بۆ قوبادت دۆزیوەتەوە؟ ئێمە ئەتوانین ئەو کارە بۆ تۆیش بکەین!

ـ خۆم بشارمەوە؟ بۆ چ ماوەیەک؟ پاشان چی؟ چۆن بتوانم بژیم؟ ئەویش لەو تەنگژەیەدا بۆیان ساز کردووم؟ نا، ستار. من و قوباد دوو ناو و دوو کەسین. قوباد هەر ئەمشەو ئەتوانێ ئەو کارە بکات و ئەبێ بیکات. لە تۆم ئەوێ ناچاری بکەی ئەو کارە بکات! بەڵام من! ئێستە ناتوانم. پاشان بۆچی نا. ئەگەر توانیم لەم جەنگەدا سەر بکەوم. ئەگەر بتوانم لەم جەنگەدا حکوومەت بشکێنم، ئەوسا بە سەربەرزی ئەتوانم سەری خۆم بدزمەوە و

خۆم وەشێرم. بەڵام ئێستە! ئەگەر ئێستە ئەو کارە بکەم، واتای ئەوەیە کە لە ترسان بووە و هیچ بڕوبیانوویەکیش هەڵناگرێ. جا منیش! ستار، ئەوەندەی کە لە خودی ترس ئەترسم، سەد ئەوەندە لە نەنگی ترس ئەترسم. کێ چووزانێ! ڕەنگە ئەمجارەش بە سەرفرازییەوە زیندوو بمێنین. ئەگەر وای لێهات ئەوسا بە قسەی تۆ ئەکەم و خۆم ئەشارمەوە. تا بزانین لەوە و پاش ڕۆژگار چ وازییەکی بە دەمەوەیە. بەڵام! ئێستە داوام لە تۆ ئەوەیە کە قوباد دەرباز بکەی. وتت ماڵەکەی ئەزانی، وایە؟

ــ ئەزانم! بەڵێ.

لەوە زیاتر دەرەتانی مشتومڕ نەبوو. ستار خامۆش و لە ناو خۆیدا، بە قەراخ دیوارەکەدا کەوتە ڕێ. گوڵمحەمەد لە بن تاقی ناودەرگاوە ڕۆیشتنەکەی ستاری سەیر کرد. ستار ڕاستەکۆڵانی سەرای بڕی و لە چاوان ون بوو. گوڵمحەمەد ڕووی وەرگێڕا و بەر لەوەی بگەڕێتەوە ناوداڵان نیگای لە نیگای بادی گیرا. بادی لە کەلاوەی کەنار دیوار لە سەر سفرەکەی چۆکی دادابوو و سەروملی بۆ لای سەردار ڕادێرابوو. گوڵمحەمەد لە چوونە ژوورەوە ژێوان بوویەوە. بای دایەوە و پێی نایە ناو کۆڵانەکە. شەو ئیتر دەرکەوتبوو. گوڵمحەمەد لای پشتی وشترەکە ڕاوەستا و لوولەی ساردی بڕنەوەکەی لە ناو دەستیدا گووشی. تووکی سەر پشتی وشترەکە لە بەر سوکە بای شەوانەدا کەروێشکەی ئەکرد. گوڵمحەمەد دەستی هێنا بە تەوێڵ و کاکۆڵی بادیدا و بن شانی بە نینۆک خوراند. بادی سەری لە چۆخەکەی سەردار ساوی و لە بن گەروویەوە دەنگێکی کپی لێوەهات.

بێدەنگی و بێدەنگی.

کازمە شەڵ هات. لای دیواری کەلاوەکە ڕاوەستا و وتی:

ــ چاوەشەکان هاتن، سەردار. وابزانم بۆ زەماوەنی بەگمحەمەد خان هاتوون.

گوڵمحەمەد سەری بەرز کردەوە و سەیری کرد. مەرحەبا و

کلۆ لە پشت سەری کازمەوە وەستابوون و چاو و نیگایەکی کز و ملکەچیان هەبوو. گوڵمحەمەد وەک بڵێی لەپڕ خافڵگیر بووبێ، بێ ئەڤان وتی:

ــ نا، نا. زەماوەن کەوتە دواوە!

کلۆ و مەرحەبا لێکیان ڕوانی و، کەوتنەڕێ بگەڕێنەوە، گوڵمحەمەد لەپڕ لە وشترەکە دوور کەوتەوە و دەستی گرت بە دیواری کەلاوەکەوە و وتی:

ــ با بمێننەوە، نەڕۆن. بەزمێک ساز ئەکەین با ئەوانیش بێکار نەبن. ڕەنگیشە زەماوەنێک بەرپا بکەین. بڕۆن بۆ ناو مەیدان و بیکوتن؛ بڕۆن. هەر ئەمشەویش شێو ئەدەین بە خەڵکی ئاوایی. کازم!

ــ بەڵێ سەردار!

ــ خۆت زوو بگەڕێوە، بەپەلە!

ــ بە سەر چاو سەردار!

کازم لەگەڵ دەهۆڵ ژەنەکان کەوتە ڕێ و گوڵمحەمەد چووەوە ناو سەرا. بانووی لە لای چێشتخانەکە دۆزیەوە و بەرەو ناودالان بردی:

ــ ئەمەوێ ئەمشەو زەماوەنمان هەبێ و نان بدەین بە خەڵکەکە. دەهۆڵ ژەنەکان بە پێی خۆیان هاتوون. ئەمە لە خۆیدا خێر و خۆشیە، بانوو! کازم ئەکەین بە زاوا، وتت چی؟ شایی، شاییە! کازم ئەکەین بە زاوا، باوکی ئەو کچە ناوی چی بوو؟ سلێمان؟ ئا، سلێمان بهێنە بۆ ئێرە، بانوو. بڕۆ بیهێنە بۆ ئێرە و لە ڕێگە لەگەڵی بدوێ. پێی بڵێ بازی بەخت لە سەر سەری کچەکەی ئەو نیشتۆتەوە! بڕۆ! بڕۆ! بانوو!

گوڵمحەمەد بە پاڵ بانووی کردە کۆڵان و خۆی گەڕایەوە بۆ سەرا و هاواری کرد:

ــ سێ بەختەی تریش بدە بە عەرزا کاکە، ئەمشەو شێو ئەدەین بە خەڵکی ئاوایی!

تفەنگدارەکان لە وەرگرتنی بەشی خۆیان ئەگەڕانەوە و ئەچوون لەبری دەستەیەکی دی ئێشک بگرن. خانئاپۆ هەروا لە سەر پلیکانەکە دانیشتبوو و بە یارمەتی قوربان بەلووچ خەریک بوو پارەی ئەژمارد. خانمحەمەد بە دوای چەکدارەکاندا کە ئەچوونە دەرەوە هات و لە لای گوڵمحەمەدەوە وەستا. چەکدارەکان چوونە دەرەوە و خانمحەمەد لەپڕ هەژانە دەروونیەکەی خۆی ئاشکرا کرد:

ــ ئەتەوێ چی بکەی تۆ، ئاخر با ئێمەش بزانین! ئەم پارەیە خۆ بە خۆڕایی نەکەوتۆتە دەستمان!

گوڵمحەمەد ڕوانیە براکەی و وتی:

ــ سێ خرتیتر سەر برە و بیدە بە چێشتخانە. ئەمشەو خەڵکی ئاوایی بانگ ئەکەین بۆ نانخواردن.

لەوە زیاتر لای براکەی ڕانەوەستا. خۆی کردەوە بە ناو دالاندا و چووە کۆڵان و جارێکی دی چوویەوە بۆ کەلاوەکە و لای دیوارە ڕووخاوەکە هەستی بە هەبوونی تاپۆیەک کرد کە ئێوارە باشی لێکرد. سێبەر، عەبدولە ڕەشی قەلاچیمەنی بوو. گوڵمحەمەد لێی ڕوانی و ڕاما. عەبدولە ڕەش بە ترسەوە وتی:

ــ دەهۆڵ ژەنەکان من هێنامن سەردار!

گوڵمحەمەد لە کاتی تێپەڕیندا گەلایەکی خستە ناودەستی عەبدولە ڕەشەوە. عەبدولە ڕەش پارەکەی وەرگرت و منجەمنج وتی:

ــ هی کەش هاتوون سەردار. لەم فەراگەردەن. هی گوندەکانی دەوروبەرن. دە-پانزەیەکن. هەندێکیشیان بۆ خۆت ئەیانناسی!

لە جەمسەری ڕاستە کۆڵانەکەوە هەندێ کەس هاتن. ستاریش لەگەڵیان بوو. پاڵەوان گۆدەرزی بەڵخی و غەزەنفەری هاشمئاوایی لەگەڵ ستار ئەهاتن. گوڵمحەمەد هەنگاوی پێش کرد. پیاوانی تازە گەیشتوو لە بەردەمی وەستان. گوڵمحەمەد ڕوانیە ستار و ستار وتی:

ـ خۆیان بڕیاریان داوە و هاتوون. ئەو کارەیان کردووە کە پێیان باش بووە. گۆدەرزی بەڵخی ئانیشکێکی کوتایە لاکەلەکەی غەزەنفەر. غەزەنفەر هاتە پێشەوە و وتی:

ـ ئێمە بۆ یارمەتیدان هاتووین، سەردار. پیاوانی حکوومەت لە گوندەکان کەوتوونەتە ڕێ و خەڵک بە کرێ ئەگرن. شارەزایان ئەوێ بۆ جەنگ لە دژی سەردار. ئێمەش وامان بە باش زانی بێین بۆ ئێرە...

لەبری پەرسڤ دانەوە بە غەزەنفەر، گوڵمحەمەد ڕووی کردە ستار و پرسی:

ـ لەگەڵ قوباد چیت کرد تۆ، ستار؟

ستار وتی:

ـ قوباد ئامادە نییە بڕوات، سەردار. ئەڵێ جووتیار ناتوانێ لە زەوییەکەی دوور بکەوێتەوە.

غەزەنفەر جارێکی دی هاتەوە ناو وتووێژەکە و وتی:

ـ هەندێکمان ئەتوانین دەست بدەینە چەک سەردار. سەربازیمان کردووە.

گوڵمحەمەد گەڕایەوە سەر شوێنی خۆی و وتی:

ـ تازە درەنگ بووە کاکی برا. چا و نانێک بخۆن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆتان!

ـ ئێمە ئیتر ماڵ و ژیانمان بۆ نەماوەتەوە گوڵمحەمەد خان. تالانیان کردین، ئاگریان تێبەرداین و بردیان. ئیتر ناتوانین بگەڕێنەوە ماڵەکانمان!

ـ بڕۆن چا و نان بخۆن، تازە درەنگ بووە!

ـ بە دوای ئێمەشدا خەڵکی دی بەڕێوەن، دێن بۆ قەڵامەیدان.

گوڵمحەمەد بە ستاری وت:

ـ بیانبە ماڵەوە و چا و نانیان پێ بدە.

پاشان ڕووی کردە پیاوەکان و وتی:

ـ بەخێر هاتن بۆ فراوین!

ستار فەرمووی لە پیاوەکان کرد بۆ ژوورەوە. گوڵمحەمەد ڕووی وەرگێڕا و جارێکی تر چوویەوە بۆ لای بادی. وشترەکە بە گومانی ئەوەی کە سەردار مەبەستی سواری هەیە، هەڵسایە سەر چۆک. گوڵمحەمەد بەڵام مەبەستی سواری نەبوو. لای شانی وشترەکەوە وەستا، دەستی هێنا بە ملیدا و پاڵی دا بە پشتیەوە.

دەستەیەکیتر لە چەکدارەکان هاتنەوە و یەکسەر چوونە ژوورەوە. پاش ئەوان ستار لە دەرگاکەوە هاتە دەرەوە و لای دیواری کەلاوەکە کەوتە سەیرکردنی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد ئانیشکی نابوویە سەر پشتی بادی و سەر و شانی داخستبوو. چۆخەکەی بە شانی چەپیەوە بەند بوو و شاقەلەکانی بە ئارامی بە دەم باوە ئەلەرییەوە. ستار بە خامۆشی لە شوێنی خۆی مایەوە. نە ئەیتوانی بچێتە پێشەوە و نە ئەیتوانی بە وشەیەک زمان هەڵبڕێ. بەو جۆرە ڕاوەستا تا مەگەر گوڵمحەمەد لا بکاتەوە و چاوی پێی بکەوێ. گوڵمحەمەد ئاخرەکەی ئاوڕی دایەوە و ڕوانیە ستار. چاوەکانی ئەبریسکایەوە، ئەتوت چاوەکانی پیاو فرمێسکی تێزاوە. ستار هەنگاوێکی نا و لەپڕ پرسیاری کرد:

ـ بۆچی گوڵمحەمەد، لە بەر چی قبووڵ ناکەی؟ ئەوەتا ئەوە دەستی خەڵکە بۆ لای تۆ ڕادێراوە؟

گوڵمحەمەد ڕووی لە ستار وەرگێڕا، چەمایەوە و تەوێڵ و ڕوومەتی لە تووکی پشتی وشترەکە وەردا و وەکوو شتێ وتی:

ـ ماندووم!

ستار وەک بڕوا نەکات پرسیەوە:

ـ سەردار؟!

گوڵمحەمەد بە هەمان بێ ئوقرەیی و بێدەنگی وتی:

ـ ماندووم!

ستار بە دژواری و دڕدۆنگیەوە وتی:

ـ خۆت ئەدەی بە دەستەوە، خۆت ئەدەی بە دەست

دوژمنەوە؟!

گوڵمحەمەد شانی ڕاست کردەوە، ڕوانیە ستار و وتی:

ــ نەک بۆ دوژمن، مل بۆ خۆم دائەنەوێنم!

جارێکی دیش ستار، وەکوو شتێ بیستیەوە کە سەردار وتی:

ــ ماندووم، ماندووم!

بانوو هات و با دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکەی لە مەیدانەکەوە ئەهێنا. بانوو هات و لە گوڵمحەمەد نزیک بوویەوە. گوڵمحەمەد بە پرسەوە لە چاو و تەوێڵی پیرێژنی ڕوانی. بانوو لە وەڵامی پرسیارە خامۆشەکەی گوڵمحەمەددا وتی:

ــ سلێمان کچ نادا بە شوو. ناتوانێ بیدا بە شوو. کابرای چەرچی، کچەکەی سلێمانی لە خۆی مارە بڕیوە. نەک لە قەڵامەیدان، بەڵکوو لە شار! بە بێ دەنگ و هەرا!

لەو بێدەنگیەدا کە گوڵمحەمەد بە زۆر خۆی تیا ڕائەگرت، چەکدارەکان نزیکەی هەژدە-نۆزدەیەک، وڕ و سەرگەردان لە دەریزانی هەشتیەکەدا لە ناو کۆڵان ڕاوەستابوون. خانمحەمەد و خانئاپۆشیان لەگەڵ بوو و بەگمحەمەدیش لە سەر بانی سەرا ڕاوەستابوو و ئەیڕوانیە کۆڵان و کەلاوە و چەکدارەکان و براکەی. خانئاپۆ لە بەر نیگای خامۆشی گوڵمحەمەددا پێی نایە ناو کۆڵانەکە و وتی:

ــ چەکدارەکان هاتوون تۆ ببینن، ئەیانەوێ بزانن چی بکەن؟

گوڵمحەمەد کە هەستی ئەکرد بە ئاشکرا ئەشەلێ، یەک دوو هەنگاوی بەرەو چەکدارەکان هەڵگرت، لای دیواری کەلاوەکە لە نێوان ستار و خانمحەمەددا ڕاوەستا و وتی:

ــ براکان! لە من ڕازی بن، لە ئێمە ڕازی بن. من داواتان لێ ئەکەم لێم ببوورن. خراپەکان لە بیر بکەن. بمبوورن ئەگەر تووڕە بووبێتم. خانمحەمەدمان ئەگەر جارجارە لێتان تووڕە بووە، بیبەخشن بە من و بەو نان و نمەکەی پێکەوە خواردوومانە. کاری ئێمە گەیشتۆتە کۆتایی، کاری ئێمە وا خەریکە کۆتایی پێ دێ.

کاری ئێمە بە خوێن کۆتایی پێ دێت و ئێمە نامانەوێ خوێنی ئێوە برژێ. گەردنمان ئازاد بکەن، لێمان ببوورن. نان و ڕۆنێک بخەنە ناو دەسرۆکەکانتان، هەر کامە و ئەسپێک هەڵبگرن و بڕۆن. بڕۆن براکانم، بەخێر هاتن و بڕۆن. وەکوو برا خۆشتانم ئەویست، هەر هەمووتان بڕۆن بەخێر و بە خۆشی!

لە سەر و لە زمانی پیاوەکاندا خەریک بوو سرتەسرتێک سەر هەڵبدا. بۆیە گوڵمحەمەد دەستی هەڵێنا، داوای لێکردن ئارام بن و وتی:

ـ ئەو کەسەی ورک بگرێ و بیەوێ بمێنێتەوە، ئەوسا خۆم دەری ئەکەم! ئەبێ بڕۆن! هەر کامتان ماڵێکی هەیە، ژن و منالْ، دایک و باوکی هەیە...

دەنگێک بەرز بوویەوە:

ـ خۆ سەرداریش خێزانی هەیە، دایکی هەیە...

ـ گوتراو گوترا، شەوتان لەبەرە! بە شەو ئەتوانن باشتر خۆتان دەرباز بکەن. بڕۆن، بڕۆن بەخێر و خۆشی!

پیاوەکانی گوڵمحەمەد ئەمجارەیان قسەیان لە ڕەنگ و مایەیەکی دی گوێ لێ بوو و جێگەی مشتومڕی تیا نەمابوویەوە. گوڵمحەمەد ڕووی لێوەرگێڕان، پێی نایەوە ناوداڵانەکە و لەو بەری وشترەکەوە لە ناو تاریکیەکەدا ون بوو و ستار وەک بڵێی گوێی لێبوو کە گوڵمحەمەد لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ «بڵقیس! دایکم!»

لەوپەڕی بڕوا نەکردن و حەپەساندا، پیاوەکان دوور کەوتنەوە و کۆڵانیان چۆڵ کرد. بەس ستار بوو لە تاریکی بن دیوارەکەدا ڕاوەستابوو. بڵقیس لە دەرگای سەراوە هاتە دەرەوە. ڕەنگە خانمحەمەد ناردبووی بۆ لای گوڵمحەمەد. بڵقیس ساتێک لە ناو کۆڵان ڕاما. ستار، گوڵمحەمەدی پیشان دا لە پەنای وشترەکەدا. بڵقیس بەرەو لای گوڵمحەمەد پێی نایە ناو کەلاوەکە. گوڵمحەمەد سەری لە پەنای وشترەکەوە دەرهێنا و لە چاوەکانی بڵقیسی

ڕوانی. چاوەکانی دایک، هەزار قسەی تیا بوو. گوڵمحەمەد لە وەڵامی نیگای خامۆشی بڵقیسدا وتی:

ــ گەردنم ئازاد کە! دایە!

بڵقیس نە وەستا و نە ڕاما. نەخێر، نەی ئەتوانی ڕێگە بە دەرد و زووخاوی خۆی بدات. لە تەنهاییشدا ئەیتوانی لە وەڵامی گفتە بە ئازارەکەی گوڵمحەمەددا، ئەم تاقانەی دایکە، بەکوڵ بگری. بۆیە نەئەبوا ڕاوەستێ و، بڵقیس ڕانەوەستا. چونکە ئەو، لە یەکەم ساتی ڕووپیشاندانی مەرگەوە، وەکوو شمشێرێکی ڕووت، خامۆش و سارد، خۆی لە بەر هەموو ساتە بە ئازار و کوشندەکانی مەرگدا ڕاگرتبوو. ئێستەش بە هەمان سارد و سڕی، بە بێ ئەوەی دەرفەتی دڵەڕاوکێ بە هەناوی داخراوی خۆی بدات، ڕووی لە ڕۆڵەی شیرینی وەرگێڕا و بە بەردەم ستاردا تێپەڕی و لە ناو داڵانی سەرادا خۆی ون کرد.

گوڵمحەمەدیش خۆی پێ ڕانەگیرا، لە پەنای وشترەکە هاتە دەرەوە، چۆخەی بە شانیەوە ڕێک کرد و چالاک لە کەلاوەکە دەرکەوت و خۆی کرد بە ناوداڵانی سەرادا. حەوشەی سەرا ناو بە ناو ڕووناک بوو. گوڵمحەمەد ڕاستەوخۆ بەرەو باڵەخانە سەرکەوت. کوڕەکەی کە لەگەڵ شێرۆ لە بەر پلیکانەکان دارەدارەی ئەکرد، لە سەر دەست بەرز کردەوە و کردیە قەڵاندۆشکان. بە لاپرەسەنی بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و لە ناو باڵەخانە لەچاو ون بوو.

شێرۆ هەڵسا و چوو بۆ هەیوان. ئەو دایکی لە گەڕانەوەدا بینیبوو. سەری بردە ناو هۆدەکەوە. بڵقیس ئاوڕی دایەوە و خاچ لە چاوەکانی شێرۆی ڕوانی. شێرۆ گەڕایەوە و بۆ لای زیوەر چوو. زیوەر لە بن تاقی بەرهەیوان دانیشتبوو و جگەری مەڕەکەی ئەجنی. شێرۆ بەرامبەر زیوەر، لای سینیەکە دانیشت. زیوەریش دڵ و دەماخی وتووێژی نەبوو. زۆری نەخایاند زیوەر بە دەنگی ماراڵ بانگکرا. شێرۆ ئاوڕی لە ئاقاری دەنگەکە دایەوە. ماراڵ لە بەر دەریزانی باڵەخانەدا ڕاوەستابوو و چاوی لە زیوەر بوو. زیوەر

لای سینیەکە هەڵسا. دەستەکانی خاوێن کردەوە و بەرەو ماراڵ لە پلیکان سەرکەوت. شێرۆ ڕوانیە ڕۆیشتنەکەی زیوەر. زیوەر گەیشتە لای ماراڵ و بە جووتە چوونە ژوورەوە.

ــ چی لێ بە سەر هاتووە خانئاپۆ؟!

خانمحەمەد و مامی لای کۆڵەکەی بەرهەیوان، نزیکی شێرۆ ڕاوەستابوون. خانئاپۆ دووکەڵی جگەرەکەی لە لووتیەوە دایە دەرەوە و لە وەڵامی خانمحەمەددا وتی:

ــ ئەوەی بە سەر هاتووە، من و تۆیش ئەگەر لە جێگەی ئەو بوایەتین، هەر ئەوەمان بە سەر ئەهات!

ــ چی ئەکات خانئاپۆ، خەریکە چی ئەکات؟! ئێمە ئەو چەکدارانەمان بۆ ڕۆژێکی وەها ئەویست. کەچی برام چەکدارەکان بەرێ ئەکاتەوە بۆ ماڵە خۆیان، بۆ؟ ئاخر لە بەر چی؟!

ــ حکوومەت ئەوی ئەوێ و بەس. حکوومەت بەس گوڵمحەمەدی ئەوێ. جا گوڵمحەمەدیش نایەوێ خوێنی خەڵکیتر بڕژێ.

ــ مەگەر خوێنی ئەوانیتر لە خوێنی گوڵمحەمەد سوورترە؟ ئاخر ئەمە چ خوو و ڕەوشتێکە؟!

ــ نەء، بەڵام بۆ؟ کاکڵی بابەتەکە لێرەدایە کە بۆچی؟ کاتێکە حکوومەت بەس گوڵمحەمەدی ئەوێ...

ــ ئاخر ئەمە چ شێوازێکە؟ حکوومەت گوڵمحەمەدی ئەوێ و ئەویش بە دەستی بەستراوەوە خۆی ئەدا بەدەس حکوومەتەوە؟!

ــ نەخێر! من پێم وانییە، نە بە دەستی بەستراو و نە بە زیندوێتی!

ــ ئەمە شێتێتیە، شێتێتیە خانئاپۆ!

خانئاپۆ بە پێکەنین دەمی کردەوە و وتی:

ــ تۆ بە دوای ئاوەزدا ئەگەڕی، ئەویش لەمناوە؟! ژیرەکان خەریکن زەوییەکانیان ئەکێڵن!

خانمحەمەد بە بێ گوێدانە خۆشزمانیەکەی مامی، بە

تووڕەییەوە وتی:

ــ نا، ئاپۆ گیان! من هیچ مەبەستی ئەوەم نییە بکەومە بەرپلی جەندەرمە. نە بە زیندویی و نە بە مردویی. هیچ حەزم لەوە نییە بابقولی بوندار و نەجەف ئەرباب بە تەرمەکەم پێ بکەنن. مەگەر ئەوەی کە پێشتر دە-بیستێک لەو کەسانە بنێرم بۆ دۆزەخ!

خانئاپۆ لە لێواری بەرهەیوانەکە هەڵترووشکا. خانمحەمەدیش لە لایەوە دانیشت و بە دەمی چەقۆکەی کەوتە لێکردنەوەی خوێنی وشکەڵاتوو بە بەری دەستیەوە. خانئاپۆ بزە لە سەر لێوی، وتی:

ــ واتە ئەکشێیتەوە؟

بەر لەوەی خانمحەمەد دەرفەتی وەڵامدانەوە پەیدا بکات. باوکی لە دەرگای کەنووخانەکە هاتە دەرەوە و وتی:

ــ بۆ وا دواکەوتن ئەمانە؟ شەوی زستان خۆ تا درەنگان ڕان لە دەرەوە ڕاناگرن!

خانئاپۆ ئاوڕی لە براکەی دایەوە، ڕوانیە ئاسمان و وتی:

ــ هێشتاش درەنگ نەبووە کاکە گیان، جارێ سەری شەوە!

کەلمیشی بە لنگی داچەقاوەوە، گەڵاوگەڵ هاتە پێشەوە و بە دەم ڕێوە وتی:

ــ هێسرەکەم. هێسرەکەی منیش عەبدۆس لەگەڵ خۆی بردی. بڕیار وابوو زووتر بۆمی بگەڕێنێتەوە.

خانمحەمەد، بەر لەوەی باوکی بگاتە بەردەمی، لە لێواری بەرهەیوانەکە هەڵسا و بە بیانووی شێو بەرەو چێشتخانە چوو و هاواری کرد:

ــ ئەم چێشتە پێنەگەیشت؟!

دەنگی سەمەن لە وەڵامی شووەکەیدا لە چێشتخانەوە بەرز بوویەوە:

ــ شێوی چل کەس خۆ بە کاژێرێک ئامادە ناکرێ!

شێرۆ بە تەشتی دڵ و جگەرەوە بەرەو چێشتخانە ڕۆیشت و خانمحەمەد بەبەر ئاخوڕی ئەسپەکاندا بەرەو ناوداڵان چوو. لە ناوداڵان، ستار لە سەر سەکۆکە دانیشتبوو. خانمحەمەد، بەرامبەری لە سەر سەکۆکە دانیشت و وتی:

وەک بێگانە کزت کردووە، ستار خان؟!

ستار وتی:

ـ بێگانەم خان!

ـ لە ناو ئێمەشدا بێگانەی؟!

ستار لە وەڵامدا وتی:

ـ کەمتر، کەمتر لە هەمیشە!

خانمحەمەد تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ـ گوڵمحەمەدی هاوڕێت چی لە سەردایە؟

ستار ڕوانیە خانمحەمەد و بە تەوسخەندێکی وشک و نامۆ وتی:

ـ تۆ ئەگەر ئەزانی بە منیشی بڵێ!

خانمحەمەد پرسیارەکەی خۆی دووپات کردەوە:

ـ چ هەوایەکی لە سەردایە، هەوای مەرگ؟!

ـ پێموانییە حەزی لە مردن بێ! نەء، حەزی ژیانم زیاتر تیا بەدی کردووە.

ـ ئەی بۆ وا ئەکات؟ بۆ ئەو کارانە ئەکات؟ ئەو ڕێگەیەی براکەی من گرتوویەتی، ڕێگەی مەرگە!

ستار وتی:

ـ لەو ڕێگەیەی ئەودا منیش هیوای ژیان نابینم!

ـ ئەی بۆ هیچ ناڵێی؟ بۆ هەوڵ نادەی پێشی پێبگری؟ ئاخر ئەو خەریکە هەر هەمووومان لەگەڵ خۆیدا ئەکا بە گەرووی مەرگدا!

ـ ئەزانم خانمحەمەد. ئەبینم و ئەزانم. گوڵمحەمەد لەگەڵ خۆی تووش بووە و ئەم تووش بوونەشی لە کاتێکی خراپدا بە

سەر هاتووە. نازانم، منیش نازانم چیم پێئەکرێ. هیچ شتێک هاوسەنگی نەماوە. گوڵمحەمەد لەم کاتەدا لە ئامانجێک زیاتری نییە و ئەویش ئەوەیە کە ئەیەوێ ئەوانی دی ڕزگار بکات. ئەیەوێ مەیدانی شەڕەکە بچووک بکاتەوە، چەندە بۆیبکرێ بەرتەنگتر! خەریکە پاڵ بە هەموو کەسێکەوە ئەنێ. هەمووکەس دوور ئەخاتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە مرۆڤ لێی تێئەگات، بەڵام زۆریش ئازاردەرە ئەم شتە. مرۆڤی وەکوو ئەو لە کاتی تەنگەژەی وەهادا بەس بیر لە دەربازکردنی خۆیان ئەکەنەوە. کەچی ئەو بە پێچەوانە بەس بیر لە دەربازکردنی خەڵکانی دی ئەکاتەوە. ئەم هەڵوێستە، هەر دوو ڕووی ئەم هەڵوێستە ناڕاستە. بەڵام هیچیش ناکرێ. من ئەوەی بە مێشکمدا هاتووە وتوومە، هەر ڕێگەیەک کە پێم باش بووبێ بۆم شیکردۆتەوە، بەڵام وا تێئەگەم کە گوڵمحەمەد بڕیاری کۆتایی خۆی داوە و جگە لەو بڕیارە هیچ ڕێگەیەکیتر بە ڕاست نازانێ. ئەو ئەیەوێ لەگەڵ حکوومەت بجەنگێ، بەڵام خۆ تەیارکردنی ئەو بە پێچەوانەی ڕێسای جەنگە. پێشەکی ئەم جەنگە بە جۆرێکە کە کۆتاییەکەی هەر لە سەرەتاوە لای گوڵمحەمەد ڕۆشنە. کۆتاییەک کە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ سەرکەوتنی بە دواوەبێ، ئەمە کارەساتە. کارەساتێک کە گوڵمحەمەد بە چاوی کراوەوە بۆ لای ئەچێ. نازانم، من نازانم! تێئەگەم، بەڵام گێژبووم، سەرم گڕی تێبەر بووە!

کازم لە ڕاستە کۆڵانەوە بەرەو سەرا ئەهاتەوە. کڵۆ و مەرحەبای کردە ژوورەوە و خۆی لەژێر هەشتیەکە بەرامبەر بە خانمحەمەد ڕاوەستا و بە پەرێشانیەوە وتی:

ـ کەس نەهات خان، خەڵکی لە مەیدان کۆنەبوونەوە. منیش چاوەشەکانم هەڵگرت و هێنایانمەوە. نازانم چی ڕووی داوە. وابزانم خەڵکی ئەترسن لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە! ئەڵێی شتێک بووە، ئەڵێی بۆنی هەندێ شتیان کردووە. ئێستە

چیبکەین؟ لەوە ئەترسم بۆ شێویش نەیەن بۆ ئێرە! ئاخر سەردار وتی ئەیەوێ ئەمشەو خەڵکەکە بانگ بکات بۆ نانی ئێوارە. ئێستە چی بکەین؟

خانمحەمەد لە سەر سەکۆکە هەڵسا و لە کاتێکا کازمی لەگەڵ خۆی ئەبرد وتی:

ـ لە بیری کە. قسەکەی سەردار لە بیرکە. برۆ بیر لە شێوی پیاوەکانی خۆمان و میوانەکان بکەرەوە. کار لەوانە ترازاوە!

ـ تۆ بۆ کوێ کەوتوویتە ڕێ باوکە؟

کەلمیشی دار و فانۆس بە دەس بەرەو ناو دالانەکە ڕۆیشت و وتی:

ـ ئەڕۆم بە دەم ڕانەکەوە. ئاخر خۆ ئەو مەڕانەیان نەبردووە بۆ سەرەخس بیانلەوەڕێنن! شەو خەریکە تێ ئەپەڕێ!

خانمحەمەد نیگای لە ڕۆیشتنی باوکی وەرگێڕا، کازمی برد و ستاری لە هەشتیەکە بەجێهێشت. ستار لە ناو تاریکیەکەدا چووە ناو خۆیەوە. تاوێک تێپەڕی. محەمەد ڕەزای گوڵخانم فانۆسی هێنا و هەڵیواسی بە بزماری چوارچێوەی دەرگاکەوە و بە ستاری وت:

ـ میوانەکانی قەلاچیمەن لێت ئەگەڕێن، وەستا ستار!

ستار ڕوانییە محەمەد ڕەزای گوڵخانم و هەڵسا. محەمەدرەزای گوڵخانم بە دوای کاری خۆیدا، چوو بۆ گەوڕ و ستار تەزی ئەژنۆکانی دەرکرد و پێینایە ناو حەوشەی سەراوە. ئاشناکانی لە ناو کەنووخانە دانیشتبوون. بەڵخی و عەلیخاکی لە دەرەوەی دەرگاکە، لای دیوارەکە لە سەر عەرز دانیشتبوون و سەریان نابوو بە سەر یەکەوە. ستار، شەکەت و بە هەستی ئاشکرای شکست لە هەنگاوەکانیدا، خامۆش و مەرگبار بەرەو کەنووخانە ڕۆیشت و لە تەنیشتت بەڵخیەوە دانیشت. بەڵخی نیگای لە دەنکە درشتەکانی تەزبێحەکەی هەڵگرت، ڕووی کردە ستار و پرسی:

ــ چی ئەبینی؟
ــ خوێن!
ستار دەسبەجێ وای وت و سەری داخست. تاوێک بێدەنگی کەوتەوە. بەڵخی و خاکی ڕوانیانە یەکدی و پاشان پرسرا:
ــ ئێمە چی؟ شیاوی مردنیش نین؟!
ستار لە وەڵامدا وتی:
ــ لەوە زیاتر و شیاوی ژیانیشین!
ــ ئەی بۆ وەکوو مناڵە ورتکە دەرمانئەکەنە دەرەوە؟
ــ ئا لەمەی تێناگەم!
بەڵخی وتی:
ــ بۆندار لە زمانی ئالاجاقیەوە پەیامی بۆ من و خاکی ناردووە کە ئەبێ بار بکەین و لە قەڵاچیمەن بڕۆین.
ستار خێسەی لە خاکەکە، بە بەڵخی وت:
ــ لات سەیرە؟!
بەڵخی وتی:
ــ لام سەیر نییە، بەڵام! هەندێ جار لام وایە هێلکەیەکم دراوم بە بەرددا و شکاوم!
ستار ڕوانیەوە بەڵخی و وتی:
ــ ڕاستەکەت ئەوێ! منیش هەندێ جار دەربارەی خۆم وا بیر ئەکەمەوە!
ــ بەڵخی بە ستاری وت:
ــ تۆ ئەتەوێ چیبکەی؟ تۆ! ستار؟
ستار دەستەکانی کردەوە، بە بێدەنگ ڕێکی گووشان و وتی:
ــ تا بزانین چۆن ئەبێ! بەڵام! ئەوەی ئەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەمجۆرەیم پێشبینی نەکردبوو. ئەم جەنگە خەریکە ئەگۆڕدرێ. خەریکە ئەبێ بە ململانێیەکی ویژدانی! ئەمەیە گۆدەرز، من لە پێشەوە شکست هەست پێ ئەکەم.
بەڵخی وتی:

ـ ئەی تۆ دەس هەڵناگری؟!

ـ ناتوانم، ناتوانم. خۆیشم لە خۆمدا تووشی ململانێیەک بووم. ململانێیەکی ویژدانی! پاش نانی شێوان ئەچین بۆ ماڵی قوباد. ڕەنگە بتوانین ڕازی بکەین بۆ ماوەیەک سەری بدزێتەوە. یەکیشیان ئەوەی کە خراپ نییە لەگەڵ ئێوە ئاشنا ببێ.

سەمەن سەری لە دەرگای سەرتەنوورەوە هێنایە دەرەوە، بانگی لە خانمحەمەد کرد و وتی:

ـ شێو خەریکە ئامادە ئەبێ بڵێ شێو خۆرەکان جێ بگرن.

بانوو، کازم و محەمەد ڕەزای گوڵخانم کەوتنە هاتوچۆ و ڕاخستنی سفرە. ژووری دانیشتن، میوانخانە، کەنووخانە و ژووری تەنیشت هۆدەی دانیشتن. خانئاپۆ چەکدارەکانی لە ئاغەڵەوە بۆ ژووری دانیشتن و ژوورەکەی تەنیشتی ڕێنموونیکرد. مەدەدی نارد بۆ یارمەتی محەمەد ڕەزای گوڵخانم. خانمحەمەدیش، ستار و میوانە تازە گەیشتووەکانی برد بۆ میوانخانە. ئەمایەوە کەلمیشی و چەند کەسیتر لە خۆییەکان کە سفرەی ئەوانیش لە کەنووخانە ڕاخرا.

خانئاپۆ پاش بەشدانی چەکدارەکان هاتەوە حەوشە و بەگمحەمەدی لەسەربان بینی. بەگمحەمەد هاتبوویە گوێسەوانەی بانەکەو نیگای پرساو نیگەرانی لە مامی بوو. خانئاپۆ فڕکەی کرد بۆ چێشتخانە، پارچەیەک گۆشتی خستە ناو نانێکەوە، هاتە دەرەوە و ڕاستەوخۆ سەرکەوت بۆ سەربان بۆ لای. بەگمحەمەد جارێکی دی کەوتبوویەوە پیاسە کردن و بە هەستکردنی هاتنی خانئاپۆ وەرگەڕا، لە بەردەمی ڕاوەستا و وەک بڵێی پرسیارێک لە زووەوە لە گەرووی دابووبێ، دەسبەجێ پرسیاری کرد:

ـ چی ئەبینی خانئاپۆ؟!

ـ خوێن! خوێن ئەبینم ئاپۆگیان!

خانئاپۆیش بەگمحەمەدی لە پرسیارەکەیدا ڕانەگرت و وای

پێوت.

دەستی بە قۆڵی گەنجترین برازایەوە، بەرەو پاساری لێواری بانەکە، بەرەو کۆڵان پەڵکێشی کرد و لە لای خۆیەوە داینا و نان و گۆشتەکەی دا بەدەستیەوە.

ـ کاکم بۆ وا ئەکا، خانئاپۆ؟ بۆچی تفەنگچیەکان بەر هەڵئەدا؟ شێت بووە؟!

ـ گومانم وانییە شێت بووبێ، مێشکی جارێ کار ئەکات.

ـ ئەی بۆ ئەو کارانە ئەکات؟

خانئاپۆ کاوەخۆ لە گوتندا، وەڵامی بەگمحەمەدی دایەوە:

ـ ئەوکارە ئەکات کە ئەبێ بیکات، جگە لەوە ئەبوایە چ کارێکی بکردایەت؟

بەگمحەمەد وتی:

ـ ئاخرئەگەر جەنگێکمان لە بەرە و ئەبێ بجەنگێن، ئەگەر ئەبێ بجەنگێن ئیتر بۆ ئەبێ فەراگەردی خۆمان چۆڵ بکەین؟

خانئاپۆ پاڵیدا بە دیواری سوانەکەوە و وتی:

ـ حکوومەت گیانی ئێمەی ئەوێ ئاپۆگیان، جا ئێمە بۆ ئەبێ خەڵکی لەگەڵ خۆمان بکەین بە قوربانی؟ قسەکە ئەمەیە، قسەی گوڵمحەمەدی ئێمە ئەمەیە و قسەیەکی زۆر نابەجێیش نییە!

بەگمحەمەد شەڵەژاو و تارادەیەک گوماناوی وتی:

ـ مەگەر ئێمە ئەمانەوێ بە دەستی بەسراوەوە خۆمان بدەین بەدەست حکوومەتەوە؟

خانئاپۆیش بە هەمان نەرمیەکەی پێشتر وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر، من پێم وانییە مەبەستێکی وامان هەبێ!

ـ ئەی چی؟ بەس ئەڕۆین بۆ ئەوەی بکوژرێین؟!

خانئاپۆ بەرسڤی نەبوو، بە بێدەنگی سەری داخست. تاوێکی تێپەڕاند و پاشان ڕوانیە بەگمحەمەد و -وەک خۆشی نەزانێ- چنگی لە کاکۆڵی گەنجەکەی وەردا و وتی:

ـ هەر کەس بە حەزی خۆی ئاپۆگیان، هەر کەس بە حەزی خۆی!

بەگمحەمەد دەسبەجێ و بێ بیرکردنەوە وتی:

ـ تۆ خۆت چی خانئاپۆ، تۆ خۆت ئەڕۆیت بۆ ئەو جەنگەی دڵنیا بی تێیدا ئەکوژرێی؟

خانئاپۆ پاڵی بە کۆڵەکەی ئانیشکیەوە، کلۆیەکی لە ناو پەنجە ئەستوورەکانییدا وردکرد و لە وەڵامدا وتی:

ـ گوڵمحەمەد ئەچێ!

ـ خۆت چی خانئاپۆ؛ تۆیش ئەچیت؟

خانئاپۆ نیوڕوخی بە ئەندێشی جەوانەکەی خستە بەر نیگاری خۆی و وتی:

ـ تۆ چی بەگمحەمەد؛ تۆ ناچی؟

لە بێدەنگی بەگمحەمەددا، خانئاپۆ درێژەی بە قسەکەیدا و وتی:

ـ ئەگەر تەنها بوایەتم، کارەکە ڕوویەکی تری ئەبوو. بەڵام ئێستە تەنها نیم. ئێستە هیچکام لە ئێمە تەنها نین. هەر کام لە ئێمە لە هەمان کاتدا کە خۆیەتی، ئەوانی تریشە. زیندوو و مردووی ئێمە پێکەوەیە، ئێمە هەموومان یەک لەشین. یەک گیانین. بەڵام! من قسەیەکیترم لەگەڵ تۆ هەیە بەگمحەمەد. من داوایەکی ترم لە تۆ هەیە کە ڕەنگە بتوانم بە گوڵمحەمەدیشی بسەلمێنم، بەو مەرجەی هەڵنەچێت!

ـ گوێم لە تۆیە، ئاپۆ گیان!

خانئاپۆ پشتی ڕاستکردەوە پاڵی دا بە دیوارەکەوە، چۆکی هەڵێنا و لە کاتێکا خۆڵی دەستی ئەتەکاند، خێسەی بڕییە تاریکی شەو و وتی:

ـ حەز ئەکەم تۆ بمێنێتەوە، بەگمحەمەد!

ـ بمێنمەوە؟ لە کوێ بمێنمەوە خانئاپۆ؟!

ـ بە زیندوویی بمێنیتەوە، حەز ئەکەم تۆ تیانەچی!

ـ مەبەستت چییە خانئاپۆ؟!
ـ ئەوەی کە وتم، حەزم لێیە تۆ لەم دنیایەدا بمێنیّ!
ـ خانئاپۆ!! تۆ ئەوەندە لە کوڕانمان دڵنیایت؟!
ـ مەپرسە بەگمحەمەد! بەس گویّ لە تکای ئاپۆی خۆت بگرە. بەس دڵت لەلام بیّ. من حەز ئەکەم بەگمحەمەد بە زیندوویی بمێنێتەوە.
ـ خانئاپۆ!
کابرا ڕاڕا ببوو و خۆشی نەی ئەزانی بە کام لادا و بە چ مەبەستێک بڕوات. بەس ئەوەی ئەزانی کە نایەویّ و ناتوانیّ ڕێگە بە نیگای بەگمحەمەد لە چاوەکانی خۆیدا بدات. شپرزە و بیّ مەبەست هەنگاوی نا و وتی:
ـ ئەوەی کە وتم، ئارەزووی دڵی من بوو. ئارەزووی دڵی منە.
ـ خانئاپۆ، خانئاپۆ! ئاخر لە کویّ بمێنمەوە، چۆن بمێنمەوە؟ براکانم، مامم، ئازیزانم بە چاوی کراوەوە بچنە کوشتارگە و تۆ ئەتەویّ من بمێنمەوە؟ من لە کویّ بمێنمەوە؟
خانئاپۆ وەرگەڕا. بەگمحەمەد لە تەنیشت مامیەوە لە خۆی و لە وشەی تاساوی گوتەکەیدا گلۆڵە ببوو. خانئاپۆ کە ئەتوت لەم تەنگژەی سۆز و ڕقەدا وزەیەکی هاتەوە بەر، خاچ لە چاوەکانی گەنجەکەی مۆربوویەوە، دەستی نایە سەر شانی تێکسمراوی بەگمحەمەد، بەڵام لەو دارەتەدا خۆی پیّ ڕانەگیرا، دەستی لیّبەردا، ڕووی وەرگێڕا و وتی:
ـ ئارەزووم ئەوە بوو بتکەم بە زاوا بەگمحەمەد. ئارەزووم ئەوە بوو لە زاوایەتیتدا هەڵپەڕم، ئارەزووم ئەوە بوو منداڵت ببینم! ئارەزووم ئەوەبوو خرتێک پێشکەش بە بووکەکەم بکەم، ئارەزووم بوو! من ئارەزوومەند بووم!
خانئاپۆ نەیتوانی ڕاوەستیّ، بە قەراخ سوانەی بانەکەدا کەوتە ڕیّ و لە بێدەنگیەکدا کە ئەتوت هەناسەی بەگمحەمەدی بڕیوە، وتی:

ـ جەوانی! جەوانی! تۆ! ڕەنگە خۆت نازانی چەندە وەکوو گەنجێتی خۆمی، تۆ! خودی منی! من ئەمەوێ بۆ بمێنی و بژی. من ئەمەوێ دیسانەوەش لە بەرگی تۆدا بژیم. من ئەمەوێ لەگەڵ تۆدا بمێنم و بژیم. ژیان! ئای ژیان! بەگمحەمەد، ژیان ڕێژەنێکی پیرۆزە. ژیان! بە هەموو ستەم و ئازارەکانیەوە ڕێژەنێکی بەبایەخە؛ ڕێژەنێکە کە مرۆڤ تەنها یەکجار دەستی پێی ئەگا و لەم تەنها یەک جارەش دایە کە ئەبێ شیلەی بکێشێ و دایچۆڕێنێ. مرۆڤ ئەبێ لەم تەنها یەک جارەدا شیلە و گەوهەری ژیان وەربگرێ. ڕێژەن، ڕێژەن! تۆ بەگمحەمەد هێشتاش زۆرت هەق بە سەر ئەم ژیانەوە هەیە. منیش مافی ئەوەم هەیە لە کاتێکا سینەم کون بووە بتوانم لە بیری ژیاندا بم؛ من ئەمەوێ کاتێکە سینەم کون کون بووە بتوانم مەیدانی هەڵپەڕکێی زەماوەنەکەی تۆ لە بەرچاومدا ببینم. ئاخر بۆ مردنیش ئومێد پێویستە، بەگمحەمەد! بۆیە ئەمەوێ تۆ بمێنیتەوە! بلا کاتێکە ئەکوژرێم لەم ژیانەدا مابێتم. ئەمەوێ پاشماوەیەکم لێبەجێ مابێ، باشە ئاپۆ گیان! بۆ ئاپۆی خۆت بمێنەوە؛ ئەمێنی؟!

هەرچەند شەو بوو و تاریکە شەو ڕێگەی لە ترووسکانەوەی بیبیلە فرمێسکاوییەکانی چاوانی پیاوان ئەگرت، بەڵام قۆرت و لەرزینی دەنگی پوختەی خانئاپۆ خۆی نوێنەرەوەی ئاشکرای ڕاستگۆیی و سۆزی پیاوەکە بوو بەرامبەر بە بەگمحەمەدی شۆڕەلاو. لە سووچی سوانەی بانەکەدا خانئاپۆ وەرگەڕابوو و بەرامبەر بەگمحەمەد وەستابوو و بە هیوای بەرسڤێکی ڕەزامەندانە چاوی تێبڕیبوو. بەگمحەمەد لە بێدەنگیەکدا کە لە دوای گوتەکەی خانئاپۆ، ئەو ناوەی داگرتبوو، سەری داخستبوو. تاوێک بەو جۆرە ڕابرد و پاشان بەگمحەمەد سەری هەڵێنا و لە کاتێکا توانای شاردنەوەی لەرزین و لەرینەوەی دەنگی خۆی نەبوو، وتی:

ـ خۆزگە دوو گیانم هەبوایە، خانئاپۆ!

بەگمحەمەد نەیتوانی درێژە بە قسەکەی بدات. جارێکیتر هەوڵیدا هەناسەی بێتەوە بەر و وتی:

ــ بۆ ئەوەی گیانێکم بۆ تۆ ڕابگرم و گیانێکم بۆ کاکم بکەم بە قوربانی!

خانئاپۆ هەردوو دەستی بەرزکردەوە و بەری پانی دەستەکانی کوتا بە بە سەر شانی بەگمحەمەددا و پاشان چنگی لە شانەکانی برازاکەی وەردا، بە ڕق و شەوقەوە ڕایوەشاند و وتی:

ــ تۆ بمێنەوە بەگی ئاپۆ، تۆ بمێنە!

بەگمحەمەد خۆی لە بەر ئەو شەکانەی پەنجەکانی خانئاپۆ لە لەشیدا بەدی هێنابوو، ڕاگرت. پاشان هێور بوویەوە و چاوی لە چاوەکانی مامیدا، وتی:

ــ چۆن بمێنمەوە خانئاپۆ؟ چۆن بمێنمەوە و گەنجێتی بکەم؟ چۆن بتوانم بژیم کاتێکە ئێوە! چۆن بە بێ ئێوە بژیم؟... نا، خانئاپۆ، نا! من لەگەڵتان دێم، من لەگەڵتانم ئەگەر هەم. من لەگەڵ ئێوە گەنجم ئەگەر گەنجم. بە بێ ئێوە! نا، خانئاپۆ! بێ براکەم! نا، خانئاپۆ. من بە دوای براکەمدا دێم، من بە دوای براکەمدا تا دۆزەخیش دێم!

ــ ئەوەش خۆی!

گوڵمحەمەد هاتە سەربان:

ــ ئێوە نا تانەوێ شێو بکەن؟

خانئاپۆ و بەگمحەمەد خامۆش بوون. گوڵمحەمەد هاتە بەرەوە و لە نزیکیان ڕاوەستا.

ــ ئا؟!

خانئاپۆ ئەماژەی بە بابۆڵەی نان و گۆشتەکەی دەستی بەگمحەمەد کرد و وتی:

ــ بابۆڵەیەکم بۆ براکەت هێناوە.

گوڵمحەمەد لە سەر سووچی دیواری سوانەکە دانیشت. ئەو نانەی خۆی هێنابووی کردی بە سێ کوتەوە و وتی:

ـ نەبوو. ویستم ئەمشەو زەماوەنێک بۆ کازم وەڕێ بخەم، بەڵام نەبوو! بە خۆمم وت خۆ دەرفەتی ژیان بە ئێمە نادەن، لانیکەم ئەم تۆزە کاتە با جۆش و خرۆشی خۆی هەبێ، بەڵام نەکرا! وەرە خانئاپۆ، پاروویەک بخۆ. تۆیش بەگمحەمەد، بۆ دانانیشی؟

دانیشتن. سێ پیاو لە سووچی بانەکەدا دانیشتبوون. گوڵمحەمەد لە نێوان و ئەو دوانەش بەرامبەر یەکدی. نان و گۆشت لەتوکوت کرابوو و دەمیان ئەجووڵا. گوڵمحەمەد نەی ئەتوانی برا و مامی بە بێدەنگ ببینێ. بۆیە ئانیشکەکانی دا لە شانی مامی و براکەی و بە شۆخ و خۆشزمان وتی:

ـ ئا! لە چ ئەندێشەیەک دان؟!

خانئاپۆ پاروەکەی قووتدا، نیگای بە سەر بانە خامۆشەکانی قەڵامەیداندا سووڕاند و پاشان وتی:

ـ شوێنی جەنگ لە کوێ ئەبێ؟

گوڵمحەمەد دەسبەجێ وەڵامی دایەوە:

ـ نامانەوێ لە ناو گوندەکاندا شەڕ ساز ببێ، نا!

ـ ئەگەر لە گوندێک دەوریان گرتین چی؟ بۆ وێنە هەر ئێستە؟

ـ راکێشیان ئەکەین بۆ بیابان. بە هەر جۆرێک بووە خۆمان لە ئاوایی دوور ئەخەینەوە.

خانئاپۆ وتی:

ـ کێو باشتر نییە، کێو؟

ـ باشترە، کێو زۆر باشترە!

دەنگی هێوری ئەسپێک لە کۆڵان، وتووێژەکەی بڕی. بەگمحەمەد بە قەراخ دیواری سوانەکەدا خزا و دوورکەوتەوە. ساتێک گوێی ڕادێرا و پاشان بە دزیەوە ملی کێشا. گوڵمحەمەد لە سەر دیوارەکە خزایە خوارەوە، پانایی سەری نا بە سووچی دیوارەکەوە، دەستەکانی لە سەر سینەی هێنایەوە یەک گوێی لە دەنگەکە چاوی بڕییە ئاسمان. دەنگی پێی ئەسپێکی خاو و

ئارام و ماندوو ئەبیسرا، تا ئەو ڕادەیەی کە مەترسی لێنەکرێ.
خانئاپۆ ڕووی کردە بەگمحەمەد کە هەروا خۆی لکاندبوو بە دیواری سوانەکەوە و وتی:

ــ حەز ئەکەم ئەو بمێنێ، حەز ئەکەم بەگمحەمەد لە ناوماندا بە زیندوێتی بمێنێ.

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی چاوی لە ئاسمان بگوێزێتەوە، وتی:

ــ ئارەزووی من بە زمانتدا دێ خانئاپۆ، ئارەزووی من! خۆزگە بمانتوانیبا بیکەین بە زاوا. خۆزگە!

دەنگی بەگمحەمەد، وتووێژەکەی خانئاپۆ و گوڵمحەمەدی بڕی:

ــ کێی و لە کوێوە دێی؟

دەنگێکی ماندوو لە قووڵایی شەوی کۆڵانەوە وتی:

ــ منم، نادعەلیچارگۆیشلیم و لە بیابانەوە دێم.

ــ ئا! ئەتناسم نادعەلی، ماندوو نەبی! بە تەنهای، بەس خۆتی؟

ــ نەء، ئەسپیشم پێیە، هەردووکمان شەکەتین!

گوڵمحەمەد لە قەراخ سوانەکەوە وەرگەڕابوو بەرەو کۆڵان و سەیری نادعەلی ئەکرد. لە قوڵایی نووتەکی کۆڵانەکەدا، نادعەلی چارگۆیشلی شاراوە لە جبە ڕەشەکەیدا، خامۆش بە سەر ئەسپە سپیەکەیەوە بوو و نیگای بەرەو بان و لە بەگمحەمەد بوو. بەگمحەمەد لێی پرسیەوە:

ــ چۆن بوو ڕێت کەوتە ئەم ناوە، نادعەلی؟

نادعەلی، کە ئەتوت بارێکی قورقوشمی لە گوتەکەیدا گەیاندۆتە مەزڵ، وڕ و ماندوو وتی:

ــ مارەکان! مارەکان! مارەکان کەوتوونەتە ڕێ. مارەکان ژیاونەتەوە و کەوتوونەتە ڕێ بەرەو بنەماڵەی ئێوە. مارەکان ڕەنگە هەر ئێستەش بەڕێوە بن، لەم نزیکانەدا. من دەنگیان ئەبیسم،

مارەکان! مارەکان! هەواڵی من و کاری من بە گوڵمحەمەد هەر ئەمەیە!

گوڵمحەمەد ڕوانیە خانئاپۆ. خانئاپۆ هەڵسا و گوڵمحەمەدیش. بەگمحەمەد بینی کە مامی و کاکی بەرەو پلیکانەکان ڕۆیشتن، ئەوسا بە نادعەلی وت:

ـ باژووە وەرە ژوورەوە کوڕی حاجیحسێن، خۆ ڕێگەکە ئەزانی؟ باژووە وەرە ژوورەوە!

**بەندی دووەم**

«نەء! نا! بەو سوێرییە نەبوو و بەم بێخوێیییەش نییە!»

ـ «خەریکی وڕێنە ئەکەی، پیاو!»

ـ «پیاڵەیەک چام بۆ سازکە.»

ـ «چی بووە، چیت لێ بە سەر هاتووە؟ پەرێشان دیاری!»

ـ «خەریکن ئەیدەن بە زەویدا!»

ـ «خەریکن کێ ئەدەن بە زەویدا؟»

ـ «گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد خانی سەردار!»

ـ «کێن ئەوانەی ئەیانەوێ بیدەن بە زەویدا؟»

ـ «هەمان ئەوانەی لە زەوی هەڵیانکێشایە سەر.»

ـ «ئێستە ئێمە چ کارمان بە کاری گوڵمحەمەدی سەردار هەیە؟»

ـ «خۆزگە هەر لە سەرەتاکەیەوە کارمان بە کاری گوڵمحەمەدی سەردارەوە نەبوایە!»

ـ «چی؟!»

ـ «چا بێنە، نەء؛ نا! بەو سوێرییە نەبوو و بەم بێخوێیییەش نییە!»

ـ «هەموو شتێک لەو ڕۆژەوە سەراوبن بووە. لەو ڕۆژەوە کە شەقاوەکان لە هەموو لایەکەوە ڕژانە ناو شار و کوێیان

پێخۆش بوو ئاگریان تێبەردا. هەر لەو ڕۆژەشەوە تەخت و قامچی لە گوندەکاندا پەیدا بوونەوە. گۆپاڵی شەڕە گەڕەکێ لە پەنای کەنووەکان دەرکێشران و ڕۆژ نوێ بوویەوە و ڕۆژی نوێ! پاش ئەو ڕۆژە بوو کە جەماوەری جووتیار، هەندێکیان ئەگەر باسێکیان کردبێ، یان تەنانەت داوایەکیان کردبێ و ڕەنگیشە بەشی خۆیان یەکجێ لە سەر خەرمانەوە بردبێتەوە بۆ ماڵیان، بە سەر و ماڵەوە تیاچوون. ئەوەندەی من لە شار بووم کەمم نەبینی دەس و پێی شکاو بە سەر کەر و هێسرەوە ئەهێنران بۆ خەستەخانە. خۆم بینیم سەر و دەست شکاوەکانیان ڕیزاوریز خەواندبوو لە ناو دالانەکەدا و لێفە یان پەلاسێکیان تێوە پێچابوون. فەرمانیان داوە هەندێ کەس ئەبێ لە گوندەکەیان باربکەن، هەندێکیان خۆیان هەڵاتوون و هەندێکیش کەوتوونەتە بن زەبری داربلاڵووک و بێڵ و پێمەڕە. شەڕی دوو بەرەکی سالانی پێشوو دووبارە نوێ بۆتەوە و هەموان بەربوونەتە گیانی یەکدی. وا بزانم کوشتوبڕیش کەم نەبووە لەم ماوەیەدا. لە سەفەری ئەوجارمەوە تا ئەم سەفەرەی کە لە شار ئەگەڕێمەوە، بارو دۆخی شار و خەڵکی شار لە زەوی تا ئاسمان گۆڕاوە. جێی باوەڕ نییە، سەرسووڕهێنەرە!»

ـ «ئەی ئەمجارە چیت هێناوە لە شارەوە؟»

ـ «شار چی لێیە و چی لێنییە کاکی برا؟ من هەر ئەو شتانەم هێناوە کە پارەکەم بەشی ئەکرد و پێویستم بووە. قەند و چا و شەمچە و نەوت و دەرزی و سنجاقم کڕیوە و ئەیبەم. ئەیبەم بۆ گوندەکانی سەرەوە لەو لاشەوە خوری و پێستە و مریشک و دەنکە شووتی و ئەم شتانە ئەکڕم و ئەیهێنمەوە بەرەو شار.»

ـ «وتت ئەو ڕۆژە پاش قڵیشانەوەکە لە شاربووی؟»

ـ «بووم و سەد بریا نەبوایەتم. چونکە ئەگەر نەبوایەتم، نەم ئەبینی. بێزاری، بێزاریم سەد ئەوەندە زیادی کرد. گورگی بیابانێکیان وتووە، ئەگینا من مرۆڤی وام بینی کە زۆر لە گورگ

خراپتر خڵکیان هەڵئەدڕی. ڕاستیەکەی، ئەم ئەم ئادەمیزادە چەندە بێ چاو و ڕووە! وەکوو گورگ خەڵکی لەت و کوت ئەکات و شەویش ئارام و ئاسوودە سەر ئەکاتە سەر سەرین و لێی ئەخەوێ. مرۆڤ هەڵئەدڕێ و ڕۆژی دواتر قیت و قۆز بە شەقاماندا ئەسووڕێتەوە. ئەمە چ جۆرە گورگێکە کە تا ڕۆژی بەر لە تاڵانەکە، تەنانەت کاژێرێک بەر لە تاڵانەکە لە مەڕیش مەڕتر بوو! بەڵام هەر ئەوەندەی کەوتە تەک حەشاماتێک کە ئەندێشەی تێکدانیان هەیە، بە بێ ئەوەی بە خۆی زانیبێ نەک هەر ئەبێ بە یەکێک لەوان، بگرە لەوانیش خراپتری لێ دەرئەچێ. مرۆڤ سەرەتا بڕوا ناکات، بەڵام ئەوەندەی چاوی ئەکاتەوە، بۆی دەرئەکەوێ ڕاستە. ئەبینی هەموو ئەو شتانە ڕاست بووە. چی بینیوە ڕاستە، ڕاستەقینەیە. من خۆم سەرم سووڕماوە لە کاری ئەم ئادەمیزادە! ئەو ڕۆژە من ئیتر نەمتوانی سەیربکەم و چاوی خۆم بەست. بەڵام کاتێکە بە ترس و لەرزەوە چاوم هەڵێنا بینیم کە دەست و پلی حەماشاتەکە خوێنی لێ ئەتکێ. ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا. گەڕامەوە بۆ کاروانسەرا و وەکوو نەخۆش تا ڕۆژی دواتر لە سووچێکا کڕ بووم.»

ـ «بیستم ژنێک خۆی زیندە بە چاڵ کردووە هەمان ئەو ڕۆژە!»

ـ «ئاتەش، ئاتەشی قوڕ بە سەر! لەو ئاژاوە و پشێویەدا کچەکەی ئاگر ون بووە. کچی جەوان سەرەونگوم کرابوو. بڵێ ئۆفێک و تەواو. وامەزانە کچێکی وا لە بنەڕەتەوە هەر هەشبووبێ. ڕەعنا سەرەونگووم ئەبێ. جا کێ هەیە لەو فەرتەنەیەدا گوێ لە هاوار و شەپۆڕی ئاتەش ڕابگرێ؟ ئاژاوەکە هێشتاش دانەمرکاوەتەوە کە جەندەرمە ئەکەونە ڕێ لە شەقامەکاندا و دەنگی شەیپوور و سەنج و کەرەنایان هەموو شار دائەگرێ. هەمان ئەو لات و لووتانەی تا ئەو کاتە شاریان گرتیبەرداوە، خوێنی دەمی چەقۆکانیان ئەسڕنەوە و خڕئەبنەوە لە بەر دەروازە

نەیشاپوور و ئەچن بە پێشوازی سەرهەنگ بەکتاشەوە و هەموو شت لە بیر ئەچێتەوە. بەڵام بەیانیەکەی قاو بڵاو ئەبێتەوە کە ژێنک خۆی زیندە بەچاڵ کردووە. بێکارەکان هێرش ئەبەن بۆ پشت دیوار و ناو خەندەکەکان. لەوێ ئاتەش ئەبینن تا بن گەرووی کراوە بە ژێر خاکەوە و دەمی داچەقاوە. گوایە مردبووبێت؛ یان خۆی مراندبێ! هەڵبەت خوا باشتر ئەزانێ. چونکوم! چونکوم ئەو کارە دژوارە، دژوارە. هەرچی چۆن بێ خوا ئاگای لێیە ڕووداوەکە چۆن ڕووی داوە. من چی بڵێم؟! جا من ئەوا ئەڕۆم بەرەو برایماوا. ئالێرەوە ڕێگەمان ئەبێ بە دوو.»

ــ «بە خێر چیت، ڕێگەکەت کورت کردەوە، بەخێر چیت!»

ــ «نەء؛ نا! بەو سوێرییە نەبوو و ئاواش بێ خوێ نییە! لە کۆنەوە وتوویانە: «ئەوەی کە ئەوەشێنێ ئەزانێ کە ئەشخوات!» بۆیە دڵنیام گوڵمحەمەدی سەردار بێ ئاگا نییە لەوەی ڕوو ئەدات. خۆی باشتر لە من و تۆ کە سەرمان بە کلکی کەر و گاکەمانەوەیە باشتر ئەزانی دوژمنەکانی چ پلانێکیان بۆ داناوە.»

ــ «ئەڵێن لە زەماوەنەکەی قەڵاچیمەن، لەگەڵ ئەمانەی کە خەریکن کەوڵی ئەکەن هاو کاسە بووە!»

ــ «دنیات چۆن بینیوە؟ سینەی ئێمە و باپیرانمان پڕبووە و پڕە لەم جۆرە داستانانە، چیرۆکی دوو ڕوویەکان. دوژمن خۆ هەمیشە لە ڕووبەڕووەوە بۆت نایەت!»

ــ «ماری خۆش خەت و خاڵ! ئەڵێن داویانە بە سەر ڕانەکەی کەلمیشیشدا و بڕێکی باش مەڕیان بردووە!»

ــ «ئەگەر بڕوا بەم شتانە نەکەین، وادیارە لەم دنیایەدا ناژین!»

ــ «ئەی تفەنگدارەکانی ئیتر بۆ بەرهەڵدا کردووە؟»

ــ «سەری ئەو سەری بگرە؛ بەری هەڵنەداون. تفەنگدارەکان بە شەو هەڵاتوون. مەگەر تفەنگدار ئادەمیزاد نین؟! هەن ئیتر!

کاتێکە زانیویانە حکوومەت ئەتوانێ زاڵ ببێ، بە شەو تێیان تەقاندووە. ئەوە نییە خودی گوڵمحەمەدیش بۆی دەرچووە؟!»

ـ «ژیان چۆن ئەبینێ؟»
ـ «مەرگ، مەرگ، مەرگ!»
ـ «چەندە بە گلەیی و بناشتی تۆش پیاو!»
ـ «ئاخ لەو دڵە بێ ئۆقرەیەی من!»

ـ «دەستی چەپی، ئەڵێن دەستی چەپی سەبراوی شوانیان سەقەت بووە!»

ـ «چەن جۆر ئەیگێڕنەوە. لە لایەک ئەڵێن ئامبازی دزەکان بووە، لە لایەکیش ئەڵێن بەرەنگاری پڵینگ بۆتەوە.»

ـ «ئەو بنارە پێشتریش پڵینگی لێ بینراوە.»

ـ «ئەیگێڕنەوە کاتێکە پڵێنگ دەرئەکەوێ سەگەکان پەلاماری ئەدەن و پڵینگەش هەر سەگێک بە شەپلاخەیەک ئەخەوێنێ. پاش ئەوەی کە پڵینگەکە بە سەر کەلاکەکاندا تێئەپەڕێ و شاڵاو بۆ ڕان و شوان ئەبات. سەبرخانیش هیچ چارەیەکی نامێنێ جگە لەوەی کە لبادی فەرەنجیەکەی لە دەور دەستی چەپی بئاڵێنێ و بیکات بە دەمی پڵینگەکەدا. ئاخر ددانی پڵینگ لە لبادا گیر ئەکات و ئیتر هیچی پێناکرێ. هەڵبەت شوانەکە ئەدا بە زەویدا، بەڵام ددانەکانی لە کار کەوتوون، چونکە لە لبادەکەدا گیری کردووە و پلینگەکە ئەتوانێ بەس گوشار بۆ ددانی بهێنێ و ئەوەندە بەردەوام ئەبێ تا ئەخنکێ. لەملاشەوە سەبرخان دەستی ڕاستی بێکار نییە، بە خەنجەرەکەی سی چل برین ئەکاتە سینە و گەردنی پیلنگەکە، تاکوو ئەوەی پڵینگەکە هەناسەی ئەتاسێ و ئەو خوێنەی لە برینەکانیەوە ڕژاوە ئەیبوورێنێتەوە. لە ڕاستیدا شوانەکەی تریش بێکار نەبووە و لە هەمان کاتدا کە سەبرخان ئامبازی پیلنگەکە بووە، ئەویش بە داردەستی شوانیەکەی

ئەکێشێ بە مەلاشووی پلینگەکەدا. هەرچی چۆن بێ پاش ئەوەی پیلنگەکە ئەخنکێ، دەستی سەبرخان بە لبادەکەوە لە دەمی پلینگەکەوە ئەهێننە دەرەوە و ئەبینن کە کەلپەی سەر و خوار، باسکی دەستی سەبرخانی وەکوو مەتە سمیوە.»

ــ «بە ڕاستی ئافەرینیان ئەوێ ئەگەر ئەو کارەیان کردبێ!»

ــ «چەندین قسەی جۆراوجۆر هەیە، یەک و دوان نییە خۆ.»

ــ پاشان هەموو شت ئاشکرا ئەبێ، پاشان هەموو شت ئەکەوێتە سەر ئاو.»

ــ «هەر چۆن و بە هەر هۆیەک خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ کە پیاوێک لە زەوی بدرێ.»

ــ «خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ کە پالەوانێک لە زەوی بدرێ، چونکە ئیتر هیچ کەس نایناسێ. نزیکترین کەسەکانیشی ئیتر خۆیانی لێ گێل ئەکەن!»

ــ «تالاویی ئەرباب چی؟ ئەیانوت ئەو نێوانی لەگەل گولمحەمەد زۆر خۆش بووە. ئەیانوت کەولپۆسە کابولیەکەی خۆی بە دیاری بۆ ناردووە.»

ــ «ئـ ـ ـەی کاکە! تالاویی خۆ لە خودی ئالاجـاقی نێوانی لەگەل گولمحەمەد خۆشتر نەبووە! جا ئەگەر زۆری لە خۆی نەویبێ، خۆی شاردۆتەوە. بەلام تەنانەت ئەویش بە جووتیارەکانی وتووە لەم قڕەیەدا ـئەگەر هات و تێوەگلان ـ لایەنی حکوومەت و جیهەنخانی سەردار بگرن. هەم لە پیاو و هەم لە ئازووقە!»

ــ «دیسانیش ڕەحمەت لە باوکی کە وەکوو ئالاجاقی بەرەنگاری نەبۆتەوە!»

ــ «خەریکن، مرۆڤ لە مەیدان کۆ ئەکەنەوە!»

ــ «خراپ نییە، بەلام حەیفێکی کە من مرۆڤ نیم!»

ــ «پیاو، پیاو خڕئەکەنەوە!»

ـ «من پیاویش نیم، ئیتر چی؟»

ـ «باسی جەنگ و ململانێیە، جەنگ دژی یاخیەکانی دژ بە میری. ئەڵێن بڕیاری شا خۆیەتی کە هەر کەس ئەتوانێ بە هەرشێوەیەک یارمەتی کارگوزارانی میری بدات، بە گیان یان بە ماڵ!»

ـ چاکە ئیتر، ئەم کارەیان نمرە یەکە. بەڵام ڕێکەوت وایە کە من پیاوی جەنگ نیم! خۆشت باش ئەزانی خوشکە گیان من نە گیانم هەیە و نە ماڵ. جا ئەگەر حەزت لە پیاڵەیەک چایە، بڕۆ چوار دەنک مێوژ لە ماڵەکەت هەڵگرە و بیهێنە!»

ـ «من چیت پێئەڵێم و تۆ چیم وەڵام ئەدەیتەوە! زۆرداری، زۆردارییە! لانیکەم خۆت ونکە. وەکوو بێگاری وایە، بە زۆر ئەتبەن!»

ـ «ئەویش سەخت نییە. ئەگەریش بردیانم لە ناو ڕێ بۆی دەرئەچم!»

ـ «باشە ئەو سەرەی کە نەیەشێ بۆ ئەبێ دەسرِی لێببەستی پووریێ گیان؟»

ـ «من خۆ دەسرِ لە سەری خۆم نابەستم. یەکێکی دی خەریکە سەرم ئەشکێنێ و خۆیشی دەسرِی تێوە ئەپێچێ. من ئەوەتا لە سووچی ماڵی خۆم دانیشتووم!»

ـ «ئاخر پاش ملەی تۆ و کوڕەکانی من قاویان داخستووە. ئەڵێن ئێوە بە شەو ڕۆیشتوون لەگەڵ گوڵمحەمەدەکان بکەون، بەڵام ئەو دەستی ناوە لە ڕووتانەوە. دەمەوبەیان ئێوەیان دیوە گەڕاونەتەوە بۆ ئاوایی. بۆیەشە ئەڵێم بە قازانجتانە خۆتان بشارنەوە.»

ـ «زۆر جوامێری ئەوێ. ئەگەر ئێمە ڕۆیشتبێتین بۆ یارمەتی و گوڵمحەمەدیش لەو دۆخە نالەبارەدا دەستی نابێ لە ڕوومانەوە، ئەبێ بڵێم بە ڕاستی وانەی عەیاری چاک فێربووە. چونکە بەو جۆرەی دەرئەکەوێ لەشکر کەوتوونەتە ڕێ بۆ ئەوەی

پیاوێکی بە تەنێ بکوژن. ئێمە سەرەتا لێی دڵگیر بووین، بەڵام ئێستە بۆمان دەرئەکەوێ ئەوەی ئێمە لە ئاوێنەدا ئەمانبینی، ئەو لە خشتیکاڵدا بینیوێتی!»

ــ «جا پێم بڵێ کوڕەکەت لە کوێیە، پووریێ؟»

ــ «نان و قاورمە و چوارپێ! ئێستە کە ئەڵێی پیاوت لە ماڵدا نییە. خۆ نانت هەیە!»

ــ «نان و قاورمە و چوارپێ، خۆ نامانەوێ تاڵانت بکەین!»

ــ «ئۆف! ئۆف!»

ــ «بە فەرمانی جیهەنخانی سەردار، بە فەرمانی جیهەنخانی سەردار!»

ــ «بە فەرمانی شا، بە فەرمانی شا؛ نان و قاورمە و چوارپێ!»

ــ «ئۆف، ئۆف، ئۆف!»

ــ «جا سوودی چییە؟»

ــ «چی سوودی چییە؟»

ــ «ئەمە خۆ ئیتر جەنگ نییە. گوڵمحەمەد لە ڕاستیدا خۆی خۆی کوشتووە و بە میری وتووە بچن و تەرمەکەی لە سەر خاک هەڵگرنەوە. ئەمە خۆ ئیتر ناوی جەنگ نییە!»

ــ «ئەی تۆ ئەڵێی جیهەنخان و سەرهەنگ بەکتاش ئەڕۆن بۆ ئەوەی تەرمەکان تیر باران بکەن؟!»

ــ «تۆ جگە لەمە شتێکیتر ئەبینی؟»

ــ «من نازانم، من هیچی لێ نازانم!»

ــ تۆ ئەڵێی خۆی نادا بە دەستەوە؟ خۆی ئەدا بە دەستەوە؟»

ــ «من هیچ نازانم!»

ــ «بۆ نەیویست جەنگ بکات گوڵمحەمەد، بۆ شەڕی نەکرد؟!»

ـ «بڕوانە ڕێگەی کێوە بەران! فەوج فەوج سوارە و ڕان ڕان پیادە!»

ـ «سەیری سەربانەکان بکە، ورد و درشت کردوویانەتە سەربان!»

ـ «پیاوەکانی من، چوارپێ و ئازووقەیان ئەوێ!»

ـ «ئەوەی لێرە دەست ئەکەوت بردیان قوربان. بەر لە ئێوە پیاوەکانی جیهەنخان بێرەدا تێپەڕین!»

ـ «پیاو، پیاوی جەوان چی؟»

ـ «جەوانی لێ نەماوە قوربان، بەشەو هەڵاتوون!»

ـ «نزیکترین ئاوایی کوێیە؟»

ـ «بۆ ڕێگەکەت پیشان دان پیاوی ناحەسێبی؟»

ـ «بۆ پیشانیان نەدەم؟ ئەگەر من پیشانم نەدایەتن، خۆیان قەڵاتی بەو گەورەییەیان نەئەبینی؟ ئەویش بەو دووربینانەیانەوە؟ پێت وایە کەس ئێرەی پیشان نەداون؟!»

ـ «ئێرە لە سەر ڕێیە!»

ـ «دەیجا بە من چی؟ قەبری باوکی کڕیار و فرۆشیار، خۆ من کوێخایەک زیاتر نیم!»

ـ «تۆ! ناوت؟»

ـ «ڕەمەزان، لە دەوری سەرت گەڕێم.»

ـ «وەرە بە دوای مندا، خۆ ڕێگەکە ئەزانی؟»

ـ «هەڤاڵەکەشم ئەزانێ قوربان. هەڤاڵەکەم ئەوسەرە باشتر شارەزایە. لەو ناوە داری بڕیوە، دەمێ ساڵە. لەگەڵ خۆمی بهێنم؟ خەرجیشی لە پای خۆی!»

ـ «هەردووکتان!»

ــ «ئەی بۆ هەماری ئاغەت پێپیشان نەدان؟»

ــ «لە ترسان! تۆ بوایەتی پیشانت ئەدا؟! من ئەمەوێ لەمەو پاشیش لەم وڵاتە بژیم! جگە لەوەش، خۆ ئەوان کاریان بە هەماری ئاغە نییە.»

ــ «ئێستە کە وایە منیش ناهێڵم تۆ بە بێوەی دەربچی! قوربان! قوربان! جەنابی یاوەر، ئەمە عەبەیە و سەربازیشی تەواو کردووە، لە تیپی سوارە بووە! لەقەزیش خۆی داوە لە شەلی!»

ــ «زووبە کوڕە، بکەوە ڕێ!»

ــ «بە سەرتەوە نەچێ تا دێمەوە کوڕەکەی زبە!»

ــ «بێیتەوە! خێری باوکت؟ هەڵۆش ناتوانێ لە بەر گوللەی بڕنەوەکەی گوڵمحەمەد خۆی دەرباز بکات!»

ــ «دەستە!! ڕەو!»

بزووتنێک لە لەشی سستی دێمەکاراندا، جووڵەیەک لە لەشی خاک و دێمەزاران دا. جووڵەیەک لە هەموو وڵاتدا. خەو و پشووی گوند و ئاوایی شەڵەژاوە، چاوانی جەماوەر لە نیگای ترس و تاسان ئاخنراوە. نە نهێنی و نە شاراوە، بەڵکوو مەرگان ڕووت و ئاشکرا داویانە بە گوێی یەکدیدا و دەنگۆیان بڵاو کردۆتەوە کە دواڕۆژەکانی ژیانی گوڵمحەمەدی کەلمیشی گەیشتۆتە کۆتایی. تەنانەت نەک تەنها حەزیان لە ئاشکراکردنی ویستی کوشتنی سەردار بێ، بەڵکوو مەبەستیان چەند ئەوەندە گەورە کردنەوەی ویستەکەیە، بە هەر هۆ و بیانوویەکەوە. بە ئەنقەست و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەلەرزێ، گومان و ئەندێشەی جەماوەر ئەشێوێنن. گومانی پڕ لە خۆفی جەماوەر، سرتەی گوماناوی و حەزی شت گەورەکردنەوەی خەڵکەکە خۆی بەو چەکە ئەژمێردرا کە خەڵکی خۆیانی پێ چەک بکەن و دەسەڵاتی خۆیان دابماڵن. لە لایەکی تریشەوە دەنگۆی ئارەزوومەندانەی خەڵکی کە لە پەرەسەندنی پەڕە گریدا ئاوازی باڵ ئەگرێ، توانای

ئەوە پەیدا ئەکات کە خەنیمەکە -ئەگەر لە پۆلاش بێ- لانیکەم لە خۆی بخاتە گومانەوە. دڕدۆنگیەکی نامۆ کە بەرەو بێبڕوایی و ورە ڕووخان پاڵی پێوە ئەنا. کە وا بوو ئەم پەندە لە مێژینە دێتەوە ئارا کە بۆ زاڵبوون بە سەر خەڵکدا، سەرەتا ئەبێ بە سەر بیر و گومانی خەڵکەکەدا زاڵ ببی. سەرەتا ئەبێ بیر و ئەندێشەی کۆمەلانی جەماوەر بخەیتە بن دەسەلاتی خۆتەوە و پاشانیش لەو دەسەلاتە لە دژی خۆیان کەڵک وەرگری.

کە وا بوو شەپۆلی دەنگۆی دڕدۆنگ و گوماناوی، گوتەی تێکەڵ بە شکستی جەماوەر، گفت و گوتەی بێژەر، ئەو هێزە لە بڕوا بەدەرە بوو کە دژی گوڵمحەمەدی سەردار تەیار کرابوو. دوژمن خەریک بوو گەورەترین بەشی شەڕەکە بە قازانجی دوژمن ببا بە ڕێوە. بۆیە بۆ شەڵەژاندنی جەماوەر و پەرەپێدانی گومانی شکست لە مێشکیاندا، سەرەتا ئەبوا خەڵکەکە ببەزێنن و پاش بەزاندنی بیرو ورەیان، ئەوسا بازووی ئەوان بەکاربهێنن. چونکە شارەزایی لە زانیاری جەماوەر لەم چەمکەدا، یەکەم وانە بوو کە بە سەر جەماوەردا، لە جەماوەرەوە فێری ببوون. ئەم دیاردەیە دیرۆکێکی زۆر کۆنی هەبوو و خۆی بەر و باری لە گوتنی تاقە کەسەوە وەرگرتبوو. بۆیە فێر ببوون کە دەسمایەی زاڵبوون بە سەر جەماوەردا خودی جەماوەرە و سنووری زاڵبوون بە سەریاندا بەستراوە بەوەوە کە تا چ ڕادەیەک ئەتوانن بە سەر مێشکیاندا زاڵ ببن. هەروەها زانرابوو کە شتێک و بابەتێک ئەتوانێ بە سەر مێشک و بیری جەماوەردا زاڵ ببێ کە لە هەر فۆڕم و بیچمێکیدا بتوانێ تاودەرەوەی ڕەهەندێکی دەسەلات بێ.

دەسەلات. مەگەر وانەبوو کە گوڵمحەمەدی سەردار وەکوو دەسەلاتێک لە مێشک و بیری خەڵکدا سەقامگیر ببوو؟ بەڵێ و جگە لەمە نەبوو. جا کاتێک ئەو ناوە و ئەو چەمکە لە مێشکی جەماوەر ئەسڕێتەوە کە دەسەلاتێکی بەتواناتر لە جێگەی دابنرێ. بەلام داگیرکردن و گرتنی ئەو قەلایە جگە بە دەسەلات و فێڵ

و فریو ناگونجێ. بۆیە ئەبوایە سەرەتا کەوشەنی بیر و بۆچوونی جەماوەر داگیر بکەن، جا بە هەر کەرەسە و چەکێک بێ. لە بڵاوکردنەوەی شەپۆلی بەرفرەوانی درۆ و دەنگۆوە بگرە تا زەبری قامچی و دژوێن، ڕێسای پڕ لە نەنگی دوژمنایەتی. کاری مەزن لە ئەستۆی خودی جەماوەرە، لە سەر بڕوا و بۆچوونی خەڵکەکەیە. شانۆ؛ مەیدانی شانۆ و وازیگەڕانیش خودی جەماوەرن بۆ ئەوەی بڕوای خۆیان بە هێزێک لە بابەتی خۆیان لە خۆیاندا سەرەونگوم بکەن و لەوە پاشیش لەغاوی خۆیان بە دەستە نوێکانی خۆیان بەرەو ئەو لایە ببەن کە بۆیان پەرداخت و ئامادەکراوە. لەم کارەشدا بڵاوکردنەوەی ترسناکترین درۆ بە ڕەوا دانراوە. درۆکردن لە بە سووک و بچووک دانانی دوژمن، لە بەدناوکردن و، لە کۆتاییدا لە ڕەتکردنەوە و بە هیچ دانانی دوژمندا. بۆیە لە زمانی خەڵکەوە و لە سەر زمانی خەڵک قاو بڵاو بۆتەوە:

ـ «خودی شای وڵات فەرمانی کوشتنەکەی نووسیوە، ئەمە خۆی کەم نییە!»

ـ «لەشکر لەشکر بەرەو بەرانە کێو کەوتوونەتە ڕێ، ئەمە خۆی کەم نییە!»

ـ «هەموو چەکدارەکانی لێی بوونەتەوە و بە تاقی تەنها جێیان هێشتوە!»

ـ «خۆشی لە سەر هەڵاتنە، چەن خۆشئارەزووی تۆش، مەگەر گاڵتەیە؟»

ـ «لە سەرەتاشەوە هەر خۆیان ناوبانگی گوڵمحەمەدیان بەرزکردەوە کاکە گیان، قازانجیان لەوەدا بوو. من و تۆ کەی سەرمان لە سیاسەتی ئەم دنیایە دەرئەچێ؟ کێ چووزانێ دەستی ڕووس و ئینگلیزیش لە ئارادا نەبێ؟ مەگەر سەردەمی جەنگی جیهانیت لە بیر چۆتەوە؟»

ـ «سەد کەڕەتی خۆم ئاگام لێیە کە گوڵمحەمەد لە باخی ئالاجاقی میوان بووە!»

ـ «مەگەر ئەوە گوڵمحەمەد نەبوو کە لەگەڵ سەرۆکی جەندەرمە دۆستی گیانی گیانی بوو؟ هەمان جەنابی فەربەخش کە کاتی خۆی تێیتەقاند!»

ـ «هەمووی شانۆگەرییە گیانەکەم، دەست بە کڵاوەکەتەوە بگرە با با نەیبا!»

ـ «بە ئێمە بڵێ خەریک بوو بڕوا بە چی بکەین؟ کاکە هەمووی دووکان و دەزگا بوو!»

ـ «جارێ ئەمێنین و کۆتایی وازییەکەش ئەبینین، ئەم شانۆگەریە هێشتا نەگەیشتۆتە کۆتایی!»

ـ «بەڵێنت پێئەدەم کۆتاییەکەشی بە شێوەیەک تەواو ئەکەن کە بڕوا بکەین هەموو شتێک ڕاست و ڕەوا بووە. لە کاری خۆیاندا وەستان ئەمانە!»

ـ «هەرچی چۆن بێ شانامە ئاخرەکەی خۆشە! ئێمەش خۆ کارمان نییە، ئەمێنینەوە و سەیر ئەکەین. خۆی جۆرێک شانۆگەرییە!»

ـ «من کە دڵم بۆی ئەسووتێ.»

ـ «دڵت بۆی ئەسووتێ؟ دڵت بۆ کێ ئەسووتێ؟ بۆ دزێکی ڕێگر؟ بڕۆ ڕەحمەت لە باوکت!»

بلا گومان و داوەرییەکان پەرە بسێنێ، بلا گایەک بکەن بە کێوێک. بلا گوڵمحەمەدی سەردار سەرەتا لە بیرو مێشکی جەماوەردا شەقار ببێ و بشکێ، بلا گوڵمحەمەد لە ئەندێشەی خەڵکیدا شکست بدرێ. چونکە تای تەرازووی دەسەڵاتی ئەو لە بیر و زمانی جەماوەردا ڕوو لە دابەزینە. بەو جۆرە بوو کە ئیتر پێویست بە تیغی دوژمن نییە لە سەر گەرووی گوڵمحەمەد. چونکە خودی جەماوەر لە بیرو مێشکی خۆیاندا ئەیکوژن. کاتێکیش کە ئەم تاوانە ترسناکە لە گۆڕەپانی ئەندێشەی جەماوەردا ڕوویدا، ئەندێشەت ئاسوودە بێ کە هەستان بە کوشتنی گوڵمحەمەد ئیدی کارێکی دژوار نابێ. کە وا بوو ئەو

بەژنە جوانەی ئادەمیزاد کە لە گومانی خەڵکیدا بە دی هاتووە، سەرەتا ئەبێ لەو مەیدانەدا بە چۆکدا بێ و تێک بشکێنرێ.

ــ «زۆریش خۆشبین بین ئەتوانین بڵێین هەڵیاندا، کابرای ساوێلکەیان کرد بە بەردی سەر سەهۆڵ و ئێستەش ئەوەتانێ خەریکن لە مەیدانەکە ئەیکەنە دەرەوە.»

ــ «وایە! چونکە ئەگەر جگە لەوە بوایە گەنجێکی تاق و تەنها کە لە خێڵ و هۆزی خۆشی دابڕابێ چۆن ئەتوانێ ئەو ماوە دوور و درێژە خۆی لە بەرامبەر حکوومەتدا ڕابگرێ؟»

ــ «من هەر لە سەرەتای ئاژاوەکەوە ڕام وابوو کە هەموو وا لە بن سەری حکوومەتدا. گومانم تێیدا نەبوو بە گیانی مناڵەکانم!»

ــ «ئەیهۆ، کاکی برا! هەر ئەوەندەی ماوە ئێوە بە ڕۆژیش بڵێن شەو! نەخێر، کاکی خۆم، وەڵڵا و بیللا ماست ڕەش نییە!»

ــ «تۆ هێشتاش وا بیر بکەرەوە، وا بیر بکەرەوە! بەڵام شتێک بزانە، ئەوە بزانە نە من و نە تۆ هیچ نازانین! دە بڕۆ دەی! بەڵام بەر لەوەی بڕۆی شتێکت گوێ لێبێ، گوڵمحەمەدی بەلووچ لە دزێکی گەردەنەبگیر زیاتر نەبوو! ڕێگرێک کە مرۆڤی وەکوو بزن ئەکوشت!»

بڕوانە! دیوارەکە هێشتا نەڕماوە، وردەکڵۆ چەندە زۆر ئەبێ. چەندە زۆر ئەبن ئەو وردە کڵۆیانە و چەندە زیاتر لە کێشی خۆیان ئەکەونە هەڵوەرین. ئەوەندە نەبوو کاتێکە گوڵمحەمەدی سەردار بە سەر باڵی ئەندێشەی ئەوانەوە ئەفڕی، لە پەسنی فڕین و باڵ ڕاوەشاندنیدا هیچ سنووریکیان بۆ نەبوو و ئێستەش بەو جۆرە پەیژەی ئەندێشە لە بن پێی دەرئەهێنن هەست بە هیچ تاوانێک ناکەن کە بەو جۆرە بەڵێن شکێنیان کردووە! بەڵکوو بەو ڕادەیەی کە پێشتر لە بڵاوکردنەوەی پەسن و هەڵداندا خۆیان بە شیاو ئەزانی، ئێستەش بە هەمان ڕادە هەوڵ ئەدەن لە پووچکردنەوە و ڕووخاندنی داستانی گوڵمحەمەددا دەس پێشخەری بکەن. سەیرە

کە چەنەبازان هەمیشە هەرا و هۆریایەکی بێهوودە و شەڕاژۆیان هەیە و حەیف لەو کەسەی کە دەست و دڵی لە دار و نەداری داشۆردووە و حەزی کردووە گوڵمحەمەد وەکوو گوڵمحەمەد ببینێ و، ئەوەی زانیبێ کە خەریکە لە ناو دەنگدانەوەی فرەوێژەیی هەڵەوەڕاندا ئەخنکێ. بۆیە دەنگی ڕاستگۆیانە نابیسرێ، دەنگی بێ درۆ لە شەپۆل شەپۆلی پەڕەگری زۆربڵێکاندا ئەتاسێ، بۆیە پیاوی خاوەن دەنگ، دڵ بە جەخار ئەخزێتە ماڵەکەی خۆی و بە ناچاری لە بەر خۆیەوە ئەڵێ:

ـ «نەخێر، نا! بەو سوێرییە نەبوو و ئاواش بێ خوێ نییە!»

٣٣٢٨
کەیدەر
بەرگی دەهەم

**بەندی سێیەم**

قەڵامەیدان تەنانەت باوێشکیش نادا.

بەرە بەیانی چۆڵی خۆڵەمێشی، سێبەرگەی خامۆشی قورقوشمین، ئاوی ڕەوانی شینکی. سەرمای ساردی چلە چکۆلە و گژە بای بەوژە و ئەوسا، ئەستێرە. ئەستێرەی دەم کازیوە، تاک و تەرا و پەڕاگەندە. ئاسمانی چۆڵ و گوماناوی. سەربانەکان خامۆش لە بن ئاسمانی بەرەبەیاندا. بان و ئاسمان. بانی گومەزین و لانک ئاسا. ڕەنگی مۆن و بێدەوامی کازیوە، قورقوشم پژێن. ساردی و خامۆشی. هەموو شت و هەموو دیاردەیەک، سارد و ڕووت و خامۆش. دڵەراوکێ و گومان، بەدگومانی. بێدەنگی نووستوو و شاراوە. قەڵامەیدان تەنانەت باوێشکیش نادا. قوربان بەلووچ لەسەربانی سەرای سەردار، بە ئارامی پیاسە ئەکات. دەنگی هەنگاوە قورسەکانی قوربان لە زەمینەی خوڕە خوڕی ئاوی ڕەواندا، لە گوێی خۆیدا تاو ئەداتەوە. قوربان بەلووچ لە جاکەتە شڕەکەیدا خۆی کۆکردۆتەوە و تفەنگە بڕنەوەکەی بە شانیەوە. دەستەکانی خستۆتە گیرفانی و زۆری نەماوە بە گژەبای ساردی دەمەو بەیان ئاو بزێتە چاوەکانی. ڕەگێژەکانی چاوی سوور هەڵگەڕاون و ئەوە کە زۆرجاران خۆراگریی سەرکەوتوانەی خۆی لە بەرامبەر بێخەویدا تاقی کردۆتەوە هەوڵئەدا تەنانەت باڵی باڵندەیەکیش لە چاوی ون نەبێ.

حەوشەی سەرای سەردار هێشتا خامۆشە. بەر لە کازیوە ڕان دەرکراوە، بەڵام سەبرخان لە ماڵەوە ماوەتەوە بەڵکوو بە دەرمانەکانی بڵقیس، برین و ئازاری دەست و باسکی چاک بکاتەوە. لە تاریک و ڕوونی نامۆی ناو حەوشەی سەردار پێستی پلینگەکە بە سەر جەنجەڕی بیرەکەوە، لە بەر نیگای قوربان بەلووچ دا بوو. تەنانەت لەشی کشاو و جوانی شەوە بە سەرجلە جوانەکەیەوە، هەروەها نیگای وشیاری ئەسپەکە کە سەری وەرگێڕابوو و ئەیڕوانیە بەلووچ، نەی ئەتوانی نموود و کێشەری پێستی پلینگەکە لە نیگای بەلووچ دوور بکاتەوە.

حەوشەی گەورەی سەرا چۆڵ کرابوو. چەکدارەکان -مەگەر یەک دوانێک- هەموویان ڕۆیشتبوون. ئاغەڵ ئەسپی لێنەمابوو جگە لە چەند ئەسپێکی ناسراو و ئاشنا کە لە تەنیشت شەودێزەوە بە گوڵمێخی ئاخوڕەکانەوە بەسترابوونەوە. جگە لە چەند وڵساتیش لە گۆشە و کەناردا لێی نەمابوو.

بە قووقاندن و باڵکوتانی کەڵەشێرەکە، بانوو و بەگمحەمەد هاتنە حەوشە. بانوو گۆزەی ئاوەکەی هەڵگرت و بەرەو چێشتخانە چوو. بەگمحەمەد لە بەرهەیوانەوە هاتە حەوشە، دەست و بازووی بە باوێشکێکی دوور و درێژ کردەوە و پاشان پەنجەی لە کاکۆڵی ڕەنگینی وەردا، لە سەر تەوێڵی لایدا، بەڵام کاکۆڵەڵی بە با گەڕایەوە شوێنی خۆی و لە سووچی برۆیدا جێگیربوو. هەوا هەروا ساردبوو، بەڵام بەگمحەمەد بە کراسێکی مۆر و هێلەکێکەوە بوو و دوگمەی بن ملیشی کرابوویەوە. کەمەر بەندەکەی بە فیشەکلۆخەوە لە سەر کراسەکەی بەستبوو. دەستی لە سەر ڕیزەفیشەکی بن کەمەربەندەکەی -وەک بیەوێ شوێنی کەمەربەندەکە بخورێنێ- ناو قەدی بادا و ڕووی لە سەربان، دەستێکی بە ڕۆژباش بۆ قوربان بەلووچ ڕاوەشاند و ڕاستەو خۆ بەرەو هەمار چوو بۆ ئەوەی جۆی ئەسپەکان بهێنێ و بیکاتە ئاخۆڕەکانیانەوە. قوربان بەلووچ کەوتەوە پیاسەکردن.

کە گەیشتە سەربانی چێشتخانە، دووکەڵی کوانووەکە لە کونەڕۆچنەکەوە سەرکەوتبوو و لووتی ئەتۆزانەوە. قوربان چاوی ترووکان، کشایەوە و ڕووی لە دووکەڵەکە وەرگێڕا. سەرای سەردار بە دەنگی بڵقیس ئەوا لە خەو ڕابوو:

ــ هەویرەکەتان ئەترشێ، مەگەر ناتانەوێ نان بخۆن؟

دۆڵی هەویرەکە، بڵقیس بردی بۆ لای تەنوورەکە و کازم بە شەلە شەل هاتە دەرەوە و کەوتە دارهێنان و تەنوور داگیران. سەمەن دوو جەوەنەی بەتاڵ بە بن باڵیەوە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بۆ هێنانی ئاوی کارێز، بەرەو کۆڵان ڕۆیشت. هەیقۆ نەئەبینرا. ئەو جگە لە سەر هەڵدانی نیشانەکانی خولی یەکەمی دووگیانی، تا نیوەشەو خەریکی تیمارداری شووەکەی ببوو و ئێستە ڕەنگە هێشتا خەوتبوو. بەگمحەمەد بە کیلی جۆی ئەسپەکانەوە لە هەمار هاتە دەرەوە، جۆی لە ناو ئاخوڕەکاندا بڵاوکردەوە و بەرەو لای جەنجەڕی بیرەکەوە، لە قەراخ بیرەکە کەوتە شۆردنی دەست و چاوی. پاشان هەڵسا چووە ژوورەوە. جاکەتەکەی لە بەر کرد، تفەنگی دەست دایێ و گەڕایەوە بۆ حەوشە.

قوربان بەلووچ لە بەر سوانەی بانەکە ڕاوەستابوو. بەگمحەمەد تێی ڕوانی، بەرەو پلیکانەکان قەڵەمبازیدا، سەرکەوت و لە بری بەلووچ بوو بە پاسەوان.

بەلووچ لە سەربانەوە دابەزی و لای کەردووەکە بە دەنگی دەرگای باڵەخانە ئاوڕی دایەوە. ماراڵ بوو لە دەرگای باڵاخانە هاتبوویە دەرەوە و لە دەریزانی دەرگاکەدا ڕاوەستابوو. قوربان ڕووی وەرگێڕاو بەرەو چێشتخانە چوو. ماراڵ لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو سەرتەنوور چوو. بڵقیس لای تەنوورەکەوە خەریک بوو گونکی ئەگرت. ماراڵ لای پووریەوە وەستا. بڵقیس ئاوەڕی دایەوە و ڕوانیە ماراڵ. چاوە جوانەکانی ماراڵ لە پەلەوەرێکی ڕەمیو ئەچوو. پەنەمیا، هەڵماساو و ماندوو، سەروقژیشی ئاڵۆسکاو بوو. بڵقیس بە بێ ئەوەی دەست

لە کار هەڵبگرێ، بە مارالّی وت:

ـ دڵنیگەرانی!

مارالّ دەستی برد بۆ شیشی تەنوورەکە، هاڵاوی گڕەکەی لاداو وتی:

ـ ئەتەوێ دڵنیگەران نەبم؟!

بڵقیس بە بێ گوێدانە سکاڵاکەی مارالّ وتی:

ـ ئەڵی چی؟

ـ هیچ ناڵێ، زۆر نادوێ.

ـ شەوێکی تەواو! بە بێ قسە؟! ئەوە ئەبێ؟

ـ ڕەنگە سەری ناوەتەوە و یەکسەر لێی خەوتووە، ئەرێ؟

ـ نا، خەوی قورس نا. وابزانم بەس چاوێکی گەرم کردبێ، هەر ئەوەندە.

ـ نەش خەوت و هیچیشی نەوت؟

ـ بەس یەک وشە، ئەویش ئەوەی کە ئێمە ئەبێ لێرە بمێنینەوە!

ـ ئێمە؟!

ـ ئێمە ژنەکان!

بڵقیس جارێکی دی ڕوانیە مارالّ و پرسی:

ـ چی تێگەیشتی لە قسەکردنەکەی، یان قسە نەکردنەکەی؟

مارالّ لە بەر نیگای بڵقیسدا سەری داخست و وتی:

ـ ئەڵێ پیاوەکانی حکوومەت دێن بۆ ئێرە. ئەڵێ کاتێکە هاتن شوێنی ئێمەیان پیشان بدەن.

لە بێدەنگی بڵقیسدا، مارالّ لێوی خوارەوەی گەست و کەوتە گریان:

ـ ئەڵێ ئەچێ بۆ کوشتارگە!

لەوە زیاتر نەیتوانی هیچ بڵێ. بڵقیس ئاوڕی لە بووکەکەی دایەوە و بینی پانایی ڕوومەتی پڕە لە فرمێسک و گلێنەی چاوەکانی لە شۆردنەوەی ئەسریندا بووە بە پەلکەزێڕینە. چاوەکانی خەمبار

و لە تاریک و ڕوونی لێڵی دەمەو بەیاندا شین ئەینواندەوە، چاوانی گرفتاری برژانگی ڕەشی چەماوەی بەرەو باڵا، کەوانی.

کازم کۆڵێک ئاوردووی هێنا، مارالْ ڕووی وەشێرا و بلْقیس کەوتەوە کار. کازم دارەکەی لای تەنوورەکە خست و ڕۆیشت. بلْقیس بە بێ قسە گونکەکەی پان کردەوە و هەڵسا کە سەر و دەستی ببا بۆ ناو تەنوورەکە. مارالێش بێکار ڕانەوەستا، نەی ئەتوانی بێکار ڕابوەستێ. ئەوەندەی نانەکەی دەرهێنا. بە دەم کارەوە وتووێژی بلْقیس و مارالْ دەستی پێکردەوە، بەڵام نەک درێژەی باسەکەی پێشوو، بەڵکوو پچڕپچڕ و ناو بە ناو، جار جارە گوتەیەک و جار جارە وەڵامێک.

ــ من خۆم پێ ڕاناگیرێ پوورە بلْقیس!

بلْقیس خامۆش بوو و ئەتوت لێوەکانی دادووراوە. هەموو وزەی بۆ کارکردن بەکار ئەهێنا و تووڕەییەکی ئاوێتەی دەمارگرژی پێوە دیاربوو. بەڵام تەنانەت ئەمەش نەک هەر سەری لێ‌تێک نەئەدا، بە پێچەوانە ئەبووە هۆی ئەوەی وردتر و چالاکتر کار بکات.

ــ تۆ خۆت پێ ڕائەگیرێ پوورە بلْقیس؟

ــ دار، دار بخە تەنوورەکەوە!

مارالْ دیواری تەنوورەکەی بە قوماشێکی تەڕ سڕییەوە و ئاگرەکەی خۆشکرد. بلْقیس گونکێکی‌تری لە سەر پشتی سینیەکە پان کردەوە، دای بە دەستی‌دا، کردیەوە، دانەویەوە بە سەر تەنوورەکەدا و نانەکەی دا بە سینەی تەنوورەکەدا.

مارالْ لێی پرسیەوە:

ــ چی ئەکەین پوورە بلْقیس؟!

ــ کۆڵەوژێک بدە لەو ئاگرە!

مارالْ بە چاوی فرمێسکاوییەوە لێوی خۆی گەست و ئاگری تەنوورەکەی بە شیشەکە تێک وەردا و بلْقیس نان بە دوای نان دای بە تەنوورەوە.

بڵقیس لە تەنوورەکە دوور کەوتەوە. نانێکی لە سەر گەونەکە هەڵگرت، سەری هەڵێنا و ڕوانیە سەربان. بەگمحەمەد هاتە بەر سوانەی بانەکە. بڵقیس شان و قۆڵی هەڵێنا و نانەکەی بۆ کوڕەکەی هەڵدایە سەربان. بەگمحەمەد نانەکەی بە حەواوە گرتەوە و بردی بۆ لێوی، ماچی کرد و بۆنی هەڵمژی.

بڵقیس گەڕایەوە لای تەنوورەکە و کەوتەوە کار. سەمەن لە سەر کارێز گەڕایەوە و چوو بۆ چێشتخانە. بڵقیس بە بێ ئەوەی سەیری بکات وتی:

ـ پیاڵەیەک ڕۆنیش ببە بۆ سەربان، بۆ بەگمحەمەد!

بڵقیس پاشان پرسی:

ـ ئەی ئەوەی کە لە کوێیە، زیوەر؟

بەر لەوەی وەڵامێک لە ماراڵ ببیسرێ، قوربان بەلووچ لە دەرگای چێشتخانە هاتە دەرەوە و بڵقیس پێی وت:

ـ وەرە بەلووچ ، دوو دانە لەم نانانە هەڵگرە. ڕەنگە سووچێکی ورگت تێر بکات.

بەلووچ خەندەیەکی شیرین و شۆخ لە چاوەکانیدا، دوو نانی لە سەر لێژنەی گەونەکە هەڵگرت، بە تامەزرۆییەوە ڕوانیە نانەکە وتی:

ـ دەس خۆش دایە، ڕاستیەکەی کە گەنمی خوا خەسار ناکەی. دەستت نەڕزێ!

بڵقیس دەستی ڕاهێڵا بۆ ژوورەکەی سەمەن و بە بەلووچی وت:

ـ ڕۆن و ژاژی لە سەمەن وەرگرە. پیاڵەیەکیش ببە سەر بۆ هەڤاڵەکەت.

قوربان نانەکەی لەتکرد و بەرەو ژوورەکەی سەمەن کەوتە ڕێ.

بڵقیس دانەویەوە بە سەر تەنوورەکەدا و ماراڵ خۆی بە پان کردنەوەی نان لە سەر پشتی سینیەکەوە خەریک کرد. بڵقیس

خامۆش بوو و وا دیار بوو بە ئەنقەست نادوێ. وا ئەجووڵایەوە کە گوایە ژیان لە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆی ڕائەبرێ و جێگەی نیگەرانی و دڵەڕاوکە نییە.

بەڵام ماراڵ وەها نەبوو. ئەو لە دەروونەوە ئەکوڵا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەدا بڵقیس بخاتە قسە، بەڵام نەئەکرا. ڕەنجی جەوانی هێشتا نەیتوانیبوو، پەردەیەکی وەها ئەستوور بە سەر ناخی ژنەدا بکێشێ کە ئەو بتوانێ کەڵەکە بووی ژیانی بە ژان و ئازار لە بنیدا بشارێتەوە.

نەخێر، ماراڵ هەو نەبوو، هەرچەند لە یەکەم بیرەوەرییەکانی ژیانیەوە لەگەڵ خەم و ستەم ڕاهاتبوو، بەڵام گیانی هێشتا تەرچک و تورت بوو و گەنجێتی بەلێشاوی جێی قسە نەبوو. چەند جار لۆخەندانی لە سینەی هەڵواسیبوو و پێ بە پێی گوڵمحەمەد ئەسپی ئاژووتبوو و خۆی لە چەند وردە ئاگر وەردابوو، بەڵام ئێستە خۆی بە جۆرێکیتر ئەبینی و ئەیبینی پەیوەندییەکەی لەگەڵ گوڵمحەمەد بەو شێوەیە، کە تا ئەم کات و دەمە نەیتوانیوە لە بیری خۆیدا جێی بکاتەوە. بۆیە بیرکردنەوە لەوەی کاتێک بگات کە ئیتر نەتوانێ پیاوەکەی ببینێ، ئەگەری ئەو گومانە، زەبرێکی ئەوەندە کاریگەر و بەهێزبوو کە خۆڕاگرتن لە بەریدا لە توانا و قەبارەی سروشتی ماراڵ بە دەر بوو.

هەر بەم گومانەشەوە ماراڵ شەوی کردبوو بە ڕۆژ و ئەمەش سانا نەبوو. گوڵمحەمەد نەخزابوویە سووچێکەوە، ئەژنۆی خەمی لە باوەش نەگرتبوو، بە پەژارەوە دانەنیشتبوو. نەخێر، گوڵمحەمەد وەک هەمیشەی وابوو. بەڵام گوڵمحەمەد، ئەم گوڵمحەمەدەی کە لە هەناوی ژنەدا جێگیرببوو، بەو جۆرە خۆیای ئەکرد. نیگای دەرەوەی ماراڵ زیاتر لە یەک جار توانیبووی گوڵمحەمەد ڕووبەڕووی خۆی ببینێ و، توانیبووی نیگای سرک و چینی تەوێڵی خافڵگیر بکات و، هەر لەو ساتەشەوە گیانی ئاشکرا ببوو:

ـ «بیر لە چی ئەکەیتەوە، پیاوەکەم!»

ـ ! پوورە بڵقیس، دەتۆ شتێک بڵێ! گوڵمحەمەد ئەیەوێ چی بکات؟

بڵقیس ڕووی لە هاڵاوی تەنوورەکە لادا، عارەقەی تەوێڵ و پێڵووەکانی سڕییەوە و وتی:

ـ چووزانم، چووزانم! من چۆن ئاگام لە دڵی ئادەمیزادی شیری خاو خواردووە هەبێ، کاتێکە تۆی هاوسەر و هاو سەرینی هیچ نەزانی!

ماراڵ تاوێک بێدەنگ بوو و وەک بڵێی ئەندێشەی بووبێ بە هەزار پارچەوە، وتی:

ـ چاوت لێیە، چاوت لێیە چۆن دەوروبەرمان چۆڵ بووە؟!

ـ چاوم لێیە، بۆ نابینم؟

ـ گوڵمحەمەد خۆی بەو جۆرە دەوروبەری خۆی چۆڵ کردووە!

ـ ئەزانم، ئەوەش ئەزانم.

ـ باشە بۆ؟ بۆ؟

بڵقیس نانەکەی هەڵدایە سەر لێژنەی تەنگزە گەونەکە، ڕوانیە چاوە پڕ لە خەمەکانی ماراڵ و وتی:

ـ ڕشتەی هەر کارێک لە شوێنێکدا ئەپچڕێ، ئازیزی دڵەکەم.

ـ پوورە بڵقیس، پوورە بڵقیس! تۆیش خەریکی ئەگری؟!

بڵقیس ڕووی وەرگێڕا و بێ ئۆقرە دانەوییەوە بە سەر تەنوورەکەدا و ماراڵ ناخودئاگا پەنجەی لە بازووی گیردا و لێی پاڕایەوە:

ـ بە من بڵێ، بە من بڵێ پوورە بڵقیس، مێردەکەم چی لێ بە سەر دێ؟ ڕشتەی هەرکارێک لە شوێنێکدا ئەپچڕێ چ واتایەکی هەیە، پووری گیان؟

ـ هەر کارێک لە شوێنێکدا تەواو ئەبێ، کچۆڵەکەم.

ـ پووری گیان، پووری گیان! تۆ خۆت ئەزانی چی ئەڵێی؟ باسی گیانی گوڵمحەمەدی من ئەکەی، باسی گیانی من ئەکەی.

واتە ئێمە گوڵمحەمەدمان لەکیس ئەچێ؟!

بلْقیس بێ پەروای چاوە زەقەکانی ماراڵ، وەڵامی پرسیارە جەخاراوییەکەی ئەوێ نە بە میهرەبانیەوە -کە بلْقیس لەم کاتەدا نەی ئەتوانی دڵ ناسک بێ- وڵامی دایەوە و وتی:

ـ بەرخی نێر بۆ سەربڕینە!

ماراڵ بڕا. بە دژواری خۆی گەیاندە لای دیوارەکە، پاڵیدا بە سووچی هەیوانەکەوە و بۆ شوێنێک گەڕا دەستی پێوەبگرێ. دڵی ئەتوت هەڵکەنراوە و خەریکە بەر ئەبێتەوە. زمانی لە گۆ کەوت و ڕوخساری بوو بە ڕەنگی گەچی دیوارەکە. هەستکردن بە تۆپەڵێک دڕک لە گەروو و دەمیدا، دیواری تەنوور. پەڕەی لووتی بە ئاشکرا کەوتنە لەرزین و لەشی لێهاتووی بە لێدانی دڵی هەڵئەچۆقا. ئارام ئارام تلێسایەوە و نیگای ئەبلەق بوو. چاوەکانی وا مەزانە گریابێتن، وشک هەڵاتبوو و دەروشانەوەی نیگای جوانی لەیەک ساتدا ئەتوت فڕێ درایە ناخی تاریکیەوە. ڕەنگی چاوەکانی، بە جارێ تێکچوو بوو.

بلْقیس ئاوی هێنا، بە دزیکەوە ڕوانییە دەروبان و پاشان ئاوەکەی لە ڕوخساری ماراڵ پڕژاند. قاپەکەی لە سەر تەنوورەکە دانا و لە کاتێکا کە ئەیویست دەست بە کار بکاتەوە، ددانی لە چیرەوە هێنا و وتی:

ـ بێرەوە بە خۆتدا ژنی سەردار!

دەنگی بەگمحەمەد لەسەربانەوە بەرز بوویەوە:

ـ سواری ئاشنا، سوارێکی ئاشنا. کاکم هەڵسێنن!

لە هەمانکاتدا دوو تای دەرگای باڵەخانە کرایەوە، گوڵمحەمەد ئامادە و دەستی لە سەر ئاغەزوونەی فیشەکدانەکەی وتی:

ـ کاکت بە ئاگایە، کاکە گیان.

بەگمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ـ هێشتاش نایناسمەوە، ئەماژەی خانمحەمەد ئەڵێ کە ئاشنایە. بە پڕتاو دێ.

شەو گوڵمحەمەد پووزەوانەی لەپێ دەرنەهێنابوو. پشتوێنی گشت بوو و لۆخەندانی ڕاست و چەپ بە سینەوە بوو. چۆخەکەی هەروا بە سەر شانیەوە بوو و کڵاوەکەی تا سووچی برۆی هاتبوویە خوارەوە و لوولەی ساردی بڕنەوەکەی لە ناو پەنجەکانیدا ئەگووشا. دانەویەوە، گورج و گۆڵ پاژنەی کڵاشەکانی هەڵکێشا و پێی نایە سەر یەکەم پێپلیکانە. ماراڵ هاتبوویەوە بە خۆیدا. ئاوری لە شووەکەی دایەوە و ئەتوت گوتەیەکی نەگوتراوی لەگەڵ گوڵمحەمەد هەیە. نیگای گوڵمحەمەد لە سەر بریسکانەوەی بناگوێی شەوە ڕامابوو و ماراڵ هەروا لە سووچی بەر هەیوانەکەدا لە سەر عەرزەکە بوو. بڵقیس بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد بەو جۆرە ماراڵ نەبینێ، بە زەبرێک و پێ لە زەوی کوتانێک بەرزی کردەوە. ماراڵ ڕابوو و لای تەنوورەکە ڕاوەستا و لە بنەوە کەوتە سەیرکردنی شووەکەی.

گوڵمحەمەد لە سەر بەرزترین پێپلیکان -بە ڕواڵەت- خێسەی لە سەر شەوە ڕامابوو. بەڵام گومانی تێدا نەبوو کە نیگای ون ببوو. چونکە ئەگەر وانەبوایە نەی ئەتوانی ماراڵی نە دیبێ. کە وا بوو چاوانی گوڵمحەمەد لە ئەسپەکەی ئەڕوانی، بەڵام نیگای لە شوێنێکی دی و لە جیهانێکی دوور لە دەوروبەری بوو. ڕوخساری؛ دارەتی ڕوخساریش جیاواز بوو. پێچەوانەی هەمیشە بوو، سێبەرێکی نامۆ باڵی بە سەر ڕوخساریدا کێشابوو. تاڵ و داهێزراو خۆیای ئەکرد. تاڵ و وشک و داهێزراو. لووتی تیژبوو، بن گۆنای بە قووڵا چوو بوو و کاکیلەکانی ڕێک گووشرابوون. چاوەکانی؛ قووڵایی چاوەکانی لە هەمیشە قووڵتربوو و بەرادەیەک نامۆ و مۆن بوو، وا دەرکەوت هەموو ژیان و بوونی خۆی بە قووڵی بە سەر ئەکاتەوە.

شەودێز. گوڵمحەمەد ڕوو و نیگای لە شەوە گواستەوە و ڕوانیە سەربان و لە بانیشەوە بۆ ئاسمان. سێوکەی بن گەرووی و شاڕەگەکانی لە هەمیشە زیاتر دەرپەڕیبوون. یەخەی چەپی

جاکەتەکەی وەکوو گوێی ئەسپێک قیت ڕاوەستابوو و قۆپچەیەکی کراسەکەی هەڵکەنرابوو وداکەوتبوو.

ـ «داخی گرانم!! خۆزگە لە بری ئەو هەموو گلەیی و بناشتەی شەوی دی قۆپچەکەیم بۆ بدووریایەتەوە؛ خۆزگە...»

بەگمحەمەد لەسەربانەوە هاواری کرد:

ـ کوڕی مەلا میعراجە، حەیدەر!

گوڵمحەمەد بڕنەوەکەی تۆزێ هەڵدا و ناوقەدی تفەنگەکەی گرت بە دەستیەوە و بەرەو خوار بوویەوە. بەگوڕ و ڕاوەستاو، بەڵام نەک بە پەلە هاتە خوارەوە و یەکسەر چوو بۆ لای شەوە و لە نزیک ئاخوڕەکە، لای ئەسپەکەوە وەستا و بەشێوەیەکی نائاسایی ڕوانیە ماراڵ کە لە بەر تەنوورەکە وەستابوو. ماراڵ لە هاتنەخوارەوەی گوڵمحەمەددا خۆی بە کارەوە خەریک کردبوو، بەڵام ئەوا کزانەوەی گیانی مێردەکەی لە سەر گۆنای خۆی هەست پێکرد و نەیتوانی لەوەزیاتر تاو بهێنێ. بۆیە ئاوڕی دایەوە و چاوی بڕییە چاوی مێردەکەی و وەک بڵێی بۆ یەکەمین جارە، ڕوانیە گوڵمحەمەد. تاوێک و هەڵوەستەیەک. چاوەکانی ژنە لەوەدابوون درەوشانەوەی سروشتی خۆی تێ بزێتەوە. چاوی مەڕیی مەیلەو سەوز، سەوزییەک کە لە چاو هەڵێنانی بەیاندا گەش ئەکاتەوە. چاوانی ئاشکرا و سەمەرە، تەوقدراوی برژانگی ڕەشی چەماوەی بەرەو سەر، کەوانی. ئەبرۆی ڕەش و تەوێڵی سپی، گۆنای خڕ و نەرم و تەڕچک کە پەردەیەکیش قەڵەو ببوو:

ـ «ژنەکەم، ماراڵ!»

تاوێک و هەڵوەستەیەک. گوڵمحەمەد نیگای شکاند و پەنجەی لە کاکۆڵی ئەسپەکە وەردا. ماراڵ بەرەو مێردەکەی ڕاکێشرا و بەرامبەر بە گوڵمحەمەد، لەو بەری یاڵی ئەسپەکەوە و دەستی لە سەر کاکۆڵی ئەسپەکە، ڕاوەستا. دوان نەبوو، وشە نەبوو. هیچ. کوا ئەو گوتەیەی گیان و بوون تێر بکات؟ بوون، بوون. کوا ئەو گوتەیە و ئەو وشەیەی کە بتوانێ چەمکی مرۆڤ بەیان

بکات؟ نییە و لە دایک نەبووە.

ــ شەوە بەئەمەگ بوو.

پەنجەی بە نەرمی لە سەر یاڵی ئەسپەکە، ماراڵ وای وت.

گوڵمحەمەد، دەستی بە نەرمی لە سەر دەستی ماراڵ، ڕاما. تاوێک و هەڵوەستەیەک:

ــ ئای‌ی! ژیان!

ماراڵ پەنجەی ڕەقەڵەی شووەکەی لە ناو دەستی‌دا گووشی و لە گوتەیەکدا کە گیانی پارچە پارچە ئەبوو، وتی:

ــ گوڵمحەمەدەکەم!

دەرفەتێک، دەرفەتێک. ژیان ئەبێ ڕابوەستێ. بوون ئەبێ هەلێک بدا بە دەستەوە. هەتاو ئەبێ تاوێک وەدوا بکەوێ، ڕۆژگار ئەبێ بۆ خولێک لەگەڕ بکەوێ. کامەرانی لە تامی یەکبوون‌دا وشکەڵاتووە و «من» لە نێوان‌دا نەمابوو. بەس زەڵاڵی گیانە و نواندنەوەی بوون و، بەس گەوهەری بوونی ئادەمیزاد. بە هەتاو بڵێ گزنگت کۆکەرەوە، ئەوا گەوهەری ئادەمیزاد جیهانی پڕکردووە لە تیشک و تاو.

بڵقیس ئەزانێ، بڵقیس ئەناسێ. بڵقیس ڕێزی ئەوین، خەمڵێنی ئەوین ئەناسێ. بڵقیس پەروەردەکەری ئەوین، دایکی ئەوینە. بە بێ ئەوەی دەنگی پێی بێدەنگیەکە بزرێنێ، بە بێ ئەوەی بزاوتنی دەستەکانی خەوش بخاتە بێدەنگی ئەوینەوە، دوور ئەکەوێتەوە. نانەکان لە سەر لێژنەی گەونەکە کۆ ئەکاتەوە، ئەیخاتە سەریەک و سووکەڵە، بە هەنگاوی نەرمی وەک هەور تێ ئەپەڕێ و دوور ئەکەوێتەوە و تاقانەکانی، گیانی تاقانەی تاقانەکانی جێ ئەهێڵێ بۆ خۆیان.

تەنوور هێشتا گەرم و تەنوور چۆڵبوو، گوڵمحەمەد سەیری ئەو لایەی کرد. ماراڵ بە خۆی زانی کە هێشتاش پەنجەکانی شووەکەی لە کەڵەمەی پەنجەکانی خۆی‌دا ڕاگرتووە. دەستی بەردا و گوڵمحەمەد دانەویەوە و لە بن گەردنی ئەسپەکەیەوە

چووە ئەوبەر و بەرەو تەنوورەکە هەنگاوی نا.

تەنووری گەرم لەبەرەبەیانی سارددا، ئاگری تەنوورەکە دڵ دڵ لێی ئەدا. گوڵمحەمەد لە سەر لێواری تەنوورەکە دانیشت و ماراڵ لە بەر تەنوورەکە وەستا. گوڵمحەمەد نیگای لە پۆلووە گەشەکان گواستەوە و ڕوانیە چاوەکانی ژنەکەی. لە چاوەکانی ژنەدا نەک تاودانەوەی ئاگر، کە ئاگر وەک دڵ لێی ئەدا. ئاگرێک نە لە عیشق و نە لە خەم و نە لە ڕەنج و نە لە ترسدا، ئاگرێک لە تێکڕای هەبوون لە چاوەکانی کچی عەبدۆسدا دڵە دڵیبوو و لە نێوان ژن و شوودا ئێستە ئیتر بەس ئاگربوو کە بوو و، جگە لەوەش خامۆشی بوو و خامۆشیش پڕاوپڕ بوو و ئەو دوانە لە خامۆشیدا بە تەواوەتی و تا ئەوپەڕی خۆی لە یەکدی تێ ئەگەیشتن و جوانترین گوتەشیان ئەنۆشی.

ــ ئێمە نان و چاکەمان هەر لێرە ئەخۆین!

نەزانرا کامیان ئەمەی وت و نەشزانرا کێ ئەم گوتەیەی بە زماندا هات. ڕەنگە هەردووک لەیەک ساتدا ئەوەیان گوت و ڕەنگە هیچکامیشیان ئەوەی نەگوت و ئەم گوتەیە نەبیسرا و نەگوترا. ڕەنگە هەر دووکیان بیریان لەم گوتەیە کردەوە. چونکە دڵ و گیان و ئەندێشە و حەز و ویست بۆ یەکگرتن دەستی لە دووانە بوون هەڵگرتبوو:

ــ نان و چاکەمان ئێمە هەر لێرە ئەخۆین!

بلْقیس بەشی نان و ڕۆن و ماستەکەی بۆ دانان. قۆری چا، دوو پیاڵە و قەندانێک قەندیش لە سەر سینیەک بانوو بۆی هێنان. چا و نان و خەسەتوورەکە؛ دوو بەدوو. شتێکی وەکوو بەرچایی بەیانی شەوی پەردە. پاروەکانی بووک ئەبێ بچکۆلانە بن و زاوا نابێ چای گەرم بخواتەوە؛ لە بەر ئەوەی چای داخ وەرەی پیاو کەم ئەکاتەوە و ئەیکا بە دڵ چۆلەکە.

ــ خۆت چی ماراڵ، بۆچی ڕۆن ناساوی بە نانەکەتدا؟ لە بەر من ناخۆی؟

ـ ئەدا لە دڵم، تەبعی پێئەکەم. من نان و ماستم پێخۆشترە. چایەکی ترت بۆ تێکەم؟

ـ بۆ هەر دووکمان تێکە.

تەقەی چەکوشی دەرگا و دەنگی بەگمحەمەد لە سەر بانەوە:

ـ بیکەنەوە، بۆی بکەنەوە، حەیدەری خۆمانە.

دەرگا کرایەوە و حەیدەری مەلا میعراج لە پێش ئەسپەکەیەوە هاتە ژوورەوە. ڕوخساری جەوانەکە بە هۆی خێرابوونی گەڕی خوێنیەوە داگیرسابوو و عارەقە لە بن گوێی ئەسپەکەی ئەتکا. حەیدەر دەسکەوساری ئەسپەکەی لە بەرکۆی زینەکە ئاڵاند، ئەسپەکەی بەرەڵڵا کرد و بە پڕکێشیەوە، بەرەو گوڵمحەمەد هات. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی تۆزێ لە گوڕ و تەوژمەکەی کەم بکاتەوە بە وتنی «ماندوو نەبی» چاک و چۆنی لەگەڵ کرد. حەیدەر کڵاوەکەی لە سەری توندکرد، پێپەڵکەی کرد و هەوڵیدا سەرەتایەک بۆ ئاخافتن بدۆزێتەوە. گوڵمحەمەد بەڵام بە پرسیارکردن گەنجەکەی مەلا میعراجی لەسەرلێشێواوی و شەڵەژان ڕزگار کرد:

ـ شەوگەرد هاتووی حەیدەر خان، وا دیارە نووچەی داخت هێناوە؟ وەرە، جارێ تۆزێ دانیشە و نانێک بخۆ تا دواتر. دەی، باوکت چۆنە؟... نیگەران مەبە حەیدەر، تا ڕادەیەک ئاگام لە بارودۆخەکە هەیە. وەرە، وەرە لێرە لە سەر ئەم زینە دانیشە. نا، نا، لە سەر ئەم پێستی پڵینگە چاکترە. کوڕینە! با یەکێک بێت ئەسپەکەی حەیدەرخان بگەڕێنێ. تەموور! سەمەن... بە تەموور بڵێ با بێ ئەو ئەسپە بگەڕێنێ با عارەقەکەی دامرکێتەوە. دەی، وادیارە یەک پشوو بە چوارناڵە هاتووی هەتا ئێرە، وایە؟ دەی، خوا قەوەت با. چۆن بتوانم چاکەی مەلا میعراج بدەمەوە من؟

حەیدەری مەلا میعراج عارەقەی نێوچەوانی بە سەرقۆڵی کەواکەی، سڕییەوە و بە بێ ئەوەی بتوانێ بە چاک و چۆنیەکەی

گوڵمحەمەد نێوچەوانی گرژی بکاتەوە، لای زینی ئەسپەکەوە لە سەر زەویەکە دانیشت. ئانیشکی نایە سەر چۆکی و ئەتوت چاوی بڕیوەتە سەرپەنجە شۆڕەکانی خۆی. بانوو نان و ڕۆن و پیاڵەیەکی بەتاڵی هێنا و لە بەر دەستی حەیدەر لە سەر عەرزەکە داینا. گوڵمحەمەد قۆریەکەی هەڵگرت و حەیدەر بە ئاخێزێک قۆریەکەی لە دەستی گوڵمحەمەد وەرگرت و چای بۆ خۆی تێکرد. گوڵمحەمەد لە سەر لێواری تەنوورەکە، بەرامبەر حەیدەر دانیشت، پەنجەی لێک هەڵپێکا و نیگای لە ناوچەوانی گەنجەکە بڕی:

ـ زۆر شەڵەژاو دیاری ، حەیدەرگیان، چی وا پەرێشانی کردووی براکەم؟! چاکەت بخۆرەوە!

حەیدەر پیاڵەی چاکەی هەڵگرت و گوڵمحەمەد ـبەر لەوەی حەیدەر خۆی ئامادەی بەرسڤ دان بکات- سەیری بەر هەیوانی کرد و بە خان ئاپۆ، کە لە دەرگاکە هاتبوویە دەرەوە، وتی:

ـ وەرە لێرە بەرچاییەکەت بخۆ خانئاپۆ!

حەیدەر ڕووی کردە خانئاپۆ، لە بەری هەڵسا و ڕێزی لێنا. خانئاپۆ بە دەست و سەر وەڵامی حەیدەری دایەوە و لە هەمان کاتدا بە باوێشکێکی قووڵ و درێژ پشتی دەستی نایە سەر دەمی و وا پێ ئەچوو پێڵوەکانی داخرا. گوڵمحەمەدیش کەوتە باوێشکدان و خانئاپۆ باڵەکانی کردەوە و بە مشت کوتای بە سینەیدا، پێی لە سەکۆی بەر هەیوانەکە نایە خوارەوە و هات بۆ لایان. وایان زانی خانئاپۆ ئەچێ بۆ لای بیرەکە بۆ شۆردنی دەموچاوی، بەڵام وای نەکرد و ڕاستەوخۆ چوو بۆ لای ئەسپەکەی و دەستێکی هێنا بە سەر و یاڵی ئەسپەکەدا و نەوازشی کرد. لەشی خەواڵووی بە سستی پاڵدا بە شانی ئەسپەکەوە، تاوێک بەو جۆرە مایەوە و جارێکی دی بە باوێشکێک باڵی کردەوە، خۆی بادا و مشتی کوتایەوە بە سینەی ئەستووریدا، بەرەو تەنوورەکە هات و چەند جار بە توندی سەری ڕاوەشاند. کابرا تاقە کراسێکی

لەبەردا بوو و پاڵتاوەکەی دابوو بە شانیدا و لە پەڵکە چنارێک ئەچوو کە خەریکبوو تۆخ هەڵبدا.

ــ وا پێئەچێ ئاشناکەمان هەواڵی تازەی پێیە؟

خانئاپۆ ئەمەی وت و لە سەر لێواری تەنوورەکە، لە شوێنی ماراڵ کە لەبەری هەڵسابوو و لای دیوارەکە، لە پشت گوڵمحەمەدەوە وەستابوو، دانیشت، جێی خۆش کرد و وتی:

ــ بۆمان بگێڕەوە با بزانین چ باسە، حەیدەرخان!

حەیدەر سڵاوی مەلا میعراجی پێ ڕاگەیاندن و درێژەی دا:

ــ ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم نازانم چەندەی خۆتان ئەیزانن یان نایزانن. هەر ئەوەندە بڵێم کە لە چەندلاوە تفەنگچی و لەشکر کەوتوونەتە ڕێ بەرەو سەنگرد. سەردار جیهەن و بەکتاش و سەید شەرزا با بوەستێ، تیپێکیش خەریکە لە دەرووی سەنکەلیدەرەوە دێت.

ــ لە دەرووی سەنکەلیدەرەوە ئیتر کێ؟!

ــ پیاوەکانی ئالاجاقی؟

ــ پیاوەکانی ئالاجاقی!! جا تۆ بڵێ سەردەستەیان کێ بێ باشە؟

ــ بابقولی بوندار!

خانئاپۆ سەری لەقاند و ڕوانیە گوڵمحەمەد و گوڵمحەمەد بە ماراڵی وت:

ــ کوڕەکەت ئەبێ لەخەو هەڵسابێ!

ماراڵ بەرەو باڵەخانە چوو و قوربان بەلووچ کە ئەسپەکەی حەیدەری ئەگەڕان، بە بیستنی ناوی بوندار لەبەردەمی پیاوەکاندا هەڵوەستەی کرد و گوڵمحەمەد سەری بەرزکردەوە و ڕوانیە قوربان. قوربان ویستی بکەوێتەوە ڕێ، خانئاپۆ پێی وت:

ــ وەرە قوربان، وەرە کە بوندارەکەت بە پاڵەوان دەرچوو!

قوربان لەغاوی ئەسپەکەیدا بە تەمووری خەواڵوو و خۆی هات بۆ لایان.

گوڵمحەمەد ڕوانیەوە حەیدەری مەلا میعراج و پرسی:
ــ ئیتر؟!
حەیدەر وتی:
ــ وەکوو سەرباز بگیری ئیجباری بە زۆر گوندییەکان ئەگرن و لەگەڵ خۆیان پەلکێشیان ئەکەن بەرەو سەنگرد. ئەسپ و هێسرێکیش ئەگەر ببینن ئەیگرن و سواری ئەبن و بۆ ئازووقەش پەلامار ئەدەن و بە زۆر لە خەڵکی ئەسێنن.
گوڵمحەمەد پرسی:
ــ ئەمەشیان شتێکی تازە نییە، ئەی خۆشتەخواز چی؟ لە خەڵکەکەش کەسیان لەگەڵ ئەکەوێ بۆ سەر شکاندی ئێمە؟
حەیدەر وەڵامی دایەوە:
ــ کەم، زۆر کەم. کەسێکیش ئەگەر لەگەڵ کەوێ لە بەر ئەو چەن تمەنەیە ئەیخەنە بەری.
قوربان بەلووچ پاڵیدا بە دوو لکی جەنجەڕی بیرەکەوە و ڕاوەستا، گوڵمحەمەد پرسیاری کرد:
ــ چەکیشیان لە ناو خەڵکەکەدا بڵاو کردۆتەوە؟
حەیدەر وتی:
ــ هەڵبەت چەکیان داوە بە کەسانی وەکوو بابقولیبوندار و نەجەف ئەرباب.
گوڵمحەمەد پرسی:
ــ باوکت ئەڵێ چی؛ مەلا میعراجەکەمان؟
ــ باوکم دڵنیگەرانە، ئەیەوێ بزانێ سەردار بەرنامەی چییە؟ سەری لێ شێواوە!
گوڵمحەمەد پێی نایە سەر زەوی و تفەنگەکەی لە سەر تەنوورەکە هەڵگرت و وتی:
ــ کاریان بە مەلا میعراج نابێ.
حەیدەر هەڵسا و وتی:
ــ باوکم خەمی تۆیەتی گوڵمحەمەد خان!

گوڵمحەمەد تۆزی سەر تفەنگەکەی بە ئاتەکی چۆخەکەی سڕییەوە و وتی:

ــ ئەزانم، دڵی منیش وام پێئەڵێ. بەڵام! مەلا میعراج خۆی چی وت؟ نەیوت ئەگەر لەبری گوڵمحەمەد بوایە چی ئەکرد؟!

ــ پێم وانییە کات و دەرفەتی ئەوە مابێ بیر لەوشتانە بکاتەوە. ئەو بەس ئەیویست بزانێ سەردار چی ئەوێ؟ نیگەران بوو، نیگەرانە. بەس ئەوەی لێتێگەیشتووم. ئەبینێ، بینراوە کە ئاڵقەی گەمارۆ سات بە سات تەنگتر ئەبێتەوە. ئێستەش باوکم پێی وانەبوو تۆ لێرە ببینم. وامان ئەزانی تۆ سەرکەوتووی بۆ شاخ. باوکم هیوای وابوو تاکوو ئێستە ئێرەتان چۆڵکردبێ، دامەزرابێتن. منیش ناتوانم باوەڕ بکەم سەردار! ئێمە ئەو هەمووە دڵنگەرانین و تۆ لێرە دانیشتووی بە ئیشتیا و بە سەرسۆنگە بەرچایی ئەخۆی. ئەڵێی ئەوان بە تفەنگ و سەرەنێزەکانیانەوە دێن بۆ میوانی! من بڕوا ناکەم، من خەریکم دوو شک ئەبەم. نازانم، ئێستەش ئەگەر پلانێکی تازە هەیە بە منی بڵێ با منیش باوکم ئاگادار بکەمەوە!

گوڵمحەمەد بە وردی ڕوانیە گەنجە شەڵەژاو و هەڵچووەکە، پاشان نیگای نامۆی خۆی بڕییە خانئاپۆ و قوربان بەلووچ و ئەوسا وتی:

ــ جەنگ ئەبەین بۆ کێو حەیدەر. لێرە یان لە هیچ گوندێکیتر دەس ناکەینەوە. نامانەوێ خوێن لە لووتی تاقە کەسێک بێت لەم جەنگەدا. لێرە نامانەوێ یەک فیشەکیش بتەقێنرێ. بەرەنجامی ئەم جەنگەش هەر لە ئێستەوە دیارە و ئێمە نامانەوێ خوێنی کەسیتر بە فیڕۆ بچێ. حکوومەت سەری منی ئەوێ، سەری گوڵمحەمەد. سەری سەرشکاو، یان سەری سەربڕاوی گوڵمحەمەد. لە لایەن گوڵمحەمەدەوە زۆر سڵاو لە مەلا میعراج بکە و پێیبڵێ، ئەگەر بڕیار وابێ هاونمەکی تۆ سەر بدات، سەری بڕاو ئەدا نەک سەری سەرشۆڕ. لە لایەن منەوە بە میعراج بڵێ ڕەنگە ئیتر یەکدی نەبینینەوە، بەڵام ئەوەی

کە ئەبینم لەم تەنگەژە و دژوارییەدا نیگەرانی ئێمەیە، ڕێز لەو هاودڵیەی ئەگرم. بە مەلا میعراج لە لایەن منەوە بڵێ کە ڕێزی ئەو هاودڵیەی ئەزانم و هیوام بە ژیان پتر ئەبێ کاتێکە ئەبینم ئەوەندەش بێکەس و بێگانە نیم!

گوڵمحەمەد ڕوانییە حەیدەر، وەک بڕوانێتە برایەکی بچووکی خۆی. پاشان بزەیەکی نەرم بە سەر لێویەوە و بە ڕووی خۆشەوە وتی:

ـ خوا تۆ خۆش بکا بۆ مەلا میعراج، حەیدەر. هیوام وایە تەمەنت درێژ و ژیانت پڕ لە کامەرانی بێ.

حەیدەر نەی ئەتوانی بڕوانێتە چاوەکانی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد بە دەم قسەکردنەوە لێی نزیک ببوویەوە و حەیدەر ئەوا گەرمای بوونی گوڵمحەمەدی لە بەرامبەر خۆیدا هەست پێئەکرد و نەی ئەتوانی چاو لە خەوش و خاڵی بەرپێی هەڵگرێ. گوڵمحەمەد دەستی برد و پشت ملی حەیدەری گرت، سەری گەنجەکەی بەرزکردەوە، ڕوانیە چاوە ڕەش و تەڕەکەی و وتی:

ـ ئێمە جەنگ ئەبەین بۆ کێو، حەیدەر. دڵنیگەرانی مەلا میعراجیش زۆر ناخایەنێ. کولۆگورج کۆتایی پێدێ، زۆر زوو.

حەیدەر بەس توانی بڵێ:

ـ سەردار!

جەوانە، زۆر جەوانە. ناتوانێ کوڵی دەروونی بشارێتەوە. شەرم و شوورەیی جەوانی هێشتاش لە نیگایدایە. بڕوای بە زەبرو زەنگی ڕۆژگار هەیە، بەڵام جارێ خۆی تاقی‌نەکردۆتەوە. باسی مەرگ و کوشتن و بڕینی بیستووە، بەڵام خۆی تاقی نەکردۆتەوە. مەرگ بەس لە ناو تویکڵی وشەدا ئەناسێ، نەک لە بڕوا و تێگەیشتنی خۆیدا. بۆیەشە نزیک بوونەوە لە مەرگ، ئاگاداربوون لە ئەنجامی مەرگ چاوەکانی لە ناباوەڕی و حەپەساندا داچەقاندووە. ئەو هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە کە مەرگ لە هەموو هەناسەدانێکدا میوانی مرۆڤە. گەنجە، زۆر گەنجە. بلا

چاو و ڕوومەتی لە سینەی گوڵمحەمەددا بشارێتەوە. بلا پەنجەی سەخت و پڕ لە ژانی لە بازووی گوڵمحەمەد بچەقێنێ. لێی گەڕێ؛ نەخوازە با فینگە فینگ بگری. لێی گەڕێ با بوغزی بتەقێنێ و لێی گەڕێ با بە کوڵ بگری. جەوانە حەیدەر، زۆر جەوانە.

ــ سەردار! سەردار! گوڵمحەمەد!

ــ نە ئیتر، حەیدەر گیان. ژن لەم ناوەیە، نا ئیتر حەیدەر گیان. تۆ بەو گریانەی خۆت نرخی مەرگ ئەبەیتە سەرەوە!

ــ براکەم! گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد حەیدەری لە سینەی خۆی کردەوە، بەڵام حەیدەر هەروا شانی ڕائەتەکاند و بە کوڵ ئەگریا.

گوڵمحەمەد ئەوی لەگەڵ خۆی خستە ڕێ و وتی:

ــ ئیتر بەسە حەیدەر. دڵم سست مەکە براکەم. درەختی بەردار چوار وەرزی ساڵ سەوز نییە. دڵم سست مەکە، ئێمە هێشتاش وچانێک ڕێمان لەبەرە.

ــ ڕێگەم بدە لەگەڵت بێم گوڵمحەمەد!

حەیدەر ئەمەی وت، پێی لە عەرز چەقاند و خاچ لە چاوەکانی گوڵمحەمەدی ڕوانی، تەختی ڕوومەتی پڕ بوو لە فرمێسک. گوڵمحەمەد بە دەسڕە هەورێشمەکەی خۆی چاو و ڕوومەتی گەنجەکەی سڕییەوە، خستیەوە ڕێ و وتی:

ــ شێت بووی مەگەر؟ نە برای شیرینم، نا! ئێمە ئەچین بۆ جەنگێک کە سەرەنجامەکەی دیارە. ئێمە ناچارین ئەو جەنگە بکەین برا ئازیزەکەم، بەڵام تۆ ناچارنیت. پێت وانەبێ ئێمەش شێت بووین، نەخێر، ئێمەش دێوانە نین. ژیرین، بەڵام ناچارین. بە ڕاست یان هەڵە کارێکمان دەستپێکردووە و ئەبێ تا کۆتایی بیبەین. پێمان ناوەتە ڕێگەیەک و ئەبێ تا ئاخری ئەو ڕێگایە بڕۆین و ئەو بارەی کە بە زانراوی یان بە نەزانی گرتومانە بە کۆڵەوە بگەیەنینە مەزڵ. حەز ئەکەم ئەمە بە ئاشناکەمان مەلا میعراجیش بڵێی؛ هەم پێشی بڵێی ئەمە دوا مەزڵی ئێمەیە.

بەڵام تۆ! تۆ جەوانی حەیدەر. منیش هیوای تەمەنێکی پڕ لە کامەرانیت بۆ ئەخوازم.

حەیدەر جارێکی‌تر پێی سست کرد و وتی:

ــ سەردار!

گوڵمحەمەد بەڵام دەرفەتی پێنەدا، شانی گەنجەکەی لە ناو پەنجەکانی‌دا گوشی و وتی:

ــ ژیان حەیدەر، ژیان! بڕوا ئەکەی پڕ بە دڵ حەزم ئەکرد وەک ئێستەی تۆ جەوان بوایەتم؟ جەوانی براکەم، جەوانی. جەوانی و ژیانیان وتووە. نرخی بزانە حەیدەر! ئێستە کە بیری لێ‌ئەکەمەوە، ئەبینم، هەر هەمووی، سەرتاپای، هەموو ئەوکارانەی کە ویستبووم بیکەم هەمووی بۆ ژیان بووە. بە ئەوینی ژیانەوە بووە. ژیان حەیدەر! بەهرەیەکە ژیان حەیدەر، بەهرەیەکە کە تەنها یەکجار دەست مرۆڤ ئەکەوێ و تەنها ئەو یەکجارەش دەرفەتی ئەوە هەیە کە نرخی بزانین. نەء، هەرگیز داوام لێ مەکە کە تۆ لەگەڵ خۆم ببەم کاتێکە دڵنیام سەرەنجامی ئەمکارە جەنگی ژیان نییە. بڕوانە برای ئازیزم، من نەمویست تەنانەت تفەنگچیەکانیشم ببەم بۆ ئەو قومارەی کە دۆڕانەکەی مسۆگەرە. جا ئەتەوێ تۆ، تۆی چەپکەگوڵ، بدەم بە دەم گوللەوە؟ ئەرێ؟ نەک پێت وابێ خۆم دۆڕاندووە، نەء. ئەمە بە مەلا میعراجیش بڵێ. نا برای خۆم، خۆم نەدۆڕاندووە. کاری من سەرەتا لە ناچارییەوە سەری هەڵدا، پاشان بە شانازی و تێڕادیوی درێژەی پەیدا کرد، ماوەیەکیشە بە ئاوەز شرۆڤەی ئەکەم و لەم دوا مەزڵەشدا ئەمەوێ بە ئەوین کۆتایی پێبهێنم. ئەم ئاگرە نەی تەنیەوە حەیدەر. ئەگەر پەرەگر بوایەت دەستم لە تۆ بەر نەئەدا. شتێک لە مندا کەم بوو و لەم ژیانەشدا شتێک خوار بوو، لە نێوان ئێمە و ژیاندا شتێک بە نامۆیی مایەوە، ئێمە یان درەنگ هاتین یان زوو دەرکەوتین؛ بەڵام هەرچی چۆن بوو لە کاتی خۆیدا نەبوو. ڕابرد و باشتریش کە ڕابرد. هەموو ڕۆژهەڵاتنێک، ئاوابوونێکیشی هەیە. هەموو جەوانیەک

پیری لە دوایە و، هەموو پیرییەکیش مەرگی هەیە. درەختی بە بەریش هەموو وەرزەکانی ساڵ ناتوانێ سەوزبێ. جا برۆ حەیدەر، سڵاوی هەمووومان بگەیەنە بە مەلا میعراج، تەمەنت درێژ بێ برا شیرینەکەم!

قوربان بەلووچ دەسکەوساری ئەسپەکەی حەیدەری لە تەموور وەرگرتەوە و دای بە حەیدەر. گوڵمحەمەد خۆی تا کۆڵان حەیدەری بەڕێ کرد. لە کۆڵان حەیدەر پێی لە زەنگۆ کرد و بەر لەوەی باژوێ وتی:

ـ دڵنیام لەوەی کە بەکتاش و جیهەن و سەید شەرزا لە سەنگرد لە ماڵی نەجەف ئەرباب خڕ ئەبنەوە. ئەوەم لەلا مسۆگەرە!

گوڵمحەمەد دەستی هەڵێنا و وتی:

ـ باژوە حەیدەر، ئەوانە سەمەندەر لە ئاگر ئەترسێنن، باژوە برام!

گوڵمحەمەد بە شیرین زمانی و دەست و باڵ ڕاوەشاندن ئەسپەکەی حەیدەری ڕەماند، ڕوانیە غاری ئەسپەکە و پاشان لێوخەندەران ئاوڕی لە قوربان بەلووچ دایەوە و وتی:

ـ خانمحەمەدم بۆ بانگ کە! پێی بڵێ لە گوند ئەچینە دەرەوە. بە سواری غاردە. تا ئێوە ئەگەڕێنەوە من هەواڵێکی پاڵەوانەکەمان سەبرخان ئەپرسم.

بە جووتە هاتنەوە حەوشە. بەلووچ بەرەو ئاغەڵ چوو و گوڵمحەمەد بەرەو ژوورەکەی سەبرخان. بەلووچ ئەسپەکەی لە ئاغەڵ هێنایە دەرەوە و گوڵمحەمەد لای کۆڵەکەی بەرهەیوان ڕاوەستا و ڕوانیە بەگمحەمەد.

بەگمحەمەد تاوێک لە بەر نیگای کاکیدا تاوی هێناو پاشان وتی:

ـ هیچی وا دیار نییە کاکە!

ـ جوان سەیری ڕۆژهەڵات بکە، خۆری بەرەبەیان چاو بە

هەڵەدا ئەبات!

گوڵمحەمەد ئەمەی وت و ڕووی کردە خانئاپۆ. خانئاپۆ لە سەر لێواری تەنوورەکە هاتە خوارەوە و گوڵمحەمەد پێی وت:

ــ زین ئەکەین خانئاپۆ!! فیشەکەکان دایە! زیوەر، ئەی زیوەر کوا؟

ماراڵ لە دەریزانی دەرگای باڵەخانە دەرکەوت. دەستی کوڕەکەی بە دەستیەوە، پشتوێن و فیشەکدانی ڕاست و چەپ و برنەوێک بە شانیەوە:

ــ زیوەر بەیانی زوو چوو بۆ لای ڕان!

گوڵمحەمەد یەک بە خۆی داچڵەکا و لە بەژن و باڵای ژنەکەی ورد بوویەوە. ماراڵ ماراڵ نەبوو. ئەو کەیبانووە تەڕچک و غەمگینەی پێشوو نەبوو، بەڵکوو ژنێکی شێرەژن بوو. لە نیگایشیدا ئەو هەست و دارەتە ژنانەیە نەمابوو، بەڵکوو وێ ئەچوو بە قەڵماسک بەردی لە کالانەی چاوەکانی چەقاندووە. گوڵمحەمەد وڕ ببوو و کەیبانووەکەی خۆی وەک دار و بەردی ماڵێکی داڕماو بە سەر شانیەوە هەست پێ ئەکرد. بەس ئەوەندەی پێکرا مشتەکانی لە تووڕەییدا ڕێک بگووشێ. ڕووی وەرگێڕێ و لە گەرووا بناڵێنێ:

ــ «ئەیەوێ دڵم لە بەر چاومدا ئەنجن ئەنجن بکات، دڵم!»

بڵقیس بە خوڕجینی فیشەکەوە هاتبوویە بەر هەیوان و لە هەوای نێوان کوڕ و بووکەکەیدا ڕاوەستابوو. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی بە سەر تووڕەییە لەپڕەکەیدا زاڵ ببێ، ڕوانیە دایکی و وتی:

ــ سەبرخان چۆنە؟

سەبرخان خۆی بۆ پێشوازی هاتبوویە دەرەوە. دەستێکی لە ملی هەڵبەسترابوو و دەستێکی بەدیوارەکەوە، هەنگاوێکی نا و ڕاوەستا. هەیڤۆ بۆ ئاگاداربوونی شووەکەی لەگەڵی هاتبوویە دەرەوە. هەرچەند خۆیشی گەلێک ژاکاو بوو بە هۆی بێزووی

دووگیانیەوە. گوڵمحەمەد پێی خستە سەر سەکۆی هەیوانەکە، چووە پێشەوە و بەرامبەر سەبرخان وەستا:

ــ خەریک بووم ئەهاتم بۆ سەردانت پاڵەوان، چۆناوچۆنی؟

ــ باشم! باشم. ئەبێ بڵێم وابزانە سەر لەنوێ لە دایک بوومەتەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ خەریکین ئەڕۆین ئێمە؛ ویستم تۆ ئاگادار بی!

سەبرخان لاواز دیار بوو، ڕوخساری بێڕەنگ و لێوی شین هەڵگەڕاو و کەم خوێن. نیگای ئارام و قووڵ و چاوەکانی بە قووڵدا چووبوون. لە گوتنەکەی گوڵمحەمەددا هیچ کاردانەوەیەکی پیشان نەدا. تاوێک ڕاما و پاشان بە هەمان نەرمی و کاوەخۆیی وتی:

ــ بە بێ من، بە بێ من ئەڕۆن؟ من بەتەنها بەجێ ئەهێڵن و ئەڕۆن؟

ــ ژنەکان سەبرخان. ئەتەوێ ژنەکان بە بێ سەرپەرشت بەجێ بهێڵین و بڕۆین؟

سەبرخان چاوێکی لە دەستە کۆڵەوارەکەی خۆی کە ئۆباڵی گەردنی بوو، کرد و وتی:

ــ لەبەر برینەکەم وا ئەڵێی؟

ــ نا، بەس ئەوە نییە، نا.

ــ بەدەستی ڕاستم ئەتوانم پیلکە بترازێنم.

ــ ئەوەیان ئەزانم. بەڵام! بەڵام خۆ ئەبێ پیاوێک بۆ ئاگاداری ژنەکانی بنەماڵەی کەلمیشی بمێنێ.

ــ مامە کەلمیشی خۆ هەیە و خاڵۆ عەبدۆسیش.

گوڵمحەمەد کاکیلەکانی ڕێکگووشا و هەولیدا تووڕەییەکەی بخواتەوە:

ــ بۆ ئەوەندە پێی لێ ئەچەقێنی سەبرخان؟! تۆ خەریکی ئەبی بە باوک!

سەبرخان سەری داخست، لێوی خۆی کرۆشت و وتی:
ــ زانیبووم!
گوڵمحەمەد گەڕایەوە. ماراڵ لە پلیکانەکان هاتبوویە خوارەوە و ئەوا لە بەرامبەر گوڵمحەمەددا وەستابوو. گوڵمحەمەد بۆ تاوێک لێی ڕوانی.
ماراڵ هەروا ڕاوەستابوو، بە گوڕ و ڕاوەستاو خاچ لە چاوەکانی شووەکەی ئەڕوانی. گوڵمحەمەد نەک بە تووڕەییەوە بەڵکوو زۆر بە پەژارەوە پێی وت:
ــ ئەتەوێ بە ڕژانی خوێنی خۆت دڵم لە پێش چاوەکانمدا ئەنجن ئەنجن بکەی؟!
ماراڵ بە بێ ئەوەی لە چاوی پیاوەکە وەرگێڕێ، ڕەق و سارد وتی:
ــ تۆ حەز ناکەی دڵت لە بەر چاوتا لەت لەت بکەن، بەڵام ئەتەوێ من بمێنم و ببینم دڵم لە بەر چاومدا لەت لەت ئەکەن؟! ئەمە چ شێوازێکی دادگەرانەیە؟
ــ ماراڵ، من شەو تا ڕۆژ بوویەوە لەگەڵ تۆ قسەم کرد!
ــ نەخێر، تۆ شەو تا ڕۆژبویەوە خامۆش بووی!
ــ قسە یەک وشەیە، ژنەکەی من!
داماو و بێ توانای خۆراگرتن لەبەرامبەر ئەو هێزە سەیرەی کە بە سەریدا زاڵ ببوو، گوڵمحەمەد ڕووی وەرگێڕا و لە سەر سەکۆی بەرهەیوان کەوتە پیاسەکردن. بڵقیس خورجێنی فیشەکەکەی دانا و ئاوڕی لە ماراڵ دایەوە. بێدەنگیەکی کوشندە ئەو ناوەی داگرتبوو. ماراڵ پاڵی دابوو بە کۆڵەکەی هەیوانەکەوە، قاچێکی لە سەر لێواری سەکۆکە دانابوو و شەق ڕاوەستابوو و ئەیڕوانییە ڕێکردنەکەی گوڵمحەمەد. بڵقیس بەس توانی مناڵەکە لە تەنیشت دایکیەوە هەڵبگرێ و لەگەڵ خۆی بیباتە ژوورەوە. گوڵمحەمەد گەڕایەوە و سەیری ژنەکەی کرد. چاوەکانی ماراڵ هەر هەمووی نیگابوو و نیگای وزە بوو، وەک بڵێی بتوانێ بەرد

بسمێ و شەقی بکات. گوڵمحەمەد جارێکیتریش لە کەڵەوەی ترسناکی چاوەکانی ژنەکەیدا گرفتار ببوو و ئەم تووشبوونە لە جۆرێکی دی بوو. تەنانەت بۆ هەڵگرتنی بەشە فیشەکی خۆی لە خورجینەکەش نەی ئەتوانی پێ ببزێوێ. چونکە قاچەکانی لە زەوی چەقیبوون و خۆیشی ئەتوت تەلیسم کراوە. بە ناچار پاڕایەوە:

ـ ئازادم کە! ماراڵ!

سەهۆڵی چاوانی ژنە ئەتوت درزی تێ بوو و گوڵمحەمەد وتیەوە:

ـ ئازادم کە! ماراڵ. دڵم ئازادکە ژنەکەی من. دڵ لەدوو ئەگەر جیا ببمەوە، دڵ لەدوو ئەگەر جیاببمەوە، دەستەکانم شەپڵە لێیان ئەدا. دڵ لەدوو ئەگەر جیا ببمەوە، بەر لەوەی بمکوژن، گیانی خۆم دۆڕاندووە. دڵم گەرم دابێنە ماراڵ، دڵم گەرم ڕابگرە. ئێستە کە وای لێهاتووە با بە دڵی ئاسوودەوە بچم بە پێشوازەوە. ماراڵەکەم! تۆ مەمکوژە!

ـ تۆ من ئەکوژی گوڵمحەمەد، تۆ من ئەکوژی بەم جیابوونەوەت!

ـ کات درەنگە ژنەکەی من، کات بەرتەنگە. بەڕێمکە بڕۆم دایکی ڕۆڵەکەم! دایـ ـ ـە!

بە نەعرەتەی لە پڕی گوڵمحەمەد، بڵقیس لە ژوورەکە دەرپەڕیە دەرەوە. لەوە زیاتر پێویست بە ئاخافتن نەبوو. بڵقیس تێگەیشتبوو، گوڵمحەمەد لە نەعرەتە تووڕەکەیدا داوای چی لێ ئەکات. بڵقیس ئەبوایە بووکەکەی لە سەر ڕێ دوور بکاتەوە. هاتە بەرەوە، مەچەکی دەستی ماراڵی گرت و بەرەو دەرگای ژوورەکە بردی:

ـ مەبە بە ماری سەر ڕێگەی کچم!

گوڵمحەمەد جارێکی دی هاتبوویەوە بە خۆیدا. بەرەو خورجێنی فیشەکەکان ڕۆیشت و هەیقۆی بانگ کرد:

ـ وەرە بەشیان بکە دۆت مام!

پاش وتووێژەکەی لەگەڵ گوڵمحەمەد، سەبرخان ڕووی وەرگێڕابوو و خزابوویە هۆدەکەوە. هەیڤۆش بە دوای شووەکەی‌دا ڕۆیشتبوو و ئەوا لە سەر داوای گوڵمحەمەد هاتبوویە دەرەوە، گوڵمحەمەد پێی وت:

ــ دەمانچەکان لە بڵقیس وەربگرە و بیانخەرە سەر فیشەکەکان.

خانئاپۆ خەریکی زینکردنی ئەسپەکەی بەگمحەمەد بوو. ئەسپێکی سوور بە سمدەستی سپی و ناوچەوانی قەشانەوە، گوڵمحەمەد لە بەردەم مامی ڕاوەستا، دەستی هێنا بە یاڵی ئەسپەکەدا و وتی:

ــ ئەسپەکان ئەبەین بۆ لای ڕان و لەوێ بەرەڵڵایان ئەکەین، پێت چۆنە؟

خانئاپۆ ڕەق و سارد وتی:

ــ ئا، بەڵێ. باشە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ زیوەر و شێرۆش لەگەڵ عەبدۆس چوون بۆ لای ڕان، ئەوانیش لەوێ ئەبینین.

خانئاپۆ جارێکی دی وتی:

ــ ئا، بەڵێ. باشە.

وشک بوونی گوتەی خانئاپۆ سەرمایەکی لە ناکاوی خزاندە ئێسک و دەماری گوڵمحەمەدەوە. پێڵووی داکەوتوو و نەڕوانینی لە گوڵمحەمەد ئەوەندەی تریش ئۆقرەی لە بەر ئەبڕی. بۆیە گوڵمحەمەد بێ پەروا وتی:

ــ چی ئەبینم خانئاپۆ؟ دڵت لای کارەکەت نییە!

ــ دڵم؟ ئەی! دڵم بۆ لای کارەکەم نییە؟

ــ وا تێگەیشتم خانئاپۆ، وا تێگەیشتم کە بیرت لە لایەکی‌ترە. لە شوێنێک یان لە لای کارێکی‌تر!

خانئاپۆ پاش بەستنی بەرەزمانەی بەرتەنگەی ئەسپەکە،

لەو بەری هیلالی زینەکەوە لە نیگای ورووژاوی گوڵمحەمەددا، هێوری خۆی پاراست و پاشان بە نەرمە خەندەیەک لێوی هەڵبڕی وتی:

ــ وشیاری ئاپۆگیان، وشیاری. واشبوو. ئەندێشەم لە شوێنێکیتر بوو. خەریک بووم بیچم و بەچکی خۆمم سەیر ئەکرد.

ــ بیچم و بەچکی خۆت؟!

ــ ئا، بەڵێ. خەریک بوو سەیری خۆمم ئەکرد. خەریک بووم خۆم، سەری بڕاوی خۆمم ئەبینی!

ــ خانئاپۆ!

خانئاپۆ بەرتەنگەی ئەسپەکەی تاقیکردەوە و پرسی:

ــ سەرت سووڕما؟!

گوڵمحەمەد تاوێک تەوێڵی لە سەر گرێی مشت و مشتی لە سەر بەرکۆی بەرینی ئەسپەکە ڕاما، پاشان سەری هەڵێنا و بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بڕوانێتە چاوی خانئاپۆ، وتی:

ــ نا خانئاپۆ، سەرم سووڕنەما. بەڵام! شتێک هەیە ئەمەوێ پێتی بڵێم!

ــ بڵێ و بە ئاشکرا بیڵێ!

گوڵمحەمەد لێوی بە ددانگرت، تاوێک خامۆش بوو و پاشان بە دژواری کەوتە گۆ:

ــ تۆ خانئاپۆ، ئەوەندەی من لە بیرم بێ زۆر دڵت بە ژیانەوە بووە. ڕاستیەکەی شەیدای ژیان بوویت و گومانم لەوەدا نییە کە هێشتاش ئەوینداری. جا بۆیە! ئەمەوێ پێم وتبێتی! پێم وتبێتی کە گوڵمحەمەدی تۆ زیز نابێ... من دڵم لێت نایەشێ ئەگەر! ئەگەر حەزت لەوە بێ هێشتاش بژی!

خانئاپۆ لە ماوەی قسەکردنەکەی گوڵمحەمەددا، بە دەمی نێوە ئاواڵە و ناوچەوانی گرژەوە، خێسەی لە لێو و دەمی گوڵمحەمەد بڕیبوو و هەر وشەیەکی گوڵمحەمەد توانای

سمین و کاریگەری نیگای خانئاپۆی پتر ئەکرد؛ بە ڕادەیەک کە قسەکردنی بۆ کابرا دژوار و دژوارتر ئەکرد. کاتێکیش کۆتایی بە گوتەکەی هێنا هەستی کرد عارەقەی سارد لە گازەرەی پشتی نیشتووە. خانئاپۆ پاش تەواو بوونی قسەکەی گوڵمحەمەدیش تاوێک هەروا لێی مۆر بوویەوە، بە ڕادەیەک کە گوڵمحەمەدی سەردار بە ئاشکرا هەستی بەوە کرد زۆر بە سەختی خۆی لە بەر سەرمای نیگای خانئاپۆدا ڕائەگرێ. قسەی تریشی بۆ نەئەگوترا. چونکە لەم جۆرە ساتانەدا مەترسی ئەوەی قسە ببرێ بۆ لارێ سەد جار پتر ئەبێ و چ جایە ببێتە هۆی تێکچوونی هەموو ڕێز و خۆشەویستیەک. بۆیە ناچاربوو خۆی لەو تەنگژەیەی بە دەستی خۆی پێکی هێنابوو، ڕزگار بکات.

ــ دڵم بەژیانەوەیە، ئا بەڵێ. ئەوینداری ئەم ژیانەم، ئا بەڵێ. ئەوەندەی هەبووم من ژیانم لێخوڕیوە و هەتا بشمێنم هەر لێی سوار ئەبم، ئەمەش شتێکی مسۆگەرە. بەڵام تۆ گوڵمحەمەد، تۆ هەر ئەوەندەت لە ئاپۆی خۆت ڕابینیوە؟ تۆ منت تەنها بەو یەک نیشانەیەوە ناسیوە؟ تۆ تا بە ئەمڕۆ بەس بەو چاوەوە سەیری منت کردووە؟!

گوڵمحەمەد، کام و زمانی وەک خشتی سوورەوەکراوی لێهاتبوو و بەس ئەوەندەی پێکرا بڵێ:

ــ ئاپۆ گیان!

خانئاپۆ زینکردنی ئەسپەکەی بەگمحەمەدی تەواوکردبوو و دەستی لە یاڵی ئەسپە بەجێماوەکەی مەدیار وەردا و وتی:

ــ بەڵێ مامەگیان هێشتاش بەو جۆرە ئەویندراری ژیانم، بەڵام تۆ پێم بڵێ! ئەو قسەیە یانی چی؟!

گوڵمحەمەد کە دیاربوو توانیوێتی جارێکیدی خۆی خڕبکاتەوە، لە مامی نزیک بوویەوە و وتی:

ــ خەجاڵەتم خانئاپۆ! ئەو قسەیەم بەس بۆ ئارامکردنی دڵی خۆم وت. دەک لەو دڵە خاوەن مردووەی من! من نامەوێ لەم دوا

چرکەیەی کۆتاییدا دڵ لە بەر بم، بەس ئەوەندە. بە کاکۆڵی بەگمحەمەد، خانئاپۆ جگە لەوە هیچ مەبەستێکم نەبوو. من و تۆ لە ژیانماندا دڵ ئازاد بووین لە یەکدی!

خانئاپۆ ڕووی وەرگێڕا، بە ئەنقەست نەیڕوانیە چاوەکانی گوڵمحەمەد و وتی:

ــ لە مردنیشماندا دڵ ئازاد ئەبین لە یەکدی!

خانئاپۆ لە نیگای خامۆشی گوڵمحەمەددا کەوتەوە کار و دەستی دایە بەرتەنگە و سەرتەنگەی ئەسپەکەی مەدیار و هەر لەو کاتەشدا وتی:

ــ ئەیی! تامەزرۆیی، حەزی ژیان! ژیان! ژیان! ژیان چی بوو؟ ژیانی من چی بوو؟ ژیانی من! ئەی داد، ئەی داد! ئادەمیزاد! ئادەمیزادی شیری خاو خواردوو! خۆزگە خۆی ئەیزانی چییە، کێیە. من کە نەمزانی، نەمزانی. بەس لەوە تێگەیشتم کە مرۆڤ تەنها بە نان و ئاو و هەوا زیندوو نییە. ئەوەم زانی و ئەزانم کە ئینسان بە ئینسان زیندووە. مرۆڤ بە ئەوینی مرۆڤەوە زیندووە و خانئاپۆی تۆ گوڵمحەمەد، هەتا ئەمڕۆ ئەگەر زیندوو بووە، بە ئەوینی تۆوە زیندوو بووە. ئەو ڕۆژەی ئاپۆی تۆ بە بێ تۆ زیندوو بێ، گوڵمحەمەد! ئەو ڕۆژە نەبێ و نەیەت ئەو ڕۆژە!

گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ زینی ئەسپەکە، لە بن ئاخوڕەکە هەڵیگرت و خستیە سەر پشتی ئەسپەکەی و باسی براکەی هێنایە ئاراوە:

ــ ئەو چی، خانئاپۆ؟ براکەم خانمحەمەد؟ خانمحەمەد چۆن ئەبینی؟

ــ کینە، ماهرکی خانمحەمەد کینەیە. ئەو زۆر دڵی نەداوەتە ژیان، چونکە دڵ و دەروونی سۆز و خۆشەویستی نییە. بەڵام ئەو گیانی بەستراوە بە ڕق ئەستوورییەوە. ئەگەر بیەوێ زیندوو بمێنێ، بەس بۆ ئەوەیە بتوانێ وەڵامی ڕق و قینی خۆی بداتەوە. ئەگەریش بکوژرێ بەر لەوەی تۆڵەی خۆی لە کەسانی وەکوو بوندار

کردبێتەوە، دڵنیام لە قەبریش‌دا ئارام ناگرێ. خەم و نیگەرانی ئەو بەس ئەوەیە کە هەندێ ناپیاو لە پشتەوە خەنجەریان لێداوین!

بە دوای دەنگی کرانەوەی دەرگاکەدا، بەلووچ و خانمحەمەدیش هاتنە حەوشەی سەرا. قوربان بەلووچ لەغاوی ئەسپەکەی خانمحەمەدی وەرگرت و خانمحەمەد، قەڵای ڕق و گرێی نەفرەت، بە هەنگاوی بڵیند و لووتی باریکیەوە یەکسەر بەرەو برا و مامی هات و پرسیاری کوڕی مەلا میعراجی کرد:

ــ چی تازەی پێبوو؟

گوڵمحەمەد چاوی بۆ دایکی گێڕا و بە خان‌ئاپۆی وت:

ــ تۆ بۆی بگێڕەوە خان‌ئاپۆ!

بڵقیس کوڕەکەی گوڵمحەمەدی کردبوویە قەڵاندۆشکان و بە شێوەیەکی هەماهەنگ بە ناو ژووری دانیشتن‌دا ئەهات و ئەچوو و ئەیویست وای دەربخات ئاگای نییە لەوەی لە نێوان کوڕ و بووکەکەی‌دا ڕوو ئەدات.

ماراڵ هەروا بە تاقمەوە، پاژنەی گیوەی هەڵکێشابوو و ئامادە لە سەر فەردەی گەنمەکە دانیشتبوو و، ناوقەدی ساردی تفەنگەکەی لە ناو دەستی‌دا ئەگووشا. سەری داخستبوو و مۆرببویەوە و ئەوەندەی لێوی خوارەوەی بە ددان گەستبوو کە لێوی تەڕچکی خوێنی تێزابوو.

گوڵمحەمەد پێی خستە ژوورەوە، بە ئەسپایی بەرەو شانی ماراڵ کشاو و ڕاوەستا. ماراڵ هەروا لە دارەت و ئەندێشەی خۆی‌دا بوو. گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ سەرپۆشی ژنەکەی کە خەرمانەی کەزیەی شاردبوویەوە و وتی:

ــ کاری تۆ دژوارترە لەو کارەی من لەبەرمە، ئەوە ئەزانم!

ماراڵ خامۆش بوو. خامۆش و مۆڕە لە خۆ، بە نیگایەکەوە کە ئەیویست عەرزەکە شەقار بکات. گوڵمحەمەد وتیەوە:

ــ دڵم وای نەئەویست ماراڵ، دڵم وای نەئەویست.

ماراڵ ئەتوت دڵ و زمانی دوانی نەبوو. ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش

بوو. جارێکی دیش گوڵمحەمەد زمانی پاڕانەوە و مل بەکوێنی هەڵبڕی:

ــ داوای گردن ئازادیت لێ ئەکەم... ماراڵ. لە من ڕازی بە. با بە دڵی گەرمەوە بچمە مەیدان. بڕوانە من، سەیرم بکە ژنەکەم. سەیرم بکە، با ئەندێشەم لە لایەن تۆوە ئاسوودەبێ. باشە! ماراڵ؟!

بڵقیس لە ژوورەکە چووبوویە دەرەوە و بە هاتوو چووەکەی خۆی بە ڕێکی دیوارەکەی بەرامبەری، گزنگی نیگای ماراڵی نەئەشکاند. گوڵمحەمەد بە نیوسوورێک ڕووبە ڕووی لە سەر زەوییەکە دانیشت و خۆی خستە بەر ئاراستەی نیگای ژنەکەی، ماراڵ لە چاوەکانی مێردەکەیدا ڕاما و گوڵمحەمەد هەستیکرد چاوەکانی ژنەکەی ڕەنگێکیتری پەیدا کردووە، ڕەنگێکی نامۆ، شتێکی وەکوو تاو دانەوەی وزەی قەوزەی قوڵایی بن جۆگەی ئاو، ئاوی نسێ و بێ هەتاو. سەوزیەکی زڵاڵ کە ڕەشی ئەکردەوە:

ــ بیرت لە کوێیە! ماراڵەکەم؟

قووڵایی چاوەکانی ژنە، قووڵایی شینی بێ هەتاو و زەڵاڵی چاوەکانی ماراڵ شکانێکی تێکەوت، سەوزییەکەی تار بوو و بریسکانەوەی بە زەڵاڵیی ئەسرین داپۆشرا. دەستی لە تفەنگەکە بوویەوە و نیشتە سەر چاڵایی شانی گوڵمحەمەد. ماراڵ دەستی برد بۆ کاکۆڵی پیاوەکەی و لێوی خوێناوی کەوتنە دوو، گوتەیەک کە زایەڵە و ئاوایەکی زۆر دووری هەبوو:

ــ قامیشەڵان! هەمیشە لە پشت زەلەکانەوە سەیرم ئەکەی! بە بێ تۆ چیبکەم گوڵمحەمەد؟!

بوغز و گلەیی برستی لێبڕی. گوڵمحەمەد هیچ وشەیەکی نەئەدۆزیەوە. ماراڵ بێ ئۆقرە و ڕەها لە خودی خۆی، سەری دانەواند و هەنیەی نایە سەر کاکۆڵی پیاوەکەی و وتیەوە:

ــ بە بێ تۆ چی بکەم گوڵمحەمەد؟!

ــ ئاخ! ئاخ! دڵبەندەکەم.

گوڵمحەمەد ئەمەی وت و ناخودئاگا وتی و ناخودئاگاش ڕابوو و ناخودئاگا بە ژوورەکەدا فڕکەی کرد، لای دەرگاکە ڕاوەستا، دەستی گرت بە دیوارەکەوە و خێسەی بڕییە ڕۆشنایی سەمەرەی ڕۆژ و، وشە لە ناخی هەناوییەوە بازرەقەی بەست و وترا:

ــ چقڵ لە دڵم مەچەقێنە ژنەکەم، چقڵ لە دڵم مەچەقێنە!

ماراڵ هەڵسا، بە لای شووەکەیدا تێپەڕی و لە پێش چاوی ئەو لە دەرگاکە چووە دەرەوە. ئارام و لەسەرخۆ پانایی بەر هەیوانەکەی بڕی، لە سەکۆی هەیوان چووە خوارەوە و پێی نایە سەر پلیکانەکانی باڵەخانە. تفەنگی بە دەستەوە نەبوو و قایشی فیشەکدانیش بە سەر شانیەوە نەئەبینرا. ماندوو و بێواز هەنگاوی ئەنا و لە چاوی گوڵمحەمەددا کۆمەوە ببوو و وا دیاربوو زۆر شکاوەتەوە. نەء، ئەم ژنە هیوا بڕاوەی بە پلیکانەکاندا سەرئەکەوت، ئیتر ماراڵ نەبوو. ئەو بەس یەک ژن بوو.

خۆ گاڵتە نەبوو ئاخر، گاڵتە نەبوو لێک هەڵپچڕانی پێکهاتووەکانی گیان. گاڵتە نەبوو و نەشئەکرا بە سووکی چاوی لێبکرێ. ڕاستیەکەی کارەسات بوو و نەئەکرا نەیبینێ ئەو چنگ و چڕنووکە خوێناوییەی لە چاوی ژیانی تۆ ئەچەقێ. گاڵتە نەبوو و ئاسان نەبوو بڕینەوەی ئەندام و ئاوەند و دەمارە وەرجاوەندەکانی ئەوین. نینۆک لە بنا دەرهێنانە ئەمە، بەند بەند لێک هەڵپچڕانە. جێگە و مەودای هۆسە نییە و گریانیش ناتوانێ کوڵ و کۆی دەروونی گڕگرتووت دابمرکێنێتەوە. نەخێر، ئەمە تان و پۆی گیانە کە خەریکە لە بەر یەک هەڵئەبچڕێ. پارچە پارچە بوونی تەنراوی ئەوین. دابڕان لە بوون و لە ژیان قرتاندنی دەزوویەک نییە بە ددان. چونکە گیان تاقانەیە و تەنراوە و هۆنراوە پێکەوە. ئەو لە تۆدا ئەژی و تۆ لەودا. ژیان و ژینگەی لە ناویەکدا. ئەو ساتانەی بوونت هەبووە، ئەوساتانەی بیرت کردۆتەوە، ئەوساتانەی چاوەڕێت کردووە. ئەو بزانەی بە ئەوینی ئامێزی ئەوەوە زاوەتە سەر لێوانت، ساتەکانی کەمتەرخەمی و ئەو ئازارەی لە دووری ئەودا

چەشتووتە، ئەو نیگایانەی لە گیانتدا شەپۆلی داوە و لە ناختدا ڕەوان بووە، ئەو هەناسانەی ئەو کە هەڵت مژیوە، ئەو مژۆڵانەی بە یادی ئەوەوە ترووکاندووتە، هەمووی و هەمووی لە شەپۆلدانی ئەندێشەی خۆش و ناخۆشدا تەنراوی گیانی تۆ و پۆپەشمینەی گیانی ئەوی تەنیوە. هۆنراوەتەوە لە ناو یەکدا، بووە بە یەک و بووە بە هی یەکدی، بوون بە یەک، تاقانە، بە نەخشێک و بە گەوهەرێک و لە ڕەنگێک. کەی ئەتوانی بەشی خۆت لەو خەرمانە جیابکەیتەوە؟ بوون بەیەک و یەکتان گرتووە، ئامێتە بوون، هەرچەند هەر کامە و بە قاچی خۆی بە سەر عەرزەوەیە.

نەء! جیابوونەوەی خود نالوێ، ناگونجێ. دەبانێکی ئەوێ دەبانێکی ئاودراو بە دەستێکی بێ بەزەییەوە. دەبانێک و دەستێک کە لە قوڵی دڕندەییەوە هاتۆتە دەرەوە. دەبانێک، تا ئەو جیهانەی، کە تۆی، شەق بکات. تا ئەم بوونە بکات بە دوو لەتەوە. ڕێگەیەک جگە لە دڵڕەقی نەماوەتەوە بۆ بڕینەوەی گیانێک کە لە هەتاوی ساتەکانی تەمەندا، جگە لە ئەوینی لێ نەڕواوە؟ نەخێر، جگە لە دڵڕەقی هیچ ڕێیەک نییە. ئەوەتا دەبان و دەست و دڵڕەقی، جا وەرە خۆت و ئەوینی خۆت بکە بە دوو کوتەوە. نەخێر، نە ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون ماوە و نە دەرفەتێک بۆ تیمارداری گیان. دەستێک هەڵێنە کە دڵڕەقیت هەزار جار لە خۆتدا هەزار پارچە کردووە. دەستێک هەڵێنە و خۆت شەق بکە. دەستێک! هەرچەند کە دەمی ڕووتی دەبانت لە چاوی هەتاودا، بریسکانەوەی نیگایەکە، کە بە گاڵتەوە لە مەلی مەرگی گیانت ئەڕوانێ*. دەستێک هەڵێنە بۆ شەقکردنی ئەوین.

ــ ئەسپەکان زین کران گوڵمحەمەد!

ــ سوار ئەبین خانئاپۆ!

بە ڕق و ورەو لێبڕانەوە، گوڵمحەمەد قاچی بەسینەی زەویدا کوتا و هاتە بن تاقی ئاسمان تا قەفەسەی سینەی لە هەوای خاوێن پڕبکات، چاوەکانی ئیتر لە کەس یان شوێنێکی نەئەڕوانی

و ئەگەر ئەشی ڕوانی، نەی ئەبینی، لە هەموو جیهاندا بەس ئەسپێک هەبوو و تفەنگێک؛ شەودێز و بڕنەوی زێوار زیو. جارێکی کەش لۆخەندان و ئاغەزوونەی کەمەربەندەکەی بە سەری پەنجە تاقیکردەوە و وەک تیغێکی ڕووت هەوای شەق کرد، چنگی لە یاڵی شەوە گیردا و خۆی هاوێشتە سەر زینەکە، یاڵ و ملی شەوە چەمایەوە، ئاوڕێک و نیگایەک ـ ڕەنگە دواین نیگا ـ لە ژیان و ئەوسا ڕۆیشتن.

لای سووچی تاقی هەشتیەکە، بانوو گوڵمحەمەدی خۆی ڕاگرت. گوڵمحەمەد بە قسەی کرد و سەری دانەواند. بانوو سینی ئاگر و ئەسپەندەرەکەی سێ جار بە دەوری کاکۆڵی گوڵمحەمەددا گێڕا و ئەوەی لە دۆعا و نزا ئەیزانی بە سەریدا خوێندی. ئەمە بەڵام ئۆخەی لە دڵی بانوو نەئەخست، سینی ئەسپەندەرەکەی لای قاپی ئاوەکە ـ ئەو ئاوەی کە کاتی ڕۆیشتن ئەبوایە بکرێ بە شوێنی گوڵمحەمەدادا ـ لە سەر سەکۆی داڵانەکە دانا و بەر لەوەی سوارەکەی تێپەڕێ، دەستی هەڵێنا بۆ ئەوەی سەر و کاکۆڵی ڕۆڵەکەی لە ئامێز بگرێ. گوڵمحەمەد دیسانەوە سەر و شانی دانەواند بۆ ئەوەی پیرێژن بتوانێ ماڵاوایی لەگەڵ بکات. بانوو دەستی لە ملی گوڵمحەمەد ئاڵاند، سەر و کاکۆڵی بە شانی خۆیدا گوشی و بۆ کات و ساتێک بەو جۆرە ڕایگرت، پاشان لە گوڵمحەمەد گەڕا سەری لە سەر شانی هەڵگرێ، بەڵام نەک دوور بکەوێتەوە. چونکە بانوو حەزی لەوە بوو تاوێک بڕوانێتە قووڵایی چاوەکانی ڕۆڵەکەی خۆی، هەرچەند پەردەیەکی شەرمی مناڵانە چاوەکانی گوڵمحەمەدی داپۆشیبوو. بۆیە ماچێکی کاکۆڵی ڕۆڵە و، هەڵوەستەیەک و ئەوسا جیابوونەوە؛ دەستی لە یاڵ و کاکۆڵی ڕۆڵە و، هەڵوەستەیەک و ئەوسا جیابوونەوە. دەستی لە یاڵ و کاکۆڵی سوارەکەی بە نەرمی دابەزاندە سەر قۆڵ و بازووی و پەنجە لە سەر ئاوزەنگی، هەنیەی نایە سەر ئەژنۆی سوارەکەی بۆ ئەوەی بوغزەکەی و شوومی گریانەکەی لە

چاوەکانی خۆی و ئەوانی‌تر بشارێتەوە.

گوڵمحەمەد هەرچەند پەلەی خۆ دەربازکردنی هەبوو، بەڵام نەی ئەتوانی باژوێت و بڕوات. ئەتوت ناتوانێ دڵی پیرێژن بشکێنێ. بۆیە دڵی خۆی ڕاگرتبوو و ڕاوەستابوو تاکوو بانوو بۆ خۆی دەست لە ئاوزەنگی بەربدات.

لە ڕاستە کۆڵانەکە، ستار و قوباد هاتبوون و سەیری دیمەنی گەردن ئازادیان ئەکرد. سات ساتی دابڕان بوو لە هەموو سووچ و کەنارێکی سەرادا. لەوێ، لە بن سەیوانی بەرهەیوانەکە خانمحەمەد دەسکەوساری ئەسپەکەی بە شانیەوە لای کۆڵەکەکە وەستابوو و دەستی بە کاکۆڵی تەمووروەوە بوو و نیگای ماڵاوایی و زمانی ڕاسپاردەی لە هاوسەرەکەی سەمەن. لێرە، لای ئاخوڕەکەوە، بڵقیس بوو بەگمحەمەدی ڕاگرتبوو و لە جگەرگۆشەکەی ئەڕوانی. بڵقیس دەستە زبر و گەورەکەی خۆی نابوویە سەر تەختی سینەی پانوپۆڕی خورتەکەی و لەبەرامبەریدا بە خامۆشی ڕاوەستابوو و ئەتوت هەزار ساڵە بە هەمان دارەت ڕاوەستاوە و یەکەم جارە ئەڕوانێتە بەگمحەمەد.

نزیک دەرگای ژوورەکەی سەبرخان، خان‌ئاپۆ لە بەرامبەر کچ و زاواکەی خۆیدا ڕاوەستابوو. کوڕەکەی گوڵمحەمەدی بە باوەشەوە بوو و کاکۆڵی هەوریشمینی مناڵەکەی نەوازش ئەکرد و خەندە لە سەر لێو، ئەیوت:

ـ داریان لە پشتتاندا شکاندبوو کە تا ئێستە کاکۆڵ بە سەرێکی ئاوەها دروست بکەن؟! بڕواننە ئەو چەپکە گوڵەم! کوڕێکی ئاوەهام لێتان ئەوێ. پاڵەوانێک کە بتوانێ ببێ بە دەستەبرای ئەم نازدارەم. بیگرە هەیقۆ!

خان‌ئاپۆ مناڵەکەی دا بە هەیقۆ، هێلەکەکەی لەبەرکرد و وتی:

ـ هەرچیم هەیە بۆ ئێوە، بەڵام خرتەکەم ئەبەخشم بەم گوڵەی خۆم. مناڵەکەتان ئەگەر کوڕ بوو ڕاسپاردەم ئەوەیە ببێ بە

کرێفی گوڵەکەی گوڵمحەمەد، ئەگەر کچیش بوو ئەوا من هەر لە ئێستەوە ئەیکەم بە دەزگیرانی ئەم گوڵەم. لە خوام گەرەکە سەد ساڵ تەمەنتان بێ و بتوانن ڕوخساری نەوە و نەبیرەتان ببینن. دڵتان خۆش بێ و سەرچاوەی ڕۆزیتان فراوان. دەی، ئیتر، با بەسمان بێ، بەسە ئیتر... ئەوە چیتە پیاو؟! سەبرخان... ئەیٔ! سەبرخان!

سەبرخان دڵی شکاوی خۆی بردە ناو هۆدەکەوە و چاوەکانی لە خانئاپۆ شاردەوە. هەیڤۆ فرمێسکی لە گۆنای سڕییەوە، تاوێک ڕوانیە ناوشانی پان و پاڵەوانانەی باوکی کە بەرە و ئەسپەکەی ئەڕۆیشت، پاشان بەرەو ناو دالان کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی کوڕەکەی گوڵمحەمەد بۆ دوا دیدار بدا بە باوکی.

خانمحەمەد مالاوایی دەست و زمانی لە هاوسەر و کوڕەکەی کۆتایی پێهێنابوو و بە دوای گوڵمحەمەددا ڕۆیشتبوو و، لای قوربان بەلووچەوە وەستابوو. خانئاپۆ لەغاوی بەرەو سەمەن و تەموور سووڕاند، لەبەرامبەریاندا هەڵوەستەی کرد، دەستی نایە سەر شانی تەموور و وتی:

ــ هێشتاش هیوادارم تەموور زمانی بکرێتەوە، بەرانێکم بۆ نەزر کردووە، کاتێکە زمانی کرایەوە، نەزریەکەی منت لە بیر بێ سەمەن. تۆ زۆرت ئازار چەشتووە، دنیا سەرتا پێی سەختییە؛ سەبر... سەبر... بەڵکوو توانیم خانمحەمەدتان بە زیندوویی بۆ ڕابگرم. دڵت مەدە بە دەست غەمەوە، سەمەن. دنیات چۆن بینیوە؟ سێوێک هەڵدە بۆ ئاسمان، هەزار خول ئەخوا. هێشتا خۆ هیچ نەبووە، ڕەنگیشە ئێمە ئەوانمان شکاند. فرمێسکەکانت بسڕەوە، دڵی تەموورت ئەشکێ. خواتان لەگەڵ!

خانئاپۆ ئەمەی وت، ماچێکی کاکۆڵی تەمووری کرد، لەغاوی وەرگێڕا و تفەنگەکەی کردە شانی. خانئاپۆ ئەبوایە لە بەر ناودالاندا بکەوتایەتە تەک ئەوانی دی، بەلام نیگای لە سەر بڵقیس و بەگمحەمەد گیرسایەوە. بڵقیس پەنجەی لە کاکۆڵی

وەردابوو و خەریک بوو ناوچەوانی کوڕەکەی ماچ بکات. خانئاپۆ هەرچەند حەزی لەوە نەبوو دڵ بدات بە دەست سۆزەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ ڕاوەستا و چاوی بڕییە دوا ماڵئاوایی بڵقیس و بەگمحەمەد. تاوێک لە خۆی بێخود بوو، بەڵام گرمەی دڵی زۆری نەخایاند و زوو، زۆر زوو بە سەر خۆیدا زاڵ بوو و دەنگی هەڵێنا:

ـ خوا ئاگای لێت بێ بڵقیس، سایەت هەمیشە بە سەر بنەماڵەی کەلمیشیەوە بێ!

بڵقیس بێ ئۆقرە بوو، هەرچەند خۆی ڕاگرتبوو. بێدەسەڵات بوو لە بەرامبەر هێرشی ئەو ئاگرەی بێ بەزەییانە بە ڕەگ و دەمارىدا ئەگەڕا و سەری ئەکوتا بە دیواری دڵیدا. بڵقیس خۆڕاگربوو، بەڵام نەی ئەتوانی شانەکانی کوڕەکەی لەباوەش نەگرێ، نەی لکێنێ بە سینگیدا و گیانی خۆی بە ئەسپاردە لای دانەنێ. بڵقیس هەستی ئەکرد دڵی خەریکە دەردێ، ئەیبینیی چاوەکانی خەریکن کوێراییان دادێ و، ئەیبینی قاچەکانی خەریکن گۆچ ئەبن. بڵقیس ئەیدی کوڕەکانی خەریکن ئەڕۆن و ئەمە بەس بە قسە خۆشبوو.

بەگمحەمەد چی پێ ئەکرا؟ بەس ئەیتوانی خۆی بکات بە بەرد و نەیخاتە خۆی. بۆیە دەستەکانی خستە سەر شانە دەرپەڕیوەکانی دایکی و بۆ دڵدانەوەی سەری نایە سەر شانی، چاوەکانی بەست و ماوەیەک لەو دارەتەدا مایەوە.

خانئاپۆ جارێکی دیش خەریکبوو خۆی بدات بەدەست سۆزی خۆیەوە. بەڵام ئەمجارەیان بەقەد چاوتروکانێکیش دەرفەتی بە خۆی نەدا، ناوچەوانی لێک نا، پێیهەڵگرت و بە دەنگێکی کورت و بەهێز ـوەک بڵێی لە بەر خۆیەوە، بەڵام نەک لەگەڵ خۆی- ئەو دۆخە کوشندەیەی شکاند کە خەریک بوو بە سەر سەرا و بنەماڵەدا زاڵ ببێ و وتی:

ـ ئەڕۆین!

گوڵمحەمەد لەغاوی کێشابوویەوە و نزیک ناودالان ڕاوەستابوو و کوڕەکەی بە سەر دەستەوە هەڵێنابوو. خانئاپۆ نزیک بوویەوە و دەمی بە پێکەنین کرایەوە. گوڵمحەمەد کوڕەکەی تۆزێ داگرت، بەرەو ڕووی خۆی ڕایگرت، تاوێک لە چاوەکانی ڕوانی و پاشان هەر لە سەر ئەسپەکەوە هەڵیدا بۆ خانئاپۆ و وتی:

ـ ناوی لێ بنێ... خانئاپۆ!

خانئاپۆ منداڵەکەی بە حەواوە ڕاگرت و ئاوڕی دایەوە. بلقیس و بەگمحەمەد ئەهاتن. هاتن، خانئاپۆ وتی: «مەدگوڵ» و منداڵەکەی هەڵدا بۆ بەگمحەمەد. بەگمحەمەد لەغاوی بەردا و منداڵەکەی بەحەواوە گرتەوە، کوڕە بە گوێرەی خووی هەمیشەیی لە سەر شانی مامی دانیشت، قاچێکی بۆ پشتەوە و قاچێک بۆ سەر سینەی، کاکۆڵی مامی -وەک بڵێی لەغاوی ئەسپ- بە چنگ گرت.

بلقیس چوو بۆ لای کوڕەکانیتری، گوڵمحەمەد و خانمحەمەد. گوڵمحەمەد بە سواری ئەسپەوە و خانمحەمەد هەوساری بە دەستەوە ڕاوەستابوو. بلقیس دەستی خستە سەر پیل و باهۆی خانمحەمەد و وەک بیژی بیەوێ بوونی ڕۆڵەکەی بەدەست هەست پێبکات، چاوی لێک ناو هەر بەو شێوەیەو و بە بێ ئەوەی دەست لە پیلی هەڵگرێ، سوورێکی تەواو بە دەوریدا سووڕا و ڕاوەستا. ڕاست لە بەرامبەر چاو و نیگای سارد و خامۆشی خانمحەمەددا ڕاوەستا و چاوی بڕییە چاوی. خانمحەمەد سەرەڕای هەموو سارد و سڕییەکەی، خۆی لە بەرامبەر نیگای دایکیدا پێڕانەگیرا و وەک منداڵێکی بێوەی، چاوی داخست و هەستیکرد چەناگەی تیژ و باریکی خەریکە ئەچەقێتە چاڵی سەر چەڵەمەی سینەی. بلقیس دەستی بە پیل و باهۆی خانمحەمەدەوە، بەرەو گوڵمحەمەدی برد و لای شانی شەودێزەوە، دەستی ڕاستی بۆ پاڕانەوە بەرەو ڕوومەتی گوڵمحەمەد بەرزکردەوە و وتی:

ـ وەرە با ڕوومەتت ماچ بکەم گوڵەکەی من.

بە ڕێزی دایکی، گوڵمحەمەد ئاوزەنگی بەتاڵ کرد و لە ئەسپەکە دابەزییە خوارەوە و لە وەڵامی ئەوینی دایکدا، سەری نایە سەر شانی و لێگەڕا تا بڵقیس ئەو و خان محەمەد، کوڕەگەورەکەی تاوێک لای خۆی ڕابگرێ. پەنجە درێژ و ئەستوورەکانی دایک، بە دەور سەری کوڕەکانیەوە ببوو بە کەڵەوە و ڕوخساری هەردووکیانی ئەگووشا بە شانەکانیدا و جووتە پیاو -خانمحەمەد و گوڵمحەمەد- وەکوو مناڵ بە ئاشتی خۆیان دابوو بە دەست دایکیانەوە.

ــ کچێ... بڵقیس!

ئەمە خانئاپۆ بوو کە بە گاڵتەوە دەنگی هەڵێنابوو، بەڵام ئەوینی بڵقیس ئەتوت کۆتایی نییە. خانمحەمەد سەری لە ئامێزی دایکی بەرزکردەوە و دەستەکانی بڵقیسی بەجارێ جێ هێشت بۆ سەر و ڕوومەتی گوڵمحەمەد. شانە لاوازەکانی بڵقیس ئەوا لە ئاڵقەی بازووەکانی گوڵمحەمەدیدا بوو. بڵقیس چاو و ڕووی نابوویە سەر شانی کوڕەکەی و بۆنی ئاشنای کراس و لەشی کوڕەکەی هەڵئەمژی. چەناگەی ڕەقی گوڵمحەمەد لە سەر تەوقی سەری دایکی لەنگەری گرتبوو و پێڵووەکانی کەوتبوونە سەریەک و وا پێئەچوو گوڵمحەمەدیش گیانی خۆی بەخشیوە بە سۆزی دایکانەی بڵقیس:

ــ دایە گیان! دایە!

بڵقیس هاتەوە بە خۆیدا. سەری هەڵێنا و هەردوو گۆنای کوڕەکەی بە بەری دەستیدا ڕاگرت، بە پاڕانەوەوە ڕوانیە چاوەکانی گوڵمحەمەد و وتی:

ــ دڵی دایکت مەشکێنە کوڕم، ژنەکەت بانگ بکە و بیبینە! گوڵمحەمەد!

ئاڕاستەی نیگای گوڵمحەمەد، سەر و چاوی ڕێبوارەکان بەرەو پەنجەرەی باڵەخانە سووڕا. چاوە فرمێسکاوییەکانی ماراڵ پڕاوپڕ پەنجەرەکەی داگرتبوو. لەوە زیاتر دەرفەتی خۆ خافڵاندن

نەبوو و هەروەها توانای خۆڕاگرتن.

گوڵمحەمەد لەغاوی بەردا و بەرەو پلیکانەکانی باڵەخانە، خۆی لە ناو ئاپۆڕەکە دەربازکرد و قەڵەمبازیدا، شاقەڵی چۆخەکەی بە دوایدا کەوتە فڕین. مارالیش لە پشت پەنجەرەکە هەڵکەنرا، لە دەرگاکە فڕکەی کردە دەرەوە و بەرەو خوار بوویەوە. جارێکی دی یەکبوونەوە.

خوێن لە سەر لێوەکانی مارال وشکەڵاتووە و وشە لە سەر زمانی گوڵمحەمەد گیانەڵایەتی:

ـ شەودێز! ئەدەم بۆتی! بهێننەوە!

# بەشی سییەم

## بەندی یەکەم

زیوەر ناز پەروەردە نەبوو. نەک مێلاقەی دەشت بەڵکوو دڕووی بیابان بوو، بەڵام ڕێگەی سەنگرد لە قەڵامەیدانەوە بە پێیپیادە و بە سواری ئەسپی ڕووت لە سەنگردەوە بەرەو قەڵامەیدان، لەشی لاوازی زیوەری کوتابوو و شەکەتی کردبوو. کە وا بوو ناوچەوانی گرژ و دەماری شاوڵی نێوان برۆکانی، هەروەها نیگای کە لە قوڵایی کاڵانەی چاوەکانیدا لە چەرمی سووتاو ئەچوو، ئەبێ بەرەنجامی ماندوێتی و سواری سەرپشتی ڕووتی ئەسپ بێ. بەڵام بە وردی ئەگەر لێی بڕوانیایەتی بۆت دەرئەکەوت کە وانییە. بەڵکوو ئەو گرژییە تاڵە و ئەو نیگا سووتاوەی زیوەر، نیشانەی ئاڵۆزیی بە ئازاری هەناوی بوو کە ژنەکەی گوڵمحەمەدی وەکوو چەرمی سووتاو لە بەر قرچەی خۆردا هەڵئەقرچاند و گرمۆڵەی ئەکرد.

زیوەر دەمێک بوو لە گۆ کەوتبوو و خامۆش مابوو. خامۆش و لێو بەمۆر تا ئەوڕادەیەی کە ئەتوت ئەو کۆسپ و کارەساتەی هەنگاو بە هەنگاو لێی نزیک ئەبێتەوە بە گیان وەریگرتووە و بە چاوی ئاوەڵەوە تێی ئەڕوانێ. نە نائومێد بوو و نەدڵ لەبەر. نە تووڕە بوو و نە غەمگین. چونکە پەژارە لە گومانی ژنەدا لەیستۆکێک بوو شیاوی کچانی تازە پێگەیشتوو و؛ زیوەر ژن بوو:

ـ «منم! ژنی گوڵمحەمەد!»

زیوەر نەچووبوو بۆ ڕان. لەگەڵ ئەوانی دی و بە دوای ڕانەکەدا، بەشەو لە قەڵامەیدان دەرکەوتبوو، بەڵام لەگەڵیان نەچووبوو بۆ ڕان. لە دەشتەوە خواری کردبوویەوە و بەرەو سەنگرد کشابوو. بە ناو تفەنگچیەکانی جیهەن سەردار و جەندەرمەکانی بەکتاشدا، کۆڵان بە کۆڵانی سەنگرد گەڕابوو. بە گومانی ئەوەی کە فێڵێک لە ئارادایە و ڕەنگە ئەو کلیلی کردنەوەی بێ، ڕێگەیان دابوو بۆ سەرای نەجەف ئەرباب. زیوەریان ئەناسی و هیوایان وابوو ژنە لە بەر ئێرەیی و بەخێڵی بردن بە بنەماڵەی کەلمیشی بەرەو لەشکری دوژمن هاتبێ.

بەڵام وا نەبوو. ئەی چی بوو؟

ـ «من! ژنی گوڵمحەمەدم!»

ـ دەی! ئیتر چی؟»

زیوەر وەکوو مناڵێکی پاکیزە لە جیهەن سەرداری ڕوانیبوو و داوای لێکردبوو ڕێگەی خۆی لاربکاتەوە و دەست لە سەر شووەکەی هەڵبگرێ:

ـ «گوڵمحەمەدی ئێمە گیان و دڵی پاکە جیهەن، گوڵمحەمەدی ئێمە خراپەی بۆ گیان و ژیانی خەڵکی نەبووە، دەستی لە کۆڵ بکەرەوە!»

جیهەنخانی سەردار بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە تەوسخەندێکی کردبوو و پاشان خودی سەرهەنگ بەکتاش هاتبوویە پێشەوە و وتبووی:

ـ «ئێستە لە کوێیە؟ مسۆگەر لە قەڵا مەیدان نییە؟ لەوێیە؟! لە کوێیە، ها؟»

زیوەر ئیتر نەی بیستبوو. بێدەنگ ببوو و لاڵ ببو و بڕابوو و زمانی لە گۆ کەوتبوو.

ـ «لە تۆیان پرسی گوڵمحەمەد لە کوێیە؟ ئێمە گوڵمحەمەدمان ئەوێ. شوێنەکەیمان پیشان بدە. شوێنی شووەکەت! زمانی ئادەمیزاد تێناگەی؟»

نەخێر! زیوەر ئیتر توانای ئەوەی نەبوو وەڵامی ئەو زمانە بێ شەرمانە، ئەو دژوێنە ناشیرینانەی بە گوڵمحەمەد درابوو، بداتەوە. بۆ شەڕکردنیش نەهاتبوو. ئەم دواین ڕێگەش زیوەر بڕیبووی و لەوە بەولاوە ئیتر ڕێگە و نیشانێکی دیکەی بەدی نەئەکرد. بۆیە خۆی کڕکردبوو تا ئەو کاتەی کە جیهەنخانی سەردار زمانی دزێوی سەرسەریەکان دابخات، کە جیهەن وای کردبوو و زیوەر یەخسیر کرابوو:

ــ «ڕاستیەکەی، ئێمەش بەڕێکەوت هەر ئێستە بەرەو قەڵامەیدان ئەهاتین.»

پاشان وەڕێ کەوتبوون.

لە ڕێگا بە نادعەلی چوارگوێشلی گەیشتبوون و ئەویان خستبوویە تەک خۆیان و پاشان نەزۆر لەولاترەوە ڕێگەیان بە حەیدەری مەلا میعراج گرتبوو و ئەویشیان وەرگێڕابوو. ئەنجامەکەی بڕێکی بمێنێ بۆ قەڵامەیدان، جووتیارانی پیادە -بەڵخی و عەزەنفەر و ئەوانی تریان- بینیبوو و ئەوانیشیان لەگەڵ عەباسجان و تفەنگچیەکی بەلووچ بەرەو سەنگرد بەڕێ کردبوو کە تا کۆتایی کارەکە لە سەنگرد ڕابگیرێن. لەوەو پاش جیهەنخانیسەردار دوو بەلووچی لەتەک شەیدا بەڕێکردبوو بۆ قەڵامەیدان کە هەواڵی ئەوێیان بۆ بهێنێ:

ــ «جگە لە پیاوێک کەسی کەلمیشیەکان لە قەڵامەیدان نەماوە.»

ــ «تەنها پیاوێک! ئەی ژنەکان؟»

ــ «کەموزۆر هەموویان لەوێن!»

شەیدا ڕووی لە نیگای زیوەر دزیبوویەوە و سوارەکان دابوویانە غار.

ئەگەر شەو بوایە دەنگی گورپەگورپی سمی لەشکری سوارە لە بێدەنگیدا ئەبیسرا و، ئەگەر کێشکێک لەسەربانی سەرای سەردار بوایە ئەیتوانی تارمایی و کەسمی سوارەکان

ببینێ. ئێستە بەڵام نە شەو بوو و نە گۆیار لە گۆیاری سەربانی سەرابوو. تەنها بانوو لە سەر سەکۆی دەرەوەی دەرگای سەرا لە بن تاقی هەشتیەکە دانیشتبوو و خێسەی بڕیبوویە کاوێژکردنی وشترەکە و کەس نەی ئەزانی بیر لە چی ئەکاتەوە و ئەندێشەی لە کامە بیابانی کاکی بە کاکیدا سەرگەردانە.

بانوو، خۆیشی ئاگای لەخۆی نەبوو. لەو ساتەوە گوڵمحەمەد و گوڵمحەمەدەکان کردبوویانە کۆڵان و لە چاو ون ببوون، بانوو ئەتوت چاوەکانی ئیتر هیچ نابینن. کاتی نیوەڕۆ، نان و چێشتی دەهۆڵ ژەنەکان ـ کلۆ و مەرحەبا ـ و عەبدولەڕەش و چیوەدارە کاشمەرییەکانی دابوو و پاشان سفرەی بۆ پاشماوەی بنەماڵەی کەلمیشی ڕاخستبوو. بەڵام جگە لە تەموور کەس نەهاتبوویە سەر سفرە. چونکە ژنەکان لە دەور سەری سەبرخان کۆ ببوونەوە.

ــ پاشۆرە، پاشۆرە بە ئاوی سارد. پەڕۆیەکیش تەڕ بکە و بیخەرە سەر تەوێڵی... هەیقۆ!

وڕاوەی سەبرخان بەڵام نەئەبڕایەوە. ئەتوت برینی جێ ددانی پڵینگەکە، وردە وردە خەریک بوو خۆی دەرئەخست. ژانی ئەمڕۆ بە یاوەوە هاتبوو. عارەقە نیشتبوویە سەر ڕوخساری، چاوی لێکنابوو، سەرو ملی بە هەموو لایەکدا با ئەدا و بێ ئۆقرە وڕاوەی ئەکرد:

ــ خەنجەر... خەنجەرەکەم... مناڵەکەم... عەبدۆس... خاڵۆ... خرتەکە... خرتەکە... خەنجەرەکەم عەبدۆس...مناڵەکەم بێ باوک بوو... دۆزەخی خوا... دۆزەخی خوا... دۆزەخ...

ــ ئارام ئەبێ، هەر ئێستە ئارام ئەبێ. ئەو جێوبانە بهێنە با پاڵ بدەم پێوەی. پیاڵەکە بدە بە من هەیقۆ، ئەو مناڵە لە ئاگرەکە دوورکەرەوە سەمەن!... ئەی بانوو لە کوێیە؟ پیاڵەی گیا کوڵیوەکە بدە بە من هەیقۆ!

ــ بیگرە دادە.

ــ ئەم گیا کوڵاوە هەڵقوڕێنە، ئەبێ بیخۆی سەبرخان،

گرفتاریمان زۆره!

ـ رانەکەم... ڕانەکەم لە کوێیە؟

ـ ران وا لە بیابان، عەبدۆسی لەگەڵە. مامەکەلمیشی و ئەوانی تریش لەوێن. نیگەران مەبە، ئەم پیاڵەیە هەڵقوڕێنە!

ـ تینوومە، تینوو بڵقیس.

ـ ئەی لەوسەرە سەرئاسێیەی من!

بانوو، پێشاوپێشی سوارەکانی جیهەنخانی سەردار کرا بەژووردا و، شالاوی لەشکری پیاوان بڵقیسی لە هۆدەکە هێنایە دەرەوە. سوارەکانی جیهەن لە دوولاوە سەرایان گەمارۆ دابوو و پەرەوارەکان ڕاچڵەکابوون و پەڕەوازە ببوون. جیهەن بەرو بڵقیس ئاژووت و لەبەردەمیدا ڕاوەستا.

بڵقیس لای دەرگاکەوە تا بەر هەیوانەکە چووە پێشەوە و شانی نا بە کۆڵەکەکەوە.

جیهەن بە سوار ئەسپەکەوە بوو و لە مناڵەکەی گوڵمحەمەدی ئەڕوانی. مەدگوڵ لای داوێنی کراسەکەی دایەگەورەیەوەی ڕاوەستابوو و ڕووی خۆی ئەشاردەوە. بڵقیس ئەوا ئەیتوانی جیهەن، ئەم سەردارە سەرحەدییە لە نزیکەوە ببینێ. پیاوێکی مامناوەنجی، چوارشانە، ئێسکدرشت، بەخۆ و بالابەرز و ڕەشتاڵە. ڕوخساری وەک خشتی سوور، چاوەکانی کلی لێدرابوو و بیبیلەکانی وەکوو ئەڵماس ئەدرەوشایەوە و نیگای وەکوو کەوەمار. ئەمە جیهەن بوو، خودی جیهەن. پیاوێک بە دەستی درێژ و پەنجەی ئەستوور و مۆرەوە، ئەوەندەش چالاک کە لە چاولێک نانێکدا شانی دانەواند و بە خێرایی هەڵۆیەک مناڵەکەی گوڵمحەمەدی لە بەر کۆشی بڵقیس هەڵگرت و ئەوەندەی ژنە بێتەوە بە خۆیدا، مەدگوڵی لە ناو چنگی جیهەندا لە سەر بەکۆی زینەکە باڵە فرتێی ئەکرد:

ـ ئا؟!

ـ دایکی گوڵمحەمەدی سەردار، ئێمە نەریتی یەکدی باش

ئەناسین، کێ چووزانێ هەرئێستە لوولەی تفەنگ نیشانەی لە سینەی من نەگرتبێ؟! جا باشتر وایە ئەم منالّە لە سەر سینەی من بێ!

ــ جیهەن، ئێمەش تۆ ئەناسین و باش ئەزانین تۆ پیاوێک نیت خۆت بخەیتە بەر گولە! نەء جیهەن، تۆ ئەگەر هەستت بەوە بکردایە دەستێک ماوە کە گولە بە سینەی تۆوە بنێ، هەرگیز پێت نەئەخستە سەرای گوڵمحەمەدی سەردارەوە! چونکە تۆ وا ڕاهاتووی هەمیشە لە ئەسپی زینکراو سوار ببی. ئێمە تۆ ئەناسین جیهەن، هیچکات لە ڕووبەڕووەوە پەلامار نادەی، هەمیشە لە پشتەوە ئەگەی!

ــ ئیترچی، دایکی گوڵمحەمەد!

ــ ئاوزەنگی بەتاڵکە جیهەن، دابەزە! ئێرە کەسی لێ نەماوە کە تەقە لە تۆ بکات. جگە لەوەش کەی بیستووتە کوڕەکانی من لە ماڵ و ڕەوەندی خۆیان خەڵکی ڕاوبکەن؟ نەخێر جیهەن، کوڕەکانی من ئەو جۆرە خووەیان لە منەوە پێنەگەیشتووە، دابەزە!

ــ متمانە بە قسەکەت ئەکەم، بیگرە کۆرپەکەت و بڵێ زەرکێک ئاوم بۆ بهێنن.

زەرکی ئاوەکە لە دەستی جیهەندا دەستاو دەست گەڕا. جیهەن لە سەر لێواری بەرهەیوانەکە دانیشت و زەرکی ئاوەکەی برد بۆ دەمی.

ــ سوارەکانت چی ئەخۆن بۆیان ئامادە بکەم؟ نان و خۆرشت یان بەس چا؟

ــ ئاو، نان و بەرچاییان خواردووە و فێرە چاش نین.

بڵقیس لە بابقولیبوندار وەرگەڕا و تێیڕوانی و وتی:

ــ تۆچی... نمەک بە حەرام، دیسانەوەش خرتی پەروارت بۆ سەربیڕمم؟!

بوندار خۆی دایە پەنای شانی پانی جیهەن و پەروای نیگای

بڵقیس وتی:

ــ کار لە کار ترازاوە دادە بڵقیس، کار لەکار ترازاوە. ئەم ڕووداوە درەنگ یان زوو ئەبوایە ڕووی بدایەت. گوڵمحەمەدی تۆ نەی ئەتوانی هەتا قیامەت یاخی بیابانەکان بێ. ئەو خۆیشی چاوەڕوانی ئەم ڕۆژ و ڕۆژگارەی بۆ خۆی ئەکرد. گوڵمحەمەدی تۆ ئەگەر ئامۆژگاری هەڵبگرتایەت ئەم سوارانە ئێستە لێرە نەئەبوون. بڵێ زەرکێک ئاویش بدەن بە من.

ــ ئاوی بدەن، ئاو بدەن بە شمر! چەندە زۆر، چەندە زۆر مرۆڤم بینی لەم ژیانەدا. ئادەمیزاد، دوو پێ و دوو دەست و دوو گوێ و دووچاو و کەپۆیەک! ئادەمیزاد! ئادەمیزادم زۆر بینیوە. ئەو ئادەمیزادانەی قسەیان ئەکرد، ئەڕۆیشتن، نانیان ئەخوارد و ئەخەوتن. ئادەمیزاد، هەی! چەندەم بینی ئادەمیزاد! وای لێهاتووە تۆی بابقولیبونداریش تفەنگت هەڵگرتووە و هاتوویت بۆ کوشتنی کوڕەکانی من، بۆ کوشتنی گوڵمحەمەدەکان، ئەرێ؟

زەرکی ئاوەکە گەیشتبوویە دەستی بوندار و ئەیویست خامۆشیەکەی خۆی لە خواردنەوەی ئاودا ون بکات. بڵقیس بەڵام لێی نەگەڕا:

ــ لام سەیر نییە، هیچ لام سەیر نییە. هەرئێستە ئەگەر دەست ببەم بۆ تەوقی سەرم و هەست بکەم لە پڕ چوارشاخ لەسەرم ڕواوە، دیسانەوەش سەرم سووڕنامێنێ. بەڵام بوندار بەحەق کە تۆ پیاوی جەنگیش نیت. تۆ تەنها بێروومەتی. تۆ ئەتەوێ زمانی کوڕەکانی من ببڕی کە قەرزەکەت داشکێنێ، ئەی بێغیرەت، ئەگینا تۆ لە کوێ و بانگی برنەو لە کوێ؟! بەڵام بوندار! بۆ تاقە ساتێک بیری لێبکەرەوە کە ڕەنگە مووزاتێک ڕووبدا و یەکێک لە پیاوەکانی کەلمیشی، تەنها یەکێکیان بە زیندوویی دەربچێ. ئەو ڕۆژە بهێنە بەر چاوی خۆت بوندار، ئەو ڕۆژە من ئیتر ناتوانم بەر بە ڕق و تینی کوڕەکانم بگرم! ئەو ڕۆژە بوندار چ دۆزەخێکت بۆ دروست ئەبێ. دەی! سەردار جیهەنخان،

ئێستە من ئەبێ چی بکەم؟ من ئەبێ چی بکەم کە دەستی ئێوە بۆ بڕینی سەری کوڕەکانم ئاوەڵەتر ببێ؟ وایە. دیارە هەر بۆ ئەوە هاتوون بۆ ئێرە؟ یان... یان ئەتانەوێ بەر لە کوشتنی کوڕەکانم خانەدان و دار و نەداریان بە تاڵان بەرن؟ ئەگەر وایە جیهەن. با پێت بڵێم کە دارو نەداری کوڕەکانی من وا لە گیرفانی بابقولی بوندار و ئاغەکەیدا، وا لە ناو ڕانەکانی ئەوان و لە هەمارەکانی ئەواندا. ئێمەش ئەوەتا خۆمانین و ئەو چوار پەرواره و دە مەڕ و بزن کە وان لە ڕان. جا پێم بڵێ چیت لە ئێمە ئەوێ؟!... ئەبینم زیوەری ژنی کوڕەکەمت بە یەخسیر گرتووە. ڕەنگە مەبەستت وایە ئێمەش، پاشماوەی بنەماڵەی کەلمیشیش بە دیل بگری؟!

ــ زیوەر... خۆی هاتبوو بۆ لای من بۆ سەنگرد، داواکاریی هەبوو.

ــ داواکاری؟! ژنەی ڕەبەن، سکاڵا بۆ لای کەسێک ئەبا کە دەسەڵاتی بە سەر خۆیشیدا نییە؟!

ــ ژەهر لە زمانت دایە بڵقیس!

ــ چونکە لەگەڵ کەوەمار ئەدوێم!

ــ بڵقیس!

ــ مەگەر وانییە؟ تۆ دەسەڵاتی خۆتت هەیە جیهەن؟

ــ من! من لەگەڵ کوڕەکەی تۆ سەرەتا لە ڕێگەی دۆستیەوە تێوەچووم، دۆستانە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد، ئامۆژگاریم کرد و هەوڵمدا بوورینی بۆ وەربگرم. لێبوردنی گیانیش و ماڵیش. داوام لێکرد تفەنگەکەی دابنێ و دڵ بدا بە ژیان، بەڵام کوڕەکەی تۆ بڵقیس بە زمان سووکی کردم و بە دوژمنی لەگەڵم دوا. من خۆم ڕاگرت و ئەو دیسانەوەش دەستی هەڵنەگرت، ئەزانی ئەڵێم چی؟ گوڵمحەمەد هیچ ڕێگەیەکی نەهێشتەوە، نە بۆ خۆی و نە بۆ من. من ناچارم ئەم ئاژاوەیە بکوژێنمەوە. ڕەنگە بەرگوێت کەوتبێ کە جیهەن کارێک دەس پێناکا مەگەر ئەوەی کە تەواوی بکات. جا من بۆ دوو کار بۆ ئێرە هاتووم. یەکەم ئەوەی کە داوای

گەردن ئازادیت لێ بکەم، چونکە ئەزانم ڕەگێکی گوڵمحەمەدی تۆ ئەچێتەوە سەر هۆزی بەلووچ . لەم بابەتەوە -هەرچەند کە ناچارم- بەڵام دەستم کورتە. من هیچ حەزم لەوە نەبووە گوللە بنێم بە سینەی خۆییەوە، بەڵام گوڵمحەمەدی تۆ! ئای ئەمان لە بەلووچی سەرەڕۆ!

ــ کارەکەی دووهەمت بڵێ!

ــ دووهەمیش ئەوەی کە شوێن پێی گوڵمەمەدم لە تۆ ئەوێ.

بڵقیس ڕووی وەرگێڕا و کەوتەوە دوو:

ــ ئادەمیزاد! ئای ئادەمیزاد. چەندەم ئادەمیزاد بینیووە، چەندە زۆر. ئادەمیزاد بە دوو قاچ و دوو دەست و دوو چاو و...

ــ بڵقیس!

ــ بەلووچ! هەڵمەچۆ پاڵەوان، هەڵمەچۆ. تۆ، دایکی خۆتت لە بیرە؟ لە دایکی جیهەن چی ئەزانی تۆ؟!

جیهەن هەڵسابوو و بە ئاراستەی نیگای بڵقیسدا هەنگاوی ئەنا. ئەوا پشت و شانە پانەکانی جیهەن بە دەستە زلەکانیەوە کە قامچییەکەی لە پشتیەوە ڕائەوەشاند، لە بن نیگای بڵقیسدا بوو. ڕاست تا لای تەنوورەکە ڕۆیشت و گەڕایەوە. پیاوی بەلووچ ئەوا چاوی لە چاوی بڵقیسدا بە هەنگاوی قورس و گشت بەرەو ڕووی ئەهات و ڕوخساری گڕگرتووی وای دەرئەخست لە پڕ دارەتێکی تری بە سەردا هاتووە، لەم ڕوو بۆ ئەو ڕوو. هاتە بەرەوە، لە بەرامبەر بڵقیس ڕاوەستا، بە تەکانێکی چالاک دەست وشانی سووڕاند و لە چاو ترووکانێکدا گەڵای قامچیەکەی کێشا بە هەردوو گۆنای بڵقیسدا و ئەمکارە ئەوەندە خێرا و ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا کە بڵقیس بەس توانی چاوێک بترووکێنێ.

ــ من شوێن پێی گوڵمحەمەدم لە تۆ ئەوێ!

ــ ئەگەر شیرت لە مەمکی دایکی خۆت بخواردایەتەوە، ئەو داوایەت لە من نەئەکرد!

ــ وام لێ مەکە یادگاری ڕەش لە خۆم بەجێ بهێڵم بڵقیس.

پێم بڵێ و ببڕێتەوە!

ــ نامەی کار و کرداری تۆ سەرتاپا ڕەشە جیهەن. نەمبیستووە زمانێک بە چاکە باست بکات.

جارێکی کەش ڕوخساری بڵقیس بەر قامچی کەوت و بڵقیس نەڕما. جیهەن داما و زیوەری بانگکرد. زیوەر مەدگوڵی دایە دەست هەیقۆ و خۆی هاتە پێشەوە و لای بڵقیسەوە، ڕوو بەڕووی جیهەن وەستا. جیهەن بە قامچیەکەی ئەماژەی بە مناڵەکە کرد و پرسیاری کرد:

ــ کوڕی تۆیە؟

بڵقیس وتی:

ــ کوڕی منە!

جیهەن خێسەی هەروا لە زیوەر و لێی پرسیەوە:

ــ کوڕی تۆیە؟!

ــ کوڕی منە و تۆوی گوڵمحەمەدە!

ماراڵ بوو لە دەرگای باڵەخانە هاتبوویە دەرەوە و لە سەر بەرزترین پێپلیکانە ڕاوەستابوو و نیگای بڕیبوویە جیهەن. ماراڵ سەرپۆشی سووری دابوو بە سەریدا و ئەمە سەرنجی ژنەکانی کەلمیشی ڕاکێشا و بووە هۆی سەر سووڕمانیان. سەرپۆشی سوور بە سەر و ڕوخساریەوە کە خۆی وەها گڕی گرتبوو و سوور هەڵگەڕابوو. نەء، ئەمە نەی ئەتوانی نیشانەی پیرۆزبوون بێ و بڵقیسیش نەی ئەتوانی لە واتای کارەکەی ماراڵ تێبگات.

ماراڵ لە چاوانی داچەقاو و حەپەساوی جیهەنی ئەڕوانی، ئارام و بڕوا بەخۆ ئەهاتە خوارەوە، لە سەر دواین پلیکان ڕاوەستا و بە هەمان شێوازی متمانە بە خۆیی چاوی بڕییە چاوی جیهەن و پرسی:

ــ کوڕی منە! ئەتەوێ بیکوژی؟!

ــ نەء، ئەمەوێ بیسووتێنم. تەنوور! تەنوورەکە داخەن!

ــ چی ئەکەی پیاو! خۆیشت ئەزانی چی ئەکەی؟!

ئەمە نادعەلی بوو کە پشتی نابوو بە تەنووری داگیرساوەوە، بەرامبەر سینەی جیهەن ڕاوەستابوو و دەستەکانی بۆ وەرگرتنی منداڵەکە بەرزەوە کردبوو:

ـ ئەسپەکەمت پێئەدەم، ئەسپەکەم ئەدەم جیهەن، ئەو کارە مەکە، کاری وا مەکە! مەکە!

دلاوەر بەرەو تەنوورەکە هەڵات و پاڕایەوە:

ـ مەکە سەردار، ئەو کارە مەکە سەردار!

هەندێ دەنگ بەرز بوویەوە:

ـ مەکە سەردار، ئەو کارە مەکە سەردار!

ـ گوڵمحەمەد لە کوێیە، شوێن پێی ئەوم پیشان بدەن!

ـ خوایە زەوی هەڵت لووشێ جیهەن!

کوڕەکەی گوڵمحەمەد هێشتاش بە سەر دەستی جیهەنەوە و بە سەر ئاگری تەنوورەکەوە باڵە فڕتێی ئەکرد و ئەیقریشکاند کە نەعرەتەیەک لە دڵی سەبرخانەوە بەرز بوویەوە و هەموو بە جارێک ئاوڕیان لە کابرای شوان دایەوە. سەبرخان لاواز و لەڕادەبەدەر ڕەنگی پەڕیبوو. دەستی چەپی لە ملیدابوو و بە لۆی کراسێکەوە کە خوێن پەڵە پەڵە پێوەی شەقیلەی بەستبوو، لە ناو جێگە دەرپەڕیبوو. ڕوخساری ئارەقەی یاوی پێوە بوو و گۆناکانی بە ئاشکرا پلی ئەدا. سەبرخان لە بەر نیگای حەپەساوی خۆیی و بێگانەدا لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو و وەکوو جانەوەرێکی دڕندە نەعرەتەی ئەکێشا:

ـ خەنجەرەکەم... عەبدۆس، خەنجەرەکەم! منداڵەکەم بێ باوک بوو عەبدۆس! خەنجەرەکەم، خەنجەرەکەم!

سەبرخان وەک بڵێی لەپڕ هاتبێتەوە بە خۆیدا، لە پڕ بەژنی لاوازیی چەماندەوە، خەنجەری لە کالان دەرکێشا و کەوتە ناو حەشاماتەکە.

ـ کوڕەکەم وەربگرە دلاوەر! کوڕەکەم وەربگرە!

دلاوەر توانی کوڕەکەی ماراڵ لە دەستەکانی جیهەن بڕفێنێ،

بیباتە سووچێکەوە و بیشارێتەوە. چونکە سەبرخان ئەتوت بە چاوی بەستراو و دەستی ئاوەڵەوە کەوتبوویە مەیدان و شەلم کوێرم ناپارێزم هەر کەسی بەرپل کەوتایەت ئەیدایە بەر خەنجەر. بۆیە هەر هەمووان لە بەردەمی خەنجەرەکەی هەڵئەهاتن و مەیدانەکە دەم بە دەم هەراوتر ئەبوویەوە و ئاڵقەی پیاوانی جیهەن بە فراوانی حەوشەی سەرا کرابوویەوە و سەبرخان بە دوای ئەو زەبرانەدا کە خۆیشی نەی ئەزانی لە کێ و کوێی وەشاندووە لە ناو مەیدانەکەدا بوو. خوێن لە دەمی خەنجەرەکەی ئەڕژایە سەر خاک و جلەکانی و بەردەوام بوو لە پەلاماردان و خوێن ڕشتن.

ــ لێی دەن!

مارالْ نەعرەتەی کێشا:

ــ نەخۆشە، لێی مەدە جیهەن!

لە بانەوە لێیاندا. تەقەی گوللەیەک لە سەربانەوە، تەقەیەک و... ئەوسا بارانی گوللە!

تاک و تەنها، بەژنی لاوازی سەبرخان تێک شکا، گرمۆڵە بوو و لوول بوو و کەوتە سەرچۆک و کەوتە سەر خاک بە بێ ئەوەی مشتی لە دەستەی جەنجەرەکەی بکاتەوە. بەس وتی:

ــ بلْقیس!

لە پشت شانی جیهەنەوە، بابقولیبوندار چووە پێشەوە و گوللەیەکی نا بە ناوچەوانی کابرای کەوتووەوە.

کار، تەواو.

لە ژنەکان گەڕان بێنە پێشەوە، هاتنە پێشەوە. زمان و دەم و چاوەکانی هەیقۆ وشک ببوو. هەیقۆ لە سەر سەری پیاوەکەی چۆکی دادا و هەوڵیدا سەری بەرزبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، بۆیە تەوێڵی نایە سەر کاکۆڵی پیاوەکەی و وتی:

ــ تینوو، تینوو! تینوو بوو، دایکم بلْقیس.

بلْقیس پێستی پڵینگەکەی لە بن پێی جیهەن دەرکێشا، دای

بە شانی‌دا و هاتە بەرەوە. هەیڤۆی لە سەر عەرزەکە هەڵساند و ڕایوەستاند. پاشان خۆی چۆکی دادا، لەشی نووستوو و شەلاڵی خوێنی سەبرخانی بە پێستی پڵینگەکە داپۆشی، بەژنی ڕاست کردەوە، ڕوانییە جیهەن و وتی:

ــ کارێکی دیت ماوە؟!

جیهەن ڕووی لە بڵقیس وەرگێڕا و وتی:

ــ ئەڕۆین. ژنەکانیش لەگەڵ خۆمان ئەبەین، ژنەکان و دایکیشی!

ــ ئێمە خۆمان ئەهاتین سەردارجیهەن!

ئاگری تەنوورەکە لە کڵپە کەوتبوو. دلاوەر کوڕەکەی گوڵمحەمەدی هێنا و دایە دەس ماراڵ، پاشان ڕووی کردە بابقولی‌بوندار، تفەنگەکەی لە شانی داگرت، دایەوە بە بابقولی و وتی:

ــ ئەوە تفەنگەکەتان، من ئیتر لەگەڵتان نایەم!

ماراڵ سەرپۆشی سووری بە سەرەوە بوو و لە ناو فەوجی سوارەکان‌دا لە گولاڵە سوورەیەک ئەچوو نابەجێ و ناکات ڕوابوو، کە زستان بوو و بیابان بوو و با لە گولاڵە سوورەی ناکات‌دا سەمایەکی بازیگەرانەی هەبوو. بڵقیس بە پیادە ڕێی ئەکرد و زیوەر سواری ئەسپێکی ڕووت کرابوو و لە نێوان سوارەکانی جیهەن‌دا بەرەو سەنگرد ئەبران. نادعەلی لەلاوە ڕێی ئەکرد و مەرگی ئەبینی بە سەر ڕێگەکەدا ئەخوشێ. مەرگ لە هەنگاوەکانی سوارەکان‌دا، مەرگ لە ڕکێفی پیاوان‌دا، مەرگ لە هەرنیگا و هەر هەناسەیەک‌دا:

«چەندە سەیرە! مەرگ ئەگەر ئاوەها هاودەمە کە هەیە، ئەی ئەو هەمووە تەماح و چاوچنۆکیە هی چییە و بۆ چییە؟ تەماح، ئەویش بۆ کوشتنی کەسی دی؟!»

قیژەی سەمەرەی منالەکە هێشتاش لە گوێکانی نادعەلی

چارگوێشلیدا بوو و ڕوخساری شین هەڵگەڕاو و چاوە تۆقاوەکانی منداڵەکە نەخشێکی دی بوو کە لە هەناوی جەوانی چارگوێشلیدا جێگیر ببوو. نادعەلی لەپڕ لەغاوی خوارکرد، لەلاوە دایە غار بۆ ئەوەی بکەوێتە بەردەم فەوجەکەوە و بکەوێتە تەک جیهەنخانی سەردار. هەستی ئەکرد ئەبوایە جیهەن بدوێنێ. لەم کاتەشدا جیهەن بە ئارامی داژووت. لەغاوی ڕاکێشا و کەوتە تەک وشترەکەی ماراڵ سواری ببوو. نادعەلی ئەسپەکەی خستە دوای ئەوان و گوێی لە وتووێژەکەی جیهەن و هاوسەرەکەی گوڵمحەمەد ڕاگرت.

ـ هێشتاش بیر لەوە ئەکەمەوە کە! ئەو سەرپۆشە سوورە بۆچی؟

ـ گوڵمحەمەد ڕەنگی ئاگری خۆش ئەوێ، لە بەر ئەوە!

ـ وانییە. خۆیشت ئەزانی و منیش ئەزانم کە سەرپۆشی سوور نیشانەیەکە لە نێوان تۆ و گوڵمحەمەددا.

ـ تۆ وا بزانە!

ـ نیشانەی هەڵاتنی گوڵمحەمەد، ئەم ڕەنگە سوورەی سەرپۆشەکەی تۆیە. نیشانەی ئەوەیە گوڵمحەمەد بۆی دەربچێ!

ماراڵ لە سەر وشترەکەوە ڕووی کردە جیهەن و وتی:

ـ وتووێژ لەگەڵ تۆ پرسیارکردن لە یەخسیرە؟ ناچارم وەڵامی تۆ بدەمەوە؟!

ـ تا پرسیارم هەبێ، بەڵێ! ناچاری!

ـ کە وابوو پێت بڵێم! ئەوە بزانە کە گوڵمحەمەد داوای لێکردبووین یەکەم وشە شوێنەکەی پیشانی تۆ بدەین.

ـ ئەی بۆ نکووڵیتان کرد؟ ئەی بۆ منتان شێت کرد؟!

گوڵمحەمەد تەنانەت ئەوەشی ئەزانی کە تۆ دێی، خۆی بە منی وت جیهەن دێت!

ـ سیخوڕەکانی ئەو هەواڵەیان بۆ هێنابوو؟!

ـ نەخێر! گوڵمحەمەد ئەوەی ئەزانی و بە منی وت جگە

لە جیهەن کەسی کە جەربەزەی ئەوەی نییە نیشانەی لێبگرێ. گوڵمحەمەد هەمیشە خەنیمی خۆی ئەناسیێ. گوڵمحەمەد بە منی وت: «لە خۆمە کە ڕووی لە خۆمە!» گوڵمحەمەد نیگەرانی بێگانە نەبوو، نیگەرانی خۆیی بوو.

ـ بۆ منی بە خۆیی ئەزانی، خۆ من خزم نیم!

ـ خۆیی! خۆیی! گوڵمحەمەد ئەیوت جیهەن لە ڕیشەدا لەگەڵ ئێمە خۆییە. هەمیشە ئەیوت بەس ئەڵماس ئەتوانێ ئەڵماس ببڕێ.

ـ ئیتر چی ئەوت گوڵمحەمەد؟!

ـ گوڵمحەمەد! ئیتر هیچ !

جیهەنخانی سەردار نە لەو پیاوانەبوو کە قسەکردنی لەگەڵ ژنان، لە هەر بابەتێکەوە هەرچەند بۆ ڕابواردن، پێخۆش بێ. هەرچەند لەو بابەتەش نەبوو کە شۆخی و شەنگی ژن ڕایکێشێ و خۆی بدۆڕێنێ، ئەگەر ئەو ژنە مارالێش بوایەت. بەڵام ئەوەی کە ئەوی هان ئەدا لەگەڵ مارال بدوێ، مەراقی پەیجووری و سەرلێدەر هێنان بوو. گەڕان بۆ بەهانەیەک سەر بدا لە ڕق و کینە. هۆیەک بۆ ئەوەی ئەو کردارەی جیهەن گرتبوویەبەر، بکات بە مایەی شانازی. تێکشکاندنی گوڵمحەمەد بێگومان بۆ جیهەنخانی سەردار مایەی شانازی ئەبوو و لە ناو هاوشان و هاوسەرەکانی خۆیدا زیاتریش ناو و ناوبانگی بەرز ئەکردەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ مرۆڤ کوشتن پێویستی بە هاندەرێک لە ناخی خۆیدا هەیە. لە کەسایەتی هەر بکوژێکدا، ئەگەر بکوژی هەزارانیش بێ، دیسانەوە ئەو هۆکارە ئەبێ هەبێ؛ ئەگەر کرابێ کە بکوژەکان خۆیان ئەو سۆنگە و ئەنگێزەیان لە خۆیاندا بەدی هێنابێ. ئەو کەسەی قۆڵ بۆ کوشتنی خەڵکی هەڵئەکا، ئەبێ برینێکی لە لایەن قوربانیەکەیەوە لە هەناویدا هەبێ یان دروست کردبێ تا بتوانێ بیکوژێ. چونکە بکوژی مرۆڤ ئەگەر بە تەواوەتی لە کەسایەتی و مرۆڤایەتی خۆی

بەتاڵ نەبووبێ، ئەبێ بیانوویەکی بۆ ئەو تاوانەی خۆی هەبێ. بیانوویک کە بتوانێ ڕەوایی کارەکەی بۆ مسۆگەر بکات. ئەگەر بڕواکردن بە درۆیەکی زل و بەخۆ سەپاندنی گەورەترین درۆکان کارامایەی کوشتارەکەی بووبێ. بڕوا و دڵنیایی لە درۆ و کوشتار، کارەساتێکە بێ ئەژمار ڕووی داوە. بڕوای درۆیین، هۆکار و بیانووی ڕەوایی کوشتاری جەماوەر.

لەنێوان پیاوانی وەکوو گوڵمحەمەد و جیهەنخانی بەلووچ دا، لە ڕیشە و بناغەوە ئەبێ چ دوژمنیەکی تایبەتی هەبووبێت و هەیە؟ هۆکاری ئەم کێشەیە ئەبێ لە کوێدا بێ؟ ئەوەی کە گوڵمحەمەد لە بەرامبەر سیستەمێکدا ڕاوەستاوە کە جیهەنخانی سەردار لەڕیزی دایە، خۆی بۆ ئەوە بەسە کە دوو کەس تەقە لە یەکدی بکەن. بەڵام ئەوە لە کاتێکدایە کە جەنگەکە مایە و ڕواڵەتێکی گشتی و بێگانەی هەبێ نەک ڕوخسارێکی کۆنکرێت و ئاشنا. نەک لەو کاتەشدا کە مەیدانی جەنگەکە ببێ بە شەرگەی نێوان ڕاوچی و نێچیر. تا ئەو ڕادەیەی کە جیهەنخان بڕیاری ڕژاندنی خوێنی کەسێکی دیاریکراوی داوە و ئەو کەسەش بە ڕژاندنی خوێنی خۆی ڕازی بووە.

بۆیە لێرەدا هەڵوەستەیەک پێویستە. کە جەنگەکە لە دارەتی گشتی بوون و بێگانەبوونی خۆی دوور ئەبێتەوە و ئەبێ بە جەنگی ڕووبەڕوو بوونەوە. لە کاتی وەهادا چاوەکانی دوو خەنیم پێکەوە ئەدوێن و هەر دوو پاڵەوان بوونێکی زیندوویان لە یەکدیدا هەیە. بۆیە پێویست بە هاندەرێک هەیە جگە لەو بڕیارە گشتیە کە قینەبەری و دوژمنی نێوان ئەو دوو کەسە پەرە پێبدات. نەخوازە ئەگەر نەشبووبێ و نەشبێ، خۆ بەخۆ ئەبێ بەدی بهێنرێ. چونکە لەم کێشە ئاستەمەدا، گیان بە دوای شوێنی برین لە خۆیدا ئەگەرێ. برینێک کە خەنیمەکەی تێی کردووە، تەنانەت ئەگەر سەرکۆنە کردنێک، نیگایەک، و ئەماژەیەکیش بووبێ و نە زەبری خەنجەر و جنێو و سووکایەتی پێکردنێکی ئاشکرا.

ـ «گوڵمحەمەد! ئیتر چی وت؟»
ـ «گوڵمحەمەد! ئیتر هیچی نەوت!»

جیهەن لە کۆتاییەکەی‌دا بە شتێک ئەگات لە نێوان خۆی و گوڵمحەمەددا. مایەی ئێرەیی و بەخیلی لە جیهەن‌دا بێ ڕیشە نەبوو. ئەو لایەنانەی کە ئەوی لە گوڵمحەمەد جیا ئەکردەوە. وترابوو کە جیهەن لەگەڵ ئێمە خۆییە، وترابوو کە ئەڵماس بەس ئەڵماس ئەیبڕێ. گوڵمحەمەد وای وتبوو و جیهەنیش بڕوای بەوە هەبوو. بەڵام جیهەن زۆر نیشانەی دیشی ئەبینی کە تەنها لە ئیرەییەکی ڕەش‌دا ئەیتوانی و ئەبوایە بڕوای پێ بهێنێ. جیهەن ئەیبینی ئەم دیاردەی خۆییە، ئەم گەوهەرە یەگانەیە، بە دوو شێواز خۆی دەرخستووە، کە ئەم درەختە یەک ڕیشەیە بە دوو جۆر بەری داوە و ئەم دایکی هۆزە دوو مناڵی بە دوو ڕوخسارەوە لێ‌بووە؛ یەک جیهەن و یەک گوڵمحەمەد.

جیهەن ئێستە سوارە بوو و وا پێ ئەچوو زاڵە بە سەر ژیان‌دا، بەڵام خۆیشی ئەیزانی مۆرکی خۆ بە دەستەوەدان بە ناوچەوانیەوەیە. سەرەڕای هەموو توانای مرۆڤ لە فریودان و درۆسازکردن‌دا بۆ سەلماندنی دۆخی خۆی، چرۆیەکی تاڵ و قیرسچمە و نەمر لە ناخی مرۆڤ‌دا هەیە کە ناتوانێ لە بن پەردەی فریودان و درۆدا بشاردرێتەوە. ئەوەش چرۆی شایەتە؛ شتێکە کە چاوەکانی کراوەیە و هەمیشە مرۆڤ ئەبینێ. ئەبینێ و ئەبینرێ. ئەم چرۆی شایەتە ڕەنگە لە بیری خەڵکی بچێتە دەر، بەڵام نیگای ئەو هەرگیز لە بیر مرۆڤی دۆڕاو و خۆ بە دەستەوەدەر ناچێتەوە. جیهەن نەی ئەتوانی بڵێسەکێشانی شایەتی سەرشۆڕکردنی خۆی لە ناخی خۆی‌دا نەبینێ و لە بیر بباتەوە.

لەبەرامبەر جیهەن‌دا، گوڵمحەمەد بوو. گوڵمحەمەد بێگومان ئەکوژرا. بۆیە هەر لە ئێستەوە ئەبوایە و ئەتوانرا ئەو بە شکست خواردوو دابنرێ. بەڵام جیهەن ئەوەی باش ئەزانی

کە گوڵمحەمەد خۆی بە شکست خواردوو و بەچۆکدا هاتوو نازانێ. لەم چەمکەدا، جیهەنیش نەی ئەتوانی گوڵمحەمەد بە بەزیو بژمێرێ. هەرچەند ئەوەی بە خۆی سەلماندبوو کە کوشتنی گوڵمحەمەد، واتە شکست دانی گوڵمحەمەد. کوشتنی گوڵمحەمەد لە کارێکی دژوار نەئەچوو، بەڵام چرۆیەکی تاڵ لە هەناوی جیهەندا شایەتی ئەدا کە بەرەنجامی کارەکە بەراوەژوو ئەبێ. بەڵام و سەرەڕای هەموو ئەمانە مەگەر جیهەن ڕێگەیەکی دیکەی جگە لە کوشتنی گوڵمحەمەدی ئەناسی؟ نەخێر. گوڵمحەمەد لانیکەم ئەبوایە بکوژرایە و، ئەگەر لە نێوان کارەکەشدا بشکایە ئەوە چ باشتریش.

جیهەن خۆییە و، ئەڵماس بەس بە ئەڵماس ئەبڕدرێ.

ئەوە ڕاستە کە دایکی هۆز ڕۆڵەی بە دوو ڕوخسارەوە بووە، یەک جیهەن و یەک گوڵمحەمەد. دوو پاڵەوان. بەڵام دوو پاڵەوان کە یەکیان تا ئەوپەڕی پێویست بۆ تیابردن و نەهێشتنی ئەمیان تێ ئەکۆشێ. نەهێڵان و تیابردنی ئەوەی دیکە، ئەمەیە کە مرۆڤی دزێو، زۆر دزێو خۆیا ئەکات. هەر ئەمەشە کە مرۆڤی جوان، زۆر جوان خۆیا ئەکات. تاقێکی دوو قاشکراوە و لە ململانێیەکی کوشندەدا؛ هەر کامە و کاڵا بەقەد باڵای خۆی پێ ئەبڕێ. سنووری چاک و خراپ ئاشکرا ئەبێ. کە وا بوو ئەمەیە ئەگەر مرۆڤ دزێو ئەنوێنێ یان جوان و پاقژ.

ـ بۆ من! پەیامێکی دانەنا گوڵمحەمەد؟

ـ هیچ ! هیچ !

ـ من ئەتوانم کارێکی بۆ بکەم، ئەتوانم سەرپەرشتی لە بنەماڵەکەی، لە ئێوە بکەم.

ـ ئەی! ئەی... جیهەن!

ـ من گوڵمحەمەد ئەکوژم. ئێوە بە بێ گوڵمحەمەد چی ئەکەن؟

ـ گوڵمحەمەد پیاوێکی نەئەناسی تا کەسوکارەکەی بداتە

دەستی، جیهەن!

ـ ئەی ئێوە چیئەکەن؟

ـ دڵی خۆت بە ئێمەوە خەریک مەکە سەردار. ئێمە تاقانەی لە خەڵکی جیاواز نین کاکە گیان. ئێمە دیسانەوەش بەشێکین لە جەماوەر. ئەو خەڵکە هەزاران هەزارە چی ئەکەن، ئێمەش ئەوە ئەکەین.

جیهەنخانی سەردار بابەتەکەی گۆڕی و پرسی:

ـ بیستوومە گوڵمحەمەد کەسانی بە دەوریەوە بوون بەرهەڵدا کردووە بڕۆن. بۆچی؟

ماراڵ وەڵامی دایەوە:

ـ گوڵمحەمەد لەم بابەتەوە هیچی بە من نەوت.

جیهەن وتی:

ـ ئەزانم من. گوڵمحەمەد خۆیشی ئەیزانی کە ژیانی بە دەستی من ئەبڕێتەوە. هەتا ئێستە هیچ جانەوەرێک نەیتوانیوە لە چنگی جیهەن دەرباز ببێ.

ماراڵ نەک لەگەڵ جیهەن، وتی:

ـ گوڵمحەمەد گیانی ئازیز بوو. گیانی خۆی زۆر خۆش ئەویست.

ـ خۆ من ویستم بوورینی بۆ وەربگرم، ئەی بۆ نەیویست؟

ماراڵ دوو پاتی کردەوە:

ـ گوڵمحەمەد گیانی خۆی زۆر خۆش ئەویست!

جیهەن بە ڕقەبەری سەری ڕاگرت و وتی:

ـ تێناگەم، لە قسەکەت تێناگەم!

ـ ئەزانم، ئەزانم کە تۆ تێناگەی... گوڵمحەمەد گیانی خۆی زۆر خۆش ئەویست! گیانی ئازیزیش بوو. گیانی ئازیزی گوڵمحەمەد. گیانی ئازیزی گوڵ! محەمەد!

ـ ئەیلێیتەوە، وڕێنە ئەکەی؟!

ماراڵ لە سەر پشتی وشترەکەوە بە نیو نیگایەک ڕوانییە

جیهەن، تاوێک لێی ڕاما و پاشان وتی:
ــ چەندە بەرچاوتەنگی، کاکە برا!
لە بێدەنگی چاوەڕوان نەکراوی جیهەندا، ماراڵ ڕووی وەرگێڕا و لە بەر خۆیەوە ورتەی کرد:
ــ وەکوو دڵی من!
جیهەن ئاوزەنگی ڕاوەشاند و وتی:
ــ کەمم نەدیبوو ئەو ژنانەی پاش خوێنی شووەکەیان شێت ئەبن، بەڵام بەر لە مردنی پیاوەکەیان؟ ئەوا ئێستە خەریکە ئەبینم!
ماراڵ تەوسخەندێکی نارد بە دوایدا و وتی:
ــ شێت ئەگەر منم! ئای! خۆزگەم بە ژیرییەکەی تۆ!
جیهەن ئاوڕی دایەوە و بە ڕقەوە نەعرەتەی کێشا:
ــ من ئەمویست کوڕەکەی گوڵمحەمەد لە لای خۆم گەورە بکەم!
تەوسخەندی نەفرەت هەروەها لە سەر لێوەکانی ماراڵ، بە جیهەنی وت:
ــ لە ناو ئاگردا؟!

خاک، بۆنی مەرگی گرتووە و ئاشناکان حەزیان بە دیداری یەکدی نییە. سەبرخانی شوان تاوێک بەر لەمە زیندوو بوو. ئەمە بۆ نادعەلی سەیر بوو کە ئەو ئیتر زیندوو نەبێ. نادعەلی لەلاوە ئەڕوات و قەدیر دڵی وتووێژ لەگەڵ شەیدای بونداری نییە. شەیدایش ناتوانێ خۆ ڕابگرێ و دەم دابخات:
ــ من و سەبراو پێکەوە ژیابووین، بە دوای ڕانەوە و لە بیابان. تۆزقاڵێکیش خراپە لە سەبراودا نەبوو.
ــ شەڕە ئیتر، لە شەڕدا خۆ نوقڵ و نەبات نابەشنەوە!
ــ سەبراو هی جەنگ نەبوو، قەدیر. جەنگی ئەو لەگەڵ گورگی بیابان بوو. ئەو پیاوە هەڤاڵی پەز بوو، تۆ نازانی من چی

ئەڵێم.

ـ ئێستە ئەتەوێ بڵێی چی؟ مەبەستت چییە لەم قسانە؟ ئەتەوێ دڵم بۆی بسووتێ؟

ـ نا، نا. هەروا! ویستم قسەیەکم کردبێ.

ـ شتێکی تر بڵێ. جارێ لەم خوێنرێژیانە ئەبێ زۆر ببینین. چەوەندەرە گەورەکە هێشتا وا لەبنی تێرەکەدا. ئێمە نابێ پێشاوپێش خۆمان بدۆڕێنین! ئەڵێی خەریکین ئەگەینە سەنگرد؟

ـ لەپشت ئەو گردەیە.

خاک بۆنی مەرگی ئەدا و نادعەلی چوارگوێشلی لە هەر هەنگاو و هەناسەیەکیدا مەرگی بە سەر ئەکردەوە. ئەو ئیتر نەیویست خۆی بگەیەنێتە لای جیهەن و لەگەڵی بدوێ. بەڵام هەستی بەوەکرد حەیدەری مەلا میعراج ئەیەوێ لەگەڵ ئەو بکەوێ. ئەو ئیتر چکارێکی بە نادعەلی هەبوو؟ حەیدەر خۆی گەیاندە تەنیشت نادعەلی و وتی:

ـ من ئەمشەو هەڵدێم، پیاوی ڕێگەی؟

نادعەلی بە خامۆشی ڕوانییە حەیدەر و وتی:

ـ هەڵدێی؟! بۆ کوێ؟ بۆ کوێ هەڵدێی؟

ـ لێرە هەڵدێم، تۆ چی ئەکەی؟

ـ من! ناتوانم هەڵبێم. لە کوێوە بۆ کوێ هەڵبێم؟ ئەوەی لای من مسۆگەرە ئەوەیە کە نە شەو ئەتوانم هەڵێم و نە ڕۆژ. نە لە بن ئاسمان و نە لە سەر زەوی. کە وا بوو لە کوێوە بۆ کوێ هەڵبێم؟

حەیدەر وتی:

ـ من هەڵدێم، من هەڵدێم.

نادعەلی پرسی:

ـ تۆ هەڵدێی، باشە! پاشان بۆ کوێ ئەچی؟

حەیدەر وتی:

ـ من هەڵدێم و ئەچم بۆ لای گوڵمحەمەدا!

ــ گوڵمحەمەد؟! ئەتوانی گوڵمحەمەد بدۆزیەوە؟
ــ من ئەتوانم. تۆ بڵێ چی ئەکەی؟ خەریکن دێن بە پێشوازی جیهەنەوە. چی ئەکەی؟ ئەمێنیتەوە یان هەڵدێی؟
نادعەلی ڕوانییەوە حەیدەر و وتی:
ــ ڕەنگە! ڕەنگە.

**بەندی دووەم**

ــ ئەسپەکەت لە کوێیە حەیدەر؟

ــ لە دەشت بەرەدا، سەردار. خۆی ئەڕواتەوە بۆ نەوبەهار.

ــ حەیدەر! ئاشناکەی ئێمە مەلا میعراج، چاوەڕێی تۆیە براکەم. خۆت ئەزانی ئەسپی بێ سوار چ واتایەکی شوومی هەیە؟ نا، براکەم، نەء. بیر لە ئاشناکەی من مەلا میعراج بکەرەوە. چاوەکانی پیرەمێرد ئەبێ بە کاسەی خوێن. نا، حەیدەر، نا براکەم. بەر لەوەی یەخەی خۆی دادڕێ، تۆ ئەبێ بگەیتەوە بۆ نەوبەهار.

ــ سەردار!

ــ برای من، جەوانەکەم، ئازیزەکەم، ئەوەی کە پێویست بوو من لە قەڵامەیدان پێموتی، خۆت ئەزانی چیم پێوتی، مەرگ هیچ شتێکی باش نییە. مەرگ دزێوە، چیت گەرەکە لە مەرگ؟ پیاو کاتێک ئەبێ ڕازی بە مردن ببێ کە لەوە زیاتر نەتوانێ بژی. تۆ خۆ وەها نیت براشیرینەکەم. تۆ گەنجی و زۆریش گەنجی. وام لێ مەکە لە قەبردا بۆ جوانەمەرگی تۆ ئارامم نەبێ. ئاخ! دڵم بەرگەی ناگرێ، ناتوانم بیریشی لێبکەمەوە.

ــ ئەی بەگمحەمەد چی، سەردار؟ خوێنی من خۆ لە خوێنی بەگمحەمەد ڕەنگین‌تر نییە!

ــ حەیدەر! ئاگر بەرمەدە گیانم! تۆ بە بێ گوڵمحەمەدیش ئەتوانی خەنەبەندان بکەیت. لەوە زیاتر شەرمەندەم مەکە

حەیدەر. مەخوازە ڕووڕەش لە دنیا بڕۆم. من تا بە ئەمڕۆ داوای هەموو شتێکم لە مەلا میعراج کردبوو مەگەر گیانی جەوانەکەی. نا، حەیدەر. ئەمەی ئیدی لێ داوا ناکەم. براکەم، بهێڵە ناوچەوانت ماچ بکەم. من ناتوانم ڕووڕەشی مەلا میعراج لەم دنیایە بڕۆم. خوات لەگەڵ حەیدەر گیان!! بکەوە ڕێ! شەوەزەنگە و تا مانگ دەرنەکەوتووە خۆت دەرباز بکە. کەس نازانێ گەمارۆش نەدرابێتین. بەڵام هێشتاش دەرفەت هەیە، خۆت دەرباز بکە. ئەبێ پەیامەکەی من بە مەلامیعراج بگەیەنی. گوێت لە منە حەیدەر؟!

ـ سەردار!

ـ پاش سڵاو! بە مەلا میعراج بڵێ، بڵێ لە پاشی ئێمە ئاگای لە بنەماڵەی کەلمیشی بێ. بڵێ گوڵمحەمەد داوای گەردن ئازادی ئەکرد، بڵێ گوڵمحەمەد دڵگیر بوو لەوەی کە دەرفەتی ئەوەی نەبوو بۆ گەردەن ئازادی بێ بۆ دەس ماچکردن. جا دەی! حەیدەر، تەمەنت درێژ و دڵت خۆش و بەختەوەر بیت. خوات لەگەڵ بێ براکەم!

ـ بەس بهێڵە شانەکانت ماچ بکەم! سەردار!

ـ حەیدەر!

حەیدەر نائومێد و غەوارە لە دەستەکانی گوڵمحەمەد جیابوویەوە و بێتوانای دەربڕینی کەمترین وشە بۆ ماڵاوایی لەگەڵ ئەوانی دی، دای بە زەرد و ماهدا. گوڵمحەمەد چاوی لە ڕۆیشتنی حەیدەر تاوێک ڕاما و پاشان دەنگی هەڵێنا:

ـ تاوێک ڕاوەستە! حەیدەر!

حەیدەر وەرگەڕا، بەڵام گوڵمحەمەد دەرفەتی نەدایێ و وتی:

ـ تا یاڵی کێوەکە لەگەڵت دێن.

حەیدەر لە شوێنی خۆی ڕاوەستا و گوڵمحەمەد بەرەو دەستەی کەسانی چوو. خانئاپۆ دانیشتبوو، تفەنگەکەی لە نێوان هەر دوو ئەژنۆیدا پاڵی دابوو بە شانیەوە و نووکی سووری

جگەرەکەی لە ناو دەستیدا شاردبوویەوە. لە خوار چەوەکەوە بەگمحەمەد لە سەر لا شانی دادا بوو و ئانیشکی کردبوو بە کۆڵەکەی لەشی و چەوی ئەدا بە سەر چەودا. لەولاترەوە خانمحەمەد و قوربان بەلووچ لە سەر تاشەبەردێک دانیشتبوون و دوورتر لەوانیش ستاری پینەچی لە فاقی زەردێکدا پۆپکەی کردبوو.

ــ دوو کەس لەگەڵ حەیدەر بڕۆن، بڕۆن و لەوێش کێشک بگرن. لە ژێر ملەی چاڵقی! ئەگەر حەیدەر بە هەڵەدا نەچووبێ، چاڵقی هێشتاش بەدەس خۆمانەوەیە.

خانئاپۆ سەری هەڵێنا. بەگمحەمەدیش بە بیستنی فەرمانی براکەی دەستی لە چەوبازی هەڵنەگرت. ستاریش خۆی کرد بە نەبیس و ڕووی وەشێرا. نیگای گوڵمحەمەد لە سەر برا گەورەکەی هەڵوەستەی کردبوو.

خانمحەمەد ڕوانییە براکەی و قوربان بەلووچ خێسەی لە سەر نیوڕوخی خانمحەمەد چەقی.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ خان برا، تۆ خۆت لەگەڵ قوربان!

ــ ئەتەوێ لە گێژەنەکە دوورمان بخەیتەوە؟!

گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ خۆ فیشەکتان بە ئەندازە پێیە؟

قوربان بەلووچ و خانمحەمەد ڕاببوون، گوڵمحەمەد وتی:

ــ نان و ڕۆن هەڵگرن. بەشی خۆتان لەو هێلکانەش دایکم کوڵاندوونی جیا بکەنەوە، جەوەنەیەک ئاویش بۆ خۆتان لە کانیەکە پڕبکەن و بیبەن. ڕەنگە کارەکە لە کورتی نەبڕێتەوە. بەر لە کازیوە، هەڵئەکشێین بۆ شاخەکانی کێوی بەران.

خانمحەمەد بە سەریداخراوەوە قسەکانی گوڵمحەمەدی بیست و پاشان چاوی بڕییە ناوچاوی و وتی:

ــ لێمگەڕێ با بە دڵی ئاسوودە لێتان دوور بکەومەوە براکەم.

پێم بڵێ بۆچی ئەتەوێ لە ناو مەیدانەکە هەڵم دەیتە دەرەوە؟

گوڵمحەمەد دەستی بۆ براکەی هەڵێنا و وتی:

ــ وەرە با ماڵاوایی بکەین خان براکەم، وەرە با ماڵاوایی بکەین. ئەگەر بڕیار بێ یەکێک لە ئێمە بمێنێ، ئەوە باشترە ئەو کەسە تۆ بی. قینەبەریەکەی تۆ زیاتر بە کاری ئەم دنیایە دێ تا ئەوینەکەی من. ڕاستەکەی ئەوەیە کە حەز ئەکەم تۆ بمێنی!

ــ برا گوڵەکەم...

گوڵمحەمەد دەرفەتی بە براکەی نەدا درێژە بە قسەکەی بدات. لە ئامێزی گرت و بەریدا. پاشانیش دەسبەجێ شانە تۆکمەکانی قوربان بەلووچی لە ناو بازووەکانیدا گووشا و بە ئەویشی وت:

ــ براکەم! براکەم!

جیابوونەوە بەخێرایی ڕوویدا و جێگەی ڕاوەستان نەبوو. گوڵمحەمەد ڕووی لە ڕێبواران وەرگێڕا و وتی:

ــ حەیدەر ڕامەگرن!

خانمحەمەد بەرەو مامی هەنگاوی نا و خامۆش و بەرێزەوە لە بەرامبەری ڕاوەستا. خانئاپۆ ئاگری جگەرەکەی لە قولی مشتیدا، هەروا سەری داخستبوو و لە خاکە ڕەشەکە مۆڕەوە ببوو. هەواڵی کوژرانی سەبرخان ئەوەندە و وەها کتوپڕ لە زمانی کوڕی مەلا میعراجەوە بیسرابوو کە خانئاپۆ هەستی کرد لەپڕ پیر بووە. لەوە دواش ئیتر خامۆش ببوو و ئەتوت هێشتاش لە خۆیدا تاساوە و سەرگەردانە.

ــ خانئاپۆ!

بە دەنگی پڕ لە تکای خانمحەمەد، ئاپۆ سەری هەڵێنا، جگەرەکەی نایەوە بە لێویەوە و مژێکی لێدا.

خانمحەمەد لە بەر تیشکی گورج و خێرای ئاگری جگەرەکەدا لە نکاو بینی فرمێسک لە چاوەکانی مامیدا قەتیسماوە.

ــ خانئاپۆ؟!

پیاوی کەون بەژنی ڕاستکردەوە، لە بەرامبەر خانمحەمەددا ڕاوەستا، چنگی لە شانیدا و بە جۆرێک کە پەنجەکانی لە پێست و گۆشتی بچەقێ، باهۆی بەتەمەنترین برازاکەی خۆی گوشی و وتی:

ــ زیندوو بمێنە، زیندوو بمێنە! ببیسە مامی خۆت چیت پێ ئەڵێ؛ زیندوو! بمێنە! ئەمەوێ ڕق ئەستووری خۆت بەکار بهێنی. ئەم دنیایەی کە من ئەمەوێ زیاتر شیاوی ئەو ڕق و کینەیەی تۆیە هەتا ڕووخۆشیەکەی من. زیندوو بمێنە و ڕقەکەی خۆت پەرە پێبدە. بلا ئەوەشت پێ بڵێم حەزم ئەوەیە بە زیندوێتی لەم گێژەنە دەرباز ببم. ئەمەوێ بجەنگم و زیندوو بمێنم. ئێستە کە وام لە لێواری مەرگدا، خەریکم ژیان بە واتایەکی تازە تێ ئەگەم و بڕوا ئەکەم. تۆ زیندوو بمێنە خانمحەمەد، چونکە هەق بە تۆ بوو. ئێمە ئەبوایە دەسپێشخەریمان بکردایە و ئێمە ئەبوایە یەکەمجار دەس بە کوشتن بکەین. هەق بە تۆ بوو کە وات ئەوت خانمحەمەد، هەق بە تۆ بوو. بۆیەشە هەق بە تۆیە بمێنیتەوە و دەستی خۆت بوەشێنی. من ئێستە نرخی ئەو ڕق و کینانەی تۆ ئەناسم بۆیە بمێنە و ئەو کینانە سەد چەندان بکە. زیندوو بمێنە و بکوژە، بکوژە و بکوژە! ئەمە دواین ڕاسپاردەی منە بە تۆ، فەرمانی منە بە تۆ. جا بڕۆ دەی!

ــ خان ئاپۆم، خانئاپۆ گیانم، باوکم، برام، مامم، پیرم، چاوەکانم!

خانمحەمەد خۆی هەڵدابوویە ئامێزی مامی خۆیەوە و وەکوو منالێک داوای سۆزی لێ ئەکرد. دەستە پان و پۆڕەکانی خانئاپۆ لە بن باخەڵەکانی خانمحەمەدەوە ئەیدا بە شانە دەر پەڕیوەکانیدا و دیم و چاوی شاراوە لە شانی برازاکەیدا ئەیوت:

ــ حەزم ئەکرد بە دڵی شادەوە بجەنگم، حەزم ئەکرد گوللەکانیان دەم بە قاقاوە بە سینە وەربگرم، بەڵام! بەڵام ئەو نامرۆڤانە نەیانهێشت. نەیانهێشت و لەم دواین بڕگەیەی

کارەکەدا بەزمەکەیان لێ خەسراندم. نەحلەت لە بەخیل. کە وا بوو تۆ خانمحەمەد، بە ئەوینی ئاپۆی خۆت بمێنەوە و بزانە کە ئیتر لەو کینانەی تۆ بێزار نیم.

ــ ئاپۆگیان! ئاپۆ گیانم!

بەگمحەمەد ڕابووو و بە هەستێکی نامۆی شەرمەوە، شەرم لە توانای دەربڕینی ئەو سۆزەی کە بەر لەمە ئاوەها بێ پەردە کەمتر بینیبووی و ئاوەها بێ پەروا بیستووی، لە شوێنی خۆیدا تاسابوو. پیاوانی دژوار و ڕەق و تووشی کەلمیشی ئەتوت کراژ هەڵئەخەن و هەناوی خۆیان لە بەرامبەر نیگای کەسانی خۆیاندا ئاشکرا ئەکەن. خانئاپۆ بەرەو قوربان بەلووچ چوو و خانمحەمەد بەرەو بچووکترین براکەی هەنگاوی نا و ئەتوت بۆ یەکەمین جارە گیانی خۆی لە بن چەرمە چیڕی ساڵانی دوور و درێژدا ئازاد و ئاشکرا ئەکەرد. ئەو، خانمحەمەد کەلمیشی چنگی لە کاکۆڵی براکەی وەردا و تەوێڵی جوانی جەوانەکەی ماچ کرد. دیسان و دیسانەوە و ئەمجارەیان ماچی ناوچەوانی برا ئەوەندەی خایاند تا هەڵچوونی خوێنی داخی گەنجەکە، لێوە وشکەڵاتوو و چیرەکەی خانمحەمەدی سووتاند. پاشان، شان و باهۆی بەگمحەمەدی بە میهرەبانیەکی توورە و تۆسن لە کەڵەوەی قۆڵ و بازوویدا گرت و گووشای بە سینگیەوە، تاوێک لەو دارەتەدا چەناگەی تیژ و باریکی لە سەر خەرمانەی کاکۆڵی گوڵمحەمەد ڕاگرت و ئیتر خۆیشی نەیزانی کەی و چۆن لە براکەی جیا بوویەوە و ڕێی خۆی گرتە بەر. بەگمحەمەد وەک خەونی دیبێ، هاتەوە بە بیریدا کە خانمحەمەد لەگەڵ ئەو، بە خۆی وتبوو:

ــ لەحنەتی خوا لە من کە بە درێژایی تەمەنم براکەم بەم جۆرە خۆش ویستووە، بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە ئەو خۆشەویستیەی خۆم دەرببڕم! هەرگیز نەمتوانی پێت بڵێم کە چەندە ئازیزی لەلام بەگمحەمەد؛ برا شیرینەکەم.

لە ئاگری شەوقێکدا کە بە خەنجەرێکی سارد و سەخت

بە هەزار کوتەوە ئەکرا، خانمحەمەد لە بەرامبەر ستارەوە تێپەڕی. بەڵام چەند هەنگاو نەڕۆیشتبوو، گەڕایەوە و بە هەمان تامەزرۆیی و شەوقی بێ سنوور لە بەردەم ئەژنۆکانی ستاردا چۆکی نایە سەر بەردەکە، مەچەکی دەستەکانی ستاری لە نێوان پەنجە بڵیند و ڕەقەکانی خۆیدا گوشی و بەس توانی بڵێ:

ـ براکەم! براکەم!

ستار بەس توانی بڕوانێتە چاو و هەنیەی کابرا. نەیتوانی هیچ بڵێ. ئەتوت زمانی نییە. خانمحەمەد مەچەکەکانی ستاری بەردا، قۆڵە لەڕەکانی کابرای خامۆشی لە ناو دەستدا گووشی و جارێکیتر بەس توانی بڵێ:

ـ براکەم! براکەم!

ـ کات درەنگە خان برا!

دەنگی هاوڕێیانەی گوڵمحەمەد بوو خانمحەمەدی بانگ ئەکرد.

دوو پیاو ئەبوایە لێک دووربکەونەوە. ئەو دوانە ـستار و خانمحەمەدـ ڕۆژان و شەوانێکی زۆر بێگانە پێکەوە ژیابوون و وا پێئەچوو لەم دواین دەمەدا ئەیانەوێ بە کورتترین وشە، لێک تێبگەن. دەرفەت نەبوو و دوو پیاوی بێگانە تاسابوون و جێبەجێکردنی کارێکی بەو ڕادەیە گرنگ، لە سات و کاتێکی ئاوەها تەنگەبەردا، زۆر دژوار بوو.

ئەوا ستاریش لەگەڵ خانمحەمەد هەڵسابوو و هەوڵی ئەدا بە وشەیەک پیاوەکە بەڕێ بکات. بەڵام تازە درەنگ ببوو. خانمحەمەد ڕۆیشتبوو و خۆی ئەگەیاندەوە بە حەیدەری مەلامعراج و ستاریش خۆی ئەبینی، نیگای بەعەزرەتی لە دووی خانمحەمەدە.

ـ بیرت بۆ کوێ چووە، هاوڕێ؟

قوربان بەلووچ بوو بزەیەک لە سەر لێو لە بەرامبەر ستاردا ڕاوەستابوو. ستار بەس توانی ناوی قوربان بهێنێ و ئیتر هیچ .

قوربان بە بێ پێشەکی و درێژکردنەوە، وتی:
ـ جێگەکەت لەگەڵ من بگۆڕەوە و لەگەڵ خانمحەمەد بڕۆ!
ستار هەروا وڕ و خامۆش بوو، قوربان وتیەوە:
ـ کات تەنگە، ستار. زووبە ڕابە. من لێی ئەزانم چۆن گیانی خۆم دەرباز بکەم. ڕەنگە ئەمجارەشیان توانیم بۆی دەربچم. جێگەکەت لەگەڵ من بگۆڕەوە.
ستار دەستە پان و چیرەکەی بەلووچی لە ناو دەستیدا گووشی و هەستی ئەکرد لە شادمانیەکی منالانەدا تاساوە و جگە لە دەستگوشینی بەلووچ هیچکارێکی دیکەی پێناکرێ. بەلووچ دیسانەوە وتی:
ـ من ئەتوانم گوڵمحەمەد ڕازی بکەم من و تۆ جێگەمان بگۆڕینەوە. لەو سەرە کار کەمترە و کە گوڵمحەمەدیش دوورتر بێ مەترسیەکی کەمترت لە سەرە. کاری دیکەش هەیە کە بە تۆ ئەکرێ و بە من ناکرێ. هەرچی چۆن بێ من پیاوی شاخم و لەمجۆرە جەنگانەدا شارەزاییم هەیە، بە قسەم بکە! ئێستە کە بڕیار وایە هەردووکمان لێرە بجەنگین باشتر وایە کارەکە بە دادگەرانە لە نێوان خۆماندا بەش بکەین، ستار!
ستار وەک بڵێی هاتبێتەوە بە خۆیدا، وتی:
ـ هەر بژیت قوربان، منیش شارەزاییم لە جەنگ هەیە. لانیکەم لەگەڵ جەنگی شکست ئاشنام! بڕۆ، گوڵمحەمەد تۆی بۆ کێشک هەڵبژاردووە. ئێمە هەردووک فەرمان لەو وەرئەگرین لێرە، خۆ دیار نییە ئێمەش لەم خوارە بمێنینەوە. بڕۆ بە سلامەت قوربان.
بۆ ئەوەی کاتی مالاوایی گۆنا لە گۆنای یەکدی بخشێنن بەلووچ تۆزێک شانی دانەواند. هەر لەم کاتەدا دەنگی کچی خانمحەمەد هات کە قوربانی بانگ ئەکرد. دوو پیاو دەستیان لە دەستی یەکدی قرتاند. ستار هەنگاوێکی لەگەڵ چوو بەلام بەلووچ پەلەی کرد و وەک قۆچی قۆچاخ بە لای تاشە بەردەکەدا بای

دایەوە و، ناوقەدبڕ، خۆی گەیاندەوە خانمحەمەد و حەیدەری مەلا میعراج و، لەوە پاش ئیتر نەبینرا. ستار بێهوودە بە دوای بەلووچ دا شەوەزەنگی ئەسمی. چونکە تەنانەت دەنگی سووکەڵەی پێی ڕێبوارەکانیش نەئەبیسرا. بۆیە هاتەوە سەر خۆی و چاوەڕوان بوو تا چی ڕووبدات؛ چونکە هەستی ئەکرد کوژرانی سەبرخانی شوان کات و شێوازی جەنگەکەی تێک داوە.

خانئاپۆ ماوەیەک بوو لە شوێنی خۆی دانیشتبوویەوە و ئانشکی نابوویە سەر کەشکەی ئەژنۆی و چەناگەی لە سەر گرێی مشتی دانابوو و لە خاکە ڕەشەکە مۆڕەوە ببوو. بەگمحەمەدیش لە سەر تەلە بەردێک ڕاکشابوو و خامۆش بوو. بەرد بەردی کێوی سەنگرد، وا پێئەچوو لەگەڵ ئەو پیاوانەی خۆیان تیا حەشارداوە، لە خەمی کۆستی مەرگی سەبرخانی شواندا ماتەمینیان گرتووە. ئەتوت وا نەزانراوبوو کە مەرگی سەبرخان ئەیتوانی ئەوەندە کوشندە بێ. تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانێ توانا و هەناسەی پیاوانی کەلمیشی ئاوەها لە پڕ ببڕێت. خامۆشیان ئەوا کۆڵەی ئەکوتا. خامۆشی کێوی شەوی نووتەک و شەو کە لە سەرگەردانی نامۆی خۆیدا ڕائەکشا و چوار پیاو، کە هەر کامەیان، لە چوار قوڕنەی زەوی و هەر کامەیان لە خەڵوەتی خۆیدا، پێکەوە و بە دوور لە یەک، قورسایی تێپەڕینی شەویان بە سەر شانی خۆیانەوە تێ ئەپەڕاند. بلا بایش ئارام بگرێ، شەو لە قورسایی خۆی سەرڕێژ ببێ و ژیان لە قەبارەی ڕاوەستاوی چوار تاقانە پیاودا بێدەنگیەکی ڕێزدار وەربگرێ.

ئەمە گوڵمحەمەد بوو لە قەبارەی درەختێکی ناتەواودا  لە بن خێوەتی شەو ڕاوەستابوو. ئەوی کە بەگمحەمەد بوو، دانیشتوو، پانایی سەری بە خرە بەردێکەوە و برنەو لە سەر سینەی، وەک بڵێی لوولەی پۆڵایینی تفەنگەکەی ماچ ئەکات. دووەکەی کە خانئاپۆ بوو، گرمۆڵە بوو وەکوو ڕیشەی سپینداری کۆن، شان و باڵ و قۆڵ و بازوو لێک ئاڵاندوو، بە شێوازێک کە هیچکەس

پێشتر نەی بینیبوو. چەندە خەمبار، چەندە خەمبار خۆیای ئەکرد ئەو پیاوەی کە وا پێئەچوو لە پۆڵا داڕێژراوە. ئەم پیاوە چوارپیلە بەو دڵە ناسکەیەوە چۆن تا ئێستە بەو جۆرە بەرچاوی ستار نەکەوتبوو؟ بە سەیرکردنی خانئاپۆی خامۆش، ستار نەی ئەتوانی بە سەر خەمەکانی خۆیدا زاڵ ببێ. پەنجەی لە پەنجەی ئاڵقەکرد و مژۆڵی لێک نا. چۆنی بزانیبا کە خانئاپۆ بە خامۆشی لە ناخی خۆیدا ناگری و ئەو دوانەیتر چی؟ گوڵمحەمەد و بەگمحەمەد؟ نە مەگەر سەبرخان ئازیز بوو و حەیف بوو؟ ئەی چووزانێ کە لە نیگای ئەندێشاوی بەگمحەمەددا، هەر ئێستە، سەبرخانی شوان بە دوای ڕانەوە پێ و پێڵاوی بە عەرزدا ناخشێنێ؟ کێ چوزانێ پانایی سینەی گوڵمحەمەدیش لەم ساتەدا گیرۆدەی گرێ گرێی ئازار و ژان بۆ یادی سەبراو نییە؟ سەبراو؛ ئاخر ئەو لەو کەس و مەردمە بوو کە بە خراپە نینۆکی ئازاری بە هیچ ئادەمیزادێکدا نەهێنابوو:

ــ«بەڵام... بەڵام ئەبوا پیاوێک بە سەر سەری ژنەکانی بنەماڵەی کەلمیشیەوە بوایەت!»

ــ «مامە کەلمیشی خۆ هەیە، خاڵۆ عەبدۆسیشمان هەیە.»

ــ «بۆ لە سەری ئەڕۆی سەبرخان، تۆ خەریکە ئەبی بە باوک!»

ــ «هەر زانیم!»

ستار هەنگاوێکی تریشی نا. شانەکانی گوڵمحەمەد ئەتوت جووڵا؛ شەپۆلی دا. پاشان ستار هەستی کرد ملی کابرا شکایەوە بە دوادا، بنی کڵاوەکەی، بەرامبەر ڕوخساری ئەو وەستا و ئاسمان، یەک ئاسمان ئەستێرە بەرەورووی، دەستەکان و باڵی چۆخەکەی وەکوو دوو باڵی هەڵۆ هەڵاتن، چۆخە لە شانی کەوتە خوارەوە و دەستەکانی بە تفەنگێک بە سەر پەنجەی ڕاستەوە بەرز بوویەوە و کابرا نەعرتەیەکی شێتانەی وەهای لە ناخی سینەیەوە کێشا،

کە شاخ و کوێستانی لەراندەوە و زایەڵەی دەنگەکەی بە تۆزێک دواکەوتنەوە گەڕایەوە، گەڕایەوە، گەڕایەوە، گە ڕ ا ! یـ ـ ـە و ە.

خانئاپۆ سەری لە سەر خەمی دەستەکانی بەرزکردەوە، بەگمحەمەد کەوتە سەر شان و ستار دەسبەجێ بە نیگایەکی خێرا هەرسێ پیاوەکەی بە سەر کردەوە. لە دامردنەوەی دەنگدانەوەکەدا، گوڵمحەمەد دەست و تفەنگ و شانی داگرت و کێو ئارام بوو. پیاوان یەکپارچە نیگا بوون. گوڵمحەمەد وەرگەڕا، دانەویەوە، چۆخەی لە خاک هەڵگرتەوە، شاخێکی دا بە شانیدا و هات بۆ لایان. ستار هەنگاوێکیتر چووە پێشەوە. بەگمحەمەد بە سەر تاشە بەردەکەدا سەرکەوت و بەرامبەر مامی، لە نێوان ڕاوەستاواندا لە سەر لێواری بەردەکە دانیشت و پەنجەی لێک هەڵپێکا. خانئاپۆ هەروا کە بوو، مابوویەوە. مەگەر ئەوەی کە چەناگە و تەوێڵی لە سەر خەمی دەست و بازوو هەڵێنابوو و شوێنێکی لە شەو و بەردا سەیر ئەکرد. ستار ڕاوەستابوو و نەشی ئەوێرا لەو نەعرەتە ناکاتەی گوڵمحەمەد بپرسێ. پاش تاوێک گوڵمحەمەد دانیشت، تۆربێنی خستە بن ئانیشکی و خامۆش بوو. ستاریش لەبەرامبەریدا دانیشت و بێدەنگبوو تا کار بەکوێ بگات:

«بیر لە چی ئەکاتەوە گوڵمحەمەد؟»

شەو، شەوی درێژ و نووتەک. هاوڕەنگی قژ و بە بەربەرینی ئەندێشەی گوڵمحەمەد، دۆڵ و بنار و شاخی کێوی سەنگردی داپۆشابوو. چوار لووتکەی شاخ، چوار قۆچەکی پشتی وشتر، دەرکەوتووی بەستێنی ئەستێرەکان. یاڵی کێوەکە لووتکە تا لووتکە وەکوو شەپۆل شەپۆلی پشت و سمتی ئەسپی ڕەمیو لێرە و لەوێ تیژ وەکوو گوێ گوێی ئەسپ. بڕێکی وەکوو کەوانی یاڵی ئەسپ و بڕێکی تیژ وەکوو ڕمب، نێزەی لە دڵی ئاسمان.

کێو سەرانسەر حەپەساو و ئاسمان بە چل چاو مۆر و خامۆش. تاکە تاکەی ئەستێرە، تاکە تاکەی ئەستێرە، تاک و

تەرا لێرە و لەوێ، سارد و پەرێشان بە هەموو لایەکدا زریوەیان دێ؛ نزیک و دوور ئەکەونەوە، دوور و نزیک ئەبنەوە. ئەکشێنەوە و بۆ پێشەوە دێنەوە. سەرئەکێشن بۆ چاڵگەی کێوەکە و دیسا! وەک بە چرپە سەربنێن بە گوێی یەکەوە، وا پێ ئەچی کێژۆڵانی ڕەمۆک مەترسی ترس و پەرێشانی پتر ئەکەن.

پێکەنینێکی ئارام، سووچی لێوەکانی گوڵمحەمەد بە نەرمی چاڵ ئەکات:

«وازی ڕۆژگار! ئای!»

ئەستێرەیەک کشا و هێڵی کلکی بە سینەی ڕەشی ئاسمانەوە لە شوێنێکدا قلْپ بوویەوە و لە چاو ون بوو. گوڵمحەمەد ئاوڕی لە ستار دایەوە و وتی:

ــ وەک هەرگیز نەبووبێ! هەرگیز، هەهـ!

ستار هاتە زمان:

ــ بوون و نەبوون، کاری گەردوون هەر ئەمەیە!

ئەوا چوار پیاو، چوار ڕەقە بەرد لە چاڵگەی خامۆشی شەو و کێودا لە دەوری کانیەکە دانیشتبوون، کانی شیرین لە قووڵایی قاپ ئاسای سەنگرددا بوو. کانی و سەراوی ئاسکۆڵان و دڕندان، ئاژەڵی ماڵی نەی ئەگەیشتێ. ئاوەکە نەک بە خرۆش و کەفچەرێن، بەڵکوو زۆر خاو و لەسەرخۆ هەڵئەقوڵی، بەو ئەندازەیەی بەشی کارمامزان و دڕندەی ڕێبوار بکات. ڕەنگە ئەو پلینگە، پلینگەکەی لەگەڵ سەبرخان زۆرانی گرتبوو، زۆر جاران لە کانی شیرین ئاوی خواردبوویەوە.

ــ کێوێکی تاقانەیە سەنگرد، کێوێکی تاق و تەنها!

بە زەنگی دەنگی گوڵمحەمەد، خانئاپۆ سەری هەڵێنا و لێی ڕوانی. گوڵمحەمەد نیگای لە شەو و کێو گواستەوە و بە خان ئاپۆی وت:

ــ چۆنی بۆ ئەچی خانئاپۆ، بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

خانئاپۆ وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر بمزانیبا لە چ دۆخێک دام، باشتر ئەمتوانی بیر بکەمەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەبێ وای دابنێن بە دوامانەوەن و ئەویش نەک کۆمەڵێک جەندەرمە کە لە هەموو شت زیاتر وان لە بیری گیانی خۆیاندا. بە دوامانەوەن و بە گوتەی حەیدەر قەلاتی سەنگردیان کردووە بە بنکەی سەرکردایەتی خۆیان. لە سەنگردەوە تا کێویش ئەوەندە نییە و وچانە غارێکە. تۆ چی بیر ئەکەیتەوە لە کاری جیهەن؟

خانئاپۆ چەند پارچە بەردێکی بە دەستەوە بوو و خەریکبوو بە داچنینیان بار و دۆخی کێوی سەنگرد، شیو و دۆڵ و گەلی، شوێن و لایەنەکان پیشان بدات. بەردەکانی بە ڕێکوپێکی لە سەر تەختە بەردێکی گەورە کە خۆی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو ریزکرد و پاشان بە نووکی دەبانەکەی کەوتە شیکردنەوەی چۆنێتی دۆخەکە و وتی:

ـ کێوەکە وەکوو قاپێکی قۆڕ و قووڵە. ئێمە لێرەین، لە بنی قاپەکەدا. دەورمان زەرد و ماهی چوار لووتکەیە. لووتکەی پیازی لێرەیە و لووتکەی چاڵقی لێرە. لووتکەی حەسەن کرڕاو لێرەیە و ئێرەش لووتکەی تاقەمەرگە. هەمیشە کاتێکە لە دەرەوە سەیری ئەم کێوەم ئەکرد ئەکەوتمە بیری کەمایەکی چوار کەللە کە پاش باران لە زەوی سەوز بووە. خاوەن مردوو لە هیچ لایەکەوە ڕێگە و ڕەچەڵەکێکی بە بنارەکانی ترەوە نییە. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بگەیەنینە بنارەکانی بەرانە کێو یان سوورکێو لانیکەم ئەبێ شەوێک تا بەیانی ڕێ بکەین. باشە! ئەگەر بمانەوێ لە ناو ئەم قوڵکەیەوە خۆمان بگەیەنین بە بنارەکانی دیکە، بەس دوو ڕێگەمان هەیە. سوورکێو لە دۆڵی چابلووک و، بەرانە کێویش لە دەرووی باریکەوە. ئەم لامان گەلیی تاقمەتاقە کە ئەگەر لێی بچینە دەرەوە، ڕاستەوخۆ ئەمانبات بەرەو مەڵبەندی باشوور، لەم دەستیشەوە گەلی گاتاقە کە بەرەو گوندی سەنگرد ئەچێ. کاری

ئێمە ئێستە ئەوەیە بزانین لە دەرەوەی ئەم قاپە قووڵە چ باسە. تا ئێستە ئەوەمان زانیوە کە فەرماندەی ئەم جەنگە، جیهەنە. جگە لەو، سەید شەرزا و سەرهەنگ بەکتاشیش هەن. هەڵبەت ئەگەر پیاوەکانی بوندار و نەجەف ئەرباب لەبەرچاو نەگرین. کە وا بوو پێشتر ئەبێ ئەوە بزانین کە ئەوان چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر و ئەیانەوێ چی بکەن؟ ئەگەرێک هەیە کە شەو لە قەڵاتی سەنگرد بمێننەوە و دەمەو بەیان پەلامار بدەن. گومانی ئەوەش هەیە بە شەو کێوەکەیان گەمارۆ دابێ و گەلیەکانیشیان گرتبێ.

گوڵمحەمەد تاوێک بە بیرکردنەوەوە مات بوو پاشان پرسی:

ــ ئەگەر گریمانی دووەم ڕاست بێ، پێت وایە هەر چوار گەلیەکەیان بەستبێ؟

خانئاپۆ بە بێ ئەوەی نیگا لەو نمایەی سازی کردبوو وەرگرێ، وتی:

ــ من! کە خۆم ئەخەمە جێگەی جیهەن ئەبینم ئەبێ هەر چوار دەرووەکەم بەستبێ. جیهەن ئەگەر پیاوی بە پێی پێویست هەبێ، تائێستە لووتکەکانیشی گرتووە. ئەگەر جیهەن ئەمشەو لە سەنگرد پشووی دابێ، بۆی هەیە بتوانین بەشەو خۆمان دەرباز بکەین. لەو دارەتەدا بەیانیش لە ناو دەشت ئەبین؛ ڕۆژی ڕۆشن لە بیابانێکی وەکوو بەری دەست. ئەمێنێتەوە یەک ڕێگە؛ ئەویش ئەوەی کە بە چەپخوون بدەین بە سەریاندا.

گوڵمحەمەد بە بێدەنگی سەری لەقاند و لە بەر خۆیەوە ورتەی لێوە هات:

ــ چەپ . . خ ـوون!

خانئاپۆ لێی ڕانەوەستا و وتی:

ــ بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێ بزانین دوژمن چۆن دامەزراوە و لە کوێ بۆسەی ناوەتەوە. بۆ چەپخوون باشتر وایە کە جیهەن شەو لە سەنگرد مابێتەوە.

ستار سەری بەرزکردەوە و وتی:

ـ ئەکرێ بزانین، ناکرێ؟

بەگمحەمەد ڕابوو و وتی:

ـ دوو بە دوو ئەڕۆین؛ ستار و من.

گوڵمحەمەد ڕوانیە براکەی. ستاریش ڕابوو و وەستا. گوڵمحەمەد، هیچی نەوت، بەس زیخێکی هەڵدا. خانئاپۆ هەڵسا، دەبانەکەی کردەوە بە بەرپشتوێنەیدا و وتی:

ـ یەک کەس، بەس یەک کەس. ئەو کەسەی کە کێوەکە ئەناسێ.

ئەوەندەی بەگمحەمەد ڕۆیشت، گوڵمحەمەد هەروا چاوی بڕیبوویە ئاوەکە.

پاشان سەری هەڵێنا و وەک لەگەڵ خۆی وتی:

ـ کێوێکی تاقانەیە سەنگرد، کێوێکی تاق و تەنها! زۆر لەبارە بۆ ئەوەی مرۆڤی تیا بخەنە داوەوە! بەڵام چی ترم پێ ئەکرا؟ تەنها ئەم کێوە بوو کە داڵدەی داین، باش کە بیری لێ ئەکەمەوە بۆم دەرئەکەوێ کە پاڵیان پێوە ناین بۆ کێوی سەنگرد، پەلکێشیان کردین بۆ ئێرە. من چیترم پێ ئەکرا، تۆ بڵێ خانئاپۆ؟!

خانئاپۆ لەو بەری کانیەکە بەرامبەر بە گوڵمحەمەد دانیشتبوو. ئەیبیست و ئەیدی کە گوڵمحەمەد خەریکە تووش ئەبێ، گومانی هەست بە تاوانکردن هەڵی ئەگرێ. هەستی تاوانکردن سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کەسانەی کە چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو تێکەڵکردبوو. بۆیە بە ڕاشکاوی و ئەرخایەنی هاتە گۆ و وتی:

ـ تەنها کارێکە ئەمانتوانی بیکەین هەر ئەمە بوو. تەنها کاری ڕاست ئەمە بوو. کێو، کێو. چی بکەین کە کێوەکەشمان تەنهایە؟!

گوڵمحەمەد ڕوانیە مامی خۆی، تاوێک لە تارمایی ڕوخساری وردبوویەوە و وتی:

ـ خانئاپۆ! خانئاپۆ... کەسانی ئێمە بە دیل گیراون،

کەسوکاری ئێمە وا یەخسیرن بەدەست دوژمنەوە. چاوەڕوانی ئەمەم ئیتر نەئەکرد. وام زانیبوو جیهەن.... پاش ئەوەی ناونیشانی ئێمەی لەوان وەرگرت، لەکۆڵیان ئەبێتەوە و دێ بۆ ئێمە. وام زانیبوو تۆزێک جوامێری تێدا هەیە هێشتا، بەڵام نەء، ئەندێشەی خاو! ئەو دیسانەوەش کەسوکاری ئێمەی بە دیل گرتووە؛ لە ڕاستیدا بە بارمتەی گرتوون. ڕەنگە ئازیزەکانی ئێمە هەر ئێستە لە دەرەوەی بناری کێوی سەنگرد ڕاگیراون و خەریکن خۆتەیارکردنی دوژمنەکانمان بە چاوی خۆیان سەیر ئەکەن. خۆ ئامادەکردن بۆ گەمارۆدانی ئێمە. شەوێکی دژواریان هەیە ئازیزەکانی ئێمە، شەوێکی دژوار تێپەڕ ئەکەن. سەرەڕای ئەمەش چەپخوون.... تەق و ڕەو خوّی شێوازێکە خانئاپۆ. ئەگەر ڕاتان وایە پەلامار ئەدەین. من نامەوێ لەمە زیاتر شەرمەزاری لای ئێوە بم!

خانئاپۆ نەک لەگەڵ گوڵمحەمەد، بەڵکوو وەک لەگەڵ خۆی بێ، لە بەر خۆیەوە ورتەی ئەهات و ناوی جیهەنی لە بن ددانەکانیدا ئەهاڕی:

ــ جیهەن.... جیهەن.... جیهەن! لە کوێوە بۆ کوێ جیهەن، لە کوێوە بۆ کوێ؟ تۆ بۆ خۆت پیاوێک بوویت. بۆ خۆت سنووردارێک بووی. سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەم خاکە بە ناوی تۆوە پارێزرابوو. پشتی هەموو بێگانەیەک لە خۆفی ناوی تۆ ئەلەرزی. تۆ بۆ خۆت پیاوێک بوویت بەلووچ! بەڵام... بەڵام تۆیان دزی، تۆیان لە ئێمە دزی. تۆیان، تفەنگەکەی تۆیان لە سینەی دوژمنەوە وەرگێڕا بۆ سینەی دۆست. خۆڵ بە دەمت، جیهەن! ئاگرت لێ بباریّ کە گوللەت سینەی سەبراو ئەسووتێنیّ؛ ئاگرت لێ بباریّ جیهەن!

ــ خانئاپۆ... خانئاپۆ!

ــ ئای... جیهەن، تۆ دەست ئەخەیتە دەستی داگیرکەر و خانەکانەوە، لەگەڵ تاڵانکەر و باجبگیر و بەلاشخۆر و ناکەس پەیمان ئەبەستیّ بۆ ئەوەی بنەماڵەی کەلمیشی بە یەخسیری

بگری؟! ئای... جیهەن بەردی ئەم کێوە هەڵتلووشیێ!

ــ خانئاپۆ، خانئاپۆ!

ــ دڵم گوڵمحەمەد، دڵم شکاوە گوڵمحەمەد. حەزم ئەکرد سەرخۆش و جەوان بجەنگم. حەزم ئەکرد گاڵتە بە مردن بکەم، بەڵام... بەڵام بە شەوێک پیربووم ئاپۆ گیان. بە شەوێک پیریان کردم بێپیرانە. دڵم، دڵمیان شکاند. تاوێک سەبراو بهێنەرەوە بیر و بیری لێ بکەرەوە ئەو پیاوە چەند پاک و بێوەی بوو. دڵیان شکاندم ئاپۆ گیان. ئێستە ئیتر سروشتم وەرگەڕاوە و حەزم گۆڕاوە. ئێستە ئیتر ڕق ئەستوورم، تەنها کینە. لێتی ناشارمەوە کە خۆم بە گورگێک ئەزانم، گورگ. بەس ئەمەوێ هەڵبدڕم، بکوژم و بکوژم، سوێند ئەخۆم ئەگەر بمێنم شتاقیان نەبوێرم. بوندار لە ماڵەکەیدا بسووتێنم. ئالاجاقی بکەم بە بێژنگ و بۆ بڕینی سەری جیهەن، بگەمە سەرەخس. بەس ئەمەوێ بیانکوژم. ئەمەوێ بیانکوژم. خوێن، خوێن، خوێن!

ئارام و لە سەرەخۆ، گوڵمحەمەد وتی:

ــ زیندوو ئەمێنی خانئاپۆ!

ــ هیچ جیاوازی نییە من یان یەکی دی زیندوو بمێنێ. بەڵام ئەگەر من لە خوێنی خۆم گەوزام ئەرک بێ لە سەر شانی ئەوکەسەی کە ئەمێنێ ئەبێ بەڵێنم بداتێ، بکوژێ و بکوژێ، هەموو ناکەسانی وەکوو بوندار بکوژێ.

گوڵمحەمەدیش بە هەمان نەرمی و بە پەرێزەوە وتی:

ــ ئەتوانی خانئاپۆ، خۆت ئەتوانی زیندوو بمێنی. هێشتاش دەرفەتمان هەیە، ئێمە ئەتوانین بە تەق و ڕەوە بیانخافڵێنین و تۆ... لە درزێکەوە بای بدەرەوە و خۆت دەربازبکە.

ــ ئەی ی... گوڵمحەمەد! گوڵمحەمەد، چۆن ئەتوانم، چۆن ئەتوانم ئەو کارە بکەم؟ چۆن ئەتوانم ئێوەی چاوەکانم لە جەنگدا جێ بهێڵم و خۆم بۆی دەربچم؟ تۆ چۆن دڵی مامت ئەناسی ئازیز؟ ئەزانم کە میری بەس گیانی گوڵمحەمەدی ئەوێ،

بەڵام من هاوگیانی تۆم ئاپۆ گیان. ئەی تۆ گیانی من بە چی ئەزانی، گیانەکەم؟

ــ بۆ تۆڵەسەندنەوە... خانئاپۆ، بۆ خوێنخوازی!

ــ مەگەر پێکەوە ئاپۆگیان، مەگەر پێکەوە، ئەگینا بە تەنها خۆم هەرگیز! بیّتۆ، بیّ بەگمحەمەد و بیّ سەبرخان؟ .... ئایی.... قاچەکانم بە قسەم ناکەن! نەء، چۆن ئەتوانم خۆم دەربازبکەم و ئێوە لە ناو گێژەنەکەدا جیّ بهێڵم؟ مەگەر من بۆ ئێوە گورگم؟! نا، کوڕی خۆم؛ ئاپۆی تۆ ئادەمیزادە، ئادەمیزاد! من ئادەمیزادم و ئەو ژیانەم خۆش ویستووە کە ئێوە بوون. بە کەوتنی هەر کامتان، پارچەیەکی لەشی منیش گۆچ ئەبیّ. کە وا بوو کاتێکە ئێوە، ئێوە نەمابن -ئەویش خۆم بە ئەنقەست لە کامی گورگدا جێم هێشتبێتن و ڕام کردبیّ- چۆن ئەتوانم هەنگاو هەڵێنم؟ ئیتر چیم لیّ ئەمێنێتەوە کە بتوانم تۆڵەی خوێنی ئێوە بکەمەوە؟ مەگەر ئەوەی کە پێکەوە بمێنین ئاپۆ گیان. جا... جا بەس پەژارەی ئەوەمە کە تۆ ماندوو بووی گوڵمحەمەد. بە داخەوەم کە تۆ ماندوو بووی ئاپۆ گیان!

گوڵمحەمەد بە ڕاستی و ڕەوایی گوتەکەی مامی وەرگرت و وتی:

ــ من ماندوو بووم خانئاپۆ، بەڵیّ... من ماندوو بووم. ئەو ڕۆژەی من بڕوام بە ماندوو بوونی خۆم کرد کە تۆ بەو جۆرە لە خورسوف گەڕایتەوە. ئەو ڕۆژە بوو کە من ماندوو بوون و شکانی خۆمم بڕوا پێکرد. هەمان ئەو ڕۆژەش بوو کە من و تۆ بەدەستی بیّ تەقەی خەڵکی لەپیّ کەوتین و من لەوە تیّ نەگەیشتم. پاشی ئەو ڕۆژە من لە ئەندێشەی مەرگی خۆمدا گرفتار بووم. چونکە ئەو ڕۆژە سەرەتای مەرگی من بوو. ئا، بەڵیّ! مەرگ! ئێمە کارێکمان دەستپێکردبوو کە ئەنجامەکەی کوێربوو بۆمان. ئێمە دەستمان دایە کارێک کە خۆشمان نەمان ئەزانی تا چ ڕادە گەورە و مەزنە. من سەرەتا بە بیریشمدا

نەئەهات کە خەریکم دژایەتی حکوومەت ئەکەم. من هێندەی تاڵە موویەکیش بیرم لەوە نەئەکردەوە کە دژایەتی کردنی خان و زەویدار بە واتای دژایەتی کردنی میری و دژایەتی کردنی شایە. پاشتر لەمە تێگەیشتم کە ئیتر تفەنگم بە دەستەوە بوو و بە زمانی گوللە ئەدوام. قسەکردن بە زمانی گوللە لەگەڵ حکوومەتێک! ئەوسا بوو کە زانیم کارەکەمان گاڵتە نییە. بۆیە ئیدی کار لە وتووێژ و چەلەحانێ ترازابوو. ئێمە تفەنگمان پێبوو و شەڕمان ئەکرد و خۆبەخۆ لایەنی ئەو جەماوەرە بووین کە دەستیان بەتاڵ و دەمیان داچەقابوو. بۆیە ئێمە بە بێ ئەوەی خۆشمان زانیبێتمان فەرمانمان بە خانەکانی ئەم جەماوەرە دابوو ئەوەی تا ئێستە خواردوویانە بیگەڕێنینەوە. ئێمە نەمان ئەوت، لە ڕاستیدا تفەنگەکانی ئێمە ئەمەیان ئەوت. چونکە تفەنگ خۆ ناتوانێ چەنەوەری بکات، تفەنگ هەموو هەقەکەی ئەوێ و جێگەی سازان و ئاشتی ناهێڵێتەوە. پاش ئەوەی کە گوللە لە لوولەی تفەنگەکەت دەرچوو، ئاشتی و ڕێککەوتن لەگەڵ دوژمن تەنها یەک واتای هەیە. واتاکەشی ئەوەیە کە هەموو ئەوەی تا ئەمڕۆ ویستووتە بخەیتە لاوە و بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەری کارەکە؛ واتە ببی بە کرێکاری ستەم. لەم گێرە و کێشەیەدا من زۆر شەوان بیرم ئەکردەوە خانئاپۆ. بیرم کردەوە بەڵکوو بتوانم ڕێگەیەک بدۆزمەوە. بەڵام دەمەو بەیانی هەموو شەوێک بینیم دیسانەوە لە شوێنێکدا ڕاوەستاوم کە دوو ڕێگە زیاترم نییە. یەکیان ڕۆیشتن بوو و ئەوی تریان چۆک دادان. ئەو ڕۆژەش کە تۆ لە خورسوف گەڕایتەوە، ڕۆژی چارەسەربوونی گرفتی شەو بێدارییەکانی من بوو. ئەو ڕۆژە سەرەتای مەرگی من بوو. ئەوەی کە پیرێژن لای جۆگەلەی ئاشەکە بە تۆی وتبوو لە ڕاستیدا پەیامێکبوو بۆ من لە لایەن عیزرایلەوە. مەرگ، بەڵێ خانئاپۆ! مەرگ!

خانئاپۆ خامۆش بوو و گوێ بوو. سەرە گەورەکەی داخستبوو

و نیگای لە بەردەکە بوو. لە ئەنجامدا گوڵمحەمەد شیلەی بیرەکانی خۆی بۆ ئەو وتبوو، هەرچەند بەر لەمەش ناو بە ناو و پچڕ پچڕ هەندێ شتی لەم بابەتەی بەر گوێ کەوتبوو و خۆیشی بە هەست و ئەزموون لە هەندێ شت تێگەیشتبوو. بەڵام ئەوەی لە زمانی گوڵمحەمەدەوە ئەی بیست جەختکردنێکی ڕاشکاوبوو کە یەکجێ و بە کاکڵ و ناوەڕۆک وترابوو. خانئاپۆ ئەیبینی کە گوڵمحەمەدی ئەو، سنووری نێوان خۆی لەگەڵ ژیان لە لایەکەوە و لەگەڵ مەرگ لە لایەکی ترەوە ڕوون کردۆتەوە. هەمیش هاتەوە بیری کە لە گەڕانەوەیدا لە خورسوف، خۆی بە گوڵمحەمەدی وتبوو:

ــ «ئێمە دۆڕانمان ئاپۆ گیان!»

ــ بەڵێ خانئاپۆ، ئێمە دۆڕاندوومانە. ئێمە دۆڕاندوومانە و شکستمان خواردووە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نامانەوێ لە شکستەکەی خۆماندا ڕیسوا ببین. ئێستە کە وای لێهاتووە نامانەوێ و نابێ ببین بە دوژمنکام. شکستی پیاو کە ئەگات، مەردانەتر ئەوەیە کە وەکوو چنار بشکێ. چونکە ژیان شوێنێکی هەیە و مەرگیش جێگەیەک. مەرگ و ژیان هەر کامەیان شوێن و نرخی خۆیان هەیە. کاتێکە ژیان بیەوێ بە ڕێگەی خراپەدا خلۆر بێتەوە، کە وا بوو بژی مەرگ! من و تۆ خانئاپۆ ژیانمان شیرین و شیاو ویستووە، کە وا بوو مەرگیشمان شایان و هێژا ئەوێ. مەرگی دزێو، شیاوی ژیانی کرێتە. چونکە چەپەڵی ژیانی دزێو بە خوێنیش خاوێن نابێتەوە. ژیاوین خانئاپۆ، بە سەربەرزی و مەزنی ژیاوین و ڕەوانییە خۆمان لە دزێوی هەڵژەنین. ئەگەر لەوە زیاتریش هەڵپەی ژیانمان هەبوایە، ڕەنگە نەگبەتی ئەیگرتین. لە ڕاستیدا نەگبەتی ئەوکی ئەگرتین. سووک و ڕیسوا و ڕەنگە بێ ڕوومەتیش ئەبووین. کێ زانیبووی جیهەن خانی سەردار، ڕۆژێک تا ئەم ڕادەیە خوێڕی ببێ؟ خودی جیهەن، ئەگەر وای دابنێین کە ڕۆژگارێک جگە لەمە بووبێ، مسۆگەر ئەیتوانی ئەمڕۆی خۆی

ببینیٚ؟

خانئاپۆ هەروا خامۆش و سەرتاپا گوێ بوو و گوڵمحەمەد ئەدوا. شاد و بە کوڵ و حەزەوە ئەدوا و ئەتوت هێزێکی نامۆ وای لیٚئەکات ئەوەی پێشتر بیری لێکردۆتەوە و ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتووە، بیگێڕێتەوە. تا ئەو ڕادەیەی کە نەئەهاتەوە بە بیریدا، هەرگیز ئەوەندە بە شەوق بووبیٚ بۆ قسەکردن. هەستێکی ونبوو لە ناخیدا گیانی گرتبوو و ئەیویست بە هێزی خۆی، ئەو سێبەرەی مەرگ کە پێشاوپێش هاتووە، وردوخاش بکات. هێزێکی شاراوە بۆ داکۆکی لە ژیان لە هەناوی پیاوەکەدا کەوتبوویە جۆش و خرۆش و خەریک بوو بەژنی بڵیندبالاّی خۆی لە وشەدا بدۆزێتەوە. گوتەیەک کە هەم فراوانی ژیان و هەم سازگاریی هەبوون و هەم بڕوای مانەوەی بە تێکڕا لە خۆیدا کۆکردبێتەوە؛ وزەیەکی زۆر گرانبار کە بتوانیٚ هەبوونی مرۆڤ لەگەڵ فەوتان و نەمان بە لێوەشاوەیی و دۆستانە لێک نزیک بکاتەوە. شتێک کە تەوقەی دۆستانە بە مەرگ و ژیان بکات و بە شێوەیەکی گونجاو پەیوەندیان بدا بە یەکەوە:

ـ ژیاوین خانئاپۆ. جارێک ژیاوین و هیچ ئادەمیزادێک لەم دنیایەدا زیاتر لەیەک جار ناژی. باش کە لیٚی بڕوانی ئەبینی ژیانی خۆمان کردووە. ژیان جارێکە و لە جارێک زیاتر نییە؛ ئێمەش ئەو یەکجارە ژیاوین. جارێکە ژیان، یەکجار هەمان ئەو یەکجارەی کە شنەی دەمەو بەیان هەڵئەمژین، هەمان یەکجار کە تینوێتی خۆمان بە زەرکێک ئاوی فێنک دا ئەمرکێنینەوە. هەمان ئەو جارەی کە گاز لە سێوێک ئەگرین و ئەو یەکجارەی کە خۆ لە ئاو هەڵئەکێشین و ئەو یەکجارەی بە سواری ئەسپ لە دەشتدا ئەدەینە غار؛ یەکجار! یەکجار و نە زیاتر. پاشی ئەو جارەش هەموو تەمەنی خۆمان بە دوای هەمان ئەو شتانەدا هەڵدێین. پاشی ئەوەش هەموو کاتێک بە دوای تام و چێژی ئەو یەکەم ژیانەدا ئەگەڕێین. بە دوای چێژی یەکەمدا. گاز لە سێو ئەگرین

تا ئەو تامەی یەکەمجاری تیا بدۆزینەوە، ئاو ئەخۆینەوە تا چێژی تینوێتی شکاندنی یەکەمجار دەست خەینەوە. لە ئاودا ئەکەوینە مەلە تا بەو شەوقەی یەکەمجار بگەینەوە، شنە هەڵئەمژین تاکوو نیشانەیەک لەو یەکەم سروەیە هەست پێبکەین. ژیان یەکجارە لە هەر وەرزێکیدا!

تۆ چۆنی تێئەگەی ستار، تۆ دەربارەی ژیان چۆن بیر ئەکەیتەوە؟

ستار کە تا ئەم کاتە لە پەنای بەردەکەدا و لە ناو تاریکیەکەدا ون بوو، جووڵا، تاوێک ڕاما و پاشان لە وەڵامدا وتی:

ـ شیرینی ژیان لە جارێک زیاتر بە دڵی مرۆڤەوە نالکێ؛ بەڵام تاڵیەکانی هەمووجارێک تازەیە، هەرجارە و تازەترە.

بێدەنگیەک کەوتەوە.

گوڵمحەمەد خامۆش ببوو. خانئاپۆ هەڵسابوو و دڵنیگەرانی بەگمحەمەد بوو. وەڵامەکەی ستار بۆ ساتێک گوڵمحەمەدی دڕدۆنگ کردبوو و خستبوویە گومانەوە.

خانئاپۆ بە بێ ئەوەی سەرنجی گوڵمحەمەد ڕابکێشێ، خرۆشابوو و خەریک بوو لە ناو تاریکی شەودا نوقم ئەبوو. ستار هەروا لە بن بەردەکە دانیشتبوو و چەناگەی چەقاندبوویە سەردەستی و بزەیەکی سووتاو و جەخاراوی لە چاوەکانیدا ئەگەڕا.

ـ بیر لە چی ئەکەیتەوە ستار؟

ـ بیری ئەوین، وام لە ئەندێشەی خۆشی ئەویندا!

فەربود وتبووی:

«ئێمە لە پێناوی ژیان و بە ئەوینی ژیان ئەمرین، نەک بە ئەوینی کوژرانەوە بژین! بەڵام تۆ! خۆیشت ئاگات لێ نییە کە بەرداشتی بەراوەژووت لە پرنسیپەکان وەرگرتووە. ئەوینی قوربانی بوون، ئەوینی مەرگ، نەء! ئەم بۆچوونەی لە تۆدا سەری هەڵداوە، عیرفانییە. ڕەنگە بۆ ئەوەی زۆر لە بیابانە وشک و چۆڵەکاندا بە تەنها ڕێت کردووە. بەڵام من مەنسووری حەللاج

نیم و ناهێڵم تۆیش ببی بە برایمی ئەدهەم! من هۆنەرم و تۆیش پینەچی! منیش و ئەوانی کەش، هەروەها خودی تۆیش، حەسەنی سەباح نین! نەخێر! جا بۆیە ڕێگە نادەم هاوڕێکانم بەو جۆرە خۆیان تیا ببەن، نەخێر! من ناتوانم بە چاوی کراوەوە، وەکوو گەڵحۆکان ڕابوەستم و ببینم کە ئازیزەکەی من بە ئەوینی مەرگ و تیاچوونەوە ئەچێ بەرەو مەردن و فەوتان. نەخێر، ئەمە شێوازێکە لە نیهیلێزمی بێ خەوش!»

بەڵام واتای ئەوین، سەردانانە. ئەوین، ئەوین، ئەوین. چەندە ترسناک، چەندە دژوار، چەند سامناک.

داخی گرانم.

داخم ئەی پیاو، کە ئەوینت مەگەر لە ئازاردا نەناسی.

ئەوینت مەگەر لە ئازاردا.

نەء!

تۆ توونا نەبوویت،

تۆ نەفەوتاوی لە ئەوین، لە ئەوین، لە ئەوین.

بە ژان هاتی بۆ چارەی ژان و ئەڵماس بە ئەڵماس، چونکە ئەوین بە ژانەوە فێر بووی، چونکە شەیدای ئازاری. بۆیە لەرزی ڕۆیشتن تۆی کرد بە تریشقە لە گیانی ئەویندا و، شەوقی پەلە وەها ئاگری تێ بەردای کە یادی ژیان و گیانت بە جارێ لە بیر چوویەوە. خوێنبایی ئەوین.

نەء، تۆ نەفەوتاوی،

کە ئەوین مەگەر لە ژاندا،

کە ئەوینت مەگەر لە خوێندا ناناسیتەوە.

لە ساکارترین، لە ساکارترین گەوهەری ئادەمیدا ئەوینت دۆزیەوە و یەکسەر -بە سەر و گیانەوە- سەر و گیانت بەختکرد بە ئەندێشەی خۆشی ئەوینەوە. ئەم بوونەت ئەیتوانی چی لێت بوێ گرانتر لە بوونت؟ ڕوومەتت بە گڕەی تاو و با برژاند، هێشوویەکی دیاریی ئەوین.

ـ حەزم لێبوو ناڵینی چگوورەکەی بەگمحەمەد جارێکی کەش ببیسم.

ستار لە وەڵامدا وتی:

ـ منیش زۆرم پێخۆش بوو.

ـ خوێنم گڕ ئەگرێ کاتێکە بەگمحەمەد چگوورەکەی ئەخاتە ناڵین. سەرتاپا ئەبم بە غەم و شەوق.

ستار وتی:

ـ ئەو ساتانەیە کە مرۆڤ ئەیسەلمێنێ کە ژیان نرخی ژان و ئازارەکانی هەیە.

گوڵمحەمەد نە ئیتر لەگەڵ ستار، بەڵکوو لەگەڵ خۆی، ئارام و خەمناک لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئەمویست بتکەم بە زاوا کاکە برا. خەنەبەندانم بۆ کردی. خەنە بەندانم بۆ کردی سۆمای چاوەکانم!

دوورکەوتنەوەی بەگمحەمەد لە براکەی، ئێستە و لە پڕ ئەتوت ڕووی دابوو. گوڵمحەمەد نەبوونی براکەی زۆرتر لەوەی کە ئەبوا، بەئاشکرا هەست پێ ئەکرد. نێوانی خۆی و براکەی زۆر بە قووڵ و دوور ئەزانی و هەستێکی وای پەیدا کردبوو کە براکەی بۆ هەمیشە لە دەست داوە و هەرگیز ڕوخساری نابینێتەوە. کەڵکەڵەی لەپڕی هەستێکی نامۆ و کتوپڕی لە دەسدانی براکەی ببوو بە خەنجەرێک کە ڕەگ و دەماری گوڵمحەمەدی بە وردبینیەکی ملۆزم لێک هەڵئەپچڕاند و ژەهری ئەو کەڵکەڵەیە وای لێئەکرد ڕابێت و بە شۆپی بێ شۆپی براکەیدا، خۆی لە شەوی نووتەکدا ون بکات بەڵکوو بەگمحەمەد بدۆزێتەوە، بە ناباوەڕییەوە لە ئامێزی بگرێ و پێی بڵێ:

«هێزی ئەژنۆم... سۆمای چاوانم! برای شیرینم!»

بەڵام وای نەکرد و بێ پەروای ئاشکراکردنی نیگەرانی و بەدگومانیەکەی خۆی، سەری هەڵێنا، ڕوانیە لای ستار و وتی:

ـ تۆ مەرگ چۆن ئەبینی ستار؟

ستار سارد و بە بێ چرکە وەڵامی دایەوە:
ــ مەرگ نامەوێ بیبینم، من لە مەرگ بێزارم!
ــ بێزاری لە مەرگ؟!
ــ بێزارم لە مەرگ!
ــ بێزاری لە مەرگ و بەو جۆرە خۆت خزاندۆتە گەرووییەوە؟
ــ بێزارم لە مەرگ و بەم جۆرەش خۆم هاوێشتۆتە گەرووییەوە!
گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی نیگای دڕدۆنگی خۆی لە سەر ڕوخساری ستار بگوێزێتەوە، تاوێک خامۆش بوو و پاشان وتی:
ــ ستار!
ستار بە هەمان کورتی وەڵامی دایەوە:
ــ بەڵێ؟
گوڵمحەمەد وتی:
ــ جارێکی کەش ئەمەوێ شتێکت لێ بپرسم.
ــ ئەتەوێ چیم لێبپرسی؟
گوڵمحەمەد بە نەرمە خەندەیەکەوە وتی:
ــ دڵنیام خۆشت ئەزانی ئەمەوێ چیت لێ بپرسم. نازانی؟
ستار بێ وەڵام ما و گوڵمحەمەد وتی:
ــ گیانی مرۆڤ لە هەموو شتێک لای ئازیزترە. ئەمەوێ بزانم تۆ بۆ بەو جۆرە گیانی خۆت ئەخەیتە مەترسیەوە؟
پاش تاوێک ڕامان، ستار وتی:
ــ منیش ئەمویست ئەمە لە تۆ بپرسم، تۆ بۆچی خەریکی بەم جۆرە گیانی خۆت تیا ئەبەی؟
ــ من ناچارم.
ــ بۆچی ناچاری؟ ڕێگەی ژیانیان بۆ تۆش هێشتبۆوە.
ــ نەخێر!
ــ بۆ نا، من خۆم شایەتم.
گوڵمحەمەد وتی:
ــ ئەوە ڕێگەی ژیان نەبوو، ڕێگەی سەرشۆڕی بوو. زۆر کەس

هەن کە ئەپرسن پاکانەکردن واتای چییە. ئەو کەسانە لایان وایە گوڵمحەمەد ئەگەر بورینی وەرگرت، ئەتوانێ هەتا ماوە بە سەروەری و سەربەرزی ژیان بباتە سەر. ئیتر ئاگایان لەوە نییە کە حکوومەتەکەیان ئەیویست لە گوڵمحەمەد جەندەرمە بتاشێ. بەڵام تۆ ئەوە ئەزانی، ئەزانی کە حکوومەت مانگی بە ناوچەوانی منەوە نەدیبوو. شەرزا و جیهەن و زۆریتر وان لە بەر چاوم. چۆن ئەتەوێ من خۆم لە ئاوێنەی ئەواندا ببینم؟! کە وا بوو ئەمێنێتەوە یەک ڕێگە، ئەویش ئەو ڕێگەی کە لێرەین.

ــ بۆ هەڵنەهاتی؟ خۆت باشتر ئەزانی لە جەنگدا، ڕەویش هەیە. پەلامار و پاشەکشەش هەیە. کشانەوەی بەجێ خۆی جەنگە.

ــ ئەم شتانە ئەزانم، بەڵام! یەک شتم زانی و پاشی ئەوە هیوام بڕا.

ــ چی بوو ئەو شتە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ خەڵکی، خەڵکی دەستیان نا لە ڕوومانەوە. چونکە ئێمە نە ئەو دەسەڵاتەمان هەبوو کە خەڵکی ئەیویست بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بدات، نە خۆشمان ئەمانزانی دەستمان داوەتە چ کارێک و چ جۆرە بەرنامەیەکمان بۆ جەماوەر لەبەرچاو گرتووە. لەم دواییانەدا بوو لەوە تێگەیشتم دەستم داوەتە کارێک کە لە چەند و چۆن و ئەنجامەکەی و، لە ڕاستیدا لە ئامانجەکەی ئاگادار نیم. ئەم دواییانە بوو کە زانیم کاتێکە لەگەڵ لایەنێک ئەجەنگی واتە ئەو لایەنەت ناوێ، کاتێکیش شتێکت نەویست ئەبێ بتوانی شتێکی دیکە لە جێگەی دابنێی. بەڵام من تێگەیشتم، لەم ئاخریەدا تێگەیشتم لەگەڵ چی شەڕ ئەکەم، بەڵام نەم ئەزانی ئەبێ چی بکەم. بەڵام کارەکەی من! هەها! هەر لەو ڕۆژانەی سەرەتاوە ڕێگەی گفتوگۆی قەپات کردبوو. کاتێکە تۆ بە تفەنگ ئەدوێی، ناتوانی تکاو ڕجا بکەی کە جەنابانی ئاغەکان، ئێوە و خوا سالانە

فەردەیەک زیاتر دانەوێڵە بدەن بە وەرزێر و ڕەشاییەکان. گوللە هەمووی ئەوێ. سازش و ئاشتکردنەوەش واتای ئەوەیە دەس لە هەموو داخوازییەک هەڵبگری و خۆشت لە سەر سفرەی ئاغەوات دابنیشی. منیش ئەگەر دەستم لە داخوازی هەڵبگرتایەت ئەبوایە خۆم لە سەر داواکارییەکانم بدەم بە دەس ئەوانەوە تا بەهەر شێوەیەک ئەیانەوێ خوار و ڕاستم بکەنەوە. بۆیە ڕێگەی نێوان بۆ من نەبوو. ڕەنگە ڕاپەڕاندنی جووتیار بۆ ماوەیەک کارێکی دژوار نەبێ، بەڵام ئەو کاتەی کە سەری جووتیار بە بڕین ئەچێ، تۆ ئەبێ بتوانی وەڵامی ژن و مناڵەکەی بدەیتەوە. بەڵام من چ وەڵامێکم هەبوو بەو ژن و مناڵانەی بدەمەوە، کاتێکە بە ڕوونی لێم دیار بوو کە بەرەنجامی کارەکە ناکامیە؟ ناکامی بە دڵنیاییەوە. ڕۆژگار، مرۆڤ فێر ئەکات بیر بکاتەوە. من بیرم لێکردەوە! زۆر شەونخوونیم کێشا و بیرم لێکردەوە تا گەیشتمە ئەو بەرەنجامەی کە ناکات هاتووم. درەنگ هاتووم یان زوو، ئەوە نازانم. بەڵام ئەزانم لە کاتی خۆیدا نەبووە. دەنگی چگوورەکەی بەگمحەمەدی ئێمە خۆبەخۆ چەندە خۆشە، بەڵام لەگەڵ شەوبازیی گەردوون یەک ناگرێتەوە. جا ئەو سەرەی کە ئەو جۆش و خرۆشەی تیایە، کاتێکە لەگەڵ ڕەوتی زەمانە یەک ناگرێتەوە، بۆ ئەبێ شەرمەزاری بکەی؟ بۆ ئەبێ بە پاکانەکردن لە لای حکوومەت ئەو سەرە سەرشۆڕ بکەی؟ ئەوین بۆ ئەبێ بێ ڕوومەت بکرێ؟ ڕاستیەکەی بەم ڕێگەیەی هەڵمبژاردووە ئەمەوێ ئابڕووی ئەوین بپارێزم. ئەمە شێت بوونە؟ بەڵێ؛ بەڵام باشترە! هەندێ جاران شێتێتی ئەوپەڕی ئاوەزە. مرۆڤ جارێک لە دایک ئەبێ و جارێکیش ئەمرێ... جا بۆیە سەرم لە کاری خۆم سووڕنەماوە چونکە ئەزانم بۆچی خەباتم کردووە و ئەزانم کە نامەوێ لەوەزیاتر درێژەی پێ بدەم و، ئەشزانم لە پێناوی چیدا ئەکوژرێم. بەڵام سەرم لە کاری تۆ سووڕماوە کە تۆ بۆ! بۆ سەرەڕای ئەوەی کە قسەکانت لەگەڵ کردارەکەی من یەک ناگرێتەوە، بۆچی ئاماژەی ئەوەی هاوڕێکانت ڕێباز و کاری

خۆیان هەیە، تۆ لێرە لەگەڵ منی و خەریکی خۆت ئەخەیتە ناو ئاگرەوە؟!... من نازانم ئێوە چ داب و نەریتێکتان هەیە، بەڵام ئەزانم کە تۆ وەکوو سەربازێکی سوپا وایت و ئەبێ فەرمان لە باڵا دەستەکەت وەربگری. بۆیە تیاماوەمەتەوە کە تۆ لێرە، لە تەنیشت منەوە کە خەریکم دوا شەوی جەوانی خۆم سەیر ئەکەم، چی ئەکەیت؟ ئا لەم کارەی تۆ من سەرم سووڕ ماوە!

ستار هەنیەی لە سەر دەستەکانی بەرزکردەوە و بە بێ ئەوەی بڕوانێتە گوڵمحەمەد، وتی:

ـ تۆ خۆت لە زمانی منیشەوە دوایت. من لەو هۆزەی کە تۆ وتت دابڕام و بەرەو تۆ هاتم، چونکە ئەمویست ڕێز و ڕوومەتی ئەوینم پاراستبێ. بەس ئەوەندە!

ـ شێتیەتی؟!

ـ شێتیتی نا، خودی ئەوین.

گوڵمحەمەد تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان پرسی:

ـ ئەمە چی لە گەوهەر و بنەڕەتی کارەکە ئەگۆڕێ؟ تۆ خەریکی دڵی خۆت خۆش ڕائەگری؟

ستار وتی:

ـ رەنگە. ڕەنگە دڵی خۆم خۆش ڕائەگرم بەوەی کە بە چاوی ئاوەڵەوە بەرەو ڕووی مەرگ ئەچم. ڕەنگە دڵخۆشم بەوەی کە خۆم بە شکست خواردووی مردن نازانم. دڵگەرمی من ئەوەیە کە نەزانستە بەرەو ڕووی مەرگ ناچم؛ لەمکارەمدا خودی من بۆ جۆرێک لایەنگری لە ژیان ئەگەڕێم. لە ڕاستیدا بە ئەوین و ڕێزی ژیانە کە خۆم ئەدەم بە دەس مردنەوە. هەر بەو جۆرەی کە تۆ خۆت! گوڵمحەمەد! تۆ خۆێشت زانیتە و بە چاوی کراوەوە خەریکی بەرەو ڕووی مەرگ ئەبیتەوە، وانییە؟

ـ با، وایە، بەڵام! جیاوازییەکەی ئەوەیە کە من بە ئەندازەی تۆ لە مەرگ بێزار نیم. مەرگ بۆ من شتێکی وەکوو درێژەی ڕێبازێکە. من لە زینی ژیان دا بەزیوم و بەر لەوەی پێشێل بکرێم،

مەرگم قبووڵ کردووە، ئەگەر بێتە پێشەوە. من مەرگم وەکوو بەشێک لە ژیان قبووڵ کردووە. دەمێکە کە من مەرگم قبووڵ کردووە. بەڵام تۆ چی، تۆ کە لە زینی ژیان نەکەوتوویتەتە خوارەوە تا لە ترسی پێشێل بوون خۆفت لێ بنیشێ، ئەی تۆ بۆ؟!

ستار لێوی گرت بە ددانەوە، تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ـ من خەریکم تاوانی ژیانم ئەدەمەوە. ئەوەی بە خانئاپۆت وت منیش بیستم. لەو شکان و سەرکەوتنانەی کە ناوت بردن منیش بەشدار بووم و هەوڵم بۆ دابوون. بۆیە ئەبێ تاوانەکەی بدەمەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئێمە سەرمان لە ڕێگەی ئەم یارییەدا داناوە، بۆیە من ئەگەر پێویست بکات، ناچارم بکوژرێم. چونکە کوژران بۆ من درێژەی ئەو ڕێگە و ڕێبازە کە گرتوومەتە بەر! بەڵام تۆ! تۆ چی؟

ـ منیش بە شێوەیەک ناچارم و بۆیەشە سەرم لەم کارەدا داناوە. من پەیمانم لەگەڵ تۆ بەستووە و تەنها کارێکە لە دەستم دێ ئەوەیە کە لە لای تۆوە بمرم. من بڕوام بەوە هەیە کە: یان پەیمان مەبەستە، یان ئەگەر بەستت بە پەیمانەکەت ئەمەگدار بە!

گوڵمحەمەد کە دیاربوو ئەیویست دوا بەڵگەی خۆی بخاتە ڕوو، وتیەوە:

ـ من لە کوژرانی خۆمدا بۆ ڕزگاریی خۆم ئەگەڕێم. ناچارییەکەی من لەمەدایە. ناچار بوون لە مەڕ ئەو کارەی کە هەمبووە. من ئەگەر نەمویستایەت بکوژرێم، ڕەنگە نەگبەتی و سەر شۆڕی دای ئەگرتم. بەڵام تۆ، تۆ لەمکارەدا کە لێشی بێزاری، بۆچی ئەگەڕێی؟ تۆ خۆ ژیانت مەترسی پێشێل بوون و نەگبەتی لە سەر نەبووە؟

ـ بووە! من لەگەڵ تۆدا بووم و ئەبێ تاوانەکەشی بدەمەوە.

ڕێگەیەکە پێکەوە پیا ڕۆیشتووین و ئەبێ تەواویشی بکەین؛ ئەگەر کۆتاییەکەی مەرگیشی بێ؛ ئەو مەرگەی کە من لێی بێزارم و جگە لە پێناوی ژیاندا ناچم بە لایدا. بەڵام ئەوە بزانە کە منیش لە مەرگدا بۆ ڕزگاربوون ئەگەڕێم!

ستار بێدەنگ بوو و، گوڵمحەمەد لێی ڕاما و وتی:

ـ قسەکەت مەخۆرەوە!

ستار ڕوانییە گوڵمحەمەد و وتی:

ـ هەق وابوو ڕێگەی ژیانمان بگرتایەتە بەر. خۆت باشتر ئەزانی لە جەنگدا ڕەویش هەیە. هێرش و پەلامار و پاشەکشە لە تایبەتمەندییەکانی شەڕە و هەڵاتنی بەجێ خۆی شێوەیەکە لە جەنگ. ژیان بە بەریەوە مابوو و ئێمەش ئەمانتوانی زەمینەی پاشەکشێ ئامادە بکەین.

گوڵمحەمەد هەڵساو وتی:

ـ بۆ من یەک ڕێگە زیاتر نەمابوویەوە. ڕێگەیەک کە هێناومانیەتە ئەم شوێنە. نامەوێ خۆم بە ئەندێشەی خۆشی ژیانەوە بخلافێنم، حەزم لەوەش نییە ئەندێشەی خاو هەڵم بگرێ. ئەگەر ئەمشەو و لەم گێژەنە دەرباز بووین، ئەتوانین ناوی لێ بنێین پاشەکشێ. بزانە کێیە ئەو تارماییە، خانئاپۆیە؟

ـ نەء، زیوەرە.

ـ ئەمزانی، هەر ئەمزانی!

گوڵمحەمەد بەرەو ژنەکەی هەنگاوی نا و تاوێک لە ئامێزی خۆیدا ڕایگرت.

زیوەر شەڵەژابوو و هەموو گیانی ئەلەرزی. گوڵمحەمەد چۆخەکەی خۆی دا بە شانیدا و بەرەو تەلەبەردی لای کانیەکە بردی و دای نیشاند. زیوەر هەروا خامۆش و تاساو بوو و ئەلەرزی. گوڵمحەمەد زەرکێک ئاوی ڕاگرت بۆ ژنەکەی و ئەنجا زانی دەستەکانی خوێناوییە. گوڵمحەمەد مۆربوویەوە لە دەست و ڕوخساری ژنەکەی. زیوەر خەنجەرە خوێناویەکەی خستە ناو

زەرکی ئاوەکە و بوغزی تەقی.

بەڵام دەسبەجێ دەمی خۆی بە دەستە خوێناویەکەی گرت و ڕووی لە سینەی مێردەکەیدا شاردەوە و بە دژواری کەوتە گۆ:

ــ کوشتم... کوشتم... خوایە گیان... یەکیانم کوشت... کوشتم... بە خەنجەر... بە خەنجەر... سەد جارم لە دڵی چەقاند... خوایە گیان... خوایە... چ خوێنێکی گەرم... دەستەکانم... دەستەکانم بشۆرە گوڵمحەمەد!

ئەوەندەی گوڵمحەمەد دەست و چاوی زیوەر بە ئاوی کانیەکە بشۆرێ، ستار، نادعەلی چوارگوێشلی لە ناو تاریکیەکە هێنایە دەرەوە. نادعەلی تۆزێ ئەشەلی و ستار بن باڵی گرتبوو و لە چاڵ و چۆڵی بەرد و هەڵەتەکان ئەیپەڕاندەوە.

ــ ئەو ئیتر لێرە چی ئەکا؛ نادعەلی؟!

زیوەر بۆ گوڵمحەمەدی گێڕایەوە کە نادعەلی لەگەڵی هاتووە و پاش کوشتنی تفەنگچیە بەلووچەکە شەڵەژاوە و پێی هەڵنووتاوە و بەربۆتەوە.

ستار، نادعەلی لە گوێی ئاوەکە دانا. بەڵام جەوانی چارگوێشلی هەروا خامۆش و حەپەساو بوو و توانای قسەکردنی نەبوو. گوڵمحەمەد نیگەرانی ئەوەی کە ڕووی دابوو، هەروەها پەرۆشی دواکەوتنی بەگمحەمەد و ونبوونی خانئاپۆ، ڕوانییە دەورووبەر. بەڵام هیچ نیشانەیەکی بەگمحەمەد و خان ئاپۆی لێ نەبوو. دەرکەوتبوو کە جیهەن دۆڵ و دەروەکانی گرتووە و ئیتر پێویست بە کێشک کێشان نەبوو. بەڵام گوڵمحەمەد چی پێ ئەکرا؟

تارمایی خانمحەمەد کە بە کۆمە کۆم ئەهات بۆ لایان، سەرنجی گوڵمحەمەدی ڕاکێشا. خانمحەمەدیش هەواڵی هێنابوو کە گەلی تاقمەتاق و دەرووی گاتاق گیراوە و کێوەکە گەمارۆ دراوە. لووتکەی چاڵقیش هەروا بە دەست ئەو و قوربان بەلووچەوەیە. ئەیویست بزانێ ئەبێ چی بکرێ.

گوڵمحەمەد زیوەر و نادعەلی چوارگوێشلی دایە دەست براکەی و وتی:

ــ ئێمە چاوەڕێی خانئاپۆ و بەگمحەمەد ئەبین. ئێوە سەرکەون و چاوەڕوانی ئەماژەی ئێمە بن. دڵنیام لەوەی کە ئەبین بە دوو بە دوو، سەرەتا ئەبێ ئەوبەری ڕۆژئاوای کێوەکە تاقی بکەینەوە بۆ چوونە دەرەوە. بەڵام ئەگەر ویستمان بە چەپخوون بدەین بە سەریاندا ئێمە لەملاوە پەلامار ئەدەین، تۆ و بەلووچیش لە لای سەرەوە.

ئاگاداریکردنی زیوەر بە تۆیە، زۆر پەرێشانە.

زیوەر لەگەڵ خانمحەمەد نەڕۆیشت. بۆیەخانمحەمەد بنباڵی نادعەلی چارگوێشلی گرت و بە زەردوماهەکەدا سەرکەوتن. زیوەر چۆخەکەی گوڵمحەمەدی هەروا بە شانەوە بوو و لەپەسا لەرزی پیائەهات. ستار و گوڵمحەمەد بە دەوری کانیەکەدا پیاسەیان ئەکرد و چاوەڕێ بوون. جار جار بە بێ گوتە و قسە بە بەردەمی یەکدیدا تێ ئەپەڕین. گوڵمحەمەد ئاخرەکەی خۆی پێ ڕانەگیرا و بەو ئاقارەی براکەی ڕۆیشتبوو خۆی هاوێشتە ناو تاریکییەکە و ئەمە دڵەخورپەکەی ستاری ئەوەندەی تریش پەرە پێدا. تەنها کار ئەوە بوو دابنیشێ و زیوەر بدوێنێ بەڵکوو ئەوەی دیوێتی بیگێڕێتەوە، ئەم وتووێژە بۆ زیوەریش باشتربوو و تۆزێ هێوری ئەکردەوە، زیوەر وتی:

ــ زۆرن، زۆر زۆرن. هەموو ڕووکاری دەرەوەی کێوەکەیان پڕکردووە. وەکوو مێروولە لە ناو بەردەکاندا هێلانەیان کردووە. بڵقیس و ماراڵیشیان بە یەخسیری ڕاگرتووە.

پاشان گریا و وتی:

ــ گوڵەکەم! کوڕەکەم! کوڕە شیرینەکەم.

هەرچی چۆن بوو بەگمحەمەد و خانئاپۆ دەرکەوتنەوە. بەگمحەمەد دەست و دەمی جەندەرمەیەکی بەستبوو و دابوویە بەر. خانئاپۆیش لەگەڵ بەگمحەمەد ئەهات. هاتن و دانیشتن.

خانئاپۆ ـبەرلەوەی گوڵمحەمەد بگاتەوە- دەمبێنی جەندرمەکەی کردەوە، لە سەر بەردەێک داینا و کەوتە لێ پێچانەوەی.

ــ خۆزگە تۆم نەبوایە دایکەکەم، خۆزگە تۆم نەبوایەت!

ماراڵ دەستی بە کاکۆڵی کوڕەکەیەوە بوو و لە بەر خۆیەوە ئەدوا. بلْقیس خزایە نزیک ماراڵەوە. ماراڵ ڕوومەتی لە ناو شانی بلْقیسدا شاردەوە و وتی:

ــ دڵم ئۆقرە ناگرێ، دڵم ئۆقرە ناگرێ پوورە بلْقیس. من ئەبێ بچم بۆ ئەوبەری کێوەکە، بۆ لای گوڵمحەمەد.

ــ ئارام بگرە کچم، ئارام بگرە. ئەمشەویش کۆتایی دێ، ئەمشەویش تێ ئەپەڕێ.

ماراڵ پەرێشان و شپرزە ڕوومەتی لە شانی بلْقیس کردەوە و پرسی:

ــ ئەوان خۆیان ئەزانن کە گەمارۆ دراون؟!

بلْقیس وتی:

ــ بزانن یان نەزانن جیاوازیی نییە کچم. ئەم کێوە! گوڵمحەمەد جگە لەم کێوە بۆ کوێیتر ئەیتوانی بڕوات؟ شووەکەت ئەوکارەی کردووە کە ئەیتوانی بیکات. ئەگەر ئەتەوێ دڵی پەرۆش و پەرێشان نەبێ، تۆ لێرە ئۆقرە بگرە. بێ ئۆقرەیی ئێمە دوژمنەکانمان شادمان ئەکات. بۆیە ئەبێ دان بە خۆتدا بگری. دان بەخۆتدا بگرە ئازیزەکەم.

لەشکرەکەی جیهەن بە ڕواڵەت ئارام بوو، بەڵام جموجۆڵێکی شاراوە پێئەچوو خەریکە خۆی ئاشکرا بکات. سرتە سرت دەستی پێکردبوو و ئەمە خۆی سەرەتای بشێویەک بوو کە ئەبوایە بخەوێنرێ. لێرە و لەوێ، لە هەموو سووچ و کەنارێک، تفەنگچیەکان لە پەنا و پەسێر خزابوون و خۆیان گرد و کۆ ئەکردەوە. چوار پێکان لە خوار بناری کێوەکەوە ڕاگیرابوون و ناو بە ناو خەڵکی پەلکێشکراو لە دەور یەک دانیشتبوون و شەویان

ڕائەبوارد. خەڵکەکە، چ ئەوانەی خاوەنی وڵسات بوون و چ ئەوانەی دەستیان بە سەرا گیرابوو، لە قەراخ مەزڵگەی هێزەکە دامەزرابوون و بەکرێگیراوەکان، ئەوانەی لە لایەن دەرەبەگەکانەوە نێردرابوون بۆ یارمەتی، لە نێوان سێ هێزی هێرشکەر لە گیروگاز نرابوون، چ چەکدار و چ پسپۆڕ.

سەربازەکانی بەکتاش لووتکەی تەک مەرگیان گرتبوو و بە سەر دوو دەرووی چابڵووک و گاتاقدا زاڵ بوون. چابلووک لای چەپ و گاتاقیش لە شانی ڕاستەوە. لووتکەی حەسەنکرڕاویش بەدەس سەید شەرزا و تفەنگچیەکانیەوە بوو. کە وا بوو شەرزا ئەیتوانی هەم بە سەر دەرووی چابلووکدا بڕوانێ و هەم گەلی باریکیش. ئێرەش کە هێزەکەی جیهەن سەنگەری گرتبوو لووتکەی پیازیی بوو، ئەیڕوانی بە سەر دەرووی تاقمەتاق و دۆڵی چابڵووکدا. ئەمایەوە لووتکەی چاڵقی کە تاش و تووش و دژوار بوو و پێ نەئەچوو جگە لە بوومیەکانی نەجەف ئەربابی سەنگردی، ئەوانی کە لێی سەرکەوتبێتن. جگە لەوە زۆریش گرنگ نەبوو، چونکە بە بەستنی دەرووی تاقمەتاق و دۆڵی باریک لە هیچ شانێکی لووتکەی چاڵقیەوە ڕێگەی دەرباز بوون نەئەما، مەگەر لە ناو تاشە بەردەکانی بناری دەرەوەی کێوەکەوە. بەکتاش دۆخی کێوەکەی بە جیهەن و ئەفسەرانی خۆی پیشان دابوو و خۆیشی لەگەڵ جیهەن خەریکی دامەزراندنەوەی هێزەکە و دۆزینەوەی شوێنی لەبار بوون بۆ دانانی شەست تیرەکە.

لە نێوان تفەنگچیەکانی جیهەندا کە بە کەلێن و قوژبنە پێچاوپێچەکانی یاڵی کێوەکەدا سەرئەکەوتن، بڵقیسیش کەوتە ڕێ و بە دوای ئەودا مارالْ لە کاتێکدا مناڵەکەی بە چارشێو دابەستبوو بە کۆڵیەوە، هەنگاوی ئەنا، خۆی گەیاندە بانی کێوەکە و لە تەنیشت بڵقیسەوە ڕاوەستا و بەر لە هەموو شتێک هەواڵی زیوەری پرسی:

ــ چۆن بەو جۆرە غەیب بوو، پوورە بڵقیس؟!

بەڵام بڵقیس نە دڵپەرۆشی زیوەر بوو و نە گوێشی لە پرسیارە نیگەرانەکەی ماراڵ بوو. دایک، جادووی ئەو ئاگرە دایگرتبوو کە قاپی کێوی سەنگردی پڕکردبوو، لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ شێوە.... شێوە.... زانیوێتی گوڵمحەمەد.

لەم کاتەشدا بانگی جیهەن، تێکەڵ بە تەوس و تاڵی بەرزبووبوویەوە و بە بڵقیسی وت:

ـ کوڕەکانت چراخانیان کردووە بڵقیس. گوڵمحەمەدت شێوەی لێداوە، بەڵام لەوە خافڵە کە جیهەن گورگی کاری خۆیەتی. گوڵمحەمەد بە بیری کێماسی خۆی خەریکە یاری بە من ئەکات، ها؟!

بڵقیس سەری دوانی لەگەڵ جیهەنخانی سەردار نەبوو. ئەو لەگەڵ بووکەکەی خۆی لە سەر یاڵی کێوەکە ڕاوەستابوو و بە سەرسووڕمانەوە لەو گڕە مەشخەڵانەی ئەڕوانی ناو بە ناو لە درزەکانی ناوەوەی کێوەکەوە بڵێسەیان ئەکێشا. نزیک و لە لای بڵقیسەوە، سەردارجیهەن بوو و، شان بە شانی ئەویش، بەکتاش لە پاڵتاوە درێژە سەربازییەکەی ڕاوەستابوو و بە پێی خووی هەمیشەیی، پەنجەکانی لە ناو دەسکێشەکانیدا ئەجووڵان. لە دوای جیهەنەوە سەید شەرزای توربەتی ڕاوەستابوو و لە بان کڵاوەکەی سەرهەنگ بەکتاشەوە ئەیڕوانییە ئاگربارانی ناو ملەی کێوەکە.

ـ چۆنی بۆ ئەچی جیهەن، ئەمە ئیتر چ جۆرە شێوەیەکە؟!

جیهەن بۆ پرسیارەکەی سەرهەنگ ئاوڕی نەدایەوە و وەڵامیشی نەدایەوە. سەرهەنگ تاوێک بێدەنگ بوو. ئەمجا دووربینەکەی لە ملیدا بوو نای بە چاویەوە، بڕێک لە گوڵەگوڵەی خەرمانە ئاگرەکانی ڕوانی و پاشان بە بێ ئەوەی چاو لە دووربینەکە هەڵبگرێ، وتی:

ـ لە دەوروبەری ئاگرەکاندا کەس نابینرێ، تۆش سەیرێک بکە!

جیهەن تەوسخەندێکی کرد و لە سیلەی چاوەوە ڕوانیە سەرهەنگ و وتی:

ــ چاوەڕێی ئەوەت ئەکرد لە دەور ئاگرەکە دانیشتبێتن و نەزیلە بۆ یەکدی بڵێن، جەنابی سەرهەنگ؟!

سەرهەنگ دووربینەکەی نایەوە بە سینگیەوە، بە تێڕامانەوە ڕوانیە نیوڕوخی خامۆشی جیهەن و پرسیاری کرد:

ــ ئەی ئەمکارەیان چ واتایەکی هەیە؟ بپرسە بزانە چەن کەسن؟

جیهەن پرسیارەکەی بەکتاشی لە بڵقیس پرسی و بڵقیس لە کاتێکا کاکیلەکانی ڕێک ئەگووشی، بە بێ ئەوەی چاو لە بڵێسە شاخ شاخەکانی درزی کێوەکە هەڵبگرێ، وتی:

ــ هەزار کەس!

جیهەن وتی:

ــ کەس گاڵتەی لەگەڵ تۆ نییە، لێیان پرسیت چەن کەس لەگەڵ گوڵمحەمەدەدە؟

بڵقیس دووپاتی کردەوە:

ــ هەزار کەس، خۆت نابینی؟ ژمارەیان بەقەد بڵێسەکانە، چاوت لەو گڕەمەشخەڵانە نییە؟!

جیهەن وتی:

ــ بەر لە خۆر ڕابوون خۆم تەرمەکانیانت بۆ ئەژمێرم، بڵقیس!

بەکتاش ڕوانیەوە جیهەن و جیهەن بە بێ گوێدان بە سەرهەنگ، فەرمانی دا:

ــ شەست تیرچی! شەست تیرەکە لێرە، ئا لێرە!

بەکتاش هەنگاوێک کشایەوە و پرسیاری کرد:

ــ ئەتەوێ چی بکەی؟

جیهەن بە سەید شەرزای وت:

ــ ئەبێ تێی بگەیەنین هەوڵدانەکەی پووچەڵە. بەر لە تاریک و ڕوون دەس پێئەکەین، ئەماژەت پێ ئەدەم. تۆ بڕۆ!

جیهەن ئەوسا ئاوڕی لە سەرهەنگ بەکتاش دایەوە و وتی:

ـ شەست تیرەکانی ئێوەش هاوکات ئەبێ بکەونە کار جەنابی سەرهەنگ ڕەنگە هەر ئێستە.

شەست تیرچییەکانی جیهەن هاتنە سەر و سێ پایەی شەست تیرەکەی خۆیان لەو جێگەی نیشانەکرابوو دامەزراند. سەرهەنگ بەکتاش هێشتاش دوو دڵ بوو و چکێ تووڕە لە جیهەنی ئەڕوانی. جیهەن بۆ ئەوەی سەرهەنگ بنێرێ بە دوای کاری خۆیدا، پێی وت:

ـ ئەیەوێ هەڵێ. هەر چۆنێک بووە لە جۆری دامەزراندنی ئێمە تێگەیشتووە. ئەبێ بزانین کەس خۆی نەدزیبێتەوە و بۆی دەرچووبێ.

سەرهەنگ بەکتاش هێشتاش ئەیڕوانیە جیهەن. جیهەن لە کاتێکا لە پشت شەست تیرەکەی بۆ تاقیکردنەوە چۆکی دادابوو، وتی:

ـ نەفەرەکانی تۆیش جەناب سەرهەنگ! هەروەها تکام وایە فەرمان بدەن شەست تیرەکانتان لە سەر بەرزاییەکان دابمەزرێنن، ئەگینا ئەوان وەکوو بێچوە بەور بە ناو تاشە بەردەکاندا بۆی دەرئەچن.

سەرهەنگ بەکتاش هێشتاش لە شێوەی قسەکردنەکەی نایب جیهەن تووڕە بوو، بۆیە هەروا ڕاوەستابوو و بەرواڵەت سەیری هەڵسوکەوتەکەی جیهەنی ئەکرد. جیهەن لە پشت شەست تیرەکە هەڵسا و بە سەرهەنگی وت:

ـ کێو و بیابان بۆ گوڵمحەمەدەکان وەکوو گەرەک و کۆڵانی خۆیان وایە جەنابی سەرهەنگ، من ئەبێ بەر لە کازیوە دەس پێ بکەم!

سەرهەنگ بەکتاش تۆزێ چەناگەی هێنایە پێشەوە و وتی:

ـ هێزەکەی من ئامادەیە، نایب!

بڵقیس لە کاتی وتووێژەکەدا ئاوڕی نەدابوویەوە و ئێستەش

گوێی لە دەنگی لاقیان ڕانەگرت. بلْقیس بە پێی سروشتی خۆی ئەیزانی سەردارەکان ئەڕۆن تا دوا شێوە و تاکتیکی کارەکەی خۆیان تاوتوێ بکەن و پێ بخەنە مەیدانی کردەوەوە. ئەمە لە لای بلْقیس کارێکی سەیر نەبوو و ئەو درک و هەستەی خۆی لەلا تازە نەبوو. ئەوەی تا ئێستە خەریک بوو ڕووی ئەدا، زۆر جاران بیری لێکردبوویەوە و هێنابوویە بەر چاوی خۆی. بەس مابوویەوە چۆنێتی کارەکە و ئەم تایبەتمەندیەش جگە لە سروشتی کارەکە و لە بەند بەندی ساتەکانی جێبەجێکردنیدا نەئەکرا ببینرێ. بۆیە چاوەڕوانی.

ــ دانیشە کچم!

بلْقیس بە مارالْی وت و خۆیشی لە سەر بەردێک دانیشت. مارالْ بەلاْم ئەتوت قسەکەی بلْقیسی نەبیست. هەروا ڕاوەستابوو و لۆی سەرپۆشە سوورەکەی بە دەم بای تیژی شەوانەوە ڕائەشەکا. بلْقیس سووچی دامێنی کراسی بووکەکەی گرت ڕایوەشاند و وتیەوە:

ــ دانیشە کچم!

مارالْ ئەمجارەیان هاتەوە بە خۆیدا و دانیشت.

ئەوا دوو ژن، دوو گولاْلەی بە ناکات لە بەرد ڕوواو، شان بە شانی بەردەکەوە دانیشتبوون و خامۆش بوون. خامۆش و ئەندێشەیان لە چەقی بازنەیەکدا، گیرۆدە و بێ توانای گوتنی تەنانەت وشەیەک. شەوی ئەمشەو تەواو ئەبێ؟ چی ڕووی ئەدا لەم شەوەدا؛ چی ڕووی ئەدا؟ ئاسمان چەندە بێدەنگ ڕاوەستاوە. وامەزانە ئەڕوانێتە کوشتارگە. بەرد بەردی کێوەکە چەندە ئارام و شێنەیی شانیان داداوەتە سەر شانی یەکدی؛ وا مەزانە خوێن خەریکە جۆگەلە ببەستێ. ئەستێرەکان؛ ئەستێرەکان بەلاْم، تاک و تەرا خۆ ون ئەکەن و ئەلْێی لە پشت شانی یەکەوە خۆ ئەشارنەوە. نێوانی ئەستێرەکان بەرینتر ئەبێ، بەرینتر بووە. ڕێگەی کاکێشان کالْ ئەبێتەوە و حەوت براران بەلاْم لە هەردەوێلْی و سەرگەردانی

دەشتە بێ سنوورەکانی ئاسمان ناکەون. ئەستێرەی کاروان کوژە کەوتۆتە زریوە زریو و ئەڵێی لەگەڵ کازیوەی خۆڵەمێشی تێکەڵ ئەبێ. ئاسمان ڕەنگە ئەیەوێ خۆ بدا بە دەستەوە و بەیان، بەیان ڕەنگە ئەندێشەی وایە بگاتە بەرەوە. ئایی.... کێ و کامە کەس تا ئەم ڕادەیە خۆفی ڕۆژ بوونەوەی لە دڵدا بووە؟

بڵقیس دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا و گرێی هەناسەی قەتیسماوی لە سینە ئازاد کرد. ماراڵ چەلیپای دەستەکانی لە سەر دوو ئەژنۆ، تەوێڵی لە سەر زەندی دەستی دانا و بەس وتی:

ــ خوایە!

تاوێکی دی، تاوێکی دی ڕێسای دێرینی کوشتار دەستی پێ ئەکرد. قوربانیەکان ئاخۆ خەریکی چی بوون؟ بڵقیس هیچی بە بیردا نەئەهات و هەموو شتێکیش لە گومانیدا جێی ئەبوویەوە. دایک، ئەوا یەکپارچە ئەندێشە بوو. یەکپارچە ئەندێشە بوو و ئیتر نەئەبوا خۆی لە گومان و ئەندێشەکانی، لەو هەموو نەخش و نمای دایگرتبوو جیا بکاتەوە و بە جیا بیری لێ بکاتەوە. لە هەموو ڕۆژ و ڕۆژەکانیدا، ڕۆڵەکانی، ئازیزەکانی نە جارێک بەڵکوو بێ ئەژمار لە ئەندێشەیدا نەخش نەخش تێپەڕیبوون و گەڕ گەڕ گەڕابوونەوە؛ تا ئەو ڕادەیەی کە بڵقیس خۆی لە بیر بردبوویەوە و ببوو بە کەسەکانی. چونکە ئەوە کەسانی بوون لە بڵقیسدا ئەژیان و ئێستە دەرئەکەوت کە مرۆڤ جگە لە تێکەڵەیەکی پێکهاتوو نییە.

چاوەڕوانی. چاوەڕوانی! دانیشە و بڕوانە چۆن کوشتارگەی ڕۆڵەکانت سات بە سات ئامادە ئەکەن. ئەمە غڕە غڕی هەنگاو و هەناسەی ئەو پیاوانەیە کە لە کون و کەلێنی درز و تەلێشەکانی تەلەسەنگەکاندا سەنگەر ئەگرن. دانیشە و بڕوانە؛ هەر چەند کە چاوت بەرایی بینینی خەنیم نادا. بەڵام ئەی دڕووی سەر بەرد، ئەی تاشە بەردی مۆرەوە بوو لە بەرد، چۆن ئەتوانی نیگای هەناوی خۆت چارە بکەی؟

ماراڵ هێشتا سەری لە سەر چەلیپای دەستەکانی هەڵنەهێنابوو و وا پێ ئەچوو هەموو شتێکی پێشاو پێش بینیوە، خنکاوی گێژەنی کارەساتێکی بڕیاردراو. بلقیس چی ئەتوانی بۆ بووکەکەی بکات؟ دایکی گوڵمحەمەد خۆی تەنوورێک پۆڵووی سوور لە سینەیدا بوو، بەڵام تاوێکیش لە غەمی کوشندەی ماراڵ خافڵ نەبوو. بلقیس باش ئەیزانی، خۆ ڕاگرتن لە بەرامبەر ئەو شتەدا کە لە بەر چاوانی جەوانی ماراڵدا، خەریک بوو بە سەر ئازیزترین کەسانی ڕەوا ببینرێ، نەی ئەتوانی کەم و سانا بێ. جا ئەگەر خۆی سەرەڕای هەموو ئەزموون و دڵڕەقی ئەوا دڵی ببوو بە شووشە، دڵنیا ماراڵ بووە بە چلوورەیەکی بلوور کە بە تاقە پڵتۆکێک ورد و خاش ئەبێ. بەڵام بلقیس چی ئەتوانی بۆ بووکەکەی بکات؟ ئەو بەس هەوڵی ئەدا و وریابوو تەنانەت بە کەمترین وشە و دەنگ ماراڵەکەی زیز نەکات و تەنانەت نیگەرانیەکەی خۆیشی ئاشکرا نەکات. بۆیە هەوڵی بلقیس، هەموو ویست و کۆششی ئەوەبوو شەڵەژانی دەروونی خۆی دەماودەم دامرکێنێتەوە و خۆی وەکوو بەردەبیرۆ پیشان بدات؛ کە دایک بوون نەکار و شێوەیەکی سانایە.

ماراڵ لە دارەتی خۆیدا، سەر لە سەر بەلەکی دەستەکانی، بە شکانێکی ئاشکرا لە دەنگیدا وتی:

ــ زیوەر ڕۆیشت، ئەرێ؟!

ــ زیوەر چوو بۆ ڕان، گوڵەکەم.

ماراڵ سەری هەڵێنا و چاوە فرمێسکاوییەکانی زەق بڕییە بلقیس و ئیتر هیچی نەوت. بلقیس چاوی لە بەر نیگای ماراڵ ترازاند و لێگەڕا ڕەچەڵەکی بێدەنگی هەروا ڕچاوبێ. ماراڵ بەڵام نەی ئەتوانی گیانی جەخاراوی و وورووژاوی خۆی لە تویی تویژێکی داخراو و کوشندەی بێدەنگیدا قەتیس بکات. ئەو دڵنیا بوو کە زیوەر چووە بۆ لای گوڵمحەمەد و ئەمە بۆ ماراڵ دەردێکی گران بوو و نەی ئەتوانی بیشارێتەوە. لەم کاتە مەرگبارەدا، ئەم زەبرەی

لە ناکاو لێی درابوو، کۆڵەی ئەکوتا. بۆیە دەستی دایە گرێی چارشێوەکەی، کردیەوە و مناڵە خەوتووەکەی دا بە باوەشی بڵقیسەوە و هەڵسا.

بڵقیس چی ئەتوانی بۆ بووکەکەی بکات؟ کوڕەکەی وەرگرت و لێگەڕا ماراڵ بۆ لای شووەکەی خۆی باڵ بگرێتەوە. بەڵام لە دووەم هەنگاوی ماراڵدا، جیهەن سەردار لە بەردەمیدا وەستابوو. ماراڵ بەرامبەر جیهەن لە شوێنی خۆی ڕاوەستابوو و لە نیگای پرسێنەری سەرداردا وتی:

ــ ئەمەوێ بچم بۆ لای شووەکەم!

سەرداری بەلووچ بە ساردی بە ماراڵ پێکەنی، دەستی برد بۆ بەر پشتێنەکەی، ماوزێرەکەی دەرهێنا و بە بێ ئەوەی نیگای لە چاو و ڕوخساری پەرێشانی ژنەکەی گوڵمحەمەد بگوێزێتەوە، دەست و بازووی هەڵێنا و تەقەی لە ئاسمانکرد و دەسبەجێ قاپی کێوەکە پڕبوو لە دەنگی بارینی گوللە.

خامۆشی. لەپڕ خامۆشی. خامۆشی خۆف. زەمینیش ئەتوت هەناسە نادا. ستار دەموچاوی لە نێوان دوو بەردەوە هەڵێنا، ڕوانیە لای گوڵمحەمەد و بە کپی وتی:

ــ چ خامۆشیەکی سەیرە!! لەپڕ؟

گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ ئەڵماسە جیهەن، ئەڵماس. کاری خۆی ئەزانێ و شێوەکان ئەناسێ. ئاگاداری کردینەوە کە ئەگەری هەڵاتن نەماوە، بە شەست تیرەکانی ئەمەی پێ وتم. با وابێ؛ پوازی خۆمانە بۆ خۆمانە!.... چاوت لەو بڵێسانە هەیە؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

لە یەک دوو شوێن خەریکن ئەکوژێنەوە.

گوڵمحەمەد بە تووڕەییەکی شاراوەوە وتی:

ــ ناهێڵین بکوژێنەوە؛ ئەمەیە وەڵامی من بۆ جیهەن. من و

تۆ ستار ئەگەڕێنەوە بۆ سەر کانی. لەوێ درزێکی لێیە ئەتوانین بە هەردووکمان ئاگامان لە هەر چوار لا بێ. وەکوو تیر ستار. ئەگەر جیهەن دەست بکات بە گوللە باران، خانئاپۆ ئەبێ وەڵامی بداتەوە؛ بەس خانئاپۆ. بلا جیهەن وا بیر بکاتەوە ئەو تیرانەی بۆ تاریکی هاوێشتووە، نەی داوە لە بەرد. بلا ئەوانەی خوارەوە شپرزە ببن، ئەوسا سەر ئەکەوین، دوو بەدوو. هەر کام ڕووکارێک ئەگرین، لەوێ هەردوو کەسەکە ئەتوانن ڕووبەرووی خۆیان و دوولاکەی تریشیان لەژێر چاودێریدا بێ. هەر سەنگەرێکی ئێمە ئەبێ بتوانێ هەم لە بەرامبەرەکەی خۆی بدا و هەم ئاگای لە پشت سەنگەری ئەوی کەش بێ. جیهەن ڕێگەیەکی تری جگە لەمەی بۆ نەهێشتووینەتەوە. باشە خانئاپۆ؟

خانئاپۆ سەری لە پەنای بەردەکەوە بەرزکردەوە و وتی:

ــ کارێکی ژیرانەیە، ڕووبەری خۆرهەڵات بۆ من.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ تۆ و بەگمحەمەد، خانئاپۆ. وەڵامی شەرزا بە تۆ بێ. چونکە ئەگەر بڕیار وابێ یەکێک بە گوللەی من بسووتێ حەز ناکەم ئەو کەسە سەید شەرزا بێ. جەندەرمەکانی بەکتاشیش کاتێک ئەکەونە کار کە جێ پێی شێر بشێلن. بەڵام هیچکاممان نامانەوێ دەراخی پڕ وەکوو تالانی بدەین بە دەس دوژمنەوە؛ تەنانەت تاقە گوللەیەکیش!

گوڵمحەمەد تاوێک ڕاما و پاشان وتی:

ــ لە ئێمە جگە لە قاپوورە سووتاو، دەسکەوتیتر بە جیهەن ناگات.

خانئاپۆ بە ڕاشکاوی وتی:

ــ تەنانەت فیشەکێکیش!

بەگمحەمەد پرسی:

ــ ئەی زیوەر چی لێ دێ؟

گوڵمحەمەد ڕوانییە ئەو لایەی زیوەر لە بن سینەی بەردێکدا

خۆی حەشاردابوو و چەک و کابرای جەندەرمەی پێ سپێردرابوو و وتی:

ــ ئەو لەگەڵ دیلەکەی خۆی هەر لەوێ ئەبێ... تا چی ڕوودات.

ستار ڕوانییە ئاسمان و وتی:

ــ هەوا خەریکە وردە وردە ڕوون ئەبێتەوە.

کاتی جیابوونەوە بوو، کاتی دابڕان. لە تاریک و ڕوونی لێڵی دەمەو سپێدەدا، پیاوەکان بۆ ساتێک ڕوانیانە یەکدی. پزیسکەیەک لە چاوەکانی خانئاپۆدا درەوشایەوە و بزەیەکی پوخت نیشتە سەر لێوەکانی. خانئاپۆ بە پێکەنینە پیرانەکەی سەر و نیگای ڕوون و کراوەی خۆی بە گوڵمحەمەدی ئەوت کە ڕێگەکەی تا کۆتایی ئەوین بڕیوە:

«من بۆ گوڵمحەمەد سەرم ئەدەم، بەڵام تۆ! چی؟»

خانئاپۆ ئەمەی بە براکەی خۆی کەلمیشی وتبوو و گوڵمحەمەد گیان و زرینگەی گوتەکەی مامی هێشتاش لە گوێیدا ئەزرینگایەوە. بیر و یاد.

گوڵمحەمەد وەکوو جەوانێکی یەکڕوو و یەکڕەنگ سەری بەشەرمەوە داخست و وتی:

ــ داوای گەردن ئازادیت لێ‌ئەکەم! ئاپۆ گیان!

خانئاپۆ پەنجەی لە سەر ناوقەدی تفەنگەکەی گوشی و وتی:

ــ تۆ چاوەکانی منی، گوڵی ئاپۆ.

گوڵمحەمەد دەستی نایە سەرشانی بەگمحەمەد، چۆکی ڕاست کردەوە و وەک دەرفەتی لێهێنابێ ماچێکی لە کاکۆڵی بەگمحەمەد فڕاند و ڕوانیە ستار.

ستار چاوێکی ترووکاند، تفەنگەکەی ئامادە ڕاگرت و بەر لەوەی لە پەنا بەردەکە دەرپەڕێتە دەرەوە، ڕوانیە بەگمحەمەد و خانئاپۆ و وتی:

ـ خراپە، چاکەیەکتان ئەگەر لە من دیوە، ئازادم کەن خانئاپۆ، بەگمحەمەد.

بەگمحەمەد چاوی داخست و خانئاپۆ بە چاوانی ڕوون وەکوو ئاو ڕوانییە چاوەکانی ستار و بە درێخەوە وتی:

ـ ئایی! مرۆڤی چاک، چیت بۆ ئارەزوو بکەم؟!

دوو پیاو لە چاوترووکانێکدا لە حەشارگەکەیان دەرپەڕین و هەر کامە خزانە درزێکەوە. ئەو دوانە ئەبوایە تا خواری لێژاییەکە، تا لای کانیەکە بخزێن و بە ڕووکاری ناوەوەی کێوەکەدا، بە ڕووبەری ڕۆژاوادا، سەربکەون و خۆیان بگەیەننە ئەو درزە شیوەڵەی کە گوڵمحەمەد پێشتر دیاری کردبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا ڤیزەی گوللە کێو و بەرد و ئاوی داپێژا و هەورێکی دووکەڵ و بارووتی لە خۆی جێهێشت. ئەتوت جیهەن سەردار، کەمترین جووڵە و بزووتنی ئاگا لێیە و بەرنامەی ئەوەیە تەنگیان پێ هەڵچنێ.

گوڵمحەمەد و ستار جارێکیتر بێ جووڵەو نووزە، سینگ و چەناگەیان چەقاندە بەرد و چەوەکە و لەیەک کاتدا هەردووکیان ڕوانیانە یەکدی. چەناگەیان لە نزیکیەکەوە لە بەردەکە چەقیبوو و هەناسەیان سوار ببوو. تۆزێک لای سەرترەوە، ئەوبەری باریکە جۆگەلەکەی لە کانیەکەوە جیا ئەبوویەوە، زیوەر لە سینەی بەردەکەوە سەیری کردن و کابرای جەندەرمە بە دەم و دەست و شانی بەستراوەوە گرمۆڵە ببوو و خۆی ئەتلاندەوە. ئەتوت بەر بارانی گوللە کەوتووە، بەڵام گیانیشی دەرنەچووە. زیوەر هەروا چاوی لە چاوی شووەکەی ناوقەدی تفەنگەکەی لە ناو دەستیدا ئەگووشی و لێوی خوارەوەی بە ددان گرتبوو و هەناسەی لە خۆی بڕیبوو.

کێوێکی تاقانەیە سەنگرد، تاک و تەنها.

ـ چی ئەبینی خانئاپۆ، چیت لێ دیارە؟

لە وەڵامی بەگمحەمەددا، خانئاپۆ وتی:

ـ خەنجەر لە حەوا ئەدا جیهەن، گوللەی حکوومەت بە

خۆڕایی خەسار ئەکا.

ــ دڵم لێ ئەدا خانئاپۆ، گوڵمحەمەدت لێ دیارە؟

ــ ئەیبینم، ئەیبینم!

ــ ئەمجارەش وەڵام نادەینەوە خانئاپۆ؟

ــ با، مامە گیان، کاتی خۆی با، بەڵام ئەبێ بتوانین تۆزێ خۆمان سەرخەین.

جارێکی کە داباریـنی گوللە و زایەڵەی دەنگ لە دڵی کێوەکەدا.

ــ ئەبێ شتێک بکەین خانئاپۆ!

ــ تۆ ئەبێ خۆت هەڵکێشیتە سەر، بەر لەوە من نابێ تەقە بکەم. نابێ شوێنیان بۆ دیاری بکەم. پەنایەک دیاری بکە و پیایا سەرکەوە.

بەگمحەمەد ملی کێشا و وتی:

ــ ستار، ستاریش گیری کردووە. گوڵمحەمەد ئەڵێی سەرکەوتووەتە سەر ڕووبەرەکە، بەڵام ستار... ستار تووش بووە.

خانئاپۆ گوێی قوڵاخ کرد و وتی:

ــ گوڵمحەمەد، ئەوە دەنگی بڕنەوەکەی گوڵمحەمەدە، خەریکە وەڵام ئەداتەوە.

ــ قریشکەی بڕنەوەکەی ئەناسم، خۆیەتی. منیش لەملاوە سەریان قاڵ ئەکەم؛ ئازادم کە خانئاپۆ!

گوللە، گیزەی گوللە و دەنگدانەوەی ترسناکی دەنگ لە بەرددا و، دیسانەوە تەقە تەقی وشکی شەست تیر. خانمحەمەد و قوربان بەلووچیش ئەوا بەرەی چالقیان کردبوویەوە، بۆیە ئەو گوللانەی لە یاڵی کێوەکەوە ئەبارین بە هەموو ئاسمانی تەنگەبەری بان سەری پیاوانی کەلمیشیدا ئەفڕین، ئەدران لە بەرد بەرد، کەوانەیان ئەکرد و پووک ئەبوونەوە.

گوڵمحەمەد ئەوا لە پەنای تاشە بەردەکە و نزیکی زیوەر بوو. ستاریش ئەبوایە وەکوو بزنە کێوی خۆی سەربخات بۆ ڕووبەری کێوەکە. لەم کەین و بەینەدا ئەبوایە دەرپەڕێ و ـچی ئەبێ با

ببێ- فڕکە بکات.

ڕوانییە ئاسمان و جارێکیتر ئەو کەڵەبەرانەی ئەبوا پیا بڕوات، سەیرکرد و پاشان وەک بڵێی بە چاوی قووچاوەوە دەرپەڕیووە، مار پێچ، وەکوو مارێکی سرک، لە درزی ڕووبەرەکە سەرکەوت و کاتێکە خۆی لە پەنای تاشە بەردی درزەکەدا بینی، ئەوسا زانی بە ژێر بارانی گوللەدا بە بێوەی تێپەڕیوە.

ــ دوانیان خلۆر بوونەوە، سیان! بڕوانە خانئاپۆ!

لەبن ساباتی دەسڕێژی شەست تیردا، هێزەکە لە سێ لاوە پێشرەویان ئەکرد و ئەمەش بوو کە لە بازەوبازەکانیاندا، هەر جارە و یەکیان ئەکەوتە بەر نیشانەی گوللە و بەر ئەبوویەوە.

ــ نەگبەتی ڕەبەن، ئەمەش بەشی سینەی تۆ!

ــ دەستت نەڕزێ خانئاپۆ!

شەست تیر، چارەیەک ئەبوایە بۆ شەست تیرکە بکرایەت. چونکە ئەوەی مەیدانەکەی تەنگ کردبوو و دەستیانی بەستبوو، شەست تیرەکان بوون کە یەکیان لای لووتکەی پیازییەوە ئەیرژاند و ئەوی تریان لای شانی دەرووی چابڵووکەوە، ڕێژنەی بە لێشاویان لە تەوەرێکی یەکنەواخت و ئاسۆییدا بەرد و خاک و دەوەنی بە یەکەوە قەمچ ئەکرد، یەکیان قەیچی ئەکرد و تێ ئەپەڕین. ئەبوا چارەیەک بۆ شەست تیرەکان بدۆزرێتەوە. لە بەر ئەوەی کاتێکە شەست تیرەکان ئەیانقریشکاند، نەیان ئەتوانی سەر بەرزبکەنەوە و سەریشیان لە سەنگەردا بشاردایەتەوە هیوای چارە نەبوو. بۆیە ئەبوایە دڵ بدەن بە ئاوا.

خانئاپۆ بۆ دەرفەتێکی بچکۆلانە ئەگەڕا تا خۆی لە بەر پل دوور بخاتەوە و بخزێتە سووچێکەوە. بێدەنگییەک کەوتەوە و خانئاپۆ لای سەرەوەی تەختاییەکە، ڕوانییە بەگمحەمەد. بەگمحەمەد بە سینەدا خۆی دابوو بە سەر بەردەکەدا و کاکۆڵی خەناوی وەکوو پۆپەی کەڵەشێر بە دەرەوە بوو. ئا، هێشتاش زیندوو بوو. گوللەکان بەس سینەی بەرد و ساق و پۆپی بنە گوێنی و دەوەنیان

ڕنیبوو و ڕۆشتبوون. پیاوانی میشکاڵی هێشتا مابوون و هەر کامە لە درزێک، قەڵەشێک، پەنا بەردێک سەنگەری گرتبوو.

خانئاپۆ ئەبوایە قوتکەیەک ببینێتەوە کە نەک بەس لوولەی شەست تیر بەڵکوو کڵاوی شەست تیرچییەکەش بتوانێ ببینێ. مەترەلۆزەکان ئێستە بە نۆرە کاریان ئەکرد و خانئاپۆ ئەبوایە دەرپەڕێ. دەرپەڕینە دەرەوە، ڕەنگە ئەکرا، بەڵام بە شیوەڵ و درزی کێوەکەدا سەرکەوتن و بە دەمیەوە نیشانەگرتن و پێکانی ناوچەوانی شەست تیرچی ئاسان نەبوو. مەگەر ئەوەی کە لێڵی و تەم و مژی هەوا یارمەتی بدا، ئەو شتەی کە جیهەن نەی ئەتوانی لێی شادمان بێ و ئەگەریش ئاوەها زوو دەستی پێکردبوو، بە گومانی خانئاپۆ، لە ناچاریدا بووە.

خانئاپۆ ئامادە ببوو تا لە بەر خرۆشی باروت و گوللەدا لە پەناکەی خۆی دەرپەڕێتە دەرەوە، خۆی با بدات و شوێنێکی تازە بگرێ. بەڵام ئەم بێدەنگییە لە پڕەی کەوتەوە زۆر ترسناک بوو. تەماراوی[1] بوونی دنگەکە وای ئەگەیاند کە دەوراندەوری کێوی سەنگرد، هەموو نیگاکان خێسەیان بڕیوەتە ناوەوەی کێوەکە تا لە جووڵانەوەی باڵندەیەکدا تەرزەی گوللەی بە سەردا ببارێنن. بۆ تاوێک ئەتوت هەموو شت هەناسەی لە بەر بڕاوە.

پیاوانی جەنگی ببوون بە ڕەنگی خاک و خۆڵەمێش و بەرد، خۆیان لە درز و کەلەبەرەکاندا شاردبوویەوە و بە بێ جووڵە، ببوون بە بەرد و ئەمەش دەستی جیهەن و پیاوەکانی بەستبوو و -ڕەنگیشە- چاو و گوێیان کردبوویەوە و ڕادیرابوو. بەڵام خانئاپۆ چارەیەکی جگە لە ڕۆیشتن نەبوو. چونکە لێڵایی پێش کازیوە نەئەگەڕایەوە و ئاسمان خەریک بوو بە ڕاستی ڕوون ئەبوویەوە و تەم و مژ خەریک بوو ئەڕوایەوە. بۆیە خانئاپۆ نەک بە قەڵمباز بەڵکوو بە خشکەیی لە سەنگەرەکەی هاتە دەرەوە، وەکوو مارمێلکە هەموو لایەکی سەیرکرد، بای دایەوە بۆ پەنای تاشە

١ـ تەمار: تارمایی بەرچاو، رەشایی بەرچاو، تاپۆ.

بەردەکە و هەناسەی لە سینەیدا حەپسکرد تا جارێکیتر دەوروبەر و سەرەوە و بەرد و زەرد و قوتکە و شێوەڵ بە سەر بکاتەوە.

خانئاپۆ ڕوانییە ئاسمان. ستار هێشتا بوو. ڕوانییە کێوەکە، لە خوڵەمێشی تێکەڵە ئەچوو. گوێی لە بێدەنگیەکە ڕاگرت، خوێندنی کەڵەشێرێک لە دوورەوە و پاشان خامۆشی. ئاوڕی دایەوە، تاشێکی بڵیند، بەڵام نە زۆر نزیک و بێ مەترسی. ئەکرا لە پشت تاشەکە پەنای بگرێ ئەگەر لە پشتیەوە بەرەیەکی تازە نەکرابێتەوە. خانئاپۆ بەرەو تاشەکە چوو؛ چی ئەبێ با ببێ!

بەگمحەمەد بە سینگا ڕاکشابوو، ئەیڕوانیە چاوەچاو کردنەکەی خانئاپۆ و دەست لە سەر پیلکە ئامادە بوو تا ئەگەر تەقە لە مامی کرا وەڵام بداتەوە.

لە بەری لای خوارەوە، دووکەڵ لە دواین بڵێسەکانی ئاگر بەرز ئەبوویەوە و لە بەر نەرمەباکەدا خۆی لوول ئەدا. لای سەرەوە، گوڵمحەمەد لە سەر لێژایی کەلێنەکە، لە سەر شانێک کەوتبوو و بەس پەنجەی بۆ پێشەوە ئەخزاند، ئاخرەکەی پەنجەی لە تەلاشی تیژی بەردەکە گیردا و هەوڵیدا خۆی بکێشێتە سەر؛ بەڵام لە کارێکی دژوار ئەچوو. ستار سینگ و شانی لە درزی بەردەکە هێنایە دەرەوە و دەستی گەیاندە دەستی گوڵمحەمەد و هەڵی کێشایە سەر و بە ناو چەو و دڕکەکاندا بەرەو خۆی ڕایکێشا، تا ئەو ڕادەیەی کە دیسانەوە هەناسەیان تێکەڵ بوو. تەوێڵی گوڵمحەمەد ئارەقەی کردبوو و لە چاوەکانیدا بزەیەکی شۆخی بە ستار ئەبەخشی. ستار ئێستە هەستی ئەکرد پەنجەکانی گەرمن. دەستی گوڵمحەمەدی بەردا و بۆنی خوێن، بۆنی خاو و گەرمی خوێنی بە دەستەکانی خۆیەوە هەست پێکرد. پاشان دەستی بەرزکردەوە و ڕوانییە ڕەنگی خوێنەکەی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد دەستی گرت بە شانی ستارەوە و هەر بەو نیگا شۆخەیەوە وتی:

ــ هێشتاش ئەتوانم شەڕ بکەم، خەم مەخۆ. کاتی ئەوە

هاتووە ببین بە هاو خوێن؛ برای خوێنیم.

ــ ئەوە مارالّە گوڵمحەمەد، سەرپۆشە سوورەکەی ئەبینی؟

زمان لە گۆ کەوت. بڕنەوەکەی خانئاپۆ ئەمجارەیان دەسپێشخەری کردبوو و بێدەنگییە سامناکەکەی شکاندبوو و پیاوێک لای شەست تیرەکەی جیهەنەوە وەکوو تەنێک بە لێژایی کێوەکەدا تل بوویەوە، تل بوویەوە و لە نووکی تاشە بەردێک گیری کرد. گوڵمحەمەد ملی کێشا و دەستە شۆڕەوە بووەکانی کابرای لە بن تاشە بەردەکەدا بینی و وتی:

ــ دەستت نەڕزێ خانئاپۆ!

تاشە بەردەکەی خانئاپۆ دەستریژی لێکراو و لەو خوارەوە کە گوڵمحەمەد و ستاری لێبوو ئەیانتوانی ئەو پارچە بەردانە ببینن بە زەبری تەرزەی گوللە لێئەبوونەوە و تەنانەت ڕژانی قاپوورە فیشەکەکانیش ببینن.

بەگمحەمەد بەرەو لای چەپ تەقەی ئەکرد و کاتێکە گوڵمحەمەد ئاڕاستەی گوللەی براکەی سەیرکرد، چەن کەسێکی بینی کە جارێکیتر لە ملەکەوە داگەڕابوون و بەرەو گوللەکان ئەهاتن. گوڵمحەمەد هەروا چاوی لە هێڵی شەڕەکە، بە ستاری وت:

ــ ئەی ناپیاو جیهەن! چاو لێبکە چۆن گیانی ئەو بەلووچە ڕەبەنانەی ناوەتە بەری دەستیان و ئەیاندا بە دەم ئاگرەوە. خۆی کە نایەتە پێشەوە. جا من بە چ دڵێکەوە تەقە لەمانە بکەم؟ سەیرکە!

دووهەم کەس بە گوللەی بەگمحەمەد بەربوویەوە، ستاریش لوولەی بڕنەوەکەی کردە هێڵی هێرش و وتی:

ــ بەو دڵەوە کە بەگمحەمەد هەیەتی؛ منیش یارمەتی ئەدەم.

گوڵمحەمەدیش شانی نا بە بەردەکەوە، بە دەستی ڕاست نیشانەی گرت و وتی:

ـ تاوانی من نییە، براکانم!

گوللە بە هەڵە نەچوو و مەترەلۆزەکەی جیهەن جارێکیتر کەوتەوە کار بۆ ئەوەی نیشانەکانی بچنێتەوە. لە چەند لاوە یەکبەند تەقەیان لە تاشە بەردەکەی خانئاپۆ ئەکرد. جیهەن دابەزینی خاو کردەوە و گوڵمحەمەد تاوێک بە ماندوێتی سەری نایە سەر بەردەکە.

ـ تا دەرفەت هەیە با برینەکەت ببەستم، گوڵمحەمەد.

گوڵمحەمەد لە وەڵامی ستاردا وتی:

ـ چاری ناکرێ براکەم، وابزانم کاری ئەو شەست تیرە بێ پیرە بووە.

ستار بەڵام لێ نەگەڕا. دەسبەجێ کراسەکەی خۆی لە یەخە بۆ خوارەوە دادڕیی، بە دژواری لە بن جاکەتەکەی هێنایە دەرەوە و دانەویەوە بە سەر سینەی گوڵمحەمەددا تا دەرەلنگە خوێناوییەکەی لە پووزلخەکەی بکێشێتە دەرەوە. خوێن لە دەمی برینەکەوە هەڵئەقوڵی. ستار خوێنەکەی بە قۆڵی کراسەکەی سڕییەوە بۆ ئەوەی کونی گوللەکە بدۆزێتەوە و بە پەڕۆکە بیبەستێ. خوێن دەرفەتی نەئەدا، بەڵام بە هەر کلۆجێک بوو پڵێتەیەکی خستە کونی ئێسقانەکە، ئەژنۆی گوڵمحەمەدی بە کراسەکەی خۆی بەست، دەستە خوێناویەکانی بە خۆڵ سڕییەوە، کشایەوە و دەستی دایە تفەنگەکەی خۆی.

ستار ئەوەندەی ڕاست بوویەوە، کەشکەی ئەژنۆی بە پێی ڕاهاتن لە زەویەکە چەقی، سەر و سینگی بەرزبوویەوە و دەسبەجێ بە سینەوە کەوت بە سەر کاکۆڵی گوڵمحەمەددا. گوڵمحەمەد کە سەری لە بن سینەی ستار کێشایە دەرەوە، ڕوخساری تێک چرژا، چاوەکانی ڕێک گووشرا و دەمارەکانی هەوکی ئەتوت خەریک بوون بتەقێن. گوللە بەجێ دابووی لە شانی ستار.

ـ ستار

ستار بە دژواری دەستی لە شوێنی گوللەکە هەڵگرت، پەنجە خوێناویەکەی پیشانی گوڵمحەمەد دا و گوتی:

ـ ئێستا هاوخوێنین، گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد پەنجەی لە پەنجەی ستار گرێدا و گوتی:

ـ براکەم... ستار!

ستار گۆنای لە سەر بەردەکە، چاوی هەڵێنا و وتی:

ـ تفەنگەکەم! گوڵمحەمەد.

ـ با برینەکەت ببەستم.

ـ تاو ناهێنم براکەم، لە خۆڕا خۆت ماندوو مەکە.

لە لای سەرەوە، بەگمحەمەد بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ـ وای لە چیدا کاکە؟ تفەنگەکەت ناخوێنێ!

گوڵمحەمەد لە وەڵامی براکەیدا وتی:

ـ بەکارم ئازیزی کاکە، بەکارم!

بەگمحەمەد پرسی:

ـ دڵنیگەرانم کاکە، چوار پەلت ساخە؟

گوڵمحەمەد دیسان وەڵامی دایەوە:

ـ ساخم بەگمحەمەد گیان، دڵت ئاسوودە بێ!

بەگمحەمەد نیشانەی لە دووربینی ئەفسەرەکەی بەکتاش گرت و ئەفسەری جەوان بە دوادا حەوا درا و دەسبەجێ قاقای پێکەنینی خان ئاپۆ لە ناو گیزە گیزی گوللەدا بەرز بوویەوە:

ـ شیرت حەڵاڵ، کوڕی بلّقیس!

گوڵمحەمەد ڕوانییە لای سەرەوە، لە براکەی تەنها بەشێک لە کاکۆڵی ئەبینرا و تەرزەی گوللە بە دەور و بەریدا ئەباری. شەست تیرەکە جارێکی کەش کەوتبوویەوە کار و ئەمجارەیان لە قۆڵێکی ترەوە. گوڵمحەمەد نەی ئەتوانی چاو لە براکەی بتروکێنێ و نیگای لە سەر هەڵگرێ، ئەتوت لە کەڵەوەی تەلیسمی ئەودا گیرۆدە بووە. نەی ئەتوانی چاو بتروکێنێ و نەی ئەتوانی هەناسە بدات. لەرزە، لەرزینێکی بەهێز. بەگمحەمەد بوو

ئەوەی کە وەکوو سووره چنارێک لە بەر باهۆزدا کەوتبوویە لەرزە. چونکە شۆڕە لاوی کەلمیشی لە بن بارانی بێ بەزەیی گوللەدا، هەستابوویە سەر پێ، تفەنگەکەی بە سەر سەریەوە ڕاگرتبوو و خەریک بوو پەڕ پەڕ ئەبوو. جارێک بە چۆکدا هات و دیسان هەڵسایەوە، ڕاست بوویەوە و ئەمجارەیان ڕێژنەی مەترەلۆزەکەی جیهەن دای بێژا. بەگمحەمەد لە پەنای ئەو تاشەوە سەنگەری لێگرتبوو، بەر بوویەوە و تلا. تلا و وەکوو تۆپەڵەیەک قوڕقوشم بە کەلێن و هەڵدێری کێوەکەدا بەربوویەوە و لای سەرەوەی ستار و گوڵمحەمەد، بە ماوەی داره دەستێک لە بنچکە گەونێک گیربوو و لەوێ مایەوە؛ بە چاوی کراوە و ڕوخسارێکی وەک شیلان و کاکۆڵی شەلاڵی خوێن، بە بێ ئەوەی تفەنگەکەی بەر دابێ.

دەنگ لە بەرد بەرز بوویەوە:

ـ «براکەم!»

شەست تیرەکە بێدەنگ نەئەبوو و ئەمجارەیان بە باری ئاسۆییدا سمتی بەگمحەمەدی سمی و وەهای ڕاوەشاند ئەتوت جارێکیکە گیانی هاتۆتەوە بە بەردا و کەوتۆتە جووڵە. بۆیە ئەمڕاش کەوتە خوارەوە و لای سەنگەری براکەیەوە. ئیتر پێویست بەوە نەبوو تا ستار شان و ملی گوڵمحەمەد لە خەمی بازووەکانی خۆیدا بەهێز ڕابگرێ. بەگمحەمەد خۆی هاتبوو بۆ لای کاکی و گوڵمحەمەد ئەیتوانی چۆکێک بخزێ و پەنجەی خوێناوی لە کاکۆڵی برای وەردات، قژی سەر تەوێڵی لابدات و تێی بڕوانێ:

ـ بەگمحەمەدەکەم چی لێهات، کوژرا؟!

نەک لە وەڵامی خانئاپۆدا، بەڵکوو وشەیەک لەگەڵ خۆی، گوڵمحەمەد وتی:

ـ پشتم، پشتم شکا ئاپۆ گیان!

لەگەڵیدا گوڵمحەمەد بە گوللەیەک کە لە پشتەوە هات، تێک شکا. گوللە شانی چەپی سمی، بە ئارامی وەری سووڕاند و لە ڕەشایی هەموو جیهاندا کە چاوەکانی دائەگرت، بەس توانی

سەرپۆشە سوورەکەی ماراڵ وەکوو باڵی باڵندەیەکی غەوارە بە سەر یاڵی شاخەکەوە ببینێ و، پاشان گوتەکەی مامی بە گوێ ببیسێ:

ــ چاوەکانم، ئاخ! چاوەکانم! کوێر بووم، کوێر! ناتوانم ئیتر دنیا ببینم ئاخ! موسڵمانان!

گوڵمحەمەد هێشتا زیندوو بوو. چۆکی بە بەردەکەوە و پەنجەی بە شانیەوە. ستار ماندوو بوو، ماندووی ئەو خوێنەی لێی ڕۆیشتبوو. ڕەنگی ڕوومەتی وەکوو خاکی شۆراوی لێهاتبوو؛ سپی و مەرگبار. سەر و ملی بۆ سەرەوە سووراند و لەو بێدەنگیەی کەوتبوویەوە، لە تاشە بەردی سەنگەرەکەی خانئاپۆی ڕوانی و بینی کە هاتۆتە دەرەوە و بەرەو خوار دێ. خانئاپۆ ئیتر نەئەجەنگی، ئەتوت نایەوێ بجەنگێ. دەستەکانی وەکوو باڵی شکاوی شاهۆ، داکەوتبوون. قایشی تفەنگەکەی بە سەر پەنجەکانیدا بەردابوویەوە و نەرم و ئازاد بە قەفی کێوەکەدا ئەهاتە خوارەوە و بە گلەییەوە ئەیوت:

ــ چاوەکانم! چاوەکانم بەگمحەمەد! بەگمحەمەد!

بەر لەوەی گوللەیەک لە سینەی پانی خانئاپۆ بنیشێ، ئەو خۆی تفەنگەکەی لە سەری پەنجەی بەردابوویەوە و ئێستەش کە پەیکەری پیاوانەی ببوو بە نیشانەی ئەو گوللانەی لە ڕاست و ڕووبەرووەوە ئەهاتن، خانئاپۆ دەستەکانی بۆ پێشەوە ڕاگرتبوو و ئەتوت هەوڵ ئەدا نەکەوێتە ناو چاڵەکەوە. گوللەیەک خستی، بەڵام خانئاپۆ هەڵسایەوە و دیسانەوە دەستەکانی وەکوو کوێران بۆ بەرەوە ڕاگرت، بە لێژایی کێوەکەدا کە ئەچووە خوارەوە، بێزار و زۆر گلەمەند وتی:

ــ چەندە چاوچنۆکن، چەندە ڕژد و نینۆک وشکن!

ڕێژنەی ئەمجارە بەری کەوت و پەیکەری سوورە چناری کەون بە چۆکدا هات و باوەشی بۆ کەوتن گرتەوە و بەرەو مەزڵگە دابەزی، بە پشتدا کەوت. هەناسەی بە ئاسوودەیی هەڵکێشا

و وتی:

ــ چاوەکانم! چاوەکانم! کوڕەکانم!

گوڵمحەمەد بە دژواری وتی:

ــ من لێرەم.... خانئاپۆ!

خانئاپۆ توانی سەرە قورسەکەی بەرەو دەنگەکە بسووڕێنێ و بڵێ:

ــ نات بینم گوڵمحەمەدم، ناتبینم چاوەکانم. بەس دەنگت ئەبیسم. بڵێ، تۆ بۆم بڵێ. باسی بەگمحەمەدم بۆ بڵێ! خۆزگە ئەمتوانی جارێکیکە بەگمحەمەدەکەم، خۆم ببینم. تۆ! تۆ بڵێ چی ئەبینی! گوڵی مامە؟

گوڵمحەمەد چنگە خوێناوییەکەی هێنا بە چاو و ڕوومەتیدا، ددانی لە گوشینی لێوی هەڵگرت، بوغزەکەی خۆی خواردەوە و وتی:

ــ خوێن! خانئاپۆ گیانم، خوێن و خوێن. ئاسمان پڕە لە خوێن و کانی شیرین خوێنی لێ هەڵئەقوڵێ و لە سەربەندە سوورەکەی یاڵی کێوەکەوە خوێن جۆگەلەی هەڵبەستووە، خوێن! تۆ دەنگی من ئەبیسی؟!

دەنگی خانئاپۆ خەریک بوو خامۆش ئەبوو، خانئاپۆ خەریکبوو ئەمرد. بۆیە بە دژواری وتی:

ــ دەنگ! دەنگی گوللەی خۆیی؛ کێیە لە ئێمە هێشتاش شەڕ ئەکات؟

ــ زیوەر و! خانمحەمەد. پێم وتبوو بڕۆ، ئەو ئەبوایە! بڕوات!

ئاگربارانی قۆڵی چالقی دەستی پێکردبوو و لە سەنگەری بەری خانمحەمەدەوە تەنها تفەنگێک وەڵامی ئەدایەوە و دیار نەبوو بۆچی تفەنگێک و هەروەها ئاشکراش نەبوو بە کام دەست؟ لای خواریشەوە نا، چونکە زیوەر لە بن بەردەکە دەرپەڕیبوو و خۆی گەیاندبوویە بەرامبەر، لای بەری بەرۆژ و لە بن پێی پیاوەکانی جیهەندا سەنگەری گرتبوو و ڕێگەی هاتنە خوارەوەی

لێ تەنیبوون. کە وا بوو مەیدانەکە ئەو و سەنگەری خانمحەمەد ڕایگرتبوو. ئەمەش ڕێگەی لە پێشڕەوی تفەنگچیەکانی جیهەن سەردار ئەگرت؛ چونکە پیاوەکانی سەیدشەرزا و بەکتاش خۆبەخۆ ئەوەندە بە پەلە نەبوون.

دەنگەکان ئەوا لە گوێی پیاوانی لە خاک کەوتوودا لە ڕووداوێک ئەچوون لەو دوورانە ڕوو‌بدات. دەنگ زۆر دوور و نامۆ، شتێکی وەکوو تەمار. بۆنی باروت ئاشنابوو و هەوا شەڵەژابوو و ئاسمان نیشتبوویە سەر خوێن و دوومان. ئەستێرەکانی خەڵوەتی دەمەو بەیان لە ناو کەژاوەی سەرەوخواریاندا ڕائەژەنران و بە ئاراستەی ئەستێرە دوورەکاندا، سەربەندێکی سوور ئەکێشرا و دەستە پیرەکانی بڵقیس، دەستە زۆر زۆر پیر و کشاوەکانی بە ئێسقانی دەرپەڕیو و جمگەی ئەستووری پەنجە و دەماری هەڵتۆقیوی پشت دەستەکانی و پۆرگ و ڕووشی بەری دەستەکانی لە ئاسماندا کەوتبوونە ڕێ و هێشوویان لێئەکردەوە و هێشوەکانیان ئەخستە ناو بەرەڵبێنەکەیەوە تا بیباتەوە بۆ ماڵەوە و بیانسوێتەوە. بابقولیبوندار مەچەکی دەستە پیرەکانی بڵقیسی بە تیر ئەبڕی و ئەبڕیەوە، بەڵام دەستەکان هەروا بە ئاسمانەوە بوون و ڕانەئەوەستان، ئاسمانی شینیان ئەپێوا و لە پشت پەردەی دووکەڵی باروت و خوێنەوە، ئەستێرەکانیان لێئەکردەوە و لێئەکردەوە تا بیبەنەوە بۆ ماڵەوە. جیهەنخانی سەردار و سەرهەنگ بەکتاشیش بە سەر سەری پیاوەکانەوە لە نێوان زەوی و حەوادا ڕاوەستابوون و زۆر زل و ئاوساو بوون، تا ئەو ڕادەیەی کە بەر بەرەگەی ئاسمانیان گرتبوو و سێبەرە قورسەکانیان خەریک بوو بینی توند ئەکرد. لەم گێرە و کێشەیەدا بابقولی بوندار بە دوای شەودێزدا هەڵئەهات تا کەمەندپێچی بکات، بەڵام نەی ئەتوانی. نەجەف ئەرباب ببوو بە گورگ و داببووی لە ڕانەکەی کەلمیشی. خوێن لە هەنیەی عەبدۆسەوە دەتکایە سەر یەخەی کراسەکەی و کەلمیشی لە چاڵێکدا کەوتبوو و،

شێرۆ تفەنگێکی بە دەستەوە بوو و تەقەی لە گورگەکە ئەکرد و....

ـ گوڵمحەمەد! گوڵمحەمەد! کامتان زیندووە؟

ـ تۆ کێی؟!

ـ منم، کاکت، خانمحەمەد.

ـ لێرە چی ئەکەی تۆ؟

ـ هاتووم تۆ ببەم.

ـ من بۆ کوێ ببەی؟ من خۆ ئیتر بە بەرمەوە نەماوە. پێم وتبووی خۆت دەرباز بکە.

ـ گوڵمحەمەد! برای شیرینم، بە بێ تۆ!

ـ پێم وتبووی؛ پێم وتبووی ئەبێ خۆت دەرباز بکەی. ئێستەش ئەگەر ئەتەوێ لە تۆ ڕازیی بم، گوێ لە گوتەم ڕابگرە و خۆت دەرباز بکە!

ـ براکەم! خوێنم!

ـ ئاگری سەنگەرەکەت، خانمحەمەد؟

ـ بەلووچ ! بەلووچ ! لەم لاشەوە زیوەر.

ـ زیوەر... زیوەر... ئاخرەکەی منی شەرمەندەی خۆی کرد. خوات لەگەڵ کاکی برام، تا هەوا لێڵە بڕۆ ئیتر... خوێنێکی وا لە دەمارەکانی مندا نەماوە... تۆ بڕۆ براکەم.

ـ من گوڵمحەمەد! بۆ کوێ بچم بە بێ تۆ؟

ـ ئەمە فەرمانی منە بە تۆ! لە فەرمانەکەی من خۆت ئەبوێری؟!

ـ گوڵمحەمەد... گوڵمحەمەد... براکەم.... براکانم.... بەگمحەمەد.... خانئاپۆ.... ئازیزەکانم... خانئاپۆ، سوێند بەم کاتی خوایە پەیمانی خۆم ببەمە سەر.

کانی، کانیەکە لە کوێیە؟ ئاو، ئاو. چ تینوێتییەکی سەیرە. بۆنی باroot و یاوی خوێن. تینوێتی قڕبوون. بەرگ و خاک چەندە وشکن! بنە گوێنی، دەوەنی چاڵووک. بەرد و خوێن و خاک و گەون.

سەرما، چ سەرمایەکە. زستان لە بیرچووبوویەوە لە گڕی تینوێتی جەنگدا. کانی، کانیەکە لە کوێیە؟ براکەم، بەگمحەمەد! نەخێر، ئیتر وەڵامێک لەوەوە نابیسم. چەندە ئارام، چەند ئاسوودە لێی نووستووی براکەم. خانئاپۆم! نەء، خانئاپۆ ئیتر پێناکەنێ. نە قسەی خۆش و نە قاقای شیرین. خانئاپۆ مردووە. ئەو لەگەڵ بەگمحەمەد مرد. بۆیەش بوو کوێرایی داهات. بەگمحەمەد چاوی خانئاپۆ بوو. زیوەر هێشتاش شەڕ ئەکات؟ ڕەنگە، ڕەنگە هێشتا بەردەوامە. ئەی ستار؛ ها! ستار؟

ــ هێشتاش هەم! گوڵمحەمەد!

ــ ئاو! ئاوت ئەوێ! بۆت بهێنم؟

ــ تینوومە! تینووم!

ــ ئەی پیاو! ئەی پیاوی پیاوانە! چەندە درەنگ بڕوام پێکردی! ئاوت... بۆ ئەهێنم. ئازادم کە، براکەم. کانی، کانیەکە لە کوێیە؟

لەشی خوێناوی و تێکشکاوی گوڵمحەمەد خزا بەرەو لێژاییەکە و بەرەوخوار، بۆ لای کانیەکە بەربوویەوە. ئاو یەکسەرە سوور بوو و سوێر بوو. ئەی ئاو، ئەی ئاو. ئەتوت دەنگی ستار بوو کە گوڵمحەمەد ئەی بیست:

ــ جارێکیتر! ستار!

ستار بەو هێزەی تیا مابوو خۆی کێشکرد بۆ لێواری لێژاییەکە و وەکوو بنە گەونێک بەربوویەوە، تلاوتل تا سەر کانیەکە، ڕوانییە ئاوەکە و گیانی دەرچوو.

گوڵمحەمەد ئاوە خوێناوییەکەی لە سەر پەنجەکانیەوە تکاندە سەر لێوە وشکەڵاتووەکانی ستار و خۆیشی لە ناو بیر و ئەندێشەی ئاڵۆزدا لەسەرخۆ چوو:

خوێن تێکەڵ بە کانی شیرین ببوو، کەوتبوویە ڕێ و ئەڕۆیشت تاکوو زەوی، دەشت، بیابان و خاک سەربە سەر تێراو بکات و، ئەمە ئەوین بوو بە سەر بەستێنی خاکدا تێئەپەڕی و سەری لە دێمەسارەکان ئەسوو و کێڵگەکان وزەیان لێوەر

ئەگرت، بەژنیان ڕاست ئەکردەوە، ڕائەبوون، باڵیان ئەگرتەوە بە دەست بای -سەوزی سەوزەوە- شەپۆلیان ئەدا و لە بن خۆردا ئەبوون بە زەردی زەرد. درویّنەوانەکان گۆرانیان ئەوت و گەنمەکان ئەبوون بە خەرمان. دەشتی پەموو گوڵی ئەدا و وەک کراسی بووک سپی ئەبوو. ڕووبارەکان هەڵئەسان و ئاو زۆر ئەبوو. کچانی عازەب و شۆخ و شەنگ لە سەر چەمەکان دائەنیشتن و مناڵان لە ئەستێرەکان ئەکەوتنە مەلە. پەز پەروار ئەبوو و دونگی ئەجووڵاند. ئاخوڕەکان پڕ لە ئالیک و هەمارەکان پڕ لە ئازووقە ئەبوون. خەڵکی دەرفەتی ئەکرد پێ بکەنێ. زەماوەنەکان بە دڵی خۆش و دەستی ئاوەڵەوە بەرپا ئەکران. چاوەشەکان ئەیانکوتا و گەنجانی شایی بەخۆ و خەملێوی جەوانی و شەوق لە سەمای پیاوانەدا ئەچوونە مەیدان. ئەوین لە کۆڵانەکاندا ئەکەوتە ڕێ و کچان وەک پەریزادی گوڵخەندەران قاقای گوڵ بارێنیان لێئەدا و ئەوین، پۆشتە و پەرداخت و ڕازاوە بەرەو هیوا هەنگاوی ئەنا و دەستی میهرەبانی بە سەر ماڵاندا ئەهێنا. دەنگی شوانان زایەڵەی خۆشی پەیدا ئەکرد و گوانی پەزەکان پڕ ئەبوو لە شیر و سازگاربوو و ئیتر دەستێک، دەستانێک بۆ بڕینی گەروویەک خەنجەری ڕانەئەکێشا. چونکە ئەوین و فراوانی هەمەگیر و بەربەرین بووە. مرۆڤ شیاوی ژیان و ژیان شیاوی ئادەمیزاد. مەرگ دەست نراوە لە ڕوویەوە و گورەوشارکراوە و ئاوی شیرینی کانی سازگاری لەش.

ــ هۆی! یەکێک بێت بۆ ئێرە. ئەمەیان هەر لێرە سەر ئەبڕین. سەد مەن گۆشت و ئیسقان بۆچی ببەین بۆ ئەوێ؟ وەرە پێشەوە بزانم فندق، ئادەی، بزانم ئەتوانی سەری ئەو مردووە لێبکەیتەوە؟

ــ ئەمەیان هێشتاش گیانی تیایە، خودی گوڵمحەمەدە!

**بەندی سێیەم**

لە گەلیی گاتاق هێنرانە دەرەوە.

سەرە گەورەکەی خانئاپۆ، جیهەن سەردار گرتبووی بەبن باخەڵیەوە و ئەوانی کە لە سەر دارە مەیتی سەربازی ئەهێنران. لەگەڵ هەر کامیان یەکێک بە نیشانە و هەقی خوێن ئەڕۆیشت. شەرزا، نەجەف ئەرباب، بابقولیبوندار و ئەفسەرێکی جەوان، جیهەن سەردار بە سەری خانئاپۆوە لە پێشەوە ئەڕۆیشت و تفەنگ بە دەستەکان لە دەوری تەرمەکان خڕببوونەوە و ئەڕۆیشتن پێشکەشیەکانی خۆیان لە بەر پێی سەرهەنگ بەکتاش دابنێن.

کار کۆتایی پێهاتبوو. چوار تەرم لای یەکەوە لە سەر زەوی ڕیزکرابوون. ئیتر چی مابوو ئەنجام بدرێ؟ بڕینی سەرەکان؛ بەڵام بەکتاش دوو دڵ بوو. جیهەن هەروا لە سەر سەری گوڵمحەمەد ڕاوەستابوو و لە چاوە نیوەکراوەکەی ئەڕوانی. ڕوخساری گوڵمحەمەد شەڵاڵی خوێن بوو و خوێن لە سەر لێوی قەتماخەی بەستبوو. جیهەن تەختی پانی پۆتینەکەی خستە سەر سینگی گوڵمحەمەد، شانی دانەواند و ماوزێرەکەی لە بەر پشتێنەکەی دەرهێنا و هەروا زەق لە گوڵمحەمەدی ڕوانی و وتی:

ــ ئەمەوێ بڵێم سەرت ببڕن!

لێوەکانی گوڵمحەمەد وشک و نیگای بێزاربوو.

جیهەن ماوزێرەکەی لەبەرچاویدا ڕاوەشاند و پاشان کردی بە بەر پشتێنەی خۆیدا و وتی:

ــ ئاخرەکەی بە سزای کردەوەکانت گەیشتی، ئەمەم پێ وتبووی!

گوڵمحەمەد نیگای لە جیهەن وەرگێڕا و وتی:

ــ من! بۆ ئەم خەڵکە! خراپ نەبووم خۆ!

جیهەن وتی:

ــ ئەمەوێ بڵێم سەرت ببڕن، ڕاسپاردەت چییە؟

ــ هیچ !

ــ جیهەن وتی:

ــ کەسەکانت لێرەن. ئەتەوێ کوڕەکەت ببینی؟

ــ نا.

ــ ژنەکەت چی؟

ــ نا.

ــ دایکت؟

ــ نا.

ــ بۆ؟ دڵ لە سینەتدا نییە؟

گوڵمحەمەد بزەیەکی کرد.

ــ بەچی پێئەکەنی؟

گوڵمحەمەد پێڵووەکانی بەست و وتی:

ــ لە پێکەوتنی پیاو! سەیرکردنی نییە.

جیهەن دوژمنی کرد و وتی بڵقیس و ماراڵ بهێنن بۆ تەماشا. ماراڵ نەبوو. تۆ بڵێی بە چ کارێک ڕاوەستابێ؟ بڵقیس هاتە پێشەوە و وەستا. گوڵمحەمەد چاوی کردەوە و دایخستەوە. بڵقیس داوای ئاوی کرد. هێنایان. لای شانی گوڵمحەمەدەوە چۆکی دادا، لێوە وشکەڵاتووە گڕگرتووەکانی کوڕەکەی بە ئاو شۆرد و پاشان ئاوی پێدا. تامی ئاو جارێکیتر تازە بوو. پاشان بڵقیس

ڕوومەتی کوڕەکەی شۆرد، لێی ڕوانی و بزەیەکی کرد و وتی:
ــ شیرم حەڵاڵت بێ، کوڕم.
ئەوسا ڕوانیە بەگمحەمەد، کاکۆڵی لە سەر هەنیەی لادا و ماچێکی ناوچەوانی جەوانەکەی کرد. لای بەگمحەمەدەوە ستار ڕاکشابوو. بلّقیس دەستی نایە سەر تەوێڵی و پێڵووە نیوەکراوەکانی بەست و وتی:
ــ کوڕم.
لەسەر چۆک چووە سەر تەرمەکەی زیوەر و تێی ڕوانی. ڕوخساری ڕەقەڵەی زیوەر، زیندو و لە هەمیشە ڕۆشنتر بوو، بلّقیس ڕوومەتی بووکەکەی بە لۆی سەرپۆشەکەی داپۆشی و هەڵسا.
جیهەن سەری خانئاپۆی دا بە بلّقیس.
بلّقیس سەرە بڕاوەکەی وەرگرت، لە بەرامبەر چاوەکانی خۆیدا ڕایگرت، تاوێک ڕوانییە چاوەکانی خانئاپۆ و بزەیەکی بۆکرد و وتی:
ــ خۆزگەم بە جوامێریەکەی تۆ... ئەی جوامێری جوامێران، خۆزگەم بەو غیرەتەی تۆ هەتبوو.
پاشان سەرە بڕاوەکەی دایەوە بە جیهەن و ئاپۆڕەکەی بەجێ هێشت. ئەو هیچ نەکرووزابوویەوە، بەڵام کاتێکە دوور ئەکەوتەوە، لە پەڕی کایەک ئەچوو کە با ئەیتوانی بیبا و؛ ئەگەر بە قورسی هەنگاوی ئەنا لە بەر ئەوەبوو کە بارەکەی زۆر قورس بوو، ئەگینا بلّقیس ئیتر کێشێکی نەمابوو. پیربوو و پووکاوە، چونکە کۆڵەکەی ژیانیان لێ سەندبوو و ئەوەی بە سەر لاقەکانیدا کێشی ئەکرد جگە لە باری غەم و ئێسقان نەبوو.
پرسرا:
ــ ئەم دووانە چی؛ ژنەکە و ئەم پینەچییە؟
وترا:
ــ هەر لێرەوە هەڵیاندەنە خوارەوە با داڵ بیانخوات!

نەجەف ئەرباب بە هەڵەداوان گەیشتەوە، لەگەڵ دەهۆڵ ژەنەکان کە بە سواری هێنابوونی، نەجەف لێی نەوەستابوو و ئەوەندەی ئەوان تەرمەکان دابنێن و کارەکان ڕێک بخەن غاریدا بوو بۆ ناو دێ و چاوەشەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئێستەش ڕاستەوخۆ بۆ لای بڵقیس ئەچوو. لە بەر دەمیدا لەغاوی کێشایەوە و وتی:

ــ دەهۆڵ و زوڕنام هێناوە بۆ تازە زاواکەت، دادە بڵقیس!

بڵقیس بڕوای نەکرد و بەس ڕوانییە نەجەف. نەجەف بەرەو لای سەرهەنگ بەکتاش لەغاوی بادا و ویستی داوابکات ڕێگە بدەن لە پێش تەرمەکانەوە، دەهۆڵ بکوتن و زوڕنا لێدەن. بەکتاش ماندوو بوو و پەرتووکاو؛ بۆیە خستیە ئەستۆی نەجەف خۆی چی ئەکات بیکا. بۆ ئەوەش کارەکەی کۆتایی پێبێ بە جیهەنی وت:

ــ بەس بیکوژە!

بەکتاش ئەمەی وت و خۆی بەرەو جیبەکە چوو و لە ناو ترومبێلەکە دانیشت و چاوەڕێی کرد.

جیهەن لێگەڕا تا حەشاماتەکە بێنە پێشەوە و تەماشا بکەن. خەڵکی بوومی هێنرانە پێشەوە. غەزەنفەری هاشمئاوایی و هی گوندەکانی دەور و بەر و هەروەها قەڵاچیمەنیەکان لە نێوان بینەراندا بوون. خاکی لە پشت سەری ئاپۆرەکەوە ڕاوەستا و بەڵخی ڕوانییە ئاسمان. قەدیر و عەباسجان و شەیدا لە ڕیزی پێشەوە ڕاوەستابوون و بابقولی بوندار لای عەبدولە ڕەشەوە.

جیهەن پرسی کێ حەز ئەکا گوڵمحەمەدی سەردار بکوژێ؟

بابقولیبوندار پاڵی بە عەبدولە ڕەشەوە ناو وتی:

ــ کار کاری عەبدولە ڕەشە سەردار، با عەبدول ئەو خزمەتە ئەنجام بدات.

گوڵمحەمەد جارێکی کە پێڵوە ماندووەکانی هەڵێنا و ڕوانییە ئەو دیوارە گۆشتەی حەشاماتەکە بە دەوریدا دروستیان کردبوو.

جیهەن عەبدولی بە نەدیوو دانا و ماوزێرەکەی گوڵمحەمەدی لە بەر پشتوێنی خۆی دەرهێنا، ڕایگرت بۆ قەدیری کەلایی خواداد و وتی:

ــ تۆ!

قەدیر ماوزێرەکەی وەرگرت، چووە پێشەوە و بەرامبەر ڕوخساری گوڵمحەمەد وەستا، گوڵمحەمەد چاوی بەست و لێگەڕا قەدیر بە بێ پرینگانەوە کارەکەی ئەنجام بدات، بەڵام قەدیر نەیتوانی؛ ماوزێرەکەی دایەوە بە جیهەن و وتی:

ــ نا، سەردار. ئەمکارە بە من ناکرێ، ناتوانم!

جیهەن ئەمجارە بە گۆدەرزی بەڵخی وت. بەڵام بەڵخی بە بێ وەڵامدانەوە ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت. بە دوای بەڵخیدا، عەزەنفەر و عەلی خاکیش کەوتنە ڕێ و پاش ئەوان بوومیەکان بە دوای ڕۆیشتواندا کشان و قەدیریش کەوتە تەکیان. ئیتر کەس نەمابوو مەگەر شەیدا، عەباسجان، نەجەف ئەرباب و بابقولی بوندار. عەبدولە ڕەشیش ڕێی خۆی گرتبوو و ڕۆیشتبوو.

جیهەن نیگایەکی ئاشنای بڕییە شەیدا و ماوزێرەکەی دا بە دەستیەوە و وتی:

ــ ئادەی کوڕی بوندار! پیاوەتیەکەت پیشان بدە!

شەیدا ماوزێرەکەی گرت بە دەستەوە و بەرامبەر بە گوڵمحەمەد وەستا و نیشانەی لە ناوچەوانی گرت. جیهەن دەستی نایە سەر مەچەکی، لوولەی ماوزێرەکەی دابەزاند، بەرامبەر بە سینەی گوڵمحەمەد ڕایگرت و وتی:

ــ دەموچاویم گەرەکە، دڵی خامۆش کە!

گوڵمحەمەد نیگای بێزار و ڕوخساری شەکەتی لە کوڕی بوندار وەرگێڕا، پێڵووی بەست و لێگەڕا شەیدا بە بێ پرینگانەوە کارەکەی تەواو بکات.

بەڵام شەیدا نەیتوانی تەقە بکات، بە داماوییەوە ڕوانییە جیهەن سەردار و پاشان سەیری باوکی کرد. بابقولی بوندار بە

تووڕەیی و دژوێندانەوە قۆڵی شەیدای گرت و لە ناو تەرمەکان فڕێی دایە دەرەوە. نەجەف ئەرباب ـبەر لەوەی بوندار خۆی دەست بداتێ- خۆی هاویشتە پێشەوە، ماوزێرەکەی لە شەیدا وەرگرت. چووە بەرەوە و نیشانەی لە دڵی گوڵمحەمەد گرت و تەقەی کرد. بابقولی بونداریش بۆ ئەوەی لە نەجەف ئەرباب دوانەکەوتبێ، دڕندانە پەلاماری تەرمەکەی ستاری دا و گۆشاو گۆش سەری بڕی.

بەشێک لە جەندەرمەکان بۆ دۆزینەوەی کوژراو و بریندارەکانی خۆیان مانەوە و بەشێکیش بە دوای بەکتاشدا بەرەو شار کەوتنە ڕێ. کاری جیاکردنەوە و گواستنەوەی تەرمەکان خرایە ئەستۆی جیهەن و سەید شەرزا.

گوڵمحەمەد، بەگمحەمەد و سەرە بڕاوەکەی خانئاپۆ:

ــ ئەوی کەش لە قەڵەمەیدانەوە بار ئەکەین؛ سەبرخان.

کلۆ و مەرحەبا خرانە کار تا لە پێشی تەرمەکان لە دەهۆڵ بدەن و فوو بە زوڕنادا بکەن. نەجەف ئەرباب بۆ پەڕینەوەی خۆی لە سەنگرد و چوونە ناو قەڵامەیدان، بە جیفە و هەڕەشە ناچاری کردن ئەو کارە بکەن. کلۆ و مەرحەبا خرانە گەڕ، بەڵام ئەگریان و ئەیانژەند و ئەوەی لە دەهۆڵ و زوڕناکەیان بەرز ئەبوویەوە، ئاوازی شادی نەبوو؛ بەڵکوو بە پێچەوانەی داواکەی نەجەف، دەهۆڵ و زوڕنا ئاوایەکی زۆر غەمگینی وەرگرتبوو. هەوا هاودەنگی ئەو هەنگاوانە بوو کە هەڵئەگیرا و، ئەمەش خۆی لە هەوای چەمەری ئەچوو.

بەو تەرمانەوە کە لە سەر تادەرگای ژوورەکانی سەرای سەردار بەسترابوونەوە و لە ئەسپەکان بارکرابوون، لە تێپەڕین بە گوند و ئاواییەکانی سەر ڕێدا، مەبەستی جیهەن ئەوە بوو تا شاکارە پاڵەوانیەکەی خۆی پیشان بدات.

خەڵکی نەئەهاتن بە پیریانەوە، یان لانیکەم بە شادمانیەوە

نەهاتن بە پیریانەوە. چ جایە زۆربەی خەڵکی لە سەر ڕێگەکان ڕائەوەستان، سەیریان ئەکرد و ئەگریان و بە دڵ نەفرەتیان لە بکوژەکان ئەکرد. هەر بۆ ئەوەش بوو کە هێزەکە ڕانەئەوەستا و یەکسەر تێ ئەپەڕیی و بەر لە خۆر ئاوابوون خۆیان گەیاندە شار. بوومیەکانیش کەم و کەمتر ئەبوونەوە. چونکە هەر کەسە و لە قەڵات و گوندی خۆی لای ئەدا و هێزەکەی بەجێ ئەهێشت. بۆیە لەشکرەکەی جیهەن بەر لەوەی بچێتە ناو شار جگە لە سەرێکی بڕاو و سێ پیاوی دابەستراو بە تای دەرگاکانەوە و سێ ژنی خامۆش بە سەر وشترەوە، کەسی لەگەڵ نەبوو. تەنانەت نەجەف ئەرباب و بابقولی بونداریش خۆیان دزیبوویەوە بەرەنجامی کارەکەیان یەکجێ و یەکسەرە دابوو بە جیهەن، سەید شەرزا و جەندەرمەکانی بەکتاش.

شار پێشاو پێش بۆ تەماشا تەیار کراوە.

بەکتاش هەواڵی سەرکەوتنەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە. هەواڵ ئێستاکانێ لە سنووری مەڵبەندەکە تێپەڕیوە و گەیشتۆتە ناوەندی لەشکر و پارێزگا. نێوانی دەروازە عێراق تا کاروانسەرای جەندەرمە ئاوپرژێن کراوە و هەردوو بەری شەقامەکە بە دوو ڕیزە لامپی ڕەنگی ڕازاوەتەوە، بۆ ئەوەی ئێوارە درەنگان، کاتی پێکردنی کارخانەی کارەبا، ببێ بە چراخان. دەمڕاست و کار بەدەستی شار، لە فەرماندار و شارەوان و سەرۆکی پۆلیس و ئاسایشەوە تا بەڕێوەبەرانی بڵیند پایە و بازرگان و دەرەبەگە گەورەکان بانگکراون بۆ ناوەندی بەتالیۆنی جەندەرمە. کۆمەڵێک لات و لووتیش بە ناو شاردا بڵاوبوونەتەوە تا هەواڵی کوژرانی گوڵمحەمەدەکان لە کۆڵان و گەڕەکان بڵاو بکەنەوە.

حەبیب لاشخۆر، بە دەمە لار و قەپۆزە دزێوەکەیەوە تاوێک لە دەمەوەڕی و فرەوەڕی ناکەوێ. خەڵکی دڵمردوو کە هێشتاش جێ برینیان بە سۆیە لە هێرشی لات و لووتەکان، پاش پازدەی

ڕێبەندانیان، بۆ نمایشێکی خۆڕایی بانگ کراون. وتراوە تەرمەکان لە دەروازەی بەری ڕۆژهەڵات، لە دەروازەی نەیشاپوورەوە ئەهێننە ناو شار، بە ڕاستە شەقامی بەیهەقدا بەرەو دەروازەی ڕۆژاوا، و دەروازە عێراق، ئەیانبەن و لە بەر کاروانسەرای جەندەرمە دایانئەگرن. پەڵە پەڵە خەڵکی هامووتا، لە گۆشە و کەناری شارەوە بە نابەدڵی بەرەو شەقامی بەیهەق و دەروازە نەیشاپوور ئەچن. پۆلیسەکان پۆتینەکانیان پەرداختکردووە، ڕیشیان تاشیوە و بە سمێڵە بادراوەکانیانەوە خۆیان ئەدەن بە چاوی جەماوەرەکەدا. عەرەبانەچیەکان، ئەسپ و عەرەبانەی خۆیان بە ناو حەشاماتەکەدا تێئەپەڕێنن و ئەڕۆن. ئێوارە داهاتووە، بەڵام گڵۆپەکانی سەر شەقامەکان هێشتا خامۆشن. گۆگادارەکان ناوبەناو خەریکی خاوێنکردنەوەی شووشە لامپاکانیانن، تا هەڵیانبکەن. ئەوتریێ:

ــ هێنایانن!

خەڵکی مل ئەکێشن و سووکەڵەکان بەرەو دەروازە شاڵاو ئەبەن. سەرکەوتووەکان دەرئەکەون. لەشکر پێ ئەنێتە سەر بەردچنی شەقامەکە. قۆڵچیەکان، جلْف و سەرسەرییەکان پاڵ ئەنێن بۆ شۆستەکە و ڕێگەکە ئەکەنەوە. هێزەکە قورس و بەشکۆ هەنگاو ئەنێ. سەرداران شەق و ڕەق ملیان ڕاگرتووە و نیگای زەق و سەرکەوتوویان بڕیوەتە بەردەمیان. جیهەنخانی سەردار، بە سواری ئەسپە چوارهەنگڵەکەیەوە، لای چەپی تەرمەکان و سەید شەرزا لای ڕاستەوە، بە هەمان شەق و ڕەقی لەغاوی ئەسپە کشاو و باریکەکەی خۆی بە دەستەوە بوو.

بەگمحەمەد ئەڵێی خەوتووە، چەپکەیەک لە کاکۆڵە خەناوییەکەی ڕژاوەتە سەر تەوێڵی و سەری کەوتووە بە لای شانی چەپیدا و ڕوخساری ئارامە. ڕوخساری گوڵمحەمەد بەڵام ئارام نییە؛ ماندوو و تاڵ و بێزارە. گۆنای دەرپەڕیو، لووتی نووک

تیژ، تەوێڵی گرژ و چاوەکانی نیوەکراوەیە. سەری بە لایەکدا کەوتووە، بەڵام ئارام نییە. براکان پێیان پەتییە و سەریشیان.

بەلووچێکی جەوان سەرە براوەکەی خانئاپۆی لە سەر بەرکۆی زینی ئەسپەکەی بە دوو دەست ڕاگرتووە. خانئاپۆ هێشتا سەیرئەکا، بەڵام هیچ نابینێ. گۆنای وەکوو گوێزی ڕەق و چەناگەی تۆکمە و تۆزێ بۆ بەرەوە، دەمی بەستراوە و وا پێ ئەچێ ددانەکانی لە تووڕەیی‌دا لە چیرەوە ئەهێنێ.

سەبرخان هاوتای نەبوو، بۆیەش بوو وەکوو تێرێک گەنم بە سکدا درابوو بە سەر پشتی هێستریکدا. کراسەکەی بە جارێک گوللەباران کرابوو و کاکۆڵە ڕەشەکەی شۆڕەوە ببوو و دەستەکانی لە ڕۆیشتنی هێسرەکەدا، جووڵانەوەیەکی ئەسپایی هەبوو.

چاوانی ژنانی کەلمیشی قەتیس ببوون، نەئەگریان و نەترسیان تیابوو. چاوەکان لە قووڵایی کالانەدا وشک و خامۆش بوون و لەشی بلْقیس لە سەر جیهازی وشترەکە، کاتی ڕۆیشتن، بە نەرمی ڕائەشەکا. بلْقیس ئەتوت ناڕوانێ، ئەتوت سەیری هیچکەس و هیچ کوێ ناکا، بەڵام هەڵەوەڕیی و چەنەوەری سەرسەرییەکان لە بن دەموچاوی دایکی گوڵمحەمەددا خەریکبوو برستی لێببڕێ. خەڵکەکەش، زانستە و نەزانستە، لە هەر هەنگاوێکیان‌دا کە لەگەڵیان هەڵیانئەگرت و هەر هەناسەیەک کە بەرەوپێشەوە ئەچوون، خامۆشیەکەیان قووڵتر و هەنگاوەکانیان قورستر ئەبوو و، بە جۆرێک هەنگاویان ئەنایەوە ئەتوت ئەچن بۆ بەخاکسپاردنی کەسەکانی خۆیان.

لە دەرگا گەورەکەی کاروانسەرای جەندەرمەوە چەند کەس چراتۆڕی بە سەر دەستەوە هاتن و بە دەوروبەری چرا تۆڕییەکانەوە دەمڕاست و دەسەڵاتدارانی شار دەرکەوتن. سەرهەنگ بەکتاش کە ڕیش و سمێڵی جوان تاشیبوو، بە جلوبەرگی ئوتووکراوی سەربازی و پێڵاوی بریقەدارەوە لای ئالاجاقیەوە ڕاوەستابوو.

جەنابی ئالاجاقی پاڵتاوێکی تۆخی لەبەردا بوو و شەپقەکەشی تۆزێ زیاتر هێنابوویە سەرچاوی. حاجیخورسوفیشی لێبوو و لە پشت سەری گەورەکانەوە ملی ئەکێشا. جەنابی فەرماندار و شارەوانی دەستیان لە گیرفان و ملیان خزاندبوویە ناو یەخەی پاڵتاوەکانیانەوە. جەنابی غەزەنەش لەگەڵ شەمەڵی یاخووت لای دیوارەکەوە ڕاوەستابوون و سەیری هاتوانیان ئەکرد.

هێزەکە گەیشتە بەر دەروازەی کاروانسەرا و لەگەڵیدا پاڵ بە حەشاماتەوە نرا و بەرەو پاش بران. بەکتاش هاتە بەرەوە و جیهەن و شەرزا دابەزین. تەرمەکانیان داگرت و بە تا دەرگاکانەوە پاڵ دران بە دیوارەوە. سەبرخانیشیان بە تا دەرگایەکی جیاوازەوە بەست و بە پێوە ڕایانگرت. جەنابان هرووژمیان هێنا بۆ بینینی سەری بڕاوی خانئاپۆ و هەر کامە لە قورنەیەکەوە کەوتە سەیرکردن. سەرە بڕاوەکەی خانئاپۆ دەستا و دەستی کرد و لە کۆتاییدا بە دەستە درێژەکانی جیهەن لە تاق ئاسایەک، لای سەرووی تەرمەکانەوە دانرا.

عەرەبانەیەک گەیشت و وێنەگری کۆچەری لەگەڵ جەندەرمەیەک لە عەرەبانەکە دابەزین. بەکتاش پێشاوپێش بەرنامەی وێنەی یادگاری دانابوو. بۆیە داوای لە سەرکەوتوان کرد تا لای تەرمەکانەوە بوەستن و وێنە بگرن. جیهەن و شەرزا لەگەڵ چەندکەسی خۆیان هاتنە بەرەوە و هەر دەستەیەک لە بەرێکی تەرمەکانەوە وەستان. بەکتاش بەو سەروانەکەی لە تەکی بوو و بە چەند جەندەرمەی وت لە لایەوە ڕابوەستن و لەوێنەکەدا دەرکەون.

جەنابی فەرماندار بە سەرۆکی شارەوانی وت: وتار بۆ خەڵکەکە بدات و سەبارەت بە سەرەنجامی یاخیبوون و ئاژاوەگەری ئامۆژگاری جەماوەرەکە بدات. سەرۆکی شارەوانی چووە سەر و وتاری دا بۆ ئەو جەماوەرەی کە خەریک بوون بڵاوەیان ئەکرد. وێنە گیرا و کاری سەرهەنگ بەکتاش کۆتایی هاتبوو. مایەوە جەنابی

شارەوان بەرنامەی ناشتنی تەرمەکان دابنێ.

بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی شارەوانی، دووری دیواری کاروانسەرا چاڵێکیان هەڵکەند و پیاوانی کەلمیشیان بە بێ شۆردن و کفن کردن کرد بەژێر خاکەوە، گۆڕەکەیان داپۆشی، تەختیان کرد و دۆڵچەیەک ئاویان کرد بە سەر خاکە تەختکراوەکەی گۆڕەکەدا و دوور کەوتنەوە.

بڵقیس قەمتەری وشترەکەی بەرەو گۆڕی رۆڵەکانی سووڕاند و بۆ تاوێک وشترەکەی لای گۆڕەکەوە یخ دا. وشترەکە یخی دا و ئارام بوو. بڵقیس بە ئەسپایی سەرپۆشەکەی کردەوە. کەزیەی خۆی ئەوەی کە هەیبوو لە دەور دەستی ئاڵاند و بە خەنجەرێک لە بنا بڕی و پرژاندی بە سەر گۆڕەکەدا. هەیقۆش سەرپۆشی کردەوە، قژی پەرێشان کرد و ئەو پرچ و کەزیەی کە هەیبوو بڕی و پرژاندی بە سەر گۆڕەکەدا. کارێکیتر مابوو بڵقیس ئەبوایە بیکا، ئەویش کەزیە ئامانەتەکەی شێرۆ بوو. بڵقیس گرێی لەچکەکەی کردەوە و پرچە بڕاوەکەی شێرۆ کە سەردەمێک بەگمحەمەد بە سووکایەتی دابووی بە دایکی، بە سەر گۆڕی براکانیدا پرژاند.

بانوو، خێڵاتی نەبوو تا پرچی خۆی ببڕێ و بیکا بە سەر گۆڕی جەوانەکانیدا. بۆیە هەروا لە سەر هەر دوو چۆک لە سەر گۆڕەکە دانیشتبوو و خامۆش بوو. هەیقۆ نەی ئەتوانی بگری. ڕەنگە لە ترسی بڵقیس بوو، هەرچەند بڵقیس لەم بابەتەوە هیچی نەوتبوو. بڵقیس پاش ئەو دواین گوتەی کە لە بناری کێوی سەنگرد بە ئازیزەکانی خۆی وتبوو، ئیتر لە هیچ بابەتێکەوە زمانی نەگەڕابوو.

بڵقیس ڕابوو. هەیقۆش هەڵسا. بەڵام بانوو هەڵنەسا. ئەتوت ئەو نایەوێ بگەڕێتەوە، بۆیە هەروا خامۆش و بێدەنگ لە سەر گۆڕی گوڵمحەمەدی مایەوە. بڵقیس تاوێک ڕوانیە پیرێژن. بەڵام بانوو ببوو بە بەشێک لە خاکی گۆڕەکە. بڵقیس کەوتە ڕێ.

بانوو سەری هەڵێنا و سەیری کرد. بڵقیس لە هەمیشە بەژندارتر خۆیای ئەکرد. بەژنی لاوازی ڕاست ڕاگرتبوو، بڕوا بەخۆ هەنگاوی ئەنا و بەرەو بیابان ئەڕۆیشت. هەیقۆ وشترەکەی هەڵساند و بە دوای بڵقیسدا کەوتە ڕێ. پاش تاوێک بڵقیس و هەیقۆ و وشتر لە تاریکی شەودا ون بوون و ڕەنگە با بردیانی.

ــ «ئەی کوشتارگە لە کوێیە؟»

شەوە و خەڵکێک لە بیابان ئەخولێنەوە. شەو چەندە باڵای بەرزە و چەندە قووڵە. خەڵکەکە، یاران و زیندووەکان بە دوای کوشتارگەدا بیابان ئەگەڕێن. ئەوین لە خوێندا لێ‌ئەدا و گیان ئۆقرە ناگرێ. ڕێگە نییە لە چۆڵگەیەکی ئاوەها سەخت و سامناکدا، لە قەڵاتەوە تا دەشتی شۆر و لە ئاوەوە تا هەتاو، ژان و جەخار بەردەوامە و لێو بە شەقڵی بێدەنگی بەستراوە. گەڕانی بە گوژمی خوێن بە دەمارەکانی بیابان‌دا ئەڕوات و تێ ئەپەڕێ لە هەزار چۆڵگە و بیابان بە دوای شێتێتی سەرگەردانی پیرۆزی خۆیدا. ڕێگە نییە، ڕێگە نییە ئەی گیانی بە ئۆخژن، ئەی گەوهەری هەتاو و ئاگر و خاک، ئەی ئاو، ئەی ئاسمان لە چۆڵگەیەکی ئاوەها سەخت و سامناکدا ڕێگە نییە.

بنەماڵە شپرزەیە، یاران هەژاون و ڕانەکە پەرش و بڵاو بووە.

ــ «رانەکەیان بڕدا و بردیان ئەی! موسڵمانان؛ ڕانەکەیان بڕدا و بە دەمی هەڵبەسراو و چاوی کراوەوە.... هێرشیان هێنا، ئێمەیان کوتا و ڕانەکەیان برد. چارێکی ئێسکە شکاوەکانی خاڵۆ عەبدۆسم بکەن! ئای...»

قسە لەگەڵ کێ ئەکەی شێرۆ؛ قسە لەگەڵ کێ ئەکەی لە شەوی چۆڵی بیاباندا؟ بەرد مەگەر وەڵامت ئەداتەوە؟

ــ «دەتۆ تێم بگە ئەی کێو، ئەی کێوی براکانم. ڕێ بۆ کوێ ببەم گوڵمحەمەد؟ کوشتارگەی تۆ لە کوێیە... براکەم؟»

ڕێگە نییە، ڕێسا نییە ئەی گیانی بە ئۆخژن، ئەی گەوهەری

هەتاو و ئاگر و خاک و ئاو، ڕێسا نییە، شەو بدۆزەرەوە.

ــ «ئەی کوشتارگە لە کوێیە؟»

شەوە و شەو چەندە ڕەشە، شەوە و شەو چەندە بڵیند باڵایە. ئەی ئەستێرە کۆنەکان، ئەی یارانی پیران، ئەوە پیری ئێمە کەلمیشیە کە ئاوەها سەر گەردان ئەڕوات، ئەو لە بیابانی خۆیدا ون بووە، ڕێگەی پیشاندەن ئەی دەست کورتان.

ــ «ئەی کوشتارگەتان لە کوێیە کوڕەکانم، براکانم. کێو، ئەی کێو بە کام شانەی تۆدا هەڵگەڕێم بۆ دۆزینەوەی براکانم. ئەی ئاو، ئەی کانی، ئەی کانی شیرین! ئاشنا کۆنەکەم، براکەم بۆ بگێڕەوە. ئەی گورگە پیاو، ئەی خانئاپۆی کوڕەکانم تۆ مردووی؟ نەء، بڕواناکەم! ڕابەوە براکەم!»

ڕێسایەک نییە، ڕێگە نییە ئەی شوانی پیر.

ــ «ئەی کوشتارگە لە کوێیە؟»

شەوە و شەو چەندە ڕەشە، شەوە و شەو چەندە قورس و چەندە ساردە. خاک، ئەی خاک، ئەی پەنای غەریبان، لە مووسا بگە. ئەمە ئەوە ئەوەندە بەلەز و هەڵداوان خولەی دێ. لەگەڵ تۆ ئەدوێ، وڕێنەکانی ببیستە، لێی تێبگە.

ــ «یارەکەی من، ئەی ستار، بانگم بکە. لە کوێی ئەم خاکە تۆ لە سەر خاک کەوتووی ئەی هاوڕێکەم؟»

تەمووری سەمەن زمانی نییە. ئەی ناوی ئازیزەکانی خۆی چۆن بانگ بکات؟ ڕژان و سەرایان تاڵان کرد بە قەپۆزی هەڵبەسراو و چاوی ئاوەڵەوە.

ــ «ئای... خانمحەمەد تۆ لە کوێی ئەم جیهانە ون بوویت؟ کەس هەواڵی ئەزانێ؟ هیچ نیشانەیەک، براکانم؟»

ــ «هەی هەی بادی. هەی هەی یاری بە ئەمەکی گوڵمحەمەد؛ هەرگیز کاتی گریان نییە. ئێمە لەگەڵ با ببە!»

ــ «من بەرە بۆ کوشتارگە ئەی ئەسپەکەی من، بمبە بۆ کوشتارگە!»

شەو چ باڵایەکی هەیە، شەو چەندە بە باڵایە. شەو ڕەنگی لە شەوە ئەکات شەو و، بە کەزیە ماراڵ. ژنەکان، ژنەکان، ژنەکان، ماراڵ شەودێزی دۆزیوەتەوە، کوڕەکەی دابەستوە بە پشتیەوە و بەرەو کوشتارگە ئەچێ. ئەی شەوی نووتەک، ئەمە خاتوونەکەی گوڵمحەمەدی سەردارە کە لە تان و پۆی تۆدا سەرگەردان بووە و بە دوای گیانی خۆیدا ئەگەڕێ. ماراڵ شیلەی گیانی خۆی لە کوشتارگە جێ هێشتووە و ئەوە ئەوە کە بارستایی شەوەزەنگی شەو بە کۆڵیەوە لەگەڵ خۆی ئەبات:

ــ «زیوەر، زیوەر... ئەوە منم بەرەو تۆ دێم؛ ئەوەتا منم هاوپرچەکەت. مەگری شێرۆ، تووڕە مەبە بەگمحەمەد، خامۆش مەبە گوڵمحەمەد، من بڵقیس ئەدۆزمەوە، من دایکمان لە دەستی با وەرئەگرمەوە. من ناهێڵم با بڵقیس لەگەڵ خۆی بەرێ. من ناهێڵم گورگ ببن بە دایەنی هەیقۆ کە منالّی ببێ. من زیوەر لە سەر زەوی جێ ناهێڵم، ئەی هەموو پیاوانی لە خاکدا کەوتووم، ئەی خانئاپۆی چاک کە ئاوەها ژیکەڵانە مەرگ و سەردانانت پەڕاوە کردبوو. من بە سەر هەموو تاریکیدا زاڵ ئەبم، ئەی پیاوەکەی من گوڵمحەمەد. تۆ لە ناخی مندا بە ئەسپاردە هەر ئەمێنی، ئەی تاقانەی دایە و بۆ دەستەکانی تۆ ناگەڕێم لە هیچ لەش و ئەندامێکدا بە مەکری ژنانە. نەمویست بە شەکەتی و داماوی لێت بنواڕم، چونکە تۆ بۆ من باڵای چناری هەموو جەنگەڵەکانی. نەمویست بە کەنەفتی بتبینم، ئەی بەژنی شیاوی خاک. قریشکەی بڕنەوە زیوار زیوەکەت بۆ هەمیشە وکوو گوارە لە گوێکانمدا

ئەبێ ئەی پیاوە ساکارەکەی من. ئەوا بۆ زیوەرت ئەگەڕێم کە شیاوی هاوسەرێتی تۆ بوو، ئەوا لە زیوەرت ئەگەڕێم! جا ئەی ئەسپەکەی من، ئەی شەودێزم بۆ سەرگەردانی؟ ئەی یارە ئەمەکدارەکەی گوڵمحەمەد، ئەی شەودێز نە کاتی گریانتە، بۆ پێپەڵکە ئەکەی؟ من بەرە بۆ لای خوێنی سوارەکەی خۆت؛ بمبە بۆ مەزڵگەی ئەوین.

شێرۆ، شێرۆ، ئەی سەروی سووتاو لە کوێی سەرمای قورسی شەوانەدا بە سەرگەردانی وڕاوە ئەکەی؟ ڕووگەت لە کوێیە و خۆرت لە کام لاوە سەر دەردێنێ؟ ئێرە کوێیە؟ ئێرە کامە سەرزەمینە کە بەم جۆرە سارد و سڕ دەستەکانی من وەرئەگرێ کە لە هەر پەنجەیەکمدا مەشخەڵێکی ئەوین داگیرساوە؟ ئێرە کوێیە و من لە کوێم؟»

ــ تۆ کێی تارمایی؟

ــ من منم و، تۆ کێی تاپۆی غەوارە؟

من مووسام و من شێرۆم و من ماراڵ و من منم ئەی بەلووچ کە لە ناو دەستانی بادا ئەڕۆم بۆ هەر کوێ کە بڕۆم. من ئێمەم و بۆ تەوافی خۆم هاتووم لە پاش هەموو ئاوارەییم. فریام کەوە ئەی پیاو، فریام کەوە ئەی ئەو کەسەی دەستەکانت بەس بۆ هەڵکەندنی گۆڕ ئاواڵە کراوە لەم شەوی سامناکدا. فریامان کەوە ئەی بەلووچ ، دەنگدانەوەی دەمی پێمەڕەت چەندە وشک و بە جەخارە، ئەی ئەو کەسەی گریان بە کێماسی ئەزانی.

مووسا هەموو منالیی خۆی لە هاوارێکدا بەرهەڵدا کرد. بەلووچ پێمەڕەی هەڵدا، لە گۆڕەکە هاتە دەرەوە و جەوانەکەی لە ئامێزی بەهێزی خۆیدا ڕاگرت و سەر و ڕووی گووشا بە سینگا:

ــ ئارام بگرە گیانەکەم، ئارام بگرە!

ئەوەندەی بەلووچ مووسا هێور بکاتەوە، نادعەلی چوارگوێشلی

لە دڵی شەوەزەنگەوە هاتە دەرەوە. پێمەڕەی هەڵگرت و چووە ناو گۆڕەکە بۆ گۆڕ هەڵکەندن. ئەو لە کوێیە؛ ستار کوانێ؟

ئەستێرەیەک ڕاستەوخۆ ئەیڕوانیە ڕوخساری ستار. قوربان بەلووچ ، مووسای بردە لای ستارەوە و دای نیشاند و خۆیشی تاوێک لە لایەوە دانیشت، لەشی لەرزۆکی لاوەکە بە دەستیەوە:

ــ بەر لە نیوەشەو ئەبێ کارەکەمان تەواو بکەین؛ هیمەت بکە مووسا، ئەبێ دوو گۆڕ هەڵکەنین.

ــ نا، براکانم! نا. من زیوەرمان لەگەڵ خۆم ئەبەم، زیوەری ئێمە بدەنەوە.

ــ ماراڵ! ماراڵ؟

شەودێز چەند بێ ئۆقرەیە! خەریکە خاک و بەرد و زەوی بە سمدەستەکانی خۆی هەڵئەکەنێ.

ــ ئارام بگرە ئازیزەکەم! لەسەرخۆ بە، ئێمە خەریکی کارێکی دژی ڕێسایین.

ماراڵ دابەزی و لە سەر تەرمەکەی زیوەر دانیشت. لۆی سەرپۆشەکەی لە سەر ڕوخساری لادا، تاوێک لە ڕوخساری ڕوانی و پاشان دانەویەوە، گۆنای نایە سەر گۆنای و بۆ ماوەیەک ئۆقرەی گرت.

کاری گۆڕ هەڵکەندن تەواو ببوو. نادعەلی چارگوێشلی لە گۆڕەکە هاتە دەرەوە. خاکەنازی لە خاک چەقاند و بەرەو تەرمەکە هەنگاوی نا. قوربان بەلووچ قۆڵی مووسای گرت، هەڵیساند و بردیە لایەکەوە و لای دەستی شێرۆوە دای نیشاند. شێرۆ بە سەری شکاو و لەزگەیەکی خوێنی وشکەڵاتوو بە ڕوخسارییەوە، لە سەر سفرەی ساردی زەوی لە سەر هەردوو چۆکی دانیشتبوو و لە بەرد ئەچوو. ئەیڕوانی، بەڵام وامەزانە کەس یان شتێکی ئەبینی، لێوەکانی دادوورابوون و دەستەکانی لە بەستراو ئەچوون:

«براکەم! براکانم!»

قوربانبەلووچ گەڕایەوە بۆ لای ستار، لەشی ستاری گرتە

باوەش و بەرەو گۆڕەکە بردی و لە قووڵایی چاڵەکەدا داینا. پاشان داوای لە نادعەلی کرد سەرە بڕاوەکەی ستار بداتە دەستی. نادعەلی چۆکی دادا، سەرە بڕاوەکەی ستاری هەڵگرت و سەیری کرد. دەستەکانی بەلووچ بۆ وەرگرتنی سەری ستار لە ناو گۆڕەکەوە بەرەو نادعەلی ڕادێرابوو. نادعەلی سەرەبڕاوەکەی دابە دەستی بەلووچەوە و بەلووچ سەرەکەی لەگەڵ لەشی جووت کرد و لە گۆڕەکە هاتە دەرەوە. دەستی دایە پێمەڕە و کاسەی بێڵەکەی لە خۆڵ پڕکرد. بەڵام ساتێک دەستی ڕاگرت، لە سەر لێواری گۆڕەکە دانیشت و بە ستاری وت:

ـ ئەمەوێ خاک بکەم بە سەرتدا هاوڕێ، لێم دڵگیر مەبە و من! ئەویندارى زیندووەکەت بووم ستار، بەڵام ئێستە! چارە چییە؟ لێم ببوورە براکەم.

خاک لە سەر خاک.

نادعەلی لە داپۆشینی ستاردا، ئارام ڕاوەستابوو. ماراڵ بانگی کرد:

ـ یارمەتیم ئەدەی براکەم؟

نادعەلی و ماراڵ زیوەریان هەڵگرت و دایان بە سەر زینەکەدا. لەشە لاوازەکەی زیوەر زۆر جێگەی نەئەگرت. دەستانی باریک و پەلکەی کەزیەکانی بە لایەکدا شۆڕەوە ببوو و قاچەکانی بەلاکەیتردا. قوربان دواین پێمەڕە خۆڵی کرد بە سەر گۆڕەکەدا؛ دەستی هەڵگرت و ڕۆیشت تا لەغاو بۆ ماراڵ ڕابگرێ.

شێرۆیش بە هەمان شێوە، لە سەر چۆک هاتە بەرەوە و خۆی گەیاندە سەر گۆڕەکە. سەرپۆشی لە سەر داگرت و ئەوەی لە پرچ و کەزیە هەیبوو بە خەنجەر بڕی و پرژاندی بە سەر گۆڕەکەدا و وتی:

ـ هەموو براکانم!

ماراڵ لە سەر زین سوار ببوو و لە قوربان بەلووچ ڕامابوو. پاشان سەری هەڵێنا و مووسای بینی بە باوەشێک دار و چیلکەوە

دێتەوە. قوربان سەری هەڵێنا، ڕوانییە ماراڵ و پێی وت:

ـ من ناچارم بڕۆم و ون بم خوشکم، ئەگینا لەگەڵت ئەهاتم.

ماراڵ بەس وتی:

ـ براکانم! براکانم.

مووسا لای لێژنە دارەکەوە وەستابوو. قوربان بەلووچ دەستی لە لەغاوی شەوە بەردا و بەرەو مووسا چوو. شێرۆ هەروا خامۆش وەکوو پارچە بەردێک لە سەر گۆڕەکە دانیشتبوو و مووسا ئەچووە نزیک شێرۆوە تا ئاگر بکاتەوە. هەمووان خامۆش بوون و سەرما دەبانێکی لە کالان دەرهاتوو بوو و شەوی قاش ئەکرد.

ئاگر گرتبووی و ڕوخساری شێرۆ لە تاودانەوەی بڵێسەدا مۆری ئەکردەوە. مووساش لای شێرۆوە تەماشای بڵێسەکانی ئەکرد و بیبیلەی چاوەکانی لە تاودانەوەی گڕەکەدا ئەبریسکایەوە و ئەستێرەیەک، ڕاستەوخۆ بە سەر گۆڕەکەدا ترووسکەی ئەدا. قوربان بەلووچ چووە پێشەوە، قۆڵی مووسای گرت، بەرەو شەودێزی ماراڵ وەریگێڕا و وتی:

ـ براکەم، تۆ! لەگەڵ ماراڵ بڕۆ. من و تۆ! ڕۆژێک! دیسانەوە یەکدی ئەدۆزینەوە.

مووسا بۆ ئەوەی لەرزینی لێو و گرژی ڕوخساری لە نیگای بەلووچ بشارێتەوە، سەری داخست و لەغاوی شەوەی گرت. قوربان بەلووچ ڕوانیە شێرۆ. بەڵام شیرۆ هەروا لە سەر دوو چۆک لە سەر سفرەی خاکی سارد دانیشتبوو و ڕووی دابوو بە بڵێسەی ئاگرەکە:

ـ «براکەم! براکەم گوڵمحەمەد؛ ڕێگەیەکم پیشان بدە، لە دەورت گەڕێم!»

شێرۆ لە سەر دوو چۆک دانیشتبوو و خەنجەرێک لە سەر دەستی پێشکەشی گوڵمحەمەدی ئەکرد:

«چارێکی کارەکەم بکە برام، لە دەورت گەڕێم!»

«ئاگر، ئاورودوو بهێنه بۆ ئاگرەکە!»

قوربان بەلووچ لە سەیرکردنی شێرۆ وەرگەڕا، دەستی نایە سەرشانی مووسا و وتی:

ــ خوات لەگەڵ! پیاو؛ خوات لەگەڵ. من و تۆ دیسانەوەش یەکدی ئەدۆزینەوە.

نادعەلی دەسکەوساری ئەسپە سپیەکەی خۆی گرتبوو و ئەیهێنا. ئەسپەکەی هێنا و لەبەردەم بەلووچ دا ڕایگرت و وتی:

ــ بۆ تۆ بەلووچ ! سواربە و خۆ دەربازکە. بەر لەوەی خۆر سەر دەربێنێ تۆ ئەبێ لە حەوت مەڵبەند تێپەڕیبێتی.

قوربان ئاوڕی دایەوە، شێرۆ نەبوو و ماراڵ ڕۆیشتبوو. ئەوا بەس زایەڵەی دەنگی کەلمیشی بوو لە قاپی کێودا دەنگی ئەدایەوە و ناوبەناو دەنگی کڕووزانەوەی سەمەنی خانمحەمەد ئەبیسرا، کە لە شەوی بیابانەوە ئەهات:

ــ ئای! ئای! لە کوێی خانمحەمەد؟! لە کوێی ئەی پیاو... کە ناپیاوان نەیانهێشت ڕۆژ ببێتەوە، سەر و ماڵیان تاڵان کردین! لە کوێی پیاوەکەی من، لە کوێن پیاوەکانی کەلمیشی! فریام کەون کەسەکانم، بێ کەسانم.»

زایەڵەی دەنگی کەلمیشی، شەو، لاڵانەوەی سەمەن، ونبووەکان، بڵقیس و با و بادی کە لە ناو دەستەکانی بادا ئەڕۆیشتن بۆ هەرکوێ کە بڕۆیشتایەتن. شێرۆ، مووسا، شەو و ئاگر.

ــ دودڵ مەبە بەلووچ ، من پیاوی ڕێگە و شیاوی ئەم ئەسپە نیم. ئەوە تۆی کە شیاوی سواریت و منیش جگە لەم ئەسپە هیچم نییە؛ وەریبگرە و سواربە.

ــ سپاسی بەخشینەکەت ئەکەم برام، بەڵام من فێرە ڕۆیشتنم بە پێ. نەء، ئەرکی ئاو و ئالێکی ئەسپەکە بە ڕیشی منەوە مەبەستە، سپاسی دڵاوایت ئەکەم.

نادعەلی لەغاوی ئەسپەکەی بەردا، ڕووی لە بەلووچ وەرگێڕا و بەرەو ئاگرەکە هەنگاوی نا. بەلووچیش لەوێوە کە ڕاوەستابوو،

بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ، لە نادعەلی پرسی:

ــ تۆ لەگەڵ خۆت چی ئەکەی، جوامێر؟

نادعەلی لای ئاگرەکەوە لە سەر بەردێک دانیشت، بنە گەونێکی خستە ناو ئاگرەکە و وتی:

ــ من ئەمشەو لە لای ستار ئەمێنمەوە.

کۆتایی کەلیدەر

نووسین: ساڵی ١٩٦٨ تا ١١ــ٤ــ ١٩٨٣

وەرگێڕان: جوونی ٢٠٠٦ تا سپتامبری ٢٠٠٧

بەرگی دەیەمی کەلیدەر، خوێندنەوەی پێدوایستییە بۆ هەموو کوردێک!
ئەو ڕۆمانەی لە ناخی ڕاستەقینەی کوردی ونجڕکراوەوە هەڵقولاوە،
پلی پڕ لە هەستی ویژدانی پێشێلکراوی کوردایەتی،
تراژدیای هەزارساڵەی بەشێک لە نیشتمانی دابڕاو و
لە قەنارەدراوی دیرۆکی کۆن و ڕۆژەڤی نوێی بێبەختی و
کۆڵەواری بندەستەیی نەزان و نەمرۆڤ و بێفرسەند و ناچیژە...
کولێنەرەوەی ویژدانی خەوتووی کەموزە
بیرهێنەرەوەی ئەرکی لەبیرکراوی زانای نەزان،
هەنسکی سینەی هەزارکونی شەقاربردووی ناڕەوایی
پارچەیەکی جەرگی لە خوێن شەلاڵی هەزاران فرسەنگ دوور،
ئوق خوێنەیە
لەگەڵ خانمەمەی و لە سەرەنێزەی تفەنگەکەی لە ڕێڕەوەکانی مێژووەوە
چۆڕچۆڕ ئەتکێت و چاوەڕوانی ڕۆڵەی وڵاتە دەست بخەنە ناو دەستییەوە...

٣٤٧٣

کەلیـــدەر

بەرگی دەهەم

دەربارەی نووسەر

# مەحموودی دەوڵەتئابادی

وەک خۆی زۆر بە ناسکی و خاکەڕایی نووسیویەتی:

لەدایک بووی **١٩٤٠**ی زایینی، کوڕی فاتمە
و عەبدڕەسووڵ، خەڵکی دەوڵەتئابادی
سەبزەوار لە مەڵبەندی خوراسان.

مەحموودی دەوڵەتئابادی زۆر کاری جۆراوجۆری کردووە؛ کارکردن لە سەر زەوی، شوانی، شاگرد پینەچی، بزمار ڕاستکردنەوە، کارگەی گیوە، پاسکیلچی و سەرتاشخانە و... زۆربەی ئەو کارانەی پاشتر لە نوسینەکانیدا ڕەنگیان دایەوە.

دەوڵەتئابادی ئەچێ بۆ مەشهەد و پاشان تاران و دیسان پیشەی جۆراوجۆر تاقی ئەکاتەوە وەکوو پیتچنی چاپخانە، برینگبڕی گوشتارگە، ڕێکلاماتۆری شانۆ، سوفلۆر یان پێبێژی سینەما، فرۆشیاری ڕۆژنامەی کەیهان و... پاشانیش شانۆگەری و نووسین. ساڵانی **١٩٦١** تا **١٩٧٤** شانۆ و نووسین شان بە شان بیری دەوڵەت ئابادی بەخۆوە خەریک ئەکەن و لەمساڵەدا شانۆ جێ ئەهێڵێ و لە نووسین بەردەوام ئەبێ و ئەبێ بە یەکێک لە کەڵە نووسەرەکانی ئێران و دانەری **کەلیدەر** کە تا ئێستاش چ لە ڕووی قەبارە و چ لە ڕوانگەی ناوەرۆکەوە بە مەزنترین شاکاری ئەدەبی ئێران ناو ئەبرێ. دەوڵەتئابادی جگە لە وەرگرتنی چەندین خەڵاتی وێژەیی ناوچەیی بۆ ماوەیەکی درێژ کاندیدای خەڵاتی وێژەیی نۆبل بووە؛ بۆ ڕۆمانی لەمەڕ خۆمان واتە **کەلیدەر**. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی کولۆنێل بە زمانی ئاڵمانی و ئینگلیزی پێش ئەوەی بە فارسی چاپ بکرێ، جارێکیدی ناوی دەوڵەت ئابادی وەکوو ناودێری خەڵاتی نۆبل هێناوەتەوە ئاراوە... بەرهەمەکانی:

## کۆمەڵە چیرۆک

- (لایەهای بیابانی) **١٩٤٨** - توێژە بیابانیەکان
- (کارنامە سپنج) کارنامەی ژیانی ڕاگوزار

## شانۆگەری

- (تنگنا) تەنگانە
- (باشبیرو) لەگەڵ شەبیرۆ

- (ققنوس) قەقنەس

**رۆمان**

- (سفر) **١٩٧٢** – گەشت
- (وسنە بابا سبحان) سەربردەی بابا سوبحان
- (گاوارەبان، (**١٩٧١**) گاوان
- (جای خالی سلوچ) جێگەی بەتاڵی سلووچ - کراوە بە کوردی
- (عقیل، عقیل) **١٩٧٤** عەقیل عەقیل
- (از خم چنبر) **١٩٧٧** لە پێچی کەمەوە
- (کلیدر) کەلیدەر
- (زوال کلنل) ئاوابوونی کولۆنێل
- (روزگار سپری شدە مردم سالخوردە) ڕۆژگاری تێپەڕیوی مرۆڤی بەساڵاچوو
- (اتوبوس) پاس
- (سلوک) ئاکار
- (ن مادیان سرخ یال) ئەو ماینە یاڵ سوورە
- (طریق بسمل شدن) شێوازی بیسمیل بوون

**کۆمەڵە وتار**

- (ناگریزی و گزینش هنرمند) ناچاریی و هەڵبژاردنی هونەرمەند
- (موقعیت کلی هنر و ادبیات کنونی) دۆخی گشتی هونەر و ئەدەب ئێستا

**گەشتنامە**

- (دیدار بلوچ) دیداری بەلووچ

**دیمانە**

- (ما نیز مردمی هستیم) ئێمەش مرۆڤێکین

**بەرهەمی تر**

- (هجرت سلیمان) کۆچی سلێمان
- (مرد) پیاو
- (هوی بخت من گزل) ئاسکی بەختی من گازڵ
- (روز و شب یوسف) ڕۆژ و شەوی یووسف
- (تە شب) بنی شەو
- (رد، گفت و گزار سپنج) ڕەت، گوتوبێژی ڕاگوزار
- (نون نوشتن) نوونی نووسین